● خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

● سەرنووسەر


**ئازاد عەبدولواحید**

● بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

● مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**

# ١٠٥

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە


بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ شوبات ٢٠٠٥**

---

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی


**● سەروتار**

- داگیرکاری لە ڕێگەی تەلارسازییەوە/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

- یارەکانم/ دڵشاد عەبدوڵلا/ 4
- هەزار ساڵ نامۆیی/ فاتمە حوسێن پەناهی/ 7
- من بە گوناهی گوڵی دۆزەخەوە سپیم/ ساڵح حوسێن شوکر/ 9
- پێکەک ژ بۆ هشیارکرنا خەونان/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 12
- شین، ڕەش، خۆڵەمێشی/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 13
- تەپڵ تەپەدۆر/ حەمەفەریق حەسەن/ 20
- چیرۆکێکی ناتەواو/ محەممەد ڕەمەزانی/ 25
- گەمەی دوا شەوی ماسییەکان/ سەمەد ئەحمەد/ 30
- ئاهەنگی باخ/ لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید برایم ئاغا/ 33
- گۆرانی تەنیایی/ دڵشاد مستەفا/ 43

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ شاعیری ناسراو (جەلال بەرزنجی)دا/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 48
- دیدانەیەک لەگەڵ (سەیید مووسا دیباج)/ و.ئا: دڵشاد خۆشناو/ 57

**● لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

- مێژووڕوانی و مێژوونووسیی مەستوورەی کوردستانی/ لەیلا ساڵحی/ 63
- مەستووره و بادانەوە بۆ لیریکای ئۆریستۆکراتیانەی فارسی/ عادل محەمەدپوور/ 75
- نالی و سۆفیگەری/ د. عەبدوڵلا خدر مەولوود/ 84
- گەڕانەوە بەرەو نووسینی یەکەمی شیعر/ نەجات حەمید ئەحمەد/ 94
- ئازارەکانی کیرکەگۆر و عیشقی ڕێژین/ هاشم سەڕاج/ 102
- پێکهاتەخوازی چییە؟/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 109

**● تیۆری ئەدەبی**

- ئەدەب و کۆمەڵگا/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 118

**● دەق و ڕەخنە**

- خوێندنەوەی چیرۆکی «گراکووسی ڕاوچی» لایوونێل تریلینگ/ لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی/ 125

**● وتار**

- پاش سی ساڵ پێشەکیی چاپی دووەمی ڕۆمانی «پێشمەرگە»/ مومتاز حەیدەری/ 131
- ئارەزووی خوێندنەوە و چۆنیەتی پەرەپێدانی لای منداڵ/ زەینۆ شێخانی/ 134
- سیمبۆلیزم دەربڕینی نەبینراو بە هێما و زاڵبوونی/ محەممەد عەبدوڵلا کەلاری/ 137

**● هزر و فەلسەفە**

- فەلسەفەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا/ د. حەمید عەزیز/ 141
- قوتابخانەی ئایۆنی و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی/ عوسمان ئەحمەد/ 159
- پێوەندیی تاک بە پێوەرەکانی کۆمەڵگا/ لە عەرەبییەوە: ئەژین عەبدولخالق/ 165
- گەڕان بە دوای خودی ڕاستەقینە لای تاک/ یووسف عوسمان حەمەد/ 171

**● مێژوو - کەلەپوور**

- دوو کورتە بەیت بە زاراوەی کوردی بەختیاری/ ئا: ئەحمەد شەریفی/ 174

**● هونەر**

- ڕێچکەی عیشق و بزاڤی بوون لە هەرێمی سیاچەمانەدا/ ڕەووف محەمەدپوور/ 176
- نیگارکێشانی میناتۆری لە مێژووی شێوەکاری کوردیدا/ وەهبی ڕەسووڵ/ 182
- شانۆی سیاسی لەکن سارتر و کامو/ لە عەرەبییەوە: فەخرەدین گەردی/ 187

**● خوێندنەوەی کتێب**

- کەمانچە ڕەشەکە/ لێدوانی: جەبار سابیر/ 195
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا/ لێدوانی: مەغدید حاجی/ 198
- بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد/ لێدوانی: ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا/ 201
- هونەر و ژیان/ لێدوانی: کامەران سوبحان/ 205

**● ئێستێک**

- ئەم بێدەنگییە ئێمەی کوشتووە/ سابیر ڕەشید/ 208

# داگیرکاری لە ڕێگەی تەلارسازییەوە

* لە کەس شاراوە نییە ئەمڕۆکە بزاڤێکی گەورەی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە لە کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ، کە هیچ کون و قوژبن و سووچ و کۆڵان و شەقام و گەڕەکێک نییە شۆڕشی ئاوەدانکردنەوە و دەستی بنیادنانەوەی پێنەگەیشتبێ. کوردستانی ئێمە کە بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق لە خێروبێری ئەو وڵاتەی خۆمان بێبەشیان کردبوو، بە دەگمەن نەبێ هیچ دەستێکی خزمەتگوزاری نەگەیشتبووە ئەو ناوچانەی سەر بە هەرێمی کوردستان بوون، ئەمڕۆ لەلایەن خەمخۆران و ڕۆڵەکانی خۆیەوە قەرەبووی ساڵانی فەرامۆش کردن و پشتگوێ خستن دەستی پێکردووە، کە ئەمە کارێکە شایانی باس و ستایش کردنە.

* ئێمە لەو گۆشەیەدا کە زۆرتر پێشنیار و پرۆژە و داخوازین و دەیانخەینە بەردەستی لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان و بەبیرهێنانەوە، نامانەوێ لەو نووسینەدا باسی ئەولەوییەت لە پرۆژەکان و کەموکوڕی کارەکان بکەین ، کە دەکرێ چاکتر و وردتر جێبەجێ بکرێن، بگرە بەپێی پێوەندیی کارەکەمان وەک گۆڤارێکی کولتووری باسی هێرشی مەغۆلیانەی ئەو تەوژمە دەکەین کە تەلارسازی بیانی خەریکە سیمای شارە کوردییەکانی ئێمە دەسڕێتەوە و جێگەی پێ لێژ دەکات.

* ئەوەی بەلامەوە گرنگە لێرەدا پێش گرتنە لەو دیاردەیە، چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەم دیاردەیەی تەلارسازی بیانی (تورکی) و غەیرە تورکی کە لە ڕێگەی کۆمپانیای بیانییەوە دەهێنرێنە کوردستانەوە، جۆرێکی ترە لە سەپاندنی کولتووری داگیرکاری (الغزو الثقافي) کە پێشتر و بە درێژایی چەند سەدەیەک کارکردن بوو لەناو زمان و فەرهەنگ و کەلەپوور و داوونەریتمان، وا ئەمڕۆکەش بە خواهێشتی خۆمان لە ڕێگەی تەلارسازییەوە درێژە بەو داگیرکارییە دەدەین.

* ئەمڕۆکە دەکرێ ڕۆژێ زووتر پێش بەو تەرزە تەلارسازییە بگرین، چونکە لە چەند ساڵی دادێ پێشی پێ نەگیرێ، ئەوە بە تەواوی سیمای شارەکانمان هیچ تایبەتمەندی و جیاوازییەکی تێدا نامێنێ و لەگەڵ تەرزی تەلارسازی وڵاتانی دی جیا ناکرێنەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە میللەتانی دنیا سەرجەم لەو سەردەمی گلۆباڵە بە تەنگ پاراستنی ڕەسەنایەتی و کولتوور و داوونەریتی خۆیانەوەن و ئەو هەستەیان قووڵ دەکەنەوە، کەچی ئێمە بەبێ هیچ پلان و بەرنامەیەک بۆ ئەو کارانە و بەتایبەتیش لەو ڕۆژەدا کە کوردستان لەبەردەم هەڵمەتێکی گەورەی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە و دروست کردن و قیت کردنەوەی تەلاری مۆدێرنی جۆراوجۆر دایە، دەبێ هەرچی زووە لە ئاست ئەو دیاردەیە ئێستێک بکەین و بەچۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارو پرۆژەکانی خۆماندا بچینەوە.

* ئەوەی ئێمە لێرەدا ورووژاندوومانە، دەبێ کەسانی شارەزا و پسپۆڕ کاری تێدا بکەن و لیژنەیەکی کاراو خاوەن دیدو بۆچوونی لێ کۆبکرێتەوە، کە دەبێ لەو لیژنەیەدا مێژوونووس و شوێنەوارناس و هونەرمەندی شێوەکار و پەیکەرتاش لە پاڵ ئەندازیاری خاوەن ئەزموون شانبەشانی یەکتر کاری تێدا بکەن. لێرەشدا بۆ کارێکی نەتەوەیی- نیشتمانی ئایندەیی وا گرنگ نابێ ڕۆڵی زانکۆکانی کوردستان لەبیر بکەین لە نووسین و ئامادەکردنی لێتوێژینەوەی قووڵ و زانستی لەبارەی ئایندەی تەلارسازی شارەکانی کوردستان و چۆنیەتی بیناکردنەوەیان و داڕشتنەوەیان و لەبەرچاوگرتن و چاودێری کردنی تایبەتمەندی و سیمای ئەو شارانە کە ڕەسەنایەتی و مۆرکی شاری کوردییان پێوە بمێنێ و ئەو سیما و مۆرکە هەروا بە ئاسانی لە دەست نەدەین و نەدۆڕێنین.

* لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان تا داوودەزگاکانی جێبەجێ کردن و کەناڵەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و پارێزگاو شارەوانی، دەبێ پرەنسیپ و هەلومەرجی گونجاو هەبێ بۆ ئەو تەلارسازییەی ئەمڕۆکە دەست کراوە بە بیناکردنیان لە کوردستاندا، نەک هەر کەس بە هەوەس و میزاجی خۆی چۆنی ویست و چی ویست ئەوە بکات کە دەیەوێ بیکات، بە تایبەتی لە شارێکی گرنگ و مێژوویی وەک شاری هەولێر کە ئەمڕۆکە پایتەختی کوردانە و هەموو لایەک مەبەستمانە بە سیمایەکی کوردانەوە دەردەکەوێت و بکرێتە ڕووگەی هەموو کوردێک و هەر بیانییەک کە ڕووی تێکرد و هاتە ناویەوە هەست بکا تاموبۆ و نەکهە و مۆرکی شارێکی کوردیی هەیە، بۆیە لایەنە بەرپرسەکان نابێ چاوپۆشی لەو بێباکییە بکەن و لە ئاست کەموکوڕی قیت کردنەوەی بینایە بێدەنگی هەڵبژێرن.

* هەروەها پێویستە ڕۆڵی سەندیکای ئەندازیاران و کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆکانی کوردستان کارا و کاراتر بکرێن تا لەو هەڵمەتەدا بەشداربوونی بەرچاویان هەبێ و گوێیان لێ بگیرێ و بتوانین ئادگاری بیناسازی خۆمان و موفرەداتی تەلارسازی ڕابردوومان لەگەڵ تەرزی مۆدێرن تێکەڵ بکەین و ئەو موتروبەکردنە هەڕەمەیی نەبێ. سەرەڕای ئەوەش پێویستە ئەو پسپۆڕ و لێزانانەی لە دەرەوەی وڵاتن، یان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانن ئەوانیش لەو کارە نەتەوەییە- مێژووییە گرنگەدا بەشداربکرێن، ئەگەرنا ئەوە نەوەکانی داهاتوومان هەرگیز لێمان نابوون کە دێنە سەر دیراسەت کردنی هونەری تەلارسازی لە کوردستان و دەبینن چۆن بە خۆمانماڵی خۆمان وێران کردووە!

سەرنووسەر

# یارەکانم

دڵشاد عەبدوڵڵا

ڕ
ڕێواسی بن بەفر
هێندەی پەنجەکانی
ناسک نییە
پەڕی قووە
بۆ شەوی درێژ
دەیکەمە سەرین
ڕۆح لە شوێنی دوور هاتۆتەوە
لەشێکی پێویستە
حیکمەتی تێدا بشارتەوە

ج
جوانی بە مردنەوە نووساوە
بە موو لێی جیا نابێتەوە
دەچمە سەر بڵندترین ترۆپکی مەرگ
تا هەموو جوانی ببینم
لە گۆی مەمکێکدا
کە پەنجە بەس نییە
بۆ درکاندنی
دەمی خۆمی پێوە دەنێم

ژ
ژێی ناسکترین با دەلەرێتەوە
شتێکم دێتەوە یاد:
پێی ژنێک
گەرمتر لە ئاگردان

ت
خۆی و ئاوێنەی شەڕیانە:
خۆشەویستی



چ زوو پیربوو
له نێوانیان؟

ش
شەو دڕکەڵانە
جێگای هەردووکمانی تێدا نابێتەوە
بە ڕووتی

م
لەش خۆی دەگۆڕێ
له جوانترین شێوەدا
ماسییەکە
له ئاوی ڕوونی چاودا

و
غەریبی جلێکی ئاگرە
گۆمی باوەشێک دەیکوژێنێتەوە
کە دێیتەدەر
کڵوکۆت دامرکاوە

پ
پیاو لەبەردەمی خۆردا
بە چۆکدادێ
ژن دەیخاتە هەناویەوە

گ
بەفر یەک مەتر باریوە
خۆم خزاندۆتە ئەشکەوتێکەوە
سەرما هەر چەند هێرش بێنێ
ڕەق نابمەوە،
گەرمایی لەشێک لێم دەدا

ن
گەردوون دوا حەرفی دامێ
هێلانە یەکەم حەرفی
له نێوانیاندا باڵندەی تەریوم
لەیلا بە حەرفی مەجنوونی
مانگ بە شێوەی خڕبوونی
دەمبەستێتەوە

بە ژنێک
لەوم بیستووە: من و بەفر
زۆر شتمان له یەکدی دەچێ
له منی ببیسە: تۆ و ئاگر
زۆر شتتان له یەکتر دەچێ

ز و ک و ئەوانی دی

له پەنجەرەی هەورەکانەوە
دەستم تا نیوەی ژیان هێناوەتە دەرێ
پرووشکی هەر بارانێکی بەرکەوێ
دەزانم هی ژنێکە
خودایە!
تەمەن ڕێگادەدا
نمەی هەموویان لێم بدا؟
له دەرگای هەورەکانەوە دێمە دەرێ
یەکەم ڕێژنە
کەڵەگەتێکی ئەسمەرە
عەجەب!
پێشتر ئەو جوانەم نەدیوە؟
شاخی ڕووتم لاجوان نەبووە
یەکەمجارە
ئەو هەموو باڵایەم
بە ڕووتی لا جوان بێ

دەفتەری بۆنیان

ت
ساڵی بۆنبڕانی گەورە
شووشەیەکم پڕکرد له بۆنی
خاک پێی زانی
بردنی بۆ خۆی
هەموو یەکەم بارانی ساڵ
بەشە ماڵێک
بڕێکیم بۆ دەنێرتەوە

ڕ
بۆنی شەو جیاوازە له هی ڕۆژ
ئەوانەی هەر تەنیا جارێک دێن
بۆنێکیان هەیە
ئەوانەی زۆر دێن
هەزار

م
بۆنی خۆر بۆنی خودایە
یەک بۆنە
چ من هەڵیمژم
چ پەپوولەیەک

ژ
کانی کە نزیک لووتکە بوو
بۆنێکی هەیە
هەر چەند چووە خوار
بزر دەبێ
لە مێرگ و نزار

ج
نایەک بۆنی ئێوارە دێنێ
لە هەر خوداحافیزییەکدا
ئەو بۆنە دێتە لووتم
کە یەکەمجار
من هێنامە ماڵەکەم و
نەمهێشت بزر بێ لە شار

پ
عەتری بەفرنووس
لە هەر لاوەبێ
مانگ لەوێ هەڵدێ

و
دەنووکی پایز چەقیوە
لە پێستی ژنێک
لەو شوێنە بۆنێک دێ
دەیدا لە پەلکی دار
ڕووت دەبێتەوە
درەختی باڵا
بە نەشئەی

گ
بۆنی یەکەم چرایە
کە لە گوندێکی بنار هەڵدەکرێ
یا یەکەم ئەستێرە
یەکەم نامە
توندە وەکی یەکەم باوەش
یا یەکەم ماچ

ش
بۆنی خۆخ باخ هێناویەتی
یا مەمکی
بۆنی شەپۆل هی پرچی ڕووبارە
یا هی یارە

ن
بۆن پری ناو جێگایە
خۆشترینیان هی گیایە
کە لەشی ژنێک شێلاویەتی
بە پشت و لاڕانی
لە باخچەی بۆنەکاندا بۆنێک دیار نییە
دەمرم لە بۆی
زێڕۆی بۆنفرۆش لەتەک هەر بۆنێکدا
ڕۆژێکی هەفتەی نووسیوە:
بۆنی گێلاس هی سێ شەممە
چوارشەم هی فەریکە قەزوان
هەڵووژە پێنجشەمووان
یەکەم باران هی هەینیە
شەموو هی بۆنی ئەکاکیا
یەکشەم هی نەعنا ع
لە دووشەمدا بۆنی ئاگر دێ
لە هەرمێ

یارەکانم
هەر یەکە و میوەی دارێکن
هەر یەکە و باخێک
بۆنیان دەڕوا بەناو مێرگ و لێڕەوار
تامیان
دەنیشێ
لەسەر پەلک و قەدی دار
دەوریان دەدەن
مارومێروو باڵدار و بێباڵ
بۆنی ژن تێکەڵی هەر ڕۆنێک بێ
دەناسرێتەوە
لەسەر ئەو بۆنە لە بەهەشت دەرکرام
ئێستاکێ تێکەڵی هەموو شت بووە
لە کوێ دەردەکرێم؟



# هەزار ساڵ نامۆیی

فاتمە حوسێن پەناهی
(یۆنان)

دەستم داوە بەدەستی–
– بای بوونەوە
چەندە گەورە دیارن
چەندە دوور دیارن
دەروازەکانی دووریت!
چەندە ئاوێتەی ڕۆحمن
ئەم ئاوێنە گەلەی چاوەچاوی
مانگی بەختمانن!
* * *
ئەم بایە لە جەستەم دەدا
لە چاونووقانێکدا
لە سنوورەکان دەپەڕمەوە
خۆم لە ماڵێ دەبینمەوە
ڕۆح ڕەنگی ئازادییەکی تەنیایە!
زەمان،
زەمانێکی بەسەردادێ
کە خۆی بە زەویدا بدات،
سەرابی سارد و
تۆزاوی
عەشقێکی ناتەواو
لێرە بۆتە مێژوو و،
لە ئاکادیمیای ئەفلاتووندا دەخوێندرێ!
* * *
دنیا جوانی جوان بوو
وەک تەنیاییەکانی شاعیرێکی سادە
وەک خەونە ئاوسەکانی ئازادی
وەک ئەو خەفەتانەی سەرمانی خوارد

ئەو نیشتمانە
بیابانێکی باڵا بەهەشتییە،
دەسا بڕوانە
چۆن چۆنی زەردەواڵەکان
زەنگۆڵەیان بەستووەوە
لەناو حەڵقەکانی قژمدا....
تەمەنی شیعرم داشاردووە!
* * *
دەستم داوە بەدەستی بای بوونەوە
ئەم بایە و
ئەم تەکان و شەکانە
سەرجەمی ئەوڕۆژانە دەکەن،
بە دنیایەکی دوور
وەک بورجی خەم لە دڵی–
–دەریای ڕەشدا!
* * *
بەرە بەرە تاسە و بیرت–
–دەچنە ئاو و
لە ژێر تابووتی بۆشی ڕابردوودا
ڕادەکشێن!!
* * *
گشت نیوە شەوێ تەنیا
باڵەکانمان بە باڵی تەنیاییەوە
دەبەستین،
شەراب، چاومانن
پڕاوپڕی چاوەنۆڕی کردووە!
* * *
بای نادیاران لە جەستەم دەدا
لوول دەخۆم و لە باوەشتدا–
– گرمۆڵە دەبم!
چرپەی ساردی ئەم شارە،
بارانەکانی چاومان ناناسێ!
لە نێو مژی بێ مندا و بێدەنگیتدا
سەردەنێمەوە!
* * *

هەتا بەرەبەیان
ڕێگایەکی دوورودرێژمان لەبەرە،
ئێمەی ئاوێنەی بێ وێنەی خۆمان
لەسەر پێخەفی نامۆییەکان،
نەخشاند،
خوێناوی لەشی من و،
تۆش عەشقێکی حەقیقیت!
* * *
وەرزەکانی خۆشەویستیت
پڕن لە جۆرەکانی با،
بیرتە،
ئەوسا کە گەردەلوول گڕی
لە ڕۆمانێکی ڕۆحی بەهاری بەرداوە
بە شەقامە نەناسراوەکانی سپارد!
* * *
هەر بایەو بەردەوام
ڕامدەکێشێ!
زەڵان و ڕەشەبایە؛
قەمچی لە ڕوومەتم دەدا
* * *
لە تۆماری تەنکی ئەم گوناحەدا
تەنیا تەنیا بنوو،
ئەمەیان هەڵمی ئاوارەییە و،
نەرمی لەشێ کە گەرای عەشقی
تێدا چێندراوە،
دەمارەکانت کپ کپ دەبن،
لەسەر پانتایی زانین و
نەزانیندا،
ڕوومەتت پڕ لەبای
تەنیایی دەبێ
خەزانی هەزار ساڵانەی شیعر...

ئەسینا/ ٢٠٠٢– ٢٠٠٣

# من بە گوناهی گوڵی دۆزەخەوە سپیم

ساڵح حوسێن شوکر

من لە دارستانێکی بێ جریوەدا گەورەبووم و
منداڵیم حەسرەتێک، هەناسە باڵێکی تەزیو بوو
هەموو لێزمە بارانەکانی موسیبەت
بەسەر جەستەی ڕووتما دایان کردو
هەموو هەورە خۆڵەمێشییەکان
لە قژما چرۆی سووتانیان کرد
دوابەدوای شوورای نائومێدی\
بەسەر شانی منەوە بوو
کاتێ هەرەسی کەلاوەکانی مێژوو
کەللەسەری باپیرە جانەوەرەکانمی هاڕی
من هەرگیز ناتوانم
لە گوناهەکانی باوکم ببوورم
کاتێ بەتیغی ئارەزووی حەیوانی
منداڵی دایکمی سەربڕی و
ئێسقانی منی ڕژاندە
کۆشی ڕەشەبا شێتەکانی بوون
بۆ ئەوەی ئێستەکە لە ئەوینی تۆدا بسووتێم.. ونبم
من ئیتر ناتوانم
خوایەکم خۆش بوێ
ئادەمی لەبەرگی سەرابی فریشتە دەرهێناو
بەڕووتی خستیە زەلکاوی مرۆڤایەتییەوە
تارمایی بیرەوەرییەکانم دەبینم
لەسەر شۆستە تەماوییەکانی دوێنێ
دەرۆزەی پەشیمانی دەکەن..
غەریزە؛ بەڕووتی بەکۆڵانە تاریکەکانی..لەزەتا دەگەڕێ و
لە دەرگای.. کەلاوە هەرەسهێناوەکان دەدات
گوڵە گەنمی کێڵگەی ئومێد
لە کۆشی خەونی ڕەنگاوڕەنگ.. وەنەوزدەداو
لەژێر پێی ڕەشەبا بێ هەدادانەکانی سووکایەتی
هەڵدەوەرێ
لێوی چرۆی زەردەخەنە



له تەمتومانی هەناسە سیلاوییەکاندا هەڵپرووکاو
وەرزی ڕشانەوەی دەربڕینە عاتفییەکان
لە یەکەم نامەی ئەوینەوە.. شەپۆلی دا و
کەناری دەریای مێژووی شەرمەزاری
بەخوێنی یەکەمین ئیغتیصاب
بەردەکانی ڕەنگین بوو
ئێمە جیهانێکی تەماویمان لە وەهم بنیادناو
دامانە بەر پاچی چرکەو ساتە بێ لەزەتەکانی نامۆبوون
شتەکان خۆڵەمێشێکی گەرمن
ئەستێرە گەشەکانی یەکەمین شەوی ئاوێتە بوون
ئێستە چەند دڵۆپێ خوێنی وشک هەڵاتوون
وا بە تەوێڵی دوێنێی بێ عاریمانەوە ڕەش دەچنەوە
من و تۆش دوورگەی سووکی ئەوخۆڵەمێشە بۆن
ساردەین
هاکا ڕەشەبای فەنابوون بە ئاتوونی تاریکی دا بردین
سەوزیمان لەگیانی پەیڤەکانی سۆزبڕی
گەڵا ڕێزانمان خستە پرچی گۆرانییە ڕەنگاڵەییەکان
ئای کە خەونێکی ناخۆش ئەبینین
ئێمە خۆمان لەشکۆی خۆمان شاردەوە
لە ئاوێنە تەڵخەکانی سێکسدا
ئێسقانەکانی یەکترمان ژمارد
لە کوورەی حەزە جارسەکانماندا تواینەوەو
لە هەناسەدانی شێتانەماندا
گوناهی بێ گوناهیمان نووسییەوە
شەومان شەرمەزار کرد
تاریکی قێزی لە خۆی ئەبۆوە
کاتێ من و تۆ لە ئامێزیدا
حکایەتی ترسنۆکی خۆمان
بۆ دیوارەکانی بێ دەنگی دەگێڕایەوە
لەوانەیە من و تۆ
یەکەمین ئایەتی ئەو پەیامە ڕیسوایە بین
کە سبەینێ خوایەکی تر یان پێغەمبەرێکی تر
لە مێژوویێکی ترا ئەمانگەیەنێتە
گوێچکە زلەکانی فەرهەنگی دارستان
ئێمە نە ئاگرمان لە ئارەزووەکانمان بە گەرمترزانی و
نە ئاویش توانی تینوێتی بێ سنوورمان بشکێنێ
سەروەریمان گێڕایەوە بۆ یاساکانی جەنگەڵ
بەخشندەییمان کردە میداڵێکی یاقووتی
لەیەخەی دڕندەترین گیانەوەرمان دا و
کڕنۆشمان بۆ هەیبەتی ناشرینی برد
هەستە ئێستاتیکییەکانمان سڕبوو
باڵای گوڵە نێرگزمان خستە ژێر پێمانەوە
گۆرانییە سەوزەکانمان سەربڕی
خۆرئاوا بوونمان کردە گۆمی خوێن
تاریکی و تریفەی مانگەشەومان خستە زەلکاوێکی لێڵ
لووتمان بە گەڵا زەردەکانی پاییز سڕی
جریوەی چۆلەکە سیمفۆنیای خامۆشی دارستانی
شێدار
کڤەکڤی کزەبای بۆن خۆشی سپێدان
لە گەرووی شمشاڵی ساتەکانی ڕشانەوەدا خنکان
ئاخ گوڵە دۆزەخییەکە
من وتۆ بەگوناهی بێ گوناهی تاوانبارین و
چەقۆی تیرۆریستەکانی داب و نەریتی چاخە
بەردینەکان
عاتیفەمانی خستە ژێر پرسیارەوە
ئێمە نە ئاسمان خۆشی دەوێین و
نەزەویش لە موعاناتەکانمان تێدەگات
ئێمە لەم وەرزی خەزانی عیشقەدا
شکۆفە گوڵی پاکیزەییمان مەریەمی ئەفسانەی
شەرمەزار
کردووەو
نەوەکانی یەهوزا بوختان بە پشکووتنی
سۆلینی ئومێدمانەوە دەکەن
من و تۆ
باوێشکدانی دووبەردی زبرین
خەفەکردنی ئارەزووە غەریزەییەکانمان
خوێنمانی ڕشتە.. پێکی مەستییەکی مەجازییەوە
پاکی لە فرمێسکە سوێرەکانمانەوە
ڕژایە کۆشی چرکەکانی لەبیرچوونەوە
ئێمە کوڕوکچی مێژوویێکی هەناسە تەنگین
کابووسی فەرهەنگێکی پووچ
دەستی ناوەتە بینە قاقامان و
شەپۆلی گۆرانییەکان لە ئەوکماندا دەخنکێنێ
ئێمە مرۆڤی ڕۆژگارێکی موجەڕەدین

تەمەنمان لەژێر سێبەری چەتری وێستگەکانی
بێ ئارامی بەسەر دەبەین
هەموو ڕۆژێ لەبازنەی بێهوودەییدا دەخولێینەوە
بەدەوری گۆی کەڵلەسەری هەڵئاوساوماندا.. دەگەڕێین
ژوان لەگەڵ یەئسدا دەگرین
بەدیار تەرمی لامووبالاتی خۆمانەوە دەوەستین
بێهوودە دەگرین پێدەکەنین
وەک ئەزەل
لە ڕۆتینێکی بێ ماناداً کات بەسەر دەبەین
ئای سنووره تەسکەکانی هۆش
چەندە ئەندێشە سەرابییەکانم ئازار دەدا
ئێمە پێویستمان بە ڕەهابوونێکی ترە
فراوانتر لەمەداره دڕکاوییەکانی یۆتۆپیا
دوور لە هاوکێشە ڕەق و تەقەکانی لۆژێک
ئێمە جیهانێکی تر لە ناخماندایە
ڕەنگینتر لە عەبەثی فەلسەفە
ناسکتر لەو کیشوەرانەی کە تەمەنەکانی میتافیزک
گەمارۆی داون
ئێمە نەئەتوانین
ئەو فیردەوسە وەهمییە بکەینە نیشتمان بۆ
خەونەکانمان
کە ئەفسانەکانی بوون باسیان ئەکات
نەئەتوانین بەو شتە ساردو سڕەش ڕازی بین
کە پێی ئەڵێن ماتریالیزمی دیالەکتیک
ئای گوڵە دۆزەخییەکەی نێو پەنجە تەزیوەکانم
من و تۆ لە هەناسە گەرمەکاندا
گوڵی یەکەمین پەڵەهەوری وەنەوشەییمان
لە یەخەی باڵاترین ئاسۆداو
داستانی قووڵترین ئازارمان
لەسەر پێڵووی چاوی گەڵا زەردەکانی
پایزی تەمەن نووسییەوە
لە گەڕانماندا بەئێوارە خەونییەکان
ئاسوودەییمان لە دەروونی درەختە تەنیاکانی
قەراخ شەقامە جەنجاڵەکانی شاردا چاند
سواڵکەرە پێ خاوسەکان لە ئێمەوە
فێری چڕینی گۆرانی ناڕازی بوون بوون
مندا ڵە چەقاوەسووەکانی کۆڵانە تەنگەکان
لەبەر بارانی بێ دەنگی ئێمەدا خۆیان شۆری و
ڕەنگێکی تریان بەڕوخساری منداڵی بەخشی
ئێمە جۆرێکی تر
دەرگا کڵۆم دراوەکانمان کردەوە
وردتر لەمانای گەرم بوونەوە گەیشتین
قووڵتر بەناخی تینوێتیدا ڕۆچووین
ئێمە داگیرسانی چراکانی کەنار دەریا
هەر بەشەوانی ڕەهێڵە نابەخشین
وە ختووکەی گۆی مەمکی گوڵە هێرۆ
لەوەرزی باڵاکردنی جوانیدا
بە پەنجە سەرابی هیچ بایەک ناسپێرین
سێڵاوی ڕووناکی سۆمای چاوی ئێمە
هورژمی هەزاران هەتاو و ئەستێرەی
زەردەخەنەی لێو و
ترووسکەی گەشترین ڕامانە
لە باڵای زراڤی سبەینێ
لێدەگەڕێین.. ئەوکات
گوڵەکان هەرخۆیان یەکتری ڕامووسن
لەژێر سێبەری
هەوری هیچ زامێکدا
چەترێک بۆ پشوو هەڵنادەین
کاتێ ژێی کەمانچەی ئێوارانی گوڵ ڕەنگ
دەچێتە خەڵوەتی ئەبەدییەتی لەرینەوە
ئیتر تا ناکۆتای توانەوەی جەستە
لە ترپەی دڵی نۆتەیەکەوە
دەڕژێتە قووڵترین کەلێنەکانی ناخ
ئیتر ساتی ڕەوینەوەی تەمی نائومێدییە هاوڕێم
وەرە باگوێ بدەینە خرمژنی قەڵا سۆتماکەکانی ئازار
ئەو خۆرەتاوەی ناو پەنجەی گێلاسیت داگیرسێنە
من گوێم لەو چۆلەکە دڵشکاوانەی دوێنێ شەوە
جریوەیان... ئاسمانی کردۆتە دارستان
با ئێمەش بۆ گەیشتن بەو دنیا ڕەنگینە؛
باڵەکانمان بدەینە دەم با.

# پێکەک ژبۆ هشیارکرنا خەونان

عەبدولرەحمان بامەرنی
(دهۆک)

تو دچی و
بیر لزڤرینا خۆ ناکەی
گرنژینێن ژ لێڤێن تە پەشین لبیرامن
خەونێن من لێ د مارەکرینە و تە
نە دزانی چەند من دئێشینن
نە... تە نەدزانی
یان تە بیر لهندێ نەکریە
هەلبەستێن تە ژ پێکی دەست پێدکەن و
خەونێن من پێ سەرخۆش دمینن
رویساتیا پایزان
بیر ل چیرۆکێن عشقێ نەدما و
هەلبەست دهێلانە هلاویستی و بێ قفل
ژیەکێ پوسیدە و
پیاسە د بەرزەبوونێ داو
هەمی خیال و فەنتازیا
بۆ من سایتەکی ڤەکەن
ئەز و هەلبەستێن خۆ تێدا ئەرشیف ببین
چەند خۆشە هەمی من و هەلبەستێن من ببینن
بووینە مریدێن خەونەکا بێ رەحمانە
ئەی بێ رەحما تە بیر لشاعریا من نەکری و تو چووی
ئەی بێ رەحما تە ئەز کریمە شێتێ شعران
ئەی بێ رەحما تە کریمە دیلێ بێدەنگیێ و
تە ڤیای د پیرۆزیان دا خوە ڤەهێلی و
دناڤ پێکێ ژبیرکرنێ دا
بکەڤمە بەر شلقێن بای
لوی لایێ بێدەنگیێ
لوی لایێ من وەرزێن سالێ تێدا نە
لوی لایێ رویساتیا پایزان
بێ ی شەرم چیرۆکێن عشقێ سەراڤ کرین
رویساتیا کریە هێڤێنێ شیعرەکا خاپینۆک
شعرا کەتیە بەر پێلێن بێدەنگیێ
لوی لایێ بتنێ ماچێن تە دگەل نە
شعر تێدا نیڤەرو
شعر د ما بێ قفل....



# شین، ڕەش، خۆڵەمێشی

حەمید موسەددیق
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



لە شەوانی خەمی تەنیاییما
عابیدی چاوی وتاربێژی تۆم.
لەم تاریکییەدا،
لەم شەوەزەنگە دڵ و جەستە پڕووکێنەیدا،
من زیارەتکەری شەوگاری ڕەشی بسکی تۆم.
بسکەکانی تۆ لە ئەندێشەی من ئاڵۆزتر،
بسکەکانت شەوی بێ کۆتایین.
جەنگەڵی عەتراوین.

چینی بسکانی تۆ،
پێی زەریای خەیاڵ.
من شەوێک خۆزگە لە ڕووباری کەزیت
بەگەمیی ئەندێشەم،
ماچ بکەم تەوێڵی پێل و وەپەڕێم.
خۆزگە سەرپاکی تەمەن
من بەسەر ئەو ڕەشە دەریایە شەپۆلاوییەوە
لە سەفەردا بوو بام.

* * *

شادە هێشتا بە شنەی بۆنی هەناسەت دڵەکەم
بسکەکانی تۆ لە ئەندێشەمدا
خەریکی نەرمە سەمان.
خۆزگە پەنجەم لە شەوەزەنگی قژی لوولتدا
ڕێچکەیەک پەیدا کا.
چاوی من کانیی بە قوڵپەی فرمێسک،

ڕوومەتم بوونەتە بەستێنی چۆم.
خۆزگە من هەروەکو بڵقی سەرئاو
لە نیگاتا دەگەڕام، دوور لە خەمی بوون و نەبوون.

*   *   *

شەوی بێ مانگەشەو و
شەوی بێ ئەستێرە؛
ئاسمانی هەموو داپۆشیوە، کەشە هەورێکی ڕەش.
خۆڵەمێشینە هەور، خەم لە بەرەو بێ باران؛
لەبن ئەو پەردە ڕەش و تارەوە بێ دەنگی ڕق و قیناویت
داخەکەم، زۆر لەوی خەمبارترە.
من گەلێ تامەزرۆم بێمەوە بۆ لات، بەڵام
ڕق و ڕووتاڵیی تۆ
لێمی سەندۆتەوە هێزی ئەژنۆ،
پەڵە هەوری ڕەشی بێ بارانە
ڕێی مەلی چاوی تەنیوم ئەوشۆ.

*   *   *

ئای باران؛
باران،
شووشە پەنجێرەی هەموو شۆردەوە لێزمەی باران!
لە دڵی مندا بەڵام
کێ هەیە بسرێتەوە وێنەی تۆ؟
ڕەنگی قورقوشمییە ئاسمان،
لە ڕکەی ساردو سڕی ژوورەکەما
هاودەمی دڵمە پەژارەو گریان.
مەلی چاوم دەفڕێ، دوور دەفڕێ.
ئای باران،
باران،
شۆردییەوە باڵ و پەڕی تەیری نیگام.

*   *   *

خەونی ڕەنگینی فەرامۆشییە خەو
خەو وەکو زانیومە
هەرچییەک دەوڵەتی خامۆشییە لێی دەست دەکەوێ.
من لە خەونا گوڵی هیوام دەبینم کە دەپشکوێ.
دێتە بەر گوێم دەنگێ:
«شەو ئەگەر تاریکە،
وره بەرخۆت نێ بەیان نیزیکە»
دڵی تەنگم لە دڵی شەوگاردا
خەونی بە پەپوولە بوونی زۆر جار دیوە
خۆر بەیانیانە بە داسێکەوە دێ
دەغڵی خەومی گەلێ جار دووریوە.

*   *   *

ئاسمانان شینن،
– پەڕوباڵی مەلی شادیش شینن–
تۆ دەبینیت لە نەینووکی بەیاندا چاوم.

*   *   *

لە بەرۆی تووەیە دەکرێتەوە
باڵ و پەڕی پرشنگی بەیان.

*   *   *

تۆ گوڵی سووری منی،
تۆ گوڵی یاسەمەنی،
تۆ وەکو شەونمی خاوێنی بەیانی؟
نا،
گەلێ لە ئەو پاکتری.

*   *   *

تۆ بەهاری؟
نا، لەتۆ ڕایە بەهار
لەتۆ وەردەگرێ بەهار
ئەو هەموو ڕازاوەییە.

*   *   *

نیمە من حەزی بەهارو باخان
چاکترین باخ و بەهاری من تۆی!

*   *   *

چاوی شینی تۆ زرێباری زوڵاڵ
پێڵوو هەڵێنە گوڵم ئەمجارەش
تێبگەم بەڵکو لە چاوی تووە
ڕازی مەزرای گەشی ئاوات و خەیاڵ.
چاوەکانت سەوزن
ئەم هەموو سەوزە وڕێنانە بە بۆنەی تۆوەن.
چاوی سەوزی تۆ بەجارێ سڕو کاسی کردووم
بە خەمی تۆ بوو کەوا بەرهەمی مەزرام سووتان.
ژین و مەرگیش لە دەستی تۆدان.

ئەونیگا سەوزەی تۆ
وەکو سێڵاوی بەهار
هات لە بنچینەوە ڕووخاندی قەڵاتی بوونم.
عادەتم گرتووە بە چاوانی خەیاڵاویی تۆ؛
بۆیە لەم ڕێگە هەڵەو چەوتەشدا
ئاخری بوون و ژیانم دۆڕاند.
بۆ لە دووی گەوهەری ئەو ئاواتەم، دەبێ ئاخ هەڵکێشم؟

ڕابکەم بۆ کوێ بە دووی ونبووما؟
لێرەیە باڵندەی شین
با وەدۆزم ون بووم،
لە دەروونی خۆمدا.
* * *
بەربەیان هەڵگرە سەر لەسەر سەرینی خەوەکەت!
دەرکە کاروانی خەوی ماندوو لە چاوت ئیتر!
بیکەوە پەنجێرەکەت!

تۆ ئەگەر بیکەیەوە پەنجێرەکەت،
جوانی هەرچی هەیە پیشانتی دەدەم.
لا بە تۆ زەمبەر و خۆ خەملاندن
تۆ لەگەڵ خۆم دەبەمە ماڵی خۆم
کە ئەوێ پڕ لە شکۆی سادەییە
چ سەفایەکی هەیە
چۆن تریفە لە دەماری شەوی تاریک دەگەڕێ،
ئەو چەشنەیە لێی دەبارێ پرشنگ.

بیکەوە پەنجێرەکەت
من لەگەڵ خۆم دەتبەم
دەتبەمە سەر شایی
بووکە شووشانی مناڵی خوشکم
لەو زەماوەندەیدا
نییە هیچ باسێ لە ماڵ و دارایی بووک و زاوا
هەموو هەر باسی مناڵی
هەموو هەر سادەییە.
لەوێ هیچ کەس مرومۆچ نابینی.
ئەو مناڵەی خوشکم
لە شەوی دیلانی، بووکە شووشانیدا
پڕ بە دڵ هەڵدەپەڕێ.
ئەو مناڵەی خوشکم
هەموو ڕۆژێ بەشکۆو جوانییەکی تازەتر دەیخەملێنێ،
ئیمپراتۆری بەرین و گەورەی.
* * *
ئەو مناڵەی خوشکم
باش دەزانێ ناوت،
ناوی تۆی دایمە لەسەر لێوانە
تۆ بڵێی باویلکەش
بۆت بگێڕێتەوە ئەم چیرۆکە؟!
بیکەوە پەنجێرەکەت

من لەگەڵ خۆم دەتبەم
بۆ قەراغ چۆمی شەپۆلاویی ژیان،
ئاوی ئەو چۆمە بەرەو سەرچاوەی، نا گەڕێتۆ دیسان؛
لەم سەرەتایەوە چاکتر وایە
نەخلافێنین خۆ.
بیکەوە پەنجێرەکەت
وا بەیانی ئەنگوت.
* * *
چ شەوێ بوو، چ شەوێکی پیرۆز،
ئەو شەوەی وەک خەوی شیرین لە چاومان زڕیا،
بیستی ئەم چیرۆکە شیرینە لە لێوی تۆ مناڵی دڵەکەم:
«نیە ژین خەون و خەیاڵ.
ژین هەموو جوانییە هەر.
خۆ لەژێر دارێکی بێ بەر دەکرێ یەک بگرین
لەدڵی ئەم زەوییە قاقڕەدا
دەکرێ داچێنین توو.
دەکرێ بسڕینەوە مەودای نێوان
چون دڵی هەردووکمان
جاڕزن لەم هەموو مەودایانە.»
* * *
شیرنە ئەم چیرۆکە.
من مناڵی چاوم
بەو چیرۆکەی تۆ خەوی لێ دەکەوێ.
خەمی تێدا نییە چیرۆکی تۆ.
بۆم بڵێ چیرۆک دیسان
با بە کاوی دڵی خۆم
سەرکەمە سەر ڕانت و خەوم لێ بکەوێ.
* * *
بەرد بە بەرد، گوڵ بە گوڵی ئەم دەشتە
هەموو یادگاری تۆن.
ڕۆییوی و هێشتاکەش
بەردو گیاوگژ باکی
لە هەموو دەشت و دەرا
تازییەت باری تۆن.
لە دڵمدا دەمرێ، ئارەزووی هاتنەوەت
ڕۆییوی و ئێستە بەڵام،
دەگەڕێیتۆ دیسان؟
هەمە من چەندە حەزێکی ئەستەم
پێکەنینم دێ بەخۆم!
* * *

ئەی مخابن چ شەوو ڕۆژێ بوو!
چەندەمان ڕاز لە دڵی شەودا بوو
ڕۆژەکان پڕ لە حەزو شادی بوون.
ئێمە هەڵماندەفڕاندن پەرەسێلکان
بە کشەکش، لەسەر پۆپ و لکان
ئێمە ڕزگار لە ڕکەی، ساردو سڕمان دەکردن بولبول.

ئەمن ئاواتم بوو
دەشت پڕاوپڕ بێ لەسەوزە و گوڵی خەونی شیرین.
ئەمن پێم وابوو کە دۆستایەتی وەک سەوڵی سەوز
بەژنی ڕازاوە دەبێ چوار وەرزە.
من لە کوێ دەمزانی
وشک دەبن چیمەن و سەوزایی لەبەر بێ ئاوی؛
شەختەکەی بە فرانبار
دەگەزێ روومەت و سنگی چیمەن.
*      *      *
جا ئەمن چوزانم
دڵی کەس و دڵ نییە سەرپاکی لە بەردو پۆڵان
دڵ هەموو خاڵی لە ڕەحم و بەزەیین.
*      *      *
گیایەکی سەوز لە دڵما ڕسکا،
سەری هەڵداو بووە دارێکی بەرز
سەری هەڵساوی لە ئاسمانی ساو.
ئەم گیا سەرسەوزە،
ئەم درەختەی بە کەسەر بەرگرتوو
بەرهەمی عیشقت بوو.
*      *      *
چەندە خەونی شیرین
بە خەسارچوون، گوزەران.
چەندە پێوەندی پڕاوپڕ لە ئەوین
هەروەکو تاڵە دەزوویەک پچڕان.
تازە هیوای چی، بەچیم هیوا بێ؟
چەن نەمامم نا من
کەچی گشت بێ بەرو بێ سێبەر مان.

گڕ لە جەرگم بەربوو،
کاتێ دیم باڵی قەناری بەسرا
شاپەڕی پاکی پەرەسێلکە شکا
کۆترەکانیش هەروا
– ئاخ، کۆترەکانیش هەروا....

چ هۆمێدێکی مەزن، مایەوە بێ ئاکام.
*      *      *
گیانە! مەودایە لەنێوانی من و تۆ دایە،
کە ئەمن پێم وایە،
تۆ بەتیشکی بزەیەک دەتوانی
هەڵگری ئەم مەودایە!

گوڵەکەم! بەخشەرو دڵ ئاوای تۆ.
هەیەتی دەستی تۆ توانایی ئەوەی کە ببەخشی
بە لەشم تینی ژیان.
چاوەکانی تۆ بەمنیان بەخشی
حەزو عەشق و مەستی.
چونکە تۆ وەک دێڕە شیعرێکی جوان
تاقە شابەیتی ژیانی منی!
*      *      *
دەفتەری عومری من،
تۆ ئەوینم بی! دەبێ بەشکۆتر، جوانتر.

ئەتۆ دەتوانی ژیان بەمن ببەخشی، یاخۆ
لێمی بستێنیتەوە.
*      *      *
وەکو– با– پەرۆش و شێواوم من
هەڵوەدام وەک پەڵە هەورێک و
بەدەس– باوە ڕەتێندراوم من.
پێکەنینم دێ بەخۆ جوان کردن.
منی دژوێن و پەشێو،
پێکەنینم دێ بەخۆجوان کردن.
بەردی منداڵێ، بەڵام
خەوی نێو هێلانەی، کۆترەکانی شێواند.
بۆیە چیرۆکی پەرێشانیی من
با– بە گوێی پەلک و گەڵایا چرپاند
با– کە هات پێمی گوت:
«چەندە دەستتەنگی پیاو!»
باوەڕی پێ کردبوو هەور.
*      *      *
چوومە بەر ئاوێنە سیمای خۆم دی
بۆیە بۆم روون بۆوە
حەق بە تۆیە گیانە!
ئاخ دیتم، دیتم
تۆ بە قەد تەنیایی من

بەختەوەری!
من بە قەد جوانیی تۆ
خەم لەبەرم!
هەمە هیوایەکی بێ هۆ
چیم هەیە من کە شیاوت بێ؟
– هیچ
چیم هەیە کەڵکی هەبێ بۆ تۆ
– هیچ
تۆ هەموو بوونی منی، بوونی منی.
تۆ هەموو ژینی منی.
چیت هەیە تۆ؟
– هەموو شت.
ئەتۆ چیت کەم هەیە؟
– هیچ.

* * *

وەک چنارێکی پیر،
ئەو دەمەی لێم دووری
پێ دەزانم بەخەمی تاڵی هەڵۆڵ بوون و وەرین؛
بەم شیعرە دەبووکێتەوە ڕۆح و گیانم.
بە دڵ ئاواتم بوو،
خوێنەری شیعر بێ!
– ڕاستی تۆ شیعری من ئەخوێنییەوە؟–

نا مخابن، قەت، قەت،
نیمە باوەڕ کە ئەتۆ خوێنەری شیعری من بی.
– خۆزگە شیعری منت دەخوێندەوە تۆ!–

* * *

بێ تۆ من چیم، پەڵەیەک هەوری خەفەت
بێ تۆ ئاوارەم و سەرشێواوتر
گەلێ لەو زایەڵەیەی ناخی چیا.
گێژەڵووکەی سەحرام
خەزەڵێکی زەردم،
وام لە کۆشی کزەبای پاییزدا.
بێ تۆ سەرگەردانتر،
لەشنەی کازیوەم.
بێ تۆ– فرمێسکم، ژانم،
داخم.
مەلی دوور کەوتوو لە هیلانە منم
شەو، چەواشەی کردووم.
خۆڵەمێشێکی سڕو بێ ژیلەم

دڵ ئیتر لێ نادا، بۆ ئەوینی تۆ لە نێو سنگمدا،
وەیرە وەیری شادی
ڕوو لە لێوم ناکا.
بێ تۆ دێوێکی بە سام
هەڵمدەدڕێ هەموو کات
بێ تۆ پێم وایە کە ئەم ژیانە بێ بنچینە
ئێستە لەم سەردەمە زوڵماوییەدا گشت کاتێ،
هەڵوەرینەو
ڕووخان
هەڵوەرینی ڕۆح و گیانە
ورد
ورد.
کێ هەیە بیبینێ،
مردنی من بێ تۆ؟
بێ تۆ مردم، مردم.

* * *

گەلێ جار بیردەکەمۆ من، ئاخۆ
کێ بێ بۆت بێنێ هەواڵی مەرگم؟
خۆزگە من لەو دەمەدا بمدیبای
شان هەڵدەتەکێنیت و دەڵێی
– قەیناکا–
دەست ڕادەتەکێنیت و دەڵێی
– جاچش مرد–
دوایی سەر ڕادەوەشێنی،
– سەیرە پێم! ئاخری مرد؟
حەیفێکی!
خۆزگە بمدیبایەی!
من بەخۆم گوت ئاخۆ:
«کەس هەیە باوەڕکا
لێرەواری گیانم
ئاگری عیشقی تۆ کردی بە خەڵووز؟»

* * *

بای قەرەج، ئەی باگەڕ
تۆ چ بێ ڕەحمانە
هاتی ڕووتاندتەوە پۆپ و چڵووکی داران؛
بە گڕەی گەرمی هەناسەت هەموو دنیات سووتان
بای قەرەج بۆچی بە هاژە و هووژەت،
وەکو ئەسپێکی پساندوو هەوسار،
بۆ هەموو لایەکی هەڵدێی و دەکەی سمکۆڵان؟

ئەو تەپ و تۆزە کەوا سازت کرد
دیمەنی دەشتی هەموو داپۆشی.

شەفەقیش، ئەم شەفەقەی ئاماڵ سوور
لێی دەهات بۆنی خوێن
ئاسۆ جەستەی هەموو خوێناوی بوو.

بای قەرەج دڵبەخەمی قژ ئاڵۆز!
سەر لە ئێوارە بەڕێت کردم تۆ!
پێت گوتم:
«بەیانی پاییزانت، نەفس و ناپیرۆزە!»
لە سەفەردابووم من،
لە ئەو ئێوارە درەنگ وەختەیدا؛
دێتە بیرم قسە تەوساوییەکەت سەر لە بەیان
کە دڵی ڕەنجاندم.

* * *

ئێستە بڕوا و ئیمان
لە دڵمدا بە قەدەر کێوێکە.
کاتێ دەکرێتەوە گوڵخونچە، دەڕازێتەوە دەشت
دێمەوە من
بانگ ڕادێڵم:
«هۆی
بیکەوە پەنجێرەکەت،
بیکەوە پەنجێرەکەت–
– درگاکەش!
کە بەهارهات!
سوورە گوڵ پشکووتن
خێڵی گوڵخونچە بەرەو گوڵزار هات!
بکەوە پەنجێرەکەت!
وا پەڕەسێلکە دێ دەشواتەوە شاباڵی لە کانیی تیشکا.
بولبول دەچریکێنێ:
وا بەهار هات
سوورە گوڵ پشکووتن
خێڵی گوڵخونچە بەرەو گوڵزار هات!

هێشتەکانێ نەبژاردوومانە
پەلکی سەوزی هەمووی داری دنیا.
بانگ ڕادێڵم من:
–«هۆی
بیکەوە پەنجێرەکەت هاتووومەوە.

من لە پاش ڕۆیشتن،
زۆر بە تاسە و بەپەلە
بە دڵی پڕ لە نیازو حەزەوە هاتوومەوە.

لە دڵمدایە گەلێ چیرۆکان،
لەو وڵاتانە کە چووم و
سەفەرم کرد بێ تۆ
لەو وڵاتانە کە پێیدا گوزەراوم بێ تۆ،
من دەڕۆییم تەک و تەنیا،
تەنیا.
ئافەرینی لە سەبووریی من دەکرد شاخ و چیا.
من ئەگەر دێمەوە بۆ لات گوڵەکەم!
دەست بەتاڵ نیم
ئەوی کاروانی ئەوین و حەزو خۆشویستنە
بۆم هێناوی.
کاتێ گوڵخونچە دەشکوێت و
دەڕازێتەوە دەشت دێمەوە من،
تۆ بەمن پێدەکەنی
بانگ ڕادێڵم من:
«هۆی
بیکەوە پەنجێرەکەت!»
پەنجەرەکەت پێوە دەدەی.

* * *

دادەنیشم ئەمن ئێستاکە پەشێوو خەمبار
تۆش منت بۆ کەرەتێ نایەتە بیر.

کێیە پێی خۆشە من و تۆ
قەت نەبینە ئێمە
ماڵەکەی کاول بێ!

من ئەگەر نەبم بە ئێمە تەنیام
تۆش ئەگەر نەبی بە ئێمە
– خۆتی.
بە چیدا دیارە من و تۆ دیسان
ڕۆژهەڵات نابێتە جێژوانی ئەوین و حەزو
یەکبوون بۆمان
بەچدا دیارە من و تۆ کە لە قاوی نادەین
ئابروویی تکاوی ناحەزانی خۆمان.

من ئەگەر هەستمە پێ

تۆ ئەگەر هەستییە پێ
هەموو هەڵدەستنە پێ

من ئەگەر دانیشم
تۆ ئەگەر دانیشی
کێ هەیە ڕابپەڕێ؟
کێ هەیە ورگی نەیاری دڕی دڵڕەش بدڕێ؟

* * *

دەشتەکان،
ناوی تۆ دایمە لەسەر لێویانە
کێوەکان شیعری من دەخوێننەوە.
دەبێ کێو بێن نەجمێن، ڕاوەستێن.
دەبێ چۆم بێن و بڕۆین، دانەکەوین.
دەبێ دەشت بێن و بخوێنین،
نەخەوین،

چییە ئەم داخە لە ناخی مندا؟
تۆش لە دڵتا چییە ئەم چیرۆکی خۆگرتنە، چی؟
من لە دڵمایە بڵێسەی حەزو ئاوات و نیاز
تۆش لەگەڵتایە تەوژم و تەزی پایز بۆچی؟!

قسە بکرێ باشە!
دەرد بدرکێ باشە!
باس لەسەر عەشقی من جەورو جەفای تۆ نییە خۆ،
باس لە ڕووخان و لەبەریەک چوونی
کۆشکی دۆستایەتییە.
باس لە بێ هۆبوونی خۆشەویستی و ئەشقە.
ئاشنایی بە حەزو تاسەوەیە؟
لێک جودابوونەوە داخ و دەردە؟
لەپەسیوێکی درۆیینی لەبیرچوونەوەدا دانیشتن،
– یان نوقمی لەخۆ بایی بوون؟!

سینگم ئاوێنەیەکە، تۆزی خەم لێنشتوو
بەبزەت بسڕەوە ئەو تۆزە لە ڕووی
وەرەبا هەڵنیشێ
مەلی دەشتی تۆ لە هیلانەیی دەستی مندا.
قەت مەهێڵە کە دەستی تامەزرۆم
لەبەرچاوی بکەوێ
گوڵم! ئەو متمانەی
وا بەدەستی تۆی بوو.

هەرگیز نەیەڵی ئەو مەلەسپییەی دەستت
دەستی من ساردو بەتاڵ جێ بێڵێ.
من دەڵێم چی؟ هەی ئاخ
دادەنیشم ئەمن ئێستاکە پەشێوو خەمبار
تۆش منت بۆ کەرەتێ نایەتە بیر.

ئەتۆ پێت وانەبێ بێ دەنگیی من،
هۆی لە بیر چوونەوەتە.
من ئەگەر هەستمە پێ
تۆ ئەگەر هەستییە پێ
هەموو هەڵدەستنەوە پێ.

سەرچاوە:
کتێبی تاڕزگاری (تارهایی)، چاپی پێنجەم ١٩٩٨-تاران، بڵاوکەرەوەی سیمرغ

**فەرهەنگۆک:**

پێل: شەپۆل.
نەینووک: ئاوێنە.
زەمبەر: خشڵ، زێوەر.
سەوڵ: داری سەرو.
دژوێن: چڵکن، پۆخڵ.
کەرەت: جار، ڕا.
پەسیو: پەنا، قوژبن.
باگەڕ: گێژەڵووکە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی حەمید موسەددیق ئەوانەن:**

١- درەفەشی کاویان (١٣٤١)
٢- شین، خۆڵەمێشی ڕەش (١٣٤٣)
٣- لەسەر ڕێبازی- با-دا (١٣٤٧)
٤- دوو قەسیدەی شین و خۆڵەمێشی و ڕەش، لەسەر ڕێبازی با-دا (١٣٤٨)
٥- لە جودابییەکانی (١٣٥٨)
٦- ساڵەکانی سەبووری (١٣٦٩)
٧- تاڕزگاری- داگری ئەو بەرهەمانەی سەرەوە (١٣٦٩)
٨- شێری سوور (١٣٧٦)

# تەپڵ تەپەدۆر

حەمە فەریق حەسەن
(دانیمارک)

پێش برادەرەکانم گەیشتبوومە سەرچنار و لە تەنیاییدا هەروا خـۆم دەخـافـڵاند.. بەدەم بەبادانی دووکـەڵەوە سەرنجم لەسـەر پۆلێ مـراوی ڕاگـرتبـوو. ئەوان بێپـەروا، وردە شـەپۆلیـان بەشـوێن خـۆیاندا جێ دەهێـشت و بۆ تاوێک ڕووی گۆمە ڕوونەکەیان دەنەخشاند..

«ئێوارەت باش مامۆستا.!)

بەسـڵـەوە لامکردەوە و وەڵامم دایەوە. ئەویش وەک دینگە بەدیارمەوە چەقیبوو. لە ناخافڵی ئێوارە باشەکەی ئەو و داڵغـە و ڕامـانی خـۆم، کـەمـێکیش پرینگامـەوە؛ بەڵام نەمبردە سەرخۆم.

خـووم پێوە گـرتووە، لە دۆخی وەها ناکـاودا، لە تەوقی سەری ئەو مرۆڤەوە تا بەکەڵە ئەنگوستی پێی دەگا، دەی دەمە بەر وردە سەرنج.. وتم:

«جەناب پێدەچێ کارێکت بەمن هەبێ؟»

دیاربوو ئەوەنـدە بەبێ دەنگیی لێی وردبـوومـەوەو لەوەدابوو سـەغـڵـەت بێ. شـێـوەم دەکـرد و نەدەکـرد. لە سییـەکانی تەمەنیدا بوو. باڵا بەرزێکی سمێڵ تاشراوی خـاوێن و گەنمڕەنگ، زیاتر لە فـەرمـانبەر یان مـامـۆسـتـا دەچوو.. یاربی بە ژمـارەیەک کلیل دەکـرد، پێـدەچوو یەکـێکیـان سـویچی ئوتومـبـیلەکـەی بێ.. کلیلەکـانی بەگیرفانی پانتۆڵە نیلییەکەیدا کرد و وتی:

«شـتـێکە لەو بابەتە، ئەگـەر بیللامـانێ بوارم بدەی ڕوونی بکەمەوە.!»

«فەرموو فەرموو، بەخۆشحاڵییەوە!»

لێرە بەدواوە ئیـتـر نیـازپاکی بەقسـەکـانییەوە دیاربوو. وای بۆ چووم یەکێ لە قـوتابییـە زیرەکەکـانی ساڵێ بەو عەیامم بێ و نەچمەوە سـەری، وەک هەندێ جاران لەنێو پاس و قاوەخانە و شوێنە گشتییەکاندا ڕێکەوتیان دەکەم و بەهۆی زەینـکزیی خـــۆم و گـــەورەبـوونی ئەوانەوە



ئایانناسمەوە. ئاماژەی کورسییەکەی تەنیشتم کرد.. من پەنجەی بەسیگارم بۆ درێژکرد و ئەویش دەستی سوپاسی بەسینگییەوە گرت و وتی: «ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، جەنابتان بیللامانێ حەمە فەریق حەسەنن؟»

دەمویست بڵێم: (ئەوم، بەڵام تکایە بێ بیللامانێ..) وەلێ ئەوەندە بە نەزاکەت دیاربوو، دڵم نەهات بیدەمە ڕووی، وتم: «بەڵێ بەڵێ ئەوم، ئەدی ئێوە کێن؟»

«من ئاکۆم، ئاکۆی باڵەبان.. ناشێ تیپی مۆزیکی (نەوا)تان نەبیستبێ. ئا.. لە تیپی نەوادا باڵەبانژەنم.. تاکو ئێستا، بیللامانێ دە دوانزە گۆرانیمان بۆ تەلەڤزیۆن تۆمارکردووە.!»

«خۆشحاڵم.. شێوەت دەکەم و گوێشم لە گۆرانییەکان بووە. سەرکەوتنت بۆ دەخوازم..!» وەک هاوولاتییەک و کاری کەوتبێتە لای مەسولێک، قنج لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو.

لەسەر زەمینە کۆنکریتییە تازە ئاوڕشێن کراوەکە پای بەپێڵاوی ڕەشی جووت کردبوون و ئەژنۆکانیشی قرساندبوونە یەک. چاوەڕوان بووم لەسەری بڕوا، بەڵام ئەو دەستی لە بان ڕانی دانا و هیچی نەوت. بۆ ئەوەی بیهێنمەوە گۆ و ئەو دیواری شەرمەی نێوانمان برووخێنم بەزەردەخەنەوە سەری قسەم دامەزراند:

«لە دۆخێکی وەهادا، من دەتوانم چ خزمەتێکتان پێشکەش بکەم؟»

دەستەکانی هەڵێنان و بە پەنجە سپی و درێژەکانی، لەگەڵ قسەکانیدا ئاماژەی دەکرد.

«هیچ!.. دەمەوێ پێتان بڵێم من خوێنەری چیرۆکەکانی ئێوەم و پێرێ دوا چیرۆکتانم، کە بەناوی بیللامانێ، نەیژەنی مەزن-ەوە بوو خوێندەوە.. وابزانم یەکەم جارە، بیللامانێ مۆسیک دەکەیتە بابەتی چیرۆک.!»

ئاخ!.. خۆزگە وازی لەم بیلامانێ بێمانایە دەهێنا..!! بەڵام لام قورس بوو بیدەمە ڕووی و وتم:

«وایە.. خۆشحاڵم وەک باڵەبانژەنێک ڕات لەسەر چیرۆکەکەم بزانم؟»

بە نەزاکەتەوە وتی:

«نا نا.. من ناتوانم چیرۆک، بیللامانێ هەڵبسەنگێنم. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ، من سەبارەت بابەتێک لەمێژە چاوت لە دوو دەگێرم و ئەوا ئەمرۆ بەڕێکەوت...؟!»

لێرەدا قسەم پێبڕی، چونکە دەمزانی دوای ئەو وشەیە یەکسەر دەڵێ: بیللامانێ.. وتم: «کەرەمکە.. ڕاستەوخۆ بچۆ ناو بابەتەکەتەوە.؟»

«ئا.. ئاگاداری بەسەرهاتێکم و لە دەستم نایە بیخەمە، بیللامانێ قاڵبی چیرۆکەوە. جا ئەوێ ڕۆژێ وەختایێ نەیژەنی مەزنی جەنابتم خوێندەوە، دنەی دام بەسەرهاتەکە بەرەورووی ئێوە بکەمەوە، لەوانەیە چیرۆکێکی ئەنتیکەی وەهای لێ بەرهەم بێێن...»

«بەرزە جەناب بی، کاک ئاکۆ!»

ڕێکەوتین هەینیی ئایندە وادەمان ماڵی خۆمان بێ.. ئاکۆ لەکاتی خۆیدا لە دەرگەی دا و ئاوا بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە. هیچی وای بۆ نەهێشتمەوە. کاری من مەگەر ئەوەندە بووبێ هەرچی بیللامانێ هەبوو، وەلام ناوە و کەمێک دەستم بە ڕستەسازیی گێڕانەوەکەی ئەودا هێناوەو هیچی تر..

* * *

ئەم کاک عەزیزەی وا بەسەرهاتی دەگێڕمەوە، ناشێ لە پەردەی تیڤییەکانەوە نەتدیبێ. ئەو ئەگەرچی بەگۆرانییە دەهۆڵییەکانی شانی بەهەمووماان هەڵتەکاندووە، کەچی بۆخۆی شانی خوارە. ئەم شان خوارییەش سەربوردەیەکی سەیری بەدواوەیە.! سەربوردەیەکی ئەوتۆ مرۆڤ بەبیستنی واق دەبێ.. بەهەرحاڵ عەزیزی شانخوار، گۆرانیبێژێکی بنەڕەتیی تیپەکەمانە.

ئەگەرچی ئەو زیاتر بەعەزیزی تەپڵ تەپەدۆر ناوی ڕۆیشتووە...

لێرەدا وەدەنگ هاتم: بەڵام ئەو لەسەر پەردەی تیڤییەکان، بێ نازناو و بەناوی دوانییەوە دەردەکەوێ. منیش وەک بینەرێک هەر بەو ناوەوە دەیناسم؟!

ئاکۆ وتی: ئەمەیان ڕاستە، ئەگەرچی ئەم ناوەی ئێستای مێژوویەکی کورتی هەیە. خۆ ئەو سەری بگری و بنی بگری ساڵێکە لە تیڤیدا دەردەکەوێ و.. بەڵام شانخوارییەکەی کۆن و بەڵگەنەویستە. هەرچی نازناوی تەپڵ تەپەدۆریشە، بۆ سەردەمی منداڵیی دەگەڕێتەوە.

لێرەدا پێمبڕی و پرسیم: «دەکرێ هۆی شان خوارییەکەیم بۆ ڕوون بکەیتەوە؟»

بەڵێ بەڵێ.. بۆچی نا؟ ئێمە منداڵی کۆڵانێکی ئەم شارەین و لە قۆناغی سەرەتاییەوە هاوڕێین.

ئەو هەمیشە لەوانەی سروودا دە لە دەی وەردەگرت. بەڵام لە وانەکانی دیکەدا کۆڵ بوو، بەپاڵ دەردەچوو. وەلێ هەمیشە خۆشەویستی مامۆستای سروود بوو. لە سەرەتاییەوە هەتا ناوەندیی، ئەستێرەی درەوشاوەی ئاهەنگەکانی قوتابخانە بوو...

ئەوی ڕاستی بێ ئەو (تەپڵ تەپەدۆر)ە بۆ شەوانی هاوین دەگەڕێتەوە، کاتێ وەک نەفوورات لە ماڵ دەردەهات و ئێمەی منداڵانی گەڕەکیش میناهەنگ

پلوورەمــان لە دەوری دەداو لێی کــۆدەبووینەوە، عــەزیز لەگــەڵ بەســتــەکــانیــدا لە بریرەزم یان تەپڵ، تەپەدۆری دەکــوتا. ئەو تەپەدۆرەی وا منداڵان بەهاوینان چلوورە و ئایسکریمی تێــدا دەفــرۆشن. تەپەدۆرەکــەی لە هەمــوو لایەکەوە بەتێپ پێچابوو. بەقەڵەم ڕەنگیی دەیان جار لەسەری نووسیبوو: چلوورەی کارگەی ئەرخەوان.. ئەو کە هاوینی لێــدەهات ڕۆژانە چلوورەی کــارگــەی ئەرخــەوانی تێــدا دەفــرۆشت و شــەوانیش لە بری تەپڵ دەیکوتا. بەهاوکــاریی ئەو تەپەدۆرە، ئەوەی دەیوت نەیدەوتەوە و شەوانی ئێمەی منالآنی ڕووناک کردبۆوە و سەری ژن و پیــاوی گەڕەکیشی بەردابۆوە. ئالێرەوە خەڵکی گــەڕەک نازناوی تەپڵ تەپەدۆریان بەســەردا بڕی و بوو بــەقــیــرو زفت و لێی نەبۆوە...

«بەڵام هۆی شانخوارییەکەیت باس نەکرد!»

بەڵێ بەڵێ.. چۆن دەبێ باسی نەکــەم؟ ئێــســتــاشی لەگــەڵدابێ، بەستە دەهۆڵییەکانی فۆلکلۆر دەڵێتەوە. هەردوولامــان لە تیپی مۆسیکی نەوادا ئەندامین. دەیان بەسەرهاتی تاڵ و شیرینمان پێکەوە هەیە. گرنگ ئەوەیە ئەو بە ڕادەیەک بڕوای بە ناوەڕۆکی شیعری فۆلکلۆرە، ســــەدیەکی ئەوە بڕوای بە نەریتی باو و ڕێبـــــاز و فــەلســەفــەیەک نییــە. هەرچی لە گــۆرانیی فــۆلکلۆردا هاتبێ، ئەو دەقاودەق دەیسەلمێنێ و بەمــوو لێی لانادات و وەک گــوتە پیــرۆزەکــان پەیڕەوی دەکــا. بێــجگە لە هۆنراوەی فـــۆلکلۆر، گـــوێڕایەڵی هیچ ڕێبـــەر و سەرچاوەیەکی دیکە نییە! لە تەنگانەدا، لە بریی کەس و دۆست، پرس بە شــیــعــری فــۆلکلۆر دەکــات و چی لە ناوەڕۆکی ئەو شـــیـــعـــرانەدا هاتبێ، بێ گـــوێدانە دەرئەنجامەکانیان پەیڕەویان دەکا. لەم ڕووەوە هیچ گوێ بەڕای بەرامبەر نادات. بەکورتی دین و ئیمانی شیعری فۆلکلۆرە!

لە ڕەوەکــەدا، بە ڕێکەوت پێکەوە لە شــاری (بانە) گــیــرســاینەوە. ڕۆژێکیــان کــێچ کــەوتە کــەوڵی عــەزیز. جانتای کردە شان و بێ پرس هەیپای لێکرد.. وەختێ لە شــار دەقــێــتــەوە و لووت بە ئاربەباوە دەنێ، بابایەکی بانەیی لێ پەیدا دەبێ، لە چیا دەگەڕێتەوە. بە پۆشاک و تیــلاکــیــا پێــدەزانــێ ئاوارەی دیوی عــێــراقــە و وا دەزانێ هەڵەتە بووە. لێی دەپرسێ:

«ئەهای ئاغــای کــوردی عــێــراقی؛ هۆغــر بەم ئێــوارە وەختەیە؟»

عەزیزیش بە بڕوا بەخۆبوونەوە دەڵێ:

«هەتا مەریوان دەچم!»

«بەڵام تۆ وا بەم بەفرو زەیقــاتە، بەپێــیــان بەرەو چیــای ئاربەبا مل دەنێی؟!»

تەپڵ تەپەدۆر، کەمێ دادەپەڕێ و دەڵێ:

«بۆ زەینم لێــدەگــۆڕی ئاغــا؟!.. ئەدی مــەریوان ئەودیو بانە نەکەوتووە؟»

«ئەوە لە کێت زانیوە مەریوان ئەودیو بانە کەوتووە؟»

«ئێستا پێتدەڵێم لە کێم زانیوە!»

عــەزیز هەردوو دەستــان لە بناگوێ دەنێ و تێ هەڵدەکــا. بەم بەستەی وەڵامی دەداتەوە:

**بانە و مەریوان (ئەمدیواودیوە)،**

**ڕەحمەت لەو دایکەی تۆی بۆ من دیوە!**

کاکی بانەییش دەڵێ:

«ئەو گۆرانیبێژە با هەر بۆخۆی بڵێ.! کــاری نەکــردەیە ئاغا.. ڕەق دەبییــەوە ئاغا..! بگەڕێوە شار، تۆ دەبێ ڕوو لە تیــرمــینــاڵ بکــەیت و بە مــاشین هۆغــر بکــەی، ئەوەش بزانە لە بانەوە بۆ مەریوان بە ماشین چوار سەعاتە!»...

لێرەدا دیسان لێی بەپرسیار هاتمەوە:

«هەر باسی سۆنگەی شانخوارییەکەیت نەکرد؟!»

بەڵێ بەڵێ، هەر ئێــســتــا.. عــەزیز کــوشــتــەی ئارەقی ڕەشــە،. ئێــوارەیەکــیــان بەکــۆمــەڵ لە یانەی قــەندیل دانیــشــتبــووین. کرێکاری یانەکــە ئارەق و مەزەی هێنا، وەلێ عەزیز لووتی کرد و کرێکارەکەش. کە عەزیزی چاک دەناسی وتی:

«دەزانم دڵخوردی لیمۆی!.. بەسەری ئەو کاک عــەزیزە ئەم شــاری سلێمانییــە سەنگ و سووژن دەی، یەک دانە لیمۆ نادۆزیتەوە، هەفتەیەکە ڕێی ئەو خوارانە گیراوە و هامشۆ نییە. ئیتر لیمۆ لە کوێوە بێ؟!»

بە کرێکارەکەی وت:

«ئەی گوایە ئارەقیش هەر لەو خوارانەوە نایەت؟!»

ئەمــجا تەپڵ تەپەدۆر، سەرنجێکی سەعــاتەکــەی دا و بەهاوڕێکانی وت:

«ئێــوە نۆشی گــیــانتــان بێ و لەســەر من مــەوەستن.. براتانم، دوای یەک سەعــاتی دیکە بەزەمیلەیەک لیمۆوە لاتانم!!»

«چۆن و لەکوێ؟!»

بەڵام ئەو بێپەروا وەڵامی دایەوە:

«ئێوە کاڵەک خۆرن یان بێستانڕن؟. لەمن هێنان و لە ئێوە خواردن، ئارەق بەبێ لیمۆ حەیفە!»

هەر لەبەر دەرکی یانەکەوە، عەزیز یەکسەر تاکسییەک بەکرێ دەگرێ و بە شوفێر دەڵێ: «بەقوربانی کاکی شوفێر بم کــاری گــرنــگ و بەپەلەم هەیە؛ ســەد قــەپاتکە و هەتا عەربەت مەوەستە.!»

لەوێ چەند دووکــانی سەوزە فــرۆش هەیە هەمــوویانی

بەسەرکردبۆوە، بەڵام ئارووبەک، تەماتەیەک چییە نایکڕێ. خەمبار و نائومێد بە شوفێر دەڵێ:
«لەسەر سەد باژۆو با فریای برادەرانی سلێمانی بکەوم!»
کاکی شوفێر سەری لەم سەردانە گرنگ و بەپەلەیەی عەزیز دەرناچێ. لێی دەبێ بەمەراق و دەپرسێ:
«پێم ناڵێی لەپای چی ئەم ڕێگایەت گرتەبەر و سەری سەوزە و میوە فرۆشەکانی عەربەتت دا؛ بێ ئەوەی پرسیارێکیان لێ بکەی یان کیلۆیەک سەوزە و میوە چیبە لێیان بکڕی؟!»
«ئەوی ڕاستی بێ، لە سلێمانییەوە بەهیوای لیمۆکڕین هاتووم، بەڵام لە بەختی جووتقۆشەم بچمە سەر سیروان وشکی دەکەم!»
«جا ئەگەر لیمۆ لە سلێمانی نەبێ، ئەوا لە عەربەت هەر نابێ!»
«حەیفت نەکرد؟. مەگەر نازانی عەربەت کانگەی لیمۆیە.؟!»
«بەچدا دەزانی و لەکوێت بیستووە؟»
عەزیز دەست دەنێتە بناگوێی و تێ هەڵدەکات:
**باخێکم ناشتووە لە خڕەکەی (عەربەت)**
**(لیمۆ)ی گرتووە وەک مەمکی هەیبەت!**
«ساوەڵڵا سلاو لە ئەقڵی ئەوەی هەوەڵجار ئەم گۆرانییەی چڕی و شەکریشی شکان!! عەربەت ئاوی نییە خۆیان بیخۆنەوە، چجای ئەوەی باخە لیمۆی لەبەردا بنێژن!!»...
منیش لێرەدا پرسیارەکەم پاتەکردەوە:
«لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هۆی شانخوارییەکەیت ڕوون نەکردۆتەوە؟!»
ڕاستە. نەختێ لەسەرم ڕاوەستە ڕوونی دەکەمەوە.. ئا، بەم دواییە بەکۆڵانێکی مەڵکەندیدا ڕەت دەبێ و لووتی بەلووتی کیژۆڵەیەکدا دەتەقێ. کیژ وەختێ عەزیزی تەپڵ تەپەدۆری شانخوار دەبینێ زەردەخەنە دەیگرێ. عەزیزم عەزیز لێی بەڕاست دەگەڕێ و وەهای لێکدەداتەوە کچە ئاشقی بووە. ئیدی دەستووری چلەکانی سەدەی ڕابوردووی شاری سلێمانی یەک دوانێ لە هاوڕێ کۆنەکانی دوای خۆی دەخات، کڵاوی گرێچن لە سەرداو مشکی مۆر لە ملدا و بەدومبەڵەک لێدان تا درەنگانی شەو کۆڵانی ماڵی کچە تەی دەکەن و شەوبوێری ناکەن.. بەدەم گۆرانیی ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم و ئامۆزا گیان و دەچمە مەهاباد بۆ خزمەت قازی و سەبری دەڵێ من شووناکەم– ەوە هەراس بە گەڕەک هەڵدەگرن.. دواتر هاوڕێکانی لە کۆڵانکوتی بێزار دەبن و ئەمیش دەنێرێتە خوازبێنیی کچە. وەلێ باوکی کچە دەڵێ: «جا من چۆن کچ بەدمبگچی دەدەم؟!».
بەڵام عەزیز هەر مکوڕ دەبێ و دەستەیەکی دیکە لە خزمانی دەنێرێتە سەر بەڕەی باوکی کچە.
باوکی کچەکە ئەمجارەیان دەڵێ: «ئەوەی کڵاوی لەسەر بێت و مشکی بکاتە ملی و بە کۆڵانناندا بسووڕێتەوە من کچی خۆمی نادەمێ!» عەزیز نائومێد نابێ و دەڵێ لەوانەیە جاری سێیەم دڵی نەرم ببێ و قایل بێ. وەلێ ئەمجارەیان بابی کچە ئاوا وەڵام دەداتەوە: «من کچم بە کەسێ نادەم دوو نازناوی هەبێ!»
ئیتر عەزیزی نک و نائومێد، شەوێک چارەکێک ئارەقی ڕەش بەلیمۆی ترشەوە نۆش دەکات و دەچێتە بەر دەرکی ماڵی کچە و تێ هەڵدەکات:
**ڕەبی ئەوەی دەبێتە باعیسی دوو دران،**
**خێر نەبینێ لە ماری، لە منداری؛**
**لەسەر پردەکەی سەخرەتوڵڵایێ،**
**بە لەعنەت بێ لەگەڵ شەیتانی لەعینێ.. وەیلێ، وەیلێ....**
بابی کچە و کوڕەکانی وەکی گوێیان لەو هەموو تووک و نزایە دەبێ بۆی دەردەپەڕن و خوری شۆر، سفت دەیکوتن. بەڵام ئەوە ماوەیەک بەدەم ئازارەوە لەسەر وەیلێ وەیلێ بەردەوام دەبێ. دواتر مشکییە خۆڵاوییەکەی هەڵدەگرێتەوەو دەیتەکێنێ و دەیکاتەوە مل. کڵاوەکەی دەتەکێنێ و بەلارەوە لەسەری دەنێ و دەست لە بناگوێی دەنێتەوە:
**لەگەڵ تۆمە چاوی چاوم**
**لەسەرتۆ زۆریان لێداوم**
**پێم وایە خەڵات کراوم..**
**هەی دەڕژێ و دەڕژێ و دەڕژێ...**
دیسان زنجیرەی گێڕانەوەکەیم پساند و بەبێ ئارامییەوە پرسیم: «ئێستاش و ئەوساش هۆی شانخوارییەکەیت باس نەکرد؟!»
بەڵێ وایە، ئیستا ڕوونی دەکەمەوە.! تەپڵ تەپەدۆر هێشتا مێردمنداڵ دەبێ، بۆ یەکەم جار لەگەڵ خێزانەکەیاندا سەری بەغدا دەداو لە ماڵە خزمێکیان دەبێتە میوان. شار فراوان و بە ئاپۆرەو تەپڵ تەپەدۆریش نەشارەزا، بەتەنێ لە ماڵی خانەخوێ دەردەپەڕێ و دەکەوێتە سەر شەقامە بەباق و بریقەکانی پایتەخت. تەلاری بەرز و فوارەی ئاو و جمەی جادەی جەنجاڵ، تووشی ئەوقبوونی دەکەن و بەدەم حەپەسان و واقبوونە سەرنجەوە ئاگای لەخۆی نامێنێ و تەواو دوور دەکەوێتەوە، یاحەی بەزاتی... کاتێ بەخۆی دەزانێ

لەسەر ڕاستە شەقامێکی گەورەی بەختەتی پەڕینەوە و ترافیکلایتدا وشک وەستاوە. وەختایێ دەڕوانێ، دەبینێ خۆی بەتەنیا لە شوێنی پەڕینەوەیە.. عەزیز لەجێی خۆی ئەوق دەمێنێ و نازانێ داخۆ لەکاتی هەڵبوونی گڵۆپی (سوور) یان (سەوز)دا بپەڕێتەوە.. سەر دەهێنێ و سەر دەبا، لەپڕ وەک بروسکە بیرۆکەیەک بەمێشکیدا ڕەت دەبێ و لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە دەست دەنێتە بناگوێی و تێ هەڵدەکا:

**(سەوزە مەڕۆ) سەوزە گیان، سەوزەکەی ماڵم**
**نەخۆش نەکەوی سەوزە، نەشکێنی باڵم**

لە دڵی خۆیدا دەڵێ: (ئێ ئەگەر لە سەوزدا نەڕۆم کەواتە دەبێ لە سووردا بپەڕمەوە.) هەر لەگەڵ گڵۆپی سوور پێدەبێ، ئەمیش حۆیی حۆیی دەست لە بناگوێدا، بێ ئەوەی مێشێک میوانی بێ بە دەم (سەوزە مەڕۆ)وە دەپەڕێتەوە. ڕێک لەو دەمەدا، کە ئەم لە چەقی شەقامەکەدایە جێبێکی ئەمریکایی وەک تیری قووڕەت پەیدا دەبێ و زرم لێی دەدا. عەزیزی تەپڵ تەپەدۆر ڕمێک بەرز دەکاتەوە و ڕمب دەیداتەوە بەزەویدا و دەنگی دڵی دێ. جێبەیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ.

تەپڵ تەپەدۆر، بێ حەواس لەو ناوەدا دەکەوێ. هەتا یەکێ دەڵێ ماوە، حەوت دەڵێ مردووە. لەو دەمەدا خواوڕاستان کوردێک وەک فریشتە پەیدا دەبێ و دەبینێ وا شەرواڵ لەبەرێک بێکەس لەو گۆڕە کەوتووە. دەست دەداتە باڵی، دەیباتە لاوەو ئاو دەتکێنێتە دەمی. دوای ماوەیەک بەحاڵ هۆشی دێتەوە. کاتێ چاو دەکاتەوە و خۆی لەنێوان ئاگایی و بێ ئاگاییدا دەبینێ، ڕۆژ و سەعاتی لێدەگۆڕێ و نازانێ چ مەحەلە. بەو پەرێشان حاڵییەشەوە دەست دەنێتەوە بناگوێی و ئەم حەیرانە دەچڕێ:

**نە شەوە نە نیوەشەوە، نە بەیانە نە بەری بەیانە،**
**کەرەبابێک لە ماری بابی خۆی دەخینێ...**

کوردە فریاد ڕەسەکە پێی دەڵێ: «باوکی باوکم ئەوە تۆ بەهۆی ڕووداوی ئۆتومبێلەوە ڕۆژت لێ گۆڕاوە دەنا کات دەمەو عەسر و سەعات دەوری چواری دوای نیوەڕۆیە. کەرەبابیش لەسەر ئەم شەقامە نابینم! کوێت ژان دەکات؟»

عەزیزیش دەڵێ: «شانم، پێدەچێ شانم لەخرتکەوە چووبێ!»

ئەویش دەڵێ: «هەر ئێستا تاکسییەکت بۆ دەگرم و دەتفرێنم بۆ خەستەخانە، خەمت نەبێ!»

بەڵام تەپڵ تەپەدۆر دەڵێ: «گەلەک مەمنوون، من بێ تۆ بۆ لای حەکیم ناچم!»

کوردە فریادڕەسەکە دەڵێ: «ئاخر لێت پیر دەکات و پاشان شانت ناچێتەوە جێی خۆی! پێم ناڵێی بۆ لەگەڵمدا نایەی؟»

عەزیز بەدەم ژانەوە تێ هەڵدەکاتە ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە:

**هەی داد، هەی بێداد، کەی وەهابووە**
**هەر حەکیم بۆ لای دەردەدار چووە؟!**

بەڵام ئێستاش و ئەوساش حەکیم بۆ لای عەزیز نەچوو.. ئا بەم شێوەیە تەپڵ تەپەدۆری بێ حەکیم و دەرمان شانی لە خرتکە دەرچوو، تاکو ئێستاش نەچۆتەوە جێی خۆی.. ئەوە بۆیە وەختێ لە پێشی تیپەکەدا دەوەستێ و دەست دەنێتە بناگوێی، تەواو پێوەی دیارە..

ئاکۆی باڵەبانژەن لێرەدا وەستا. بە پەنجە باریک و درێژەکانی هەندێ جووڵە و ئاماژەی نواند و وتی: «وابزانم ئێستا ڕوونە لە پای چی شانی خوارە!»


* * *

حەرام، ئەوەی بۆی گێڕامەوە نەناوی ئاکۆ بوو، نە باڵەبانژەن. هەر کەسێ بوو، بەرلەوەی بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە بەچاک و پیران سوێندی دام، کە ناوی نەهێنم.. بەڵام بالێرەدا ناوی ئاکۆ بێ و باڵەبانژەنیش بێ، چقەیدی؟

**کۆپنهاون، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥**

**ئاگاییەکی گرنگ:** وەک هەموو بەرهەمەکانی دیکەم، ئەم چیرۆکەیش ڕووی دەمی لە هیچ کەس، یان هونەرمەندێ نییە. دەستکردی خەیاڵی گاڵتە لێپژاوی خۆمە و ئەگەر ناوەیل و نازناوەیلی وەهاش هەبن ئەوا ڕێکەوتی ڕووتە و من بەرپرسیار نیم.

**دینگە: دنگە، کۆڵەکە، پایە**
**نەفوورات: زاراوەیەکی ناوچەی سلێمانییە. بۆ منداڵی زێدە بزێو بەکاردەبرێ.**
**لووتی کرد: زیز بوو**
**حۆیی حۆیی: لۆژ لۆژ**
**جووتقۆشە: شووم، نەحس**
**ڕمب: دەنگی لەپڕ بەعەرددا کەوتن**
**حەکیم: نوژدار، پزیشک**
**خرتکە: جومگە**



# چیرۆکێکی ناتەواو

محەمەد ڕەمەزانی
(ورمێ)

ئێژن مێژوو هەر بەتەنیا دەستکردی مرۆیە. درۆیە! من دەڵێم جاری وایە لە جرۆجانەوەر بەدەر دەستی بنیادەمی تێدا نییە. پێکەنینت دێ؟ کەوایە لە بۆ تۆیە ئەو حیکایەتەی کە دەم بەپێکەنینی نەبۆ ئەو کەسەی وا مۆن و مرچی نێوزگ ڕزیوی وەک بەراز غەزریوە.

ئەز دەبێژم گرتنی شار پێویست ناکا بە لەشکرێکی سوار چاکی هەزار بەهەزار. تاقە گوێدرێژێک بەسە، بەو شەرتەی کەرسوار لێزان بێ.

تاو پەڕیبوو کە «چوار چاو» بەسواری کەرێ بەسەر پردی ئاسنینی شاردا تێدەپەڕی. خرمە و تەققە و شەقەی ناڵ و بزمار و پردی ئاسن، ئێستاش لە گوێی مێژوودا دەزرینگێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی چۆڵە چرا، لە حەوشەی کاروانسەرا، کچی خانەخوێ چاوی بە نێوچاوانی «چوار چاو» کەوت، جووتێ برۆی تووکنی کوڵکنی دی، پان و پۆڕ و زەلامتر لە سمێڵی، زریکاندی و لەسەر خۆ چوو.

«چوار چاو» یەک دوو شەوان حەساوە. پاشان نێوشار خولاوە و ماڵ و دووکانی گرت و دەستی کرد بە خەیاتی.

بابی کورتاندروو بوو. کەرو هێستری ئەو ناوچەیە نەبوو بابی نەناسێ. لە ڕۆژێکی بەهاریدا کە سوێندت دەخوارد پاییزە و هەڵیکردبووە گێژەڵووکەیەک چاو چاوی نەدەدی، سووکە بایەکی لێبۆوە و قرپێکی داو یەک دوو هەنیسکی بەدوو داداو هێشتا قولێ کلۆشی بەدەستەوە بوو، تۆ خۆش.

دوای سێ ڕۆژانە، بەپێی دابونەریتی وڵات، خزم و کەس و دەر و جیران درگای دووکانیان بۆ «چوارچاو» هەڵگرت کە تا دواهەم ڕۆژی ژیانی لانەدا لە پیشەی باب و باپیرانی.

«چوارچاو» کڵۆشی هەڵڕژاوی دیت و کورتانی لەسەر یەک دانراو، کورتانێکیش نیوە تەواو.

خۆ کورتان دروون بەرگ نییە بە بەژنم بڕابێ و مۆرنییە لە نێـو چاوانم هەڵکەنرابێ. دەچم بۆ شـاری «شـەش خیابان و شەست کۆڵان» بۆ لای خاڵم با فێری خەیاتیم کات.

– کوڕە وەرن خەبەری خۆشم پێیە! چوارچاو ڕۆیوە لەم دێیە.

– ئەی هەزار جار شوکر، کوڕە خۆ ئەو دێیەی لەدەست هاتبووە ئامان.

– کوڕە خۆ، گیشەگیا نەماوە ئاگری نەدابێ و سەر و گوێلاک نەماوە بەدەستی وی نەشکابێ.

– دەسـتی لە مـاڵی کـەس دانەدەبرد، ڕۆڵەی لەبەر دایکی هەڵدەگرت.

خەڵکی ئاوایی، لە دڵیان گەڕا شادی.

ساڵێک و چەند مانگ شاگردیی خاڵی کرد. چەندی خەیاتی لێوە فێربوو؟ بڕێک یان بڕونیوێک.

ڕۆیی لەو شـارە. خەڵکی لە خۆشیـان چەند گـۆزەیان بەدوودا شکاند. هاتەوە «تەڕەماشاوا». خەڵکی لە تاوان ڕۆحیان پێ نەما. دوعایان دەکرد یان بمرێ یان بڕوا.

ئەو کورتانە ناتەواوەی بەردەستی بابم تەواو دەکەم و لەو گـۆڵە کـەرەی خۆمـانی دەنێم و چی دراو هەمـانە لە تەنکەی باخەڵی دەنێم و ڕوو لەشاری «دەست ڕەنگینان» دەکەم.

هەروای کرد، بەڵام دوای چل شەو.

بەیانی زوو دەچووە دووکـان بۆ ئێـواریێ کـورتانەکـەی تەواو دەکـرد. دووکـانی دادەخست و دەهاتەوە مـاڵێ و دەیگوت: پیـرەدایە، بەیانی وەڕێ دەکـەوم. بەیانی زوو دەچوو هەڵیـدەگـرت دەرکـەی دووکـانی و دەیدی ئەوەی دوێنێ کـراوە، بۆتەوە هیچ و تەقـەڵ لەگـەڵ تەقـەڵی هەڵوەشاوە. بە دڵ گـرانی. سـەر لەنوێ تێـهـەڵدەچۆوە. سـەری چل ڕۆژە، سـەر لەبەیانی هەڵیگرت درگـای دووکـانی. دیتی کـورتان وەک خۆی مـاوە و تەقـەڵی لێ هەڵنەوەشاوە.

گـۆڵەکـەری کـورتـان کـرد و گـوتی: «هەلە و نایدەم لەکیس».

دایکی ئەسپەندەری بۆ سووتاند کە دوور بێ لە چاوی پیس.

حیکایەتخوانی دەم و ڕاوێژ جوان دەگێڕێتەوە کە «چوار چاو» ڕوو لە چۆڵگە و پشت لە ئاوەدانی، بەر محەممەد و عەلی سەلەوات بەرەو شـاری «دەست ڕەنگینان» کـەوتە ڕێ. ڕۆیی، ڕۆیی، حـەوت شـەو و ڕۆژان. تاریکان گەیشـتە مـەنزڵ. ئەوەی کە کەرە لادێیەکی مل کـولکنی دەست و پێ چڵکنی ئاوا چۆناو چۆن کـەوتە سـەر ئەو هەوایە بچێتە ئەو شارە و لەنێو ئەو هەمووە وەستا قابیل و خەیاتە بەنامیـانەی کە نێـوبانگیـان هەمـوو سنوور و کەوشەنی تێپەڕاندبوو و تەنانەت حاکمی شارەکانی دیش کـاریان پێ دەدان، بەڕێـتـە خـەیاتی، یەکـێک لەو پرسیارانەیە کە تا ئێستا کەس وەڵامی بۆ نەدراوەتەوە.

لە گەڕەکێکی هەرە هەژاری شار دووکانی خەیاتی دانا. ئەو بڕو نیوە خەیاتییەی لە خاڵییەوە فێر ببوو، لەگەڵ ئەو بڕونیوە شارەزاییەی لە کورتان درووندا هەیبوو، درانە دەم یەک و مـاجوونێکیان لێ ساز بوو کـە خەڵـک ناویان نا «وەستا ناچار» پانتۆڵ و شاڕواڵی، یان نێفەکی لەعەرز دەخشا، یان لەبەر تەنگی لەوانە بوو، بیـتەقێنێ دەم و دەزگا. قـۆڵ و بەژنی کـۆت و کەوای کـورت و درێژ بوو، بەڕاستی سەری زانا لەکاری گێژبوو.

زۆری خەیاتی کرد؟ کەمی خەیاتی کرد؟ خوا دەیزانێ و ئێمەش سەری خۆی پێوە ناهێشێنین.

لە ڕۆژێکی بەهاریدا کە وەک پاییز هەڵیکردبووە گژەبا و گێژەڵووکەیەک چاو چاوی نەدەدی. فەرمانڕەوای شار، قـرپێکی داو یەک دوو هەنیسک بەدووی دا و هێشـتا دەستی بەسەر کالانی شیرەکەیەوە بوو، تۆ خۆش.

فەرمانڕەوا، لە نێرینە و مێوینە، منداڵی نەبوو. بەپێی دابونەریتی ئەوێ ڕۆژگـار، جارچی جـاڕی دا لەنێو شـار. خـەڵکی کـۆوە بوون لە مـەیدانێ. بڕیار وابوو وەزیری دەستە ڕاست بازی دەستەمۆی فەرمانڕەوای خوالێخۆشبوو هەڵفڕێنێ تا بەسەر سەری خەڵکیدا بخولێتەوە و لەسەر سەری هەرکەس نیشـتەوە، فـەرمانڕەوای تازە هەر خۆی بێ، بەڵام سـەری بازیان هەڵبـرووسـقـاندبوو. کێ؟ خـوا ئەیزانێ کێ. وەزیری دەستەڕاست کارزان و لەبارزان بوو. شلوێ نەبوو، دیتیـەوە ڕێگا چارە بۆ ئەم خـەڵکە هەژارە. ناردی نازانم لەکام گەڕەک، کۆترێکی ماڵییـان بۆ هێنا، وە حەوای خست. ئەم کۆترەی، بە ڕێکەوت پشیلەی ماڵە پیـرێژنێک قـەپی بەنێـو قـەدیدا کـردبوو و پیـرێژنە زوو فریای کەوتبوو و لە دمی پچڕیبێوە. کۆترە زۆر بەسەری عـالەمەکەدا خولاوە، هات هات نزیک بۆوە لەسەر سەری «چوار چاو» نەنیشـتەوە، بەڵام پرتکێک جیقنەی لەسەر تەپڵی سەری کرد.

وەڵا حەلە بابم، حاکمی تازە بۆ خۆیەتی.

شینی حاکمی کۆن گەڕا و شیرینی و شەکراوی حاکمی تازە خورا.

«چوار چاو» ئەو نێوەی لە کۆڵ کەوت و بۆ نێوی خۆش پەکی نەکەوت، هەزار و یەک نێوی بەرز و تەرز و لەبار و خۆش لەزاریان بۆ دانا و سەتان جار بەخەتی خۆش لە بەری نووسراوە و بەتەواوی شاردا بڵاوکراوە: «ڕۆژی ئاسمان»، «بینایی چاوان»، «بابی هەژاران»، «خاوەن هونەر»، «داهێنەر» و....

وەزیری دەستە ڕاست لە هەموو زانستی ڕۆژگاری خۆی لە ڕیازی و فەلسەفە و جوغرافیا و ئەدەب و مۆسیقا و تەنانەت پزیشکی وەستا بوو و زۆر هەوداى ئاڵۆز و پاڵۆز و گرێپووچکەی مەملەکەتداری، بەدەستی وی دەکراوە. چەندی کردی ئەو تاوانبارەی سەری بازی حاکمی خوالێخۆشبووی بڕووسکاندبوو، بۆ نەدۆزراوە. مامۆستای هەرەگەورەی زانکۆی شار بوو و دەیان مامۆستای پایەبەرزی پێگەیاندبوو. بەهێزی ئاوەز و کارزانی، حاکمی کۆنی قەمتەر کردبوو و نەیدەهێشت پێ لە جەغزی دادگەری بترازێنێ و وەزند بۆ خەڵک بێنێ. دوازدە وەزیر لە دەرباری حاکم ڕاوێژکاری بوون کە لەباری زانستەوە لەوی سەرتر نەبان کەمتر نەبوون. ئەمانە هەموو دۆستی یەک دڵ و یەک ڕەنگی بوون جگە لە «ڕیش سوور» بۆ دەرفەت دەگەڕا، بەڵام هەلی بۆ نەدەڕەخسا.

ئەمنی «چوار چاو»ی خەڵکی «تەرە ماشاوا»یە کە قامکم لە بری قەڵەم ئاشنای سووژنی کورتان دروونە و لە ژیانمدا تەنیا خەتێکی ناسیبێتم، خەتی جووتە و هیچی دی، من ناڵێم تۆ بڵێ، کوا بەرگەی وەی دەگرم وەزیری ئاوا زانا وەزیری دەستە ڕاستم بێ.

پارووی وا لە دمی من زیادە.

«چوار چاو» زۆر زوو بەوەی زانی کە «ڕیش سوور» لە کراسی خۆیدا شیر لە وەزیری دەستە ڕاست دەسوێ. ڕیش سوور سنگی بردە پێش و بوو بە تەگبیر کەر و مشوور خۆری حاکمی تازە.

«چوار چاو» بەرلەوەی مل بنێ لە خەیاتی، گۆڵەکەرەی فرۆشتبوو بە کابرایەکی کەردار. بەتەکبیری «ڕیش سوور»، کابرای بانگ کردە دەرباری، گۆڵەکەر و کورتانی سەرپشتی ئەستاندەوە.

ناردی چەند سۆفیلکەیان هێنا خزمەتی، بەپارە و دراو ڕازی کردن، بڵاوی کەنەوە بەنێو خەڵکدا کە خەونێکیان دیتووە.

خەونی هەمووان هەر یەک بوو. لەشاردا بوو بە دمگۆ: ئەمانە دەستیان بە پەرتووکی ئاسمانی دادابوو و سوێندیان خواردبوو کە شەوی ڕابردوو خەونیان دیتووە کە پیاو چاکێکی نێوچاوان پاک پێی گوتوون کە گوێدرێژی حاکمی تازە، چوارسمێکی ئاسایی نییە و زەڕەی وی هەر لە خۆڕا نییە، زاتێکی پیرۆزە و ئەبێ تا زیندووە قەدری بزانن. لەسایەی ویدا ڕسق و ڕۆزی بەسەرتاندا دەبارێ و لەخۆشی وی فریشتەی ئاسمان زوو زوو دێنە خوارێ.

ئەم هەواڵە دەنگی داوە لە هەموو وڵاتان. ژن و پیاو، پیرو جوان خۆیان دەکوتا بۆ زیارەتی کەروکورتان.

وا دەستوور درا کە زانایەکی زمانزان شەو و ڕۆژ لە خزمەتیدا بێ و مانای زەڕە زەڕی وی بۆ ئەو خەڵکە گوناهکار و کڵۆڵ و هەژارە لێکداتەوە با لەسایەی ڕێنموونییەکانی ویدا بەختەوەر بن. بۆ ئەو کارەی، چوارچاو «ڕیش سووری»ی هەڵبژرد و ناویان نا «معبرالعرعر المبارک» یانی لێکدەرەوەی زەڕەزەڕی پیرۆزی کەرێ.

دەلەوەڕا لە کزن و گەنم و جۆ، ئەستوور بوو مل و ڕانی، پانتر بوو سەر سمت و پشتی پانی، ئای دەیزەڕاند، ئای دەیزەڕاند. بەشەو و بەڕۆژ هەر دەیزەڕاند. تەشریفی تەواوی کۆڵان و شەقامی شار دەگەڕا! ئای نازانی خەڵک چیان دەکرد، چیان دەکرد! لە لمبۆزبییەوە بیگرە تا بن کلکی جێگەی نەمابوو هەزاران هەزار جار ماچی نەکەن. کورتانەکەی هێندەیان زمان و دەم و لێوی پاک و پیس و چێشتاوی و شەکراوی پێدا هێنابوو، خەریک بوو لەسەر ڕەنگی خۆی لادەچوو. سستباوەڕێک «کوپە سوور» ناو، تازە لە ماڵی ئەو جوولەکەیەی وا ئاوی ناپاکی دەفرۆشت هاتبووە دەرێ و هێندەی خواردبۆوە خۆی بە پێوە نەدەگرت و سمێڵی بنە ئیستیکانێکی لەو ئاوە حەرامەی هەڵگرتبوو، بۆ تیز پێکردن و بەسووکایەتییەوە کورتانی پیرۆزی ماچ کرد. پەڵەیەکی سووری پێوە بەجێ ما. لە شوومی ئەوکارە، بوومەلەرزەیەک هات. هێزی سێ ڕیشتەر بوو. هیچ کوێ نەڕووخا. کەس هیچی لێ نەهات. خەڵکی شارەکە گومانیان نەبوو لەوەی کە لەم بەڵایە خەلەستن، لە سایەی سەری پیرۆزی «خۆشەویستی هەمووان»ەوە بووە خۆشەویستی هەمووان: ئەمە ناوی تازەی گۆڵەکەری حاکم بوو.

ڕۆژانی سەرەتایی «خۆشەویستی هەمووان» چی وای نەدەفەرموو زۆر گرینگ بێ و ئەویش «معبر العرعر المبارک» بۆ ئەو خەڵکە شەیدایەی مانا دەکردەوە دەیفەرموو:

* شادم لەوەی ئێوە لەژێر سێبەری پیرۆزی مندا دەژین.
* باشە بەسم ڕێک بگوشن، جیقم دەرهات.

* دە بەسم جۆ و خواردەمەنی جۆراوجۆر بەدەمەوە کەن، دەدڕێم!

بێتو مانای ئەو هەمووە زەڕەزەڕە هەر ئەوەندەبا: هیچ ئاڵوگۆڕ و ڕیڤۆلۆسیۆنێک لەو کۆمەڵەیدا وەدی نەدەهات، ئەم قەڵەش ملی دەبرد بە خووزدا و وەک کیسەڵ سەری دەکردەوە بەقاپێلکەکەی خۆیدا.

تەشریفی چوار ناڵی یەکەم خاڵی گرینگی فەرمایشەکانی بڵاوبۆوە:

ئەم کورتانەم لە پشتی کابرایەکی پشتپان بنێین با خەڵکی بە جودا زیارەتی کەن و هێندە هوروژم بۆ خۆم نەهێنن و بهێڵن پشوویەک بدەم. ئەوەی بزانن کورتانی مەبارەک لە خۆم پیرۆزترە و زیارەتی وی لە بۆ فەقیر و هەژار و خەڵکی ڕەش و ڕووتە. با تەنیا ئەوەی لە دەربارن و تاجر و پیاوانی گەورەی شارن بێنە زیارەتم کەس بێ ئیزنی خۆم بۆی نییە زیارەتم کات.

کابرایەکی چاوەشیان هێنا، کورتانیان لەپشتی پانی نا و ناویان نا «خلعت المبارک». شان بە شانی «خۆشەویستی هەمووان» و «معبر العرعر المبارک» بەشاردا دەخولاوە. یەگجار دەنگخۆش بوو و تەبعی مەوزوون بوو و هەموو ڕۆژێ دەستە شیعرێکی نوێی دادەنا بۆ «خۆشەویستی هەمووان» و بۆ حاکمی تازە و بەدەنگ و ئاوازی خۆشی دەیگوت. ئەم ئاوازانە زۆربەیان کەوتە سەرزارو دەیانکوتەوە خەڵکی کووچەو بازاڕ.

دووهەم فەرمایشی گرینگ:

ئەمن تووک و نزایەم کرد لەو کەسەی بازی دەستەمۆی فەرمانڕەوای پێشووی خوالێخۆشبووی سەر برووسقاند. مزگێنی بە دووعام گیرا بووە لە ئاسمانێ و ئەو خایینە ئیدی سەری بێ خەم لەسەر سەرین دانانێ.

شەوێک لە شەوان، وەزیری دەستە ڕاست لە حاکم سەراوە بەرەو ماڵ دەبۆوە، دوانی دەم و چاو هەڵبەستراو، هۆمەنیان بۆ برد و بە خەنجەر لەسەر دڵیان دا.

خەڵکی شار، زۆربەیان، گومانیان نەما کە وەزیری دەستە ڕاست ئەو تاوانبارەیە وا تووکی «خۆشەویستی هەمووان» گرتوویەتی.

دوو ڕۆژ دوای ئەو کارەسەتە، بەشێکی دی لە فەرمایشەکانی کەرێ بڵاوبۆوە:

چی پەرتووکی وەزیری دەستە ڕاست پێنووسی پێدا هێنابێ بۆ خوێندنەوە نابێ و دەبێ بفەوتێ.

فەرمایشاتی دی بە دوودا هات و زۆر کار کران، ئەوی زانکۆ و قوتابخانەی شار بوو داخران و مامۆستایان گیران یا ڕاو نران. ئەوی کتێب بوو، کۆکرانەوە و ئاگردران جگە لە کتێبی «هەزار و یەک ناو»ی حاکمی تازە. چوارچاو کاتێ خەیات بوو لێوی لەو خەیاتە دەست ڕەنگینانەی شار دەکرۆشت و تاوێ ناتاوێ شەڕی بەمیان یان بەویان دەفرۆشت. ڕۆژی خۆی بوو داخی دڵیان پێ بڕێژێ. خەیاتی «شاری دەست ڕەنگینان» ناوبانگیان بوو لە وڵاتان و تەنانەت حاکمی زۆر شاران کاری پێ دەسپاردن. ئەمان پێش ئەوەش وەک پاساری داوە سڵەیان هەردەکرد و هەر ئەوەندە خۆش بوو یەکیان لێگیرا- (ناوی «درێژە» بوو)، بۆی دەربازبوون و تاقیان بۆ دەرمانی چاوێشەش لەو هەرد و مەکانەی نەمان، ماوە تەنیا چەند کۆڵە خەیاتی دەستە وەستانی کار سەقەت.

«خۆشەویستی هەمووان» ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ پانتر دەبوو پشتی پانی و ئەستوورتر دەبوو نێوقەد و ڕانی. چی پیاو ماقووڵی شار بوون بە خزمەتی دەگەیشتن و هەرچی هاواری دەکرد، بەسم دەرخوارد دەن دەدڕێم، جۆ و نوقڵ و نەباتیان بۆ لەبەری دەستی دادەنا و ئەمیش بە لمبۆزی مەبارەک دەیماشتەوە. ئەو جووتە چاوە مەبارەکەی کە جاران دوور لە ئێستای پرووشەیان دەکرد و سیس و پیس و لێڵ بوون و وەک گۆنجەی ماڵە لادێیان دەچوو، یەکەی بەقەرا کەشکە فەریکەیەک دەرپەڕیبوون و لەبەر ئەوەی مێش و مەگەس ئازاریان نەدا، بەرچاوکەیان بۆ سازکرد هەر ڕیشوویەکی لە زێڕ و ئەوی دی لە زێو. دەیزەڕاند، دەیزەڕاند بە سەرمەستی، بە سەربەستی.

خەڵکی وا هۆگری فەرمایشەکانی بوون، بێتو شتی تازەی نەفەرمووبا شەو شێویان بۆ نەدەکرا.

ڕۆژێکیان، ئەمە بوو فەرمایشی تازە:

پیشەوەران دەبێ زۆر زیاتر لە جاران ماڵیات بدەن: مسگەر و ئاسنگەر و شیرگەر و هەوڕگەر و دارتاش و جۆڵاو بەننا و تەنەکەساز سێ بەرانبەری جاران، پارچە فرۆش و زێڕینگر و بازرگان و جووتیار چوار بەرانبەری جاران. ئەو پیشەی چەقچەی تێدایە، دوو بەرانبەری جارانی ماڵیات دەکەوێ. ئەم خاڵە هەرچی چۆدار و دەڵاڵ و دەستفرۆشە دەگرێتەوە. ئەو پیشانەی وا زۆر عەیبە ناویان بێنم، بەڵام بۆ خۆتان دەزانن، لە ماڵیات معافن. حەوتوویەک قەیران دانرا بوو. ئەوێ ڕۆژێ ئەو هەواڵە بڵاوبۆوە نا، بۆ بەیانی کەیخوداو دەم ڕاست لە هەموو پیشەیەک وێک کەوتن و چوونە بەر درگای حاکم سەرا و بەربوونە تکا و ڕجا تۆزێکیش هەرا هەرا. ئەمانە دوای گەلێک پەت پەتی، بێ ئەوەی دەستکەوتیان بێ، گەڕانەوە ماڵی خۆیان بە جێویان بۆی کەوتن.

دوای ئەو ڕووداوە، ئەوی هەستاوە، بارگە و بنەی

پێچاوە و پەڕیوەی هەندەران بوو. ئیتر خەڵک نوقل و نەباتی لەبەری دەستی دانەنا بۆ «خۆشەویستی هەمووان». گوڵەکەرەی ئیدی نەیا دەنگی دلێری و نەیدەزەڕاند لەبەر تێری. زەڕەی وی هاواری گیان لەبەرێکی دۆڕابوو. چۆن نەگری ئەم خەڵکە ئاوا زوو گۆڕابوو.

چوار چاو بەدگومان بوو لە هەموو کەس و باوەڕی نەدەکرد تەنانەت بە بیبیلەی چاویشی.

شەوێک لە شەوان، یەکێک لە وەزیرەکان، لە حاکم سەراوە بەرەو ماڵ دەبۆوە، دووانی دەم و چاو هەڵبەستراو هۆمەنیان بۆ هێناو بە خەنجەر ڕاست لەسەر دڵیان دا.

ئەم وشترە لەبەر ماڵی زۆر کەسی دیش چۆکی دادا.

«معبر العرعر المبارك» هەموو ڕۆژێ دەیان جار ئەو قسەی دووپاتە دەکردەوە:

«خۆشەویستی هەمووان» هەموو هەنگاوی بەدڵ شکاوی هەڵدێنێتەوە و زویر و دڵمەندە لەوەی کە بۆچی پۆلی خاوەن بروایان وەک جاران ماچی ناکەن سەروملی و نێو چاوان، نێو شان و بن ڕانی. ئەو خەڵکە دەبێ قەدری زێڕی وا بزانێ و نەهێڵێ فریشتەی وا هەڵفڕێتەوە بۆ ئاسمانێ.

«خلقت المبارك»یش وەک ڕۆژان کورتانی لە خۆی دەکرد. ئەویش ڕمێنی جارانی نەما، زەوقی کوێر بۆوە و ئاواز و گۆرانی بۆ نەدەهات.

لەم ڕۆژانی تەنیایی و دڵشکاوی و بێ بازاڕییە، «خۆشەویستی هەمووان» فەرمایشێکی فەرموو خۆشتر لە هی جارانی:

حەرامە ئەوی حەریر و ئەتڵەس و ئاوریشمە، ئەوی لە ئێمەیە تەنیا دوو سێ گەز جاوی بەسە.

ئەو خەیاتە دەست ڕەنگینەی بەزیندوویی گیرا، بەختەکەی باشی هێناو سەری نەچووە سەر سێدارە. کردیانە خەیاتی حاکم و دەوروبەری. دەستێ جل و بەرگی جاویان پێ دووری و دەستوور درا تەواوی خەڵکی شار لە ژن و پیاو جل و بەرگیان هەر ڕاست، لەو چەشنەو لەو ئەندازەیە بێ.

خەیاتی کۆڵ و دەستەوەستان بانگ کران بۆ حاکم سەرا و بۆ دوورینی ئەو چەشنە جل و بەرگە تەعلیم دران.

بەرگی نوێ بۆ منداڵ یەگجار زەلام و فش و فۆڵ و بۆ گەورە تەنگ و ترش بوو. بۆ کز و لاواز دیسان باشترێک بوو.

ئەوی هەوایەک بە خۆوە بوو، لە تاوی پاش و پێشی هەنگوینی بەزار تاڵ بوو. ئەوانەی قەڵەوبوون، ناگێڕدرێتەوە حاڵ و ڕۆژیان، بۆ چارەی ئەوکارە، «خۆشەویستی هەمووان» بیرێکی بە مێشکیدا هات و دوای هێنان و بردنی، ئاخری زەڕاندی و درکاندی:

دەستوور درا ئەوانەی قەڵەون بچنە لای پزیشکی شار کە «طبيب العام»ی ناوبوو کە لە نەرمەی پاش و بەزی زگیان دەربێنن و وئەوانەی قۆڕن یا کوێن بە جۆرێ چارەسەریان کات.

پزیشک، هەر ڕۆژانی یەکەم دوو سێ کەسی بە دەست چوو. ئەم هەواڵە دەنگی داوە و ئەوی لە جل و بەرگی تەرخان کراوی حاکمدا نەدەحەواوە، ناچار بارگەو بنەی پێچاوە و ڕووی لە هەندەران کرد.

ڕۆژێک پۆلێ منداڵی هار، ئاوریان لەبەر کونە ژەنگە سوورە کردەوەو قانگیان دان. ژەنگە سوورە هاروژان.

ژەنگە سوورە بە وڵات وەربوون. لەو دەمەی هەر ڕاست لەو دەمەیدا «خۆشەویستی هەمووان» و لێکدەرەوەی زەڕە زەڕی مەبارەک و «خلعت المبارک» بەخۆی و کورتانی پشتی بەو کوڵانەیدا دەهاتن. ژەنگە سوورە ئاوقای گوڵەکەرەی بوون و لەسەرو گوێلاکی هاڵان و جێگای نەما وەک مار پێوەی نەدەن. هەڵیتیزاند و جووتەیەکی وای لەسەر دڵی «معبر العرعر المبارک» سرەواند کە بیلامانێ سووکە بایەکی لێ بۆوە و قرپێکی داو یەک دوو هەناسەش بەدووی داو ئیتر تۆ خۆش.

گوڵەکەری بێ نازی ماران گاز و کابرای کورتان لەکۆڵ هەریەکەی بەلایەکدا دەرپەڕین.

کابرا بەختی باشی هێنا و لەم ئاورە پرپشکی بەر نەکەوت. کورتانی لەخۆ داماڵی ڕای کرد لەو شارە و چۆوە سەر شایەدیەکەی جارانی.

گوڵە کەرە نەتۆپی، بەڵام تا چەند ڕۆژ هەموو ئازای ئەندامی ماسی. لە خەو و خۆراک کەوت. خەڵک نێوی تازەیان لێ سڕیەوە. ناویان ناوە «گوڵەکەری تەڕەماشاوا».

خەڵکی شارەکە شتێکیان بەگوێی یەکتریدا دەسرپاند:

دەڵێن گورگێک پەیدا دەبێ ناوی «ڕووناکی چاوان»ە، زگی گوڵەکەرە دەدڕێ و تۆڵەی بەر و دوایەی لێ دەکاتەوە.

دەڵێن ئەو گورگە، فریشتەی ئاسمانە دێتە خوارێ و ڕواڵەتی گورگ پەیدا دەکا...

# گەمەی دوا شەوی سوورە ماسییەکان

سەمەد ئەحمەد
(سلێمانی)



چاوت بڕیوەتە بنمیچەکە. ئاسمانی ژوورە بچکۆلەکەت لە پەڵە هەورێکی خۆڵەمێشیی تۆخ دەچێت. هەورێک کە هەرگیز دانەکاتە باران. ئاسمانێک کە هەرگیز شین و ساماڵ نەبێت و خۆر و مانگی تیا هەڵنەیەت.

لەوەتەی تۆ لەم ژوورە بچکۆلە دەژیت، یان ڕاستتر وایە بڵێین: لە وەتەی ئەم چوار دیوارە کراوە بە نیشتمان وماڵت، تێڕوانینت بۆ ژیان، بۆ مرۆڤ بۆ نیشتمان بۆ هەموو شتێک گۆڕاوە.

جاران و پێش ئەوەی بخرێیتە ئەم چوار دیوارەوە، پێتوابوو تەواوی سەرزەمین بۆ گەشت و گەڕان و دیتنی مرۆ بچووکە، چاوی مرۆڤ زۆر لەوە دووربینترە کە سنوورێک بۆ دیتنی دابنرێت. خەیاڵی مرۆ زۆر لەوە فراوانترە کە لە سەرزەمینێک جێگای ببێتەوە.

هەمیشە قسەی ئەو گەورە پیاوەت دووبارە دەکردەوە کە دەڵێت: «زەمین بە هەموو پانی و بەرینییەوە، بۆشایی ئاسمانیش بە هەموو نهێنییەکانییەوە، ڕووبار و دەریاکانیش بە هەموو قووڵاییی و هاژە و لرفەیانەوە، لە ئاقار تێڕوانین و تێفکرین و سەرنجە وردەکانی مرۆدا بچووک و تەنگەبەرن، بۆیە ڕۆژێک دادێ هەموو ئەمانە بۆ مرۆ وەکو بەری دەست تەخت دەبن، وەکو پەڕی کتێب بە سانایی دەخوێندرێنەوە، شتێک لەبەردەم مرۆدا نامێنێت کە ناوی نهێنیی گەردوون بێت..»

ئێستا و ئەوا ساڵێکی تەواو، هەموو گەردوون بچووک و تەنگ بووەتەوە و بۆ تۆ بریتییە لە ژوورێکی یەک مەتر پان و یەک مەتر درێژ و سێ مەتر بەرز. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوویت تەنها ڕۆژێک چییە بتوانیت لە نیشتمانێکی ئاوها چۆڵ و وشک و برینگدا ژیان بەسەر ببەیت. لێ پێدەچێت مرۆ زۆر لەوە بەهێزتر و دڵڕەقتر و چاوقایمتر بێت کە خۆی بیری لێدەکاتەوە. ئەگەر وا نییە

کێ بڕوا دەکات کەسێک هەبێت بتوانێت ساڵێکی تەواو کەسێک شک نەبات قسەی لەگەڵدا بکات، ڕازی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێت؟

ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵەدا فریات کەوتووە و نەیهێشتووە وەکو داری بێڕەگ وشک ببێتەوە، خەیاڵی سرک و زیتەڵەت بووە. خەیاڵت ڕۆژانە دەیان جار لە نیشتمانە تەنگەکەت، لە یەک بە یەکی سەرباز و پاسەوانە دڵڕەقەکان، لە (ئەبوو عەبوود)، تەنانەت لە جەستەی لەڕولاوازی خۆشت یاخی دەبوو، بە ئاشکرا و بە نهێنی خۆی ڕادەپسکاند و دەچووە دەرێ، دەگەڕا، پێدەکەنی، گەمەی دەکرد.

بەڵام ئاخ هەموو کاتێک دەنگی ناسازی ئەبوو عەبوود کە پاسەوانی یەکەمت بوو، لێنەدەگەڕا خەیاڵی چوست و چالاکت گەشتی ژیان تەواو بکات، ڕایدەچڵەکاندی و بە ئاگای دەهێنایەوە.

لەم کاتەدا خەیاڵیشت وەکو جەستەت بێکەسکوژ دەکرا و بە نیوە مردوو پەلکێشیان دەکردەوە بۆ ناو زیندانە تەنگ و تارەکەت. بەڵام هەر ئەوەندەی ئەبوو عەبوود کڕو بێدەنگ دەبوو، خەیاڵت جارێکی دی شێتانە فرتەی دەکرد و دەچووەوە دەرێ.

هەمیشە یەکەمین کەسێک کە سەردانیت دەکرد و زۆر بە گەرمی لە ئامێزی دەنای و ڕایدەمووسیت شەونم بوو.

شەونم لە هەر کوێ بووایە، خەیاڵت وەکو هەڵۆ بەدی دەکرد، بەبێ لە دەرکەدان، وەکو منداڵێکی سەرگەردانی ونبوو دەچووە باوەشی. شەونم-یش زۆر بە ئەمەگەوە وەکو عاشقێکی میهرەبان بە سنگی خۆیەوە دەیگوشی، دواتر و هەتا قەدەرێک ماچی دەکرد، بە سۆزەوە دەیلاواندەوە، هەمیشە فرمێسکی خۆی بۆ دەکرد بە هەتوان و خەیاڵی زامدارتی سارێژ دەکرد.

ئەمشەو بە پێچەوانەی هەموو شەو و ڕۆژەکانی ئەمساڵەی ڕابردووەوە، تۆ چاوت لە بنمیچی ژوورە تەنگەکە بڕیوە کە لە پەڵەهەورێکی خۆڵەمێشی تۆخ دەچێت، خۆشت نەتزانی خەیاڵی شەونم چۆن بە دزی ئەبوو عەبوودەوە سنووری دیوار و بەندەکانی بڕی و بوو بە میوانی ئەم شەوەت.

لەم کاتەدا هەورە خۆڵەمێشییە تۆخەکەی ئاسمانی ژوورەکەت کە ساڵێکی تەواو بەری هەموو دیتنێکی لێ گرتبووی و مۆتەکەی سەر دڵت بوو، چەخماخەی دا و ڕەوییەوە و باران نمە نمە دایکرد. جەستەی داخکراوتی فێنک کردەوە، ئاسمانی ژوورە تەنگەکەت بوو بە سایەقەی ساماڵ، لە ناو ئەو ئاسمانە سافەدا شەونم وەک مانگی چواردە هەڵهات، لەبەر شەوقی، چاوەکانت شەواره بوون. زۆری نەمابوو هیچ نەبینیت، بەڵام دوای ئەوەی چەند جارێک چاوەکانت دا بە یەکدا، بەری دیدەت ڕۆشن بوونەوە. تێگەیشتیت ئەوە خەیاڵی شەونمە و هاتووە بۆ دیدەنیت، هاتووە ببێتە میوانت. هاتووە بە یادی جاران دەمەتەقێیەکت لەگەڵ بکات، هاتووە ماچبارانت بکات، هاتووە برینەکانت سارێژ بکات، هاتووە جارێکی دی فووی ژیان بکاتەوە بە بەرتدا، چونکە زۆری نەمابوو بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان بکەیت، هاتووە.. هاتووە.. هاتووە..

ئەدی جگە لە شەونم کێی تر زات دەکات بەم نیوەشەوە بەبێ ئیزنی ئەبوو عەبوود خۆی بکات بەم ژوورە تەنگەدا.

خەیاڵی شەونم کە هەر لە مانگی چواردە دەچوو، هێشتا بە تەواوی نەهاتبووە خوارێ و هەر بە حەواوە بوو، پێش ئەوەی بگاتە باوەشت، شەونم دوگمەکانی بەرۆکی کردەوە.. خودایە چی ببینیت، خۆشت پێت سەیرە و واق وڕماو، لە دوای ئەم دیمەنە چۆن نەمردیت؟ سنگێکی سپی بلووری، دوو مەمکی هەرمێی سەرگوڵ، نەخێر دوو سوورە ماسی سرک و لووس، تۆڕی بەرۆکیان پساندووە و ئەمشەو هاتوون لە دەریای خەیاڵی تۆدا مەلە بکەن.. تۆش لێزانانە دەستەکانت بۆ کردن بە حەوز و هەردوو سوورە ماسییەکەت لە باوەش گرت.

تۆ کە ساڵێکی تەواو دەستەکانت جگە لە کەلەپچە و حەبل هیچی تر میوانیان نەبووە، ئەمشەو بە گەمەی سوورە ماسییەکان هاتنە بزە و ختووکەیان پێداهات، کاتێک دەمیان لە پەنجەکانت دەسوی، تەزوو و موچڕکەی خۆشی بە لەشتدا دەهات.

ئەمشەو بە پێچەوانەی ئەم ساڵەی ڕابردووەوە کە هەموو شەوێک لە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بە دەم ئازارەوە هەتا بەیانی سەدان جار ڕۆحت دەکێشرا.. ئەمشەو لە عەیش و لەززەتی گەمەی ئەم دوو سوورە ماسییە کە لە ناو حەوزی لەپتدا لە هەڵبەز و دابەزدا بوون، لە چرکەیەکدا سەدان جار دەمردیت و زیندوو دەبوویتەوە.. بەو ئامانجەی کە سوورە ماسییەکان بگریت، هەوڵ دەدەیت بەری حەوزەکە تەنگ بکەیتەوە، لێ ماسییەکان لەوە سرکتر بوون بە قامکی مجرۆی تۆ بگیرێن، خۆیان قوتار دەکرد و ڕایان دەکرد.. ئەم گەمە و چاوشارکێیە هەر بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی سوورە ماسییەکان لە خۆشییاندا سەرخۆش بوون و لە ناو لەپتدا مت بوون، ئیدی مەگەر هەر خۆت بزانیت چیت لە سوورە ماسییەکان کرد و چۆنت گوشین، بەڵام ئەوەی هەرگیز لە یادت ناچێت و شایانی وتن بێت، ئەو عەیش و خۆشی و

مەکر و نازەی سووره ماسییەکان بوو کە لەگەڵ هەر هەڵگوشینێکدا سوورتر هەڵدەگەڕان.
تۆ و شەونم ئەگەرچی زۆر دوور بوون لە یەکەوە، بەڵام لەم دوورەوە خەیاڵتان ئاوێزانی یەکدی بوون، لە ئاکامدا جەستەی هەر یەکەتان تەواو ڕەحەت بوو..
بەڵام هەیهوو.. پاسەوانەکانتان لێتان نەگەڕان بە کەیفەخۆ و هەتا سەر بەم شێوەیە گەشتی ژیان تەواو بکەن. تۆ لەناو ئەو ژوورە تەنگەدا، ئەبوو عەبوود و خەڵەف و ئەسوەد پاسەوانتن، شەونمیش باوکی و دوو برای پاسەوانین..
لە یەک کاتدا دەنگێکی ناوەخت گۆمی خەیاڵتانی شلوێ کرد و بە ئاگای هێنانەوە..
شەونم کە بە خەیاڵ میوانی تۆ بوو، بەڵام لە ماڵی خۆیان و لەسەر جێگاکەی خۆی دوگمەکانی بەرۆکی کردبوونەوە، مەمکە تورت و قووتەکانی خستبوونە دەشت..
لەم کاتەدا نەڕە و هاواری باوکی شەونمی لە عەیش و خۆشی کرد و هەموو لایەکی بە ئاگا هێنایەوە..
تۆش ناو لەپت دوو حەوزی بچکۆلە بوون، سووره ماسییەکانی تیا نوستبوون، ئەسوەد و خەڵەف بە حەیزەرانێک هەردوو حەوزەکەی ناو لەپتیان شکاند. سووره ماسییەکان بێ ناز کەوتنە سەر زەوی. بەبەر چاوتەوە هەڵبەز و دابەزیان دەکرد. لەم کاتەدا دانەویتەوە ماسییەکان هەڵبگریتەوە، لێ ئەبوو عەبوود بە شەقێک ڕاستی کردیتەوە و دەم و لووتی پرکردی لە خوێن. هەر چەندت کرد خۆت بەپێوە بۆ ڕانەگیرا. لەنگەرت تێکچوو و بەلادا هاتیت و کەوتیت. ئەسوەد و خەڵەف ڕاستیان کردیتەوە، لە پشتەوە دەستەکانتیان بە کەلەپچەیەک شەتەک دان، بە پەڕۆیەکی ڕەشی زبریش هەردوو چاوتیان بەست، لە ژووره تەنگەکە دەریان هێنایت. هەر بە ڕاکێشان بردیتیان. لە گۆڕەپانی زیندانەکە وەکو مەسیح بە دارێکەوە بەسترایتەوە و لە خاچیان دایت..
لە دوای تاوێک ئەبوو عەبوود فەرمانی بە ئەسوەد و خەڵەف دا:
-«لەبەر ئەوەی خیانەتی لە حزب و شۆڕش کردووە، گولله بارانی بکەن..»
لەم کاتەدا شەونمیش تۆ ئاسا بە دار قەڵمتۆزەکەی خۆیانەوە بەستراوەتەوە، ئەو دارەی کە تەمەنی بیست و سێ ساڵە و چەند ساڵێک لە شەونم گەورەترە، باوکی فەرمانی بە دوو کوڕەکەی دا:
-«لەبەر ئەوەی شەرەف و نامووسی خێزانەکەمانی لەکەدار کردووە، گولله بارانی بکەن..»

لە یەک کاتدا ئەسوەد و خەڵەف و هەردوو براکەی شەونم لاونیو دانیشتن، میلی تفەنگەکانیان هێنایەوە، دەستیان بە پەلەپیتکەکاندا نا.. دەنگی ڕیزە فیشەکێک دڕی بە بێدەنگی ئەو شەوە دا..
لەم کاتەدا خەیاڵتان فریاتان کەوت و بۆ چەند ساتێک تەمەنی ژیانتانی درێژ کردەوە..
هێشتا گوللەکان نەگەیشتبوونە جەستەتان. بەشێک لە گوللەکان لە نێوان تۆ و تفەنگەکانی ئەسوەد و خەڵەف دا و بەشێکی تریشیان لە نێوان شەونم و تفەنگی براکانیدا هەر بە حەواوە بوو.. ئەو بەرەبەیانەتان کەوتەوە یاد کە تۆ و شەونم ماڵئاواییتان لە یەکدی کرد و دوا جار تۆ دەستگیر کرایت..
نیوە شەوێکی تاریکی ساڵی ١٩٨٨ بوو. تۆ لە هاوڕێکانت دابڕابوویت. خۆشت نەتدەزانی چی بکەیت و بۆ کوێ بڕۆیت. تەواوی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرە، بە ئاواییەکەی ماڵی شەونمیشەوە وێران کرابوون، هەر ئەو شەوە خۆت گەیاندە ناو چەمەکە، ماڵی شەونم لەوێ کەپرێکیان کردبووە ماڵ، هەرچۆنێک بوو فرسەتت هێنا و بۆ دواجار ماڵئاواییت لە شەونم کرد.. لەگەڵ گزنگدا گەیشتیتە ناو کەلاوەکانی ئاوایی بانگۆل، ئیتر دەرفەتی ڕۆیشتنت نەما، چونکە دنیا تەواو ڕووناک ببوو. دیوارێکی ڕووخاوت بۆخۆت کرد بە ماڵ و بە پووش خۆت داپۆشی.. هێشتا چاوت نەچووبووە خەو، لە دوورەوە گوێت لە دەنگی جاش و سەربازەکان بوو. لە چەند لایەکەوە سەگەکانی ئاوایی دەستیان کرد بە حەپە، بەڵام ئەوان زۆر دڵڕەقانە یەک بە یەکی سەگەکانیان کوشت.. ئینجا گڕیان بەردایە پووش و پەڵاش و دار و دیرەک و حەسیرەکانی ئاوایی. زۆری نەمابوو چەرە دووکەڵ بتتاسێنێت. ناچار بوویت بێیتە دەرێ. لەم کاتەدا دەستت بە تەقەکردن کرد. نەتزانی چەند کەست کوشت و چەندت بریندار کرد.. هەر ئەوەندەت لە یادە پێکرایت، بەڵام هێشتا هۆشت لەلای خۆت بوو. لە دوورەوە دەنگی گریانی شەونم هاتە گوێت، هاواری دەکرد و..
ئێستا گوللەکان لە نێوان تۆ و چەکەکانی ئەسوەد و خەڵەف و لە نێوان شەونم و چەکەکانی براکانیدا بە حەواوە نین و گەیشتنە جەستەتان، نەیانهێشت سووره ماسییەکان گەمەی خۆیان تەواو بکەن. لە یەک کاتدا جەستەتان لە خوێندا سوور بوو، بە لادا هاتن و ڕۆحتان دەرچوو..

**کەرکووک/ نەورۆزی ٢٠٠٥**

# ئاهەنگی باخ

**کاترین مانسفیلد**
**لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید برایم ئاغا**



سەرەڕای ئەوەش کەشوهەوا نموونەیی بوو، ڕۆژێکی لەو ڕۆژەیان باشتر دەست نەدەکەوت کە ویستبایان ئاهەنگی باخی تێدا ساز بدەن. بەس شینایی ئاسمان نەبێت کە بە تەمێکی زێڕین داپۆشرابوو هەروەک هەندێ جار لە هاوینی سەر لەزووەوە ڕوودەدات، باخەوانەکە بەیانی سەر لەزووەوە بەخەبەر هاتووە و مێرگەکان دەدروێ و گەسکیان دەدات، هەتا گیا و گوڵەکانی شوقە تاریکەکەش لەو جێیەی گوڵە بەهاریەکانی لێیە وایان دیاری دەدا کە دەدرەوشێنەوە. لە بابەت گوڵە باخەکانەوە ئەوان دەیانزانی کە گوڵە باخەکان تاکە گوڵن کە کاریگەریان لەسەر هەموو کەسێک هەیە لە ئاهەنگی باخدا؛ تاکە گوڵن کە هەموو کەس شارەزایی لە بارەیانەوە هەیە. سەدان، بەڵێ دەقاودەق سەدان لەتاکە شەوێکدا دەپشکوون؛ قەدە سەوزەکانیان دوولا دێتەوە هەروەکو لەلایەن فریشتەکانی یەکەمەوە سەردان کرابن.

ئێستا نان خواردنی بەیانی تەواو نەببوو کە کرێکارەکان گەیشتنە ئەوێ بۆ دامەزراندنی خێوەتەکە.

دایە، خێوەتەکە لە کوێ دابمەزرێ؟

کچە خۆشەویستەکەم، پرسیارکردن لە من کەڵکی نییە. بڕیارم داوە هەموو شتێک بۆ ئێوە بەجێ بێڵم ئەمساڵ، لەبیرخۆتانی ببەنەوە کە من دایکی ئێوەم. وەک میوانێکی بەڕێز هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکەن.

بەڵام مێک نابێ بچێت بۆ سەرپەرشتی پیاوەکان، پێش نان خواردنی بەیانی سەری شۆردبوو. دانیشتبوو قاوەی تایبەتی خۆی دەخواردەوە. لچکێکی سەوزی لەسەری ئاڵاندبوو، هەردووک بسکە ڕەش و تەڕەکانی بە هەردووک ڕوومەتانییەوە نووسابوون. جۆس ئەو پەپوولە،

هەموو کاتێک دەهاتە خوارەوە لەژێرکراسێکی ئاوریشمی و ڕۆبێکی ڕەنگاو ڕەنگدا.

«لۆرا، ئەتۆ دەبێ بچی، ئەتۆ کەسێکی هونەر دۆستی.»

لۆرا نان و کەرەکەی هەر لەناو دەستیدا بوو کە خێرا بۆی دەرچوو، زۆر خۆشە بیانووت هەبێت و لە دەرەوە نان بخۆی، لۆرا سەرەڕای ئەوەش شت ڕێک خستنی پێخۆش بوو، هەمیشە وای هەست دەکرد کە لە هەموو کەس چاکتر دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات.

چوار پیاوی کەراس و پانتۆڵ لەبەر لەسەر ڕێگای باخەکە بەیەکەوە کۆببوونەوە. چڵەکە تاوڵی بەتۆپە جانفاز داپۆشراویان هەڵگرتبوون، جانتای گەورەی کەلو پەلیان بە پشتیان دادابوو. کاریگەر دیاربوون، لۆرا خوازیاری ئەوەبوو نان و کەرەکەی پێنەبوایە، بەڵام هیچ جێیەک نەبوو لێی دابنێ، نەشدەکرا دوور فڕێی دات. هەوڵی دا کە وەک ئافرەتێکی کاریگەر و تەنانەت کەمێکیش کورت بێ دەربکەوێ کاتێک کە گەیشتە لای پیاوەکان.

لۆرا دەنگی خۆی وەک دەنگی دایکی لێ کرد و گوتی «بەیانیتان باش،» بەڵام ئەو هاوارکردنەی کاریگەریەکی خەراپی هەبوو، بە جۆرێک کە لۆرا بۆ خۆی شەرمەزار بوو، زمانی تێکەڵ و پێکەڵ کرد وەکو کچێکی چکۆلانە، «ئوە- ئێر- ئێوەهاتن- بۆ ئیشی خێوەتەکە هاتن؟

درێژترین پیاویان گوتی «ئەوە ڕاستە خاتوون» کەسێکی لاوازی درێژ و پنۆکاوی بوو، جانتای کەلوپەلەکەی گواستەوە و شەبقەپووشیتەکەی بە پاش سەریدا بەرداوە و خەندێکی بۆ لۆرا کرد.

«بەڵێ ئێمە بۆ ئیشی خێوەتەکە هاتووین»

خەندەکەی ئەوەندە سادە بوو، ئەوەندە دۆستانەبوو کە لۆرای چاک کردەوە، چەند چاوێکی جوانی هەیە، بچووک، بەڵام زۆر ڕەش و شین تێکەڵ بوو! ئێستا تەماشای ئەوانی دیکەی کرد، ئەوانیش بزەیان دەهات، لە خەندەکەیان وا دەردەکەوت وەک بڵێن «دڵخۆش بە، ئێمە ئازارت نادەین» چەند کرێکاری ڕووخۆشن! چەند بەیانیەکی جوانە! ئەو نەدەبوایە باسی بەیانی بکات؛ ئەو دەبوو بەکاربێت، ئەو خێوەتە. باشە، ئەدی لە بابەت بێستانی گوڵەشلێرەوە ڕاتان چیە؟ ئارەزووتان لێیە ئەوە بکەن؟»

بەو دەستەی کە نان و کەرەکەی پێنەهەڵنەگرتبو ئاماژەی بۆ بێستانی گوڵە شلێرەکە کرد. ئەوان ڕوویان وەرگێڕا بەرەو ئەو شوێنە و لەوێ ڕامان. لاوێکی قەڵەوی چکۆلانە لچی خوارەوەی لێبداداو پیاوە درێژەکەش چارەی خۆی قورس کرد.

گوتی ئەمن ئارەزووم لەو شوێنە نیە. «تەواو لەگەڵ ئارەزوویەکی ساغ ناگونجێ.» ئەتۆ لە ئیشی خێوەت دەزانی. ڕووی کردە لۆرا و بە ڕێگا سادەکەی خۆی گوتی «ئەتۆ دەتەوێ لە شوێنێک دابمەزرێی کە لەو شوێنە زللەیەکی بەهێزت بەرکەوێ، ئەگەر بەدوام بکەوی.»

پەروەردەی لۆرا وای لێکرد کە بۆ ماوەی خولەکێک سەرسام بێت، ئایا ئەوە ڕێزی تەواوی کرێکارە کە باسی لێدانی زللەی بەهێز بکات؟

بەڵام لە ڕاستیدا دوای کەوت.

«لۆرا پێشنیاری کرد، با لە سووچێکی یاریگای تێنسەکە بێت»

بەڵام بۆچوونی باندی مۆسیقا ژەنینەکە تەنیا یەک سووچی یاریگای تێنسەکە بێت. کرێکارێکی دیکە گوتی «ه.م. دەبێ باندێکیش هەبێ، ڕات چیە؟ یەکێکی ڕەنگ زەرد بوو، سیمایەکی ماندووی هەبوو، بە چاوەڕەشەکانی لە یاریگای تێنسەکە ڕامابوو.

بیری لە چ دەکردەوە؟

لۆرا بە سۆزەوە گوتی تەنیا باندێکی زۆر چکۆلانە. لەوە دەچوو زۆر گرنگی بە بچووکی یان گەورەیی باندەکە نەدابێ، بەڵام پیاوە درێژەکە قسەی پێ بڕین.

«تەماشای ئێرە بکە خاتوون، ئەوە شوێنەکەیە بەرامبەر ئەو دارانە، پشت ئەو جێگایە.»

«زۆر چاک دەبێت»

بەرامبەر کەرەکاکان. لە پاشان دارەکانی کەرەکاش دەشاردرێنەوە. ئەوان هێندە جوانن بە گەڵا پان و بریقە دارەکانیانەوە، بە هێشوە زەردەکانی میوەیانەوە، وەک ئەو دارانە دەچن کە لە دوورگەیەکی چۆڵدا گەشە دەکەن، زۆر گەورە، بەتاقەوە، گەڵا و میوەکانیان تا خۆر بڵند بووە لە جۆرە بێدەنگیەکی شکۆمەنددا. دەبێ ئەو دارانە بەخێوەت بشاردرێنەوە؟

پێویستە پیاوەکان چەڵەکە تاوڵەکانیان لەسەر شانی داناو بەرەو ئەو جێگایە ڕۆیشتن. بە تەنێ پیاوە درێژەکە بە جێمابوو. دوولا هاتەوە و لقێکی هەڵاڵەی پچری و پەنجەی گەورە و شادەی خستە سەر لووتی بۆنەکەی بە قووڵی هەڵمژی. کە لۆرا ئەو کردەوەی لەو کابرایە بینی

زۆر سەرسام بوو. لەبەر سەرسامی هەموو شتێکی لە بارەی دارەکانی کەرەسەوە لەبیرچۆوە کە ئەو پیاوە ئارەزووی شتی لەو شێوە دەکات- ئارەزووی بۆنی هەلاڵە دەکات. چەند پیاو لەو پیاوانەی ئەو ناسیونی ئەو جۆرە کردەوەیان کردووە؟

ئوە، ئەو کرێکارانە چەند چارەسووک و رووخۆشن، لۆرا وای بیرکردەوە، باشە بۆ ئەو نەیتوانیوە ئەو کرێکارانە بکات بە هاوڕێی خۆی چاکتر نەبوون لەو منداڵە خوێریانەی کە شەوانی دووشەممە دێن بۆ نان خواردن و دانسیان لەگەڵ دەکات؟

لەگەڵ پیاوانی لەو شێوە دا زۆر زیاتر پێش دەکەوت.

ئەو بڕیاری دا کە ئەوە هەمووی هەڵەیە، لەکاتێکدا پیاوە درێژەکە وێنەی شتێکی لەسەرپشتی زەرفێک دەکێشا کە دەبوایە گرێ بدرێ یان هەڵواسرێ، ئەوەش لەجیاوازیەکانی ئەو چینەیە. باشە لۆرا لەلایەن خۆیەوە نەکەم هەرنە تۆسقاڵێکیش باوەڕی پێ نەبوون.

ئێستاکە لەوێ چەکوشە دارینەکانیان توند و تۆڵ دەکردەوە. هەندێکیان فیکەیان دەکێشا و هەندێکی دیکەیان گۆرانییان دەگوتن، «ئەتۆ چاکی برادەر؟» «برادەر» هەست بەو هاوڕێیەتییە بەس لۆرا بۆ ئەوەی بوو بیسەلمێنێ چەند دڵخۆش بووە» بێ کەم و زیاد بۆ ئەوەی پێشانی کابرا درێژەکەی بدات کە هەستی لەماڵێدا چۆنە و چۆن سووکایەتی بە داب و نەریتی گێلانە کردووە، کاتێک لۆرا دەوێتەکەوە رامابوو. بابۆڵە گەورەکەی نان و کەرەی هەڵگرت. ئەو وەک کچێکی کرێکار هەستی دەکرد.

«لۆرا، لۆرا، ئەتۆ لە کوێی؟ تەلەفۆنە، لۆرا! دەنگێک لە ماڵێرا هاواری دەکرد. «ئەوا هاتم» بەلەش سووکی و خێرایی بەناو بێستانەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە سەر ڕێگای باخەکە و بەرەو هەیوانەکە ڕۆیشت و چووە ناو هۆڵەکە. لەوێ باوکی و لۆری برای شەبقەکانیان پاک دەکردەوە و خۆیان بۆ فەرمانگە ئامادە دەکرد.

لۆری زۆر بە خێرایی گوتی؛ لۆرا پێت دەڵێم پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چاکەتەکەم بۆ ئوتوو بکە؛ لۆرا گوتی؛ باشە بۆت ئوتوو دەکەم. لۆرا کوتوپڕ خۆی پێ داگیرنەکرا. ڕای کرد بۆ لای لۆری و کەمێک بەخۆیەوە گوشی. «ئوە، ئاهەنگی خۆش ساز دەکەم، وانییە؟

لۆرا بە هەناسەبڕکێ وە گوتی؛

دەنگە گەرم و کوڕانەکەی لۆری گوتی؛ تا ئەندازەیەک وایە، وە ئەویش خوشکەکەی بەخۆیەوە گوشی، وە پاڵێکی هیواشی پێوەنا، خێراکە کچەکە بچۆ بۆ تەلەفۆنەکەت. «بەڵێ، بەڵێ ئوە بەڵێ کێتی؟ بەیانیت باش، خۆشەویستم. بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ نابەی؟ وەرە خۆشەویستم. بێگومان خۆشە. تەنیا ژەمێکی سەر پێیە- سەندویجە، بەڵێ، ئەرێ بەیانیەکی زۆر خۆش نیە؟ جلی سپیت لەبەر کردووە؟ ئوە، بێگومان جلی سپیم لەبەر کردووە- خولەکێک هەر لەسەر خەت بمێننەوە دایکم بانگم دەکات. لۆرا پشوێکی دا.

چیە دایە؟ گوێم لێت نییە. دەنگی خانمی شیریدان لە قاتی سەرەوەڕا سەرە و ژێر دەبۆوە، پێی بڵێ ئەو شەبقەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو لەسەری بوو با ئەو بکاتەوە سەری.

دایکم دەڵێ دەبێ ئەو شەبقە جوانەی دووشەممەی ڕابردوو لەسەری بوو با ئەو شەبقە بکاتەوە سەری، چاکە. کاتژمێر یەک، خواحافیز. تا کاتژمێر یەک. لۆرا تەلەفۆنەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە و هەردووک دەستی خستە پشت سەری، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ڕاکشا لەسەر پشت و دەستی خستە خوارەوە «هە» باوێشکێکی دا. خولەکێک دوای باوێشکەکە خێرا هەستا، تا ئێستا هەر گوێی گرتبوو. وا دیار بوو هەموو دەرگاکانی ماڵەکە کراوە بوون. بە هەنگاوی نەرم و خێراو دەنگەکان بەردەوام دەهاتنە بەرگوێ، ماڵەکە پڕ ببوو لە جموجۆڵ.

ئەو پەردە سەوزەی کە بەو دەرگایەوە هەڵواسرابوو کە دەچوو بۆ لای چێشتخانەکە هەمیشە لە لەرینەوەدا بوو بەهاتووچۆکردنی دەرو ژوور.

ئێستا دەنگی پێکەنینێکی دووروودرێژ و ناخۆش دێت.

ئەوە دەنگی پیانۆ قورسەکە بوو کە لەسەر پێچکە چکۆلەکانی دەگوازرایەوە. بەڵام هەوا! ئەگەر کە هەڵوێستەت لەسەری کردبایە و سەرنجت دابایە، هەوایە کە هەموو کاتێک هەروەک ئەوەی ئێستا بوو؟

کزەبایەکان هەر لەسەرێرا تا خوارێ یارییان بە پەنجەرەکان دەکرد. دوو پینەی چکۆلەی تیشکی ڕۆژ یەکیان لەسەر شووشە مەرەکەبێک و ئەوی دیکەیان لەسەر چوارچێوێکی زێڕینی وێنەیەکی فۆتۆگرافی بوو، هەروەها ئەوانیش یارییان دەکرد، پینە چکۆلە جوانەکان. بەتایبەت ئەوەی سەر شووشە مەرەکەبەکە. ئەو تەواو گەرم ببوو. گەرمی ئەستێرێکی زێوینی چکۆلانە. لۆرا

پێی خۆش بوو ماچیان بکات.

زەنگی دەرگای پێشەوە لێیدا، لەسەر پلیکانەکانەوە دەنگی هاژەی داوێنەکانی تەنوورەی سادی هات. دەنگی زمان تێکەڵ و پێکەڵ کردنی پیاوێک دەهات سادی بە کەمتەرخەمی وەڵامی پیاوەکەی دەدایەوە «ئەمن دڵنیام نازانم. چاوەڕوان بە. لە خانمی شیریدان دەپرسم.»

لۆرا هاتە ناو هۆڵەکە «ئەوە چییە سادی؟

«ئەوە گوڵ فرۆشە خاتوو لۆرا.»

ئەوە بەڕاست. لەوێیە لەناو دەرگا ڕاوەستاوە سینییەکی پانی تەختی پڕ لە ئینجانە گوڵی شلێری مێخەکەیی پێیە. هیچ جۆری دیکەی پێ نین، هیچ جۆری دیکەی پێ نین بێجگە لە گوڵی شلێر و، شلێری کانا، گوڵی مێخەکەیی گەورە و پان و کراوە. درەوشاوە، تا ئەندازەیەک زۆر گەش و گوڵ لەسەر لقە قرمزیە درەوشە دارەکانن.

لۆرا گوتی؛ ئوە، سادی! بە دەنگێکی بەسۆزەوە کە شێوە ناڵینێک بوو. لەسەر چۆکان دانیشت، هەروەکو لەبەر ڕۆشنایی گوڵە شلێرەکان خۆی گەرم بکاتەوە، وای هەست دەکرد کە گوڵەکان لەناو پەنجەکانیدان، لەسەر لێوانی، لەناو سینگیدا گەشە دەکەن. بە کزۆڵەیی گوتی؛ «ئەوە زۆر هەڵەیە» هەرگیز کەس ڕاینەسپاردووە گوڵی زۆرمان بۆ بێ. سادی بچۆ دایکم بدۆزەوە.

بەڵام لەو کاتەدا خانمی شیریدان هات بۆ لایان.

«ئەو قسە تەواو ڕاستە.» بەهێواشی گوتی: «بەڵێ، ئەمن فەرمانم داوە بۆ هێنانی ئەو گوڵانە.»

ئەرێ زۆر جوان نین؟ قۆڵی لۆرای گوشی. دوێنی بەو دووکانەدا تێدەپەڕیم، لە پەنجەرەکەیەوە ئەو گوڵانەم بینی، بۆ یەکەم جار لەژیانمدا کوتوپڕ بیرم کەوتەوە کە دەبێ گوڵە شلێری تەواوی کانامان هەبێت.

ئاهەنگی باخ بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەوە.

لۆرا گوتی، بەڵام وابزانم ئەتۆ گوتت کە ئەمن مەبەستم نیە دەست بخەمە ناو ئیش و کارەوە. سادی ڕۆیشتبوو. پیاوە گوڵ فرۆشەکە ئێستاش هەر لە دەرەوە لە کن عەرەبانەکەی بوو. دەستی دەملی دایکی کردو زۆر بە هێواشی گازێکی لە گوێی دایکی گرت، منداڵە خۆشەوستەکەم. ئەتۆ دایکێکی ئاقڵ مەندت خۆش دەوێت، وانییە؟

ئەوە مەکە. ئەوەتا ئەوە پیاوەکەیە.»

تائێستا گوڵە شلێرەی زۆری پێ مابوو، سینیەکی دیکەی بە تەواوی پێمابوون.

هەموویان لەناو دەرگاکەدا کۆبکەوە لە هەردووک بەری دەرگاکە کۆیان بکەوە، بێ زەحمەت، خانمی شیریدان گوتی: ئەتۆ پەسەندی دەکەی لۆرا؟

لە ژووری وێنەکێشاندا مێگ، جۆس و هانزی چکولانەی چاک لە کۆتاییدا سەرکەوتن لە گواستنەوەی پیانۆکەدا.

ئێستا ئەگەر ئەو قەنەفە بەرامبەر دیوارەکە دابنێین و هەموو شتێک لەو ژوورە ببەینە دەرەوە بێجگە لە کورسیەکان. ئەتۆش هەر وانازانی؟

«بە تەواوی»

هانز ئەو مێزانە ببە بۆ ژووری جگەرەکێشان، کەناسێک بێنە تا ئەوانە لە مافوورەکان جیا بکاتەوە هەر ئێستا، هانز.

جۆس پێی خۆش بوو فەرمان بکات بە خزمەتکارەکان، وە ئەوانیش پێیان خۆش بوو گوێ ڕایەڵی ئەو بن. هەمیشە وای لێکردبوون وا هەست بکەن کە ئەوانیش بەشێکن لە شانۆگەریەکە.

«بە دایکم و خاتوو لۆرا بڵێن هەر ئێستا بۆ ئێرە بێن.»

«زۆرباشە خاتوو جۆس.»

رووی کردە مێگ. دەمەوێ گوێم لە دەنگی پیانۆکە بێ داخوا دەنگی خۆشە، تەنیا لەبەر ئەوەی داوام لێکراوە ئەو دوانیوەڕۆیە گۆرانی بڵێم با «ئەوژیانە زەحمەتە»ی تاقی بکەمەوە؛

پۆم! تا- تا- تا تی- تا! پیانۆکە ئەوەندە بە سۆزەوە دەستی پێکرد کە دەموچاوی جۆس گۆڕا چەپڵەی لێدا. بە دڵێکی غەمگینەوە بە شاراوەیی تەماشای دایکی و خاتوو لۆرای خوشکی دەکرد لەو کاتەدا کە دەهاتنە ژوورەوە.

**ئەو ژیانە زەحمەتە**
**فرمێسکێکە و ئاهێکە**
**خۆشەویستیەک کە دەگۆڕێ**
**ئەو ژیانە زەحمەتە**
**فرمێسکێکە- ئاهێکە**
**خۆشەویستیەک کە دەگۆڕێ**
**لە پاشان... خواحافیز**

بەڵام لە وشەی «خوا حافیز»دا کە دەنگی پیانۆکەش لە هەموو کاتێک زیاتر بەنائومێدی دەهات، دەموچاوی

جۆس زیاتر دەبریقایەوە، خەندێکی بێ سۆز و ترسناکی هات.

دایە دەنگم خۆش نیە؟ ئەو گەشایەوە،

**ئەو ژیانە زەحمەتە**

**هیواکان دەمرن**

**خەوێکە و- بەخەبەر هاتنێک**

بەڵام ئێستا سادی قسەکانی پێ بڕین. «ئەوەچیە سادی؟»

«بێ زەحمەت، م. م. شیوپەز دەڵێ گوڵە سوێسنەتان پەیدا کردووە بۆ سەندویچەکان؟ گوڵە سوێسنە بۆ سەر سەندویچەکان، سادی؟ خانمی شیریدان بەدەنگێکی بەرز و خەواڵووەوە گوتی، منداڵەکان بە دەموچاویدا زانیان پەیدای نەکردووە، «بابزانم.»

بە توندی بە سادی گوت «بە شیوپەز بڵێ دەبێ لەماوەی دە خولەکدا پەیدایان بکات.» سادی ڕۆیشت.

دایکی بەخێرایی گوتی؛ لورا لەگەڵم وەرە بۆ ژووری جگەرەکێشان. ئەمن ناوەکانم لە شوێنێک لەسەر زەرفێک بینیوە. ئەتۆ دەبێ ناوەکانم بۆ بنووسیەوە. مێگ ئێستا بچۆ سەرەوە ئەو شتە تەڕە لە سەرت داگرە، جۆس هەر ئێستا جلەکانت بە تەواوی لەبەربکە. گوێتان لەمنە منداڵەکان، یان بە باپتان بڵێم کە شەوێ گەڕایەوە ماڵێ؟ وە- وە جۆس کە چووی بۆ چێشتخانە لەوێ شیوپەزەکە ئارام بکەوە، باشە؟ ئەو بەیانیە زۆری لێ ترسام.

لە کۆتاییدا زەرفەکە دۆزرایەوە لە پشت کاتژمێرەکەی ژووری نان خواردن بووە، چۆن گەیشتبووە ئەوێ، خانمی شیریدان هیچ بۆچوونێکی لەو بارەوە نەبوو. دەبێ لەلایەن یەکێک لەئێوە دزرابێ منداڵینە لە دەرەوەی جانتاکەم، چونکە پەنیرە تەڕەکە و لیمۆ مەیوەکەم بە ڕوون و ئاشکرایی بەبیر دێت. ئێوە ئەوەتان کردووە.

«بەڵێ»

هێلکە و-» خانمی شیریدان زەرفەکەی گرت و لێی دوورخستەوە. وەک مشکان دەچن. نابێ مشک بن. ئەوانن؟

لۆرا لەسەر شانی دایکییەوە تەماشای دەکرد، گوتی زەیتون زۆر باشە.. «بەڵێ» بێگومان. چەند تێکەڵێکی دزێو دیارە. هێلکە و زەیتون لە کۆتاییدا تەواویان کردن. لۆرا هەڵی گرتن و بردنیە چێشتخانە. جۆسی لە چێشتخانەکە بینی شیوپەزەکەی هێواش دەکردەوە، شیوپەزەکە وا دیار نەبوو ترسابێ.

جۆس بە دەنگە خۆشەکەی خۆی گوتی؛ هەرگیز سەندویجی ئاوا چاکم نەدیتوون.

شیوپەز ئەتۆ دەڵێی چەند جۆرن؟ پازدە؟

«پازدە خاتو جوس.»

«باشە شیوپەز، پیرۆزباییت لێدەکەم.»

شیوپەز بە چەقۆیەکی درێژی سەندویج نانەڕەقە سوورکراوەکانی دەکڕاند، بزەیەکی پانی هات.

سادی لە ژووری خەشیوەوە ڕایگەیاند «گودبیرس مان هات» ئەو پیاوە بە بەر پەنجەرەکەدا تێپەڕی، ئەوەش مانای گەیشتنی کێک بە کرێمەکان بوو. گودبیرس مان بە دروستکردنی کێک بە کرێم ناوبانگی هەبوو. بێجگە لەو کەسێکی دیکە بیری لەوە نەدەکردەوە کێک بە کرێم لەماڵەوە دروست بکات.

«شیوپەزەکە فەرمانی دا» بیان هێنە ژوورەوە و لەسەرمێزەکە دایان بنێ «کچم».

سادی هێنانیە ژوورەوە و گەڕایەوە بۆ دواوە بۆ لای دەرگاکە.

بێگومان، لۆرا و جۆس لەوە گەورەتربوون کە گرنگی بەو جۆرە شتانە بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیان پەسەند نەکرد کە کێک بە کرێمەکان زۆر دڵگیرن. شیوپەز ئامادەی دەکردن شەکری زیادەی لێدەتەکاندن. لۆرا گوتی ئەوان هەموو بەشدارانی ئاهەنگیان ئاگادارکردۆتەوە؟

جۆس گوتی؛ وابزانم ئەوەیان کردووە. جۆس کە شت وەبیرهێنانەوەی پێ خۆش نەبوو.

دەبێ بڵێم کە ئەوان جوان و درەوشاوە بوون.»

شیوپەز بە دەنگێکی ئاسوودەوە گوتی؛ هەریەکە ڕانێکی بەردەکەوێ خۆشەویستانم.

«یەر، ما نازانێت.»

ئوە، هەرگیز نابێت، کێک بە کرێمی بەلەزەت وازوو پێش نان خواردنی بەیانی بخورێن.

هەر هەمان بیرۆکە پیاوی هێنایە لەرزە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو خولەک دوای ئەوە جوس و لۆرا سەرقاڵی لستنەوەی پەنجەکانیان بوون. ئەو سەرقاڵیە بەلستنەوەی پەنجەکانیان نیشانەی بەلەزەتی کێک بەکرێمەکان بوو.

لۆرا پێشنیاری کرد. با بچینە ناوباخ، لە ڕێگای پشتەوە بچینە دەرەوە. دەمەوێ بزانم داخوا پیاوەکان لەگەڵ ئیشی خێوەتەکە بەردەوامن.

چەند پیاوی ڕووخۆشن، بەڵام شیوپەزەکەو، سادی و گۆدبێرس مان و هانز دەرگای دواوەیان داخستبوو.
شتێک ڕووی داوە.
«تەک- تەک- تەک، شیوپەزەکە دەستی کردبوو بە قرتە قرت. دەتگوت مریشکە وروژێنراوە. سادی لە ڕوومەتی خۆی دەدا. دەتگوت تووشی دان ئێشە بووە. هانز چارەی خۆی قورس کردبوو. دەموچاوی خۆی تێک نابوو، زۆر ماندوو بوو بەوەی کە دەیویست لە مەسەلەکە بگات. تەنیا گودبیرس مان نەبێت کە خۆی بەدڵخۆش نیشان دەدا. ئەو ئاگاداری ئەو ڕووداوە بوو.
مەسەلە چییە؟ چ ڕووی داوە؟
شیوپەز گوتی؛ ڕووداوێکی ترسناک ڕووی داوە. پیاوێک کووژراوە.»
پیاوێک کوژراوە!؟» لەکوێ؟ چۆن؟ کەی؟
بەڵام گودبێرس مان ئەو ڕووداوە کە لە بەرچاوی خۆی ڕووی دابوو نەیدەویست لێی بدزرێ.
خاتوون بەو کۆختە بچووکانە دەزانی کەوا بێکەم و زیاد دەکەونە خوار ئێرەوە؟
پێیان دەزانم؟ بێگومان، پێی دەزانین. باشە، لاوێک لەوێ دەژیا ناوی سکۆت بوو، عەرەبانچی بوو. ئەو بەیانییە ئەسپەکەی لە مەکینەی تراکتۆرێک کە لە سووچی شەقامی هاوک بوو ڕەویوەتەوە و کوڕەکە بەسەر پشتی سەریدا کەوتووەو مردووە.»
کاتێک هەڵیان گرتەوە مردبوو، گودبێرس مان بەلەزەتێکەوە ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە. کە من گەیشتمە ئێرە لاشەکەیان دەبردە ماڵەوە. بە شیوپەزەکەی گوت: «ژنێکی بە پێنج منداڵی وردەوە لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە.»
«جۆس وەرە بۆ ئێرە.» لۆرا قۆڵی خوشکەکەی گرت و بەناو چێشتخانەکەدا ڕای کێشا بۆ لای ئەو دەرگایەی پەردە سەوزەکەی پێدابوو، لەوێ ڕاوەستاو بەرامبەری داهاتەوە.
بە ترس و لەرزەوە گوتی: جۆس «هەر چۆنێک بێت ئێمە هەموو شتێک ڕانەگرین؟
«هەموو شتێک ڕاگرین لۆرا.» جوس بەسەرسامییەوە هاواری کرد.
«مەبەستت چییە؟»
«بێگومان مەبەستم ئاهەنگی باخە.» بۆچی جۆس بەو شێوەیە خۆی دەرخست؟ بەڵام جۆس تا ئێستاش هەر سەرسام بوو. «ئاهەنگی باخ ڕابگرین؟
لۆرای خۆشەویست ئەوەندە نەفام مەبە بێگومان ناتوانین هیچ شتێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەین. کەس شتی ئاوا لە ئێمە چاوەڕوان ناکات. ئاوا بێ ئەقڵ مەبە، «بەڵام ئێمە ناتوانین ئاهەنگی باخ لەگەڵ پیاوێکی مردوو سازبدەین کە لەبەر دەرگای ئێمەدا مردووە.»
ئەوە لە ڕاستیدا گێلی بوو، لەپێناوی کۆمەڵە کۆختەیەکدا کە بۆ خۆیان لەناو کۆڵانێکدابوون کە دەکەوتنە هەمان ئەو چاڵاییەی کە یەکسەر سەرەوژوور دەبێتەوە بۆ ماڵەکە.. ڕێگایەکی پان بەنێوانیاندا دەڕوات. لە ڕاستیدا زۆرلێک نزیک بوون، زۆر بە دڵنیاییەوە بێزت نەدەهات سەیری ئەو کۆختانە بکەی، هەرگیز مافی دراوسێیەتیان نەبوو. نیشتەجێی زۆر خەراپ بوون بە بۆیاخێکی قاوەیی چکولیاتی بۆیاخ کرابوون. لەناو پارچەکانی باخەکەتدا هیچی تێدا نەبوو لە قەفەزی لاسکە کەلەم و، چەند مریشکە نەخۆشێک و قەفەزی تەماتە.
تەنانەت ئەو دووکەڵەی لە دووکەڵ کێشەکانیشیان دەهاتە دەرەوە هەر زۆر هەژار بوو.
لەتە بەڕەکان و دووکەڵە کەرت بووەکان جیاوازی زۆریان هەبوو لەگەڵ ئەوپەڕە گەورە زیوینیانەی کە بەبێ قۆرت و پێچ لە دوکەڵ کێشەکانی شیریدان بەرز دەبوونەوە. ژنە جل شۆرەکان لەناو کۆڵانەکەدا دەژیان و گەسک دەرەکان و پینەچییەک. پیاوێک کە ماڵی لە پێشەوە بوو ئەسپی بەخێو دەکرد و قەفەزی باڵندەی چکۆلانەی دروست دەکرد. منداڵەکان کۆ ببوونەوە. سەردەمێک کە منداڵەکانی شیریدان بچووک بوون نەیدەهێشت پێ بخەنە ئەو گەڕەکەوە، لەبەر زمانی قێزەون یان نەک تووشی شتێک بێت.
بەڵام لەوەتا گەورە بوون لۆرا و لۆری بە دزیەوە بەوێدا دەڕۆیشتن. ئەوێ جێگایەکی بێز هەستێن و پۆخڵ بوو. بەترس و لەرزەوە هاتنە دەرەوە، بەڵام ئێستا هەر کەسێک پێویستە بۆ هەموو شوێنێک بچێت و هەموو شوێنێک ببینی. بەو شێوە بە وێدا ڕۆیشتن.
لۆرا گوتی: «سەرنج بدە دەنگی گۆرانی باندەکە هەروەک دەنگی ئەو ژنە هەژارە دەچێ».
جۆیس بەڕاستی بێزار ببوو ئوە لۆرا» ئەتۆ کە هەموو کاتێک باندەکە لە مۆسیقالێدان ڕاگری لەبەر ئەوەی کەسێک تووشی شتێک هاتووە کەواتە ئەتۆ ژیانێکی

زۆر زەحمەتت دەبێت. منیش بە قەدەر تۆ دڵتەنگم. ئەمنیش هەست بە هەمان سۆز دەکەم.» چاوەکانی توند و تیژ بوون. تەماشای خوشکەکەی کرد بە چاوێکی تووڕەییەوە هەروەکو سەردەمی منداڵی کە خەریک دەبوون بەیەکەوە بە شەڕ بێن. «ئەتۆ ناتوانی بەسۆزی خۆت کرێکارێکی سەرخۆش زیندوو بکەیەوە» جۆس بەنەرمی ئەوەی گوت.

لۆرا بە تووڕەییەوە ئاوڕی لە جۆس دایەوە، «سەرخۆش! کێ گوتوویەتی ئەو دەیخواردەوە؟» بێ کەم و زیاد هەروەک سەردەمی منداڵیان چۆن ڕاهاتبوون لەو بۆنانەدا هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئاوا لۆرا گوتی؛ «ڕاست ئێستا دەچم بە دایکم دەڵێم»

جۆس بە دەنگێکی نەرم گوتی؛ «پێی بڵێ، ئازیزم.»

«دایە، دەتوانم بێمە ژوورەکەت؟» لۆرا کیلوونی دەرگایەکەی بادا. بێگومان، منداڵ، بۆچی، مەسەلەچییە؟ ڕەنگت بۆ وای لێهاتووە؟ خانمی شیریدان ئاوڕی دایەوە بۆ سەر مێزی جلەکانی. شەبقێکی تازەی تاقی دەکردەوە.

«دایە پیاوێک کوژراوە. لۆرا دەستی بە قسەکرد.

«لەناو باخ نیە؟» دایکی قسەی پێ بڕی.

«نا، نا!»

ئوە، چەندت ترساندم! خانمی شیریدان هەناسێکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو، شەبقە گەورەکەی لەسەری داگرت و خستیە سەر ئەژنۆی.

«لۆرا گوتی بەڵام دایە گوێم لێ ڕابگرە، بە هەناسەبڕکێ و قورگ نیوەگیراوی بەسەرهاتەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە. «بێگومان ئێمە ناتوانین ئاهەنگەکە بگێڕین، وانییە؟ لۆرا پاساوی هێنایەوە. تیپی مۆسیقا و هەموو کەسێک دەگات. گوێیان لە ئێمە بووە، دایە، تا ئەندازێکی هەمووشیان دراوسێن! بۆ سەرسامی لۆرا دایکی هەروەکو جۆس هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد. ئەوە گرانتر بوو لەوەی تەحەمول بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دڵی خۆش بوو. لەبەر ئەوە قسەکانی لۆرای ڕەت کردەوە و بە گرنگی وەرنەگرتن، بەڵام منداڵە خۆشەویستەکەم. ئەقڵە ساغ و ڕاستەکەت بەکاربێنە. ئێمە هەر بە ڕێکەوت ئەو ڕووداوەمان بیستووە. ئەگەر کەسێکیش مردبێ ئەوە ئاساییە. ئەمن تێناگەم ئەوانە چۆن وابەستەی ئەو کوتە بچووکانە بوون- ئێمە دەبێ ئاهەنگی خۆمان بکەین، وانییە؟

لۆرا دەبوایە گوتبای (بەڵێ) بۆ ئەوە، بەڵام وای هەست کرد کە ئەوە هەمووی هەڵەیە. لەسەر قەنەفەی دایکی دانیشت و وردە وردە قەراغی کوشنەکەی دەپچڕی.

«دایە ئەوە بۆ ئێمە لە ڕاستیدا بێ بەزەییەکی زۆر نیە؟ لۆرا پرسی. «ئازیزم» خانمی شیریدان هەستاو چوو بۆ سەر سەری، شەبقەکەی هەڵگرتبوو. پێش ئەوەی لۆرا بتوانێ یەکسەر چۆنا و بابەتێکی دیکەوە دایکی گوتی «منداڵەکەم شەبقەکە هی تۆیە، بۆ تۆ دروست کراوە. بۆ من زۆر ناگونجێ. هەرگیز بەو شێوە تۆم نەدیتوە. تەماشای خۆت بکە!» ئاوێنە دەستیەکەی هەڵگرت.

«بەڵام دایە» لۆرا دووبارە دەستی پێکردەوە. تەماشای خۆی نەکرد. بۆ لایەکی دیکە ڕووی وەرگێڕا. لەو کاتەدا خانمی شیریدان ئارامی نەما و هەر بێ کەم و زیاد وەک جۆسی کرد.

بە سارد و سڕی گوتی، «ئەتۆ زۆر بێ ئەقڵی لۆرا.» خەڵکانی لەو جۆرە چاوەڕوانی قوربانیدانی ئێمە ناکەن. ئەوەش هاوسۆزی نیە کە تۆ خۆشی هەموو کەس تێک بدەی وەک ئەوەی ئێستا ئەتۆ دەیکەی.»

لۆرا گوتی؛ ئەمن تێناگەم، لە ژوورەکە خێرا چووە دەرەوە بۆ ژووری نوستنی خۆی. لەوێ تەواو بەڕێکەوت یەکەم شت کە چاوی پێکەوت ئەو کچە جوانەی ناو ئاوێنەکە بوو، شەبقە ڕەشەکەی لەسەرنابوو کە بە گوڵە بەهاری زێڕینی و داوی درێژی ڕەشی مەخمەری ڕازێنرابۆوە. ئەو هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات کە دەتوانێ ئاوا جوان دەرکەوێ. ئایا دایکی ڕاستە؟ ئەو بیری کردەوە، ئەو ئێستا پێی خۆش بوو دایکی ڕاست بووبێ. ئایا ئەمن بێ ئەقڵم؟ لەوانەشە ئەوە گێلی بووبێ. بێ کەم و زیاد لەماوەی خولەکێکدا بۆچوونێکی دیکەی لەبارەی ئەو ژنە هەژارە و منداڵە وردەکانی بۆ دروست بوو، لاشەکەی برایەوە ماڵێ، بەڵام ئەوە هەمووی تەماوی دەردەکەوت، دیارنەبوو، وەک وێنەیەکی ناو ڕۆژنامە دەچوو. دوای تەواو بوونی ئاهەنگەکە ئەمن ئەوەم بیر دەکەوێتەوە، لۆرا بڕیاری دا. بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان ئەوە بە چاکترین پلان دێتە بەرچاو...

کاتژمێر یەک و نیو نان خواردنی نیوەڕۆ تەواو بوو. کاتژمێر دوو و نیو هەموویان ئامادەبوون بۆ وروژان و دەمەتەقێ لەگەڵ یەکدیدا. تپیە چاکەت سەوزە مۆسیقاژەنەکان گەیشتنە جێ و لە سووچێکی یاریگای تێنسەکە دامەزران.

کیتی مایتلاندی خۆشەویستم «ئەوانە زۆر وەک بۆقان ناچن بە قسەکانیان؟ ئەتۆ دەبوایە لە دەوری حەوزەکەی ڕێکت خستبانایە و چاوساغێکت بۆ دانابان لە ناوەڕاستێ لەسەر مێزێک بایە.»

لۆری گەیشت و بەشێوەی خۆی بەخێرهاتنی کردن. لە دیمەنی ئەوەوە لۆرا دووبارە ڕووداوەکەی وەبیرکەوتەوە. ویستی پێی بڵێ، ئەگەر لۆری لەگەڵ ئەوانی دیکە پەسەندی بکەن ئەوە بێگومان زۆر چاک دەبێت. بەدوایدا ڕۆیشت بۆ هۆڵەکە.

«لۆری!»

«هەلاو!» لەنیوەی پلیکانەکاندا بوو، بەڵام کاتێک ئاوڕی دایەوە بۆ دوای خۆی لۆرای بینی. خۆی لێ گیڤ کردەوە و چاوی لێ زەق کردن. ئەی خوایەگیان لۆرا! ئەتۆ شێواو دیاری، لۆری گوتی: «ئەو شەبقە ڕەسمیە جوانە چیە!»

لۆرا بە دەنگێکی لاوازەوە گوتی، وایە؟ بزێکی بۆ لۆری کرد بەڵام هیچی پێنەگوت خێرا دوای ئەوە خەڵک دەستی کرد بە هاتن و داباریین. باندەکە دەستی بە گۆرانی و مۆسیقالێدان کرد؛ شاگردانی بە کرێ گیراوی چێشتخانە لە ماڵێرا ڕایان دەکرد بۆ بن خێوەتەکە و لەوێشەوە بۆ ماڵێ. تەماشای هەرجێیەکت دەکرد خەڵک بە جووتە دەگەڕان و دادەهاتنەوە بۆ بۆن کردنی گوڵەکان. چاک و چۆنیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد و، بەسەر چیمەنەکاندا دەگەڕان.

باڵندە جوانەکانیان خۆش دەویست کە لەناو باخی خانمی شیریداندا دەدرەوشانەوە، بۆ ئەو دوا نیوەڕۆیە و بەس، ئەدی دوایە بەرەو کوێ دەڕۆن؟ ئە، ئەوە چەند خۆشە لەگەڵ خەڵکێک بژی کە هەموویان دڵخۆش بن، دەستی یەکدی بگوشن، کولمەکانی یەکدی بگوشن، بزە بۆ ناو چاوەکان بکەن.

«لۆرای ئازیز چەندە جوانی!»

«چەند شەبقێکی گونجاوە، منداڵەکەم!»

لۆرا ئەتۆ تەواو وەک ئسپانیان دەچی. هەرگیز ئەتۆم ئەوەندە بە سەرنج ڕاکێشی نەدیتووە.»

لۆرا گەشایەوە و بە نەرمی وەڵامی دایەوە، «چات خواردۆتەوە»؟

ساردیەک ناخۆیەوە؟ میوەی ساردی تایبەت. ڕای کرد بۆ لای باوکی و داوای کرد. بابی خۆشەویستم تیپەکە هیچی خواردنەوەیان لە لانیە؟ ئەو دوانیوەڕۆیە نموونەییە

وردە وردە گەشەی تەواو بوو، خەریکی پێگەیشتنە، وردە وردە سیس دەبێ وردە وردە تاجۆکەکانی دادەخرێن.

«ئاهەنگی ئاواخۆش نەبووە...» گەورەترین سەرکەوتن... ئارامترین..» لۆرا لە بەرێ کردنی میوانەکاندا یارمەتی دایکی دەدا. لە هەیوانەکەی لە تەنیشت یەکدی ڕاوەستابوون تا هەموو میوانەکان تەواوبوون. «خانمی شیریدان گوتی؛ هەموویان تەواوبوون، هەموویان تەواوبوون، سوپاس بۆ خوا،»».

ئەوانی دیکەش کۆبکەوە لۆرا. با بچین هەندێک قاوەی تازە بخۆینەوە، ئەمن زۆر ماندوو بووم. بەڵێ ئەو ئاهەنگە زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام، ئوە، ئەو ئاهەنگانە، ئەو ئاهەنگانە! منداڵینە بۆ ئەوەندە لەسەر گێڕانی ئەو ئاهەنگانە سوورن!» هەموویان لەبن خێوەتە چۆڵەکە دانیشتبوون.

سەندویجێک بخۆ بابەگیان. ئەمن دروشمم نووسیوە.

«سوپاس»، بەڕێز شیریدان بابۆڵێکی هەڵگرت و تەواوی کرد. یەکێکی دیکەشی هەڵگرت. «وابزانم ئەو ڕووداوە خەراپەی ئەمڕۆ ڕووی داوە نەتبیستووە؟ ئەو گوتی. خانمی شیریدان گوتی؛ دەستی بۆ سەرەوە بەرز کردبۆوە، «بیستوومانە» خەریک بوو ئاهەنگەکەمان لێ تێک بدات. لۆرا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە وازی لێ بێنین. ئوە، دایە لۆرا نایەوێ لەو بابەتەوە گاڵتەی پێبکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە کارێکی پڕ مەترسی بوو، بەڕێز شیریدان گوتی، لاوەکە هەروەها ژنیشی هەبوو. بێ کەم و زیاد لەو کۆڵانەی خوارێدا دەژیا، ژنێک و نیو دەرزەن منداڵی وردی بەجێ هێشتوون، وا دەڵێن». یەک خولەک کەمێک بێدەنگی لێ کەوتەوە. خانمی شیریدان بە تووڕەییەوە یاری بە کووپی قاوەکە دەکرد، لە ڕاستیدا ئەوە زۆر لێنەهاتوویی باوکی بوو..

کوتوپڕ سەری بڵند کرد. لەسەر مێزەکەی ئەو هەموو سەندویچ و کێک و شیرینانەی لەسەر بوو نەخواردبوو هەمووی خەسار دەبوو. ئەوە یەکێ بوو لە بیرۆکە ڕۆشنەکانی خانمی شیریدان.

گوتی: ئەمن دەزانم. با زەمبیلێک بپێچینەوە. با هەندێک لەو خواردنە چاکە بۆ ئەو بوونەوەرە هەژارە بنێرین. بە هەرحاڵ، ئەوە بۆ منداڵەکانی دەبێ بە گەورەترین چارەسەر. ئەتۆ پەسەندی دەکەی؟ ئەو دڵنیایە کە دراوسێی هەن و بانگیان دەکات بەو جۆرە. چەند چاک دەبوو ئێستا ئامادەکرابایە. لۆرا! ئەو ڕاپەڕی.

زەمبیلە گەورەکەم بۆ بێنە دەرەوە لە کەوەنتەرەکە. دایە، بەڕاستی وا بیردەکەیەوە کە ئەوە بیرۆکەیەکی چاکە؟ لۆرا گوتی. دووبارە، چەند خۆ تێهەلقوتێنە، ئەو وا دەردەکەوت لە هەموویان جیابێت. دەبێ بەرماوی ئاهەنگەکەیان هەڵگرێت. بەڕاستی ئەو ژنە هەژارە ئەوەی پێ خۆشە؟

بێگومان، ئەمڕۆ ئەتۆ چتە؟ کاتژمێرێک یان دوو کاتژمێر لێرە بە پێشەوە پەلەت لەگەڵ ئێمە کرد تاکو بە ڕەحم بین، وە ئێستا...»

ئوە، باشە! لۆرا ڕای کرد بۆ زەمبیلەکە، زەمبیلەکە پڕ بوو، هەڵئاخەنرابۆوە لەلایەن دایکیەوە. بۆ خۆت هەڵیبگرە خۆشەویستم، هەروەکو جاران ڕابکە بۆ خوارێ، دایکی گوتی، نا، چاوەڕوان بە، گوڵە شلێریش لەگەڵ خۆت بەرە. گوڵەشلێر کاریگەری هەیە لەسەر خەڵکی ئەو چینە، جۆس گوتی قەدەکانی ڕیشووی کراسەکەی خەراپ دەکەن. بەو جۆرە ئامۆژگاریان کرد. دەقاو دەق لەکاتی خۆیدا. لە پاشان تەنیا خۆی و زەمبیلەکە مایەوە. «لۆرا!» دایکی بەدوای کەوت بۆ دەرەوەی خێوەتەکە- هەر چۆنێک بێت باسی هیچ ناکەی-

«چی، دایە؟

نەخێر، چاکتر وایە ئەو جۆرە بیرۆکانە نەخەیە مێشکی منداڵانەوە.!

هیچ شتێک! خێرا بڕۆ.»

ئێستا خەریک بوو دنیا تاریک دادەهات، ئەوکاتەی کە لۆرا دەرگاکانی باخەکەی دادەخست. سەگێکی گەورە لەوێوە ڕای کرد دەتگوت تارماییەکە، ڕێگاکە لەبەر سپیەتیان دەبریقایەوە. لەخوارێ لەناو چاڵاییەکەدا کۆختە چووکەکان سێبەرێکی تەڵخیان بەسەرداکشابوو. دوای ئەو دوا نیوەڕۆیە چەند ئارام دیاربوو. لێرەوە دەبوایە بچێتە خوار گردەکەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پیاوەکەی لێ مردبوو، ئەو ئەوەی نەدەزانی. بۆ نەیدەزانی؟ بۆ ماوەی خولەکێک ڕاوەستا. ئەو ماچ و دەنگ و تەقەی کەوچک و پێکەنین و بۆنی گیای شکاوی دەهاتەوە بەرچاو لەناخیدا چەسپابوو. دڵی جێگای هیچ شتێکی دی نەدەبۆوە. چەند سەیرە! دە ئاسمانی ڕەنگ بزرکاوی هەڵدەڕوانی و، هەموو ئەوەی ئەو بیری لێدەکردەوە ئەوەبوو «بەڵێ ئەوە سەرکەوتووترین ئاهەنگ بوو.» ئێستا ڕێگا پانەکە کۆتایی هات. کۆڵانەکە دەستی پێکرد. دووکەڵاوی، تاریک، ژنەکان دەسماڵیان بەسەر شانیاندا دابوو. پیاوانی شەبقەی خوری بەسەر، بەخێرایی بەو نزیکانەدا دەڕۆیشتن. پیاوان خۆیان خستبووە سەردار پەرژینەکان؛ منداڵەکان لەپێش دەرگاکان یاریان دەکرد. دەنگی پرتە و بۆڵە بەهێواشی لەناو کۆختە بچووک و خەراپەکانەوە دەهات. لەناو هەندێکیانەوە تروسکاییەکی ڕووناکی دەهات و سێبەرێک لە شێوەی قرژاڵدا بە پەنجەرەکاندا دەڕۆیشت. لۆرا سەری خۆی داخست و خێرا ڕۆیشت ، ئێستا لۆرا ئاواتی ئەوەبوو چاکەتەکەی لەبەربووایە. کەراسەکەی چۆن دەدرەوشایەوە. ئەو شەبقە گەورە بەداوە مەخمەریەکانیەوە- ئەگەر تەنیا ئەوە شەبقێکی دیکە بایە خەڵک تەماشایان دەکرد؟

دەبوایە تەماشای بکەن. ئەوە هەڵەبوو هات؛ هەر لەسەرەتاوە دەیزانی ئەوە هەڵەیە. دەبێ بگەڕێتەوە ئێستا؟ نەخێر زۆر درەنگ بووە بۆ گەڕانەوە.

ئەوە ماڵەکەیە. دەبێ ئەوە بێت. کۆمەڵێک خەڵکی ڕەش و ڕووت ڕاوەستابوون. لە تەنیشت دەرگای دەرەوە پیرێک، پیرێژنێک بە دار وەکازێکەوە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو، تەماشای دەکرد. پێیەکانی لەسەر ڕۆژنامەیەک دانابوون. کە لۆرا نزیک بۆوە بێدەنگ بوون. کۆمەڵەکە لێکترازان. لەگەڵ ئەوەشدا لۆرا چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی دەچێ بۆ ئەوێ.

لۆرا بەشێوەیەکی سامناک تووشی تووڕەیی ببوو. سەرپۆشە مەخمەریەکەی خستە سەر شانی، ژنێک لەوێ ڕاوەستابوو پێی گوت، ئێرە ماڵی خانم سکۆتە؟

ژنەکە خەندەیەکی سەیری بۆ کرد و گوتی: ئەوە کچم.

ئوە، لێرەوە دوورە! ئەو بەڕاستی گوتی، خوایە یارمەتیم بدە، کە سەرکەوت بۆ سەر ڕێڕەوە بچووکەکە لە دەرگای دا. بۆ ئەوەی دوور بێ لەو چاوانەی تێیەوە زەق کرابوون. یان بە هەر شتێک پێی داپۆشرێ تەنانەت ئەگەر بە دەسماڵی یەکێک لەو ژنانەش بێت.

بڕیاری دا گوتی؛ زەمیلەکە بەجێ دێڵم و یەکسەر دەڕۆم، تەنانەت چاوەڕوانی بەتاڵ کردنیشی ناکەم، لە پاشان دەرگا کرایەوە. ژنێکی بچووک لەبەرگی ڕەشی تەعزیەباریدا دەرکەوت.

لۆرا گوتی ئەتۆ خانم سکۆتی؟ بەڵام بۆ ترس و لەرزی ئەو ژنە کە وەڵامی دایەوە. فەرموو وەرە ژوورێ خاتوون. ڕێڕەوەکەی داخست لۆرا گوتی، نا، ئەمن نایەمە ژوورێ. ئەمن تەنیا دەمەوێ زەمبیلەکە بەجێ بێڵم. دایکم

ناردوویەتی....»
ژنە بچووکەکە لەوە دەچوو لەناو ئەو ڕێڕەوە خەماویەدا گوێی لە لۆرا نەبووبێ. بێ زەحمەت بەو ڕێگایەدا وەرە، خاتوون، ئەو وتەی بە دەنگێکی ماستاوچیانە دەربڕی، لۆرا بەدوایدا ڕۆیشت. خۆی لەناو چێشتخانێکی کەساسی بچووک و نەویدا دیتەوە. بە چرایەکی دووکەڵاوی ڕووناک کرابۆوە. ژنێک لەبەر ئاگر دانیشتبوو. ئەو بوونەوەرە بچووکەی ڕێنمایی کرد بۆ ژووری گوتی «ئێم.» «ئێم» ئەوە خانمێکی لاوە ڕووی لە لۆرا کرد و بەماناوە گوتی ئەمن خوشکی «ئێر»م خاتوون. ئەتۆ لە «ئێر» دەبووری وانیە؟ «ئوە، بەڵکو، بێگومان!» لۆرا گوتی. «بەیارمەتیت، بە یارمەتیت نارەحەتی مەکە. ئەمن بەس دەمەوێ بڕۆم....»

لەو ساتەدا ژنی بەر ئاگرەکە ئاوڕی دایەوە. دەموچاوی هەڵاوساو و سوور، بە چاوە هەڵاوساو و لیچە هەڵاوساوەکانی دیمەنی ترسناک دیاربوو، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوت کە تێنەگەیشتووە. لۆرا بۆچی لەوێیە؟ ئەوە مانای چیە؟ ئەو نامۆیە بۆ لەناو چێشتخانە ڕاوەستاوە بەزەمبیلێکەوە؟ ئەوە هەمووی مەسەلە چیە؟

ئەو دەموچاوە هەژارە دووبارە هەڵقرچایەوە.

«زۆر باشە، خۆشەویستم.» ئەوی دیکەیان گوتی. «ئەمن سوپاسی ئەو خانمە لاوە دەکەم.»

دووبارە دەستی بە قسەکردن کردەوە. ئەتۆ لێی دەبووری، خاتوون، ئەمن دڵنیام،» دووبارە دەموچاوی هەڵاوسایەوە و خەندەیەکی ماستاوچیانەی تاقی کردەوە.

لۆرا بەس دەیەویست بچێتە دەرەوە و، دوورکەوێتەوە. لەناو ڕێڕەوەکەدا وەدوا کەوتبوو. دەرگایەکە کرایەوە؛ یەکسەر چوو بۆ ژووری نووستن، کە لەوێ پیاوە مردووەکە پاڵ خرابوو. پێت خۆشە تەماشای «ئێم» بکەی، وانیە؟ خوشکی «ئێم» گوتی. دەستێکی بە ئەسپایی بە پشتی لۆراوە نا بۆ سەر جێگاکە. «مەترسە، کچەکەم» ئێستا دەنگەکەی بە سۆزتر و مەکراوی تر بوو، بەسۆزەوە چەرچەفەکەی لەسەر لابرد. ئێ تەماشای وێنە دەکات. لەوێ هیچ شتێک نیە بۆ پێشاندان. خێرا وەرە خۆشەویستم.»

لۆرا هات.

لەوێ پیاوە لاوەکە پاڵ خرابوو، چوو بۆ ناو خەوێکی قووڵەوە- زۆر بە ئارامی نووستبوو، زۆر بەقووڵی. بەشێوەیەک کە دووربوو، زۆر دوور بوو لە هەردووکیان، ئوە، زۆر دوور، زۆر ئارام. خەوی دەبینێ. جارێکی دیکە خەبەری مەکەوە. سەری لەناو سەنیرەکە چەقیبوو چاوەکانی داخرابوون؛ نابینابوون لەژێر پێڵووە داخراوەکانیدا، وازی لێهێنرابوو بۆ خەوەکەی. ئاهەنگی باخ و زەمبیلە و کەراسی داوێن ڕازاوە بۆ ئەو چ مەسەلێکە؟ ئەو دوور بوو لە هەموو ئەو شتانە. ئەو سەرسوڕهێنەر بوو، جوان بوو. کاتێک ئەوان پێدەکەنین و کاتێک باندەکە مۆسیقای لێدەدا. ئەو سەرسوڕهێنەرە دەهاتەوە مالێ بۆ کۆڵانەکەی خۆی. کامەران بە.. کامەران بە. هەموو شتێک باشە، ئەو ڕووە خەوتووە گوتی.

ئەوە بێ کەم و زیاد دەبوایە ببێ، ئەمن قایلم.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەتۆ پێویستە بگری، لۆرا نەیدەتوانی لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە بێ پاشەکەوت کردنی شتێک بۆ ئەو پیاوەی کە مردووە. لۆرا دەستی کرد بە گریان و هەنیسکدانی منداڵانە.

لۆرا گوتی ببوورە.

لەوکاتەدا چاوەڕوانی خوشکی «ئێم»ی نەکرد. ڕێگای بۆ دەرەوە دۆزیەوە. لە ڕێڕەوەکە هاتەخوار و بەناو ئەو هەموو ڕەش و ڕووتەدا تێپەڕی.

لە سووچی کۆڵانەکە تووشی لۆری برای بوو.

خێرا لەتاریکاییەکەدا دەرۆیشت. ئەوە تۆی، لۆرا؟

«بەڵێ»

دایکم بۆت هەراسان بوو. تەندروستیت زۆر باشە؟

بەڵێ تەواو باشە. ئوە، لۆری! قۆڵی لۆری گرت و بەخۆیەوەی گوشی.

ئەمن دەڵێم ئەتۆ ناگری، وانییە؟ کاکی لێی پرسی.

لۆرا سەری لەقاند. گریابوو.

«لۆری دەستی دەملی کرد، مەگری» بە دەنگە گەرم و خۆشەکەی گوتی، ئەوە زۆر سامناک بوو؟

نا، لۆرا هەنیسکێکی گریانی دا. بە سادەیی ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام، لەبنەوە بۆڵێکی هات «ژیان نییە» بەڵام چ جۆرە ژیانێک، ڕوونی نەکردەوە. گرنگ نییە. لۆری تەواو تێگەیشت، ئەوە وانییە، خۆشەویستم؟ لۆری گوتی.

**سەرچاوە:**

*** 50 great Short Stories Edited hy Milton Craue Bantam Books/ Newyork**

# گۆرانی تەنیایی

دڵشاد مستەفا
(سلێمانی)

### جووڵەی یەکەم
### دڵ بەچیت خۆش کەم ژیان

ماڵێکی دڵگیر.. ڕازاوە بە کەلوپەلی فۆلکلۆری.. مێزێکی درێژی نان خواردن و چەند کورسییەک. کۆمەڵێک مۆم لەسەر مێزەکە دانراوە.. کورسیەکی «بزۆز» لە سووچێکدایە. کۆمەڵێک تابلۆی جۆراوجۆر بە دیوارەکانی ژوورەکەدا هەڵواسراون سەعاتێکی گەورەی کۆن و ئاوێنەیەک. ژنێک لەناو تاریکییەوە دێت بەرەو مۆمەکان دایاندەگیرسێنێ و پاش کەمێک ڕوانین لە بینەران دەچێتە سەر کورسییەکی تاکی بەردەم مێزەکە دەموچاوی پڕە لە بێزاری و تووڕەیی... سەعاتەکە دەست دەکات بە لێدان، سەعات یانزەو نیوی شەوە.. ژنەکە تەماشای سەعاتەکە دەکات، پاشان لە مۆمەکان دەڕوانێت.

**ژن:** (بەهێمنی) خوایە هێندەم هێز بدەرێ لەم وەحشەتەدا ترس بە گیانم فێر نەبێت.. من بێ هیواییم خۆش ناوێ.. بۆیە دەمەوێت بەرگەی سەنگی ئەم ئازارە بگرم. (بێدەنگی، چرکە چرکی سەعاتەکە بەردەوامە، ئاوڕی بۆ دەداتەوە) هێور بەرەوە.. هێور ئەی زەمەنی بەدفەڕ تا دەتوانی هێمنتر تێپەڕە. من هیچ کاتێک هێندەی ئەمشەو پێویستم بەتۆ نەبووە.. هێمن تێپەڕە. هێمنتر لە شەماڵی بەیانییەکی بەهار (بێدەنگی- چرکە چرکی سەعاتەکە بەردەوامە) (تووڕە دەبێت) بەقسەم ناکەیت.. ها.. بۆنا.. جا بێ لەتۆ کێ گوێ بیستم بووە. تۆش هەقتە.. هەقتە.. دەی تێپەڕەو جاڕ بە جەهەننەم.. بەڕاستم نەبوو ئەوسا.. هیچ پێویستیم بە تۆ نییەو هەر بیریشت لێناکەمەوە.. ڕاستە من چاوەڕوانی هاوەڵەکانم دەکەم بەڵام.. دەی بۆ ئەوەندە لەگەڵ تۆ.. خۆم خەریک دەکەم (تەماشای ڕۆژنامەیەک دەکات لەسەر مێزەکە دانراوە.. دەستی دەداتێ) باشترین کار کە بە کەڵکی کات بەسەربردن بێت خۆ خەریک کردنە بەخوێندنەوەی ڕۆژنامەوە. مامۆستا.. کەی.. مامۆستاکەی زانکۆمان. ئای چ ڕۆژگارێکی سەیربوو. گەنجیمان ئەوبوو هەمیشە

دەیوت بە ئاواتەوەم ڕۆژێک ڕۆژنامەیەک لەنیو سەعات زیاتر خەریکم بکات. تا ئێستا نەمدیوە. منیش ئەوەندە زیاترم ناوێ.. نیو سەعات و هیچی تر.. (دەست دەکات بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە، پاش کەمێک تەماشاکردن دەگاتە دوا لاپەڕە، بەگاڵتە پێکردنەوە).

**ژن:** هونەرمەندی لێهاتووی گەل لە دەرەوەی وڵات لە عیشقی نیشتمان دەدوێ. ها.. ئۆف.. چ سەیرە ئەم دنیایە.. پێم بڵێ ئەی هونەرمەندی گەورە چۆن بوو بیرت لە نیشتمان کردەوە.. ها دەی قسە بکە تۆ هونەرمەندی لێهاتوو نیت.. چ لێهاتووی هەزارانی وەک من زەلیل ناتوانن بتبینن. ڕەنگە گەر بێیتەوە وڵات بەڕێوەبەری کارەکانت ڕێمان لێ بگرێ بۆ یەک دوو دەقیقە لە فەیزی مەعریفەتتان سوودمەند بین تۆ گەورەیت، بەڵام نازانم بۆ من ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرهەمێکتم نەبینیوە.. هەڵبەتە دەبوو لە بەرگی «هاملێت»دا وێنەیەکت هەبێ.. یان شمشێرە خوێناوییەکەی «ماکبێس»ت بەدەستەوە ببینرێ.. یاخود خۆ دەبوو جارێک سیامەند بی بۆ خەجێ.. خانی لەپ زێڕین.. یان فەرهاد بیت بۆ شیرین.. نا نا دیارە تۆ هێند لێهاتووی لەوانەت تێپەڕاندووە.. چ وەهمێکە ئەمە.. چ درۆیەکی گەورەو پڕو پووچە.. ئێوە بە درۆ شاخدارەکانتانەوە بوونەتە چیایەکی وەهمی و بەرچاوی خەڵکتان گرتووە تا ئێمە نەبین دەبێ.. چ قەهرێک هێندی ئەم گرەی نێو ناخی من تاقەت پروکێن بێت.. چ غەدرێک هەیە تا بڵێم ئاه.. ئیتر من ئاسوودە بووم.. ئەوەتا لە دنیایەکی تر جۆرە غەدرێک هەیە ئەوەی ئێمە لە چاویدا کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەوە (ڕۆژنامەکە فڕێ دەدات. بە بێزاری لە سەعاتەکە دەڕوانێ، هەڵدەستێ دەچێتە بەردەمی و لێی دەڕوانێ).

تێپەڕیت.. ها.. تێپەڕیت.. وانییە.. دە تێپەڕە. من هەرگیز خەفەت بۆ تۆ ناخۆم.. عومری چی.. درەختێکی ڕەقەڵەی باڵ هەڵکشاو ئێستاش سێبەرێکی نەبوو لە بنیا کەمێک ئاسوودەیی تام بکەم.. ئەم بە سەرچوونی ژینە دڵێکی دەوێ لە ئاسن تا بەرگەی بگرێ.. منێک بەو هەموو چوستی و چالاکیەی ئەوێ ڕۆژێمەوە ئێستا چاوەڕوانی وەڵامی سڵاوی کەسێکم تا دڵنیام بکات لەوەی دەژیم و تەنهاییم چ قەهرێکە (ئاوڕێک بۆ سەعاتەکە دەداتەوە) تێپەڕیت وا نییە ئا.. تێپەڕیت..

**ژن:** دڵ بەچیت خۆش کەم ژیان.. تۆ لە کوێ و منی سیا چارە لە کوێ.. لەچی دەچم ها. (دەچێت بەرەو ئاوێنەکە) هەرگیز بڕوام بەوە نەبوو ڕۆژێک دێت و دەبێت بۆ شاردنەوەی چرچ بوونی ڕووم هەزاران فێڵ و تەڵەکە فێر ببم وام هەست دەکرد کە هەرگیز پیرنابم.. (خێرا دەست بە خۆیدا دەهێنێت) دەبێت ئێستا پەیدا بن. کات زۆر درەنگ بووە.. دەبوو ئێستا لە مێژ بێت لێرە بن، وایە... (دەچێتەوە سەر کورسی بەرامبەر دەرگاکە چاوەڕوانی دەست پێدەکاتەوە) نازانم چۆن بێزار نابم.. لە سەرەتای عومرمەوە چاوەڕوانی بۆتە پیشەم چۆن وا نەبم چارەنووس کردمی بە خوشکی برایەکی دڵ بەردی خۆ بە گەورەزان دەبوو ئەوی کوڕ لای سەروو دابنرێ و منی کچ و عەورەتیش هەمیشە داپۆشراوو خزمەتکار ئای.. دڵی چیت پێ خۆش کەم ژیان..

(کە بیری دەکەوێتەوە زەلیلی و قەهر بە سیمایەوە دیارە) هێشتا منداڵ بووم دەبوو ئەو دەخەوت من بە باوەشێنێکی باڵدرێژەوە بەسەر سەریەوە ئێشکگر بم نەبا گەرمای بێ یان مێشێکی نەگریس لە خەوی شیرین ڕاستی بکاتەوە. چ بەشەرێک بوو هەمیشە بە ئازار.. ئێستاش شوێنی لێدانەکانی بە جەستەمەوە ماون.. زۆر جار لەنێو ناخمدا خواستی یاخی بوونێک چرۆی دەکردو دەموت ئێستا باوەشێنەکە دەدەم بە دەموچاویدا و تا پێم بکرێت هەڵدێم و ڕادەکەم.. بەڵام (سەردادەخات) ترسنۆک بووم.. نا.. نا.. بۆ کوێ بچوومایە.. دەیانخواردم.. هەتا باوکم بە فریام دەکەوت لەژێر چنگی ئەو نەنکە قرچۆک و زاڵمەم دەربێنێ نیوەگیان دەبووم. هەمیشە ئەو وێنەیەم لە یادە نەنکم لە داڵانەکەوە دەیقیژاند ئەو کوڕە و پیاوی سبەینێیە دەبێت تۆ خزمەتکاری بیت. پێم ناڵێی دڵ بە چیت خۆش کەم ژیان.. ها.. دە بڵێ.. جاران کەمێک سۆزم لێ دوور بوایە و هەستم لە دەست بایە پڕ دەبووم لە گریان و نەمدەزانی چی بکەم.. ئێستاش زۆر حەزدەکەم بێ ئەوانە بژیم (هەڵدەستێ و لە مۆمەکان دەڕوانێ.. پاش کەمێک دەڕوات لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات) شەقامێکی چۆڵ و تەڕو ڕووناک بێکەس.. من و شەقام لە تەنهایی و بێکەسیدا.

**ژن:** لە یەک دەچین.. هیچ نەبێت ئەو.. ڕێبواران دێن و بەسەر سینەیدا هەنگاو دەنێن بەڵام من چیم هەیە.. لە ناڵین زیاتر چی شک ئەبەم.. هێشتا کەسیان دیار نین.. سەیرە ئەوان دڵنیایان کردم کە ئەمشەو هەر دێن.. بەر لەوەی نیو سەدەی عومر تێپەڕێم بە ماچێکی گۆنا ماڵئاوایی لە ڕۆژگارێ دەکەین ڕابردوو خۆشهاتن لە ڕۆژگارێ دەکەین دێت.. چ.. چ.. چ.. نامەوێت.. بیرم بکەوێتەوە.. وای خوایە.. نیو سەدە تەمەن و تەنهایی.. نامەوێت.. بیری لێ بکەمەوە.. (دەگەڕێتەوە سەر کورسیەکە دادەنیشێ) باشترین شت ئەوەیە لێرەدا

بێـدەنگ چاوەڕوان بم.. وا چاکــتــرە.. ئا.. ئا.. زۆر باشـتـرە.. نیـو سـەدە تەمـەن و چاوەڕوانی.. وا چاکـتـرە بێدەنگ بم ئا.. وا چاکترە..

(کۆتایی جوولەی یەکەم)

## جوولەی دووەم

## چیان لێهات هاوڕێکانم

(زەنگی کاتژمێرەکە لێدەدات، یەک جار. ئاماژە بە تێپەڕبوونی کاتێکی تر چارەگێکی تر دەکات، ژنەکە لەو خەڵوەتە کاتییە دادەچڵەکێنێ)

**ژن:** بێ ئۆقرەم کە.. مەهێڵە بۆ خۆم بم.. دەترسم لەم تەنهاییەدا لەگەڵ خۆم ببێتە شەڕێکمان ئەوسەری دیار نەبێت.. داوات لێدەکەم بێ ئۆقرەم کەیت، بە شتێکەوە خەریکم کە تا ئەو هاوڕێ و هاوەڵانەی ڕۆژانی جوانیم دێن و پێکەوە دوا شەوی ساڵێکی تەمەنم بەسەر دەبەین. (هەڵدەستێ و دەجووڵێت بەرەو کورسییەک) دەزانی ئەم شوێنەم بۆ کێ داناوە.. وانییە.. دەزانی ئەو خانمە هاوڕێیی ڕۆژانی خوێندنمە و بە بەرچاوی کوڕو کاڵی گەرەکدا دەڕۆیشتین و بەشی هەموو دنیا نازمان بەسەر ئەو شەقامە کلۆڵانەدا دەکرد.. ڕاستە.. وایە.. ئەو بوو تەنیا عەشقی ژیانمی لێ ستاندم.. بەڵام چی بکەم هاوڕێمەو ئێ ئێستا ئەو سیاسەتمەداری دیارو بەتوانایە.

(دەوەستێ و پێدەکەنێ) سیاسەتمەدار.. سیاسەتمەدار. چەندە سەیرە ئەو ئەوسا لە ڕوانین بۆ ئاوێنە و بسک لوول کردن بەو لاوە چی تری نەدەزانی، بەڵام دوای ئەوەی ئەو کوڕە خوێن شیرینەی لە هێلانەی دڵی من هەڵفڕاند ئیدی کەوتە نێو دنیایەکی تر (پێدەکەنێ و لەپڕتاو دەوەستێ و کەمێک تووڕەبوونی پێوە دیارە).

سوێند دەخۆم ئێستاش هیچی لێ نازانێ، بەڵام حورمەتی یادی ئەو پیاوەیە. گەر نا ئەم ئێستاش ڕەنگە ناوی زۆر لە شتە ئاساییەکانی ژیان وەک خۆیان نەزانێ، بەڵام چی لەگەڵ ئەم دڵە دەکەی.. ئەوە ناهێڵێ نا، دەنا پێم دەوت.. خۆ ڕۆژێ هەر دەبێ بتوانم پڕ بە دەم بەسەریدا بقیژێنم و بڵێم تۆ ئەی گەورە کچی شۆخ.. دڵ دزێکی کارامەو درۆزنێکی لێهاتوویت و دەبێ پێ لەو حەقیقەتە بنێیت. تۆ لە کوێ و ئەو دنیا ئاڵۆزەی سیاسەت و ململانێ لە کوێ.. ئای چەند فێڵاوی بووی هاوڕێکەی منداڵیم.. بەبیرم دێ بە تەنها بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو بۆ خۆی بەرێ چی دەکرد.. ئای منیش چەند بەریئانە لێم دەڕوانی. خۆم کردمە هاوڕێیی.. کەچی ئەوەندە زیت بوو لە ماوەیەکی کەمدا داگیری کرد.. چی ئەڵێیت.. وس بە هیچ نەڵێیت.. (تووڕەیە) وس بە.. مەبەستتە بڵێی ئەی ئەو بۆ دەستبەرداری من بوو.. نازانم من ئەو پرسیارەم نەکردووە.. وەک زۆر پرسیاری تر کە دەبوو بیان کەم و نەمکردن.. ئاوایە کبریائی خۆم ڕێی پرسیاری وا ساویلکانەی نەداوم.. ئیتر ڕۆیی، ناشزانم بۆ.. نازانم ڕۆیشت و تەواو.. (ئاماژە بۆ کورسییەکی تر دەکات) ئەی تۆ بۆ ئێستا دیار نیت؟ مامۆستای فەلسەفە.. خۆتۆ لە هەموو ئەوانەی تر جیاواز بوویت. هەمیشە ئینسان دۆست و خۆنەویست بوویت. ئەزانی هەندێک جار.. نا.. (شەرم دەکات) ناوترێت. ئەو هەستانە ناوترێت.. بۆنا.. (پاش کەمێک لەگەڵ خۆی دەدوێت) بڕێک ئازاتر بەو بیڵێ.. ئا هەندێک جار کە دەستت بەر دەستم دەکەوێت من دەسڵەمیمەوە و تۆش بە هێمنی و خەندەوە دڵنیات دەکردمەوە کە پێویستە ئاسایی بم.. ئەوکاتانە هەستم بە خۆشەویستیەکی سەیر دەکرد لە چاوەکانتەوە وەک ڕووبارێک دەڕژاو تاوی دەگەیشتە من. بیرتە کە پێموتی مامۆستا لەم شانۆییەی داهاتوودا ڕۆڵی ئۆفیلیا دەبینم و شەیدای هاملێت دەبم.. ئەو ئێوارە خامۆشەی ناو کافتریاکە بەتەوسەوە وتت: هەزار خۆزگەم بە هاملێت. دێتە یادت کە هێندی گەورەیی ئاسمان پاڕاێتەوە تا ئەو دیمەنەی ئۆفلیات بۆ نمایش کەم.. بیرتە یان وەک کاتی ئەم ئاهەنگەی من ئەویشت فەرامۆش کردووە؟!.. دەستت گرتم و خستمتە سەر مێزەکەو منیش دەتگوت بۆ فڕین ئامادە دەبم (دەچێتە سەر مێزەکەو دەست دەکات بە نواندن) ها گەورەم ئەو دیاریانە هی تۆیە لە خەڵوەتی عیشقێکدا پێت بەخشیم. تکا دەکەم وەریانگرەوە.. بەڵێ گەورەم هەمیشە وا خۆم ناسیوە (دەکەوێت) ئای بۆ عەقڵێکی بڵند چۆن لە دەست چوو.. خوایە هۆشی بۆ بگەڕێنیەوە.. لە نوێژەکانمدا بۆت دەپاڕێمەوە (دەوەستێ و سڵاوی کۆتایی دەکات) سوپاس سوپاس (دێتە خوارەوە) ئای مامۆستا چەند گێل بووم ئەو کاتەی وتت من زۆر دڵبەندی دەقی باڵندەی دەریای چیخۆفم بەتایبەت هەست دەکەم کاراکتەری تریگۆرین سەرکەوتووترین کاراکتەری ئەم دەقەیە.. من ئەوەندەم نەزانی بوومەتە نینا و تۆش تریگۆرینی پڕ لە فێڵ و خشتە بردن.. چەند ساویلکەبووم مامۆستا.. دەبوو هەر ئەوسا بمزانیایە کە تۆ چۆن پیاوێکی و چەندت ڕق لە ڕاستی و حەقیقەت دەبێتەوە و بە تەنها وێڵی چیرۆکێکی نوێیت کە تەنها خۆت پاڵەوانی بیت. چیت پێکردم.. ماوەیەک وا هۆگرت بوو بووم تەواو بێ توانا لەبەر دەم ئەفسوونی نیگاو وشە سەنگینەکانتدا. موسافیرێکی نەشارەزای نێو دنیای ئەندێشەو ئەزموونەکانت بووم.. بەچ دەردێک چووم.. ئێستاش بە

خەیاڵی خۆم چاوەڕوانت دەکەم بێیت و ئەم وەحشەتەم بڕەوێنیتەوە.. نا.. نا.. هەرگیز هێندە هیچ نەزان نەبووم. نا چیدی چاوەڕوانی هاتنی تۆ ناکەم.. زەحمەتە.. زۆر.. زۆر.. (دەچێتە بەردەم کورسییەکی تر وەک ئەوەی سەر بنێ بە سنگیەوە کەمێک هێمن بۆتەوە) تۆش خەمت بۆ دەخواردم ڕاستە من جێم هێشتی بەڵام بڕوات بێت هەستم دەکرد دوو دنیای زۆر لێک جیاوازین. من سەر قالییەک گرتبوومی و تۆش لە لایەکی ترەوە سەر گەرمییەک دەوری تەنیبووی.. نەدەگونجاین. ڕاستە تۆ کەمترین ئازارت بە من داوە و ئێستا من قەرزاری ئەو هەموو هەست و هەنسک و هەناسانەت بم.. بەڵام چی بکەم بە دەست خۆم نەبوو.. خۆت دەزانی خۆشویستن بەزۆر نییە.. ڕاست دەکەیت من زۆر ڕێزم لێدەگرتی چونکە هەستم دەکرد چەندت خۆش دەوێم.

بەڵام دواجار بەرەو دنیایەکی تر ڕۆیشتم.. دەزانم هەر لەبەر من بوو شانۆت خۆش ویست.. لەبەر من خۆت فێری زمانی تر کرد و تێکەڵاوی کاری هونەر بوویت بەڵام چی بکەم ڕابردوویەکی سەخت و دژواری وام هەبوو کە نەیهێشت هەر چۆنێکە هەر بیریشت لێ بکەمەوە.. من ئەزموونە تاڵەکانی ژیان زۆر شتیان لێ تێکدام و زۆریان لەبەرچاو ڕەش کردم.. ببوورە.. (پاش کەمێک) بەڵام تۆش لەم ساتی تەنهایی و بێکەسیەدا بە هانامەوە نەهاتی.. ڕاستە دوای بێ هیوابوون لە من ژیانێکی ترت هەڵبژارد، بەڵام هەر دەکرا لە شەوێکی وادا بۆ ساتێکیش بێت لە یادت بم. هەروا بە سانایی فەرامۆشم نەکەیت ئاخر عەشق چۆن وا لەبیر دەکرێ (بەخەندەوە) دەترسیت خانمەکەت لێت دڵگران بێت هەقتە.. زیزبوونی ئازیزان بە هیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵام منیش لێت خۆش نابم. بەشی خۆم خۆش نابم بۆ.. ها.. بۆ دەبوو ئێستا گەر کەسی تریان نەیەن تۆ لێرە بیت هەمیشە پاڵەوانێکی ترسنۆک و نادیار. هەرگیز نەتویستووە ڕووناکیت بچێتە سەر هەر دەم لەناو تاریکیدا ون. دەی سەر بێنە نێو ئەم ڕۆشناییەو کەمێک دەرکەوە. تا بەشی چەند ڕۆژێکی تریش هەناسە لە بوونی تۆ بسێنم.. (دەکۆکێ و کەمێک تەندروستی تێک دەچێت و ماندوو دەبێت پاش کەمێک دادەنیشێ)

(کۆتایی جوڵەی دووەم)

## جووڵەی سێیەم
## دوانیگا

**ژن:** (لە شوێنی خۆیەوە) هەست دەکەم بێهێزم.. هێز لە کوێ بێنم لەم تەنیاییەدا.. ئێستا تەواو لەو باڵندە بێ لانەو بێ هاوڕێیە دەچم کە مەلوول و عاجز دانیشتووەو نازانێ چی بکا. ئای چەند بێوەفایە زەمەنی ئێمە.. ئەوسا کە لەوپەڕی گوڕدا بووم.. تا من هەبووم کەسی تر نەیدەتوانی.. یان نەیدەوێرا ڕۆڵی لێدی ماکبێس بگێڕێ. هەر دەرهێنەرێک بیری لەو دەقە بکردایەتەوە دەبوو هانا بۆمن بێنێ.. نا.. نا.. من ئەوەندە توندوتیژ نەبووم لە ژیاندا، بەڵام بە تواناو جەربەزە بووم دوا جار کە ڕۆڵی ئەو ژنە ئاسنینەم بینی چەند بەگوڕبووم (هەڵدەستێتە سەر پێ و دەکەوێتە کار، تەماشای ئاوێنەکە دەکات و دەست دەبات بەسووراوێک دوو هێڵ لەسەر گۆنای دەکێشێ پاشان کە ئاوڕ دەداتەوە بۆتە لێدی ماکبێس) من نەموتووە وەها توندوتیژبە قایلیش نیم ساویلکەو ترسنۆک بیت، شوورەییە گەورەم شوورەیی.. سەربازو ترس؟ ناترسێن لەوەی هەر کەس پێبزانێ دەسەڵاتمان ناهێڵێ کەس بیر لەوە بکاتەوە، بەڵام کێ دەیوت ئەو پیرەمێردە ئەو هەموو خوێنەی تێدایە.. دەی لێبەرەوە ئەی پەڵە نەفرەتییەکە.. بۆنی خوێن دێ.. بەرامەی هەموو دنیا ئەو بۆنە لانابات لێبەرەوە دەی.. لێبەرەوە.. دەی (ئەوەندەی دەستی بەجل و بەرگ و چەرچەف و پەردەو شتەکان دەسڕێ تا ماندوو دەبێ و لەسەر کورسییەک دادەنیشێ؛ پاش کەمێک حەوانەوە دەست دەکاتەوە بە قسەکردن) هەرگیز ئەو هەموو تووڕە بوونانەی لەیاد ناکەم.. لەسەرەتای تەمەنی لاویدا کاتێ ئەو تەواو مەست دەبوو تا بۆی دەکرا بەردەبووە گیانم، دەیگوت من دەزانم خەڵکی لە دەرەوە چی بە کچی وەک تۆ دەڵێن.. لەبەر ئەوە وام بەخەیاڵدا هاتووە چوونە دەرەوەت لێ قەدەغە بکەم.. ئاخر بۆ کاکە گیان؟ بۆ؟ خۆت نامناسی نازانی خوشکەکەت چەند بێوەی و دوورە لە هەموو ئەو خراپە کارییەی تۆ و هاوەڵەکانتی خەریک کردووە (دەبێتە براکەی) با دەتناسم و دەزانم دەڵێی پشیلەی چاو نەپشکووتووی، بەڵام (دەبێتەوە بەخۆی) بەڵام چی کاکە گیان.. بەڵام چی؟ گەر ئێستا ئەو قسانەی ئەوسات بیر دەخەمەوەو پێت دەڵێم ئەوە کردارو ڕەفتارەت بوو هەزار تۆبە و ئیستغفاری درۆ لە زارت هەڵدەوەرێ.. ئای کاکە بەتەنیا تۆ بەسیت بۆ ئەوەی دڵنیام کە ئەم دنیایە جێگەی چ درۆیەکی گەورەی لەنێو دڵی خۆیدا بۆ خەڵکی وەک ئێوە هێشتۆتەوە. تا بۆت کرا بەدکاری و خراپەت کرد و ئێستا خۆت لێ بۆتە وەلی و بەنیازن بەخۆتان و شمشێرە خوێناوییەکانتانەوە بەقسەی خۆتان ئەم سەرزەمینە لە فسق و فجور پاک دەکەنەوە.. ئای کاکە ئاخۆ چەندی تری وەک تۆ ئێستا لە پشت ئەو پەردەیەوە بن و عەقڵی

چەند کوڕو کاڵتان شێواندبێ چەند حەزم لەوەیە تارمایی مەرگ ببینم ئەوەندەشم پێخۆشە وێنەی تۆم بێتە بەرچاو.. ئای چ دڕندەیەک بوویت ئەوساو ئاخۆ ئێستاش دەستت بەخوێنی چەند قوربانی سووربووبێت.. ڕقم لێت دەبێتەوە کاکە.. (ئاوڕ بۆ دەرگاکە دەداتەوە و بەبێزارییەوە تەماشای دەکات و دەکەوێتە قسە کردن لەگەڵیدا) بەزەییم پێتدا دێتەوە چەند دەمێکە کەسێک نەبووە دەستی بەرت کەوێت.. ها.. منیش.. مەبەستمە وا بڵێم.. من خۆم لە هەموو کەس و لە هەموو شتێکی بەو جۆرە بە دوور گرتووە.. دەتەوێت چی بڵێیت من جوان بووم.. ها هێشتا بەشی خۆم جوانیم ماوە (دەچێتە لای ئاوێنەکە) جاران لەبەر جوانی بۆ زۆر کاراکتەر دەشیام.. ژنێکی جەربەزەو ئازاو جوان، ئەو ڕۆژەی بۆ ڕۆڵی (نورا) هەڵبژێررام هاوەڵەکانم ئێرەییان پێدەبردم و دەیانوت کەی ئەوەندە جوانی تا بەو شێوەیە بە خۆت بنازی و بە لەنجەولار بێیت و بچیت.. نا من نەمدەوست بەکەس بڵێم جوانم.. نا ئامانجی من جوانی نەبوو.. من دەمویست نورا بم، ئەو ژنەی توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ و بەوە قایل نابێت بووکەشووشەیەکی بێگیانی نێو ماڵێکی داخراوبێت بە تەنهاو هیچی تر.. تۆ بڵێی.. ها..؟ (لە ئاوێنەکە دوور دەکەوێتەوەو بەرەو پێشەوەی شانۆکە دەڕوات، پاش کەمێک بەرەو کورسییەکی بزۆز دەڕوات لە سەری دادەنیشێت، ئاوڕ لە کورسییە تەنیاکە دەداتەوەو لەگەڵی دەدوێت) هەمیشە تەنیاو هەمیشە بێدەنگ.. تۆ نزیکترین هاوڕێ و دۆستترین دۆست.. سیمات لە باوکم دەچوو سروشت هەڵسوکەوت و زۆر شتی تریشت ئەوی بیر دەخستمەوە. نەمدەزانی چۆن بتدوێنم.. باوکە.. هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێ کە لەنێو خۆ پیشاندانەکەدا ناسیتمەوە. بابە گیان تۆ پیاوێکی زەین ڕوون و خۆش مەشرەب بوویت (کەمێک بێدەنگی).. تۆش هاوڕێ دڵ ناسکەکەم ڕۆحێکی بەپەلەیی بوویت و زوو بەزوویی زویر دەبوویت.. کەسێک بەدەنگی بەرز قسەی بکردایە تۆ لەوێوە دەخرۆشایت و وات دەزانی چیایەکت بەسەردا ڕووخاوە.. چەند هێمن و ئارامیت.. هێندەش لە ناوەوە تووڕە.. سەیر بوویت.. نەتدەویست کەس هیچ شتێک دەربارەی ڕابردووت بزانێت. لەگەڵ ئەوەی پڕ بوو لەسەروەری.. ئەو حەزی تەنیاییەت لە بەندیخانە تەنیاکەتەوە دەست کەوتبوو. ئەو کەمە تووڕەییەی ناخیشت ڕقی ئەستوور بوو لە جەلادەکەت تۆ پیاوێکی خۆڕاگری نێو زیندان و قارەمانێک لە قارەمانەکانی نیشتمان.. ئیدی بۆ حەزناکەیت کەس هیچ دەربارەی ڕابردووت قسە بکات.. خەڵکی تر هەیە هەڵوێستی وایان بەخەیاڵیشدا نەهاتووە کەچی بەدرۆ هەزارەها چیرۆکی پاڵەوانی بۆ خۆی دروست دەکات.. نازانم تۆ بۆ هێندە سەیریت!؟.. هەمیشە خۆت وا دوور دەگریت.. بۆیە پێت دەڵێم لە باوکم دەچیت هەردەم مەنگ و کەمدوو.. بەڵام پڕ لەسۆز.

ئەی باشە دەبوو لەشەوێکی وادا من لە بیرکەیت و نەیەیت. ها.. گەر هەموو کەس ئەم شەوەی لەیاد کردایە نەدەبوو تۆ فەرامۆشم بکەیت. خۆ من تۆم بەبووک و براو هاوڕێ و گشت کەسم دەزانی. کەچی تۆ دەی.. (هەڵدەستێ) بەم عەقڵەوە خۆم خستۆتە چ داوێک.. داری گلەیی چی لێ سەوز دەبێت لە وەڕس بوون زیاتر.. ئای هاوڕێ بەدبینەکانم.. ویستتان ئەم شەوەم پڕ بێت لە تەنیایی.. وانییە؟ بەڵام نا من بەوە قایل نابم.. وێستا دەبینن چی دەکەم.. هەر ئێستا دەبینن (دەڕوات بەرەو ژوورێکی پشتەوە لەوێشەوە هەر دەنگی دێت و پاش کەمێک کۆمەڵێک بووکە پەڕۆینەی لە ئینسان چوو دەهێنێ هەریەکەیان لەسەر کورسییەک دادەنێت و پاشان لێیان ورد دەبێتەوەو تەماشایان دەکات دواتر دێتە پێشەوە لە مۆمەکان دەڕوانێ و دەیانهێنێتە پێشەوەو لەگەڵیان دەدوێت).

**ژن:** دەی هاوڕێ خۆشەویستەکانم با دەست بکەین بە ئاهەنگی دوا شەوی نیو سەدە تەمەن و تەنیایی، دەی چەپڵە بکوتن.. دەی لەگەڵما گۆرانی بڵێن، باپێکەوە سەما بکەین. ئێوە ئەی هاوڕێیان ئەوەتان لەیاد بێت کە من ئەمشەو نیو سەدە لە تەمەن تێدەپەڕێنم و هیچ هیوایەکم بە سبەینێ نییە و هەر حەزیشی پێناکەم.. بۆیە ئەمشەو دەمەوێت مەستی پێکەنینێکی قووڵ بم.. پێکەنینێک لە ناخی ناخەوە بێت، بەدوور لەم ڕیا کاری و دەست هەڵبەستانە، ئەوانەی ئەمڕۆ بەتەنها بۆ بەرژەوەندی و بەدەورا هاتن دروست دەبن... دەمەوێت پێبکەنم، بۆ دوا جار لە ناخی ناخەوە پێبکەنم (دەست دەداتە مۆمێک و دەچێتە سەر کورسییە بزۆزەکە و هەوڵ دەدات پێبکەنێ بەڵام ناتوانێ! پاش کەمێک ماندوو بوون لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکی هێمن و غەمناک دەبێژێ و وردە وردە سەر لە مۆمەکە نزیک دەکاتەوەو بەهێمنی چاو لێک دەنێ.. تا دەنگی نامێنێت. پاش ماوەیەک لە بێدەنگیدا دەنگی زەنگ و لێدانی دەرگا و زەنگی تەلەفۆن دێت. کەسێ نییە وەڵام بداتەوە.. هێدی هێدی شانۆ تاریک دەبێت و دەنگەکان لەبەردەوامییەوە بەرەو نەمان دەچن..)



# جەلال بەرزنجی:
# زۆربەی ڕۆشنبیرانمان لەناو هەرێمێکی کۆن و سەلەفیدا کار دەکەن بۆیە هێزی گۆڕانکارییان تێدا نییە

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

جەلال محەمەد بەرزنجی شاعیرێکە زیاتر لە ساڵانی هەشتایەکان لە ڕێگەی (سەمای بەفری ئێواران) ناسرا، ئەو کۆشیعرە لەو سەردەمەدا بەهۆی تایبەتمەندییەکانی بووە جێگەی سەرنجی (ڕەخنە) و قسەوباسێکی زۆری لەبارەوە کرا.

ئەم شاعیرە پتر لە (٣٠) ساڵە زۆر هێمنانە و بە نەزاکەت مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکات، لە چاو ساڵانی زۆری تەمەنی شیعریی، کەمی نووسیوە، چونکە خەمی سەرەکی ئەم شاعیرە شیعر و پەرەپێدانە بە کەرستە و تفاقی شیعریی خۆی و قووڵکردنەوەی دیدگا و ڕامانەکانییەتی، بۆیەشە زۆر کەم نەبێ لای لە هونەرەکانی دیکەی نووسین نەکردووەتەوە، هیوادارم هەروایش بمێنێتەوە.

سەفەرکردنی ئەم شاعیرە بەرەو هەندەران و گیرسانەوەی لە (کەنەدا) و فێربوونی زمانی ئینگلیزی ئاسۆیەکی فراوانی دیکەی بۆ کردەوە تا زیاتر لەناو سرووت و کەشوهەوای شیعر و ئەدەبیاتی جیهان ڕابمێنێ.

لە سەردانی ئەم دواییەی ئەم دۆستە دێرینەمان بۆ بارەگای گۆڤاری ڕامان و لە دیالۆگێکی کراوەدا دواندمان و لەمەڕ قسەوباس و کێشەکانی شیعر و پرسەکانی ڕۆشنبیریمان ئەم دیالۆگەمان لەگەڵ سازدا.

**ڕامان:** ئەزموونی شیعری خۆتان بۆ چەند قۆناغ دابەش دەکەن؟ چۆن و بە چ پاساوێک هەریەک لەم قۆناغانە دەستنیشان دەکەی؟

**جەلال بەرزنجی:** پاساو بۆ هەریەک لە قۆناغەکانی ئەزموونی شاعیر ئەو زمان و دید و جیهانە شیعرییە دیاریی دەکات کەوا شاعیر لە هەر قۆناغێک شیعرەکانی پێ دەناسرێتەوە، من بۆ خۆم هەمیشە هەوڵ دەدەم ئەمڕۆی شیعری خۆم تێپەڕێنم، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش دەبێ بگەڕێمەوە سەر دەقی شیعرەکانم بۆ ئەوەی ئەزموونەکان، یان ئەو هەوڵانەی بۆ نووسینی شیعر داومن لێکیان جیابکەمەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەم هاوێرکردنە بۆ من ڕەنگە زەحمەت بێت، بەڵام لەوانەیە بۆ یەکێک لە دەرەوەی دەقەکان بێ ئاسانتر بێت.

دەتوانم کۆ شیعری (سەمای بەفری ئێواران) کە لە ساڵی (١٩٧٩) چاپم کرد بە یەکەمین ئەزموونی شیعری خۆمی دابنێم. زمان و دید و ڕستەی شیعری و چۆنیەتی بیناکردنی شیعر لەم دیوانەدا جیاوازە لەگەڵ ئەو شیعرانەی ئەوکات دەنووسران، ئەوەش بەمانای ئەو غرورییە نا، بەڵام لە هەموو شیعرەکانی ئەوکات جوانتر و هونەریتر بوون، من مەبەستمە بڵێم هەر لە سەرەتای دەست پێکردنم حەزم کردووە هەوڵی پێکەوەنانی دنیای خۆم بدەم و شیعرێک بنووسم کۆپی ئەوانی تر نەبن، ئەم ئەزموونە بۆ من سەرەتایەکی سەرکەوتوو بوو، چونکە زۆر جار شاعیر لە قۆناغی یەکەمیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی ترەوە، بەڵام دیارە من هەوڵی تایبەتی خۆمم داوە.

لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە ئەنجامدا شاعیر لەناو ئەزموونێکی درێژی شیعر نووسیندا دەژیت و زەحمەتە قۆناغەکان لێکتر هاوێر بکەیت، بە تایبەت خودی شاعیر خۆی لەم حاڵەتدا دەبێ وەک خوێنەری خۆت بە شیعرەکاندا بچیتەوە کە منیش ئێستا بۆ وەڵام دەگەڕێم.

لە کۆ شیعری دووەمم (گەرم نەبوونەوە) ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ئەوەی درێژەپێدانی ئەزموونەکەی پێشترم بوو بۆ نووسینی شیعری نوێخواز و جیاواز، بەڵام ئەزموونێکی جیاواز بوو، لە گەرم نەبوونەوە زیاتر بەرەو دنیای خود و ناوەوە، ڕوح و چرکردنەوەی زمان هاتم و ڕستە شیعرییەکانم زۆر کورتتر بوونە و لە شیعری سپی و خاوێن نزیکتر کەوتمەوە..

قۆناغی سێیەم لە ئەزموونی شیعرەکانم دوای ژیانی تاراوگە دەست پێدەکات ئەویش بە شیعری درێژی درامی



**ئازاد عەبدولواحید، جەلال بەرزنجی**

و زیاتر ڕۆیشتن بەرەو ناسکی و گەڕانەوە بۆ دنیای نۆستالۆژیا و کۆڵینی یادەوەرییەکان کە لە کۆ شیعری (یادەوەری کەسێکی بەربا) لە ساڵی ٢٠٠٣ چاپم کرد هەستی پێدەکرێت. قۆناغی چوارەم ئەو قۆناغەیە کە ئێستا شیعری پێ دەنووسم ئەویش دوور کەوتنەوەی تەواو لە بابەت و کێشە ئاساییەکان و بابەتەکانی ناو ژیان و واقیع زیاتر شیعر نووسین بۆ جوانی و ناوچە سپییەکانی بنی بنەوەی ڕوحی و ناوچە شینە دوورەکان و ئەودیوی ڕەهاییە... لەم کۆ شیعری (ناوم بنێن ماڵەوە) ٢٠٠٦ هەنە.

**ڕامان:** لە کام لەو قۆناغانەدا هەستت کردووە وەک (شیعر) لە هەرێمەکانی (شیعرییەت) نزیک بوونە؟

**جەلال بەرزنجی:** لە هەموو قۆناغەکانی شیعر نووسینم، هەوڵم داوە لەناو هەرێمە گەرم و کاریگەرەکانی شیعرییەت ئیش بکەم. من هەمیشە هەوڵم داوە، شیعرییەت بپارێزم و لە مانا و بە پاشکۆ کردنی شیعردوورکەمەوە و بارکردنی شیعر بە وەزیفە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەرکی شیعر نییە، هەمیشە لەگەڵ دەنگ هەڵبڕینی بەرز نەبووم، بەڵام لەو ئەزموونەی ئەم دواییەمدا بەتایبەت شیعری (بەربوومەتە ناو تەنیایی) و شیعری (هەمیشە لەم دیو ئاسمانەوە پەنجەرەیەکی شین دیارە) زۆر بە تۆخی و ئەبستراکانە لە هەرێمی شیعردام.

**ڕامان:** چۆن لە دنیای بەربڵاوی شیعر گیرساێتەوە؟ عەجەب لەناو هونەرێکی دیکەی دەربڕین و گوزارشت کردن لە خودی خۆت، خۆت نەدۆزییەوە؟

**جەلال بەرزنجی:** هۆکاری سەرەتای شیعر نووسین لای من دیار نییە و ناتوانم هەست کردن بە جوانی و دۆزینەوەی پێوەندی ڕۆحی نێوان شتەکان و هەست کردن

بەو کەموکورتیانەی لە ناخی مرۆڤ و دنیـادا هەیە بخـەمـە چوار چێـوەوە، دیارە من بۆ خـۆم کـەسێکی کـەمێک گـۆشـەگـیـرم و حـەزم لە ڕامـان و ئارامـیـیـە، شـیـعـریش بوونەوەرێکی ئارام و جـوان و ڕەهایە، ڕەنگە بۆیە پەنامـان بۆ یەکـتـر هێنابێت.

## من هێز و جوانیی شتەکانی خۆم لە شیعردا دەبینم

**ڕامـــــان:** شـیـعـر نووسین لای تۆ حـاڵـەتێکە، یان سەنعەتسازی و ڕۆشنبیری و هەر کاتێ بتەوێ دەتوانی بچیتە سەر شیعر نووسین؟

**جـەلال بەرزنجی:** نەخێر، شیعر لای من سەنعەتسازی نییـە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵم داوە، هەمـیـشـە وەک شاعـیـر بژیم و ڕەفـتـار بکەم و ببم بە بەشێک لە دنیـای شـیـعـر نووسین و هەمـیـشـە چەند هێڵێکی نەست و گەڕانەوە بۆ نۆسـتـالـۆژیا و خـەون و دوورتر ڕۆیشتن بە شـیـعـرەوە سەرقـاڵ بن، بەڵام ناتوانم بە زۆر، یان بە سەنعـەتسازی شیعر بنووسم.

شیعر زیاتر حاڵەتێکە نە کات و نە شوێنی نییـە و لە پڕ ڕۆحم داگـیـر دەکـات و نیـگەرانم دەکـات و لە واقـیـعـم دادەبڕێت و ئامادەم دەکـات بۆ کـارێکی زەحـمـەت، بەڵام ناسک. لە حاڵەتی شیعر نووسین جگە لە وشە پێوەندیم بە هیچ شـتێکی تر نامێنێ و تا لە نووسینی شـیـعـرەکە نەبمەوە نایەمەوە سەر زەوی و ناو دەوروبەر.

**ڕامـــان:** هەستت کردووە لە هەندێک قۆناغ و کـاتدا شیـعر لە تۆ تۆرا بێت؟ دەتوانی ئەم کاتانەمان بۆ دەست نیشان بکەیت؟

**جـەلال بەرزنجی:** ساڵی ١٩٩٧ ئەوکاتەی لە تورکـیا پـەنـاهـەنـدە بـووم دوایـیـش کــــــە لـە ڕێـگـەی نـەتـەوە یەکگرتووەکـان و حکوومـەتی کـەنەداوە سـەفـەرم کـرد بۆ کـەنەدا، بۆ مـاوەی دوو ساڵ ئەو زەحـمـەتـیـانەی دێنە پێش کـەسـێـکی تەمـەن (٤٨) سـاڵی بۆ دەست پێکـردنەوەی ژیان لە (سفرەوە) لە وڵاتی دووەم، وایان کرد کەمێک لە شـیـعـر بتـۆرێم و ئەوکـاتـانە زۆر هەسـتـم بە ترس و گـوناهێکی ڕۆحی گـەورە دەکـرد، لەبەر ئەوەی پێـوەندی جـارانم لەگـەڵ شـیـعـر نەمـابوو دوایی وردە وردە توانیم بەسەر گرفتەکان زاڵ بم و لەگەڵ شیعر ئاشت ببمەوە و بە ستایلێکی تر شیعر بنووسمەوە.

**ڕامـــــان:** زیاتر بە شــــەو، یان بە ڕۆژ، یان لە چ سرووتێکی تایبەتدا شیعر لەلای تۆ میوانە؟

**جـەلال بەرزنجی:** شیعر هەمـیـشە بێ تەلەفۆن کردن و ئیـمێل ناردن و ژوان ڕێکخستن دێت، بوونـەوەرێکی ئەوەندە خـۆشـڕەو و بێ کات و شوێن و پلانە، هەمیشە کتوپڕ خـۆی بە ژووری ناوەوەمـدا دەکـات و ئۆقـرەم لێ هەڵدەگـرێ، گـێـنگڵـم پێ دەدات و ماتم دەکات و دەمباتەوە منداڵی، دەمهێنێتەوە ئێستا و دەمباتە ئایندە و دامدەبڕێ لە دەوروبەر و شتە زانراو و وەسـتـاوەکـان و لە ئەزمـوونی نزیکەی (٣٢) ساڵمدا لەگەڵ شیعر نووسین، وام لێهاتووە زۆربەی کات هەندێک لە هێـڵـــەکـانی نەسـتـم، یادەوەریەکـانم بە خوڵقاندنی شیـعرەوە خـەریکن، بەڵام ساتەکـانی شیـعر نووسین و غـەرق بوونی ناو سیحری وشە و سرووتەکانی جیاوازن.

**ڕامـان:** لای تۆ وەزیفەی شیـعر چییە؟ ئایا شیعر لای تۆ هۆیەکە بۆ گوزارشت کردن، یان ئامانجێکە بۆ خۆی؟

**جـەلال بەرزنجی:** لای من شیعر ئامانجێکی زۆر پیرۆز و گەورەی هەیە بۆ کەم کردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی لە ناخی مرۆڤ و دنیـادا هەن و ئامانجێکە بۆ خوڵقاندنەوەی دنیا و شـتـەکان بەشێوەیەکی جوانتر و هونەریانەتر. لای من شیعری مەزن گوزارشت کردن، یان لاسایی کردنەوە، یان گێڕانەوە نییە، بەڵکو خوڵقاندنە... هەمیشە ئەگەر لە شیعر وردبینەوە، ئامانجێکی ئیستێتیکایی و هزری و تـواوەی لەنـاودایە، زۆر تـوخم و کـــەناڵی تر، یان ژانری ئەدەبی و هونەری تر هەن بۆ گـوزارشت کـردن و جێ بەجێ کـردنی هەندێک وەزیفـەی کـۆمـەڵایەتی، یان سـیـاسی، بەڵام گەر شیـعـر بیەوێت جارێکی تر خـۆی لەم وەزیفە و مەبەستانە بدات دەبێتە پەراێز و کەسی دووەم، کە قەت لایق بە شیعر نییە.

**ڕامـان:** تۆ شاعـیرێکی نەختێ گۆشەگیـری، پێم وایە زۆر لە نیفاق و درۆی نووسەران دەترسی؟

**جـەلال بەرزنجی:** ڕاست دەکەی من گـۆشەگـیـرم و زۆر حـــەزم لە پێــوەندیی زۆر و قـــەڵەبالـغی و گـــرووپ و گرووپانێ و نیـفاق و درۆ نیـیە، هەمـیـشـە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە تەقیەم و دەسڵەمێمەوە، درەنگ دەتوانم برادەرایەتی دروست بکەم، زۆر حـەزم لە تەلەفۆن کردن و مەوعید دانان نییە، زۆر حەزم لەوە نییە بچـمـە مـیـوانداری، ئەو ژیانی تاراوگـە و دوورییـە زیاتر بەرەو گۆشەگیریی بردووم، بەڵام ئەم گۆشەگیرییە وانییە هەمیشە لەناو دنیایەکی فراوانی ڕوحی و جوانیدا نەژیم و هەمیشە ئاخاوتنم لەگەڵ کارەکتەرەکانی شیعری خۆم

نەبێت، ئەو نیفاق و ساختە چێتییەی ئەمرۆ کەوتۆتە ناو ژیان و خەڵک، زۆرجار ئەدیبانیشی گرتۆتەوە، هەر ئەوەش وام لێدەکات گۆشەگیری و سڵەمینەوەکەم قووڵتر بێت.

**رامان:** هەست دەکرێ زیاتر خۆت بۆ شیعر تەرخان کردبێ، بۆیە کەمتر لات کردووە بەلای هونەرەکانی دیکەی نووسینەوە، ئەمەیان بۆ؟

**جەلال بەرزنجی:** شیعر لای من هونەرێکی زۆر سەخت و قورسە و دەبێ توانایەکی هونەری و زمانەوانی و ئیستێتیکی و مەعریفی زۆرت هەبێت و خۆتی بۆ تەرخان بکەیت و تواناکانت پەرش و بڵاو نەکەیتەوە. من ناتوانم بە وردی بگەڕێمەوە ئەو سەرەتایانەی (تەیری شیعر لێی داوم) تا ئێستا بەو (تا) و تاسەیەوە دەناڵێنم.. هەرچەندە ناوە ناوە لەم لاو ئەولا لە ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان ستوونی ڕۆشنبیری و سیاسی دەنووسم، بەڵام ئەوانە هیچیان وزە و توانای تەواوی من نین، من هێز و جوانی شتەکانی خۆم لە شیعردا دەبینم.

**رامان:** لەم دووره وڵاتییەی خۆت، نازانین چەندە ئاگاداری شیعری کوردیت؟ ئەگەر ئاگاداری بزاڤ و جموجوڵی شیعری کوردی، چەند لەو بارودۆخەی شیعر ڕازیت؟

**جەلال بەرزنجی:** ڕاست دەکەی دووریبەکەم زۆر زۆرە و وەک دەزانن سێ کێشوەر لە کوردستان دوور کەتوومەتەوە و ئەوە بۆ نۆ ساڵیش دەچێت زۆر بە وردی ئاگاداری بزووتنەوەی شیعری کوردی نیم. زۆر لەم دیوانە شیعرییانەی شاعیرە هاوڕێکانیشم نەبینیوە، هەرچەندە ئەو ئاسانکارییەی (گوندی گڵۆباڵ) بۆ پێوەندی کردن هێناویەتییە دنیای ئەمرۆ، زۆرجار لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر هەندێک شیعری کوردی دەخوێنمەوە، دەقی جوانمان هەیە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کەوا لە شیعر نووسیندا نابێ لەخۆ ڕازی بوون هەبێت، بەو مانایەی بوترێ وام لە لووتکە، چونکە هەمیشە لووتکەیەکی تر هەیە.

**رامان:** هەموو داهێنانێک پێویستە ڕاستگۆیی لەخۆ گرتبێ، بەڵام مەرج نییە هەموو ڕاستگۆییەک داهێنان بێت، تۆ چۆن لەوە تێدەگەی؟

**جەلال بەرزنجی:** من دەڵێم هەموو داهێنانێک پێویستە ڕاستگۆیی لەخۆ گرتبێ، چونکە دەبێ ساتەکانی چوونە سەرەوە و هاتنە خوارەوەی سرووتی شیعر نووسین پێویستی بە دید و ڕوحێکی خاوێن و سپی و بە


ئەم وێنەیە ساڵی (١٩٧٦) لە هەولێر گیراوە. کەسەکان لە چەپەوە: ئازاد عەبدولواحید، نەوزاد ڕەفعەت، مەجید عەبدوڵڵا، مەحموود زامدار، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەلال بەرزنجی، شێرزاد سەرسپی، فەرید زامدار، دڵشاد عەبدوڵڵا

دەستنوێژ هەیە، واتە ئەو ساتە تایبەتیانەی بە چاوی منداڵێکی گەورە و دوور لە کۆنترۆڵ و پۆلیسی لۆژێک، دوور لە سارد و سڕی واقیع و دوور لە وشک و برینگی ئایدۆلۆژیا و کۆپی کردن. کە دەڵێین ڕاستگۆیی شاعیر مەرجی داهێنانە مەبەستمان ئەو ساتانەیە کە دوور دەکەوێتەوە لە هەموو شتە زەق و کۆنکریتی و ڕیاییەکان و چوونە ناو ژوورێکی ناسک و هونەری کە تێیدا شیعر دەخولقێنرێ. زۆرجار هەندێک شاعیر بە هەڵە لە ڕاستگۆیی دەگەن و وا دەزانن بە ڕاستگۆیی گێڕانەوەی شتێکی ناو واقیع، یان ڕووداوێک شیعرە، بەڵام ڕاستگۆیی لە ساتەکانی خولقاندنی شیعردا شتێکی ترە وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا.

**رامان:** ئەمرۆ ڕاگەیاندن هەموو شتەکانی لاوانی جیاکردۆتەوە، لەوانەش (شیعری لاوان) تۆ چۆن لەو زاراوەیە تێدەگەی؟

**جەلال بەرزنجی:** لاوان هەمیشە خەون و زمان و دنیای تایبەتی خۆیان هەیە کە لاوان و ئەوەش کەینوونەی ژیانە و زۆرجار لاوان لەگەڵ نەوەی پێش خۆشیان ناکۆکن و ململانێیان هەیە. زۆرجار تووڕە و یاخین، من لەگەڵ ئەوەم لاو لە قۆناغی لاوەتی هەندێک شتی تایبەتی هەبێ، ڕەنگە زۆرجار نە شارەزابی، یان زۆر ڕادیکاڵ بوون و بێ ئەزموونی تووشی گرفتیان بکات لە گوزارشت کردن و خستنە ڕووی خەون و کەسێتی خۆیان.

شیعریش یەکێکە لەو توخم و ئامرازانەی لاوان گوزارشتی پێ لە خەونە سەرکوتکراو و هیوا نەهاتووە دیبەکانی خۆیانی پێ دەکەن. هەندێ جار لاوان دەکەونە ناو دنیایەکی تەمومژاوی کە ناتوانن لێی دەرچن و دیار

نەبوونی ڕێگاو دید و دنیایەکەیان ماندوو دەکات و دووریان دەخاتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بە ئەزموونێکی نۆرمەڵ بزانێت. جارجارەش تیشک و وێنە و مامەڵەکردنی جوان لە شیعرەکانیاندا هەیە.

**ڕامان:** ئایا شیعری لاوان و وەچەی نوێ و ناوی نوێ دەخوێنیتەوە؟ چۆنی دەبینی؟

**جەلال بەرزنجی:** وەک پێشتریش باسم کرد بەهۆی زەحمەتی پێوەندی کردنم بەناوەوەی کوردستان و چاپەمەنییەکان ناتوانم بۆچوونێکی ورد لەسەر شیعری لاوان و وەچەی نوێ پێکەوە بنێم. بەڵێ شیعری هەندێک لاو، یان وەچەی نوێم خوێندۆتەوە و پرسیومە ئەوانەکێن.

**ڕامان:** لەناو دنیای ئەمڕۆدا شیعر چەند توانیویەتی پێگەی خۆی لەناو هونەرەکاندا بپارێزێ؟

**جەلال بەرزنجی:** بە ڕای من هەمیشە پێگەی شیعر لە پێشەوەیە و پارێزراوە و هونەرەکانی تر قەرزاری شیعرن، ئەوان شیعرییەت لە شیعر وەردەگرن بۆ ئەوەی هونەرەکانیان جوان و نەمر بن، ئەوان هەمیشە هەوڵ دەدەن بە دید و زمانی شیعری کار لە ژانرەکانی تردا بکەن.

**ڕامان:** لە حەفتاکاندا (ڕوانگە) پەیدابوو، نازانم ئەو بزاڤە هیچ تەئسیرێکی لەسەرت بەجێ هێشتووە؟

**جەلال بەرزنجی:** نەخێر ڕوانگە هیچ تەئسیرێکی وای لەسەرم بەجێ نەهێشتووە لەژێری دەرباز نەبم، بۆ ئەوکات بانگەوازەکەی (ڕوانگە) وەک بەیاننامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یاخیانە باش بوو، بەڵام وەک بەیاننامەیەکی ئەدەبی لاواز بوو، بنەماکانی دیار نەبوو، دیدی ئەدیب و شاعیرەکانی بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو پەلەیی و کاڵی پێوە دیاربوو، ئەوکات زیاتر لەلایەن کەسانی کۆنسەرڤەتیڤ و مەلاکانەوە دژایەتی کران. خاڵێکی تر من ئێستا دوای(٣٢) ساڵ شیعر نووسین و بەجێ هێشتنی چەند ئەزموونێک کاریگەریی کەسم بە سەرەوە نەماوە و ڕەنگە بە پێچەوانەوە کاریگەریم بەسەر هەندێک لە شاعیرانیش هەبێت.

**ڕامان:** وەک شاعیرێک چەند سوودت لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە وەرگرتووە بۆ شیعر نووسین وەک (شانۆ، ڕۆمان، چیرۆک، سینەما)... تاد؟

**جەلال بەرزنجی:** هەموو بینن و بیستن و خوێندنەوەیەک زانیارییەکانت زیاد دەکات ئەگەر ئەو شتانە بە دیدێکی داهێنەرانە و نوێخوازانە نووسرابن. من هەمیشە لە تەماشاکردن، یان خوێندنەوە، یان گوێ گرتن بە دوای زمانی شیعری و دیدی شاعیرانە و هونەرێکی بەرزدا دەگەڕێم، هەمیشە هێزێک هەیە (کونێکشنم) پێوەندیی کردنم بەو شتانەی دەرەوەی خۆم پەیدا دەکات ئەویش قودرەتی شاعیرانەی شانۆنووس، یان ڕۆمان نووس، یان چیرۆک نووس، یان دەرهێنەری سینمایە.

**هەمیشە پێگەی شیعر لە پێشەوەیە و هەموو هونەرەکانی تریش قەرزاری شیعرن**

**ڕامان:** ئەی تەئسیری (مۆسیقا، شێوەکاری) بە سەرتەوە چییە؟


**جەلال بەرزنجی:** مۆسیقا هەندێک جار لە شیعریش خێراتر دێتە ناو ڕوحەوە، چونکە ئەو ئەبستراکترە و پێوەندی خولقاندنی لەگەڵ وشەدا نییە. زوو زۆرجار کە شیعرم دەنووسی حەزم دەکرد گوێ لە مۆسیقا بگرم، بەڵام ساڵانێکە ئەو خووەشم نەماوە، حەز دەکەم لەکاتی شیعر نووسیندا لە ئاشتییەکی قووڵدا بم گوێم لە هیچ نەبێت. زۆر تابلۆی شێوەکاری و ڕەنگەکانی، ڕوحم دەبزوێنن و دێنە ژوورەوەی ڕوحم، چونکە هەست دەکەم پێوەندی لەنێوان وشە و ڕەنگدا هەبێت.

**ڕامان:** کارەکتەرێکی ئەدەبی (کوردی، جیهانی، عەرەبی) کە کاریگەریی قووڵی بە سەرتەوە هەبووبێت و نەتوانی لە بیر خۆتی ببەیتەوە کێیە؟

**جەلال بەرزنجی:** لەو ساتەی وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دەدەمەوە هیچ کارەکتەرێکی وام لە زەیندا نییە کە نەتوانم لەبیرخۆمیان بەرمەوە، من بۆ خۆم توانایەکی زۆرم هەیە بۆ لەبیر چوونەوە و زوو لە شت بێتاقەت دەبم، ئەوەی ئێستا لەبیرمە تەنیا کارەکتەری خۆمە..

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی وەچەی ئێوە لەناو کەشوهەوای ڕۆشنبیریی جیهانیدا گۆش بوون، حەز دەکەم کاریگەریی ئەدەبیاتی کوردی بزانم بەسەرتانەوە چەندە و چۆنە؟

**جەلال بەرزنجی:** هەڵبەتە کە تۆ لەناو کەشوهەوا و ئەتمۆسفیرێکی زۆر فراوان و تەندروست و دەقی مەزن گۆش دەبیت و ئاگاداری بزاڤەکانی شیعری نوێی جیهانی دەبیت دیدت دەگۆڕێ بۆ چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و چێژ وەرگرتن لە دەق و بە ئاسانی دەقی جوان و نەمر لە دەقی ئاسان و کاتیی جیا دەکەیتەوە، ئەوکات دەزانی ئەو



**عەبدوڵلا زەنگنە، جەلال بەرزنجی**
**١٩٧٨/١٠/٢٧**

کەرستانەی شیعری لێ خەڵق دەکرێن چین. بە ئاگادار بوونت لە کولتووری شیعری جیهانی کە دەکاتە کولتوورێکی گەورەتر و ئیش کردن لە (سپێسێکی) فراوانتر، وەک دەشزانین ڕۆژئاوا ناوچەیەکی گەرمی بزاڤە هزری و شیعرییە مۆدێرنەکان بووە، ئەو تێڕامانە لە سەرەوەی ئێمە وای کردووە کەمتر بە هەموو دەقێکی کوردی سەرسام بین، من بۆ خۆم هەست ناکەم لە ڕووی داهێنانەوە ئەدەبیاتی کوردی ئەو کاریگەرییەی بەسەرمەوە هەبووبێت، یان هەبێت.

**ڕامان:** تا ئەمڕۆ کە خاوەنی ئەزموونێکی، هەست دەکەن شاعیرێکی کورد، یان شاعیرێکی ئەو دنیایە هەبێ بەردەوام کاریگەریی لەسەرتان مابێ، یان ئەو کاریگەرییە کاڵ بۆتەوە و هەر نەماوە؟

**جەلال بەرزنجی:** من نزیکەی (٣٢) ساڵێکە دەنووسم و هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنم لە کۆ شیعری یەکەمەوە (سەمای بەفری ئێواران) لە ساڵی ١٩٧٩ خاوەنی دەنگی شیعری خۆم بووم و کاریگەریی شاعیرانی کوردی ئەم سەردەمم بەسەرەوە نەبوو، کەوابوو دوای ئەم کۆمەڵە کۆ شیعرییانە و ئەم قۆناغی ئەزموونانەی شیعرم پێدا ڕۆیشتووە ئەم کاریگەرییە هەر نییە. ڕەنگە زۆرجار ناڕاستەوخۆ هەندێک دەقی جوان کاریگەریی بەسەر ئەوانی تردا هەبێت، بەڵام بۆ من دەمێکە ئەم کاریگەرییە نەماوە.

**ڕامان:** شتێک هەیە لە داهێنانی شاعیر- نووسەرێکدا کە بۆ کورد بنووسێ ئەویش قووڵی بیرکردنەوە و نووسینە، بەڵام کەرستەکانی کوردی نین. لە کۆ شیعری (سەمای بەفری ئێواران) وەک لە نووسینەکانمدا باسم کردووە، ئەو کەرستانەی ناو واقیعی کوردەواریتان هێناوە و بەجوانی بەکارتان هێناون، هەست دەکەم لە کۆ شیعری (گەرم نەبوونەوە) سیمایەکی کاڵی ئەم ئەزموونەتان بەردەوام بووە، داخەکەم لە پاشان وردە وردە کەرستە کوردییەکانت لە کۆ شیعرەکانت ون بوون، تۆ دەڵێی چی؟

**جەلال بەرزنجی:** قووڵ و ناسک نووسین و خەڵق کردنی شیعر لە ناوچە نزیکەکانی ڕوح و خود زۆرجار وابەستەی کەرستەی خۆماڵی، یان جیهانی نین و شیعر هەمیشە لێمانەوە نزیکە ئەگەر ئێمە بتوانین ڕاوی بکەین. ڕاست دەکەی کاتی خۆی جوانت لەسەر (سەمای بەفری ئێواران) نووسی، کەرستەکانی ئەو کۆ شیعرە شتی ناو ژیان و سروشت و ڕوحە نیگەران و عاشقەکان بوون، ڕستە شیعرییەکان پێوەندییان هەبوو بە حاڵەتی وێنەکانی دەرەوەی حاڵەتە شیعرییەکان و گرتەی هێمنی سینەمایی و درامیان تێدا بوو، بەڵام لە دیوانی دووەمم زمان و کەرستەکان و دیدگای خوڵقاندن و ئەتمۆسفیری شیعر نووسین ئازاد تر و چڕتر بووەوە. شیعرەکان زیاتر بەرەو شۆڕبن و پاک بوونەوە لە شتە زیاد و کاڵەکان بووەوە، بەڵام هەست دەکەم کۆ شیعری (گەرم نەبوونەوە) کە لە ساڵی (١٩٨٥) نووسیم باش نەخوێندرایەوە و لەسەری نەنووسرا، چونکە سەردەمەکەیشی جیاواز بوو بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوە، خۆم هەر چەند مانگێک دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کۆ شیعرە لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر گیرام، سەردەمەکەش سەردەمی پێش ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بوو، ئیرهاب و سیاسەتی تۆقاندنی بەعسی فاشی لەترۆپکی بەهێزیدا بوو بەرامبەر بە گەلی کورد.

دوایی هەمیشە بە پێی قۆناغی ئەزموونەکانی شاعیر زۆرجار کەرستە و زمان و ڕامان دەگۆڕێ، بەڵام دەبێ ئەم گۆڕانە بۆ جوانتر کردن و نەمر کردنی شیعر بێت.

**ڕامان:** بەلای تۆوە پێوەر بۆ خەڵاتکردنی شاعیرێک چییە؟ وەک شاعیرێک لە کەنەدا خەڵات کراوی، ئەو خەڵاتانە چۆن دەبینی کە تا ئێستا بە نووسەران و شاعیران دراون؟

**جەلال بەرزنجی:** بەلای منەوە پێوەری خەڵات کردنی شاعیر دەبێ توانا و بەخششی بەردەوامی بێت بۆ داهێنان و چیتر نا. بەڵێ شیعری (شەڕ) و (پیاسەیەک لەگەڵ ئاشتی) لە پێشبڕکێی (شیعر بۆ ئاشتی) لە ساڵی (٢٠٠٢) کە پەرلەمانی کەنەدا ڕێکی خستبوو ڕێزی لێنرا، بەبێ ئەوەی منیان دیبێت و لە نزیکەوە بمناسن،

یان خەڵکی ئەم وڵاتە بم من ڕێزم لێنرا لەسەر بنەڕەتی دەقەکە دوور لە تەزکییەی حزبێک، یان گرووپێک، یان برادەراتییەک، یان بۆ پروپاگەندەی سیاسی.. نەخێر ئەم جۆرە چالاکی و کارانە خەڵکی پسپۆر دەیکەن و دەمێکە لە کاری سیاسی و حزبی و میزاجی کەسێتی جیا بۆتەوە، بەڵام بەداخەوە ڕێزلێنان لای خۆمان کەمتر لەسەر بنەڕەتی داهێنان و بەردەوام بوون و دەقی مەزنە، ڕێزلێنانەکان زیاتر بۆ پروپاگەندەی سیاسی بوون، میزاجی کەسێتی و تەزکییەی حزبی و برادەرایەتی زیاتر ڕۆڵیان هەبووە لەم ڕێزلێنانانەدا. گەورەترین داهێنەر ئەگەر پشتگیرییان لەناو ئەو لایەنەی ڕێزلێنانەکە دەکات نەبێت، کەس لە بیری نییە نالێم هەمووی، بەڵام زۆربەی ڕێزلێنانەکان بۆ موجامەلە و پروپاگەندەن.

**ڕامان:** زۆر باسی ون بوون و دواکەوتنی (ڕەخنە) دەکرێ کە شانبەشانی دەقە ئەدەبییەکان نارِوات. ئەم بیروڕایەش زیاتر ئەو کەسانە دەیلێن کە خۆیان پێ داهێنەرە و لە (ڕەخنە)ش خۆیان پێ گەورەترە، لە کاتێکدا (ڕەخنە)ش نووسینی تێکستی دووەمە لەسەر تێکستی یەکەم و بە قەدەر بەخشش و داهێنانی یەکەم بوونی هەیە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

**جەلال بەرزنجی:** من خۆم پێ داهێنەرە، بەڵام مانای وانییە خۆم پێ لە ڕەخنە گەورەتر بێت. ڕاست دەکەی زۆر ڕەخنە بە قەدەر تێکستی یەکەم بەخشش و داهێنانی هەیە و پەی بە شتە پەنهان و شاراوەکان دەبات و ڕەهەندی نوێ لە دەقدا دەدۆزێتەوە، بە مەرجێک ڕەخنەگر خاوەنی ڕۆشنبیری و حسێکی جوان و پێشینەیەکی کولتووری باش بێت. من زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونە دانیم کە دەڵێن ڕەخنە هەمیشە پەراوێزی دەقە و ئەگەر دەق نەبووایە ڕەخنە نەدەبوو، ئەوە وەک بوون، بەڵام چۆن و بەچی پێوانە و کەرستەیەکی ڕۆشنبیری و دیدێ کار لەسەر دەق دەکەیت؟ ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانی ڕەهەندی تر و دنیای تر لە دەقدا بدۆزیتەوە. بەڕای من هەر لە سەرەتاوە بزاڤی (ڕەخنە) لەناو ئەدەبی کوردیدا لاواز بووە، زیاتر وەک دەڵێن شیکردنەوە و تەفسیر کردنی ئاو بووە بەئاو، میزاجی کەسێتی و گرووپ و دواکەوتن لە زەوق و کەمتر گەڕانەوە بۆ سەر دەق و بە دەق وێران کەمتر بووە.

**ڕامان:** ئافرەت لە نووسین و شیعری ئێوە چ پانتاییەکی گرتووە؟ ئایا بە ڕای تۆ ئافرەت توانیویەتی لەسەر نەخشەی داهێنان و ڕووناکبیری ئێمەدا کاری بەرچاو بکات؟

**جەلال بەرزنجی:** من هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنم هەوڵم داوە شیعرەکانم لە بە وەزیفە هەڵسان دەرباز بکەم و شیعر نووسین لای من زیاتر ئازادییەکی ڕەها بوو، تێکەڵ کردنی هەموو توخم و مەخلوقەکان بوو، ئافرەتیش چ وەک دایک و میهرەبانی و چ وەک جوانی و مرۆڤ تەواوکەری لەزەت و ساتە ئۆرگانیزمییەکان لەناو شیعرەکانمدا خۆی لەگەڵ شتەکانی تر تواندۆتەوە. ڕەنگە سیمای ئافرەت وەک توخمێکی ئیستێتیکایی بدۆزرێتەوە. بۆ خۆشیان توانیویانە کاری بەرچاوی ڕووناکبیری و ئەدەبی بکەن و هەندێک خۆیان لە پاشکۆیەتی ئیحساسی پیاوانە ڕزگار بکەن.

**ڕامان:** شیعر لەلای تۆ چەند پشکی خۆی لە واقیع وەردەگرێ؟ یان چەند تێکەڵە لە واقیع و فەنتازیا؟ یان هەر بە تەنیا خەیاڵ و فەنتازیایە؟

**جەلال بەرزنجی:** شیعر هەمیشە لەناوچەی خەیاڵ و فەنتازیا نزیکە و دواجار کەشتە واقیعییەکان بە نا واقیع و دیارەکان دەکاتە نادیار، یان هەستییەکان دەکاتە نەست و دەگەڕێتەوە ناوچەی خەیاڵ و فەنتازیا تا لە ستایلێکی هونەریی جوان بێتە دەرەوە، پێش ئەوەی شیعر وەک بوونەوەرێک بۆ جوانی لەلایەن شاعیر بخوڵقێنرێ پشکی خۆی لە زەوی و ئاسمان دەبات، لە خەون و واقیع دەبیات، بەڵام دوای ئەوانە هیچیان نا ناسیتەوە و دەبنە مەخلوقێکی تر.

**ڕامان:** باس لە کێشەی گەورە دەکرێ کە واقیعی ڕۆشنبیریمانی خنکاندووە و ڕۆشنبیری کورد توخنیان ناکەوێ، بەلای تۆوە ئەو کێشانە لە چیدا خۆیان دەنوێنن؟

**جەلال بەرزنجی:** بە تەواوی نازانم مەبەستت کام کێشەی گەورەن، بەڵام ڕاست دەکەی زۆر کێشە هەیە نەهاتوونەتە ناو ناوچەی کولتووری و واقیعی ڕۆشنبیریمان و لە ناوچە (حەرام کراوەکان) یان (پەی پێ نەبراوەکان) ماونەتەوە و ڕۆشنبیرانمان زۆربەیان هێشتا لە ناوچەیەکی کۆن و سەلەفیدا کار دەکەن، لەو ناوچە کۆنانەدا کار دەکەن کە ناتوانین بیگۆڕین، چونکە هەمیشە ڕابردوو ناگۆڕدرێ. بەلای منەوە ئەوەش پێوەندی بە ئازاد نەبوونی لیبرالانەی

**من خۆم پێ داهێنەرە، بەڵام مانای وا نییە خۆم پێ لە ڕەخنە گەورەتر بێ**

ڕۆشنبیران و دەسەڵاتە سیاسییەکان و دامــودەزگــا ڕۆشنبــیــرییــەکــان و دواکـەوتوویی ئـەزمـوونی ئیش کـردن لەگەڵ کایە مەعریفییەکاندا هەیە، پێــوەندی بەنەکــرانەوە و دیالۆگی ڕۆشنبــیــریی لەگــەڵ دەرەوەی دنیــای کــوردەوە هەیە، پێــوەندی بە ڕوونەدانی ڕیفـۆرمی ئایینی و سـیــاسی کۆمەڵایەتی و سێکسییەوە هەیە.

**ڕامــان:** سیاسەت چەند خزمەتی شاعیر دەکات؟ ئایا فەزای ئازادییەکانی لێ بەرتەسک ناکاتەوە؟

**جــــەلال بەرزنجی:** سیـاسی و شـاعیـر هەردووکیـان ئینتـمـایان بۆ خـاک، یان زێد هەیە، بەڵام بە ڕێگەی جیـاواز. بەلای منەوە هەمـیـشـە شـیـعـر لە سـەرووی سـیـاسـەتەوەیە، زۆرجـار ئەو ئاڵۆزی و پیس بوونە ڕوحییەی سیاسەت لای مرۆڤی دروست دەکات، شیعر هەوڵی پاک کردنەوەی دەدات، ئەو دنیایە و ئەو بەهەشتە ون بووەی شـاعـیـر شـیـعـری بۆ دەنووسێ، لەم دنیـایە جوانترە کە لەناو سـتـراتیـژی حزبێکی سیاسیـدا دیاری کـراوە. ئەو ئازادییـەی شـاعـیـر بۆ مـرۆڤی داوا دەکـات جیاوازە لە ئازادییە سیاسییەکان کە بۆ مرۆڤیان دەوێت، بۆیە زۆرجار سیاسی و شاعیر هەریەکە و لەسەر هێڵێکی شـەمـەندەفـەر دەڕۆن و ڕەنگە پێک نەگـەن. زۆرجـار سیاسـییـەکان هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی ئەتمۆسفیری ئازادیی ڕەها و لیبـرالانەی شاعیـر دەدەن و هەوڵ دەدەن شـاعـیـر ببـێـتـە پەراوێزی سـیـاسـەت و شـیـکەرەوەی ئایدۆلۆژیاکانیـان کـە ئەمە کـاری شیـعر نییـە. زۆرجـار سیاسییەکان وا لە شاعیر دەکەن هەڵکشێتە بارەگاکانی ئەوان، بەڵام ئەوان ئامادەنین بێنە خوارەوە بۆ لای دەقی ئەوان. بە ڕای من سیـاسـەت خزمـەتی شیـعـر ناکـات، چونکە هەموو سیاسەتێک ئایدۆلۆژیایەکی لە پشتەوەیەو شاعیـر زیاتر خزمـەتی سیاسی دەکات لە پاککردنەوە و بەرەو کەماڵ بردنی مرۆڤ و داکۆکی لێ کردنی بە هێمنی و بە ئارامی.

**ڕامــان:** لە شیعرەکانتدا چۆن مامەڵە لەگەڵ (ڕەمز) و (ئەفسانە)دا دەکەیت؟

**جــــەلال بەرزنجی:** ڕەمز توخـمـێکە سـەر بە نیـهـاد و ئیستێتیکای شیعر، زۆرجار ئەوەی ناتوانین بە ڕستەی ئاسـایی بیـخـوڵقـێنین، بە ڕەمـز دەیخـوڵقـێنین، ڕەمـز چڕکردنەوەی واقیعە و گواستنەوەی شتەکانە لە بازنەکانی ناو مـادده و مـەتریالەکـان بۆ ناو بازنەی ڕوح و شـتـە

**ڕوانگە**

**هیچ تەئسیرێکی لەسەرم بەجێ نەهێشتووە**

پەنهـانەکـان، بە شـیـعـر دەچینە ناو دنیـــای خـــەون و نـەست و ئازادیی تەواو. ئەفـســانـەش هەروا، چونکە شـــتـــێکە لـە دەرەوەی لۆژیـک و بەزمانێکی شیعر نووسراوە و کات و شوێن تێیدا جیـوەییە، ڕووداوەکان زۆرجار درامین و لە خەیاڵ و بەرەڵڵابوونی ئەندێشـەوە نزیکن، بۆیە شـاعـیـر هەمـیـشـە سـود لە ئەفـسـانە وەردەگرێ، یان بۆ خـۆی لە شیعردا هەوڵی خوڵقاندنی ئەفسانە دەدات، بۆیە ڕەمز و ئەفسانە دوو کـەرسـتـەی جوان کردنی شـیـعـرن ئەگـەر بە دیدێکی شاعیرانە بەکاربهێنرێن.

**ڕامـان:** چەند لە ڕۆشنبیریی شاعیـرانی ئەمڕۆکەی کورد ڕازیت؟

**جــەلال بەرزنجی:** من لەگەڵ هەر هەمـوو شـاعـیـرانی ئەمــڕۆکــە دیالۆگی ڕۆشنبــیــریم نەکــردووە تا بزانم ڕۆشنبـیـرییـان، یان (باگراوندی) ڕۆشنبـیـرییـان چەندە، بەڵام زۆرجـار لە خـوێندنەوەی دەقـێکی شـیـعـری، یان ئەدەبی دەتوانرێ ئاسـتی ڕۆشنبـیـریی نووسـەرەکە دیاری بکرێت. شـاعـیـرانی نوێخـواز و وەچەی من کـە لە حەفتاکانەوە دەستـمـان پێکرد، زۆربەمان هەمـیـشـە و بەردەوام لەخۆ ڕۆشنبیر کردن و بەدواداچووندایین، کێڕڤی شیـعر نووسینمان ڕووە و هەڵکشانە، بەڵام هەمیشـە لە ڕۆشنبیریدا سنوور و ڕازی بوون نییە. من هەمیشە لەبەر خـۆم ئەم قـسـەیەی (سـوقـراتی) فـەیلەسـووفی گـریک دووبارە دەکەمەوە کە گوتوویەتی: **(من ئەوەندە دەزانم کە هیچ نازانم).**

**ڕامــان:** چەند لە بەرامبەر (زمان) گرفتت هەیە؟ ئایا هەست دەکـەیت زمــانی کــوردی گــوزارشــتی لە ناخ و دیدگای تۆ کردبێ؟

**جـەلال بەرزنجی:** لەبەر ئەوەی شیعر زیاتر لە پێوەندی نهـێنی و سـیـحـری نێـوان وشـە پێک دێت و شـیـعـر گوزارشت کردن، یان شیکردنەوەی دەوروبەر نییە. شاعیر هەمیشـە هەست بە گرفت دەکات، من بۆ خۆم زۆرجار ئەم گرفتەم هەبووە، زمانی کوردیش لەبەر هەژاری و نەبوونی بە زمانێکی (ستاندار) و لەبەر ئەوەش هەموو وشەکانی کۆنەکراوەتەوە، ئەویش لەگەڵ شتـەکانی تر کـەوتۆتە بەر شاڵاوی سڕینەوەی کولتوور، زمانەکەمان لەم ڕەوشە دایە، گـەر واش نەبێت فـرمـان هەمـیـشـە ئاسـتـەنگە لەبەردەم خوڵقـاندن. ئەم پرسـیـارە ئەو قـسـەیەی بیـرهێنامەوە کە (نفیری) گوتوویەتی: (هەرچەندە ڕۆشنبیری فراوان بێت،

**بۆ خۆم هەست ناکەم بە هیچ دەقێکی کوردی سەرسام بووبم و لە ڕووی داهێنانەوە ئەدەبیاتی کوردی ئەو کاریگەرییەی بەسەرمەوە نەبووە**

ڕستەکان و گوزارشت لێ کردنیان تەسک دەبنەوە).

**ڕامان:** خوێندنەوەی بونیادگەری بۆ شیعر چۆن دەبینی؟

**جەلال بەرزنجی:** بونیادگەریش میتۆدێکی ترە کە لە سەدەی بیست لە ئەوروپا پەیدا بوو بۆ لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکان و ئیش کردن لەسەر پێکهاتەکانی ناوەوەی فۆرمی زمان، لە ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزی وەک ئێمە زیاد لە پێویست خۆیان بەم میتۆدەوە خەریک نەکردووە، وەک ئەوەی کۆتایی میتۆدە ڕەخنەییەکان بێت، لەوێ حاڵەتەکان بۆ هەموو میتۆدەکان کراوەن، پێم باشە ئەم میتۆدەش هەبێت، بەڵام بە تێگەیشتن و هەرس کردنی تەواوی میتۆدەکە، نەک بە خوێندنەوەی یەک دوو وتار، یان کتێبێکی وەرگێڕدراو لە بارەیەوە.

**ڕامان:** شیعر خوێندنەوە لە کۆڕەکاندا لە ساڵی حەفتاکان تا ئێستا بە هەمان شێوە و تەکنیک دەخوێندرێتەوە، تۆ دەڵێی چی؟

**جەلال بەرزنجی:** دیارە شاعیرەکان هێشتا لە ڕوحی پڕ لە حەماس و هەراو زەناو وتاری نەتەوەیی زەق و ئەتمۆسفیری خیتابدا دەژین. ئێستاش دەڵێی شیعر بۆ ئەوە دەخوێننەوە خەڵک بچێ بۆ شاخ و گرنگی تفەنگی لەلا بێنێ، ئێستاش شاعیرەکان دوای هەر بڕگەیەکی شیعریی کە دوای دەنگ هەڵبڕین و هەڵچوون لێی دەبنەوە چاوەڕوانی چەپڵەیەکی زۆر قایمن، من دەڵێم ئەو سەردەمە، سەردەمی هێمن بوونەوە و شەفافیەت و ناسکییە، بۆیە دەبێ شاعیرەکان بزانن ئێستا (٢٠٠٦)ە و شیعر لە ناوچەیەکی ترە.

**ڕامان:** وەک شاعیرێک ڕەخنەی کوردی چەند ئاوڕی لە شیعرەکانت داوەتەوە؟

**جەلال بەرزنجی:** ڕەخنەی کوردی زۆر کەم ئاوڕی لە ئەزموونەکانی شیعری من داوەتەوە، کۆ شیعری یەکەمم (سەمای بەفری ئێواران) (ئازاد عەبدولواحید) ڕەخنەیەکی جوانی لە گۆڤاری (بەیان) لەسەر نووسی، (دڵشاد مەریوانی) نووسەری شەهید شتێکی لەسەر نووسی. برای نووسەر (ڕەوف عوسمان) بە جوانی ئاماژەی پێدا. کۆشیعری (گەرم نەبوونەوە) هیچی لەسەر نەنووسرا و ساڵی ١٩٨٥ وەک پێشتر باسم کرد (کۆ شیعر)ێکی بەدبەخت بوو. نۆ ساڵە لە تاراوگە لە کەنەدا دەژیم، نازانم ئەگەر شتێک نووسرابێت؟ ئەوەی لەم دواییە لەسەر شیعرەکانم نووسران ئاماژە پێکردنێکی برای شاعیر و نووسەر. (د. فەرهاد پیرباڵ) بوو لە گۆڤاری (ئاینده)، نووسینێکی کورتی (تەڵعەت تایەر) بوو لە (ئاینده)، هەروەها نووسینێکی برای شاعیر (سامی هادی) بوو لە ڕۆژنامەی چاودێر، نووسینێکی درێژی برای نووسەر (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) بوو لە چاودێرو دواییش لێکۆڵینەوەیەکی تری برای نووسەر (ئازاد ئەحمەد مەحموود) بوو لە گۆڤاری ڕامان.

**ڕامان:** تەمومژی دەستکرد چۆن دەبینی؟ شاعیرانی ئەمڕۆکە بۆ ئەوەندە ڕوودەکەنە تەمومژ؟ ئایا هۆیەکەی سایکۆلۆژییە، یان کۆمەڵایەتی، یان سەردەمەکە سەپاندوویەتی؟

**جەلال بەرزنجی:** تەمومژ لای شاعیری داهێنەر و بە ئەزموون ئیستێتیکا و هونەر و زوو خۆ بە دەستەوە نەدان دەدات بە دەق و دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی قەسیدە و دیاردەیەکی جیهانیش بووە. زۆر لە شاعیرە ناسراوەکانی دنیا، شیعری تەمومژاویان نووسیوە، بەڵام ئەو تەمومژەی شاعیری بێ ئەزموون و بێ ڕۆشنبیریی و بێ بەهرە بە نەزانی و کاڵی و زۆر لەخۆ کردن و دەستکرد بەکاری دەهێنێ، شاعیر تووشی سەرلێشێوان و شیعرەکە بێ سەر و بەر و ئێسک گران و ناشیرین دەکات. زۆرجار بەکارهێنانی ڕەمز بەهۆی نەبوونی سەربەستی شیعر نووسین پەیدابووە، بەڵام لای شاعیرانی جیهان، ڕێبازێک بووە بۆ شیعر نووسین و هەندێک جاریش باری ئاڵۆز و نادیاری شاعیر دروستی کردووە و شیعرێکی تەمومژاوی ناشرینی لێ کەوتۆتەوە.



# دیمانەیەک لەگەڵ سەید مووسا دیباج

و. ئا: دڵشاد خۆشناو
(تاران)

سەیید مووسا دیباج سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی وەرزنامەی «نامە فلسفە»یە، «نامەی فەلسەفە» گـــۆڤـــارێکی وەرزییـــە لەلایەن مەڵبەندی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان لە ئێـــران دەردەچێت. یەکـــەمین ژمارەی ئەو گۆڤارە لە پایزی ساڵی (١٣٧٦)ی هـــەتـــاوی، (١٩٩٧) زایینی دەرچووە، بابەتەکـــانی ئەو گۆڤارە بابەتی هەمەجۆر و چڕوپڕی فـەلسـەفین، وەک: هێـرمـینۆتیک، فەلسەفەی بونیادی، فەلسەفەی دیاردەناسی، فەلسەفەی ئیسلامی فـــەلســـەفـــەی نوێ، مـــەنتـــیق و فـــەلســـەفـــەی مـــەنتـــیق، پۆست مۆدێرنیزم، فەلسەفەی ئەفلاتوونی و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و نوێ و...تاد.

بە مەبەستی ئاشناکردنی زۆرتری خـوێنەرانی کـورد بەم گـۆڤـارە و کـارەکـانی دیمانەیەکـمان لەگـەڵ سـەرنووسـەری ئەم گۆڤارە ئەنجام دا و چەند پرسیارێکمان رووبەڕوو کردەوە، ئەویش بە تێروتەسەلی بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

* بەڕێز سەید مووسا دیباج، پێش چوونە ناو فەلسەفە، تکایە باسی خۆتان بکەن؟

– من سوپاستان دەکەم کە بۆ ئەم دیمانەیە ئەو ڕێگا دوورەتان بڕیوە، زانیارییەکانی ژیانی تاکێک بۆ زانینی بیروڕاکانی دەکرێ دەرگایەکی چاک بێت بۆ شۆڕبوونەوە بەناو کونج و کەلێنەکانی بیروڕای ئەوکەسە.

من لە سەردەمی زۆر زوودا، دەتوانم بڵێم هەر لە منداڵیمەوە حەزم لە فەلسەفە بووە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لە هەڵبژاردنی بەشی خوێندندا، یەکەمین هەڵبژاردنم فەلسەفە نووسی و دووەم مافم نووسی، کە دواتر لە بارەی ئەو دوو بابەتەوە پتر کارم کرد و بەشێوەیەکی زانستی خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە بووم.

من لە شاری ئیسفەهان لە دایک بووم، هەڵبەتە شاری ئیسفەهان ماوەیەک لانکەی فەلسەفە و حیکمەت بووە لە ئێران، لە خێزانێکی نەتەوەیی لە دایک بووم. لە تاران گەورە بووم، چونکە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم هاتووینەتە تاران. هەڵبەتە بۆ درێژەپێدانی خوێندنم چوومەتە ئەمریکا، لە بەشی فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمانی و فەلسەفەی هێرمینۆتیک ماستەر و دکتۆرام وەرگرتووە. هەڵبەتە ڕابردووی زانستیی من بۆ ساڵانی دەیەی شەستی هەتاوی دەگەڕێتەوە یەکەمین گۆڤاری سیاسەتی دەرەوەی گۆڤاری ئیسلامی ئێران من بەڕێوەم دەبرد و پاشان ڕووم کردە دەرەوەی ئێران بۆ درێژەدان بە خوێندن. ئێستاش گۆڤاری «نامە فلسفە» بەڕێوە دەبەم. دیارە بواری کارکردنی من فەلسەفەیە، بەڵام لەبواری تریش کارم کردووە، یان بڵێین پایەی زانستیی زانستەکانی جۆراوجۆری تریشم خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە بواری زانستی بەڕێوەبردن بگرە تاوەکو پالیتیس تا مەس میدیا و بیناسازیش بەم دواییە وتارێکی بیناسازیی من لە گۆڤاری کولتوور و بیناسازی چاپ و بڵاوبووەوە لەژێر ناونیشانی «ئەگەری ڕوو، ڕووی شوێن» وتارێک بوو لە بارەی کاریگەری بونیادی زانستی بیناسازی لە دروستکردنی ئاگادارییەکانی فەلسەفی لە شوێن. بەو

**فەلسەفە ئەو توانایەی هەیە لە زانستەکانی تر و لە گریمانە بەراییەکانی زانستەکانی تر بەشداربێ، یان بیانخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە**

هۆیەی کە ماوەی حەوت ساڵ لە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی کارم کردووە، چەندین وتارم لە بواری سیاسیدا نووسیوە، یەکێکیان بەناوی هێرمنۆتیکی سیاسییە کە لە یەکێ لە ژمارەکانی «نامە فلسفە» چاپ و بڵاو بۆتەوە، لەو وتارەدا باسی ئەگەر و هەلومەرجەکانی هێرمنۆتیکی سیاسیم کردووە. چەندین بابەتی جۆراوجۆری ترم خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە، یەکێ لە وانە مەسەلەی ئاشتییە کە لێکۆڵینەوەیەکی چڕم لەسەر کردووە، سەبارەت بە نووسینەکانی کە پێوەندییان بە زانستەکانی ترەوە هەیە وەک بەڕێوەبردن چەند کارێکم کردووە وەکو چالاکیەکی زانستی لەگەڵ کارە فەلسەفی و زانستییەکانی ترم، چونکە لە ئەنجومەنی زانستیی بەڕێوەبردن لە زانستگای تاران بەشداریم کرد، لەوێدا چەند وتار و شرۆڤەیەکم لەسەر پێوەندی بەڕێوەبردن و فەلسەفە نووسی، ئەوانە هەندێکیان چاپ بوون و هەندێکیشیان ماون، هەڵبەتە کاری وەرگێڕانیشم هەیە، لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام گرنگی کاری ئێستامان ئەوەیە کە من ئێستا لە گۆڤاری وەرزی «نامە فلسفە» وەکو سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین خەریکی کارکردنم، ئەو کارانە جگە لەکارە ئەدەبییەکان بوو. لە بواری ئەدەبیشدا، کتێبێکم هەیە کە دەقێکی ئەدەبییە بەناوی «لەیلی» کە داستانی ژیانی، لەیلای مەعشووقەی مەجنوونە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کە تا ئێستا باس کراوە، چونکە بەگشتی تا ئێستا هەر گرنگی بە ڕۆڵی مەجنوون دراوە، بەڵام من لەو دەقەدا گرنگیم داوەتە لەیلا و باسی ڕۆڵی ئەوم کردووە کە چۆن ئەویش عاشق بووە، هەڵبەتە ئەوەش بە زمانی پەخشانە شیعر، نەک وەکو لێکۆڵینەوە، کە هێشتا چاپ نەکراوە، پوختەی چالاکییە زانستییەکانی من ئەوەبوو، هەڵبەتە هەندێ شتی تریش هەن، بەڵام هێشتا هەر لە قۆناغی ئەندێشەن و نەهاتوونەتە سەر کاغەز.

* لە پێشەکی ژمارەی یەکەمی وەرزنامەی «نامەی فەلسەفە»دا دەڵێت: فەلسەفە زانستێکی باڵایە و باڵاترین زانستیشە، ئەو ڕستەیە چۆن لێک دەدەنەوە؟

– دۆستی ئازیزم پرسیارێکی زۆر گرنگت هەڵبژاردووە،

چونکە ئەوە چکێنراوی بانگێـــشـــەی هەمـــوو فەیلەسووفەکانی جیهانە. ئەو بانگێشەی فەلسەفە و فەیلەسووفەکان خۆی لە خۆیدا جێگای باسێکی درێژە کە ئایا فەیلەسووفان هێندەی کە گرنگی بە فەلسەفە دەدەن و فەلسەفە وەکو چوارچێوە و پێشکەوتنێکی مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن، لەجیهانی ڕاستیی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو کارە هاتۆتە ئەنجام؟ ئەوە خاڵێکی ترە، بەڵام هێشتاش گفتوگۆی فەلسەفە لە چوارچێوەی خودی فەلسەفە لە ژێر تیشکی ئەو خاڵەیە کە بەرزترین زانست چۆن وەدەست دێن و بەرزترین زانست چییە، چونکە زانستەکان چەند مەرجێکیان هەیە و گریمانە بەراییەکانی کە پایەکانی بۆچوون و گەواهیدەرەکان پێک دەهێنێ، فەلسەفە وەک بڵێین تێکۆشانێکە بۆ ئازادبوون لەو گریمانە بەراییانە. هەم لەو لایەنەی کە چەمکەکانی وەکو: وجوود (هەبوون) و هەستی کە بەرفراوانترە لە چەمکەکانی ترو تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە بانگێشەمان دەکات بۆ جۆرە میتاڕوانین، (ئەوپەڕ ڕوانینێک) و شێوەی لێکۆڵینەوەی کە خودی فەیلەسووفەکان لە مێژووی ئەندێشە دروستیان کردووە. مۆڵەتی ئەوە دەدات کە بە ڕاستی زانستی فەلسەفە پێشکەوتووتر بزانین، هەڵبەتە پێشکەوتووترە لە زانستەکانی تر، بەو مانایانەی کە:

١- زانستی فەلسەفە زانستێکە کە لە زانستەکانی تر پتر دەمێنێتەوە. ئەوەش دەتوانین لە خوێندنەوەیەکی مێژووی زانیارییەکان بە ئاسانی تێبگەین.

٢- نەک تەنیا مانەوەکەی، بەڵکو لایەنە ئیعتبارییەکەی کە زانستی فەلسەفی لە زانستەکانی تر لە بە یەقین گەیاندنی شتەکان، هەر ئەو بە یەقین گەیشتنەشە کە زانستی فەلسەفە لە زانستەکانی تر جیادەکاتەوە. زانستەکانی تر پێویستیان بە گۆڕانی مرۆڤ نییە بۆ مەسەلەی یەقین، تەنیا لە زانستی فەلسەفەدایە کە ئەو زانستە وەک بڵێین دەپاڵێورێت. وەکو ئەوەی جۆرە ئامێرێکی پاڵاوتنی دەروونی هەیە کە ئەو زانستە دەپاڵێون و هەر ئەو مەسەلەی «ئیدغام» شاردنەوەی مەسەلە فەلسەفییەکان بە جۆری تێڕوانینێک، کە وەک بڵێی سەرنج دەداتە یەقین و ڕاستییەکانی ئەو زانستە. ئەو دوو خاڵە زانستی فەلسەفە لە زانستەکانی تر جیادەکاتەوە.

٣- خاڵی سێیەم ئەوەیە کە ئەم زانستە زانستێکی تاقانەیە کە بەشێوەیەکی بە ڕاستی سەرسوڕهێنەر ئەو دیاردە فەلسەفییە لە دیاردە زانستییەکانی تر جیاکردۆتەوە و هەر بەم هۆیەوە دەبینین بۆ فێربوونی فەلسەفە پتر لە هەر کەسێکی تر پێویستیان بەوە هەیە کە بگەڕێنەوە بۆ فەلسەفە سەرەتاییەکان، دەتوانین بڵێین زانستی فەلسەفە نەک تەنیا کۆن نابێت، بەڵکو لێرەدایە کە تاقانە بوونی خۆی نیشان دەدات کە ئێمە ئەو شتە لە زانستەکانی تر بە هیچ شێوەیەک نابینین، ئێستاش لە دیپارتمانە بەناوبانگەکانی جیهان دیپارتمانە چاک و پێشکەوتووەکانی فەلسەفە، وەکو قوتابخانەی فەلسەفە میللییەکان، هیچ جیاوازیان نییە لەوەی کە فەیلەسووفە مەزنەکان وەکو بونیادنەرێکی کارەکانی خۆیان دادەنێن.

٤- فەلسەفە ئەو توانایەی هەیە کە لە زانستەکانی تر یا لە مەبدەئەکانی زانستی تر و لە گریمانە بەراییەکانی زانستەکانی تر بەشدار ببێت، یان ئەو زانستانە بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی خۆی. بۆ زانستەکانی تر ئەو جۆرە کارە شتێکی ئاسایی نییە، بە تایبەتیش بەرانبەر فەلسەفە.

٥- فەلسەفە لەو تاقانەیی خۆی دەتوانێ زانستێکی پێکەوە بەستراو بێت و بدرەوشێتەوە، هەر لەو تاقانەیی خۆی ئەوەی دروست کردووە کە توانایەکی زانستی تایبەتی هەیە.



ئەوانە چەند بەڵگەیەک بوون بۆ ئەوەی کــە بزانین زانســتی فــەلســەفــە زانســتــێکی باڵایە و باڵاترین زانستیشە، بەڵام جگە لەوانەش دەبێ بڵێین کە زانستی فەلسەفە لەو شوێنەی کە زانستێکی موتڵەق (ڕەها)یە، زانســتــێکە تەنانەت لەوەی کــە مــرۆڤ دەتوانێ زانست بدۆزێتەوە.

بەشێوەیەکی زۆر سروشتی و «زاتی» (خود) دەتوانرێ زانستی فەلسەفە بە زانستێکی بەرز دابنرێ، تەنانەت فەلسەفە دەتوانێ لە خودی خۆی پێشکەوتنی دەروونی لەخــۆیدا دروست بکات، ئەگــەر فــەیلەســووفــێک لەو باوەڕەدابێت کە خوا هەیە، ناڵێت خواوەند فەیلەسووفە، خواوەند فەیلەسووف نییە، بەڵام مرۆڤ کە فەیلەسووفە، خواوەند ئەگەر فەیلەسووف نییە ئەوە کەموکوڕی نییە، فــەلســەفــە تایبــەتە بە مــرۆڤ، زانســتی فــەلســەفــەش زانســتــێکی مــرۆڤــانەیە، نەک خــواوەندانە. هەڵبــەتە فــەلســەفــە بە جــۆرێک خــۆی درەوشاندۆتەوە وەک بڵێی سنوورێکە لەنێــوان زانســتی خــواو زانســتی مرۆڤ، چونکە بەهۆی ئەو زانستەوە مــرۆڤ بە ســەرچاوەی «هەســتی» و مەسەلەکانی ئەندێشــە پەی دەبات و لێرەدا بە ڕواڵەتێکی هەستی لەگەڵ زانست ڕووبەڕوو دەبێتەوە. هەروەها نوێنەری ئەو زانستەیە لە بەرانبەر ئەو زانستەی کە ئەگەر ئەســڵی هەســتی لە خــودی هەســتی هەیە و زانســتی خودایییە.

* چ پێناسەیەکتان بۆ هێرمنۆتیک هەیە و چۆن لێکی دەدەنەوە؟

– هێرمنۆتیک دەستەواژەیەکە لە ریشەی واژەی ناوی «هێرمس» دروست بووە. لە ڕاستــیدا هێرمس حــەکیم پێغەمبەرێک بووە. یان بڵێین فەیلەسووف پێغەمبەرێک بووە کــە یەکــەمین حــەکیــمی جیــهــان بووە و دەکــەوێتــە لێکدانەوەی جیهــان، بەم جۆرە دەبێتە هێرمنۆتیک کە بکەوێتە لێکدانەوەی هەستی یا جیهان یا کتێبی پیرۆز، ئەوە مــانای گشــتی هێرمنۆتیکە، بەڵام هێــرمنۆتیک لە ڕاســتیــدا زانستــێکە بە لێکدانەوەی کــتــێبی پیــرۆزەوە دەست پێدەکات و هەر ئەو زانستەشە کە زانا مەزنەکانی جیهانی مەسیحییەت لێکدانەوەکانی خۆیان لە کتێبی پیرۆزدا کردووە، وەکو ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا و لە جیهانی یەهوودیشدا زاناکان بە زۆر شێوەی جۆراوجۆر لێکدانەوەیان هەبووە بۆ کتێبە پیرۆزەکانیان. بە هەرحاڵ ئەم لێکدانەوانە ناخرێنە قاڵبی هێرمنۆتیکەوە، بەڵکو زانســتی هێــرمنۆتیک بە مــانای چۆنیــەتی لێکدانەوەی سەرچاوەیەکی ئایینییە، «شلایماخر» بناغەکەی بونیاد دەنێ، پاشان وردە وردە فــەیلەسووفــانی تر ئەو زانستــە پەرەپێدەدەن و پاشان «دیلتەی» دەمانگەیەنێتە سەردەمی نوێی خۆمان و پاشان «هایدگەر» و دواتریش «گادامەر» کــە دامــەزرێنەری هێــرمنۆتیکی نوێیــە. لە ڕاســتــیــدا «گــادامــەر» بە دەربڕینی ئەوەی کــە چۆن «مــەوجــوود»ی مــرۆڤ دەتوانێ لێکدانەوەی هەبێت و لێکدانەوە چۆن دەکرێت لەســەر «مــەوجــوود»ی مــرۆڤ، ئەوە بنچــینەی هێــرمنۆتیک دادەڕێژێت. هەڵبــەتە لێکدەرەوەی گــەورە هاتــوونەتە ئەو ڕێگەیــە و زۆر پەرەیان بــە زانســـتی هێــرمنۆتیک داوە. ئیــتــر زانســتی هێــرمنۆتیک، یا بڵــێین زانســتی لێکدانەوە، یا حیــکمــەتی تەفــسیــر، تاکە زانستــێکە کــە لە لقــەکانی تری فــەلسەفە پتر گرنگی دەداتە سنووری نێــوان زانست و فــەلســەفــەی ڕووت. هەر بــەم بۆنەیــەشـــەوە لە سنووری جیــاواز و بە دیســیــپلینی جیــاواز و بەشــێــوەی فــێــرکــردنی جیــاواز گــەشــەی کــردووە لە قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و لە زانستــە سروشــتــیــیــەکــان و بیــرکــاری و لە هەر شــوێنێکی تر کــە توانای هەبێت بۆ بەشێکی دەروونی زانست وەک بڵــێی گەیشــتۆتە سنووری کۆتایی خۆی. هێرمنۆتیک کەوتۆتە دوای ئەو زانســتــە تا ڕێگای تازە بۆ بەستی ئەو زانستــە دروست بکات. بەم بۆنەیەیە کــە هێــرمنۆتیک کــەوتۆتە مەڵبەند و خاڵی سەنگی نێوان زانستەکانی پەیوەست بە زانستەکانی مرۆڤ و زانستــەکانی سروشتی، وەک بڵــێی لە هونەر و سیاسەت و ماف و لــە زانستی وەکو بیرکاری یا فیزیا خۆی زۆر بە ڕوونی نیشان دەدات.

**فەلسەفە زانستێکی مرۆڤانەیە نەک خواوەندانە، بەڵام فەلسەفە بە جۆرێک درەوشاوەتەوە وەک بڵێی سنوورێکە لە نێوان زانستی خوا و زانستی مرۆڤ**

* سەبارەت بەهێرمنۆتیکی سیاسی چ دەڵێین؟

– من ئەو زاراوەم بــەکـــارهێناوە، بــۆ ئەوەی دەرکی پایەیی و ئسوولی لەو سروشتە دروست ببێت. ئێمە لە هێــرمنۆتیک لە زانســتی ســیــاسی چەند نیــشــانەیەکــمــان

هەبووە، بەتایبەت لەو بارەوەی کە چۆن خودی تەفسیری هەبوونی مرۆڤایەتی و ئەوەی کە مرۆڤ بە هەستی دەبێ وەڵام بداتەوە و تەنیا بوونەوەرێکە بە هەستی بە ئیعتباری دیدگای هایدگەری، تەنیا بوونەوەرێکە کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێ هەست بناسرێت و ئەوە بزانین کە ئێمە مرۆڤین و پێوەندییەکی پتەومان بە «هەست»ەوە هەیە، هەستی لێکداوەتەوە. بەڵێ ئەو جۆرە بوونەوەرە کە مرۆڤە چۆن گیاندارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە؟ واتە بۆ؟ واتە دەربڕینی ئەو پێوەندییەی مرۆڤ کە «هەست»ی هەیە و تەنیا بوونەوەرێکە پێوەندی بە هەستەوە هەیە چۆن بوونەوەرێکە جیا لە بوونەوەرەکانی تر، وەکو جیاوازیی کۆمەڵایەتی بوونەکەی ئەوانە و پێوەندەکانی نێوان ئەو دوو قەڵەمڕەوەیان دۆزیوەتەوە. پێی دەڵێین هێرمنۆتیکی سیاسی. یان بڵێین: ئێمە دەبێ ببینین چۆن لێکدانەوەی بونیادگەرانەی هەستی لە مەسەلە پەیوەستەکانی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕن و شێوەیەک بەخۆوە دەگرن لە بونیاد و ئەوانە وەکو گریمانە بەراییەکانی بونیادی مەسەلە پێوەنددارەکانی کۆمەڵایەتی دەناسرێن، ناسینی ئەوانە و نووسینەوەی ئەو بابەتانە لە چوارچێوەی زانستێک بەناوی هێرمنۆتیکی سیاسی خۆی دەدۆزێتەوە کە هەڵبەتە بە قووڵی و لەلایەن بونیادی، زانستێکی فەلسەفییە، زانستی نوێی فەلسەفەیە کە بە هێرمنۆتیک ناسراوە.

**هێرمنۆتیک شتێکی جیا نییە لە سرووشتی بوونی مرۆڤ**

* سەبارەت بە توانای خودی هێرمنۆتیک چیتان هەیە بیڵێن؟

– مەسەلەی ئەوەی کە چۆن زانستی هێرمنۆتیک لە دەروونی خۆیدا توانایەکی خودی هەیە کە ژیانی هێرمنۆتیک لە لقی جیاجیادا ڕێک دەخات و پەرەپێدەدات، ئەوە پێی دەڵێین توانای خودی هێرمنۆتیک، ئەویش بەو مانایەی کە: یەکەم هێرمنۆتیک و هێرمنۆتیک بوون شتێکی جیا نییە لە سروشتی بوونی مرۆڤ. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە ژیانی تێگەیشتنی تێدایە و ئێمە لەوەی کە تێدەگەین و بەو وتەی تێگەیشتن دیاردە هەست ناسییەکانمان دەناسرێن لە ژیانی خۆی دوور ناکەوێتەوە. ئێمە تێگەیشتنێکی وامان لە ژیانی خۆمان هەیە، یا بڵێین نابێ لەو شتانە بەدوای تێگەیشتندا بگەڕێین کە پێوەندییان بە بەشەکانی تری هەستی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو تێگەیشتن لەگەڵ ئەوانەیە و دەتوانم بڵێم پایەی سەرەکیی مرۆڤ دروست دەکات. بەم شێوەیە ئەو جۆرە تێڕوانینەی کە ئێمە لە هێرمنۆتیکدا لە مرۆڤ دەیبینین، بە شێوەیەکی تەواو هێرمنۆتیک لەگەڵ ژیانی مرۆڤ پێوەندییەکی پتەوی هەیە و ئەوە نییە کە ژیانی مرۆڤایەتی لە شوێنی خۆیدا پێویستی بە ناسینەکان هەبێت کە بە زانستی ئەزموونگەری و تاقیکردنەوە بسەلمێنرێن.

* چەمکی دەوڵەت لە هێرمنۆتیکی سیاسیدا چ زەروورەتێکی هەیە؟

– بەڵێ، ئەو پرسیارە لە ڕاستیدا پرسیارێکی «هیگڵی»یە، پرسیارێکە پێوەندی هەیە بە هیگڵ و فەلسەفەی مێژوویی هیگڵ، هەر لەوێشدا چەمکی سەرەکیی خۆی دەدۆزێتەوە. دەوڵەت بۆ هیگڵ دیاردەیەکی مێژوویی نییە کە لە دەرەوەی چەمکێکی تەواوکردنی دەروونی مرۆڤ مانا پەیدا بکات، یا بڵێین دەوڵەت نیازێکە بۆ وەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری و تەواوی چەمکەکانی کە هەندێ لە فەیلەسووفەکان پێشنیازیان کردووە، لەوانە ئارامیی مرۆڤ و وەدیهێنانی زەمینە بۆ گەشەی مرۆڤ و بۆ بەدەستهێنانی زانستەکانی تر کە یارمەتی مرۆڤ دەدا لە بەرانبەر سروشت و ژیان و مەسەلەکانی تری ژیان، دروست نەبووە. بە پێچەوانەوە دەوڵەت بونیادێکە لەگەڵ تەواوی چەمکەکانی بونیادی مرۆڤ واتا پەیدا دەکات، بێ دەوڵەت کامڵ بوون و پێگەیشتنی مرۆڤ مومکین نییە، تەنیا بە دەوڵەت و چەمکی دەوڵەتە کە مرۆڤ دەسەلمێنێ بە واتە ڕەهایەکەی ئێمەش تا ئێرە لەگەڵ بیروڕایەکەی هیگڵین و هەر بەم بۆنەیەش چەمکی دەوڵەت بە چەمکێکی پێویست دەزانین بۆ سیستەمی گشتی هێرمنۆتیک، بە تایبەتیش هێرمنۆتیکی سیاسی، لەسەر ئەو بنەمایە هیچ کات ناکرێ وێنا بکرێ بۆ مرۆڤ کە هەر لە بنەڕەتەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، دەوڵەت پرۆسەیەکی فەلسەفییە کە مرۆڤ بۆ نیازەکانی خۆی وەدیهێناوە، یان

بڵێین هەر دەوڵەتە کە نیازەکانی مرۆڤ وەدەست دێنێ، شێوە دەگرێ و دەبێتە هاوگونجانێکی قۆناغەکانی ژیانی دەوڵەت. هەر بۆ ئەوەش چەمکی دەوڵەتی هیگڵی بە هەموو گرنگییەکانییەوە نابێت بکەوێتە غەفڵەتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەو چەمکەی دەوڵەت دژی دیدگای مافی تاکە یا بڵێین دژی بنەماکانی لیبرالیزمی سیاسییە، نەک بەڕای من، بەڵکو هیگڵ لە سیستەمی خۆیدا، سیستەمی مێژووی فەلسەفەی خۆی، دەرکی بنەڕەتی سیاسی لە دەوڵەتی تەعبیر کردووە. دژایەتییەکی وا شتێک نییە کە هەر دەبێ ببێ، بەڵکو چەمکی دەوڵەتی هیگڵ کۆ دەکرێتەوە لە چەمکی ئازادی، ئەوەش بۆ دەرکی هەموو هیگڵییەکان و هیگڵناسەکان بە هاوبەش دەبینین کە لە ئازادی و لەوەی کە ئازادی بەکۆتایی و لە تەواوی لووتکەیدا لە چەمکی دەوڵەت خۆی دەگرێتەوە. بەڕای من ئەو مەسەلەش وتووێژێکی درێژ و قووڵ هەڵدەگرێ.

* لەژێر ڕۆشنایی دیدگای بونیادی هیگڵ لە وەدیهێنانی هێرمنۆتیکی دەوڵەت، ئایا پێتان وایە کام لە دەوڵەتانی جیهان کامڵترن؟

– ئەو پرسیارەی ئێوە زۆر گرینگە و شتێکە من ماوەیەکی یەکجار زۆر، مێشکمی پێوە خەریکە. سەلماندنی کامڵی دەوڵەت لەسەر بنەماکانی فەلسەفەی هیگڵ شتێکی زۆر سەخت نییە، بەڵام گرفت ئەوەیە ئەو جیهانە گەورەیەی کە تێیدا دەژین، کامڵ بوون لە زەینی ئێمەدا چی دەگەیەنێ؟ ئەگەر چەمکی دەسەڵات بکەینە بنەمای کامڵبوونی دەوڵەت، دیاریکردنی دەوڵەتی کامڵ لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر گرفت نییە، کە هەڵبەتە ئەویش تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو دەوڵەتە کامڵە لە پاراستن و وەدیهێنانی ئەو دەسەڵاتەی خۆی، بەڵام ئەگەر بمانەوێت زۆر هیگڵییانە بیر بکەینەوە، پێم وانییە ئەو دەسەڵاتە تەنیا بەس بێت بۆ کامڵ بوونی دەوڵەت، بەڵکو ئەو باسەی تا کوێ دەوڵەتێک توانیویەتی لە وەدیهێنانی پەردە خۆویستەکانی ڕۆحی مرۆڤایەتی ڕۆڵ ببینێ و لەم ڕێگایە،یا بڵێین لە مێژووی جیهانی ئەندێشە شوێنێک بۆ خۆی دروست بکات، لێرەیە کە کامڵبوونی دەوڵەتێک مانا پەیدا دەکات، دەتوانم بڵێم ئەو دوو دیدگایەش دەکرێ کۆبکەینەوە، بەهەرحاڵ ئێمە بەدوای ئەوەین کە دەوڵەتێکی کامڵ دروست بکەین، هەڵبەتە ئەو دەوڵەتە کامڵە ڕەنگە لەگەڵ مانای قووڵی پەیڕەوناسانی هیگڵی ڕاستەوانە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە «خودی» زاتییەکان تەنیا بەهۆی دیاردە بابەتییەکان دەتوانێ وەدیارخستن و ئەگەری درەوشانەوە و پێگەیشتنی هەبێت دەوڵەتی ڕەها و دەوڵەتی کامڵ لە ڕێگای گۆڕانکارییەکی بونیادی لە ئاگادیارییەکانی جیهانی کە لە ڕۆحی جیهاندا وەدی هاتووە، دەتوانرێ ئەگەری دروست بوون و گەشەی هەبێت.

* وەکو پوختەی پرسیارێکی بنەما فەلسەفییەکان، ئەندێشەی فەلسەفی چۆن لێک دەدەنەوە؟

– ئەو پرسیارە لە ڕاستیدا پرسیارێکە جۆری بیرکردنەوەی فەلسەفی لەبیرکردنەوەکانی تری مرۆڤایەتی ڕیزپەڕ (استثناء) دەکات. یا سادەتر دەتوانین بڵێین ئەندێشەی فەلسەفی ئەو ئەندێشەیەیە کە لەسەرەتاوە مەرجدار نییە بەمەرجەکانی تری بواری زانستەکانی تری زانستی مرۆڤایەتی، یان بڵێین زانستی فەلسەفی کە بەرهەمی ئەندێشەی فەلسەفییە زانستێکە مەرجدارە بە گریمانە بەراییەکان، بۆ نموونە تۆ لە بارەی هەستیی دەوڵەت کە باس دەکەیت، ئەو هەستیە مەرجدارنییە بە هەستیەکی تایبەتی کە ئێوە لە زەمینەی موتاڵای پەیوەست بە پالیتیکسی دەوڵەت و لە جوگرافیای هەمەجۆری جیهان دەبینیت. لەلایەکی تر جۆرە ئازادییەک لە ئەندێشەی فەلسەفیدا کە هەمان توانایی تایبەتی زانستی فەلسەفی سەلماندووە.

* زۆر سوپاس دکتۆر.

– ڕێزم هەیە بۆ هەموو دۆستان و خوێنەرانێ کە ئەو گۆڤارە دەردەکەن و دەخوێننەوە و ئارەزووی خۆشبەختیان بۆ دەخوازم.



# مێژووڕوانی و مێژroonووسیی مەستوورەی کوردستانی


لەیلا ساڵحی
(بۆکان)


مێژوو بە واتای شەرح، ڕوونکردنەوە، لێکدانەوە و پشکنینی بارودۆخی گەلان لەسەر بنەمای بزاڤەکانی سیاسی، ئابووری، ئایینی، کولتووری و کۆمەڵایەتییە و لە چاخەکانی ڕابردوودا وەک ناسیارییەکی سووک و کەم بایەخ چاوی لێدەکرا. بەڵام ئەمڕۆکە بەسەرنجدان بەو کۆمەڵە بایەخەی کە ئەم ناسیارییە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤی دەستەبەر دەکا، حاشالێکردنی کارێکی ئەستەمە. «بیندتۆ کروچە» مێژوو بە ناسیارییەکی لە چەشنی فەلسەفە دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەر فەیلەسووفێک لە هەمان کاتدا کە فەیلەسووفە، مێژوونووسیشە و هەر مێژوونووسێکیش بۆ خۆی فەیلەسووفێکە. بە بڕوای ئەو مێژوو فەلسەفەیەکی لە بزووتندایە. (١)

مێژوو ڕوانینی مرۆڤ بۆ پشکنینی ڕووداوەکان قووڵ دەکاتەوەو هەروەها ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ژیانی پێشینیان لێک گرێ دەدا و بە وەبیرهێنانەوەی حاڵ و باڵی ئەوان، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ژیانی گەلانی ڕابردوو زەق دەکاتەوەو بەو شێوەیە سامانێکی مەزنی ئەزموونی پێشکەش مرۆڤ دەکا، هەتاکو بە مەبەستی چاکسازی و سازکردنەوەی کۆمەڵگای خۆی کەڵکی لێوەربگرێ. سەرەڕای ئەوەش جاری وایە مێژوو کەوتۆتە بەر ڕق و تووڕەیی بیرمەند و فەیلەسووفەکان و تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆریش سووک و لاواز کراوە، هەر وەک چۆن «ڕێنسی» بیرمەندی ئیتالیایی ڕای وایە کە مێژوو بریتییە لە زنجیرە ڕێکەوت و ڕووداوێک کە لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆک جیاوازییەکی ئەوتۆی نییەو هیچ بایەخێکی بۆ کۆمەڵی بەشەری لە باراندا نییە. «نیچە» فەیلەسووفی ناوبەدەرەوەی ئاڵمانیش پێی وایە کە سەرقاڵ بوون بە مێژووەوە دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی مرۆڤ لە کردەوە. (٢)

خاڵێکی تر کە بە یارمەتی ئەو مێژوو مەحکووم دەکەن ئەوەیە کە مێژوو لەگەڵ ئاکار دژایەتی هەیە. «پۆل ڤالێری» شاعیر و بیرمەندی فەرەنسی مێژوو بە مەترسیدارترین بەرهەمێک دەزانێ کە هزری مرۆڤ بە دەستەوەی داوەو نەتەوەکانی تووشی خەون و خولیای بەرزەفڕ کردووەو ئەزموونە تاڵەکانیان وەبیر دێنێتەوە.

پێویستە بگوترێ بیروڕای ئەو کەسایەتییانە زۆرتر لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی «فێرکاری مێژوویی» مێژوونووسان دامەزراوە. هەر وەک چۆن دوای شەڕی عالەمگیری یەکەم، نووسەرێکی ئۆتریشی بەناوی «ئیشتفان تێسوایک» کتێبێکی خوێندەوە کە کاکڵی مەبەستەکەی بریتی بوو لەوەی کە تێکڕای چالاکییەکانی دنیا مەبەستێکی بووەو ئەویش گەورەیی و شکۆی وڵاتی ئۆتریشە. ئەو ئەم مێژوویە بە بەرپرسی بەرزەفڕی نەتەوەیی ئەو گەل و نەتەوانە دەزانێ کە هەمیشە پێیان وابووە ئەوان باشترین نەتەوە بوون، هەروەها ئەو مێژوو بە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە دەزانێ کە پێی وایە گرینگترین شتی ئەو دنیایە شەڕە و نە تەنیا بەشتێکی لەباری دەزانێ بەڵکو ئەگەر بەرژەوەندی نیشتمانی بەدواوە بێ ئەوا وەک بابەتێکی حاشا هەڵنەگر داکۆکی لێدەکا. (٣)

مێژوو بزاڤە مێژوویی و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی زاراوەی «وابوو واچوو»دا دەخاتە بەرباس و ئاکاریش ئەوەمان فێر دەکا کە دەبێ «وا ببێ وا بکرێ»، بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەوە مێژوویە کە بەدیهێنەری ئاکارە. ئێستا بە خستنە ڕووی گرینگایەتی مێژوو بایەخ و قازانجی ئەو زانستە لە ڕوانگەی مێژوونووس و فەیلەسوفەکانەوە شی دەکەینەوە:

«ئیبنی خەلدوون» وەک یەکەمین و ناسراوترین فەیلەسووفی مێژوو لە دنیای ئیسلامدا، پێی وایە خوێندنەوەی مێژوو بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و نەتەوەکان زۆر بەکەڵکە، ئەو نەتەوانە دەتوانن ئەوەی لە مێژووەوە فێردەبن دواجار لە ژیانی خۆیاندا دەکاری بێنن. بەسەرنجدان بەوەی کە ئیبنی خەلدوون کتێبە مێژووییەکەی خۆی ناو ناوە «ئەلعیبەر» مێژوو لای ئەو هاوواتایە لەگەڵ شەرحی ڕووداوە مێژووییەکان لە ڕێی

**مێژوو دەلاقەیەکە**
**بۆ خستنەڕووی**
**شوناسی**
**کۆمەڵایەتی**
**مرۆڤ**

تێگەیشتنێکەوە کە ئاوەز بەرهەمی هێناوە. مرۆڤ دەبێ ئەو تێگەیشتنە بۆ چاکسازی کاروباری داهاتوو بکاتە پاڵپشت و لە مێژوو عیبرەت وەرگرێ. عیبرەتیش لای ئەو بە واتای تێپەڕین لە ڕواڵەتی مێژوو بەرەو ناخی مێژووە. (٤)

بە بڕوای «ئەبوو حەنیفەی دینەوەری» نووسەری کوردی مێژووی «اخبار الطوال» مێژوو گۆڕەپانێک بوو بۆ نواندنی دەوری سیاسی ئێران و عیراق لە بزاڤە سیاسییەکانی سەردەمی ساسانی و عەبباسیدا.

«ئەبولحەسەنی مەسعوودی» یەکێکی ترە لە مێژوونووسە ناسراوەکان، ئەو ناسیارییە بە بەستێن و بواری هەموو زانست و ناسیارییەکانی مرۆیی دەزانێ و پێی وایە ئەگەر گرینگی پێنەدرێ و کاری لەسەر نەکرێ تێکڕای زانستەکان لەگەڵ هەڕەشەی تێداچوون و ونبوون دەستەویەخە دەبن، چونکە هەموو زانست و زانیارییەکان لە مێژوو هەڵدەگوێزرێن.

«ئەبو عەلی مۆسکۆیە» کتێبە مێژووییەکەی خۆی بەپێی تێگەیشتنێک کە لە مێژوو هەیبووە ناو ناوە «تجارب الامم» ئەو بڕوای وایە مەبەست و بایەخی مێژوونووسی بریتییە لە خستنە ڕووی ئەزموون و عیبرەت وەرگرتن لەو ئەزموونانە بۆ چاکسازی لە کاروبارەکاندا. بۆ وێنە گرتنەبەری سیاسەتی بەجێ و ڕێ بۆ گەشە و پەرەگرتنی ئاوەدانی (٥). «شەرەفخانی بەدلیسی یەکەمین مێژوونووسی کورد ئەو ناسیارییە بە بوارێک دەزانێ بۆ دەربڕینی چۆنیەتی ژیانی کوردەکان، یا بە گوتەی خۆی بۆ دەربڕینی «چۆنیەتی ژیانی بنەماڵە پایەبەرزەکانی کوردستان هەتاکو لەژێر پەردەو چارشێوی شاراوەیی و شاردنەوەدا نەمێننەوە» (٦) مێژوو لای شەرەفخان گۆڕەپانێکە بۆ پێکهێنانی «شوناسی مێژوویی» ئەو نەتەوانەی بە نەناسراوی ماونەتەوە و بەو شێوەیە مێژوو دەلاقەیەکە بۆ خستنە ڕووی شوناسی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

لە مەڕ چێژ وەرگرتن لە مێژوو «عەبدولحوسێن زەڕینکووب» مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی دەڵێ «تا ئەو کاتەی مرۆڤ نەتوانێ ساتە بەرز و بەرێزەکانی مێژوو لە وجوودی خۆیدا ئەزموون بکا و لە هەوای بۆنخۆشی

مرۆڤایەتی هەڵمژێ، ناتوانێ چێژی مێژوو کە ڕەنگاوڕەنگترین ڕوانگەکانی ژیان بۆ مرۆڤ دەنوێنێ بچێژێ و [ناشتوانێ] تێبگا (٧). بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد. لەمەڕ گرینگی مێژووەوە هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین بوونی مێژوویی و ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک لە جیهاندا، لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە مێژووی نووسراوی هەبێ، واتە بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە بوونی مێژوویەکی نووسراوە بە سەرنجدان بەو خاڵە دەتوانین جێگەوپێگەی مێژوونووسان بۆ ناساندنی گەلان و خستنە ڕووی ئەوان وەک گەلێکی زیندوو، بناسین و بۆ هەتاهەتایە منەتباری قەڵەمی مێژووییان بین.

ئێستا با بزانین ئاخۆ جێگەوپێگەی مەستوورەی کوردستانی وەک مێژوونووس چییە؟ ئەویش مێژوونووسی نەتەوەیەکی کە لە مێژوودا گوم ناوبووەو لە بزاڤە مێژووییەکاندا سەرکوت کراوە؟ مێژوو نووسێک کە پاش شەرەفخان یەکێ لەو کەسە دەگمەنانەیە کە هەستی بە پێویستی نووسین بۆ نەتەوەکەی خۆی کردووە و لە ڕێی دەستپێکردنی ژیانی مێژوویی گەلی کورد حەولێکی زۆری داوە. مەستوورەی مێژوونووس لە خولی یەکەمی پاشایەتی و حوکمداری قاجارەکان لە ئێراندا و هاوکات لەگەڵ حوکمداری «محەممەد شا» سێهەمین پادشای قاجارەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ژیاوە. ئەو لەو ژنە هەڵکەوتە و دەگمەنانەی کوردە کە لە چەندین بەستێنی زانستی بۆ وێنە مێژوو، ئایین و ئەدەبیاتدا کاری کردووە. ئەو مێژووی میرەکانی ئەردەڵانی لەسەرەتای ژیانی سیاسییانەوە دەست پێکردووە و هەتا سڕانەوەی ناویان لە مێژووی ئێراندا، درێژەی داوە. ئێستا لەو نووسراوەیەدا حەول دەدەین «مێژوونووسی» و «مێژوو ڕوانی» ئەو مێژوونووسە کوردە بە جەخت لەسەر نووسراوەکانی خۆی کە لە کتێبی مێژووی ئەردەڵاندا کۆکراونەتەوە، بخەینە بەر تیشکی سەرنج و تێڕامان.

ئێستا با سەرەتا بزانین فەلسەفەی نووسینی مێژوو لای مەستوورە چییە.

دواتر بپەرژێینە سەر ئەو بابەتە کە ئەو مێژوونووسە چۆن دەڕوانێتە مێژوو.

ئایا مێژوو تەنیا بە دەربڕینی حاڵ و باڵی مرۆڤەکان بەپێی هەڵکەوت و ڕێکەوت دەزانێ یان بۆ ڕوون کردنەوەی پێوەندیی نێوان ڕووداوە مێژووییەکان ئاگاداری پێویستی هەبوونی جۆرێک پێوەندی هۆکارەکی (علیت) هەیە.

بۆ ڕوون بوونەوەی ئەو پرسیارانە سەرەتا با بزانین فەلسەفەی مێژوو چییەو دواتر بێینە سەرباسی مێژووڕوانی هەر وەک چۆن فەلسەفەی زانست ناسیارییەکە بۆ توێژینەوەو تاوتوێ کردنی ئەو تاقمە لە ئەندێشە سەرەکییەکانی مرۆڤ کە بیرمەندان پێوەی سەرقاڵ بوون، فەلسەفەی مێژوو پرسیارێکە لە تێکڕای ژیانی مرۆڤ. فەلسەفەیەک کە ژیانی مرۆڤی لەبەرچاو گرتووە حەول دەدا بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەویش بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕوون کاتەوە، بەپێی ئەو خاڵە پێویستە بڵێین کە هەر مەستوورە لە پێشەکی مێژووی ئەردەڵاندا ئاماژەیەکی کورت بەوە دەکا کە بۆچی مێژووی نووسیوە، بەڵام هەرگیز هۆی سەرەکی نووسینی ئەو مێژووەی لێک نەداوەتەوەو ڕاستەوخۆ چۆتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان، سەرەڕای ئەوەش هەر بەسەرنجدان بەو ئاماژە کورتە دەتوانین بڵێین مەبەستی مەستوورە لەو مێژوونووسیە چییە.

مەستوورە هەر وەک لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژە دەکا بەوەی کە دوای خوێندنەوە و پشکنینی سەرچاوەکان لێکدانەوە و درێژەدانی باسەکان «باسی چاکە و چاکەکاری و خۆش ئاکامی زنجیرەی بە شکۆی بەنی ئەردەڵان» بە ئەرکی خۆی دەزانێ و مێژووەکەی خۆی تەرخان دەکا بۆ شەرح و باسی حوکمداری ئەو میرە هەڵکەوتانەی کوردستان. بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ بەڕێوەبەرانی حوکمداری ئەردەڵان، پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەو مێژوویەن. ئەو مێژوویەش پانتایی سەرهەڵدان و ئاوابوونی ئەوانی لە خۆ گرتووە. مەستوورە مێژوو بە دەلاقەیەک دەزانێ بۆ دەربڕینی بارودۆخی میرەکانی ئەردەڵان، ئەو شێوە ڕووبەڕووبوونەوەی مەستوورە لەگەڵ مێژوو دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە هەست بە وێکچوونی بۆچوونی مێژوویی لەنێوان ئەو و ئەندێشەی «تامس کارلایل»ی ئینگلیزی بکەین. ئەو دوو کەسایەتییە بە پێی باسێک کە لە فەلسەفەی مێژوودا ورووژاوە بۆچوونەکانیان لێک نزیکە. کارلایلیش پێی وابوو مێژوو بریتییە لە باسی بارودۆخی پاڵەوانەکان. ئەو شەیدای دەوری پاڵەوانەکان لە بزاڤە مێژووییەکاندا بوو. کارلایل ڕای وابوو کە تەواوی ڕاپەڕینەکان لە مێژوودا، ئاکامی وەگەڕکەوتنی زەینی

مرۆڤە هەڵکەوتەکانن. ئەوەی کە ڕابردووی پڕ کردۆتەوە وجوودی کەسایەتییەکانە نەک کێشە و قەرار و بڕێ و تێکهەڵچوونەکان. بەو شێوەیە ئەو مێژوونووسەش زۆر جەخت لەسەر دەوری کەسایەتییەکان دەکا. (٨)

ئەگەرچی مەستووره ئەو بۆچوونەی خۆی لە قالبی وشەدا بەتەواوی دەرنەبڕیوە، بەڵام بەرهەمە مێژووییەکەی بەشێوەیەکی کارا ئەو گوتەیە دەسەلمێنێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە ئەو شێوە بیر و ڕوانینە بۆ مێژوو، ئەمڕۆکە و دوای زەق بوونەوەی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری کە گرینگترین کەرەسەکانی مێژوو پێکدێنن برەوێکی وای نەماوە. ئەوەش تەنانەت وەک ئیرادێک ئاراستەی ئەندێشەی کارلایل دەکرێ و لە بازنەی وردبوونەوە فەلسەفییەکانی مێژوویی و لە زەینی مێژوونووساندا، ئەو ئیرادەش دەکرێ لە بیری فەلسەفی- مێژوویی مەستووره بگیرێ. هەڵبەت مەبەستی ئێمە لێرەدا تەنیا ڕوونکردنەوەی بیری فەلسەفی- مێژوویی ئەو بوو، لە درێژەی ئەو ئەندێشانەی پێشتر خستمانە ڕوو.

ئەوەی کە کۆمەڵگای بیرمەند و کراوە لە مێژووی دەخوازێ، تەنیا ناسینی بەسەرهاتی مرۆڤەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو ئەوەی گرینگی پێ دەدرێ مانا و واتاو مەبەستی ڕابردوو و داهاتووە، ئەوەش ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن «مێژوو ڕوانی». ئێستا با سەرەتا چاوێک بەسەر مێژووڕوانیی گەلان و مێژوو نووسانی جیاوازدا بخشێنین:

لای مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، هەر مرۆڤێک لە دنیادا شوێنێکی دیاریکراوی هەبووەو تەواوی پێکهاتەی هەستی ملکەچی قەدەر و چارەنووس و تەکووزییە کە خودا دایناوە. ئەگەرچی دوای دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و تێکڕووخانی دەسەڵاتی کڵێسا کە زانستی تەنیا ئەوکاتە بە چاک دەزانی کە لە خزمەت ئایدیالۆژیای پیرۆزی خۆیدابێ، یەکێتی مرۆڤ و سروشت تێکچوو، پێکهاتەی هەستیش لەبیری پرسیارخواز و بزۆزی کۆمەڵگادا، لە واتای میتافیزیکی قەدەر و چارەنووس بەتاڵ کراوە. «تەبەری» یەکێ لە ناسراوترین مێژوونووسانی مێژووی دنیای ئیسلام، تێکڕای ڕووداوەکانی جیهانی بە خولقاوی ئیرادە و ویستی خودا دەزانی و هاتنەجێی ویستەکانی خودای بە واتای ڕاستەقینەی تەواوی مێژوو لە قەڵەم دەدا. ئەو حەدیسێک دەگێڕێتەوە کە دەڵێ خودا یەکەم شتێک کە ئافراندی پێنووس بوو. دواتر پێی گوت بنووسە. گوتی خوایە گیان چ بنووسم، گوتی بنووسە قەدەر، پێنووس هەر ئەوکات وەگەڕ کەوت و ئەوەی هەبوو لەگەڵ ئەوانەی کە دەبوو بێن، هەموویانی نووسی، ئەوەش بەو واتایەیە کە ئەوەی لە جیهاندا ڕووی داوە و ئەوەی کە لە داهاتوودا دێتە پێش، هەموو بە ویست و قەدەرێکە کە خودا لەبەر چاوی گرتووە. لەوانەکانی زەردەشتیشدا ئەهوورا و ئەهریمەن وەک نوێنەرانی خێر و شەڕ (چاکە و خراپە) دنیایان کردبووە مەیدانی دەستەوئێخە بوونی خۆیان و لە ئاکامدا ڕەوتی مێژوو بە قازانجی هێزی پیرۆز و سەرکەوتنی ئەو هێزە کۆتایی پێدێ. هێرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانیش کە بە باوکی مێژوو ناسراوە، ڕووداوەکانی بە ویستی خوداکان دەزانی. (٩)

**ئەفسانە لە مێژوودا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تەماوی بوونی ڕەوتە نەناسراوەکانی مێژوو**

بەڵام لە پاڵ ئەو بۆچوونانەوە، زۆر کەسی وا هەبوون کە هەوڵیان داوە بێجگە لە ویستی خوداوەند، واتا و مەبەستێکی عەقڵیش بۆ مێژوو ببیننەوە. «جامباتیستا ویکۆ» پێی وایە مێژوو سەرەڕای ئەوەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیرادەی خوداوەند دایە، بەڵام بۆ خۆشی زنجیرە یاسا و ڕێسایەکی ناوخۆیی هەیە کە مل بادان لە ئاستیان دژوارە. لەلایەکی ترەوە مۆنتێسکیو بە شوێن ئەوەوەیە کە هۆکار و سەبەبی ڕووداوەکان لە خودی ڕووداوەکاندا بدۆزێتەوە نەک لە ویست و حیکمەتی خوداوەندا.

با ئێستا بزانین ڕوانگەی مەستووره لە مەڕ مێژووەوە چییە؟ نووسەری کتێبی مێژووی ئەردەڵان لەو شوێنەدا کە باسی کوژرانی تەیموور خانی ئەردەڵان لە شەڕی گەڕووسدا دەکا، بە ئاماژە بۆ ئایەتێک لە قورئان، کوژرانی ئەو میرە وەک ویست و قەدەری خواوەندی مەزن لە قەڵەم دەدا. هەروەها لە لاپەڕەی ٢٣٢ی کتێبەکەیدا کاتێ کە چۆنیەتی لە سەرکار لابرانی ڕەزاقولیخان شی دەکاتەوە، دەڵێ «هەر شتێک خودا بیەوێ سەبەبکاری بۆ دەرەخسێنێ». ئەو خاڵە نیشاندەری ئەوەیە کە

مەستوورەش ڕەوتی گەڕیانەکانی مێژوویی دامەزراو لەسەر ئیرادەو ویستی خودا دەزانێ و مێژوو لە چوارچێوەی پانتاییەک بۆ ڕاپەڕاندنی ویستەکانی خوداوەندد‌ا دەبینێ.

ئەوەش هەر ئەو بۆچوونەیە کە پێشتر وەک ڕوانگەی تەبەری و مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هێرۆدۆت باسمان کرد. وێڕای ئەوەش مەستوورە هەر لەسەر باسەکەی پێشوو، هۆکارە سەرەکییەکانی لەسەر کار لابرانی ڕەزا قولێخان و هەڵە سیاسییەکانی و هەروەها ناکارامەیی وەزیرەکەی کە لە ئاکامدا بووە هۆی لابرانی، لەبیر ناباتەوە و بەو شێوەیە نیشان دەدا کە لابرانی ڕەزاقولێخان بە حوکمی لۆژیکی سیاسی هەڵە و ناڕاستی پێویست بووە و درێژەی ڕووداوەکان بوارێکی ڕەخساندووە کە لابرانی ئەو پێویست و حاشا هەڵنەگر بێ. ئەو خاڵە وێکچوونی بیری مێژوویی مەستوورە و ویکۆی ئیتاڵیایی نیشان دەدا. ویکۆش پێی وابوو مێژوو ئەگەرچی لە دەسەڵاتی خواوەند بەدەر نییە، بەڵام بۆ خۆشی هەندێ یاسای «علی و معلولی» هەیە کە ئەو یاسایە ئاکام گەلێکی ئەرێنی یان نەرێنی لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچی ئاماژە بۆ پێوەندی «علی و معلولی» لەنێوان ڕووداوە مێژووییەکاندا، لەمەڕ هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی مێژووی ئەردەڵان وە ڕاست ناگەڕێ. مەستوورە جاری وایە زۆر ساکار لە ڕووداوەکان تێدەپەڕێ و جاری واشە زۆر بە وردی هۆکار و ئاکامەکان شی دەکاتەوە. ئەو خاڵەش لە بەشی لێکهەڵوەشانی حوکمداری ئەردەڵانەکان بە باشی بەرچاو دەکەوێ.

مەبەستی ڕواڵەتی نووسینی کتێبێکی وەک مێژووی ئەردەڵان لەو ڕوانگەیەوە کە مێژوویەکی خاوە و تەنیا قەناعەتی بە دۆزینەوەی پێوەندی و هۆکاری ڕووداوەکان کردووە و بێجگە لە چەند شوێنی دەگمەن خۆی لە لێکدانەوەی هۆکار و ئاکامەکان پاراستووە، ڕەنگە لە ڕوانینی یەکەمدا سووک و سانا بێتە بەرچاو، بەڵام ئەزموونی ئافراندنەوەی ڕووداو یان کەسایەتییەکی مێژوویی بە وردی و بەتەواوی، بەبێ سەپاندن یان سەلماندنی داوا یان بیرو ڕایەکی تایبەت، زۆر پڕبایەخ و بە کەڵکە. توێژینەوەیەک بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسمان کرد، بە دوور لە شرۆڤە و لێکدانەوە، توێژینەوەیەک کە تەنیا باسی خودی ڕووداوەکانی کردووە، لەمەڕ باسە مێژووییەکانەوە کاری بایەخدەرانەی نەکردووە، جاری وایە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئێمە، وەڵامی پڕ بە پێستی بۆ پرسیار و گریمانەکان تێدا دەدۆزرێتەوە. ئەو شێوە مێژوونووسییە لە نێو مێژوونووسەکانی ڕابردوو برەوی زۆر بووە و مەستوورەش لەکاتی نووسینی مێژوودا زۆرتر سەرنجی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داوە و زۆر کاری لەسەر لێکدانەوە نەکردووە، هەروەها ئەو بە جێی پەرژانە سەر پرسیاری «بۆچی» خۆی بە «چۆنیەتی» ڕووداوەکانەوە خەریک کردووە، بەڵام ئێستا چەندین ساڵێکە پرسیار لە «بۆچی» گرینگییەکی زیاتری لەچۆنیەتی، لە مێژوودا هەیە. ئەگەرچی ئەو خاڵە زۆر گرینگ و جێی سەرنجە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە تا «چۆنیەتی» ڕوون نەبێتەوە، پرسیاری «بۆچی» لە مێژوودا بێ وەڵام دەمێنێتەوە. بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری «بۆچی» پێویستە مێژوونووس، مێژوو بە دەست لێنەدراوی و بە مۆری و بەتەسەلی بەدەستەوە بدا ( ١٠ ). مەستوورەش ڕاست لەو بەستێنەدا حەولێکی سەرنج ڕاکێشی داوە. ئەو تێدەکۆشێ ڕەوتەکانی مێژوو بە کەمترین دەمارگرژی و پێش داوەرییەوە باس بکا. بە شێوەیەکی وا کە ئامادەیی بیری مێژوو ڕوانیی ئەو وەک ئامادەبوونێکی زیندوو پاساودەری ڕەوت و ڕووداوەکان نییە و ئەو حوزوورە کەمتر بەرچاو دەکەوێ. هەروەک دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە خۆشەویستیی ئەو بۆ میرەکانی ئەردەڵان و بەتایبەت مێردەکەی واتا خوسرەوخانی سێهەم، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە چاوی لەو زوڵم و زۆرییە بنووقێنێ کە خوسرەوخان بەسەر باوک و مامی مەستوورە و براکانی خۆی هێناوە. مەستوورە ئەوانە هیچی ناوبوێر ناکا و ڕەفتاری چەوت و نالەباری مێردەکەی لەمەڕ سەرکوتی براکانییەوە بە وردی و بە گشتی باس دەکا و بەهیچ چەشنێک هەوڵی شاردنەوە یان لێڵ و تەماوی کردنی بابەتە مێژووییەکانی نییە.

## مێژوونووسیی مەستوورە

هەروەک گوتمان مێژوونووسی و دەستپێکی ژیانی مێژوویی نەتەوەکان هاوکاتە و بایەخی مێژوونووسیش ڕاست لێرەدا دەردەکەوێ. ئەگەر نەتەوەیەک هەلێکی وای بۆ ڕەخسا کە خۆی بە دنیا بنوێنێ و ئاکارە مێژووییەکانی نە تەنیا لەنێو خەڵکی نەتەوەکەی خۆیدا، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ هاوسێ و جیرانەکانیشیدا بە هێند

وەرگیراو و شوێنی لەسەر گەلانی تریش دانا، ئەوە ئەو کاتەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە بە شێوەیەکی زیندوو دەست پێدەکا و ئەو نەتەوەیە شوناسی مێژوویی بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. وەسفی نووسراوەی حاڵ و باڵ و کردەوەی مرۆڤ بە هەر شێوازێک و بەپێی هەر قوتابخانەیەک و بەلەبەرچاوگرتنی هەر شێوەیەک بۆ نووسین و ڕیزکردنی بابەتەکان دەتوانین وەک مێژوونووسی بناسین. مێژوونووسی لە واتای تایبەتیدا بە نووسینی ڕووداو و کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک یا تێکڕای کۆمەڵگای جیهانی دەگوترێ.

ئیستا باسی شێواز و شێوەی مێژوونووسی مەستوورە دەخەینە ڕوو. لێرەدا مەبەست لە شێواز چۆنێتی نووسین و ڕاگوێزان و بەدەستەوەدانی بابەتە مێژووییەکانە و مەبەست لەشێوە، چۆنیەتی نووسینی بابەتی مێژووییە.

لە مێژوونووسیدا سێ شێوازی دیار و بەرچاو هەیە:

١- شێوازی گێڕانەوەیی: ئەو شێوازە بە واتای هێنانی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ ڕووداوە مێژووییەکانە و لەو شێوازەدا دەبێ زنجیرە دۆکۆمێنتەکان بە تەواوی باس بکرێن. بۆ وێنە دەتوانین شێوازی «تەبەری» لە کتێبی «الرسل و الملوک» نێو بەرین.

٢- شێوازی ئاوێتە: لەو شێوازەدا مێژوونووس لە نێوان گێڕانەوە جیاوازەکاندا تەنیا یەک یا دوو گێڕانەوە لە ڕێی بەراورد و ئاوێتەکردن و بەدیهێنانی تەبایی لەنێوان گێڕانەوەکاندا هەڵدەبژێرێ و ڕووداوی دڵخوازی خۆی لە گێڕانەوەیەکدا باس دەکا. بۆ وێنە کتێبی «الکامل في التأریخ» نووسراوی ئیبنی ئەسیر.

٣- شێوازی لێکدانەوەیی: لەو شێوازەدا مێژوونووس لە پاڵ هێنانی گێڕانەوەیەکی زۆرتر ئاوێتەییدا، دەست دەکا بە لێکدانەوە و دەربڕین و شرۆڤەی هۆکار و ئاکامەکانی ئەو مێژووەی باسی دەکا.
بۆ وێنە «تجارب الامم»ی موسکوویە.

شێوازی مێژوونووسیی مەستوورە لەسەر بنەمای جۆری دووهەم دامەزراوە. مەستوورە بۆ شەرحی ڕووداوێک لەنێوان چەند گێڕانەوەدا یەک یا دوانیان هەڵدەبژێرێ و دواتر لە ڕێی بەراورد و هۆکار هێنانەوە هەوڵ دەدا ڕابردوو سەرلەنوێ ساز کاتەوە. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبەکەیدا کاتێ باسی مردنی «سوبحان وێردی خانی ئەردەڵان» دەکا، دوو گێڕانەوە.

یەکیان لە مەلا محەمەد شەریف و ئەوی تر لە «تەسنیفی خوسرەو بەگ» دێنێتە بەر باس و دواتر ئەو دووانە لەگەڵ یەک بەراورد دەکا و لەڕێی شرۆڤە و هۆکار هێنانەوەی بەجێ و ڕێ گێڕانەوەی ڕاست و ڕێ تێچوو هەڵدەبژێرێ.

با ئێستا بزانین شێوەی مێژوونووسی مەستوورە چۆنە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستە سەرەتا ناسراوترین شێوەکانی مێژوونووسی ناودێر کەین:

١- شێوەی ساڵژمێری: لەو شێوەیەدا مێژوونووس ڕووداوەکان بە پێی ڕیز بوونی ساڵەکان لە پەنا یەک ڕیز دەکا. ئەو شێوەیە پێویستی بە پێوەندی مێژوویی لە نێوان ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام ڕەچاوکردنی ورد و دروستی ئەو شێوەیە جاری وایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گێڕانەوەی ڕووداوێک کە چەند ساڵی خایاندووە یەکێتی و پتەوی خۆی لە کیس بدا.

٢- دەربڕینی مێژوویی بەپێی چینەکان: ئەو شێوەیە بەو واتایەیە کە نووسین و ڕیزکردنی هەواڵە مێژوویی و کولتووری و زانستییەکان لەگەڵ شەرح و باسی بارودۆخی چینەکانی کۆمەڵگا دێتە دەربڕین.

٣- شێوەی ڕەچەڵەکی: مێژوونووس لەو شێوەیەدا باسی مێژووی سەرهەڵدان و چالاکی سیاسی و چەکداری زنجیرەیەکی پاشایەتی یا حوکمدارییەکی تایبەت دەکا. هەروەها ئەو ڕووداوانەی لەسەردەمی ئەوان و لە هەرێمی ئەواندا ڕوویان داوە دەخاتە ڕوو. لەو شێوەیەشدا هاتن و ڕیزکردنی زەمانی لەسەرەتای سەرهەڵدانی زنجیرەیەک یا حوکمدارییەکەوە بەپێی کاتی هاتنی بە ڕووداوی حوکمدارەکان دەنووسرێ. شێوەی مێژوونووسی مەستوورە لە مێژووی ئەردەڵاندا لەسەر بناخەی شێوەی ڕەچەڵەکی دامەزراوە. بە شێوەیەکی ئاسایی تایبەتمەندی ئەو جۆرە مێژوونووسییە بریتییە لە یەک لایەنە بینی و لایەن گرتنی کەسەکان و زێدە وەسفی مێژوونووس لە چاک یان دزێو نیشاندانی ڕووداوەکان. بەڵام لەمەڕ مێژووی ئەردەڵانەوە، هەروەک لەوە پێشیش باسی لێکرا، ئەو شێوە یەک لایەنە بینی و لایەن گرتنە زۆر بەکەمی

**فەلسەفەی مێژوو پرسیارێکە لە تێکڕای ژیانی مرۆڤ**

وەبەرچاو دێ. مێژوونووس سەرەڕای ئەوەی نزیکایەتییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ میرەکانی ئەردەڵان هەبووە خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەوان لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا خستۆتە ڕوو، بەڵام هەرگیز بەسەر هەڵە و ڕەفتارە نالەبارەکانی سیاسییەکانیاندا تێنەپەڕیوە. ئەم شێوە مێژوونووسییە هەندێ وە شێوەی مێژوونووسی ئێرانی کەونارا دەچێ. لە ئێرانی کەونارادا جۆرێ مێژوونووسی بەتەواوی لەسەر بنەمای ئەو نەریتە دامەزرابوو کە هەڵبەت ئەمڕۆکە بەو جۆرە مێژوونووسییە دەڵێین شێوەی شانامەیی، بە واتای نووسینی حاڵ و باڵی حوکمداران. هۆ دەوام و درێژەی ئەو شێوە مێژوونووسییە لە ئێرانی دوای ئیسلامدا، دەبێ لەو بابەتەدا بدۆزینەوە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێرانی دوای ئیسلام لەگەڵ ئێرانی کەونارا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، کەواتە گۆڕانێکی زۆریش لە مێژوونووسیدا بەدی نەهات. مێژوونووسی پێوەندی بە مێژوو ڕوانییەوە هەیە و لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین مێژووڕوانی جۆرێک کۆمەڵڕوانییە و مێژوو دنیا بینییە. کاتێ ئۆلگوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی زۆری بەسەردانەیەت، دنیا بینیش گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نایە. هەر بەو هۆیە نەریتی مێژووی شانامەیی یان سوڵتانی لە ئێراندا، تا کۆتایی سەردەمی قاجار هەروا درێژەی کێشا.

مێژوونووسی مەستوورەش تەریب لەگەڵ ئەو بزاڤە مێژوونووسییە و لە ڕاستیدا لە درێژەی ئەودا هەنگاوی ناوە. شێوەی نووسرانی کتێبی مێژووی ئەردەڵان لەنێو بنەماکانی مێژوونووسی بەستێنی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و بەتایبەت لە جەغزی مێژوونووسی ئیسلامیدا بەو شێوەیە بوو کە باسی لێکرا. با ئێستا بزانین مێژووی ئەردەڵان لە پۆلین بەندی شێوەی مێژوونووسی هیگڵ-دا، لە نێوان کام دەستە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا جێ خۆش دەکا، تا بەڵکو لەو ڕێیەشەوە خاڵە بەکەڵک و پۆزەتیڤەکانی تر بدۆزینەوە.

بە بڕوای هیگڵ کە یەکێ لە بەناوبانگترین فەیلەسووفەکانی مێژووییە، سەرچاوە مێژووییەکان بە سێ دەستە دابەش دەکرێن: (١٢)

دەستەی هەوەڵ مێژووەکانی دەستە یەکەمن، کە لەواندا ڕووحی مێژوونووس لەگەڵ هەناوی ڕووداوێک کە دەگێڕدرێتەوە، یەکێکە و مێژوونووس بەتوندی سوورە لەسەر بیروڕا و عادەت و دەمارگرژییەکانی کۆمەڵگا و زەمانی خۆی. مێژوونووس ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ واتە لە ڕێ دیناوی بەرهەست و بینینەوە دەرک دەکا. هەر بەو هۆیەش ڕوانینی مێژوویی ئەو هیچ کات لەو کۆمەڵ و زەمانە تێناپەڕێ و لە تایبەتمەندییەکانی بزاڤی گشتی مێژوو دوور ناکەوێتەوە. کاتێکیش ئەو جۆرە مێژوویە دەتوانن لە چۆنیەتی خستنە ڕووی بارودۆخە سیاسییەکان سەرکەون کە مێژوونووس سەر بە چینی حوکمداران و سەرۆکەکان و کەسایەتی لەو چەشنە بێ. مێژووی ئەردەڵان بەپێی گێڕانەوەی هیگڵ بە جۆرێک دەتوانێ مێژوویەکی دەستە یەکەم بێ، ئەویش لە باشترین جۆری ئەم دەستەیە، چونکە نووسەر خۆی سەر بە چینێکە کە لە لووتکەی کۆمەڵگادا دەژی. لەنێو چینی حوکمدارانی ئەردەڵاندا، مەستوورە خۆی لە نزیکەوە شایەد و بینەری ئاڵوگۆڕ و چۆنایەتی سیاسی ئەو سەردەم بووە و لە نزیکەوە هەستی پێکردوون. جگە لەوەش هەر وەک پێشتریش گوترا- ئەو ڕەخنەیەی هیگڵ ڕووبەڕووی ئەو چەشنە مێژووییەی دەکاتەوە لەمەڕ مێژووەکەی مەستوورەوە وەڕاست نەگەڕێ.

چونکە ڕوانینی مێژووی ئەو لە زەمانی خۆی تێدەپەڕێ و حاڵ و باڵ و ڕەوتەکانی زنجیرەی ئەردەڵان لە شەشسەد ساڵ پێش زەمانی خۆی واتە لەسەردەمی سەرهەڵدانی مەغوولەکان لە ئێراندا، لە کتێبەکەیدا دەگونجێنێ. ئەگەرچی ئەو ڕووداوانەی بەگشتی و بەوردی و بە شێوەیەکی یەک چەشن باس نەکردووە. لە ڕاستیدا جاری وایە زۆر کورت و کۆتا وەبەر چاو دێن. بەڵام هەر ئەوەش سووکە ئاوڕێکە بۆ مێژووی چاخەکانی پێشوو. بەو شێوەیەش دەتوانین ئاگامان لە بیری ئافراندنی مێژوویی لەو کتێبەدا بێ.

دەستەی دووهەمی سەرچاوە مێژووییەکان لای هیگڵ بە «مێژووی هزرگەر» ناسراون. لەو جۆرە مێژووانەدا، ویژدانی نووسەر لە کەشوهەوای زاڵ دوور دەکەوێتەوە، چونکە ڕووداوەکانی ڕابردوو لە دەرەوەی بەستێنی هەستی ڕاستەوخۆی ئەودا جێگیر بوون. ئەویش لە ڕوانگەی تێگەیشتنی بەرهەستەوە تێیان دەڕوانێ. نووسەری ئەو جۆرە مێژووە ناچارە ڕابردوو سەرلەنوێ بژێنێتەوە. ئەم جۆرە مێژووییە خۆیان بە شەش لق دابەش دەبن:

لقی یەکەم: مێژووی گشتی یان شموولییە کە بریتییە لە باسی تەواو و کەماڵی بابەتەکانی پێوەندیدار بە

گەلێکەوە یان بابەتەکانی تێکڕای جیهان.

لقی دووهەم: بەو شێوەیەیە کە نووسەر هەوڵ دەدا بارودۆخی هەنووکە لەسەر بنەمای کاری پێشینیان و ڕووداوەکانی ڕابردوو بخاتە بەر باس.

لقی سێهەم: کورت کردنەوەی پێدەڵێن. لەو جۆرەدا ڕووداوەکان کورت دەکرێنەوە.

لقی چوارەم: مێژووی کارکردی یان کردارییە کە نووسەر دەیهەوێ لە ڕابردوو دەرسی عیبرەت بۆ ئێستا و داهاتوو وەرگرێ.

لقی پێنجەم: بە مێژووی ڕەخنەگرانە ناسراوە و مەبەستی ڕەخنەگرتنە لە شێوازی ئامۆژگاریدەر و قازانج خوازانەی مێژوونووسان.

لقی شەشەم: مێژووی پسپۆڕانەیە. لەو جۆرەدا مێژوونووس لەنێو تەواوی ڕووبەرەکانی کولتووری تەنیا ڕووبەرێک بۆ توێژینەوە هەڵدەبژێرێ، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە مێژووی ماف یان هونەر بکەین. ئەو جۆرە سەرچاوە مێژووییانە ئەگەر بە دروستی بنووسرێن و پێوەندی ناوەکی ڕووبەرە جۆراوجۆرەکانی ژیارێکی بە ڕواڵەت پرش و بڵاو ڕوون کەنەوە، دەبنە کەرەسەی ڕاگوازتنی بیر لە مێژووی هزرگەرەوە بۆ مێژووی فەلسەفی جیهان کە هیگڵ وەک مێژووی جیهانی یا فەلسەفی باسی لێدەکا. ئەوەش هەر ڕاست لە دەستەی سێهەمی سەرچاوە مێژووییەکان لە بیری هیگڵدا جێ دەگرێ کە لە ڕاستیدا بە باشترین دەستەی سەرچاوەکانیش بەراورد دەکرێ. بەپێی ئەو شتانەی گوترا، مێژووی ئەردەڵان لە زۆر لایەنەوە لە بازنەی مێژووی هزرگەردا دەگونجێ، چونکە لەو مێژوویەدا زەینی مەستوورەی مێژوونووس لە زەمانی خۆی تێدەپەڕێ و بابەتە مێژوویی دڵخوازەکانی خۆی لە هەناوی سەدەکان دەردەکێشێ و لێکیان گرێ دەدا و تێدەکۆشێ ڕابردوویەکی سیاسی سەرلەنوێ بژێنێتەوە کە وردە وردە لەسەردەمی ئەودا لە هەرەتی تێکرووخاندا بوو.

گرینگترین ئیرادێک کە لەو باسەی هیگڵ دەگیرێ ئەوەیە کە ئەو مێژوونوسی تەنیا لە بازنەی ئەو پۆلێن کارییەی خۆیدا دەبەستێتەوە و هەر دەستەیەک لە دەستەکانی تری مێژوونووسی بەتەواوی جیا دەکاتەوە.

## شێوەی مێژوونووسی مەستوورە لە مێژووی ئەردەڵاندا، لەسەر بناخەی شێوەی ڕەچەڵەکی دامەزراوە

کەچی دەتوانین زۆر چەشنی تر لە مێژوونووسی بخەینە بەر باس کە لە ئاکامی تێکەڵ کردنی دوو یان چەند جۆری مێژوونوسی بەدی هاتوون. بۆ وێنە «مقدمە»ی ئیبنی خەلدوون لە لایەکەوە مێژوویەکی هزرگەرەو لە لایەکی ترەوە مێژوویەکی جیهانی- فەلسەفییە. یان نزیکترین نموونە هەر ئەو مێژووی ئەردەڵانەیە، کە لەلایەکەوە مێژوویەکی دەستە هەوەڵە و لەلایەکی ترەوە مێژوویەکی هزرگەرە.

بە بڕوای هیگڵ مێژوونوسێک کە بزانێ تا لە مەبەست و واتای تاقانەی ڕووداوە بێ ئەژمار و ڕەنگاوڕەنگەکانی مێژوو نەگا و لە ژێر تیشکی ئەواندا ڕابردوو و ئێستا لێک گرێ نەدا، ناتوانێ بە ئاکامێک بگا، مێژوو نووسێکە کە لە فەلسەفەی مێژوو گەیشتووە. بەڵام لە مێژووی ئەردەڵاندا ئاماژەیەک بە نیشاندانی ڕێگا چارەیەک بۆ بنیاتنانی ئێستا و داهاتوو نەکراوە، ئەگەرچی مەستوورە بە ژیاندنەوەی مێژووی ڕابردووی ئەردەڵان حەولی داوە خەسارە مێژووییەکانی ئەو زنجیرەیە دەستنیشان بکا و بە وەبیر هێنانەوە و لە قاودانی هەڵە سیاسییەکانی میرەکانی ئەردەڵان لایەنە ناسکەکانی ئەو حوکمدارییەی بەدەستەوە داوە و بوارێکی بۆ عیبرەت وەرگرتن ئافراندووە. سەرەڕای ئەوەش مەستوورە بە کەڵک وەرگرتن لە هزر بۆ ڕاپەڕاندنی بەراورد و قەرینە مێژووییەکان، جێگەوپێگەی ڕووداوەکان لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و هزر لە پانتا مێژووییەکەی خۆیدا دیاری دەکا. سەرەڕای ئەوانەش مەستوورە بەو ڕادەیە لە خۆئاگایی مێژوویی نەگەییوە کە پلان و بەرنامەیەک بۆ ئێستا یا داهاتوو دابڕێژێ، یا تەوەرێک لەسەر بنەمای ئەزموونە مێژووییەکان بۆو زنجیرە حوکمدارە دامەزرێنێ. بەو جۆرە دەتوانین بڵێین مەستوورە لە سەرەتای ئافراندنی مێژوویەکی فەلسەفیدا بووە، بەڵام پێی نەگەییوە و ڕوانینەکەی بۆ بواری مێژوو بە تەواوی ڕوانینێکی هزر گەرانە نییە، بەو پێیە کتێبەکەی ناچێتە ڕیزی ئەو مێژووە فەلسەفییانەی لە پۆلێنکارییەکەی هیگڵدا ئاماژەی پێکرابوو.

**ئەو سەرچاوانەی لە مێژووی ئەردەڵاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە:**

١- شوێنەواره مێژووییەکان: مەستووره لە مەڕ باسی حوکمداری میرەکانی ئەردەڵان لە زۆر جێی کتێبەکەیدا ناوی ئەو شوێنەواره مێژووییانە دێنێ کە میرەکانی ئەردەڵان سازیان کردوون و وەک شایەتێکی زیندوو لە ڕابردوودا ناوی بردوون و بەو شێوەیە باری واقیعی و ڕاستییەکی زۆرتر بەپێدراوه مێژووییەکانی خۆی دەبەخشێ. بەتایبەت لەو بارەوه کە ئەو ئاسەوارانە ئەمڕۆکە وەک مێژووی بەرهەستی هەر نەتەوەیەک دێنە ئەژمار.

٢- کتێبەکان: مەستووره بۆ نووسینی مێژووەکەی خۆی لە کتێبگەلی مێژوویی وەک «زبدةالتواریخ»ی مەلامحەمەد شەریفی قازی و «تصنیف»ی خوسرەو بەگ کەڵکی وەرگرتووه و لە زۆر شوێنی مێژووی ئەردەڵاندا، لە کاتی بەراورد و هەڵبژاردنی قەرینە جیاوازەکانی مێژوویی ناویان دەبا.

٣- سەرچاوه زەینییەکان: لێرەدا مەبەستمان لە سەرچاوه زەینییەکان، ئەو شتانە بووه کە مەستووره بە شێوەیەکی زیندوو بە چاو بینیویە و بە گوێ بیستوویە، یان لە زمان خەڵکی دەوروپشتی بیستووه و لەوانەش کەڵکی لە قسەی بڕوا پێکراوانی خۆی بۆ نووسینی هەندێ بەشی کتێبەکەی وەرگرتووه.

٤- ئوستوورەکان: مەستووره کاتێ دەست بە نووسینی مێژووەکەی خۆی دەکا، بۆ ڕوون کردنەوەی بنەو بنەچەکی کوردانەوه دەستەوداوێنی ئەفسانەی زوحاک دەبێ و ئەو ئەفسانەیە لە کتێبەکەیدا دەگێڕێتەوه. ئەگەرچی مەستووره هیچ جەخت و پێداگرییەک لەسەر ڕاستبوونی ئەو بابەتە ناکا و تەنانەت هەوڵی ئەوەی هەیە کە بابەتی دووهەم لەمەڕ بنەوبنەچەکی میرەکانی ئەردەڵانەوه بسەلمێنێ کە لە ماکەی ئوستووره بەدووره. بەو حاڵەشەوه بە سەرنجدان بەو ئەفسانەیە، دەبینین ئەو کارەی مەستووره کارێکی بە بایەخە. لە مێژووەکانی «سووریانی»دا کە زۆرتریان لە سەدەی پێنجەمی زایینی بەدواوه نووسراون، ئەفسانەی دەمارگرژانە هێندە زۆر باس کراوه کە باوەڕ کردن بە بابەتەکانی تری ئەو کتێبانەی لەگەڵ دڕدۆنگی ڕووبەڕوو کردۆتەوه. ئەو خاڵە لەمەڕ مێژووی «ئەرمەنی»شەوه وەڕاست دەگەڕێ. هۆی هەبوونی ئەفسانە لە مێژوودا ڕەنگە بتوانین ئاوا لێک بدەینەوه کە چون گێڕانەوەی مێژوو لە ڕابردوودا پشت ئەستوور بەگێڕانەوەی زارەکی بووه و لەو جۆره ڕاگوازتنەشدا بەردەوام ئافەتی لەبیر چوونەوه، کەمتەرخەمی و پەلە پروزێ بوونی هەیە، ئاساییە کە جارناجارێ ویستی تاکەکەسی و خەیاڵ پەروەری بە مەبەستی هەوڵ بۆ دەسەڵات بەخشین بە سەرچاوەی مێژوویی - بۆ وێنە پاڵەوانەکان- دەخزێتە ناو بابەتەکانەوه. لێرەدایە کە چۆنیەتی بیچم گرتنی ئوستوورەکان لەنێو ڕاستییە مێژووییەکاندا ڕوون دەبێتەوه.

هیگڵ ئەفسانە و سرووده ڕەشۆکییەکان و ستایشی شاعیرانەی خوداکان بەتەواوی لە جەغزی مێژوو وەدەردەنێ. (١٣) چونکە لەسەر ئەو بڕوایەیە، مێژوویەک ئاوێتەی ئەفسانە بێ لە پانتایی مێژووی فەلسەفیدا جێی نابێتەوه. بە پێی قسەکەی هیگڵ بەسەرنجدان بەوەی کە مێژوو دەبێ بە تەواوی لەسەر ڕاستییەکان دامەزرابێ، کەواتە بە هیچ چەشنێ ئامادە بوونی ئەفسانە لە مێژوودا ڕەوا نییە. هێنانەوەی ئەفسانە لە مێژوودا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تەماوی بوونی ڕەوتە نەناسراوەکانی مێژوو، چونکە ئەفسانەکان شوناسی مێژووییان نییە.

بەڵام لێرەشدا خاڵێکی تەماوی لە باسەکەی هیگڵدا وەبەر چاو دەکەوێ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین بە تەواوی ئەو باسە وەرگرین و دانی پێدابنێین. هەروەک گوتمان بەسەرنجدان بۆ بیچم گرتنی ئەفسانەکان لە مێژوودا دەبینین جاری وایە ماکە گەلێکی ڕاستی و واقیعی دەبنە هۆی بەدیهاتنیان، چونکە باسی مرۆڤ دەکەن و بابەتەکانیش دەدەنە پاڵ مرۆڤەوه، لەو تایبەتمەندییەدا لەگەڵ مێژوو هاوبەشن.

بەڵام لە ئەفسانەکاندا سنووری ڕاستییەکان بە هیچ چەشنێ دیاری ناکرێ، بەڵام دیسانیش لەبەر ئەو تایبەتمەندییانەی باسمان کرد، ئەفسانەش دەتوانێ کەڵکی بۆ توێژینەوەیەکی مێژوویی هەبێ. بۆ وێنە دەتوانین لە ڕووی دەقی ئەفسانەیەکەوه نیشانەکانی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی خەڵک لە سەدەکانی ڕابردوودا بناسینەوه، لێرەوەیە، کە دەتوانین ئەفسانەی زوحاک لە مێژووی ئەردەڵاندا، وەک هێمای بیرکردنەوەی کوردانی ڕابردوو بۆ دەسەڵات بەخشینی کۆمەڵایەتی بە سەرچاوه و بنەچەکی خۆیان لەبەرچاو گرین. لێرەشدایە کە بایەخی ئەفسانە دەکەوێتە ڕوو، هەڵبەت هەر وەک گوترا ئەفسانەیەک کە مێژوونووس بەهیچ چەشنێ هەوڵی

سەلماندن یا سەپاندنی نەبێ.

**خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مێژووی ئەردەڵان**

تا ئێستا زۆر خاڵمان لەمەڕ شەرح و هەڵسەنگاندنی بەشە گرینگەکانی مێژووی ئەردەڵان خستۆتە ڕوو. بەڵام جگە لەوانە زۆر خاڵی تر هەن کە بۆ پەیبردن بە بایەخی زیاتری ئەو کتێبە، ناتوانین پشتگوێیان خەین، لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێ لایەنی تری ئەو کتێبە وەک لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان بخەینە بەر باس:

١- بەشێوەیەکی ئاسایی گرووپ یان کەمینە مەزهەبی و نەتەوەییەکان، لە کاتی نووسینی مێژووی خۆیاندا، هەمیشە تێدەکۆشن لەبەر بارودۆخێکی نالەباری کە هەیانە یان بوویانە مەزلوومییەتێکی ئەزەلی بە خۆیان ببەخشن و هەمیشە خۆیان وەک ستەم لێکراو بنوێنن، لە بەرانبەردا ڕوخسارێکی ئەهریمەنی بۆ دوژمنەکانیان دەنەخشێنن. بە بڕوای بیرمەندانی بواری مێژوو ئەو بابەتە لە مێژوونووسیدا وەک شکاندنی سنوور ڕاستەقینە و نەخۆش کردنی رووحی مێژوو چاوی لێدەکرێ. سەرەڕای ئەوەی بە داخەوە ئەو مەزلووم نواندنە تا ئێستاکەش لە مێژووی نووسەرانی کورددا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە مێژووی ئەردەڵاندا ئەو خاڵە بە هیچ لەونێک زەق نەکراوەتەوە و رووحی رووداوەکان بە هیچ چەشنێ بەرەو سەلماندنی مەزلووم بوون یان زاڵم بوونی لایەنێک دانەگەڕاوە.

٢- مەستوورە بە وەبیرهێنانەوەی خاڵە نەرێنی و کارە ناڕەواکانی میرانی ئەردەڵان و بەنیشاندانی بێکیفایەتی ئەوان، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە میرەکانی هاوسەردەمی خۆیەوە هەیە، لایەنە لاواز و نەخۆشەکانی ئەو هێزە سیاسییە لە ڕادەی خۆیدا بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە. بەو شێوەیە بۆ «من»ێکی مێژوویی کورد کە ئەمڕۆکە دەمەوێ مێژووی خۆم بناسم و حازرم لە هەڵەی ڕابردووەکان دوور کەومەوە، جۆرێک مێژووی کاربردیش پێک دێنێ. بەو واتایەی کە مەستوورە ئۆلگویەکی سیاسی بە هەموو چاکە و خراپەکانییەوە دەنەخشێنێ، تا منی مێژوویی بتوانم لە دامەزراندن و پێکهێنانی لایەنێکی سیاسی لە ئێستا یان داهاتوودا، ئەزموونەکانی زنجیرەی مێژووی مەستوورە وەرگرم و دەکاریان بێنم.

٣- ئەو دەستەیە لە مێژوو کە لە دیوەخانی حوکمداران و لەمەڕ خودی ئەوانەوە و بە دەستووری ئەوان نووسراوە، بە «مێژووی فەرمی» ناسراون. مێژووی ئەردەڵان لەو بارەوە کە لە ناوەندی دەسەڵاتداری و لە دیوەخاندا نووسراوە دەتوانین بە «نیمچە فەرمی» بناسین، بەو جیاوازییەوە کە ئەو مێژوویە بە دەستووری ئەمیر یان حاکمێک بۆ وەرگرتنی خەڵات و بەرات نەنووسراوە، بەڵکو نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ کە بەپێی ویستی دەروونی خۆی دەستی کردووە بە نووسین. ئەوەش زۆرێک لە شتەکان دەگۆڕێ، بۆ وێنە مێژوونووس ڕاستییە مێژووییەکان لەبەر دڵی کەس ئاوێتەی درۆ و دەلەسە ناکا.

هەروەها نووسرانی کتێبەکە زۆرە ملی نەبووە، نووسەر بەپێی هۆگری و ویستی تاکەکەسی خۆی حەولی خوڵقاندنی ئەو کتێبەی داوە و بۆ کامڵترکردنیشی لە هەموو توانا و ئیمکانێک کەڵکی وەرگرتووە.

٤- مێژووی ئەردەڵان سەرەڕای ئەوەی لە بواری مێژوودا، وەک مێژوویەکی ناوچەیی دەناسرێ کە لەسەر بنەمای شەرح و باسی میرەکانی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە، بەڵام ئەو جوغرافیا مێژووییەی کە نەخشاندوویەتی زۆر بەرینترە لە پانتایی سەرەکی باسەکەی و جاری وایە تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش دەگرێتەوە. بۆ وێنە کاتێ لەو کتێبەدا باسی چۆنیەتی حوکمداریی خان ئەحمەد خانی یەکەم دەکا، بەردەوام باسی شارەکانی باشووری کوردستانیش دەکا، یان ناوی حاکمەکانی ساوجبلاغی موکری دێنێ.

جگە لەوانە مەستوورە مێژووی کوردستانی، بەشێوەیەکی پێوەندیدار و تەریب لەگەڵ مێژووی سەڵتەنەتی قاجارەکان لە ئێران و قەڵڕەوی عوسمانی لە عێراق بە دەستەوە داوە و لەمەڕ ڕۆژئاوای ئێرانیشەوە بۆ سەردەمی خۆی وەک سەنەدێکی تەواو دێتە ئەژمار.

جگە لەوەش مێژووی ئەردەڵان تەنیا مێژوویەکی سیاسی نییە، چون لە مێژووە ناوچەییەکاندا بەشێوەیەکی ئاسایی جەخت لەسەر بنەماڵە ناودارەکانی ناوچە دەکرێ و مێژووی ئەردەڵانیش لەو یاسایە بەدەر و بەدوور نییە. ئەو کتێبە بەڵگەیەکە بۆ ئاگاداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەی ئەردەڵان. یان ئەوەی کە لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا باسی «تۆپخانە» و «زەمبوورەکخانە»ی میرەکانی ئەردەڵان دەکا (١٤).

ئەوەش لە ڕاستیدا ئاماژەیە بە توانای چەکداریی

حاکمە کوردەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا. لە لایەکی ترەوە باسی کاروچالاکی میرەکانی ئەردەڵان لە بواری بیناکردنی مزگەوت و ئاسەواری میعماری دەکا، ئەو باسانەش هەندێ ڕاستی لە مەڕ هەبوونی ئەو پیشە و تەکنیکانە لەو سەردەمی کوردستاندا بۆ ئێمە خۆیا دەکەن و بۆ ئاگاداری لە شێوازی بیناسازی و میعماری ئەو سەردەمە بەسەرنجدان بە ئاسەواری ئەو بینایانە وەک سەرچاوە دێتە ئەژمار. جگە لەوەش پێوەندیی سیاسی حاکمانی ئەردەڵان و حاکمانی بابان کە لە چوارچێوەی جوغرافیایی قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بوون، جگە لەوەی دەست تێوەردانی هێزەکانی قاجاری و عوسمانی لە ڕەوتی سیاسی میرنشینە کوردەکان دەردەخا، زانیارییەکی باشیشمان لەمەڕ میرنشینی بابان پێدەبەخشێ. یان لە شوێنێکی تر واتە لاپەڕەی سەدی کتێبەکەیدا ئاماژە بە «بیگلەر بەگی» گەری «سوبحان وێردی خان» لە تاران دەکا، کە ئەو خاڵەش نیشاندەری بوون و ئامادەیی مێژوویی کوردە لە ناوچە غەیرە کوردەکان و دەسەڵاتداریی کورد بەسەر ناوەندێکی دەسەڵاتی وەک تاراندا بۆ ئێمە وەدەردەخا. بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین مەستوورە مێژوویەکی بەرینتر و مەزنتری لە ناونیشانی کتێبەکەی خۆی نووسیوە، هەر وەک چۆن بە هەندێ هەڵوێستە کردن دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە مێژوو نووس هەرگیز خۆی لە حەساری مێژووی سیاسی ڕێکدا نەبەستۆتەوە و لە سەرووی مێژووی سیاسی ئەو میرنشینەی مەبەستی بووە، بارودۆخی سیاسیی ئێران، بۆ وێنە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداریی ئێران و ئەفغانەکان لەسەردەمی سەفەوییەکان و شەڕی ئێران و ڕووس لە زەمانی «فەتحعەلی شای قاجار»دا، باس دەکا. پێوەندی سیاسی ئێران و عوسمانی و شوێنی ئەو پێوەندییە لەسەر بارودۆخی کورد و بارودۆخی کوردستان هاوکات لەگەڵ پاشایەتی نادرشای هەوشار دەخاتە ڕوو. ئەوانە و زۆر شتی تری لەو بابەتە بایەخی کاری مێژوویی مەستوورەیان چەند بەرابەر کردووە و ئەو بەرهەمەیان وەک بەرهەمە مێژووییەکەی «موزێری»ی ئاڵمانی لێکردووە. (١٥) موزێریش ویستی کتێبی مێژووی شارەکەی خۆی بنووسێ، بەڵام ئەمڕۆکە کتێبەکەی وەک مێژووی تەواوی ئاڵمان باسی لێدەکرێ. ئەگەرچی ئێمە کارەکەی مەستوورە بەتەواوی هاوشێوەو هاوشانی کارەکەی موزێر دانانێین، بەڵام مێژووی ئەردەڵانیش، شتێکی لەو بابەتەیە.

٥- خاڵێکی تری جێی ئاماژە، دەستنیشانکردنی ئەدەبیاتی مێژوویی ڕیتم و سەروادار و زمانێکی پتەو و ئەدیبانەیە کە مەستوورە بە باشی کەڵکی لێ وەرگرتووە و هەر ئەو شێوازە نووسینەش تێگەیشتنی باسە مێژووییەکانی شیرین و سانا کردۆتەوە. ئەوەش نیشاندەری توانا و دەسەڵاتی ئەو مێژوونووسە کورد زمانە لە پانتایی زمانی فارسیدایە.

ئەگەرچی زمانی فارسی، زمانی دووهەمی مەستوورە بووە، بەڵام ئەو بە دەسەڵاتێک کە لەسەر ئەو زمانە هەیەتی ناوبەناو کتێبەکەی بە بەیتە شیعری جوان و لەبار ڕازاندۆتەوە، هەڵبەت ئەو شێوە نووسینە، زۆرتر شێوەی مێژوونووسانی ئێرانی بووە کە چێژێکی تایبەت بە دەربڕینی مێژوویی بەخشیوە.

سەرەڕای ئەو هەموو خاڵە بەکەڵکەی کە ئاماژەمان پێکرد، کتێبەکەی مەستوورە بێ عەیب و ئیرادیش نییە. یەکێ لەو ئیرادانەی دەتوانین ڕووبەڕووی کتێبەکەی مەستوورەی کەینەوە ئەوەیە کە مەستوورە لە دوو شوێنی کتێبەکەیدا لە باری زەمانی مێژووییەوە تووشی هەڵە بووە، بۆ وێنە هاوکات لەگەڵ «شاتەهماسبی سەفەوی» لە قەڵەمڕەوی عوسمانی «سوڵتان سولەیمان» حکومەتی کردووە، کەچی مەستوورە بە هەڵە ناوی «سوڵتان سەلیم»ی هێناوە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە مەستوورە بۆ نووسینی ئەو بابەتە کەڵکی لە سەرچاوەیەک بە ناوی «زبدة التواریخ» وەرگرتووە و لەو کتێبەشدا بابەتەکە بە هەڵە هاتووە، پێویست بوو مێژوونووس بۆ نووسینی ڕووداوەکان بە سامانێکی لێکۆڵینەوەیی زیاترەوە دەستی بەکار کردبا. یان هاوکات لەگەڵ پاشایەتی شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی باسی ئامادە بوونی چەکداریی نادر شای هەوشار لە کوردستان دەکا کە ڕاست نییە و نادر پاش ڕووخانی پاشایەتی شا سوڵتان حوسێن دێتە ڕۆژاوای ئێران.

خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە، مەستوورە وەک مێژوونووسێکی کورد و بەپێی توانایەک کە لە زمانی کوردی و لە نووسینی شیعری کوردیدا بوویەتی بۆچی مێژووەکەی خۆی بە زمانی کوردی نەنووسیوە؟ ئەو پرسیارە لە بارەی «شەرەفخانی بەدلیسی»شەوە وەڕاست دەگەڕێ کە لە ڕاستیدا ناسنامەی گەلی کوردی نووسیوە. لەمەڕ شەرەفخانەوە

دەتوانین بڵێین لەسەردەمی ئەودا، واتە ٥٠٠ ساڵ لەوە پێش، زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئەوەندە بەهێز نەبووە کە بتوانێ ببێتە هۆی ئافراندنی کتێبێکی مەزنی وەک شەرەفنامە، بەڵام لە سەردەمی مەستوورەدا زمانی ئەدەبی کوردی تا رادەیەکی زۆر خۆی گرتبوو.

لێرەدا نامەوێ ئەو کارە بۆ مەستوورە پاساو بدەمەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لە سەردەمی مەستوورەدا زمانی فارسی، زمانی زاڵی ئەدەبیاتی مێژوویی بووە و بەر لە مەستوورە هیچ بەرهەمێکی مێژوویی بە زمانی کوردی نەنووسراوە، دوای ئەویش تا چەند دەیە لەوە پێش وەها بەختێک رووی لە کورد نەکرد. دەنا ئەگەر مێژووی ئەردەڵان بە زمانی کوردی نووسرابا رەنگە زۆر شتی بە نرخی تری لێ هەڵکرابا.

هەرچەند ئێستاکەش ئەو بەرهەمە بەرز و بەبایەخە.

خاڵێکی تری جێی باس ئەوەیە کە ژمارەی ئەو سەرچاوانەی مەستووە کەڵکی لێ وەرگرتوون، جگە لە سەرچاوە زەینییەکان واتە ئەوەی بیستوویەتی و بینیویەتی، تەنیا ئاماژەی بەدوو سێ بەرهەمی نووسراو کردووە، بۆ وێنە «زبدة التواریخ» و «تەنیف خسروبیگ» (١٦).

پێویست بوو مێژوونووس تێکڕای ئەو سەرچاوانەی کەڵکی لێوەرگرتوون ناوبێنێ تا هەم سامانی مێژوویی کتێبەکە زیاتر و توانا زانستییەکەی پتەوتر با، هەمیش ئەو کتێبانەی لە رابردوویەکی دووردا نووسراون و ئێستاکە بەدەستەوە نین ناسرابان و بۆ دیاری کردنی ئەو تەوەرە مێژووییانەی کە ئەم کتێبە ونبووانە دیاریان کردوون تا ئەو شوێنەی بۆی لوابا دەبوو هەوڵ بدا.

ئەوەی خستمانە روو تێکڕای خاڵە باس هەڵگرەکانی بەرهەمی مەستوورەی کوردستانی و کەسایەتی مێژوو پەروەری ئەو نەبوو، بەڵکو تەنیا تێپەڕینێکی خێرا بوو بەسەر ئەو بەرهەمە مێژووییەدا. بێ شک خستنە رووی هەموو لایەنەکانی ئەو کتێبە و روون کردنەوەی کەسایەتی مەستوورە لە پلەی مێژوونووسێکی کورددا، دەرفەت و تاقەتێکی فراوانتر دەخوازێ.

باسەکەم بەوە کۆتایی پێ دێنم کە، هۆگری بەتێگەیشتن لە واتای زەمان و ناسین و ئاگاداری لە چارەنووسی کۆمەڵگاکان لە گرینگترین کەڵکەڵەکانی ئەمڕۆیە و مێژووی ئێستاکە باشترین ئەزموونی دوارۆژە و لە دوارۆژەکانی تریشدا هەر درێژە پەیدا دەکا. مەستوورەش ئەو حوزوورە مێژووییەیە کە هەنووکە ئێمەی مێژوویی بە مەبەستی گەیشتن بە خۆ ئاگایی رێنوێنی دەکا، ئێمە پێشکەش خۆمان دەکاتەوە، بەڵکو خودی مێژوویی لە دوارۆژەکاندا بژێنینەوە.

**سەرچاوەکان:**


**١- زرینکوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٢**

**٢- هەمان سەرچاوە**

**٣- هەمان سەرچاوە**

**٤- مهدی، محسن، فلسفەی تاریخ ابن خلدون، ترجمەی مجید مسعودی، تهران ١٣٧٠**

**٥- سجادی، صادق و دیگران... تاریخ نگاری در اسلام، تهران، سمت ١٣٧٥**

**٦- بدلیسی، شرفخان، شرفنامە، تصحیح محمد عباسی، تهران: حدیث ١٣٤٨**

**٧- زرینکوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٢**

**٨- هەمان سەرچاوە**

**٩- هەمان سەرچاوە**

**١٠- مهتا، ود، فیلسوفان و مورخان، ترجمەی عزت الله فولادوند، تهران، خوارزمی، ١٣٦٩.**

**١١- سجادی، صادق و دیگران.... تاریخ نگاری در اسلام، تهران، سمت ١٣٧٥**

**١٢- هگل، گئورک ویلهلم فردریش، عقل در تاریخ، ترجمەی سعید عنایت، تهران، شفیعی ١٣٧٩**

**١٣- هەمان سەرچاوە**

**١٤- کوردستانی، مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا.**

**١٥- زرینکوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٢**

**١٦- کوردستانی، مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا.**

# مەستوورە و بادانەوە بۆ لیریکای ئەریستۆکراتیانەی فارسی

عادل محەمەد پوور
(مەریوان)

**هەڵوێستەیەک**

سەرەتاکانی سەدەی ١٣ی کۆچی ١٧٨٩ز. ماوەیەک پاش تیاچوونی کەریم خانی زەندی بە ڕەچەڵەک کورد و تێپەڕبوون لەو دۆخە لەرزۆکەی کە بە هۆی ئەو ماوە سیاسییەوە بەدیهاتبوو و سەقامگیر کردنی ئۆقرەیی و ئاسایش لە ئێرانی ئاڵۆسکاو و پچڕپچڕدا، لە لایەن ئاغا محەمەد خانی قاجارەوە و سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لە ئەوروپادا و کارەساتگەلێکی تریش وەک سەرهەڵدانی (ناپلیۆن) و بزاڤی هەمە لایەنەی شەقامی ئەو وڵاتە و پاش ڕسکان و تەشەنەی هزری نۆژەنی و پێشکەوتنخوازی و گەشەی پیشە و زانست لە ئەوروپادا و هەموارکردنی ڕێگا بۆ بیری ناسیۆنالیزم و هاتنە کایەی دەوڵەت – نەتەوە و تەشەنەی ئەم دۆخە لە سەراسەری جوگرافیای ئەوروپادا و پاشان کاردانەوەی بۆ وڵاتانی تر وەک ئێران و.. تاد، هورووژمی ئەو شەپۆلە هزری و پیشەیی و زانستییە، ئەگەرچی ئەوروپای داگرتبوو، کەچی بە داخەوە هێشتا نەیتوانیبوو ڕۆحی خەمۆکی ئێرانییەکان – چ چین و توێژەکانی خەڵک و چ دەسەڵاتدارێتی وەخت – لە خەوی چەندین ساڵە، ڕاچەنێ و بیانهەژێنێ. هەروا ئەو شێوە گەندەڵکارییە سیاسییە و پۆپۆلیزم و کوێلەتی لە ڕۆح و هەناوی تاک و کۆمەڵدا بەردەوام دەبێ. بەڵام کاردانەوەی ناڕاستەوخۆ و نائەنقەستی شەڕەکانی دەوڵەتی ڕووسیە و هاتوچووی سەربازێتی و تێهەڵکێشی ئەم ئیشە سەربازیانە، بوو بە ختووکەدەری عەباس میرزا – کوڕی فەتەلی شا – وەک پاڵنەر و هەڵخڕێنەر لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا پێوەندی سەربازی و سوپایی وەربگرێت و داوای شتومەکی نوێی تەکنیکی و پیشەیی و لەشکری لەو وڵاتانە بکات. واتە لە پێکهاتەی لەشکری و سوپاییدا مۆدێرنیزاسیۆن بەدی

بێنێ. دەسپێکی ئەم کارە نۆژەنە، سەرەتا لە ئازەربایجانەوە، بوو بە هۆی نزیکایەتی لەگەڵ ڕووسیە و عوسمانلییدا و پاشان چوونە ناو دەروازەی ئەوروپاوە. هاوکات لەگەڵ ئەم بزاڤە سەربازی و پیشەییەدا، بزاڤی هزری و فەرهەنگی و ئەدەبیش دەست پێدەکا. چاپخانە دروست دەبێ و چەندان کتێب و ڕۆژنامە دەنووسرێ، یان وەرگێردرێت و دێنە گۆڕەپانی ڤەشاندن. دەستەبژێرێک وەک میرزا عیسای قایم مەقام و ئەبولقاسمی قایم مەقام و میرزا تەقی خانی فەراهانی و ئەمیر کەبیر، دەبن بە پێشاهەنگی چاکسازی و ڕیفۆرمخوازی لە بواری سیاسەت و هزری و دیوانی و ئیداریدا...

ئەم گۆڕانکارییە ئەگەرچی زۆر بە ئارام و لەسەرخۆ و درێژخایەن و دژوار و پڕئاستەنگ دەبێ و گیان بەختکردنی هەندێ لەم گەورەپیاوانەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام دەتوانێ شارێگە هەموار بکات بۆ شۆڕشی مەشرووتە و سەقامگیرکردنی ئۆخژنی ئازادی و بەرابەری و دەستەبەرکردنی هەندێ لە مافە مرۆییەکان لە ئێراندا.

**شیعرە کوردییەکانی مەستوورە لە چاو ئاستی هونەریی شیعرە فارسییەکانیدا زۆر لاوازن**

### لیریکا، سۆزی سەرەکی شاعیرانی کورد

شاعیری نەوەی ئێستای کورد، سنووری هەندێ لە خەسڵەتە بڕیاردەرە پێشوەختییەکانی نەوەکانی ئەوسای بەزاندووە و هەر شتێکی بازنەدار و هەر خانەبەندیەکی پێش فەرزدار، کە تەواوکەر و بڕیاردەری فۆرم یان فۆڕمگەلێکی دیاریکراو و واتا یان واتاگەلێکی داواکراو و خوازراو بێت، ڕەت دەکاتەوە. -من بۆخۆم تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام-بەڵام لەوەدا کە کورد، هەر لە مێژە بۆ وشیاری گەلەکەی و بۆ وروژاندنی پرسەکان و نیازە سەرەکییەکانی ڕۆحی و تەنانەت چییەتی ناسنامەی فەرهەنگی لەجیاتی دەقی فەلسەفی و لۆژیکی هزری، تەنیا ژانری شیعری بەدەستەوە بووە، تا یەک دوو دەیەی بەر لە ئێستاش لەجیاتی چیرۆکی مۆدێرن و وێنەکێشان و تەلارسازی و پەیکەرتراشی و باقی ژانرەکانی تر، هەر شیعرە و یەکەی داهێنان بووە بۆ درکاندنی واقیعە ڕۆحییەکانی و کەشفی نەستی ناخۆئاگای کۆیی و هەنگاونان بەرەو ئاگایی ڕۆحی و ڕوونکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی فەلسەفەی مێژوویی. چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ بەشی هەرە زۆری جوانیناسی ئەدەبی و شیعری کلاسیکمان، لە چەمکی گشتی لیریکای «ئەریستۆکراتیانە بە ڕووکردی تیۆکراتیانەی سۆفیانە»دا گەلاڵە کراوە کە وەک ئاوێنەی باڵا نوێن هەموو هیوا و تامەزرۆ دڵخوازەکان لەودا پەنگی خواردۆتەوە و یاساغ کراوە. لەسەر ئەم لۆژیکە هزری و هونەرییە کە نەستی کۆی کوردی پێ چنراوە، دەبێ ڕێبازە فیکری و هونەریەکەشمان بدۆزینەوە و پۆلێنبەندی بۆ بکەین. بەرەی ئێستای شیعری هاوچەرخ لە بری دانەری دەسەڵاتخواز و بتی نووسەر، بۆ کەشفی ئاسۆی واتاکان و پێوەندی دوولایەنەی دیالێکتیکی دەق دەڕوانێ و هیوا دڵخوازەکانی بە دیالۆگ لەگەڵ دەقی کراوە و دەقی قسەکەردا، دەبینێتەوە. ئەم ڕووکردەش هی ئەم سەردەمەیە و هیچ لە بایەخی هەوڵەکان و پێوەرە ناسراوەکانی جوانیناسی و ئیستاتیکای ئەوسامان کەم ناکاتەوە و بە تێکڕاش ڕەفز ناکرێتەوە. ئاخر ئەگەریش لە دیدی بنەماخوازیدا لەم دیاردە بکۆڵینەوە نەتەنیا، فەرهەنگ بەڵکو هەر دەقێک هەمیشە نووسراوە و لە ویژدانی ناخۆئاگای کۆدا پەنهان ماوەتەوە و کاری خوێنەر ئەوەیە بە خوێندنەوەی دەقەکە، ڕازە نهێنی و بزۆزەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی... کەشف بکات. بە پێی ئەم ڕووکردە و قبووڵی ئەم خاڵە، شیعری هەر سەردەمێک ڕەنگاڵە و چێژی تایبەتی ئەو چرکە ساتانەیە کە دەق لە دایک دەبێ، بۆیە دەلوێ بۆ ناسینی پرەنسیپە ئێستەتیکییەکانی مەستوورە، لەو فاکتە تایبەتیانەوە بدوێین کە شیعرەکانی ئەو شاعیرە لەو بارودۆخەدا ڕسکاوە و فراژوو بووە.

بەپێی ئەو پۆلێنبەندییە کە یۆنانییەکان بۆ شیعری دەکەن: کە بریتییە لە چوار جۆر:

شیعری Epic (حەماسی)، شیعری دراماتیک (نمایشی Dramatic) شیعری Etic (ئەخلاقی و ئاکاری و مۆچیاریئامێز) و شیعری Lyric (غەنایی).

لەسەر مێتۆدی زانستی ئەو ڕووکردە هونەرییە: ئێمەی کورد لە کلاسیکدا، بێبەش بووین لە شیعری Epic و

دراماتیک (مەبەست مانای زانستییە). شیعری Etic و ئەخلاقی، بەپێی ناوەرۆک و ئەرکە ئەخلاقی و ئاکاری و بۆنەدارەکانی شاعیران، لەم چەشنە شیعرە بێبەش نین و هەندێ لە شیعرە کلاسیکەکانمان، زادەی بۆن و بەرامەی ئایینی و ئیتنیکین، بەڵام بە ڕای من ڕووکردی زەینی و ئەبستراکتی گشتی زۆربەی شاعیرانی کورد لە شیعری لیریکدا، بەو مانا ئەکتیڤ و بەرفراوان و ڕووبەرە کراوەوە کە هەیەتی، خڕبۆتەوە و گەڵاڵەڕێژ کراوە. بەم چەشنەی خوارەوە:

١- لیریکای عیرفانی (تیۆکراتیانە) - شاعیرانی دیالێکتی بابان: نالی، مەحوی و هەڤاڵەکانیان...

٢- لیریکای عاشقانە Love Lyric - قوتابخانەی گۆران: خانا، بێسارانی، مەولەوی و هاوبەندەکانیان...

٣- لیریکای تەغەزولی - حەماسی: ئەحمەدی خانی و... لە شیعری هاوچەرخدا شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانیان.

٤- لیریکای کۆمەڵایەتی - نەتەوایەتی: حاجی قادری کۆیی، قانیع و... شاعیرانی سەر بە ئەم ئەدگارە شیعرییە و دیسانەوە شێرکۆ. سەرهەڵدانی چیرۆکی چرۆی چینی بورژوا و ناسیۆنالیزمی کوردی و...

٥- لیریکای سروشت، زۆربەی شاعیرانی کورد. لەم پۆلێنبەندەدا، تەنیا بە شاعیرانێک ئاماژەکراوە کە لەم ڕێچکەدا لە لوتکەدان. بەڵام یاگە و شوێنی مەستوورە لەم خانەبەندییەدا کوێیە و لە کام خانەدا دەبێ ڕاڤەی بۆ بکرێ؟

گوایە شیعرە کوردییەکانی مەستوورە فەوتاوە و ئێستا لە بەردەستدا نییە، ئەو هۆنراوانەش چ هەورامی و چ سۆرانی کە هەن و لە چاپ دراون، هەم لە چەندایەتی و هەم لە چۆنایەتیدا، نە شیاوی ڕاڤە و شرۆڤەی هونەرین و نە هەڵگری ئاستی جوانیناسی و بۆتیقای شیعرین و نە شیاوی تاوتوێ و ڕانانکاریشن لە هەمبەر بێسارانی و مەلەوی و نالیدا. تەنیا دەتوانین بڵێین هۆنراوەگەلێکی ساکار و ئاهەنگدار و سەروادارن کە لە بواری لیریکای تاکی تیۆکراتیانەدا شوێنیان بۆ دیاری دەکرێ.

شیعرە فارسییەکانی مەستوورە تا ڕادەیەک لە بازنەی ڕەوتی بادانەوەی ئەدەبی سەردەمی قاجاردا شیاوی باس و خواس و شرۆڤەکاری ئەدەبی هەن کە دۆزی سەرەکی و ڕووکردی شێوازناسانەی ئەم وتارەیە: لە سێ ئاستی زمان و فیکر و ئەدەبدا.

**لادانی مەستوورە لە ڕەسەنایەتی لیریکای کوردی و بادانەوە بۆ ئەدەبی دەسەڵات**

لە سەردەمی سەفەویدا، بە هۆی ڕووکردی ئایینی و تینوێتی بەرینتر کردنی جوگرافیای دەسەڵاتی توتالیتاریزمی مەزەب و ئۆتۆریتەی سیاسی و بەرامبەرکێ و دژبەری لەگەڵ نەیاری عوسمانلیدا، باکگراوندی ڕسکانی شیعر و شاعیری ڕوو لە کزی و لاوازی دەکات، بۆیە لەم سەردەمەی ئێراندا شاعیری داهێنەر و هەڵکەوتوومان نابێت کە بتوانێ لەگەڵ شاعیرانی ڕابردووی شێوازی خۆراسانی و عیراقیدا بەرامبەرکێ بکات. ئەگەریش بە دەگمەن هەبووبێ تەنیا لە بواری شین گێڕی و چەمەری و پیاهەڵدان و مەنقەبەدا بووە بۆ ئیمامانی شیعە و کارەساتی کەربەلا.

ئەم ناوە ئەدەبییە و ئەم بێدەرەتانییە شیعرییە، وا دەکات کە ناوەندی شیعری دەرباری لە گەشەی جاران بکەوێ و ئەوانەش چێژ و بەهرەی شاعیرانەیان دەبێ ڕێگای کۆچبەری وڵاتانی هیند و عوسمانی بگرنەبەر و شیعریش لە ئاشانەکەی ئەمیران و سانەکان و پاشاکان دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شەقام و توێژەکانی کۆمەڵ. بەم چەشنە، لە هەندەران بزاڤێکی ئەدەبی بە ناو شێوازی هیندی لە دایک دەبێ. ئەم شێوازە شیعرییە هەم لە فۆڕم و هەم لە ناوەڕۆکدا، لە جیاتی گۆڕانکاری و نۆژەنی و فراژووبوون، تووشی سستی و قەیران و چەواشەگەری زمانی دەبێ. شیعر لە واقیعەکانی ژیانی سۆسیایی و پراکتیکی کۆمەڵ دوور دەکەوێتەوە و دەکەوێتە نێو مەنجەڵاوی ڕووتی خەیاڵبەندی و مەزموونکاری دوور لە زەین. بە واتا لە شان و شکۆ و زمانی ئەشرافی جاران دەکەوێ. بۆیە گرۆی ئەنجوومەنی ئەسفەهان لەم سەروبەندەدا، لە هەمبەر ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ئاڵۆسکاوەدا، بەرهەڵستکاری دەکەن و ئاکامی دەبێتە هۆی لە دایک بوونی ڕەوتێکی تری ئەدەبی بە ناو «لادانەوەی ئەدەبی».

ئەنجومەنی ئەدەبی «نشاط» کە پێکهاتبوو لە شاعیرانێک وەکو نشاتی ئیسفەهانی و هاتف و موشتاق و شوعلە و لوتفەلی خانی ئازەربیگدلی و فەتەلی خانی

## قەسیدە هەجوییەکەی نالی بۆ مەستوورە وێڕای خاڵە نەرێنییەکانی، دان پێدانانە بە کەسێتی بەرزی ئەدەبیی مەستوورە

سەبا و... پێیان وابوو، تەنیا ڕێبازی دەربازبوون لەم قەیرانە شیعرییە، گەڕانەوەیە بۆ ئوسلوبی خۆراسانی سەدەی چوار و شێوازی عیراقی «سەدەی حەوت و هەشت».

لە قەسیدە و مەسنەویدا دەبێ ناسر خەسرەو و فیردەوسی و... لە غەزەلدا، سەعدی و مەولەوی و حافز، بێ بە سەرچەشنی ئەدەبی و شیعر وتنەوە تا دووبارە شکۆ و هەیبەتی ئەریستۆکراتیانەی زمانی شیعری فارسی زیندوو بکرێتەوە.

بێگومان لەم دۆخە زەمەنییەدا، کە ئەردەڵانەکان لە کوردستاندا، دەبن بە گوێڕایەڵ و گوێ لەمشتی حکوومەتی قاجارییەکان و لە لایەن ئەوانەوە وەک دیاری دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕەوایی ناوچەییان پێ دەبەخشرێ، مەستوورەش لەم دۆخە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبییەدا ژیاوە و وێڕای دەسەڵاتی سیاسی بنەماڵەکەی، خاوەنی چێژی شاعیرانە و توانستی نووسەرانە و هونەری خۆشنووسانەش بووە. مەستوورە زادە و بەرهەم و پێکهاتەی ئاوا دۆخێکی سیاسی و کۆمایی بووە و لە ژێر کاردانەوەی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و تۆتالیتاریزمی فەرهەنگی و ئەدەبی ئەو دەمەی قاجاردا، زەمینە ڕەخساوە بۆ ڕسکانی مستەوفیگەری و خان سالاری و دەسەڵاتخوازی لە بواری ئەدەب و شیعری دیوانیدا.

بۆیە: مەستوورە بە نەشونەما لەم بەستێنەدا، لە ڕەسەنایەتی زمان و ئەدەبی زگماک هەڵەتە دەبێ و بە باشی ناتوانێ لە دەوڵەمەندی و چڕی نەغمە و توانستی توخمە زمانییەکانی قوتابخانەی باوی شیعری کوردی ئەو دەمە، بەهرەی باڵا وەربگرێ و شیعری بەرز و هونەری بئافرێنێ و لە خانەبەندی لیریکای کوردیدا جێگای خۆی بکاتەوە.

ئەگەرچی لەو کاتەدا، ئاسانەی میرنشینی ئەردەڵان، دونگەی شاعیرانی سەر بە دیالێکتی هەورامی بووە و شەوانە، بارەگای خەسرەوخان دەبووە مەکۆی کۆڕی شیعر خوێندنەوە و دەمەتەقێی شاعیرانە، بەڵام ئەمە مەستوورەیە، لەم ڕەوتە خۆماڵییە لادەدا و تەنیا خۆی بە شیعری فەرمی و زاڵی دەسەڵات (فارسی) سەرقاڵ دەکات. ئەو هۆنراوە کوردییانە کە لە شاعیر بەجێماوە - ئەگەر ڕاست بێ هی ئەو بن - لە چاو ئاستی هونەری و پێکهاتەی شیعرە فارسییەکاندا زۆر سست و لاوازن. باسی ڕاڤەی ئەدەبی و شرۆڤەکاری ئێستەتیکی هەڵناگرن. شیعرە برگەییەکانی مەستوورە لە هەمبەر دەقەکانی مەولەویدا کە هاوچەرخی یەک بوون، شیاوی ڕانانکاری و تاوتوێی ئەدەبی نین. بە قەوڵی هێسیۆد: «نەیتوانیوە، وێنەکان بە ڕووکردی هونەری لە ڕووی زمانی کوردیدا، وەک دەق بێنێتە دواندن». زۆر بە هاسانی چاوی لە توخمە زمانییەکانی کوردی نوقاندووە، بۆیە وتمان لە چاو مەولەویدا شیاوی هەڵسەنگاندن نین.

بەراوردکاری ئەم دوو دەقەی خوارەوە:

مەستوورە و لاواندنەوەی خەسرەوخانی ناکام: لە دیوانەکەدا، ٣٠ بەیتە.

**فەلەک نە جەورت زار و سەرگەردان**
**وەختەن چون دەیری بشوون وە هەردان**
**نەی زوڵم سەنگین، نەی بێ داد تۆ**
**هەرمواچوون داد هەر مکەروون ڕۆ**
**والی زی شەوکەت یوسف لەقام ڕۆ**
**ئەسکەندەر قودرەت، حاتەم عەتام ڕۆ**
**هوژەبر بێ باک ڕووی مەیدانم ڕۆ**
**فەخر دوودەمان ئەردەڵانم ڕۆ**
**جووان نەورەس نمەکینم ڕۆ**
**مایەی دل وەشی دنیا و دینم ڕۆ**
**شەم شەبستان خەسرەوخانم ڕۆ**
**مایەی شادی و شەوق کوردستانم ڕۆ**
**زوبدەی والیان والاجاهم ڕۆ**
**فەخرولولاتم میهرشاهم ڕۆ**
**جەمشید سانی فەرەیدوونم ڕۆ**
**ئیسەگیردام قەبردوونم ڕۆ**
**شای لاڵکەمەر هەم لاڵبەخشم ڕۆ**
**سانی تەهەمتەن ساحیب ڕەخشم ڕۆ**
**لاڵ بەخش خوەم فیدام لاڵ بەخشانت بام**
**فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام**
**خەسرەو ئامانەن فیدای نامت بام**

**دەستاخی مەزار قەید دامت بام**
**فیدای دوو دیدەی مەست مەخمورت**
**قوربان ڕەنجش لاشەی مەهجوورت**
**قوربان ناڵەی زار و زگارت**
**فیدای زەلیلی دەس ئازارت**
**خەسرەو خوەم فیدای نەوجوانیت بام**
**فیدای تاج و تەخت خەسرەوانیت بام...**
**دیوان، ل ١٣٨**

مەولەوی و لاواندنەوەی عەنبەر خاتوون: لە دیوانەکەدا، ٢٧ بەیتە:

**دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل**
**مەحرەم وە ڕازان خەڵوەتخانەی لەیل**
**لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ**
**هامدەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ**
**پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم**
**تەرجەمەی حاڵات پەشێوی جەستەم**
**عەرزکەر وە لەیلا وە سەد خەمەوە**
**چەم وە نمەوە، دڵ وە تەمەوە**
**دیوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بێ**
**بەرزی بڵێسەش هەر سات سەد تەرز بێ**
**وە هەر تەرزێ لەیل ملاوەناوە**
**دڵەی سەنگ سەخت متاوەناوە**
**گا گۆیا مەویەرد ئیند مویەردەوە**
**گا موات وەدەم ئێش و دەردەوە**
**ئای جە ئێش تەن جە گیان جیای من**
**ئای جە لوای تۆ و ئەو شۆن دیای من**
**سەختی ئێش دەرد بەد حاڵیم لایێ**
**وای بێ تو مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ**
**وە هەر مەنزڵدا و هەر ڕاگوزەردا**
**هەر دەست حەسرەت مدا وە سەردا**
**چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ**
**بێ هۆشم خەو بۆ ڕاس بۆ درۆ بۆ... ل ٢٢٥ دیوان**

### بەراوردی شیعرەکان

١- شیعری هەر دوو شاعیر دە برگەیی خۆماڵییە.
٢- هەر دوو شاعیر هاوچەرخن، مەستوورە شاعیرێکی ئەشرافی و دەسپەروەردەی بنەماڵەیەکی بە دەسەڵات و دیوان سالارییە و مەولەوی شاعیرێکی ئاسایی و ڕسکاوی فەرهەنگی بەخشەندەی خۆماڵی و شەقامی و حوجرەی ئایینی ئەوسا.

٣- مەستوورە پێکهاتەی شیعرەکەی زمانی کوردی نییە بەڵکو وەرگرتە لە زمانی دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی ناوەندیە کە ئەو و بنەماڵەکەی نوێنەرایەتی دەکەن. توخمە زمانییەکەی: واژە و دەستەواژەکان، چۆڕەی حکوومەت و دەسەڵات و بالادەستی توێژایەتی و ئەشرافێتیان لێوە دەتکێ:

والی، زی شەوکەت، ئەسکەندەر، قودرەت، هوژەبر، خان، والاجا، جەمشید سانی، شاە، لاڵ کەمەر، لاڵ بەخش، تاج و تەخت و...

لەم پێکهاتە زمانییەدا بە زمانی لیریکای تاکی، پانتایی ڕۆحی خۆی دەلاوێنێتەوە و ژانی ئاوابوونی ژیانی هاوسەرەکەی سارێژ دەکات، نە ڕۆچوون بە نەستی کۆمایی نەتەوەکەیدا، بە زمانی ڕەمز و خوازە. بە یەک واتا دالی دەقەکەی مەستوورە یەک مەدلوول و واتای هەیە و بەس. پشت بەستنە بە زمانی ئوتوماتیکی و ساکار و ڕێسامەندی ئاسایی. بەڵام فاکتە زمانییەکانی مەولەوی، وەرگرتە لە زمانی ڕاستەکی و پێوەری زەمەنی خۆیەتی و نوێنەرایەتی چییەتی نەتەوەیەک دەکات بە یاسای هونەری، نەک پاژێک لە کۆمەڵ و نە بەشێک لە دەسەڵات. پانتای ڕۆحی زمانەکەی ڕەمزی ویژدانی ناخۆئاگای کۆیی و شاعیرانەیە، ئیستاتیکای ئەنتۆلۆژی نەتەوەیەک و هەڵگری ئەو پتانسیەلە زمانییە کە چەندین ساڵە لە زەینی کۆی نەتەوەکەیدا پەنهان و بزر ماوەتەوە و ئێستا لەو دەرفەتە هەستیارەدا توانستەکانی دەخاتە ڕوو. لەم دەقەدا مەولەوی بێ ئەوەی ناوی تاکی عەنبەر خاتوون بهێنێ و بە مۆنۆلۆگ لەگەڵ دڵەکەی (و مۆتیڤی لەیلێ و مەجنوون) بارگە دەلالییەکانی فرەتر دەکات و دەبن بە مەدلوولەکانی تر و عەنبەر خاتوونەکانی تر، بۆ کوردەواری دەورووژێنێ. لەم دەقەدا مەولەوی پشت بە ڕێساگوریزی زمان (هەنجار گوریزی) دەبەستێ بە کەڵک وەرگرتن لە پرۆسەی (فەرایەند) خوازە و کەسێتی بەخشین بە ئۆبژەکان - ئەگەرچی زێدەڕۆیی و دەستکردییان لە دەقی شیعریدا ڕەوا و پێویست نییە - تان و پۆی فۆرماسیۆنی شیعرەکەی لە تەوەری هاونشینی زماندا، دەچنێتەوە.

لەیل، دڵە (چڕین و مۆنۆلۆگ بە شێوەی کەسێتی بەخشی)، دڵ، مەی، کەیل، خەڵوەتخانەی لەیل (گۆڕ)، حەڵقەی زوڵف، پەروانە، مەزار، چەم، دێوانە، بڵێسە، ئای، مەنزڵ، ڕاس و درۆ و... ئەم توخمانە هەمووی وەرگرتەی زمانی ئاسایی ڕۆژانەی شەقامن کە لە چنراوی مرواری شیعردا، بوون بە گەوهەری درەوشاوەی هونەری.

**بەراوردکاری مەستوورە و حافز**

سەرەتا ئەم دوو شیعرەی مەستوورە و حافز دەخوێنینەوە پاشان بە پێودانگی لۆژیکی شێوازناسی بەراوردکارییان دەکەین:

غەزەلەکەی مەستوورە: ل ٢٤ دیوان - سدیق بۆرەکەیی - انتشارات امیر بهادر، ٧٧

**بی تو از تن و از دل تاب**
**رفتەای بی وفا مرا دریاب**
**بهر تفریح جان زمهر ده**
**ساقیا جرعەای ز بادە ناب**
**زان کە داروی درد ناسورم**
**نیست جز از کف تو جام شراب**
**بر سر کشتەات ز روی وفا**
**ای بت سنگدل دمی بشتاب**
**آه و افسوس کز غم جانان**
**سوی شیب آمدم بە عهد شباب**
**بر رخم بستە شد در امید**
**«افتح یا مفتح الابواب»**
**هست «مستوره» چون زر قارون**
**شهره و نیست در جهان خراب**

غەزەلەکەی حافز: ل ١٣ دیوان-تصحیح پژمان بەختیاری - انتشارات امیر کبیر - چاپ نهم ١٣٦٢

**می دمد صبح و کلە بستە سحاب**
**الصبوح الصبوح یا اصحاب**
**می چکد ژالە بر رخ لالە**
**المدام المدام یا احباب**
**می وزد از چمن نسیم بهشت**
**هان بنوشد دم بە دم می ناب**
**تخت زمرد زدەست گل بە چمن**
**راح چون لعل آتشین دریاب**
**این چنین موسمی عجب باشد**
**کە ببندند میکدە بە شتاب**
**در میخانە بستەاند دگر**
**«افتح یا مفتح الابواب»**
**لب و دندانت را حقوق نمک**
**هست بر جان و سینەهای کباب**
**بر رخ ساقی پری پیکر**
**همچون حافظ بنوش بادە ناب**

**ڕاڤەی ئاستی ئەدەبی و زمان**

ئەوەی دەبێتە هۆی ئەکتیڤێتی ئەرکی شاعیر لە کۆمەڵگەدا شتێکە کە لە ئاستی زمانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاخێوەر و سەرەنجام لەم پێوەندییە دوو لایەنەدا، دیاردەیەکی هونەری-زمانی بە ناو دەلالەتی واتا دەورووژێ.

فۆرمخوازەکانی چیک و رووس موکرافسکی و هاوارنێک و ئێشکۆلۆفسکی-دوو ئەرک و هەڵوێست بۆ زمان دیاری دەکەن و ڕەوتی ئەم دوو کارکردە لە یەک جیا دەکەنەوە، کارکردی خودکاری زمان (Automatication) بەرجەستەکار (Foregrounding). ڕەوتی خودکاری زمان کاربردەکەی تەنیا بۆ ڕەوەندی واچەی ئاسایی ئاخێوەرانە. بەڵام کارکردی فۆرێگراندینگ ڕەوەندێکی نائاساییە بۆ ترازی شیعری و ڕێساگوریزی لە پێکهاتەی زمانی ئاسایی و تێکدانی فۆرم و قامووسی توخمەکان و نیشانەکان. یەکێک لەو تەکنیکانەی کە دەبێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی زمانی ئوتوماتیک و دووبارە بونیاتنانەوەی ئێستاتیکی شیعر، مۆسیقایە، ئەویش بەو پێناسە و رووکردە هونەرییەوە کە فۆرمخوازەکان بۆ شیعری دەکەن. لێرەدا دۆزی باسەکە لەسەر شیعری کلاسیکە نە هاوچەرخ. مۆسیقای شیعر بە جۆرەکان و چەشنەکانییەوە و کارکردنی هەر کام لە دۆخی بەرجەستەسازی توخمەکان و هەستانەوەی وشەدا بۆ بارگەی دەلالی شیعر ئەمانەن:

مۆسیقای دەرەکی (کێش)، مۆسیقای پاڵەکی (سەروا و...)، مۆسیقای دەروونی و مەعنەوی و... بەم پێودانگە:

أ- مۆسیقای دەرەکی (کێش) هەر دوو غەزەلەکە

لەسەر کێشی خەفیف (فاعلاتن، مفاعلن، فعلن) دانراون کە کێشێکی رووباری و ئارامە بۆ دەربڕینی چەمکگەلی هەستیارانەی عەشق و عیرفان و... ئەم کێشە لە سروشتی واچەی ئاساییەوە زۆر نزیکە، بە ئاسانی دەتوانرێ گێڕانەوە و گوێ پێ بکرێ. سوهراب سپێهری شیعری موسافر و فروغی فەرۆخزاد شیعری (ایمان بیاوریم به آغاز فصل سرد)یان لە سەر ئەم کێشە داناوە.

ب- مۆسیقای پاڵەکی (کەناری) هەردوو غەزەلەکە یەکسانە و مەستوورە بە دوای حافزدا چووە و لە زۆربەی بوارەکاندا لەم غەزەلەی حافزی پێڕەو کردووە. شیعرەکە ڕدیفی نییە و دەنگەبڕگەی سەرەوای «اب» توانیویە تا ڕادەیەک بۆشایی ڕدیف پڕ بکاتەوە.

ج- مۆسیقای ناوەکی (دەروونی): غەزەلەکەی مەستوورە لە چاو غەزەلەکەی حافز و بەکارهێنانی دەنگ تەوەری و سەجع و جیناسدا لاوازترە و کۆمپۆزیسیۆنی دەنگەکان و هارمۆنیای واتاکان لە بارگەی دەلالی مۆسیقای شیعرەکەدا، لە چاو ڕێژەی چڕی هێشووە دەنگەکانی حافزدا، سەرکەوتوو نییە. حافز لە هەر دێڕێکدا ویستبێتی بۆشایی مۆسیقایی لەگەڵ پەیامەکەیدا هاوتەریب بکات دەستی بۆ بزوێنە دەنگدارەکان و دووپاتکردنەوەی واژەکان بۆ بەرجەستەکردنی دەلالەتی مۆسیقای بردووە و شیعرەکەی تەژی لە مۆسیقای ناوەکی کردووە. دەنگ تەوەری بزوێنی درێژی (۱) لەم دێڕەدا:

**می چکد ژاله بر رخ لاله**
**المدام المدام یا احباب**

د- ڕێژەی واژە و دەستەواژەی عەرەبی لە هەردوو غەزەلەکەدا بەرچاو دەکەوێ. تەنانەت دووپات بوونەوە عەینی ڕستەی (افتح یا مفتح الابواب) لە هەردوو غەزەلەکەدا:

سحاب، الصبوح، اصحاب، المدام، احباب، راح و... واژەی عەرەبی ڕووتن، بەڵام غەزەلەکەی مەستوورە لە چەندایەتی واژەی عەرەبیدا بە چاو غەزەلەکەی حافز ڕێژەی خوارترە.

هـ- لیریکای حافز بە تێکڕا، تێهەڵکێشێکە لە چەمکی عاشقانە (Love Lyric) و عارفانە بە زمانێکی ڕەندانە و تارۆزئامێز و ئایرۆنی. پاڵەوان و ماشۆقەکەی حافز کەسێتی بەرز و ئوستوورییە. هەم ناسووتییە و هەمیش لاهووتی و ئاسمانی. پەیتا پەیتا بە چەمەنی خۆشی و ڕابواردندا، بە یادی سیمای پەری پەیکەری ساقی مەی ناب دەنۆشێ، هەمیش تەئویلی رووکردی مەلەکووتی لێدەکرێ. رووکردی مەستوورە هەمان ڕوانگەی حافزە، بەڵام لاساییکەر و بەدواداچوون لە دەلالەتی فۆرم و ماناندا هەستی پێدەکرێ. لەم غەزەلەدا، حافز زۆرتر وێنەیەک و تابلۆیەکی دەرەکی نواندووە بۆ ڕابواردن و خۆش بوون و شەقڵێک لە دنیای ناسووتی خەیامئاسا، کە تایبەتمەندی حافزە و تارۆزێک و تەنزێکی شاراوە و هێمائامێزە بۆ پشت هەڵکردن لە دیاردەکانی دنیای پڕ لە ڕووی و ڕیا کە حافز بێ پەروا لەم ڕێبازەدا، خەباتی نواندووە و خۆی لە هەمبەر هەموو داب و نەریتێکی ڕزیو و سواردا جیا کردۆتەوە. کۆتایی شیعرەکەی مەستوورە باس لە هەستی تاکی و غوربەتی ڕۆحی خۆی لەم دنیا ناسووتەدا، دەکات. دەڵێ: مەستوورە وەک زێڕی قاروون ناسراو و بەرچاوە، بەڵام ڕۆحی نامۆی دەربەندی ئەم دنیا مادییە نییە. کەچی حافز لە کۆتاییدا بە یادی ڕوخساری پەری پەیکەری ساقی مەی دەخواتەوە، و چش لە هەموو دیاردەی چرکە ئاسای دنیای ئۆبژێکت (دەرەک) دەکات. ئەمەیە جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە: دژکاری نێوان دوو وێستگەی هزری، یەکیان قووڵ و ئەویدی ڕووکار و بێ بنەما.

و- «یاکوبسن» بە پێڕەوی لە ڕوانگەکانی «سوسور» لە بارەی ڕێسامەندی زمانەوە لە دوو تەوەری جێنشینی (Paradigmatic Axis) و هاونشینیدا (Syntagmatic)، دوو پرۆسە لە ڕووبەری کارکردنی زمانی شیعردا دەخاتە ڕوو: جەمسەری (قطب) خوازە، ئیستعارە (Metaphoric Pole) و جەمسەری مەجاز (Metonymic Pole).

خوازە لە تەوەرەی جێ نشینیدا بە هەڵبژاردن (Selection) لەسەر بنەمای لێکچوواندن (تشابە، Similarity) ڕوو دەدات و هەڵوێستی مەجاز لە ڕووبەری هاونشینیدا بە عەمەلی لێکدراندن (ترکیب، Combination) لەسەر هاوسێتی (مجاورت، Contiguity) توخمەکان دێتە نواندن. بۆ وێنە لە ڕووبەری جێ نشینیدا، دەتوانین بە هەڵبژاردن،

قــامــووسگەلی چۆم و ڕووبار و ڕۆخــانە و دەرە و... لە کوردیدا بە کـار بـبـەین. بەڵام لە هاونشـینیـدا، کـاربردی مـەند و ئارام و خـرۆشـان و... بۆ پاڵ ڕووبار... لەسـەر بنەمای لێکدراوەییە.

بەپێی ڕوانگەی یاکـــوبسن، ڕێـژەی ڕوو کـــردی ڕێساگوریزی لە قوتابخانەی ڕۆمانتیزم و سیمبۆلیزمدا مەیلە و جەمسەری خوازەیە و لە قوتابخانەی ڕیالیزمدا ڕوو لە پرۆسەی مەجاز-ئەڵبەت ئەوە ڕوون بکەمەوە، پێناسەی یاکوبسن بۆ ئیستعارە و مەجاز لە کوردی و فارسی و عەرەبیدا زۆر جیاوازە و پێکەوە هاوتەریب نییە. بە پێی ڕووکردی ئێمە، خوازە چەشنێکە لە مەجاز لەسەر بونیاتی لێکچوواندن... بەوا کە شیعری لیریک - عیرفانی فارسی و کوردی پێکهاتەی هونەری و ئیستەتیکییان لەسەر هەست و ئەوین و خەیاڵبەندی و وێنەخوازیە، و زۆر بە قوتابخانەی ڕۆمانتیزم و سمبۆلیزمەوە نزیکن - ئەڵبەت مەبەست ڕەوتە فیکری و ئەدەبی و هونەرییەکەی ڕۆژئاوا نییە - کەواتە ئەم دوو غەزەلە و بە گشتی کۆی ئاسەواری لیریکامان لەسەر جەمسەری خوازە و خوازەگەری دانراوە لە تەوەری جێ نشینیدا. ڕەنگە بۆ هەردوو شیعری کلاسیکی فارسی و کوردی چوون فۆرمە شیعرییەکانیش لەسەر غەزەل و قەسیدە دانراوە و دێڕ لەم دوو قاوغەدا بەرجەستە و سەرەکی و بەرچاوە. خاڵێکی نێگەتیڤ بێنە بەرچاو: چونکە شاعیر تەواو بایەخی بە دێڕ داوە، نە بە کۆپلە. کۆمپۆزیسیۆنی شیعر و ئاکامی لاوازی تەوەری ستوونی (عەموودی) و هاونشینی شیعر، یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی شیعری هاوچەرخ. بە گشتی لە غەزەل و قەسیدەی شیعری کوردی سۆرانی و فارسیدا، چەشنێک نوخبەگەرایی وێنە لە دێڕدا بۆ ئەکتیڤ کردنی شیعرەکەی و قەرەبووی تۆڕی ستوونی شیعرەکە، دەبینرێ بۆیە دەڵێین بنەما و جەوهەری جوانکاری شیعری کوردی بە گشتی لەسەر بونیادی ئەریستوکراتیا و ئەشرافیخوازی دانراوە. کەچی لیریکای هەورامی، بە هۆی بەکاربردنی مەسنەوی جیاواز لەم ڕووکردە و بایەخی تەواوی شاعیر بە تەوەری ستوونی و هاونشینییە. ئەم دیاردە لە زمانی دەمگۆی جەماوەرەوە نزیکترە.

**ڕێژەی کـارکـردنی هونەری جـەمـسـەری خـوازە و پێرسۆنیفیکەیشن و کەسێتی بەخشین، لەم دوو غەزەلەدا:**

کله بستن سحاب (کەسێتی بەخشین بە هەور و هەڵدانی لە ئاسمان)، رخ لاله (ڕوخساری لالە، لالە وەک مرۆڤێک کە ڕوخساری هەیە)، زدن تخت زمرد به چمن گل (خوازە و کەسێتی بەخشین بە گوڵ وەک سوڵتانێک کە تەختی زومرودی هەبێ)، ژاله، حقوق نمک بر لب و دندان (پێوەبەستنی ماف بۆ لێو و دیان کە خەسڵەتێکی مرۆیین) و... ڕادەی وێستگەی خوازە و کایەی زمانی حافزە لەم غەزەلەدا. پێشتر ئاماژە کرا کە زۆربەی تێکستەکانی مەستوورە، هۆنراوەی عەرووزین نە ڕیتم و هارمۆنیای شیعر. تەنیا فاکت بۆ دوور خستنەوەیان لە زمانی ئاسایی و ئۆتوماتیکی، دیاردەی عەرووزە و کاربردی ڕێسائامێزی (قاعدە افزایی) کێش و سەروا و هەندێ ڕێسای مۆسیقای تر و گەیشتن بە «تەوازون».

لەم غەزەلەدا، ئەگەرچی لەو غەزەلەی حافزە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لاسایی کردووەتەوە، بەڵام لەم ڕووکردەدا، هەڵگری پرۆسەی (جەمسەری) ئیستعارە (خوازە) نییە، بەڵام کۆپی مۆسیقای دەرەکی و پاڵەکی غەزەلەکەی حافزە. تەنیا وێنەی بەرچاو لەم غەزەلەدا، بۆ ڕێسا گوریزی لە لۆژیکی زمانی خودکاری (شیب، پیری و شباب، لاوی) دژکاری وێنە، و لێکچوواندنە (شوبهاندنی خۆی بە زێڕی قاروون)...

- ئاستی هزری:

ئەدۆنیس دەڵێ: شیعر ئیستاتیکای بوونە. بەڵام:

١- لە ڕوانگەی هزرییەوە، شیعرەکانی مەستوورە کاردانەوەی ئیستاتیکای بوون و بۆن و بەرامەی سەردەمی خۆیان پێوە دیار نییە. مەستوورە لە مێژوودا دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغی هەرە هەستیاری قوتابخانەی ئەردەڵان و بابانەکانەوە، کە ئەم دوو میرنشینە هەم لە بواری ئەدەب و هەمیش لە بواری سیاسیدا لە تەنگ پێهەڵچنین و ململانێ و پاڵەپەستۆکی یەکتریدا بوون. کە ئەم دیاردە، لە سەر و سیمای بەرهەمی ئەدەبی هەندێ لە شاعیرانی ئەو دەمەی سێ کوچکەی بابان، وەک نالی و سالمدا دیارە:

**کەڕ و فەڕ با کەم بکا، (والی) بە فەوجی (چێش کەروو)**

**پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە**

والی مــەبەست والی ئەردەڵانە و (چێش کــەروو)یش مـەبەست دیالێکتی هەورامـیـیـە کـە لەو کـاتەدا زمـانی پێـوەری ئەدەبی مـیـرنشـیـنی ئەردەڵان و جوگـرافـیـای تری کـوردسـتـانیش بووە. تەنانەت نالی شـارەزووری، لەسـەر ئەم دژبەرییە سیاسییە و کاردانەوە سەلبییە، خەونامە هەجوێکی بۆ مەستوورە نووسیوە و وێڕای خاڵە سەلبی و نەرێنییەکانی بە زمانی گاڵتە و لاقرتێ، دان پیانانە بە کاردانەوەی کەسێتی بەرزی ئەدەبی مەستوورە لەو سەرو بەندەدا:

**مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم دوێشەو بە چ نازێک و عیتابێ...**
**دیوانی نالی، ل ٦٠٥**

ئەم دان پێنانە لە لایەن نـالیـیــەوە، فــاکــتــێکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە تەنیا گوایە مەستوورە بە شاعیر ناسـراوە. مـەسـتـوورە ئەدیب و مـێـژوونووسـیـش بووە. شاعیریەکەیشی زۆرتر لە بەستێنی قوتابخانەی فارسیدا بووە تا وەکو کوردی. لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی گوێ لە مشـتی قاجاریەدا بووە و لە ژێر سەیتەرەی قـوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی ئەو دەمەی «نیشات»ی ئیسفەهانی و هەڤاڵانیدا. بۆیە فۆرم و ناوەرۆکی شیعری ئەم شاعیرە لەو هێڵە ئەدەبییەدا ڕسکاوە.

٢- سوبژێکتی ئەو شاعیرە وەکو شاعیرانی ئەدگاری ئەدەبی عــیــراقی تەجــەلی نگەر و بڕیاردەرە. هەمــوو ئارمـانجە دڵخـوازییەکـانی خۆی لە سیـمـای مەعشـوقی ئارمانی و یۆتوپیای سۆفیانە و تیۆکراتیانەی ئەو ڕێبازە شـیــعــرییــەدا دەبینێــتــەوە. لەم ڕووکــردە فــیکرییــە ئەریستۆکراتی نێرینە سالارانەی مەستوورەدا، زمانی نەتەوەکەی کە دەبێ لە ناخوداگای زەینیدا مابێتەوە، لە پێناو ئەو ئارمــانجــە ســیـاسی و سـۆسـیــاییــە زاڵەدا پووکاوەتەوە و نایەتە سەر شاشەی نواندن و ڕسکاندن. تەنانەت بە پێی زاڵێتی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی فـارسی، جگە لە هەندێ نۆسـتـالۆژی تاکی و خێـزانی، هیچ چەشنە دیاردەی ســیــاسی ســەردەم و کــێــشــە سۆسیاییەکانی کۆمەڵگەی ڕزیوی قاجار لە نوخبەگەرایی وێنە شیعرییەکانیدا نابینین. نە تەنیا مەستوورە، بەڵکو لە ڕووکـردی هیچ شـاعـیـرێکی گـەڕانەوەی ئەدەبیـدا، ئەم دیاردە نابینرێ و خراوەتە بۆتەی فەرامۆشییەوە.

٣- شیعرەکانی مەستوورە، زادەی نۆستالۆژی دەروونی تاکی و دەربڕینی شین و لاواندنەوەیە بۆ خـەسـرەوخـانی ناکامی هاوسەری. لە غەزەلە فـارسییەکانیشدا، پاڵەوان و کـاراکــتـێـرەکـەی، زۆر ئاسـاییـە و زەمـینیـیـە. چون ئەزمـوونەکانی لە بەستێنەی لاساییکردنەوەدا ڕسکاون، نەیتـوانیـوە ئیـدیالێـک وەک مەعـشـووقی حـافـز، بەرز و ئوستوورەیی و ئاسمانی پەروەردە بکات.


**سەرچاوەکان:**

**١- دیوانی مـەسـتـوورەی کـوردسـتـانی، سـدیقی سـەفـیـزادە، انتشاراتی امیر بهادر، ١٣٧٧.**

**٢- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.**

**٣- دیوانی نالی، عــەبدولکەریمی مـودەڕیس و فــاتحی مــەلا کەریم.**

**٤- لسان الغیب، حافظ شیرازی، پژمان بختیاری، انتشارات امیر کبیر، ١٣٦٢.**

**٥- کلیـات سبک شناسی، د. سیـروس شـمـیسـا، انتشـارات فردوس، ١٣٧٢.**

**٦- سبک شناسی شعر فارسی، د. س. شمیسا، انتشارات فردوس، ١٣٧٤.**

**٧- از صبـا تا نیـمـا، د. یحیی ارین پور، ج. ١، انتشـارات فرانکلین، تهران، ٢٥٣٥.**

**٨- نقـد ادبی، د. عـبـدالحسین زرین کوب، ج. ٢، انتشـارات امیر کبیر، ١٣٦١.**

**٩- مـجله فــرهنگ و توسـعـه، ش. ٣٧-٣٨، اسـفند مـاه ١٣٧٧.**

**١٠- گـۆڤـاری سـروە، ژ. ١٠٩-١١٠، گـەلاوێژ خـەرمـانانی ١٣٧٤.**



# نالی و سۆفیگەری

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود
(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە)

«پاک بوونەوە گاڵتە نییە، هەر بە قسە نابێ و گومرگی خۆی دەوێ»

**(٢ – ٢)**

**دەروێشی و سۆفیگەری و نالی**

ئەو ناوانەی نالی بە باشە باسیان ناکاو گلەییان لێدەکا لە دیوانە چاپکراوەکان و نووسینی تر لێکدراونەتەوە و شیکراونەتەوە. بۆیە ئێمە ڕێگایەکی ترمان گرتووە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی جیا لەوان بتوانین دوو قسان لەو بابەتە بکەین، پێشتر بە ژمارە باس لەو دێڕانە کراوەو هەموو ئەو دێڕانە کۆمەڵ کۆمەڵ لەژێر چەند ناونیشانێک پۆلێن کراون، کە زیاتر باس لە هێڵە گشتییەکان کراوەو تاک تاکی دێڕەکانیش وەک نموونە نیشان دراون.

**١- ڕیا و ڕیاکاری:**

**(نالی) کە ویقاری نییە بێ باکە لە خەڵقی**
**سۆفی کە سلووکێکی هەیە عوجب و ڕیایە**

ل١١١

ڕیا وشەیەکەو لە (ریار )ەوە هاتووە، زۆر جار لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د)دا هاتووە. گوناحێکی گەورەیەو لەگەڵ بیروباوەڕی تەواو کۆنابێتەوە. ڕیا واتە هەر ئیشێکی چاک و باش بکەی، بەڵام بۆ باری تەعالا نەبێت، دیارە نالی زۆر بێزو قێزی لە ڕیاو هاوواتاکانی بۆتەوەو بۆیە زۆر جار بەکاری هێناوە.

**ڕیشەکەی پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت دەکا**
**زاهیرە هەر کەس لە توول و عەرزی ڕیشی دا ڕیا**

ل٤٣

وشەی ڕیا پێنج جار لە قورئان هاتووە "لە سوورەتی (بەقەرە)، ئایەتی (٢٦٤)، (نساء) ئایەتەکانی (٣٨، ١٤٢)، (ئەنفال) ئایەتی (٤٧)، (ماعون)، ئایەتی (٦)(٢٥).

(والذين ينفقون اموالهم رياء الناس ولا يؤمنون بالله ولا باليوم الاخر). لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د) زۆرجار باس لەڕیا و ڕیاکاران کراوە: (لا يقبل الله عملا فيه مثقال حبة من خردل من رياء)(٢٦).

**خاتری زاهید و خاڵی خاڵی**
**نییە ئەلبەتە لە بێنێکی ڕیا**

ل٥٢

نیشانەکانی ڕیا لەو کارانە ڕەنگ دەدەنەوە کە لە دەروونێکی نەخۆش و دڵی ڕەشەوە هەڵدەقوڵێن و ئەنجامەکەشی بۆ خۆپەرستی دەگەڕێتەوە. لە فەرموودەی تر بە (شرکی بچووک) ناوبراوە. ڕیاو عیشق و ڕیا و دڵسۆزی پێکەوە کۆنابنەوە. ئەوانەی چاکەی بە درۆ دەکەن، یا خۆیان وا نیشانی ئەم و ئەو دەدەن کە خواناس و لە خواترسن، لە پاڵ ئەمانە بەرژەندییەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، نالی پەردەی لەڕووی ئەمانە هەڵماڵیوەو دەموچاو و ڕووی ڕاستی ئەوانەمان نیشان دەدا.

**خۆشترە عوزری گونەهکاران لە سەد زیکری ڕیا**
**ئەو بە نەرمی عەفوە عەفوە ئەم بەتوندی عەفعەفە**

ل٩٦

لە دوو دێڕو وێنەی شیعری تر وشەی ڕیا بەکارهاتوون (١١٠-١)،(١١٦-٨). ئەڵبەتە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو کارو کردەوانەی بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە کراوە، لەگەڵ ئەوانەی بۆ ئافەرین و پاشان لە خشتەبردنی خەڵک ئەنجام دراوە. هاوواتاکانی ڕیاش زۆرن و لە فەرهەنگەکانیش ئیشارەیان پێکراوە، هەندێکیان وەک موتەرادیف لە شوێنی ڕیا بەکار هاتوون(٢٧). لەوانە: نیفاق، زەرق، سالوس، تەڕەدەستی، تەزویر و .. ئەوانی تر. نالیش زۆربەی ئەوهاوواتایانەی بەکارهێناوە، دوو نموونە دەهێنینەوە:

**ئیزهاری ئیددیعای تەسەببور لە وەسڵی تۆ**
**یا مەکرە یا دەسیسەیە یا کیزبە یا نیفاق**

ل٦٨

ئەوەی تێبینی دەکرێ نالی لەو دێڕە چوار شتی زۆر عەجایب و ناقۆڵای پێکەوە گرێداوە (مەکرو دەسیسە، کیزب و نیفاق) کە بە ڕاستی لێک دەوەشێنەوە. سیفەتێک لەو سیفەتانە هیچ و پووچی خاوەنەکەی نیشان دەدا، ئەگەر یەکێک هەر چوارسیفەتەکانی تێدا کۆببێتەوە چ دەعبایەکی ناشیرینی لێ ئیجاد دەبێت، لەو دێڕە نیفاق واتە دووڕوو، لەسەرەوە ڕەنگێک و لەژێرەوەش ڕەنگێکی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ واتاکەی پڕ بە پێستی ڕیایە.

**نەرم و زەرقی فیرقەیی سالووسیان**
**شاهیدی زوورە زمانی لووسیان**

ل٨١

نالی لەو دێڕە زەرق و سالووسی بەکارهێناوە، کە هەردووکیان هاوواتای وشەی ڕیان. لە نالی (دیوان) و لاپەڕە (٣٢٥) وا نووسراوە: (زەرق: ئارایش و ڕەنگاوڕەنگی) لە شەرحەکەش بە (جوان) لێکدراوەتەوە. ڕەنگاوڕەنگی وشەی (زەرق) بۆ ئارایش و جوانی بەکار نەهاتووە، لەو دێڕە واتای دووڕوویی و ڕیاکاری هەیە، واتە بەپێی بەرژەوەندییەکان ڕەنگی خۆی دەگۆڕێ. نەرم و زووریش دژیەکن ئەگەر بێتوو (زوور) وەکو وشەیەکی کوردی بخوێندرێتەوە. لە زۆر شوێنی دیوانەکە نالی ئەو سیفەتانە ڕیسوا دەکاو بە چاوێکی سووک و نزم تێیان دەڕوانێ و ناویان دەهێنێ، ڕەتکردنەوەی ئەوسیفەتانە پیاوەتی و مەردایەتی و ڕەوشتی بەرزی نالی نیشان دەدەن:

**یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ**
**بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕەژی عیشقی حەقیقی**

ل١٢١

٢- وشک بوونەوە، یا بێبەش بوون لە دنیای عیشق:

**ئێستەش سریشکی عیشقی هەیە شیوی ئاودار**
**یاخۆ بووە بە سۆفی یی وشکی لە حەق دوور**

ل١٤٣

عیشق خەڵاتی خودای دلۆڤانە بۆ بەندە نزیکەکانی خۆی، سەرچاوەکەی زۆر پاک و بێگەردە، هەر بۆیە گڕو گڵپەیەکە نە دووکەڵی هەیەو نە خۆڵەمێش، ئەوانەی بە ئاگری عیشق سووتاون ئێستاش گۆڕو مەزاریان بۆ تەبەڕوک و پیرۆزی سەردان دەکرێن. عیشق بە دڵەوە پەیوەست و پەیوەندارە کە ئەویش شوێنی بیروباوەڕو ئیمانە.

**لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندوورە**
**شەتی ئەشکم نەبێ مانیع دەسووتێم دەیمە کۆی نوورە**

ل٩٤

عیشق کانییەکە بوون و هەبوونی لەبەر دەڕوات و ژیانیش ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات، مرۆڤ و سروشت و دەوروبەر جوان و قەشەنگ و ڕەنگاو ڕەنگ دەکات. تیشک و برووسکەکانی بە بەردەوامی لەگەڵ هێزی تاریکی و بێچووە شەیتان و ئەهریمەنەکان لە ململانێیەکی بێ پسانەوەدایە هەر عیشقی پیرۆزیشە سەرەنجام بتوانێ تاڵە ئاوریشمەکان بدۆزێتەوە، ئەو تاڵە ئاوریشمە زەربافتانەی سەرێکیان لە عەردەو ئەوی تریان لە کەشکەشانی مەلەکووت دایە.

**سەماع و گەردشی عیشقە حەقیقەت**
**لە سۆفی و ڕەقس و تەقلیدی نەما باس**

ل٦٦

هەر چەندە وشەی عیشق لە قورئانی پیرۆز نەهاتووە، بەڵام وشەو هاوواتاکانی وەک (هەوا)، (ود)، (حوب) بە زۆر شێوە بەکارهاتوون، وشەی (حب) بە (٢٢) قاڵب و شێوەی جیا بەکارهاتووە، (قل ان کنتم تحبون الله فأتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم) واتە(بێژە: ئێوە ئەگەر خوداتان خۆش دەوێ، شوێن من کەون هەتا خوداش خۆشی بوێن و لە گوناهانیش و ببووڕێ. دیارە خودا خەتابەخش و دلۆڤانە)(٢٩). لە شوێنێکی تریش دەفەرموێ: (فسوف يأتي الله بقوم يحبهم ويحبونه اذلة على المؤمنين...) واتە: ( خوا لەمەولا کۆمەڵێ وا دەخاتە ڕوو. خۆشی بوێن، ئەوانیش خوایان خۆش بوێ و لە حاندی خاوەن باوەڕان نەرم و نیان دەبزوونەوە. ...)(٣٠).

هەمان شت لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د) وشەی (حوب) زۆر بەکارهاتووەو دوو نموونەمان لە فەرموودەکانی قودسی وەرگرتووە: (كنت كنزا مخفيا فأحببت ان اعرف، فخلقت الخلق ليعرفوني) واتە (گەنجینەو خەزێنەیەکی شاراوە بووم و ویستم بناسرێم، خەڵکم دروست کرد هەر بۆ ئەوەی بناسرێم). لە فەرموودەیەکی تریش دەفەرموێ: (المتحابون في الله في ظل العرش يوم لاظل الا ظله، يغبطهم بمكانهم النبيون والشهداء)(٣١) واتە ( ئەوانەی تەنیا بۆ خودا یەکتریان خۆش بوویت لەژێر سێبەری عەرشی خودا دادەبن لەو ڕۆژەی کە هیچ سێبەرێک نییە تەنیا ئەو سێبەرە نەبێت، پێغەمبەرەکان و شەهیدان خۆزگە بەو شوێنە دەخوازن).

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دروست بوونی ئەو چەرخ و گەردوونە سەرچاوەکەی لە عیشقەوە هەڵقوڵاوە. دەروێش و موریدانی دنیای عیشق دڵ و دەروون بێگەردو دەست و داوێن پاکن. عاشق لە مەعشوقەکەی بترازێ شتێکی تری گەرەک نییە. لە بازاڕی عیشقدا زەرەرمەندو دۆڕاو نییە. مردنیش لە کووچەو کۆڵان و دەربوونەکانیدا جاویدانی و نەمری لێ وەدەست دێت عیشق نەک هەر

وەڵامی ئەو پرسیارە ئاڵۆز و گرانانە دەداتەوە، بەڵکو هەموو (تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگەکان، یا شتە دژوارو تەمومژاوییەکانی هۆشیش ڕاڤە دەکات)(٣٢) . ئەو لەگەڵ بابەت و شتێک کۆنابێتەوە کە لە ئاست و نرخ و بەهای ئەودا نەبێت، بۆیە دەڵێن: (عیشق لەگەڵ زوهدو ریباو پیشە کۆنابێتەوە)(٣٣).
ئەم چەند دێڕە شتێکیان لە گەورەیی و پیرۆزی عیشق نیشان دا، کە سەد لە سەد دژی سەرە بابەتەکەن، بەڵام ئەگەر هەموو ئەوانە پێچەوانە بکەینەوە بە ڕووەکەی تری بە هەمان ئامانج دەگەینەوە، وەک ئەوەی لە دژی تاڵی زۆر باسی خۆشی و بەلەزەتی شیرینی بکرێ.

**فەسڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر**
**وشکی بەغەیری سۆفی و عەسا نەمایەوە**

ل١٠٩

لەبەر ئەوەی نالی نموونەی زۆرە بۆ ئەم بابەتە ئێمە تەنیا ژمارەی لاپەڕە و دێڕەکان دەنووسینەوە(*).

٣- دنیا پەرستی:

**وەک سۆفیی سافی مەبە ئالوودە بە دونیا**
**بێ هوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب**

ل٥٧

ئەگەر سەیرێکی ئەو دێڕە شیعرانە بکەین کە بۆ دنیا وتراون، یا وشەی دنیایان تێدا بەکار هاتووە، دەبینین ئەوەی نالی بە حاڵی دنیای کردووە، وەک دەڵێن: (سەرما بە هەتیو و با بە دەواری شڕی ناکا) بە چاوێکی یەکجار نزم و زۆر بەبێ قیمەت تەماشای دنیای کردووە، ناو و سیفەتی وای بەدنیا داوە کە بەڕاستی ڕەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕو سۆزو هەڵاوە گڕگرتووەیە کە لە ناخ و دەروونی شاعیر هەڵقوڵاوە.

**لەززەتی دونیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب**
**ئەووەل و ئاغازی جەورو دەردە، ئەنجامی ستەم**

ل٧٢

ئێمە ئەو ململانێیەی نالی و دنیا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنینەوە:

١- کاریگەری ئایینی.
٢- هۆکاری خود و کەسیەتی.

نالی دەڵێ:

**قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دونیایی دەنی**
**قەدری ئەو کەمتر و هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی**

ل١٥٩

دیارە نالی سەر لەبەری دنیای ڕەفز و ڕەت کردۆتەوە، تەنیا ئەو هێڵە باریکە نەبێت کە لە ڕێگایەوە بتوانێت بیروباوەڕ و پەیامەکەی بە دەوروبەر بگەیەنێ، ئەوانەی بە تەواوی پشت لە دنیا دەکەن و هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ناهێڵنەوە ئەو کەسانەن کە هەموو خۆشی و بەرژەوەندییەکانیان وەلا ناوەو هەر بۆ ئەوە دەژین شادی و سەرفرازی بە خەڵکی تر بدەن. بۆ ئەم بابەتە نموونە زۆرە (١٠٠-٥)، (١١٨-٣)، (١٣٠-١)، (١٥٩-٨)، (١٦١-١١).. تاد. زۆرانبازی و ڕکەبەری نێوان نالی و دنیا گەیشتۆتە پلەیەک هەموو تاڵە مووەکان پساون و شەرمیشیان لێک شکاوە، بابزانین نالی چی بە دنیا دەڵێ:

**هەر دەمە فەرشی کەسێکی کەیە بێ مەهر و نیکاح**
**دوور لە چاکان چ عەجەب فاحیشە دونیاییێکە**

ل٩٩

نالی لەو دێڕە هیچ بۆ دنیا ناهێڵێتەوەو لە دوو لاوە دەستەکانی خاڵی دەکا، یەکەم: تێکەڵ بوون و نەبوونی (مەهر و نیکاح) بە ناشەرعی و یاساغی نیشان داوە، دووەمیش: ناوی (چاکان)ی هێناوەو لەو دنیایەی بردوونەتە دەرێ، ئەوانیش (چاکان) هەر دوو ڕەگەزەکە بەخۆ دەگرێ چ مێ بێت یاخود نێر، لە شوێنانی ئاوەها وردەکاری و گەورەیی نالی بەدەردەکەون کە چ تواناو دەسەڵاتی بەسەر وشەدا شکاوە.
نالی لەو کارو پیشەیەی هەیبووە زۆر ورد بووە، لە شیعرەکانیشرا دیارە کە خاوەن بیرو باوەڕو ئیمانێکی پتەو بووە، بەپێی ئەو گۆتەو پەندەی کە دەڵێ (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) ئیشی خۆی کردووە، پاشان ئەو هاوکێشە بەلایەن و ڕووەکەی تری وەردەگرێ و هەمدیسان بەرامبەری دەوەستێ و پەنجەی ناڕازی بوون و دواتر گەف و هەڕەشەو ئینجا قسەو شەڕی خۆی دەکا. هاوکێشەکە لای ئەو دەبێت بە (دۆستی دوژمنم، دوژمنمە). بۆیە چەندی ڕق لە دنیا بووە ئەوەندەو بەڵکو زیاتریش ڕق و قینی لە دۆستەکانی دنیایە.

**تۆ شێخ و ئەو عەجووزە عەجەب دۆستی یەکترن**
**بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە**
ل۱۰۰

لەبەر ئەوەی نالی ڕۆشنفکرێکی گـەورە بووە، بۆیە ئاگادارو شارەزای هێڵ و جموجۆڵەکانی ناو کۆمەڵیش بووە، هەر لەبەر ئەوەشـە ئەو نەهاتووە (تەڕو وشک پێکەوە بسـووتێنێ)، بەڵکو توانیـویەتی ڕەنگ و ڕووەکان دەستنیشان بکات و لێکیشیان جیا بکاتەوە. ئەو هەر بای ئەوەندە گلەیی و گازاندە لەو دنیا پەرستانە دەکات کە زێدەڕۆیی لە پەیوەندییەکانیان نەکەن و هەموو سنوورەکـان نەبەزێنن بۆ ئەوەی خـۆشی سـروشت تێک نەچێت و مافەکان پێشێل نەکرێن، تا یاسای دارستان پیـادە نەبێت نالی ناوی ئەمـانەی هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دنیاپەرستی ئەمانە ڕاستەوخۆو بێ دەمامک و پەردەو چەواشەکردن بووە، هەڵپەو هەڵسوکەوتیان دیار و ئاشکرابووە، ڕاوەستـانیش بەرامبەریان شێوەو قـاڵبی تایبەتی وەرگرتووە.

**ئەهلی دونیایێ لەبەر حیرس و تەمەع هوشیارن**
**بە خوسووسی بگەڕێی مەست و خیرەمەندی نییە**
ل۱۱۸

شەڕ و ململانێی تەواو و بەردەوامی لەگەڵ ئەوانەیە کـە لە ژێر پەردە و دەمـامکی پیـاوی ئایینی و خواپەرستیدا خۆیان حەشارداوە. دیارە ئەمانەش ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان کردۆتە چەکێک و مەرامە ناڕەواکانی خـۆیان پێ جـێبـەجێ دەکـەن، ئەوانەش ڕیشـیـان بەرداوەتەوە، بەسـاختـە و درۆ خـۆیان خـزاندۆتە ناو حەلقەی زیکرو وەعزو ئامۆژگاری، بەناو لە خەڵوەتدان و لە ژێرەوەش دەسەڵات و جاسـوسیـان هەیە، نە ئیش و کارێ دەکەن و نە بەرهەمێکیان هەیە خواردنی خۆشیش دەخۆن و دەڵەک و ڕێویش دەپۆشن.

**مەغشووشی زەڕو عاجزی زیو، دەرهەمی درهەم**
**بۆ تێک چووە سۆفی، کەرە بۆزەی غەم و یاری**
ل۱۲۰

نموونەی تر بۆ ئەو بابەتە دەستنیشان کراون(**).

٤- تەنز، یا گاڵتە پێکردن:

**(نالی) وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ**
**ڕوو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هیچ لەوح و کیتابێ**
ل۱٦٧

تەنزو قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ لە شیعر و پەخشان مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە، نالیش شیعرەکانی لەو بابەتە بێبەش نەکردووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ دێڕە شیعرە تەنزەکانی نالی لە ئاستێکی زۆر بەرزو گراندان و لایەنە هونەرییەکانیان فەرامۆش نەکراوە.

واعیـزو سۆفی و دەروێش.. تاد. بوونەتە کـەرەسـە بۆ ئەو وێنە شیعرییانە کە نالی سەرلەبەریان ڕەت دەکاتەوە، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی چونکە ئەو هەڵسـوکـەوت و ڕێسـایانە لەگـەڵ خـەت و بیـروباوەڕی ئایینی پیـرۆزی ئیسلام یەک ناگرنەوە.

**ئەو شێخە بە کەم مەگرە کە پەشمینە موریدە**
**ئەو ڕیشە بە سەردار و ڕەئیسێکی بزانە**
ل۱۰۲

دیارە نالی لایەنە پەروەردەییەکەشی لە بیرنەچووە کە ئەم دێڕانە دوو لایەنە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، یا وەک دەڵێن نالی دەیەوێ (بە بەردێک دوو چۆلەکـە بپـێکێ) لە لایەک ئاگـاداری ئەو چینانە دەکـا لەوەی کارەکانیان بێسوود و بێهوودەو بێ بەرهەمن، میللەتیش وشیار دەکاتەوە کە لە کەسانێکی دوو ڕوو، مشەخۆر، درۆزن دوور بکەونەوە، دێڕە شیـعرەکـانی بۆ ئەم بابەتە وەکو وێنەی کاریکاتێر زۆر بەئاسانی وێنە دەکێشرێن و سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

**سۆفی چییە ئیشی تۆ، هەر کایە حەشیشی تۆ**
**عاشق وەکو ڕیشی تۆ، هەوساری لەکن پەشمە**
ل۱۰۱

نموونەی تریشمان هەیە:
(١٠١-٦)، (٧٤-٧)، (٦٩-١)، (١٦٥-٨).

٥- بەبیر هێنانەوە، یا ترساندن:

**بە مەرگی تۆ قەسەم زاهید هەموو عومرت عوبوورێکە**
**مەکان و مەنزلت ئاخیر لەکن جەمعی قوبوورێکە**
ل۹۸

نالی زاهید و ئەوانەی وەک ئەون ئاگادار دەکاتەوە، یا بە شێوەیەک بە بیریان دەهێنێتەوە، کە ئەو ژیان و دوارۆژەی بە خەیاڵ و لەسەر هەوا بنیاتی دەنێن هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت و زۆر پێویستە چاوێک بە گوزەرانیاندا بگێڕنەوە، ئەگەرنا هەر چرکەیەکە ئەوەی هەیانەو نییانە هەمووی ڕەش دەبێتەوە، لە دنیایەکەی تریش دەست بەتاڵ لە شانازی و سەروەری، چاوشۆڕ و شەرمەزار لە ڕابردوو. ئینجا دەبێ مەکان و مەنزڵی ئەو لایان چۆن بێت.

پاش خوێندنەوەی ئەو هەموو گلەوگازاندەو تەعلیق لێدان و ناڕازی بوونەو دواتر قسەی زیاد کردن کە بە شێوەی تەنز و بە تەوسەوە وێنە کێشراون، ڕوو و ڕوخساری ڕەش و ناشیرینی ئەو کەسانەی نیشان دا کە بەناوی ئایینەوە مەرامەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و فێڵ لەم و لەو دەکەن. نالی بەم بڕە شیعرانەی بیروڕا و هەڵوێستەکانی خۆی بۆ ئێمە یەکالا کردۆتەوە بەرامبەر بەو هەموو ناونیشانە زلانەی باسیان لێوەکرا، وەکو ڕۆشنفکرێکیش دەوری ڕابەری بینیوە لەوەی کۆمەڵ و میللەتی وشیار کردۆتەوەو ڕۆڵی پەروەردەییشی گێڕاوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین نالی چ وەکو شاعیر یا وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو شارەزا ناوە ناوە لە دنیای سۆفیگەری نزیک بۆتەوە، ئێمە ئەو نزیک بوونەوە بۆ کاریگەری خوێندنی ئەو کتێب و سەرچاوانە و پاشان تێکەڵ بوون بەشاعیرە گەورەکانی ئیسلام و بوونی هەردوو تەریقەتە سەرەکییەکەی شاری سلێمانی دەگەڕێنینەوە. ئەو نزیکییەی نالی بۆ دنیای سۆفیگەری لە دوو ڕووەوە خۆی دەنوێنێ:

١- بەکارهێنانی وشەو زاراوەی سۆفیگەری: پاش پێکگرتنی فەرهەنگی وشەی دیوانی نالی و چەند فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی(٣٤) وشەو زاراوەی سۆفیگەری دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نالی بە سەدان وشەو زاراوەی سۆفیگەری بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کەمێکیان یا هەندێکیان لەو وشە و زاراوانە بۆ خودی بابەتی سۆفیگەری بەکار بردراون و ئەوانی تر وەک کەرەسەی ئاسایی بۆ مەجالی ترو واتای خۆیان بەکارهێنراون. ئەو دەستنیشان کردنە بەسە بۆ ئەو خاڵەو ئەگینا دەتوانین وشەو زاراوەکان بەرامبەر یەکتر ڕاگرین و وەکو زنجیرەش یەک لەدوای یەک ڕیزیان بکەین و تۆماریان بکەین، ئەو کارەمان بەزیاد زانی.

٢- لەو وشەو زاراوانەو کەرەسەکانی تر نالی توانیویەتی دێڕە شیعرو وێنەی هونەری وا بێنێتە ناوەوە کە خۆیان لە قەرەی وێنەی شیعری هونەری شاعیرە گەورەکانی دنیای ئیسلام و ڕۆژهەڵات بدەن (ئەگەر تێشی نەپەڕاندبن).

گەڕانەوەی مەولانا خالید بۆ شاری سلێمانی و بەخۆ بەتەریقەتە تازەکەی، گردبوونەوەی خوێندەوارو مەلا پایەبەرزەکانی شارو دەرەوەی بەدەوری ئەو تەریقەتەو زۆر بەخێرایی مەیدانی کارکردنیان فراوان دەبوو، دیارە لەبەر زانایی و لێهاتوویی مەولانا تا دەهات تەریقەتەکەیان پەرەی دەستاندو بەم لاو ئەولا بڵاو دەبۆوە.

ئەنجامی ئەمانە بوو بەهۆی ئەو ململانێیەی کە نەدەبوو ڕووبدا و ڕوویدا. بوون و دروست بوون و ڕێکخستنی هەموو ئەو تەریقەتانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەپڕۆگرام کردن و پێش خستن و باشکردنی هەردوو ژیانی دنیایی و ئایینیی کۆمەڵانی خەڵکەکەو پێشڕەوی و ڕێ نیشاندانیانە بۆ گەیشتن بەخۆشی و سەربەرزی هەردوو دنیا. هەر بۆیەشە دەبینین نالی سەر لەبەری سۆفیگەری و تەریقەتەکان ڕەت ناکاتەوە، بۆیە ناوە ناوە دێڕێکی وای لە غەزەلێک یا قەسیدەیەک تەوزیف کردووە کە پڕ بەپێستی خۆیەتی بۆ نیشاندان و پێش چاوخستنی لایەنە گەش و پڕشنگدارو دیارەکانی ئەو بوارە.

**عاشق هەوەسی مەیکەدەو و عیلمی بەسیتە**
**عاقل تەلەبی مەدرەسەو و جەهلی مورەککەب**

ل٥٧

نالی لێرە بۆ هەر نیوە دێڕێک پێنج وشەی هێناوەو بەرامبەر بە یەک لەنگەریان گرتووە، هەردوو نیوە دێڕەکەش وشەکانیان دژ یەکن جا چ بە ئاشکرابێت یاخود بە نهێنی و دوور بە دووری (عاشق × عاقل)، (هەوەس تەڵەب)، (مەیکدە × مەدرەسە)، (عیلم × جەهل)، (بەسیت × مورەککەب). ئەو دێرە تەژییە بە وشە و زاراوەی سۆفیگەری یا عیرفان لەو دێڕە شتەکانی پەیوەندار بە هۆش و دواتر بەو دنیایە سەرلەبەری وەلا نراوە و ڕەت کراوەتەوە، ئەمە کارێکەو ئەنجامەکەی لای نالییە، چونکە ئەو لەگەڵ ڕووداو و سەرەتاکاندا تەواوی نەخشەکەی لەبەردەستەو خوێندراوەتەوە، لەو دێڕەش بە ئاشکرا دیارە کە زۆر لە لایەنەکانی ئێرەی بۆ جەهلی مورەککەب دەبا، لەو دێڕە ململانێ و بەگژیەکدا چوونێک

هەیە لە نێوان عاشق و عاقڵ یا دڵ و هۆش کە یەکەمیان بە ئاسمانەوە بەندەو ئەوی تریشیان بە ئەرز، دڵ تەڕە، گەشە، بە دنیای دوور و مەلەکووت بەستراوە. هۆش وشک و برینگە، هەستەکانی ناتەواو و کارەکانیان سەقەت و ئیفلیجن، تەنیا پێشە خۆیان دەبینن، ئەی ئەوە نییە پاڵەوانی نیوە دێڕی دووەم کە عاقڵەکەیە چی بەسەر هاتووە عاشق پاڵەوانی نیوە دێڕی یەکەمە و نادیارە، هەر یەکێک گەیشتە پلەی عاشقی ئەو پاڵەوانەیە و دەورە سەرەکییەکە بە ئەو دەسپێردرێ، عاشق مەعشووقەی خۆی هەیە، نالی لێرەکانە باسی خاوەن دڵ دەکا، ئەوەی دەبێ بەخاوەن دڵ پێویستە چەند پلەیەکی ببڕێ، بۆیە ئەو نەپێویستی بە زانینە و نە بەهەستەکان، ئەو شتی تری هەیە بۆ گەیشتن بە تاکە مەرامی کە مەعشووقەکەیەتی.

**بە میعراجی سلووکی سالیکاندا تا نەچی ڕۆژێ**
**لەنێو جەهلی مورەککەبدا دەمێنی هەروەکو ماوەی**

ل١٦١

بۆیە نیوە دێڕی (عاشق هەوەسی. . . تاد) بە ئاشکرا دیارە بۆنی سۆفیگەری لێ دێت، نیوە دێڕی دووەمیش دیارە تەعیلق و پەلار گرتنە لە عەقڵ و مەدرەسە و زانین.

ئێمە ئەو ململانێ و ڕکەبەرییەی نێوان دڵ و هۆش بۆ سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەگەڕێنینەوە، کە ئەمەش لە نووسینەکانی ئیمامی غەزالی و ئیبن ڕوشد ڕەنگیان داوەتەوە، کە هەر یەکە لەو دوو ڕێبازەش موریدو لایەنگیری خۆیان هەبووە، دواتر لە سەدەی شەشی کۆچی ئیبنولعەرەبی نامەیەکی بۆ ئیمامی فەخری ڕازی نووسیوە، هەمان ئەو بابەتەی ورووژاندووەو دیسان ئەویش لاتەرازووەکەی بەلای دڵ و ڕێبازی سۆفیگەریدا دەلەنگێنێ(٣٥).

**خانەقاش هەروەکو مەیخانە کە هەر ئاوا بێ**
**مەجلیسێکی هەیە ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە**

ل١١٧

لە نوسخە و چاپی تر هەندێ جیاوازی لەو دێڕەدا هەیە، نالی خانەقا و مەیخانەی پێکچواندووە و بەرامبەر بەیەکتری داناون. لە فەرهەنگەکانی سۆفیگەری و دیوانی شاعیرانی عیرفان هەر دوو وشەی خانەقاو مەیخانە یەک واتایان هەیە. ئاشکرا دیارە هەردوو وشەکان بە واتا ئاساییەکانی خۆیان بەکار نەهاتوون و بەڵکو وەکو دوو زاراوەی سۆفیگەری لەو دێڕە حسێبیان بۆ کراوە. ستایش و بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی خانەقاش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی تری بۆ چوونەکانمان بەهێزتر دەکا.

**ئێستەش بە بەرگ و بارە، عەلەمدارە شێخەباس**
**یا بێ نەواو بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور**

ل١٤٢

لەو دێڕەش حسێبێکی تایبەتی بۆ ئەو مەزار و شوێنە پیرۆزە کراوە کە ناوی شێخەباسە، ئەگەر هەموو شێخەکان لەبیرو بۆچوونی نالی وەکو یەک و لەیەک ئاستدابان نەدەبا لێرە باسی شێخەباسی بکردایەو ناوی بهێنابا و بەلایدا بچووبا. ئەو ناو هێنانە جۆرە گەورەیی و پیرۆزی بەناوەکە دەبەخشێ کە (شێخە) بەوەی بە بەرگ و بارو عەلەمدارە، ئەم دێڕە بە دوو بیروڕای نالیمان ئاشنا دەکات:

١- بەکارهێنانی وشەی شێخ بەلایەن و ڕووە گەش و تەواوەکەی.

٢- ئیمان و بڕوای نالی بە شوێنی پیرۆز و مەرقەدی پیاوچاک و خواناسە گەورەکان.

**فەرشی پەڵاسە دۆشەگی خاکە سەرینی بەرد**
**بێ تووک و ڕووت و قووت و فەقیرو قەلەندەرە**

ل١٤٧

ئەم دێڕەش چەند وشەو زاراوەیەکی سۆفیگەری بەخۆ گرتووە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەو هەموو سیفەتانەیە کە دراون بە یەکێک لە خواناسی و دەروێشیدا کتومت لە یەکێکی وەکو بابا تاهیری هەمەدانی دەکا.

**مو ئان ڕەندەم کە نامەم بی قەلەندەر**
**نە خان دیرەم، نە مان دیرەم، نە لەنگەر**
**چو ڕۆژ ئایەد بگەردەم گەردو کۆیەت**
**چو شەو ئایەد بخشتان وانە هەم سەر(٣٦)**

لەم جۆرە وێنانە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا لای زۆر لە شاعیرەکان دووبارە بۆتەوە. ئەو هێزو واتایانەی لەو دێڕە دەچۆڕێنەوە، یا ئەو تابلۆ نیگارینە و نەخشینە هونەرییە، وای لەم دێڕە کردووە کە بەبێ هیچ بەربەست و تەگەرەیەک، یا هەر بێ پەساپۆرت بە ئاسمانی دنیای

سۆفیگەری هەڵبکشێ.

**مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ**
**کە نەقشی ڕەنگی غەیری ئەو بە ئاوی دیدە شۆرا بێ**
**لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگین بێ**
**جونونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ**

لە غەزەلی (حەریقی زیقی هیجرانم. . .) ل (١٢٩) دوو جار ناوی نەقشبەند هاتووە، دوو جاریش نەقشی بەکارهێناوە، نەقشبەند ئەو واتایانەی هەیە: وێنەکێش، ئەو کەسەی وێنە دەکێشێ و نەقش دەکا. نەقشبەندی ئەو تەریقەتەیە کە لەسەر دەستی مەولانا خالید لە کوردستان بڵاوبۆتەوە. لە گفتوگۆ و قسەکردندا وشەی نەقشی دەبێتە کورتکراوەی نەقشبەندی واتە: فلان (نەقشی)یە و قادری نییە.

**لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ فەنافیننووری ئیمانە**
**مەڵێن زوڵمەت خەراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە**
ل١١٣

سایە، کوفر، دڵ، زوڵف، فەنا، نوور (فەنافیننوور)، ئیمان کە نیوە دێڕی یەکەم پێک دەهێنن هەموویان وەکو زاراوە لە فەرهەنگ و دنیای سۆفیگەری بەکارن، بۆ نیوە دێڕی دووەمیش زوڵمەت، وەسڵ، پەروانە، شەو ئەوانیش هەمان ڕۆڵیان هەیە.

ئەوەی لەو دێڕە تێبینی دەکرێ نالی هەر دوو زاراوەی (فەنافینوور)و (فەنافیللا)ی بەرامبەر بە یەک ڕاگرتووە، بە دەلیلی ئەوەی خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ: (الله نور السموات والارض).

بۆ واتای گشتی ئەم دێڕەش نالی وردەکاری خۆی ئەنجام داوە، ئەگەر وشەکان وەکو زاراوە لێکبدەینەوە ئەوە واتایەکمان دەست دەکەوێ، ئەگەر وەکو وشەی ئاسایی فەرهەنگی وەریان بگرین دیارە جۆرە واتایەکی ترمان پێ دەبەخشێ.

**(نالی)یەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست**
**مەعلوومی بووە زۆر و کەمی خاریقی عادات**
ل١٣٦

**دوێنێ چ بوو دەتدا بە زمان لافی کەرامەت**
**ئەمڕۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو نەدەمت بوو**
ل٨٧

**لەجوملەی موعجیز ئەندەر موعجیزی ئەحکامی قورئانە**
**کە میعراجی بڵندی ئەووەلی ئایاتی سوبحانە**
ل١٥٧

زاراوەکانی (خاریقی عادات، کەرامەت، موعجیزە) هەرسێکیان لە بنج و بنەواندا وەک یەکن یا زۆر لە یەک نزیکن، لە لایەکی تریش تەماشا دەکەین لە واتاو لێکدانەوە وردەکانیان لێک جیادەبنەوە. خاریقولعادات واتە ئەنجامدانی کار و کردەوەیەکە لەلایەن یەکێک، کە کەسی تر نەتوانێ بیکات. ئەو کارە سەرنج ڕاکێشانەش (بە خاوەن بیروباوەڕ و یەکێکی گومڕا و بێ باوەڕ ئەنجام دەدرێن)(٣٧). کەرامەتیش ئەو کار و کردەوانەن تەنیا شێخە گەورەکان و وەلی و خواناسەکان (ئەوانەی خودای گەورە خۆشی دەوێن) دەتوانن ئەنجامی بدەن، هۆش و لێکدانەوەی ئاسایی ئەم جۆرە کارانەی پێ قووت نادرێت. موعجیزە: ئەو کار و کردەوە و هەڵوێستانەن کە تەنیا بە پێغەمبەرەکانەوە بەندن و موعجیزە تەنیا لای ئەوانە، پێغەمبەری ئێمەش دەیان موعجیزەی لێ دەگێردرێتەوە.

**وەرە با عالەمی قەلبت نیشان دەم**
**کەوا فەقری غینایە مردنی ژین**
ل٨٥

لای نالی تەنیا جیهانێک و دوو سێ جیهان نییە، بەڵکو بە دەیان جیهان و عالەم لە مێشک و ئەندێشەیدا پەنگیان خواردۆتەوە، ئەوە نییە وا بانگمان دەکا و دەیەوێ یەکێک لەو جیهانەمان نیشان بدا. جیهانێکە پڕە لە خۆشەویستی و ئیمان و بیروباوەڕ، نالی باس لە عالەمی قەلب دەکا، ئەو عالەمەی یاسا و ڕێساکانی بە هیچ جیهانێک ناچێ، لەو جیهانە هەژارەکانی دەوڵەمەندن، مردنیشی تێدا ژیانە، عالەم، قەلب، فەقر، غینا، مردن لەو دێڕە هەموویان دەچنە ناو فەرهەنگی سۆفیگەری. لەو دێڕەش نالی لەسەر زمانی بەرامبەرەکەی عالەمێکی ترمان پێ ئاشنا دەکا.

**من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی باڵام**
**(نالی) بە توفەیلی بووەتە سایە لە دوو من**
ل٨٣

عالەمی باڵا: جیهانی سەرەوە، ئاسمان بارەگای خودا،

عـالەمی مەلەکووت. لە جیهـانی سۆفیگەریدا بەدەیان تاڵە ئاوریشـمی بریقـەدار هەن بۆ ئەوەی بەو جـیـهـانە ببەستریتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان ئاسمان و زەوی پتەوتر و بە جۆشتری بکەن.

ئەگەر بە هەمـوو زاراوەو وشەکانی سەر بە فەرهەنگی سۆفیگەری دیوانی نالی دەور کەینەوە زۆر لە مـەبەست دوور دەکەوینەوەو درێژەش دەکێشی بۆیە هەر بەوەندە واز دەهێنین و هەندێ لەو زاراوانە تۆمار دەکەین، کە دەبا لە سەروانیش بوەستین، لەبەر درێژدادڕی وازمـان لێهێنا: زیکر، ڕیازەت، خـەڵوەت، ئیـشـراق، تەلیـسم، بەیتی مـەعـمـوور، تەسـبیح، ڕاز، دەف، حـەلقـە، خـەرقـە، سولووک، عـاریف، قەلەندەر، کەشف، یەقین، هود هود، وەسڵ.

تۆمـار کـردنی ئەو هەمـوو نموونە شیـعـرییـانەو لەسـەر نووسـینیـان و دەورکـردنەوەی ئەو وشـە و زاراوانە، وەک بابەتێک کە جەمسـەرێکیـان بە دنیـای سۆفیـگەری گرێ دراون، هەمـوو ئەمـانە بۆچوونەکـانی پێشـتـرمـان لەق و لاواز ناکەن لەوەی کـە نالی هیچ پەیوەندی ڕاسـتەوخۆ و گـیـانی بەو مـەیدانە نەبووە. ئەگـەر بشـپـرسن پاش ئەو ڕادەربڕینە ئەو نووسین و لێکدانەوانە لەچی؟ لە وەڵامـدا دەڵێین: سێ خـاڵی گـرنگ بۆ ئەو بابەتە پێش چاو دەخەین:

١- نالی وەکـو زمـانزانێک خـەزێن و زەخـیـرەیەکی یەکجار زۆر و لە بن نەهاتووی هەبووە، ئەوەندە ورد و پڕ زانیاریش بووە توانیویەتی بە پێی پێویست یا بە مگێزی خۆی دێڕە شیعـرەکان بەو کەرەسەیە بنیاد بنێ. وشەی وای هەڵبـژاردووە کـە چەندان واتا هەڵدەگـرن لەوەوە دەتوانرێ بـۆ هەر دیارده و بابەتێـک بەدەیان نموونە یا زیاتر لە شیعرەکانیدا هەڵبهێنجین.

٢- زانیـاری و زانسـتێکی زۆری لەسـەر سۆفـیگەری هەبووە، ئەو زانیـارییانەش پێویستییـان بە دەربڕین هەیە (وەک جـۆرە بەتاڵ بوونێکیش پێـویسـتـیـیـەکـان وا دەخوازن). تاکە ڕێگاش لەبەردەم نالی تەنیا شیعر بووە و بەس.

٣- کارکردن لەو مەیدانە بۆ یەکێکی وەک نالی زۆر لە شـوێنی خـۆیدا بووە، چونکە بمانەوێ و نەمـانـەوێ کـاریگەری شاعیـرانی گەورە و زانا مـەزنەکانی ئیسلام بەسـەر نالی و شیـعـرەکـانییـەوە دیارە، ئەو شـاعـیـر و زانایانەش هەمان شت لەبەر کـاریگەری ئایینی ئیسـلام تێکەڵ بە دنیـای سـۆفـیـگەری بوونە یا ئەوانیش لە دەرەوەی جغز و تخوبەکەی کاریان بۆ کردووە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) مارف خەزنەدار (د.)، شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشـیـزمـدا، مـەحـوی، بەشێک لە بابەتەکـانی فیـسـتـیـڤـاڵی مـەحـوی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٨.**

**(٢) خەبات عـارف، ئەنتۆلۆگیا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەسەن، سوید، ؟، ل٩٦،**

**(٣) مەسعود محەمـەد، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧ ، ل٦٥.**

**(٤) عبـدالحسین زرین کوب (دکتـر)، ارزش مـیـراث صـوفـیـه، چاپ هشـتم، چاپخانهء سپهر، مؤسسـه انتشـارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٧، ص١٤.**

**(٥) سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.**

**(٦) جیـمس بیلي فریزر، رحلة فـریزر، ترجمة جعـفر الخیـاط، الطبعة الاولى، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٤، ص٣٤.**

**(٧) محمد امین زکی، تاریخ سلیمـانی، چاپخانەی (النجاح)، بغداد، ١٩٣٩، ل١٦٥.**

**(٨) مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس، یادی مـەردان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ٣٥٦.**

**(٩) محمد امین زکی، تاریخ سلیمانی، ل٩٠و ٩١.**

**(١٠) محـمـد الخـال، الشـیخ مـعـروف النودهي البـرزنجي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ص٨٧.**

**(١١) ی. ئی. ڤـاسیلیـەڤـا، کوردسـتـانی خـوارووی ڕۆژهەڵات،**

وەرگێرانی ڕەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٢٣٧.
(١٢) محمد الخال، الشيخ معروف النودهي.. ص١٥.
(١٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب١، ل٣٢.
(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.
(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.
(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.
(١٧) ی. ئی ڤاسیلیەڤا، کوردستانی. . . ل ٢٣٧.
(١٨) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان،ب١، ل٣٥.
(١٩) كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج في العراق عام ١٩٢٠، ترجمة بهاءالدين نوري، الجزء الاول، مطبعة السكك الحديدية، بغداد، ١٩٥١، ص٢٢٧.
(٢٠) حسين خمري (الدكتور) بنية الخطاب النقدي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص٥٩.
(٢١) علاءالدين سجادی، کوردەواری، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٨١و ٨٢.
(٢٢) عبدالكريم محمد مدرس، علماءنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ص٥٧٦.
(٢٣) حاجی قادری کۆیی (دیوان) لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦، ل ١٨٥و ٢٥٨.
(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.
(٢٥) محمد فؤاد عبدالباقي، المعجم المفهرس لالفاظ القرآن الكريم، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٤٤.
(٢٦) منصور علي ناصف (الشيخ)، التاج الجامع للاصول، المجلد الاول، دار الفكر، ١٩٨٦، ص٥٧.
(٢٧) (حافظ - ديوان)، ص ٨١٩، ٣٤٩.
(٢٨) محمد فؤاد عبدالباقي، المعجم المفهرس
(٢٩) قورئانی پیرۆز، سوورەتی (ال عمران)، ئایەتی (٣١) وەرگێردراوی هەژار.
(٣٠) سەرچاوەی پێشوو، سوورەتی (المائدة) ئایەتی (٥٤).
(٣١) عبدالقادر عرفان العشا حسونة (الشيخ)، الاحاديث القدسية، الطبعة الاولى، دار الفكر، بيروت، ؟، ص ٢٠٩.
(٣٢) حافظ (ديوان)، حافظ نامه، ص ٧٥٧.
(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ص ,١١٧٣
(*) ( ١٣٢ - ٩)، (١٠٠ - ١)، (٦٦ - ٢)، (١٠٩ - ١)، (٧٠ - ٧)، (٩٣ - ١٠)، (٨٤ - ٢)، (١٠٢ - ١٠)، (١٥٥ - ٥) (٦٦ - ٧)، (١٢٢ - ٩)، (٧٠ - ٤)، (١١٢ - ٥)، (٥٥ - ٨)، (٤٣ - ٦)، (١٤٣ - ٧)، (٥٠ - ٣)، (٩٧ - ٨)، (١٠٢ - ٦).
(**) (١٠٠ - ٤)، (٨١ - ٤)، (٩٨ - ٤)، (٩٦ - ٤)، (١٠٠ - ٣)، (٩٩ - ٧)، (٧٧ - ٥)، (٨٥ - ٣)، (١٣٢ - ١)، (٧٠ - ٢)، (١٣٠ - ٥)، (٩٧ - ١١).
(٣٤) سيد جعفر سجادى (دكتر) ، فرهنگ اصطلاحات و تعبيرات عرفانى، چاپ چهارم، كتابخانهء طهورى، تهران، ١٣٧٠.
- سعاد الحكيم (دكتورة)، المعجم الصوفي، الطبعة الاولى، دندره للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١.
- ابو الحسن علي بن الجرجاني المعروف (بالسيد الشريف)، التعريفات، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦.
(٣٥) محي الدين ابي عبدالله العربي الحاتمي (الشيخ الاكبر)، رسائل ابن العربي، دار احياء التراث العربي، شركة علاءالدين، بيروت،؟.
(٣٦) بابا طاهر، سلسله انتشارات انجمن آثار ملى، ١١٣، چاپ دوم، ١٣٥٤، شرح احوال وآثار دو بيتى هاى بابا طاهر عريان، بانضمام شرح و ترجمه و كلمات قصار وى منسوب به عين القضاة الحمدانى، بأصل وترجمه و كتاب الفتوحات الربانيه فرج الاشارات الهمدانيه، به شرح وتفسير محمد بن ابراهيم مشهور به خطيب وزيرى، به كوشش دكتر جواد مقصود، ص١١٢.
(٣٧) سيد جعفر سجادى (دكتر)، فرهنگ اصطلاحات و...، ص ٣٣٥.

# گەڕانەوە بەرەو نووسینی یەکەمی شیعر

## هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە

نەجات حەمید ئەحمەد

قسەکردن لەسەر کۆ شیعرێکی چاپکراو، دەرفەتێکی بەرفراوانی دەوێ لە کات و پاشان لەبیرکردنەوەو خوێندنەوە، هەر وەکو سەرنجیش دەدەین کتێبێک کە بەشێکی گەورەی لە ژیان و بیرکردنەوەو جیهانبینیی نووسەرێکی دیاریکراودا داگیرکردووە، بەیەک دوو لاپەڕەی گۆڤارێک، ڕای بەپەلەی لەسەر دەدرێ. پاش خوێندنەوەی شیعرەکانی شاعیر (نەژاد عەزیز سورمێ) بەناوی «هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە» بیرم لەوە کردەوە ئەو شیعرانەی کە لەم کۆشیعرەدا بڵاو کراونەتەوە، ڕووبەرێکی زەمەنیی دوور و درێژیان لە نووسینی شیعری لەلای شاعیر گرتۆتەوە، کە لە دە ساڵ زیاترە. بیرم لەوە کردەوە کە لە گۆشەیەکی دیاریکراوی زاراوەی ڕەخنەییەوە خوێندنەوەیەک بۆ ئەم کۆ شیعرانە بکەم، نەک بەشێوەیەکی گشتی و کراوە، بێگومان مەبەستمان لە زاراوەی ڕەخنەیی کرۆک و گەوهەری ئەو گەڵاڵە بوونە شیعری و جوانکاریانەیە کە هەر خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێن دروستی دەکات.

شیعر هەروەکو چۆن ڕەگەزەکانی زمان و شیعرییەت و بەکارخستنی ئەو کەرەستانەی زۆر و زەبەندن، هەروەها ڕەخنەش دەرەنجامی خوێندنەوەکانی بوارێکی بەرفراوانی لە ئەگەرەکانی خوێندنەوە لەبەردەمدایە پێناس و هەڵسەنگاندن و حوکمدان و بڕیاردان و بەخشینەوەی خەسڵەت و سیمای بێ بنج و بناوان و بێ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە بێ سوود و بێ کەڵکە، بەڵام ئەو پرسیارە هەرە ڕەوایەی کە هەموو خوێنەرێک دەبێ لە خۆی بکات هەر ئەوە دەبێ کە ئەو پاش خوێندنەوەی کۆ شیعرێک چیمان لەلادا دروست دەبێت، یان بە مانایەکی دیکە


نەژاد عەزیز سورمێ

ئێمەی خوێنەر پاش خوێندنەوەیەک بۆ دیوانێک چیمان لەلادا دروست دەبێ و چۆن دەربڕین لەو دروستبوونە بەرهەمهێنراوە دەکەین؟ لە ڕاستیدا پاش خوێندنەوەم بۆ کۆشیعری «هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە» هەستێک لە غوربەت و تەنیایی و خەمێکی تەڕو داخێکی دەست وەشێنم لەلا دروست بوو، دەشێ ئەم هەستانە لە کتێبێکی شیعریدا هۆکاری زمان و بیرکردنەوەیەکی ئەزموونی ژیان و بیرکردنەوەی شاعیر بن کە لەلای منی خوێنەردا شوێنێک لە تێگەیشتن، وەستانێک لە بەخۆدا چوونەوە، ساتێک بۆ دانان بە شکستی و بێ ئومێد بوونەکانی ژیانی تایبەتمان بکاتەوە، لەو باوەڕەوەی دەشێ مرۆڤ لەسەر لەبەری ژیانیدا خۆی وەکو مرۆڤێکی ڕێک خراوو ئارایشتکراوی ڕەوشتی دەرخات، بەڵام تەنها لەو ساتانەی کە مرۆڤ دواندنی تەنیایی لەگەڵ خۆیدا دەکات، ماسکە خواستراوەکانی ژیانی ڕۆژانەی تووڕ هەڵدەداو دان بە ڕاستییە نەویستراوەکانی ناخدا دەنێ و «پاسەوانەکانی ناخ»ی خۆی وەکەنار دەخاو مۆڵەتێک بۆ هەموو ڕەقیبە دەروونییەکانی ناخ و بیرکردنەوە دەنووسێ، ئەم هەستانە کە لەلای خوێنەرێکدا بەرامبەر بە کۆ شیعرێکی دیاریکراو دروست دەبن لێت ناگەڕێن بەبێ پرسیارو بەدواداچوون تێپەڕ بن، چونکە خوێندنەوە لەسەرەتاوە بڕیاردانی بیره له ژیان لەگەڵ وشەدا.

هەستی غوربەت، هەستکردنێک نییە لەو شیعرانەدا وەکو بیرێکی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە ژیان بەبیردا گوزەر بکات، بەڵکو هەستێکە کە تۆ دەرک بەخۆت دەکەی لەشوێن و زەمەن و ماناکانی خۆت دەردەچیتە دەرەوە، لەگەڵ خۆتدا پەیمان دەبەستی کە وەکو گوڵە نەرگسێک دڵۆپەکانی باران هەڵگری و بەسەر زەویی شیعردا ملت خوارکەیتەوە. تا وردەکارییەکانی گۆڕانکاریی خودیانە ببینی لەسەر زەویی شیعردا، کە بەرەو تەنیا یەک ئاراستە لە وشەی نووسراو بە خەمت بەرێت و ئاگادارت بکاتەوە، کە تۆ لەگەڵ شاعیرێکدا بەرەو سەرەتاییتی نووسین دەگەڕێیتەوە، بۆ ئەو خاڵەی کە شاعیر چۆن هەر لەیەکەم ڕستەی شیعرییەوە بە ئامادە بوونێکی عەقڵیی تەیارکراوو ورووژێنراو و بە تاسە بووەوە دەچێتە ناخی وشە و ماناوە.

یەکەمین ڕستەی شیعری یەکەمین ڕۆشن بوونەوەی شیعرییەتە، کە شیعرییەت لە هەڵقوڵانی وشەکانەوە، لە بەئاگاهاتنەوەیەکی دەروونی و عەقڵیی بریندار، لەوێوە یەکەمین دارشتنەوە گەڕانەوەو دەست پێکردنەوەی شیعرە، کاتێک لەشوێن و لەماناو ڕۆژانەییەکان دەردەچیتە دەرەوە ئیتر دەکەوێتە گەردوونێکەوە کە جیاوازە لە گەردوونی تۆ، شوێنێک بۆنی ئازاری خیانەت و ڕۆچوونی مرۆڤ لە کرداره ناڕەواکاندا، گوێ نەدان بە بەها مرۆڤایەتییەکان کە ئێمە وەکو مرۆڤ دەخەنە شوێنەوە، دڵشکان لە کەوتنی بەها مرۆڤایەتی و ڕەوشتییەکان، خواحافیزی لە خەون و ئومێد، گڕی خەم و پەژارەیی لێک جیا بوونەوە، لەم وێستگانەوە تۆی خوێنەر لەگەڵ شیعرەکانی (نەژاد عەزیز سورمێ)دا دەگەڕێیتەوە بۆ سەرەتاییتی نووسینی شیعری کە نووسینی یەکەمە.

تەنیایی وەکو هۆکارێکی هێزی دەربڕین لەخۆکردن، نەک وەکو دابڕانێکی زەمەنی و شوێنگەیی، گەوهەرێکی دیکەی پێ لەسەرداگرتنە بۆ گەڕانەوە بەرەو سەرەتاییتی نووسینی شیعری، هەستکردن بەتەنیایی دابڕانێکی دنیابینییە لەگەڵ مانای بەگشتی کراو، پێوەندیی مرۆیی بە میکانیزم کراو، بەمەش مانەوەو سووربوونی شاعیر لەسەر باوەڕی دابڕانێکی چارەسەر نەکراو وردبوونەوەیەکە لە ڕێچکەیەکی بیرکردنەوەی خودیانە کە تێکەڵ بە مانا ڕۆژانەییەکانی پەشیمانی و خەمخواردن لەوەی بەدەر لەدەسەڵاتی مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی ڕوودەدەن،

**بێهوودەیە خەون بینین
لە دیار پەنجەرەیەکدا
کە بەسەر گۆلی
قورینگاندا
دەڕوانێ**

وردبوونەوەو تێڕامان لەلاشەی مرۆڤە بە قوربانی کراوەکان، کە نازانن بۆچی لاشەیان لە دووری گۆڕەکانیان کەوتووە، دوورکەوتنەوە لە کەوتن و شکستی خۆشەویستی و مردنی بەهاو سۆزی خۆشەویستی، لەوکاتەی تەنانەت لەگەڵ کەسی خۆشەویستیشدا هەست دەکەی تەنیای، چونکە ڕۆژانە خۆشەویستی لە ژووره نووتەکەکانی هەتککردنی دەنێژرێ و چیتر گەردوونێک بۆ هیچ مانایەک نامێنێتەوە، هەموو ئەم جیابوونەوە و دابڕانە ڕۆژانەییانە دەبنە وێستگەی جیاجیای پڕ لە ئازاری شاعیر، کە زۆر جار گریان لە پەشیمانی، گریان بۆ ئەوەی ڕوویداو نەدەبوایە ڕووبدات، گریان بۆ تەنیا بوون و هەستکردن بەتەنیایی، هەموو ئەم ساتانەی گریان تەنیا پاک بوونەوە نییە، بەڵکو گریان وەکو چاوەڕوانییەکە بۆ سەرەتاییەک دەشێ هەبێ و دەشێ نەبێ کە تیایدا لەگەڵ مرۆڤایەتی بوونی خۆماندا بەیەک دەگەینەوەو هەر ئەو ساتانەشە کە هەست دەکەین نائومێدی لە دابڕانێکی دەروونی و عەقڵی لەگەڵ کۆیەکی بە میکانیزم کراو لەنێو کۆمەڵە باوەڕێکی بەڕۆژانەیی کراو، لەوێوە هیواکان کز دەبن، کە گەیشتیە ئەو کەنارەی کە ئیتر پێک گەیشتنەوەیەکی دیکە ڕوونادات ئیتر فرمێسکەکان سارێژی ئازارەکانی تەنیایی دەکەن.

سەرەتاییێتی ڕستەی شیعری و نووسینەوەی لەبێ هیوا بوون لە بەیەک گەیشتنەوەیەک دەست پێدەکات، لە ژیان لەگەڵ خوددا کۆتایی دێت.

لەگەڵ هەموو ئەم سیمایانەی کە بەرهەمهێنی شیعرییەتن، یان خوڵقێنەری ڕستەی شیعرین، لەلای شاعیردا گەیاندنەوەی یەکەمین ڕستەکانی نووسینەوەی شیعرە، بە دووەمین ڕستەکانی شیعر کە نووسینەوەی دووەمە، ئەو نهێنییەی دەشێ ببێتە هۆکارێکی جیهانبینیی شیعری لەلای شاعیرو پێک گەیشتنەوەی ئەو جیهانبینییە بە شیعرییەتەوە.

خەسڵەتێکی بنەڕەتی وەستان لەسەر شیعر و پاراستنی سەرەتاییێتی نووسینەوە لەلای شاعیر تێکەڵ کردنی بوونەکانی دەرەوەی خودن، کە سروشت بەرینترین ڕووبەری لەبیرکردنەوەی شاعیر گرتووە، بەڵام سروشت و ئافرەت و جوانی و ڕەوشت و هەموو بوونە بەرجەستەیی و نابەرجەستەییەکان دەکەونە پێوەندی بوون و پەیوەست بوون بەیەکترەوە، کاتێک بەها مرۆڤایەتییەکان شکست دێنن و دەکەون، سروشت بەرگی خەم و ماتەمینی لەبەر دەکا، لەولاشەوە هەر کاتێک هێزی کوێری وێران کردن و لەناوبردن ئامادە دەبێ بێهوودەیە خەون بینین لەدیار پەنجەرەیەکدا کە بەسەر گۆلی قورینگاندا دەڕوانێ، هەر بۆیە سروشت و جوانییەکەی وابەستەی جوانیی مرۆڤ و زەمەنەکانە، بەڵام لەو شیعرانەدا زەمەنی جوانییەکان زەمەنێکی دڕندەو زۆرداره، زەمەنێکە مرۆڤەکان، بوونەتە بازرگان و بە مرۆڤایەتیی مرۆڤەکانەوە بازرگانی دەکەن، بەناوی نیشتمان و وڵاتی پڕ لە خوێنەوە هەموو شتێکیان لەبەر دەست بوو جوانییان کوشت، ئەم جۆرە پەیوەستە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەسەرەتاییێتی بیرکردنەوە هەیە کە شیعر بەهێزی تەواوی زەینییەوە زمان دێنێتە گۆ کە لە خوێندنەوەدا، هەندێک جار کە شاعیر بەرەو واڵایی دەچێ لە دەربڕین لێکردندا خۆزگە دەخوازی ئەو هێزە زەینییە لە زماندا بزر نەکاو لە توانایدا بێت بەهەمان هێزەوە ڕستەکانی دوایی بنووسێتەوە، شاعیر هەرچەندە بەتوانا بێت ناتوانێت هەندێک جار لە کارکردن لە مانادا کە پێوەندە بەجیهانبینیی نووسەرەوە هەیە بەسەر زماندا زاڵ بێ، بەڵام نووسەر هەر لەسەرەتاوە پێمان دەڵێ کە گەیشتن بەساوی شیعر کردارێکی فرە لایەن و فرە ڕووە کاتێک لە شیعری «مەنەفێست» کە تێڕوانینی شاعیرە بۆ شیعر و کێشی شیعر دەڵێ:

**ئەگەر ویستت نیگایەکت لە ساوی شیعر بۆ بێت**
**دەخوازێ بە (با) بدرەوشێتەوە...**
**ڕێگای هات و نەهات..**
**شکانەوەی هزر...**
**هەڵپەی تێهەڵنانەوە...**
**ڕاکردن بەرەو ژیان،**
**بەرەو سەودای لاڤایی و**
**پیشەسازی حوسن و جەمال..**
**ئالوودە بوونی تاسە...**

### ململانێی نەبڕاوە لەگەڵ زمان

ئەوەی لەم پێشەکییەوە بەلامانەوە گرینگەو

مەبەستمانە لەم پێشەکییەوە بچێتە نێو خوێندنەوەی شیعرەکانەوە زاراوەی سەرەتاییێتی نووسینە، کە ئەمەش ململانێیەکە لەگەڵ زماندا و هونەرێکی بزری کارکردنە لە شیعر و نووسینی شیعری، گەڕانەوە بۆ سەرەتاییێتی نووسین بەتەواوەتی هەوڵێکە بۆ مانەوە لەگەردوون و بازنەی نووسینی یەکەمدا، کە نە زمان و نە شیعرییەت هیچ پێناس و بنیاتێکیان نییەو نووسەری شاعیر بۆ یەکەمین جار شێوازی زمان و مانا ئامادە دەکات و هەوڵ دەدات دەسەڵاتی بەسەر ناوەرۆکی ماناکانیدا بشکێ و لە کردارێکی زارەکی و نیمچە بێ ئاگاییدا ڕستە سەرەتایی و شیعرییەکانی ئامادە دەکات تا بیانکاتە ڕستەی نووسینەوە و پاشان بیانکاتە ڕووداو واتە سەرەتاییێتی نووسین ئەو ساتەیە کە شاعیر هێشتا دەستی بە نووسینەوەی دووەمی شیعر نەکردووە و شیعر و زمان لەبیری شاعیردا لە کێشەیەکی بەردەوامدان، ئاخۆ شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی شیعردا کردووە، ئاخۆ تا چ ڕادەیەک ئەو سەرەتاییێتییە لە نووسین توانیویەتی دەسەڵاتی بەسەر زمان و مانادا بشکێ.

شاعیر لەسەرجەمی شیعرەکاندا، سەرەتای ڕستەی نووسینەوەی شیعر بە ڕستەیەک دەست پێدەکات کە شوێنی سەرنجدان و تێڕامانە، ڕستەیەک، تەنیا ڕستەیەک وەکو بنیاتێکی کاملی مانای زمانەوانی دەردەکەوێ، نەک بە شێوازی مانای زمانەوانیی کە پەیوەستە بە سینتاکسی دەربڕین لێکردن و یاساکانی ڕێزمانی زمانەوە، بەڵکو بە شێوازی ڕستەیەک کە گەوهەری جیهانبینی نووسەر پێک دێنێ، گەڕانەوە بۆ سەرەتاییێتی نووسین گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتانەی کە نووسەر لەگەڵ ماناو بیرکردنەوەکانی خۆدا دەژی، هێشتا ئەو پێشبینییەکی تەواوی پێ نییە بۆ دارشتن و نووسین و ناشزانێ مانا بەرەو کوێی دەبا و ڕستەکانی نووسین چۆن دەکەونەوە، ئەو تەنیا لەگەڵ ڕستە گەوهەری و کرۆکە هەژێنەرەکانی بیرکردنەوەی خۆیدا دەژی، شاعیری ئەم کۆشیعرە هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ ئەو ڕستانە لەگەڵ نووسینەوەی دەقەکانیدا بگوازێتەوە و دەربڕینیان لێ بکات، لێرەوەیە کە شاعیر لەگەڵ ساتە هەرە سەرەتاییەکانی نووسیندا دەژی و دەربڕینییان لێدەکات و ناهێڵێ ئەو جیابوونەوەیەی کە لە نێوان بیری سەرەتایی و نووسینی سەرەتایی و نووسینەوەی دووەمدا هەیە و لە زۆر لە دەقە ئەدەبییەکاندا ڕوودەدات، وای لێ بکەن لەوساتانە دابڕێ و ئیتر وشەکان و ماناکان چەندین جۆر لە ڕێچکەی جیاوازی دەربڕین لێکردن بگرنە خۆیان. بۆ نموونە:

**ئەو بەرهەڵە هەبێ و نەبێ چییە؟**
**ئاوازی جادووگەرانی تاریکی**
**بەئێمە لێ نەدرا.... ل٧**

یان
**مەرگیش جیاوازیی تێکەوت ل٨**

یان
**وشە لێوی بریندار کردم ل١٣**

یان
**پەیژەیەک لەگوڵ بۆ هەور ل١٧**

یان
**چرایەک لە حوسنی تۆ هەڵبووە ل٢٥**

یان
**گۆڕی دوور لەمەرگ ل٨٣**

یان
**لە مێوانداریی مەرگدا**
**خوێندنەوەیەک نامێنێ ل٦٦.**

یان
**ژیان لە برووسکەیەکەوە هات**
**بە برووسکەیەکیشەوە ڕۆیی ل٨٣**

یان
**لە خاکی نەزۆکدا**
**مرۆڤ تەنیا دەسەڵاتی بەسەر قسەدا ماوە ل٨٤**

یان
**گوێی شار بە وتاران بریندار ل٢٤**
یان
**ئەو ژنەی لە ڕەنووی هزرە مایە پووچەکانەوە**

**کەوتۆتەوە ل٥٩**

یان

**بۆ هاتنی خۆشەویستی هۆیەک نییە**
**خۆشەویستی هەمیشە دێ ل٦٣**

ئەمـانە هەندێکن لەو ڕسـتـانەی کە وەکـو ناوەندێکی بیـرکردنەوەی سەرەتایی شاعیر وەکو خۆی دەیگوازێتەوە نێو ڕستە شیعریەکانی نووسینەوەی دووەم کـە ئەمەش ئامــاژەیەکی بەهێــزە بۆ ئەوەی شــاعــیــر توانای بەرجەسـتـەکـردنێکی زەق و تەواوی پێک بەسـتنەوەی دووجـیـهــانی هەیە لە مــاناکــان، ئەو جـیـهــانەی کـە نووسینەوەی سەر کاغەز بوونی نییەو شاعیر تەنیا لە زەینیدا، بیر لە ماناکان دەکاتەوەو هەوڵ دەدات بنیاتێک لە زمانی کورت و بە ڕستەی کورت دەسەڵاتی بەسەر ئەو مـانایانەدا بشکێ و پاشـان، دوای ئەوەی لە مـاناکـان و ئاراسـتەکـانی دەگـا و شـیـیـان دەکـاتەوە، ئەوسـا هەوڵ دەدات هەمـان ئەو ڕسـتـە ناوەندییـانە بگوازێتـەوە نێـو نووسینەکانی ئەو ڕستانە ڕستەیەک نین کە لە نووسیندا لەلای شـاعیـر دەسکاری بکرێن و شـێوەی سـینتـاکس و بەدووی یەکدا هاتنیـان بگۆڕدرێ بەڵکو شـاعیـر ئەوەندە پابەندی ساتەکانی بیرکردنەوەو لە قاڵبدانی ماناکانە لە بارە زارەکی و سـەرەتاییـەکـەی بەڕادەیەک هەوڵ دەدات هەمان نووسینەوەی زەینیی خۆی بگوازێتەوە سەر کاغەز




وەکـو خـۆیان، زۆرینەی شـیـعـرە داهێنەرەکـان و دەقـە بەهێزەکانی ئەمڕۆ لەوەدا، یان بەهۆی ئەوەوە بەهێزن و پڕ مـانان چونکە توانای مـانەوەی زمـانەوانی و پێکهـاتی زمـانەوانیـان هەیە لەمـانەوە وەکو خۆیان لەکـاتی دەربڕین لێکردندا، ئەمـەش توانای بیـرکـردنەوەیەکی بەهێـزە، کـە مـێـشـک و بیـرکـردنەوەی شـاعـیـر لە حـاڵـەتێک لە گەشانەوەی زەینی و دەروونی تەیارکراوادا دەژی و هێشتا ئەو لە نووسیـندا زاڵە بەسەر بەرهەم و بەخشندەییـەکانی ئەو بیرکردنەوەیە.

لێـرەدا سـەرەتاکـانی نووسینەوەی شیـعـر لای شاعـیـر (نەژاد عـەزیز سـورمێ) سـەرەتای ڕسـتـەی زەینی و گەشانەوەی زەینین کە خوێنەر بەرەو و یەکەمین تاسان و یەکـەمین بیـرکـردنەوە دەبەن لە خـوێندنەوەدا بۆ ئەمـەش سەرنج بدەنە یەکەمین ڕستەکانی هەموو شیعرێک، ئەو ڕسـتــانەی وەکــو نموونە هێنایانمانەوە نموونەیەکن لەسـەرەتاکـانی شـیـعـرەکـانی ئەو کـۆشـیـعـرە. ئەم جـۆرە نووسینەوەیە لە شیعردا پاراستنی هێزو توانای ڕستەی یەکـەم لە کـۆی شـیـعـردا کـارێکی مـەحـاڵە، هیچ نەبێ بەلایەنی بنیـاتی زمانەوانی و پاشان ماناوە، زۆر دەگەنە شاعیـرێک بەیەک هەناسەی نووسینەوە شیعر بە ڕستەی مـانادارو هاوبەها لە مـانـا، واتە لەیەک ئاراسـتەی مـانادا هەمـــوو دارِشـــتنەکـــانی لەســـەر یەک ڕەزمی گـــوتن بنووسێـتـەوە، هەر بۆیە زۆربەی دەقـە شـیـعـرییـەکـان، هەروەک دەبینین ئاستی لێک نەچوویان لەبەهای بابەتی و جوانکاری و مانادا هەیە.

ڕســـتـــەی «ژیان لە برووسکەیەکـــەوە هات، بە برووسکەیەکـیـشـەوە ڕۆیی» هاوشـێـوەی لە بنیـاتی زمانەوانیدا پەیوەست بەشیعرەوە کەم وێنەیە، چونکە ئەم ڕستەیە، ڕستەیەکی شیعریی کامڵەو لە بەرهەمهێنانی شیعریدا پڕاوپڕی بەیەک گەیشتنەوەی دوو ساتەوەختی نووسینەوەیە، کە نووسینەوەی «زارەکی- زەینی» یەکەمە و پاشان هەروەکو خۆی بۆ نووسینەوەی دووەم هاتووە کە نووســینەوەی «تۆمــاری- زەینیــە»، هەڵبــژاردنی ئەو شـیـعـرەی کـە ئەم دوو دێڕەی تێـدایە و ناونیـشـانی کۆشیعرەکەیە بەلایەنی خۆمەوە ئەو دەقەیە کە زۆرترین پەیوەست لەنێوان ئەو دوو ئاستە لە نووسینەوەی شیعردا دروست دەکات لەسەرجەمی شیعرەکانی ئەم کۆشیعرە. کە سەرەتاکەی بە مانایەک دەست پێدەکات خۆی لە خۆیدا مــانایەکی بوونگەرایی نائومــێــدی لەگــەڵ یەک کــۆ

دەکاتەوە:

**ڕۆژگارم بێ تۆ سارد**
**لەگەڵ تۆشدا بە ئازار**
**هەنگاوم بە ئاوازەکانەوە دیار.**
**ئیتر وابوو:**
**ژیان لە برووسکەیەکەوە هات**
**بە برووسکەیەکیشەوە ڕۆیی**

ناسەقام گیربوونی بیرکردنەوە خودی مرۆڤێکی بیرکەرەوەیە، کە لە خۆشییەکانی ڕۆژگاردا بیر لە ڕووەکانی دیکەی خۆشی دەکاتەوە، لە لایەنەکانی ئەودیوی کامەرانییەوە، پەنجە دانان لەسەر ئەو ڕاستیەی هیچ کامەرانییەک بەبێ ئازار نییە و هیچ ئازارێک بوونی نییە ئەگەر بێتوو کامەرانییەک لەگەوهەری خۆدا هەڵنەگرێ، وای پێ دەچێت ئیتر ئەوە چارەنووسی مرۆڤە تا هەتایە لە دووسەرە بوونێکی بێ کۆتاییدا بژی، ئاوازەکانی، ماناکانی ژیانن هەرجارەو مرۆڤ بەلای حەزو ئازار و کامەرانییەکاندا بەرن و هەر جارەیش دژ بەیەکیی ماناکان و پێکەوە بوونی «بەرەواژییەکان» نمایش بکات و پاش هەموو شتێک دەبێ دان بەوەدا بنێ ئیتر ئەمە چارەنووسەو گۆڕانی بۆ نییە، وەکو ئەوەی ژان مانەوەو ژیانە لەساتەوەختەکاندا کە زۆر کورت و پڕ دەلالەتن هەروەکو کات و شوێنی برووسکەیەک.

پەیوەست بە ناوەرۆکی بابەتەکەمانەوە ئەم ڕستانەی کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە دەسپێکێکی بەهێزی ڕستەی شیعریی کامڵن لە بنیاتی زمان، هەروەها لە بنیاتی ماناشدا، کە ئەو ڕستە شیعریانەی بە تەواوەتی بەرهەمهێنی شیعرین لەسەرجەمی، یان لە کۆی کۆپلەکانی شیعرەکەدا دووبارە دەبنەوە هەروەک ڕستەکانی:

**- گەرایان لەو ڕووبارەدا خستبوو**
**لە ڕۆژگارێکی تاریکدا**
**سنگیان دابووە خۆر...**
**کۆمەڵێ ماسی بوون کەس نەیدەناسین.**

**- لە خاکی نەزۆکدا**
**مرۆڤ تەنیا دەسەڵاتی بەسەر قسەدا ماوە**

**لاوێتی گریانی پێدا دێتە خوار....**

**مەرگ لە لەپی دەستێک دەچوو**
**بە زاری هەڵۆوە...**
**هەڵۆ ئاسمان تەی دەکا**
**مەرگ زەوی.**

**چەترێک بە دیواری نیگاکانەوە**
**ناهێڵێ چاوەکان**
**تارمایی گومان بیانگاتێ**

**-ژێی کەمانچەکەیان پساند**
**ئەی چاوی شێخ**
**موحیبەتت لە چ کەندێکدا فڕێدا!؟**

**- شوێن پێ بە ڕەگەکانەوە دیارن**

**- هەورە**
**لە بەینی پەنجەکانی مندا دزەی کرد کە ژێ!**
**باران لە چاوی تۆ...**
**- کولێرەیەک**
**بەسەر کەللەسەرەکانەوەیە**

**وەک مەرگ**
**وێنەی ئاسمانی بێپایان**
**شینە کەژێ**

**- ڕەنگە دەرگای ئومێد**
**لە بەفرێکی پایزیی زیاتر نەبێ**
**ئەرێ بەڕاست**
**چڵێک لە ئینجانەی بەر پەنجەرەدا بوو چی لێ هات؟**

**- زەمین بێ ڕەگ ماوەتەوە**

**- بەرەواژیەکان پێکەوەن.**

**- خاڵێک**
**هەموو ڕوناهی لەخۆیدا کۆکردەوە**

**گەڵاکان سێبەریان برد**
**چەکەکان خەون.**
**پێیەکان لە جەستەی تۆدا دەلەرینەوە**
**وادەی چاوەڕوانی نییە**

**– هەرگیز وێنە ئەندازەییەکانی واقیع**
**شکڵی میوەکانی خەیاڵ نادەن (٨٣ – ٩٣)**

ئەگەر بێتو بەدووی ئەو هێزە خودیانەی شاعیردا بگەڕێین کە لەم شیعرەدا توانیویەتی بە بەرینترین شێواز ڕستەی شیعری لە دووساتی جیاواز لەیەک ساتدا کۆکاتەوە دەبێ بەدووی سیماو هۆکارو شێوازەکانی دەربڕین کردن لەشیعرییەتدا بگەڕێین کە شاعیر والێ دەکەن ئەو بەدووی ڕستە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوەدا بگەڕێ:

(١) ئەو ڕستانەی هەردوو ئاست لە نووسین بەیەک دەگەیێنێتەوە، ڕستەی شیعریی زەینیی ورووژێنەرن، کە شاعیر لە حاڵەتێکی تاسانی عەقڵی و ناخەکی ورووژێنراو دەهێڵنەوەو وای لێدەکەن ئەو حاڵەتە لە دەست نەداو بیپارێزێ چونکە بەهێزیی ڕستەی شیعری لەمانەوەیە لەو حاڵەتەدا و بەس. لەوکاتەی شاعیر کۆی هێزە عەقڵی و سۆزاوی و کاریگەری بوونەکانی دەخاتە نێو هێزی زمانەوە، لەو ڕاستییەوەی بیرێکی نا وروژێنراو و بێ کاریگەر بوون و سۆزاوی بوون، بیرێکە زیاتر بەلای لۆژیکدا دەچێ نەک بەلای شیعرییەتدا، بڕوانە ئەم شیعرەی کۆ شیعرەکە کە بەلای منەوە هەوڵێکی زۆری شاعیری تێدایە بۆ مانەوە لە بازنەی کاریگەر بوون و کارتێکردنەسەر، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە چۆنێتی بەستنەوەی بیرکردنەوەیەکی سۆزاوی بە ڕستەیەکی شیعرییەوە لە پێناوی بەرهەمهێنانی شیعرییەتدا.

(٢) ئەو ڕستە شیعریانەی لەم حاڵەتەی گەڕانەوە بۆ سەرەتاییێتی نووسینەوە بە بەرهەم دێن، ڕستەگەلێکن کامڵن لە مانادا، هەروەها لە بنیاتی زمانەوانییاندا، لە خوێندنەوەیاندا هەست دەکەی کە تۆ بەرامبەر خوێندنەوەیەکی تێرکراو بە مانادای واتە هەست دەکەی شاعیر شوێنێکی گەورەی لە ناختا، لەبیرکردنەوەتدا هەیە، ئەمەش ژیانە لەگەڵ شیعرو شیعرییەتدا.

ڕستەی دوور لەم بازنەیە لە شیعردا، دەوری گەیاندنی تەواوی مانا نییە، واتە ڕستەی تێرکراو نین و زیاتر بە ڕستەی «تەواوکەر» پێناسی خۆیان دەکەن و دەبنە ئەو ڕستانەی دەورێکی ناسەرەکی و تەواوکەر ببینن لە شیعردا، هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەو ڕستانە لە پێناوی گەیاندنی مانایە بەرەو ناوەندێکی دیکە، ئەم جۆرە نووسینەوەیەی شیعر کە لە شیعری کوردیدا زۆر باوە شێوازێکی لاواز کەری زمانە، جۆرێک لە نووسینەکە زیان بە توانای زمانەوانیی شاعیر دەگەیێنێ، ئەمەش شێوازی جیاجیای لەشیعری کوردیدا وەرگرتووە، بۆ نموونە ئەو شیعرانەی کە مۆرکی شێوازی بنەڕەتیان بەخشینی دەورێکی سەرەکییە بە ڕستەیەکی بەهێزی شیعری، شاعیر هەموو ڕستە سەرەتاییەکانی هەموو ڕستە بەراییەکانی نووسین دەخاتە خزمەتی ڕستەی کۆتایی شیعرەوە، کە وەکو ئەوەی هەموو شیعرەکە لە پێناوی ئەو ڕستەیەدا گوتراون، بێگومان ئەم بەکارهێنانەش چێژو تامی شیعریی خۆی هەیە، بەڵام شاعیر لەوە ڕزگار دەکات، یان لەو دەورەی ڕزگار دەکات کە ئەو چەندین ڕستەی بەهێزو بەرهەمهێنی شیعرییەت بخاتە زمانی نووسینەوە، کە لەم شیعرەدا شاعیر توانیویەتی کاریگەریی ڕستەی ناوەندی تێک و پێک بداو زۆرترین ڕستەی شیعری بخاتە شیعرەکەیەوە ئەم جۆرە شێوازە شیعر دەگەیێنێتە ئاستێکی بەهێزی نووسینەوە، کەوا لە خوێنەر دەکات ئەو لەژێر ڕێژنەیەک لە بارانی ڕستەی گەییوی زمانەوانی- شیعریدا بژێت.

**سەرەتاکانی نووسینەوەی شیعر لای شاعیر، سەرەتای ڕستەی زەینی و گەشانەوەی زەینین کە خوێنەر بەرەو یەکەمین تاسان و یەکەمین بیرکردنەوە دەبەن**

(٣) ئەو ڕستانەی مۆرکی «ڕاگەیاندن و درکاندن و بە تراژیدی بوون و دۆزینەوەو دان پێدانان» دەگرنە خۆیان کە هەریەک لەم واتایانە دەکرێ لە کتێبێکی دیاریکراو لێکۆڵینەوەی جودایان لەسەر بکرێ، بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیمایانە دەوری ڕووکەشی زمانیان دەبینن، دەورێکی بە گشتیکردنی ڕستەی شیعری و پێوەندییان بە گەوهەری ماناوە نییە، بەڵکو زیاتر پێوەندییان بەچۆنێتیی دەربڕین کردن لەماناوە هەیە کە شاعیر مۆرکێکی دیاریکراوی دەور بەخشین بە ڕستەی شیعری دەبەخشێ و لە ناوەوەش دەورێکی گەورەتر بە ڕستەی

شیعری دەبەخشێ کە پێوەندیی بەجیهانبینی و بیرکردنەوەی نووسەرەوە هەیە، ئەو هۆکارانەی وا لە شاعیر دەکەن کە بەو شێوازە، یان بەو چۆنێتیە شیعر بنووسێتەوە، گەورەیی گوشاری مانا و کارتێکراوی و بەسۆزاوی بوونە، کە شاعیر لە بارێک لە تەیاربوونی بیرکردنەوەدا دەهێڵێتەوەو بەرەو نووسینەوەی، یان کرداری بە شیعرییەت کردنی ماناو زمانی دەبات، ڕاگەیاندن و درکاندن بەتەواوەتی دەوریان لەو دەرک پێکردنەوەیەی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەو ڕستەیەک بۆ مانایەک دادەڕێژێ ڕستەیەکی نوێیە و پێش ئەو ئەو ڕستەو ئەو مانایە نەگوتراوە، یان هەر هیچ نەبێ بەو شێوەیە نەگوتراوە.

(٤) ڕستەی لەم بابەتە وەکو بارێک لەخۆ دۆزینەوەی خود و بردن یان گواستنەوەی خوێنەرە بۆ جیهانی خودیانەی شاعیر کە گەورەترین دەروازە لەبەردەم تێگەیشتن و کرانەوەی زەینی دەکاتەوە، یەکێک لە سیماکانی ئەم کۆشیعرە ئەوەیە کە لە زۆربەی شیعرەکاندا ئەم ڕستانە دەبنە ناوەندی ڕاکێشانی خوێنەر بەرەو شیعرییەت، ئەگەرچی لە هەندێک شوێندا، یان لە هەندێک شیعردا دەرچوونێکی ناسروشتیی بیرکردنەوەو واڵا بوون بەدی دەکەین کەوا لە خوێنەر دەکەن لەنێوان هەردوو باری ژیان لە ماناکان و دەرچوون لە ماناکان لەلایدا ببێتە مەسەلەیەکی ئاسایی، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوون کە دەتوانن بتگوازنەوە شوێنێکی ئایدیالی وا کە لە شوێنی تایبەتی خۆت دەرچیە دەرەوە و بەرجەستەیەک لەژیانی تایبەت بێنیتە بوونی خۆتەوە، گرنگترین بەرجەستەبوونی ئەو ئایدیالە لەم شیعرانەدا هەر ئەوەیە کە جیهانێکی سەیر لە داکۆکیکردن لە ویژدانی مرۆیی بوون و مەیلێکی بەهێزی خەم خواردن بۆ ئەوەی نەدەبوایە وا بووایە و دەرخستنی هێزێکی گەورەی ڕەوشتیی پاڵپشت کراو بەتراژیدیای ڕووداو هەموو ئەم سیمایانەش تێکەڵن لەگەڵ بیرکردنەوەو ڕامانی قووڵ و جوانکاری لە سروشت و مرۆڤ و خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی بوونمان، بێگومان شیعری لەم جۆرە پێویستیی بەگواستنەوەی خێرای مانا و زمان هەیە، پێویستیی بەهەندێک بەرجەستە کردنی بەها ڕەوشتی و مرۆییەکان هەیە کە هەندێک جار لە جیهانی خود دەرت دەکاتە دەرەوە بەبێ داسەپاندن و زۆر لێکردن، کە ئەمەش مۆرکێکی تایبەتی بەهەندێک لەو شیعرانە داوە.

**ئەم شیعرانە توانایان هەیە بەرجەستەی ئایدیالێکی خودیانەی تایبەت لە زمان و مانادا بکەن**

(٥) سیمای سەرەکیی ئەم شیعرانە بەرهەمهێنانی شیعرییەتە کە زمان لە گوتن و ئاخاوتنە ئاساییەکان دەردەکاتە دەرەوەو پێناس و سیفەتێکی زمانەوانی و شیعریی نوێیان پێ دەبەخشێ، شیعرییەت گەوهەری تێکشکاندن و بەنائاسایی کردنی مانایە لە زماندا کە گۆڕان لە بنیاتی زمانەوانی مانادا دێنێتە کایەوە بەجۆرێک دەورو کاریگەری کردنە سەریان دەگۆڕێت و دەچنە بارێک لە بنیاتی مانای نوێوە. ئەم کۆشیعرەش هەروەکو باسمان کرد لەسەرەتادا، لەوەدا سەرکەوتووە کە گۆڕانکاری لەشێوازی خوێندنەوە بێنێتەکایەوە، پاشان گواستنەوەیەک لەبیرکردنەوەدا دروست بکات، بەڵام ناتوانین بەیەک هەناسەی خوێندنەوەو بەیەک ئاست لە خوێندنەوە هەموو شیعرەکان بخوێنینەوە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە شاعیر دەشێ لەبەر هۆیەکی خودیانە کە باوەڕی پێیەتی بە ئاستێک لە نووسین شیعر نەنووسێت کە ڕستەکانی هەمیشە لە پەیوەستێکی بەردەوامدا بن لەگەڵ حاڵەتی گەڕانەوە بۆ سەرەتاییێتی نووسین و بیرکردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم شیعرانە توانایان هەیە بەرجەستەی ئایدیالێکی خودیانەی تایبەت لە زمان و مانادا بکەن.

**٢٠٠٦/١/١ هەولێر**

# ئازارەکانی کیرکەگۆر و عیشقی ڕێژین

هاشم سەڕاج

**ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاک!**
**بنوارە حاڵی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە**
**«نالی»**

کتێبی «کیرکەگۆر» سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی لە نووسینی «پۆڵ ستراتێرن» و کاک ئازاد بەرزنجی لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ژمارە «٣٨»ی لە زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی «سەردەم» پێ دراوە. سەرەتا هەوڵ دەدەم زانیارییەکی زۆر لە بارەی ژیانی سۆرین کیرکەگۆر و چەمکی فەلسەفەی بوونگەرایی لە دوو توێی ئەم کتێبە گرنگە هەڵێنجم و پاشان بە ئەنجامدانی گەمەی خوێندنەوەیەکی لەززەتدارانە لە ئازارەکانی کیرکەگۆر و پشکۆکانی عیشقی ڕێژین دەدوێم و بەڵکو لە ژیانی شێوازی «ئاکاری- ئەخلاقی»دا چەند پاژێک لە ماک و ئاسەوارەکانی ژیانی شێوازی «جوانخوازانە- ئیستاتیک»ی بدۆزمەوە. سۆرین کیرکە گۆر لە «٥»ی ئایاری (١٨١٣) لە کۆپنهاگن هاتۆتە دنیاوە، هەر لەو ساڵەدا کە «ڕیچارد فاکنەر»یشی تێدا لە دایک بووە، تاقە خاڵی هاوبەشی ئەم دوو کەسێتییە دیارە ڕەگێکی شێتی بوو. کیرکەگۆر تەواوی تەمەنی بە گۆشەگیری ژیاو، باوکی ئاسەواری شێتی تێیدا لە کوڕەکەی زیاتر بوو، باوکی کیرکەگۆر لەلادێیەکی باکووری دانیمارکدا جوتیارێکی وابەستە بەخاک و لە تەمەنی دە ساڵییەوە شوانکارەیی کردووە و ئەو هەمیشە بەدەست برسێتی و سەرماوە ناڵاندوویەتی یانیش خۆی و مەڕەکانی لەبەر تیشکی خۆرەتاودا لە گەرمادا هەڵقرچاون و ژیانێکی پڕ فەلاکەتی هەبووە، ئەو گەرچی کابرایەک بوو تا بڵێی ئیماندار، بەڵام تێنەدەگەیشت بۆچی «خودا» وا ئازاری

دەدا و خستبوویە مەینەتێکی بەردەوامەوە تا ڕۆژێکیان لەوپەڕی نائومێدیدا و لەزەوییەکی ڕەقەن و وشکەڵانی نزیک گردۆڵگەیەکدا بە خراپی بەرانبەر بەخودا زمانی هەڵهێنایەوە، ئیدی ڕێک لەو ساتەوە بوو کە بە تەواوی ژیانی ئاوەژوبۆوە.. کەچی پاشان زۆر دەوڵەمەند بوو، سەرباری هەموو ئەو سەرکەوتنانەی لە بواری کاریدا هێشتا بە قوولی هەستی دەکرد کە لەلایەن خواوە نەفرەتی لێکراوە!.. باوکی سۆرین کیرکەگۆر لە حەوت منداڵ تەنیا دووانی بۆمابۆوە.. کیرکەگۆر کە بچووکترین منداڵی بوو باوکی گۆشەگیری هەڵبژارد و وانەی لۆژیکی بە کوڕەکەی دەگوت، باسی کولتوور و هونەری ساختومانسازی بۆ دەکرد و دەبوو هەموو شتی بۆ باوکی بگوتبایەتەوە.

سۆرین کیرکەگۆر لە قوتابخانەدا قوتابییەکی سەیر و سەمەرە بوو، شێوەی جلوبەرگی و ڕەفتاری لەگەڵ تەمەنیدا نەگونجاوە، مامۆستاکانی ئەویان بە «پیرەمێردێکی بچووک» دەشوبهاند و سۆرین بەدەست نەخۆشییەکی بەردەوامی بڕبڕاگەی پشتییەوە دەیناڵاند، کە ببووە هۆی کۆمییەک لە پشتیدا، سۆرین لە لایەن قوتابییەکانەوە ئازار دەدرا، کە بە زمانێکی پڕ تانە و تەشەر و تەوسەوە داکۆکی لەخۆی دەکرد.. کیرکەگۆر هەستی ئەو وەهمەی لا دەجوولاند کە لە بنەڕەتدا جیهان بە دەوری ئەودا دەخولێتەوە. بەشی تیۆلۆژی «خواناسی» لە زانکۆی کۆپنهاگن تەواوکرد، شەیدای فەلسەفەی «هیگڵ» بوو.. نموونە کلاسیکەکەی «هیگڵ» لەم بوارەدا بەمجۆرە بوو.. «وجوود، یان بوون».. تێزە «نەبوون» ئەنتی تێزە و «هەبوون- یا صیرورة» سێنتێزە. لە ڕێی ئەم پرۆسە دیالەکتیکییەوە بوو کە بە بۆچوونی «هیگڵ» هەموو شتەکان لە ڕەوتی کاملبوونیاندا بەرەو هوشیارییەکی زیاتر بە خود و دواجاریش بەرەو «ڕۆحی ڕەها» دەچوون، بە بۆچوونی «هیگڵ» گشت ڕواڵەتەکانی بوون بەشێکن لەو ڕۆحی ڕەهایە لە ڕەوتی دەرکەوتن و تەجەللای خۆیدا، ئەو وای لە کیرکەگۆری دەروونگەرا دەکرد بەم فەلسەفەیە سەرسام بێت بەتایبەتی لەلایەنە ئۆدیپی و ئایینی و خود شەیداییەکەدا ڕوون و ئاشکرابوو، بەڵام هاوکات قینیشی لە هیگڵ دەبۆوە. کیرکەگۆر لە سەرەتادا گومانی بەرانبەر بە «ڕۆحی ڕەها» و خودئاگایی ژیان و هوشیاری بەخود هەبوو.. بە بۆچوونی کیرکەگۆر «خودئاگایی» لەسەر ئاستی خود دێتەدی، ئەو پێی لەسەر ئەوەداگرت بەلای تاکەکەسەوە ئەم ئاستەی خود ئیدراکە کە زۆر لە «ڕۆحی ڕەها» گرنگترە، کیرکەگۆر لە بارەی جیهانەوە دەینووسی، بەڵکو لە بارەی ژیانەوە.. واتا ئەوەی کە ئێمە چۆن دەژین و چ جۆرە ژیانێک هەڵدەبژێرین.. کیرکەگۆر لە مانای «زیندوو بوون»ی کۆڵییەوە و بابەتی سەرەکی باسەکانی «تاکەکەس و بوونی ئەو.. یان بابەتی «بوون» بوو.. بە بۆچوونی کیرکەگۆر ئەم بوونەوەرە تەواو خودگەرایە لەسەروو لێکدانەوەی ئەقڵ و مەنتیق و سیستەمە فەلسەفییەکان و خوداناسی «تیۆلۆجی» و تەنانەت لاف لێدانە «دەروونناسییەکان»یشەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرچاوەی هەموو ئەم بابەتانەش، هەر ئەم تێڕوانینەشی بووەتە هۆی ئەوەی کە فەیلەسووفان و خوداناسان و دەروونناسان سەردەمانێک خۆیان لە کیرکەگۆر تەبەرا بکەن، ئەو لقە فەلسەفیە، یان «نافەلسەفیە» بەقسەی ئەوانەی خوازیاری فەلسەفەی «پەتین»ی کیرکەگۆر کە دایمەزراند ناونرا بوونگەرایی، یان بوونخوازی- وجوودیەت.. ئێگزیستانسیالیزم.

**لە ڕوانگەی کیرکەگۆرەوە «خواستی خودا تەنیا لە ڕێی نەمانی وەچەی مرۆییەوە دێتە دی»**

هەڵبەت ماوەیەکی زۆری خایاند تا ڕێبازی بوونگەرایی بە تەواوی جێی خۆی گرت، هەندێ لە فەیلەسووفانی وەکو «نیچە» هۆسێرل، هایدگەر... لە ڕوانگەی بوونگەراکانەوە بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بوونگەرا «وجوودی» بوون. هایدگەر نکوولی لەمە کرد، نیچەش بەر لەوەی کەسێک ئەو ناوەی بەسەرداببڕێت، مرد.. سەدەیەک دوای مەرگی کیرکەگۆر و بەدەرکەوتنی ژان پۆل سارتەر لە فەرەنسادا و لە دووەم جەنگی جیهانیدا بوو، کە ڕێبازی بوونگەرایی بە ڕەسمی ناسراو جێگیر بوو.بە تێڕوانینی کیرکەگۆر «بوون لە ژمارەیەکی ئاڵۆز دەچوو، پاش شیکردنەوە و وەلاخستنی هەموو شتەکان ئەوەی دەمایەوە هەر «بوون» بوو... حەقیقەتی بابەتی کە بە جیهانی دەرەوە پەیوەستە و حەقیقەتی خودی وابەستەیە

بەوەی کە چۆن گوتراوە و حەقیقەتە خودییەکان لەو ڕووەوە بایەخیان زیاترە کە بە ئەسڵی «بوون»ی ئێمەوە پەیوەستن، کە بە حەقیقەتی خودی بە بونیادی بەهاکانی ئێمەوە وابەستەیە، هەر کەسێک بە پێوەری خۆی جیهانی خۆی دەخوڵقێنێت و بەڵام نائومێدی بەشێکە لە «دۆخی مرۆیی» هەر تاقە کەسێک نەک «بوون، وجوود»یک، بەڵکو «هەبوون، صیرورة»یکی بەردەوامە کە بوونی هەیە، ئەو ترسەی لەم سەرچاوە دەگرێ شتێکی سروشتییە، بەڵام تێگەیشتنی تەواوی بە شێتی دەشکێتەوە، تاقە ڕێی خۆپاراستن لەم شێتێتییە ترسە، بزاوتێکی نائەقڵانیە بەرەو «ئیمان» بەمجۆرە تاکەکەس بەهۆی پەیوەستبوونی دەروونیانەی خودییەوە بەخواوە، لەشێتی و پەرتەوازەیی دەروونی ڕزگاری دەبێت ئەم شێتی و ترسە لەژێر حاڵەتێکی ئاسایی سروشتیدا خۆی حەشارداوە کیرکەگۆر.. پرسیاری «بوون» چییە؟

پێداگرتنی لەسەر «خودێتی» گرنگترین بەشداریکردنی ئەوە لە فەلسەفەدا، بوونەوەری فانی ڕوو لە نەمان هەر لەو فەلسەفەیە دەڕوانێ. «پارمنیدس» بڕوای وابوو کە «بوون» توخمێکی تاقانە و نەگۆڕی گشت وجوودە، بەواتایەکی دی بە بۆچوونی ئەو هەموو شتێک یەک شتە، شتی وەکو فرە چەشنی و گۆڕان و جووڵە جگە لە دیاردەی ڕووکەش هیچی دی نین منی خودگەرا «ئەم، من»ە بە تەنیا کاتێک هەیە کە «بیر دەکاتەوە» هەستەکان، پەیبردنەکان، هەموو ئەمانە قابیلی هەڵە و گومڕابوونن بە تەنیا منی خودگەرا دەیتوانی لە هەبوونی خۆی دڵنیابێت ئەو چرکەساتەی کیرکەگۆر شەیدا و گرفتاری جوانی ڕوخساری کچێکی گوڵتەمەن دەبێ کە دە ساڵ لە خۆی منداڵترە و ئەو کیژۆڵەیەی کە لە خانەوادەیەکی دیار و ناودارە و ناوی «ڕێژین ئۆڵسن»ە.. سۆرین کیرکەگۆر کتێبی بۆ ڕێژین دەنارد و کتێبی بۆ دەخوێندەوە و پێکڤە پیاسەیان دەکرد و ئەم میهرەبانی و ئەڤین و خۆشەویستییەی کیرکەگۆر بۆ ڕێژین هێجگار قووڵ بوو، ئەڤینێک تەنیا لەسەر ئاستەکانی ڕۆح و ئاگرەکانی دڵ مایەوە، ڕێژین دەیزانی ئەو لاوێکی ئاسایی نییە بە قووڵی ئەوی خۆش دەوێت..

**به بۆچوونی کیرکەگۆر ئەم بوونەوەرە تەواو خودگەرایە (مرۆڤ) لە سەروو لێکدانەوەی ئەقڵ و مەنتیق و سیستەمە فەلسەفییەکانە**

جاری وابوو لە کاتی خوێندنەوەی کتێبدا لە پڕێکا دەوەستا و چاوی پڕ دەبوو لە فرمێسک، یان لەو کاتەی کە ڕێژین پیانۆی لێدەدا کیرکەگۆر دەگریا... ڕێژین و کیرکەگۆر بە ڕەسمی لە یەکتر مارەکران و کیرکەگۆر قۆناغی فێربوونی قەشەیی دەست پێکرد، کیرکەگۆر نەیدەتوانیّ ژیانێکی ئاسایی بژی، ژیانێکی لەو جۆرە لە ڕووی دەروونی و عاتفی و ڕۆحی و جەستەییشەوە ئەستەم بوو، ئەو عیشقی ڕێژین بوو، ڕێژین لە پارێزراوێکی ڕۆحی زیاتر بوو بەلای ئەوەوە، لەم کاتانەدا بوو کیرکەگۆر هەستی کرد هێزێک هەیە بەرەو ژیانێکی باڵاتر لە ژیانێکی ئاسایی دەیبات، بەڵام ئەو ژیانە باڵاترە چییە؟ دەبێ لە ئاگرە یاقووتییەکانی عیشق و جوانی ڕێژین باڵاتربێ!

تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە ژیانی خۆی بۆ نووسین و فەلسەفە و خوا تەرخان بکات، بۆ گەیشتن بەو ژیانە، دەبێ قوربانی بە هەموو شتەکانی دی بدات، هەوڵی دا بە گونجاوترین شێوە ئەم مارەکردنە هەڵوەشێنێتەوە سەرەنجام کیرکەگۆر ئەڵقەی مارەییەکەی بۆ ڕێژین ناردەوە.. ئەی خودا دەبێ چی بکەم؟ چۆن بژیم.. کە سەری هەڵگرت و ڕووی لە «بەرلین» کرد و لەوانەیە وتنەکانی «شیلینگ»ی فەیلەسووف ئامادەبوو، کیرکەگۆر لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە «خود» ئەقڵانی نییە! ئەو لە کتێبی «یان ئەم، یان ئەو» بەشێک لە ژیان و.. لەو کتێبەدا دەڵێ: ئێمە دەتوانین بە دوو شێواز بژین.

١- شێوازی جوانخوازانە «ئیستاتیکی»

٢- شێوازی ئاکارانە «ئاکاری - ئەخلاقی»

هەموو کەسێک بە ئازادی دەتوانێ یەکێک لەو دوو شێوازەی ژیان هەڵبژێرێت کە سەرچاوەی بوونگەرایی لێرەیە.. ئەوکەسەی کە لەسەر شێوازی ئیستاتیکی دەژی، دەسەڵاتی بەسەر بوونی خۆیدا نییە! زۆر زەحمەتە کەسێک بدۆزینەوە کە لەسەر شێوازی ئیستاتیکی دەژی ئێمە هەموومان لەو شێوەی سەیر و سەمەرەیە هەڵوەدای لەززەت و ڕەزامەندین لەبەر ئەوەی عەودالی لەززەتێکی دیاریکراو دەبین.. ئێمە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت شتی وەکو دەسەڵات، پارە.. یان تەنانەت ئەڤین و

خۆشەویستیش.. کە دەشێن و دێنە دەست و کەچی «کاتی»ن... ئەو کەسەی بەم شێوازە دەژی درەنگ یان زوو هەست دەکات مانا و یەقین لە ژیانیدا نامێنێت ئەمەش دەبێتە مایەی نائومێدی ئەو کەسە.. بەمجۆرە کیرکەگۆر ئێمە بۆ شێوازەکەی تری ژیان ڕێنمایی دەکات کە بەرامبەر بە شێوازی ئیستاتیکییە واتا شێوازی ئاکاری «ئەخلاقی».. ئەمەیان مەیدانی ڕەهای خودە و هەڵبژاردنی خود، یان خۆ هەڵبژاردن. گرنگترین ئەرکێتی بەشێوازی ئاکاری دەژی و لەڕێی هەڵبژاردنەوە خودی خۆی گرنگی بەجیهانی ناوەوە دەدات کەچی شێوازی ئێستاتیکی گرنگی بە جیهانی دەرەوە دەدات، یان ئارستەی بەرەو دەرەوەیە و قەدەرگەرا و ناسەقامگیر و خۆ وێرانکەرە و کاتییە، کەچی شێوازی ئاکاری ئاراستەی بەرەو ناوەوەیە و پێویستە و دروستکەری کامڵبوون و خود خولقێنە بەڕای کیرکەگۆر دەتوانین «ئایین» بە سینتێزی دیالەکتیکی ئیستاتیک و ئاکار بزانین، ئایین ناوەوە و دەرەوە و یەقین و نایەقین لەخۆ دەگرێت بزاوتی ئیمان لەسەروو هەموو یەقینێکەوەیە کە چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسحاق و حاڵەتی ئایینی ڕوون دەکاتەوە «لە قورئانی پیرۆزدا حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل»ە کە دیمەنی «دیالۆگێکی ڕۆحییە» و لێرەدا لەسەر ئاستی ئایینی دەژی کە لە ئاستی ئاکاری باڵاترە و ئیمانی بە خوداوەندێکە کە سەرچاوەی ئاکارە، بەڵام کیرکەگۆر بە ئیمان و باوەڕێکی قووڵەوە کە پەیوەستە بەشێوازی ئاکاری دەژی و کەچی لەنێو مەفتەن و مەملەکەتە ئەخلاقیانەکەیدا ئیرەمێ هەس گوڵشەنەکانی بۆنی عەتری دڵ و ڕۆح و جەستەی «ڕێژین» یان لێ دەپرژێ ئەو لەگەڵ چرکەساتە نوستالژیاکانی ڕێژین تا دێ پاژ پاژ مۆنادەکانی عەقڵ لەدەست دەدا و کوانووی دڵ و ڕۆحیش بە جەزبە هێمنەکانی عیشق و ئەڤین پشکۆ خەتەرناکەکانی جوانی و هەستە ترسناکەکانی بوونگەرایی دەگەشێنێتەوە هەڵەداوان ڕۆژەکانی هەفتە دەژمێرێ بە هەویای ڕۆژی یەکشەمە تا دوور بەدووری لە حەوشەی کڵێسادا دیدەنی ڕوخساری جوانی ڕێژین بکا.

ئازارەکانی کیرکەگۆر بەندن بە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە یەکەمیان کۆمەڵێک حاڵەتی سەیر و سەمەرە کە لە باوکییەوە بۆی ماونەتەوە دووەمیان ئەزموونی ئاگرینی عیشقی ڕێژین. باوکی لەکاتی داننانی بەهەندێ شتدا لای ئەو باسی ئەوەی کردبێت کە چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر گردۆڵکەیەکدا لە (جوتلند) قسەی بەخودا گوتووە. دەڵێن بە ئاگابوونی کیرکەگۆر لەم مەسەلەیە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی دوچاربوونی بەشەپۆلێک پەشێوی و شڵەژان و پەرێشانحاڵی و سەرکردنە سەر خواردنەوەی مەی لە قۆناغی زانکۆییدا- باوکی کیرکەگۆر کاتێ ژنەکەی لەسەر پێخەفی مەرگ بووە، ئەم سەروکاری لەگەڵ کارەکەرێکی خۆیدا هەبوو کە دواتر کیرکەگۆری لێبووە: کیرکەگۆر زانیویەتی کە باوکی تووشی سیفلیس بووە، نەخۆشیەک کە دەشێ بۆ کوڕەکەشی گوازرابێتەوە.. ژیانی بێباکی و بێ موبالاتی لای کیرکەگۆر وەک مەیخواردنەوە و جگەرەکێشان لەسەر شەقامەکان و جارێکیان بۆ سۆزانیخانەیەک دەچێت و هەر لەو یەکەم ئەزموونەوە یادەوەرییەکی ناخۆش لە زەینیدا تۆمار دەبێت و دەنووسێت «من بێبەریم لەو سیفاتە جەستەییە سەرەکیانەی کە بۆ ئادەمیزادێکی ساغ و ئاسایی پێویستن» یا باسی ئێسقانی ناو برین و نارێکی لەش و ڕۆحی دەکات... لە بەهاری ساڵی (١٨٣٦)دا کیرکەگۆر تووشی قەیرانی نائومێدی بوو هەستێکی سەیر سەبارەت بە دنیای دەروونی خۆی بەسەریدا زاڵ ببوو، وایدەبینی کە دەروونی بۆگەن بووە و پڕ بووە لە خۆپەرستی، تەنانەت ماوەیەک بیری لەخۆ کوشتن دەکردەوە.. پاشان بە ئەزموونێکی ئایینیدا تێدەپەڕێت: تەواوی سروشتی من گۆڕا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بە تەنیا خۆشەویستی خوایە کە دەتوانێ ئەو لەو بیرکردنەوە توندڕەوانەیەی لە خودی ڕزگار بکات..

**پێداگرتنی لەسەر «خودێتی» گرنگترین بەشداریکردنی ئەوە لە فەلسەفەدا**

کیرکەگۆر (تەواوی بوونی مرۆیی بەرانبەر خودا وەستاوە).. هەمیسان دەڵێ ناتوانین هیچ چرکەساتێکی ژیان بوەستێنین تا ئاوڕی لێ بدەینەوە و سەیری بکەین! یا خودگەرایی و مەسەلە دەروونیەکەی حەقیقەت ئەمە تێزی منە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو گوتەیەی «باسکال»ەوە لە عیشقی ڕێژین و ئازارەکانی کیرکەگۆر بڕوانین

کە دەڵێ: دڵ بۆ خۆی کۆمەڵێک هۆی هەیە کە ئەقڵ سەریان لێ دەرناکات.. ئەو هۆیەی دڵی کیرکەگۆریش ڕێژین بوو، دەیویست سەرنجی ئەو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و پیشانی بدات کە تا چ ڕادەیەک ئازار دەچێژێت، چونکە کیرکەگۆر توانی تا دوایین چرکەساتی ماڵئاوایی دەگەڵ چرکە

## تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە ژیانی خۆی بۆ نووسین و فەلسەفە و خوا تەرخان بکات

مەرامی تایبەتی خۆی چەشنی پاسەوانێکی سەهەندە و دووڕوو لە مەجلیسی یاراندا دڵی ناسکی شیعر بریندار دەکات و سەرلەبەری کولتووری مرۆڤایەتیش بە مۆرکەکانی جەهل و توندڕەوی دەسپێرێ هەروەک کە «ولیەم ڕایش» دەڵێ مرۆڤ دەتوانێ لەو چرکەساتە ئیرۆتیکیانەدا کە سەرپاکی دڵ و گیان و جەستەی بە

ئاگرینەکانی عیشق و جوانییەکانی ڕێژیندا بژیت و بە تایبەتی دوای شووکردنی لە ڕۆحەوە ئازاری دەچەشت و تا دەهات لەنێو بازنەکانی ئەڤین و فیراقدا دەتوایەوە و لەنێو مەملەکەتی «ئاکاری و ئیستاتیکی»دا.. مانەندی عارفێک، یان چەشنی «مەسیح» وێنە زەینییە غوربەتاوییەکانی ئەوی ئامادە دەکرد و دەگەڵ چرکە زیندووەکانی دەژیا.. بۆیە شێوازە ئاکارییەکەی کیرکەگۆر مەفتەنی ئیرەمێک بوو تژی لە عیشق و مەحەببەت و جوانییە پاکەکەی ڕێژین.. بەتایبەتی لە دیدارەکانی ڕۆژانی یەکشەممەی کڵێسادا ئارامی لێ دەبڕا و لە لەوحی ئەو ڕوخسارە جوانەوە شەپۆل شەپۆل نوورە ئاڵتونییەکانی کردگار هەدا و ئۆخژنیان بە دڵ و دەروونی دەبەخشی.. تیشک و ڕەونەقی جوانییەکی پاڵاوتە و پەتی دوور لە کردە حەقیرەکانی سێکس.. لەگەڵ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مارەیی و ناردنی ئەڵقەی زاوایی.. کیرکەگۆر دەیویست لەوحی جوانییەکی ڕۆح و جەستەی ڕێژین.. چەشنی پاکیزەیەک. لە دورجی چرکە گیانیەکانی خۆیدا بپارێزێت کیرکەگۆر کە جارێکیان ڕوو لە سۆزانیخانەیەک دەکات و هەر لە یەکەم ئەزموونڕا یادەوەرییەکی ناخۆش لە زەینیدا تۆمار دەبێت.. لەوێ لەلایەنە قێزەونەکانی مومارەسەی سێکس دەگات.. کە خەتەرناکترین سەرچاوەی هەڵدان و گەشەسەندنی «صیرورة- هەبوون»ە.. دەیزانی کە لەشی فەنائامێزی بوونەوەر، یا خەڵقەندە چەنێ کرێت و دزێو و قێزەونە و چ جای لە چرکەی ئەنجامدانی لەززەتێکی کاتی سێکساندندا شارگەلێک تۆرەم و وەچەی کەوەدەن و گوناهبار پەرشی بوقعەی ئەو زیندەگیە دەکات..

خەڵقەندەی چڵێس و هەڵەوەر و زۆر بڵێ و ڕووبین، یا ئەو چاپلووس و پووڵەکییەی کە بۆمەبەست و نیاز و ئاگرەکانی «ئیرۆس» مەست و خرۆشاوە... عاشق و مەعشوق پەنجەیان لە پەنجەی یەکدی بئاڵقێنن، تا ڕۆح بە چێژ و لەززەتەکانی عیشق و مەحەببەت هەپروون بە هەپروون دەبێ.. پێویستە مرۆڤ لێرە بەدوا نوتفەکانی فەنا ڕووەو سارا و شۆرەکات و مەزراکانی سروشت و هامونەکانی کاکی بە کاکی هەڵدا.. تا تۆپەڵە هەیوولایەکی ڕەنگ هەورین و قەترانی خاڵی و خامۆش و کشومات و هێمنی دوور لە بۆن و بەرامەکانی مرۆ پێشکەش بە تەخت و سەڵتەنەتی مەحەببەتئامێزی عالەمی باڵا بکرێت.. لە ڕوانگەی کیرکەگۆرەوە «خواستی خودا تەنیا لەڕێی نەمانی وەچەی مرۆییەوە دێتەدی».. کیرکەگۆر دەڵێ: من بێبەریم لەو سیفاتە جەستەییە سەرەکیانەی کە بۆ ئادەمیزادێکی ساغ و ئاسایی پێویستن. ئەو زانیویەتی باوکی لە ڕێگەی مومارەسەی سێکسەوە تووشی سیفلیس بووە، لەوانەیە ماک و ئاسەواری ئەو پەتایە وەک بۆماوە بۆ ئەویش بگوازرێتەوە.. کیرکەگۆر سەرپاکی ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد، دوای ئەوەی هاوڕێکانی زانکۆی لە دەوری نەمابوون ئەو لە تەنیاییەکی ڕەها دەژیا، تەنیا بۆ پیاسەی دوور و درێژ لە ماڵەوە دەچووە دەرەوە و لە شەقامەکانی کۆپنهاگندا بەسەر و سیمایەکی باریک و چەماوە و پانتۆڵێکی دەرلینگ تەسکەوە دەردەکەوت و کە بەردەوام دەرلینگێکیان لەوی تر کورتتر بوو و هەمیشەش پیرتر لە تەمەنی خۆی دەهاتە بەرچاو، ئەو سەوداسەری «ڕێژین»ی پاکیزەبوو، نەیدەزانی لە زاگە و مەفتەنی ڕۆحدا بە چ شێوە و شێوازێک گوزارشت لە بڵێسەکانی ئاگر و پشکۆی دڵ بکات، چونکە بە تیرەکانی قەدەر کە سەر بە شێوازی ئیستاتیکە.. دڵی ئەو پێکرابوو.. ئەم بەیتەی «مصباح الدیوان- ئەدەب»

دوور نییە گوزارشت لەو چرکە قەدەرییە بکات:

**من دەڵێم چۆن بوو قەزا ئەمنی بە تۆ دڵبەستەکرد**
**ئەو بە چاوانی حەواڵەی حوکمی تەقدیرم دەکا**

لەم پیاسانەیدا جار جارە دەوەستاو لەگەڵ منداڵاندا دەدوا و هەندێ جاریش دیاری بچووکی دەدانێ یا لە کۆتایی هەفتەکاندا گالیسکەیەکی بەکرێ دەگرت و بەناو باخ و باخاتی شار و دەوروپشتیدا دەگەڕا، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە خەڵک بە جوانی ڕەفتار لەگەڵ کوڕی دەوڵەمەندترین بازرگانی کۆپنهاگندا بکەن.. گەرچی بنەماڵەی ئۆڵسن لەسەر ڕەفتاری لەگەڵ ڕێژیندا بە توندی لەو زویر ببوون و لە کۆمەڵگای سەنگینی خۆیان دەریان کردبوو ڕۆژانی یەکشەممە دەچوو بۆ کڵێسا و پێدەچێ زۆربەی جارەکان لەوێ ڕێژینی بینیبێت.. گەرچی لەگەڵ یەکدا قسەیان نەدەکرد، بەڵام هەستیان بە ئامادەبوونی یەکتر دەکرد، وێڕای ئەوەی کە زۆر ئازاری ڕێژینی دابوو، «هی خۆیشی زیاتر» بەڵام دەتوت هێشتا عیشقێکی نهێنییان لە بەیندا ماوە، نەیدەتوانی لەوە نائومێد بێت کە ڕۆژێک دێ بە جۆرێ لەجۆران دووبارە لەگەڵ ڕێژیندا پێوەندی دەبەستێتەوە.. پێوەندییەکی ڕۆحی.. کتێبی «چەمکی ترس» یەکێکە لە قووڵترین کتێبە سایکۆلۆژییەکان بەر لە «فرۆید» شیکردنەوەی چەمکی ترسی کردووە ئەو ترسەی کە ترسێکە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ دۆخێکی ترسناکی جیهانی دەرەوەدا دروست دەبێت. ترسێکە کە لە ئەزموونێکی ناوەوە سەرهەڵدەدات. کاتێ ڕووبەڕووی توانا بێ سنوورەکانی ئازادیمان دەبێتەوە و پەی بە گەورەیی و فراوانی و نائەقڵانیبوونی دەبەین. یان کە دەڵێ: «ئازادی» هیچ پێوەندییەکی بە فەلسەفەوە نییە و بابەتێکی سایکۆلۆژییە و وابەستەیە بە دۆخ و حاڵەتی هوشیاریمانەوە. ئێمە بە تەنیا کاتێک لە ڕەهەندە تەواوەتییەکانی ئازادیمان دەگەین کە ئەو حاڵەتە تایبەتییەی کە پێی دەڵێن «ترس» تاقی بکەینەوە.. ناکۆکییەکانی کیرکەگۆر هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ چەمکی «بوون» دەست پێدەکات لە بەهاری (١٨٣٦)دا

**کیرکەگۆر**
**ئێمە دەتوانین**
**بە دوو شێواز بژین:**
**١- شێوازی جوانخوازانە**
**٢- شێوازی ئەخلاقییانە**

کیرکەگۆر تووشی قەیرانی نائومێدی بوو، هەستێکی سەیر سەبارەت بە دنیای دەروونی خۆی بەسەریدا زاڵ بوو، وایدەبینی کە دەروونی بۆگەن بووە و پڕ بووە لە خۆپەرستی، تەنانەت ماوەیەک بیری لەخۆ کوشتنیش دەکردەوە.. سۆرین کیرکەگۆر مۆرکی ئەو نائومێدییەی لە باوکی وەرگرتبوو. یا بەسەرهاتی پیاوێک دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان بە کوڕەکەی خۆی وتووە: «نەگبەت تۆ لە چ نائومێدییەکی خامۆشدا دەژیت»

دەشێ هەمان ڕستەی لە باوکی خۆی بیستبێت، کیرکەگۆر لە ڕێگەی عیشقی ڕێژینەوە هەوڵی دەدا، وەک مەسیحیەکی ڕاستەقینە بژی.. ئەو بڕوای بەوە نەبوو کە مەسیح لەنێو دام و دەزگا ئاینییەکان و کڵێساکاندا بوونی هەبێت، بەڵکو «مەسیح» لەنێو ڕۆح و دەروونی مرۆڤدایە.. کە هەمان کێشەی «دۆستۆیڤسکی»یە لە ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»دا کاراکتەری بوونگەرا و نەهلیستی ئیڤان کارامازۆف. تووشی وڕێنە و قسە بڕسکاندن دەکات و پەیتا پەیتا پاژەکانی سەڵتەنەتی ئەقڵ لە دەست دەدا.. کیرکەگۆر لە (١٩)ی مانگی ئایاری (١٨٣٨)دا بە ئەزموونێکی ڕۆحی هەژێنەردا تێدەپەڕێ کە لە یادەوەرییەکانیدا بە «بوومەلەرزەی گەورە» ناوی دەبات. ئەو دەنووسێت «تەنیا بە بیرکردنەوە لەوە ئارام دەبم کە باوکم ئەو ئەرکە گرانەی لە ئەستۆ گرتبوو کە بە ئایین تەسەللامان بداتەوە، یارمەتیمان بدات لەوە تێبی بگەین کە ئەگەر هەموو شتێکیش لەدەست بدەین، بەڵام دەرگایەک هەیە کە بە جیهانێکی باشتردا بە ڕووماندا بکرێتەوە، بەم شێوەیە ڕێگای گەڕانەوە بۆ خوا و سازشی دەروونی لەگەڵ باوکیدا بە ڕوویدا کرابۆوە، گۆڕانێک کە لەکاتی خۆیدا هات ئەوەبوو کە سێ مانگ دوای ئەوەی باوکی مرد.. کیرکەگۆر دەڵێ: لەنائومێدی هوشیارانەدا، تاکە کەس تێدەگات کە لە ڕاستیدا نائومێدی بەشێکە لە دۆخی مرۆیی و لەم ڕوانگەیەشەوە نائومێدی بەندە بە خودێکی هوشیارەوە.. دەربازبوون لە نائومێدی، هەڵبژاردنی «خود»ە و بزاوتنە بەرەو پلەی ئیمان- ئەو میراتەی لە باوکییەوە بۆی مابووەوە گشتی بە هەدەر سپارد و.. هەمیسان بەیتێکی

«مصباح الديوان- ئەدەب»

**عاشق و مەنزڵ و مەئوا؟ ئەمە لافێکە درۆ**
**عاشقی سادق، ئەوەیە خانەیێ بونیاد نەکا**

کـیـرکـەگـۆر کـە پارە و پووڵی نەمـا تەنیـا کـاری «قەشە»یی پێ دەکرا و بەڵام لە گۆڤاری «چرکەسات»دا کە ماوەیەک خۆی دەری دەکرد، هێرشی کردە سەر کڵێسا و بەدام و دەزگای نێوزەد کرد، قەشە و کاردینالەکانیشی بەدنیاپەرست و ریاکار لە قەڵەم دان... ئەو لەو بروایەدا بوو کـە خـواسـتـی خـودا تەنیـا لە ڕێی نەمـانی وەچەو تۆرەمەی مرۆییەوە دێتەدی.. بەڵام کیرکەگۆر لە ئاست و پلەی چێژ و لەززەت و نەشئەڕۆحییەکانی «ئەپیکۆر»یدا دەژیا و لەناوەوەی پەرژینە ڕۆحییەکانی ئاکاری و دنیای سەفائامێزی ئەودا مۆنادەکانی عیشق و ئیستاتیک بەشێوەیەکی بەردەوام دەدرەوشانەوە.. جۆرێک لە بریسکەکانی ئاگری ئەڤین و فیراق مەفتەنەکانی شەیدایی و میهر و سەودایی ڕوونادەکردەوە.. ڕوونا.. ئەو دەگەڵ ئاوێنەی حوسن و جوانیەکانی «ڕێژین»دا دەژیا و سەودایی ئەو بۆن و بەرامە و عەتری گوڵەکانی باغی ئاکاربوو پاش چوارده ساڵ لە هەڵوەشاندنەوەی دەزگیرانێتیەکەیان، ڕۆژێ «ڕێژین» هەڵوەستەیەکی کرد و بە ئارامییەوە بە کیرکەگۆری وت «خودا پشت و پەنات بێت، هیوادارم لە هەموو شتەکاندا سەرکەوتووبیت» کیرکەگۆر لە ڕووی ڕێزەوە کڵاوەکەی بۆ بەرزکردەوە ئیدی هەریەکەیان بەڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن. هەمیسان «ئەدەب»:

**چی دەبێ جارێ ئەگەر ڕێ بخەیە خەستەدڵان**
**با لە دووریت دڵ ئەوەندە ناڵە و فەریاد نەکا**
**تۆ مەیی شاهان دەڕژێنی بە قەهر**
**کێیە بڵێ جامی قەلەندەر شکا؟**

کیرکەگۆر بە ئامادەبوونی ڕێژین لە کۆپنهاگندا هەستی بە غەریبی و دووری و دابڕان نەدەکرد هەر نەبێ هەوڵی دەدا ڕۆژانی یەکشەممە لە دوورڕا دیدەنی ئەو پەرییە بکات... بەڵام کە ڕێژین بڕیاری سەفەری داو لەگەڵ مێردەکەی بۆی دەرچوون.. بەیتێکی «نالی»:

**لەکن من با وجوودی ناس و ئەجناس**
**کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ**

ئیتر کۆپنهاگن دەبێتە دۆزەخستانێک و چیترنا مەرگی کیرکەگۆر پەیوەستە بە لەوحی جوانی «ڕێژین»ەوە. لەگەڵ ماڵئاوایی «جوانی» سەردەنێتەوە.. هەمان حاڵەتی «ئایشنباخ»ی ڕۆمانی «مردن لە ڤینیسیادا»ی «توماس مان»ە.. مەرگی کیرکەگۆر پابەندە بە فیراقی جوانی ڕێژینەوە، دنیای ئاکارانەی ئەو لێوانلێوە لە ئاوێزەکانی حوسنی ڕێژین کیرکەگۆر.. ئەو ڕۆژەی دوای سەفەرەکەی ڕێژین لە هۆش خۆی چووە، ئەوانەی لەدوا چرکە ساتی گیانەڵادا بینیبوویان کە درەوشانەوەی چاوەکانیان بیرماوە لەناو ڕوخسارێکی باریک و پیردا:

**تا دواین چرکەساتی ئاوزینگدان**
**ئیمان و جوانییەکانی ڕێژینی**
**لەدەست نەداو وەسیەتی کرد**
**ئەو شتانەی کە دوای جێدەمێنێت بیدەن بە ڕێژین!**


**سەرچاوەکان:**

**١- کتێبی گیرفان (٣٨) کیرکەگۆر- سەرتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی، نووسینی: ستراتێرن، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**

**٢- دیوانی (نالی) لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.**

**٣- دیوانی «مصباح الدیوان- ئەدەب- ناشر: انتشارات صلاح الدین ایوبی، شەرح و لێکدانەوە. محەمەد سەعید نەججاری «ئاسۆ».**

# پێکهاتەخوازی چییە؟

رابێرت ئیسکۆلز
لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

**أ- پێکهاتەخوازی وەک بزووتنەوەیەکی زەینی**

گرینگترین تایبەتمەندی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دابەش کردنی زانستە بەلقگەلی جیاواز. ئەو لقانە تا ڕادەیەک پسپۆڕانە بوون کە وێدەچێ تێکەڵ کردنیان کارێکی ئەستەم بێ، تەنانەت فەلسەفە سوڵتانی زانستە ئینسانییەکان لە تەختی دەسەڵاتەوە کێشرایە خوارێ تا بە یارییە زمانیەکانەوە دەگەڵ خۆی خەریک بێ، فەلسەفەی زمانی ویتگنشتاین و ئیگزستانسیالیزمی بیرمەندانی کیشوەری ئەوروپا هەموان فەلسەفەی پاشەکشەن.

فەیلووسەفەکانی زمان جەختیان لەسەر ئەو بڕوایە دەکرد کە زمانی ئێمە و دنیای دەوروبەری یەک ناخوێننەوە. ئیگزیستانسیالیستەکان باسی مرۆڤی گۆشەگیریان کرد، مرۆڤێک کە پێوەندی لەگەڵ شتەکان و تەنانەت مرۆڤەکانی تر پساندووە و لە بارودۆخێکی وجوودی پووچدا ژیان دەباتەسەر. لە نیوەی سەرەتای ئەو سەدەیەوە لەت لەت بوونی مەعریفە و زانیاری لە- «وردەخوازی» لۆژیکی ڕاسێلەوە بگرە تا هێلنجی»ی سارتر- بەسەر جیهانی بیرکردنەوەدا زاڵ بوو. تەنیا دژایەتی هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو بیرۆکە گشتییە لەلایەن فەیلەسووفە مارکسیستەکانەوە سەری هەڵدا: بۆ وێنە هێرشە مارکسیستیەکانی «جۆرج لۆکاج» مرۆڤخوازی نەریتی بۆ سەر فەلسەفەی «مۆدێرنیستی» بەشێکی بنەڕەتی تێکۆشانی جۆراوجۆری ئیگزیستانسیالیستەکان بۆ تەباکردنی فەلسەفەکەیان دەگەڵ مارکسیسم پێ دەبڕێ. «لە تێکۆشانەکانی دواتر دەتوانین ئاماژە بە تەقەللاکانی سارتر مامۆستای تەبایی بکەین» یەکێ لە

بەبڕشتـتـرین ئەو هێـرشـانە لەلایەن مـارکسیـسـتـێکی زانسـتـخواز واتە کریستـۆفـێـر کـادۆلەوە گەلاڵەکـرا کـە سـیـسـتـەمی پتـەوی مـاتریالیـزمی دیالکتیکی لە بەرابەر شتێکدا قوت دەکـردەوە کـە بۆ خـۆی ئاوای وەسف دەکا:

**مارکسیسم ئایدیۆلۆژیایە پێکهاتەخوازی ئێستا ڕەوشتێکە کە دەروەستی ئایدیۆلۆژیکی نییە**

«ئالۆزی پڕ لە پشێوی دۆزینەوەکان، فیزیکی ڕێژەیی، فیزیکی کوانتۆم، قوتابخانەی فرۆیدی، خەڵکناسی، ژنێتیک، فیزیۆلۆژی دەروونی، کە لەسەر گریمانەگەلی لێک دژ دامەزراون و یەکتر ڕەت دەکەنەوە یا یەکتر وەبەر چاوناگرن.

بە بڕوای من پێکهاتەخوازی وەڵامێکە بۆ نیازێک کە کادۆل لێرەدا باسی کردووە، نیاز بە سیستمێکی پتەو کە زانستە مۆدێرنەکانی یەکگرتوو بکا و بۆ جارێکی تر جیهانی بۆ ژیانی مرۆڤ خۆش کرد. هەڵبەت ئەو نیازە، نیازێکی مەزهەبییە، دەتوانین مرۆڤ بە پێی پێداگری لەسەر بڕوایەکی باوەڕ پێکراو، باوەڕ پێکراو بە هەر پێوانەیەکەوە کە هەیەتی پێناسە بکەین. بە بڕوای کادۆل مارکسیسم وەها نیازێک وەدی دێنێ زۆربەی ئێمە لەو سەروبەندەدا، لە دیالیکتێکدا زۆر شت دەدۆزینەوە کە زۆر زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ دڵخوازن: وەک ئیمانی زۆر بە مێژوو، نەبوونی زانستی تەواو لە مەڕ مرۆڤ و سروشتەوە.

مارکس وەک زانایەکی کۆمەڵایەتی و بە چەشنی فرۆید، گەنجینەیەکی زۆری وەسەر زانستی ئێمە لە مەڕ ڕەفتاری مرۆڤەوە نا، بەڵام وەک بیرمەندێکی مەزهەبی، ئیمانەکەی ئەوەندە پەرەدار و گشتی و زانستی نییە کە ئەمڕۆکە ئۆخژنمان پێ بێنێ و ڕازیمان بکا.

مارکسیسم ئایدیۆلۆژیایە. پێکهاتە خوازی ئێستاکە ڕەوشتێکە کە دەروەستی ئایدیۆلۆژیکی نییە، بەڵام ڕەوشتێکە دەیهەوێ تێکڕای زانستەکانی لە سیستمێکی بڕواییدا یەکگرتوو بکا. هەر بەو هۆیەشە کە دەروەستییە ئایدیۆلۆژیکییەکانی ئەگەرچی ئێستا پێنەگەیشتوون، بەڵام بە زەقی وەبەر چاو دەکەون. لێرەدا دەمەوێ بچمە سەر سەرەتا و سەرچاوەکانی هزری پێکهاتە خوازی: مارکسیزم و پێکهاتەخوازی لە بایەخەکاندا هاوبەشن: دەتوانین ئەو بایەخانە لە وەڵامی ئەو فەلسەفانە بە بابەتەکانی زانیاری ناسی بدۆزینەوە، بە تایبەتی لە وەڵامیاندا بۆ بابەتی پێوەندی زەینی مرۆڤ لەگەڵ سیستمی تێگەیشتن و سیستمی زمانی خۆی و پێوەندیی مرۆڤ دەگەڵ جیهانی بەرچاو. ئەو هاوبەشی و نزیکایەتییە دەبیندرێ.

کادۆل کە بەر لە تەمەنی سی ساڵیدا لە ئیسپانیا مرد و هێشتا وەک بیرمەندێک ڕێزی نەگیراوە، وەڵامێکی پڕ بە پێستی دیالێکتیکی بۆ بابەتەکانی پێوەندیدار بەدوالیزمی زەین و مادەوە هەبوو. بە بڕوای ئەو بیرو مادە هەردووکیان پلەوپایەی ڕاستییان هەیە:

«بیر پێوەندی بە مادەوە هەیە؛ بەڵام ئەو پێوەندییە ڕاستییە، نە تەنیا ڕاستی، بەڵکو شوێندانەر و چارەنووسسازیشە، ڕاستییە، چونکە چارەنووسساز و شوێندانەرە، زەین کۆی پێوەندییە چارەنووسسازەکانی نێوان مادە لە لەش و لە تێکڕای جیهاندایە.

سەیر ئەوەیە کە ژیان پیاژەش بەشێوەیەکی زۆر نزیک لەشێوەی کادۆل ئەو بابەتەی لە ڕوانگەی فیزیک و ماتماتیکی نوێوە توێژیوە. ئەو ئاماژە بە «تەبایی بەردەوام» و سەرسوڕهێنەری نێوان واقعی مادی و تیۆرییە ماتماتیکییەکان دەکا کە بۆ وەسفی ئەو واقعە بەکاردەبرێن و بەو ئاکامە دەگا کە:

ئەو هاوئاهەنگی و تەباییەی لەنێوان ماتماتیک و واقعی ماددی لە ئارادایە، بەو چەشنەی کە پۆزەتیویزم بڕوای پێیەتی، یەکگرتنەوەی زمانێک لەگەڵ شتە مەدلوولەکانی نییە. زمانەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو ڕووداوانەی وەسفیان دەکەن، پێشبینی ناکەن، پرسی یەکگرتنەوەی هۆکارەکانی ئینسانی دەگەڵ شتی هۆکار و هاوئاهەنگی ئەو هۆکارە تایبەتە- واتە مرۆڤ وەک لەش و زەین- دەگەڵ هۆکارە لە حیساب نەهاتووەکانی سروشت-واتە- شتە مادییەکان لە زۆر لایەنەوە- لە گۆڕێیدایە(١)؟

«کلود لیڤی شتراوس»یش لە ڕوانگەی خەڵک ناسانەی خۆیەوە هەر ئەو بۆچوونەی بە زمانی خۆی ئاوا دەربڕیوە:

یاساکانی بیر، جا چ سەرەتایی بن و چ ژیارمەندانە، هەر ئەو یاسایانەن کە لەواقعی مادی و واقعی کۆمەڵایەتیدا باس دەکرێن(٢).

کەواتە لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە دەتوانین بڵێین کە مارکسیسم و پێکهاتەخوازی هەردووکیان دژ کردەوەیەکن لە ئاست نامۆیی و ناهومێدی مۆدێرنیستی. ئەو دووانە لە زۆر ڕووەوە دژوەستاون، بەڵام لە هەردووکیاندا ڕوانینێکی زانستی بۆ جیهان لە ئارادایە کە هەم لەخۆیدا واقعییە و هەم بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لەبارە. مارکسیسم و پێکهاتەخوازی هەردووکیان شێوە ڕوانینێکی «ئاوێتە گەرانە»(٣) و «گشتی(٤) بینن» لە هەمبەر جیهان و مرۆڤدا. گەڕان بەدووی ئەو ڕوانگانەدا یەکێ لە سەرەکیترین بزاڤە فیکرییەکانی ئەو سەدەیەی پێک هێناوە. تەنانەت لە بەرهەمەکانی ویتگنشتایندا کە تارادەیەکی زۆر نیسبەت بە بوار و تواناکانی زانست ڕەشبین بوو، دەتوانین ڕوانینێکی زاتەن پێکهاتەیی، ئەگەر نەشڵێین پێکهاتە خوازانە، بۆ جیهان بدۆزینەوە، چونکە پێکهاتە خوازی لە بەربڵاوترین واتایدا، ڕەوشتی گەڕان بەدووی واقعییەتە، ئەویش نەک لە شتە تاکەکاندا بەڵکو لە پێوەندی نێوان ئەواندا. بە وتەی ویتگنشتاین: «جیهان کۆی ئەمرە واقیعەکانە(٥) نەک کۆی شتەکان و شتە ڕاستییەکانیش یانی بارە باوەکان:

2/03 لە بارێکی باودا شتەکان وەک ئەڵقەی زنجیر پێکەوە گرێدراون.

2/031 لە بارێکی باودا شتەکان پێوەندێکی بێ ئەملا و ئەولایان هەیە.

2/032 حاشا هەڵنەگربوونی پێوەندی شتەکان دەگەڵ یەک لە بارێکی باودا- پێکهاتەی ئەو بارە باوە پێک دێنێ.

2/033 فۆرم و ڕەخسانی پێکهاتەیە.

2/034 پێکهاتەی شتێکی واقیع، لە پێکهاتەی بارە باوەکان سازبووە.

2/034 کۆی هەموو بارە باوەکان دەبێتە جیهان.(٦)

هەڵبەت دەبێ هەر کام لە بارە باوەکان نەک بە یەک وشە، بەڵکو بە ڕستەیەک دەربڕێن، پشکنینی ڕستەکان کە بەردی بناغەی زماننناسی مۆدێرنە، زمان ناسانێکی وەک «نۆوام چۆمسکی» بەو ئاکامە گەیاندووە کە تێکڕای مرۆڤەکان بە دڵ کەڵکەڵەی ڕێکخستنی تواناییەکانی زمانی خۆیانیان بەشێوەیەکی تایبەت هەیە. کەواتە هەموو مرۆڤەکان جۆرە «ڕێزمانێکی «جیهانی» دەزانن کە دەسەڵاتیان دەداتێ هەتا هەر کام بەشێوەیەکی داهێنەرانە زمانی خۆی فێربێ و ڕستە گەلی ڕێزمانی نوێ سازکا (تا بەو شێوەیە) مەبەستەکانی پێوەندی خۆی بەرەوە پێش ببا. «ئای... ئەی ریچاردز» لە موتاڵا مانا ناسییەکانیدا لە وردەخوازی کتێبێ «مانای مانا» تێدەپەڕێ و شێوە بۆچوونێک لە مەڕ زمانەوە پەروەردە دەکا کە پێوەندی لەگەڵ ڕوانگەی باسکراودا هەیە.

«بەکورتی (دەبێ بڵێم) شتەکان هەموویان بابەتگەلێکی سەر بە یاسان. بە وتەی «بیردلی» بیرهێنانەوە» تەنیا جیهانییەکان پێکەوە گرێ دەدا و لە قووڵی ئەو یاسایانەدا وێکچوونی پەیتا پەیتای ئاکار لە زەینی ئێمە و لە جیهاندایە کە تانوپۆی ماناکانی ئێمە کە هەمان جیهانە دەتەنێ(٧)، نەک زیندووکردنەوەی وێنەی ناڕاستی هەستە تاکە کەسییەکان. «سوزان لەنگر» لە پانتایی زانیاریناسیدا دەسکەوتی نەریتی کانت کاسیرێر بە ناسینەوەی سەر لەنوێی. ڕۆڵێک دەزانێ کە نومادپەردازی یا دەربڕینی سەمبولیک لە فۆرمۆڵ بەندی شتەکان، ڕووداوەکان و تەکوزی بەخشینی ئاسایی بە ئاقاری دەوروپشتی ئێمە وەک جیهان دەیگێڕێ(٨) لە پانتایی دەروونناسیدا، دەروونناسانی گێشتاڵتی، ڕێبەرایەتی شۆڕشێکیان لە تێگەیشتنی ئێمەدا سەبارەت بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە وەئەستۆگرت (شۆڕشێک کە لە)سەر بناغەی سەرەتیدانی «کۆ» بەسەر «ورد» لە پرۆسە زەینییەکانی ئێمەدا دامەزراوە. «ولفگانگ کۆهلێر» لە کتێبی «ئەرکی دەروونناسی گێشتاڵت»دا بۆ سەلماندنی ئەو داوایە کە زانستە سروشتییەکانیش لە سەدەی بیستەمدا ئاوڕیان وەک پێویستی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی بێن داوەتەوە قسەی فیزیک زانانێکی وەک «ماکسوێل» و «پلانگ» و «ئەدینگتۆن» دەکاتە پاڵپشتی گوتەکانی:

«دواتر کتێبێکم خوێندەوە کە داگری کۆی وتەکانی ماکس پلانک لە ساڵی ١٩٠٩ و لە شاری نیویۆرک بوو. پلانک لە یەکێ لە وتاردانەکانیدا لە مەڕ واتای

«پرۆسە ناگەڕانەوەییەکان» دەدوێ. واتایەک کە ڕۆڵی سەرەکی لەسەر ئەسڵی دووەم ی تێرمۆدینامیک هەیە. نووسەر هەر لەو بارەیەوە دەڵێ:

لە فیزیکدا بۆ باس و ڕوونکردنەوەی پرۆسەیەکی فیزیکی، ئەو پرۆسەیە بە ماکە پێکهێنەرەکانی دابەش دەکەین. بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە هەموو پرۆسە پێچەڵپێچەکان ئاوێتەیەک لە پرۆسە ساکارە سەرەتاییەکانن، واتە ئەو کۆیانەی لە ئاستمان قوت بوونەوە، ئێمە وەک کۆی هەموو بەشەکانیان دەیانناسین، بەڵام ئەو شێوە کارە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە دابەشکردنی «کۆ» شوێنێک لەسەر چییەتی ئەو دانانێ. جا ئەگەر بمانەوێ هەر بەو ڕەوشتە بپەرژێینە سەر «پرۆسە- ناگەڕانەوەییەکان» ئەو «نەگەڕانەوەیە» لە کیس دەچێ. ناتوانین بە پێی ئەو گریمانە کە تاوتوێکردنی تێکڕای تایبەتمەندییەکانی کۆیەک لە ڕێی مۆتالا و پشکنینی «وردە»کانییەوە مەیسەر دەبێ، لە بەشە لەو گەڕیانەکان بگەین.

پلانک ئەو ڕستە سەرسوڕهێنەرە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «بە بڕوای من، لە تاوتوێکردنی زۆربەی بابەتەکانی ژیانی زەینیدا لەگەڵ ئەو گرفتە دەستە و ئێخە دەبین» (٩)

کۆهلێر دەڵێ: تەنانەت پرۆسەکانی فیزیۆلۆژیکی مێشکی ئێمە، بێ ئەملاو ئەولا «کۆگەلی کارکردی و خاوەن پێکهاتەن هەر بەو واتایەشەوە کە ماکسوێل، پلانک و بۆ خۆم بڕوامان پێیەتی. (١٠)

لە پانتای خەڵکناسیدا «کلۆدلیڤی شتراوس» بە جەختەوە دەڵێ «ئەو یەکانەی بە ڕاستی ئوستوورەیەک پێک دێنن- پێوەندی جیا جیانین، بەڵکو کۆمەڵێک لەو پێوەندییانەن و ئەو پێوەندییانەش تەنیا بەشێوەی دەستەیی دەتوانین دەکاریان بێنین و ئاوێتەیان کەین تا واتایەک بەدەستەوە بدەن» (١١) ئەو خەڵکناسیش بە «تیۆری گشتی پێوەندی» دەزانی(١٢). بەپێی باسەکەی شتراوس یاساگەلێکی گشتی بەسەر تێکڕای پرۆسە زەینییەکانی مرۆڤدا حاکمن، کە بە ڕوونترین شێوە لە کارکردی نومادینی مرۆڤدا دەدرەوشێنەوە و خۆ دەردەخەن. بە بڕوای لیڤی شتراوس تەنانەت ویژدانی ناخۆئاگاش بەپێی ئەو پێناسەیەی لە دەروونشیکاریدا بۆی کراوە ئەمڕۆ کە ئیتر دوایین داڵدەی و ئامانجی تایبەتمەندییەکانی تاکە کەس نییە- واتە گەنجینەی مێژووچەیەکی تاقانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کام لە ئێمە ببینە کەسێکی بێ وێنە. دەتوانین ویژدانی ناخۆ ئاگا تا ڕادەی کارکردێک بەرتەسک کەینەوە- کارکردنێکی نومادین کە بێ گومان تایبەتی مرۆڤە و تەبا دەگەڵ یاساگەلێکی هاوشێوە لەنێوان تێکڕای مرۆڤەکاندا بەڕێوە دەچێ و لەگەڵ هەموو ئەو یاسایانە یەک دەگرێتەوە(١٣)

**بە پێی باسەکەی شتراوس یاساگەلێکی گشتی بەسەر تێکڕای پرۆسە زەینییەکانی مرۆڤدا حاکمن**

لە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبیدا، فۆرمالیستەکانی ڕووس و میراتگرە پێکهاتەخوازەکانیان هەوڵیان داوە تاکو ئەسڵە گشتییەکانی حاکم بەسەر کاربردی ئەدەبی زمان، لە سینتاکسی ساختومانی داستانەوە بگرە تا قاڵبەکانی شیعر بدۆزنەوە. بەو شێوەیە بیرکردنەوەی پێکهاتەیی هەلی بۆ خۆیا بوونی واتەگەلێکی وەک «تەکوزی وشەکان»ی نۆر ترۆپ فرای و «ڕێسای ئەدەبیات»ی کلۆدیۆگلین ڕەخساند، بەڵام پێکهاتەخوازی ناوەندی کردەوەکانی خۆی لە موتالای زمانناسیدا دۆزیوەتەوە و بەشی گەورەی هێزی بزوێنەری خۆی لە دەسکەوتەکانی «سۆسۆر»، «یاکوبسن» و توێژەرانێکی وەک «ترۆبتسکۆی» واج ناس گرتووە کە ساڵی ١٩٣٣ دەسکەوتی لقی توێژینەوەیی خۆی ئاوا گردوکۆ دەکاتەوە:

«گرینگترین تایبەتمەندی واج ناسی ئەمڕۆکە پێکهاتەخوای و کۆی ڕێسامەندێتی. تایبەتمەندی سەرەکی چاخێک کە ئێمە تێیدا دەژین داگەڕانی تێکڕای لقەکانی زانستە بەرەو ئەو شوێنەی کە پێکهاتەخوازی بکاتە جێنشینی وردە خوازی و گشتێتی بکاتە جێنشینی تاکخوازی. «هەڵبەت بە واتا فەلسەفییەکەیەوە. ئەو شێوە داگەڕانە دەتوانین لە فیزیک، شیمی، ژیوناسی، دەروونناسی و ئابووریشدا ببینینەوە. کەواتە ئەمڕۆکە واج ناسی تەنیا نییە و لە بزووتنەوەیەکی زانستی

بەربڵاودا جێی خۆش کردووە.(١٤).

ئەو جــووڵانەوەیەی ترۆتــسکۆی ئامــاژەی پێــدەکــا تایبــەت بە زانســـتــەکـان نیــیــە، بەڵکو کـاریگەری لە هونەرەکـانیــشــدا هەبووە، چونکە بزووتنەوەیەکی زەینی گشــتگیــرە، یەکــێکە لەو بزاڤــە فیــکریانەی جـار بە جـار تێکرای کــولتـــوورێک دادەگــرێ و دەگــەڕێ و پرش و بڵاوترین مــاکــەکــانی ئەو بزاڤــە بەرەو شــوێنێکی تاک پەلکێش دەکا.

شوێنداناني ئەو بزووتنەوەیە لە ئەدەبیـاتدا و هەروەها تاوتوێکردنی ئەدەبی، مەبەستی سەرەکی باسی ئێمە لەو کتێبەدا پێک دێنێ.

**(ب) پێکهاتە خوازی وەک ڕەوشتێک**

وا باشــە لێــرەدا دوو گــوتە لەمــەڕ ڕەخنەوە بێنینە بەرباس:

منیش وەک هەمووان لەسەر ئەو بڕوایەم کە مەبەستی ڕەخنە گــەیشتن بەناســینی ورد و نزیکی ڕاســتــینەی ڕەخنەگرانەیە، بەڵام بە بڕوای من ئەو نزیکایەتییە تا ئەو ڕادەیە مەیسەرە کە بیری ڕەخنەگرانە بیێتە بیرێک کە (خۆی) ڕەخنەی لێگیرابێ. ئەوەش ساتێ دەلوێ کە ئەو بیــرە سـەرلەنوێ لە دەروونەوە هەست پێ بکرێ، دووبارە بیری لێ بکرێتەوە و لە خەیاڵدا بزرینگێتەوە. هیچ شتێ ناتوانێ کەمتر لەو بزووتنەوەیەی زەین بەرچاو بێ.

ڕەخنە بە پێــچــەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکـرێ، دەبێ خۆی لە دیتنی جۆری شـتـەکان ببوێرێ. «جا ئەو شتـە چ خـودی نووسـەر بێ کـە وەک «ئەوی تر» دێتـە بەرچاو، چ بەرهەمـەکـەی بێ کـە ئەویش هەر وەک «شت» لەبەرچاو دەگیرێ.» چونکە ئەوەی کە دەبێ پێی بگەین زەینە، واتە چالاکــیــەکی واتایی کــە ناتوانین تێی بگەین مـەگـەر ئەوەی خـۆمـان لە جێی ئەو دابنێین و کـارێک بکەین تا جارێکی تریش لەدەروونی ئێمەدا ڕۆڵی خۆی وەک زەین ببینێ(١٥).

ئەو ڕەخنە نێــوان زەینیــیــە(١٦) کـە لەبەرهەمـەکـانی «ژۆژپوولە»دا بەشێوەیەکی زۆر لەبار دەخرێتە ڕوو، سەر بەو جــۆرە لێکدانەوە و تـەفــســیــرەیە کــە «پۆل ڕیکۆر» بەشوێن وەرگرتن لە «دیلتـای» و چەندکەسێکی تر، بۆ وێنە ئیسپیتزێر» بە هێرمێنۆتێکی(١٧) ناودێر دەکا.

واتای بەرهەمـێک لە ڕێی زنجیـرە کردارێکی فیـکرییەوە وەرناگــیــرێ، ئەو واتـایە وەک پەیامـێک وەردەگــیــرێ و «دەدۆزرێتــەوە» کــە هەم زۆر کــۆنە و هەم یەکــجــارنوێ کراوەتەوە. لە لایەکی ترەوە قسەی تێدانییە کە ڕەخنەی پێکهـاتەیی دەســتــە و داوێنی هەمـان «عـەینی خـوازی» دەبێ کــە پوولە مـــەحکوومی دەکـــا، چونکە نە زاتی وشــیـــاری داهێنەر و نەزاتی وشــیـــاری ڕەخنەگــرانە، پێکهاتەکان ناژین.(١٨)

«ژێرار ژنێت» لە گێڕانەوەی گـوتەی دووەمـدا دەرگـای باسـێک لە مـەڕ ئەو ئیـدانەوە کـە لە بەشی وەرگـیـراو لە پوولە خـراونەتە ڕوو دەخـاتە سـەر پشت. ئەو لە درێژەی وتەکەیدا وەبیرمـان دێنێتەوە کە ئەگەر پوولە بوایە ڕەنگە پێکهـاتە خـوازی بەوە تـاوانبـار کـردبا کـە دەگـەڵ دەقـە ئەدەبییەکانی ڕەفتارێکی «بەرتەسککارانەی» هەیە و بۆ دۆزینەوەی چوارچێـوەکـەیان جـومگە و ئێـسـقـانەکـەیان عەکسبەداری دەکاو لە گۆشت و خوێنیان غـافڵ دەبێ. لە ڕوانگـەی پوولە و ڕیـکۆر و بـە گـــشـــتـی ڕەخـنـەی هێــرمــێنۆتیکیــیــەوە (لە هەر جـێـیــەک کـە دۆزینەوەی هێرمنۆتیکی واتا بە مـەبارەکی یەکگرتنەوەی شـهـوودی دوو زاتـی وشــیـــار مـــومکین و لوابێ. لێکدانەوەی پێکهـاتەیی «لانی کەم تا ڕادەیەک» نامەشروعە یا هیچ هەمێتێکی نییە و بە هێندناگیرێ»(١٩) ئەگەر وەشوێن ئەو هێڵە فیـکرییە بکەوین، دەتوانین خوێندنەوەی ئەدەبی بەسـەر دوو بەستێن و بە دوو دەسـتـە، دابەش بکەین کە لەکـارکـردنی یەکـێک لەو دوو جـۆرە ڕەخنەیە لەسـەر هەر کـــام لەوانە مـــەشـــروع و ڕەوا دەبێ. ڕەخنەگـــری هێــرمــێنۆتیکی دەگـەڵ ئەدەبیــاتی «زیندوو» ســات و ســەودای دەبێ و ڕەخنەگـری پێکهـــاتە خـــواز دەگـــەڵ ئەدەبیـاتێک بە ڕەهەندی شـوێن و کـاتی «جیـاوازەوە» پێــوەندی (پێــوەندی لەگــەڵ) ئەدەبی منداڵان، ئەدەبی ڕەشۆکی و خەڵک پەسەند هەیە کە داگری قاڵب گەلێکی نوێی وەک مـیلودرام و ڕۆمـان گـەلێکی درێژە دارە کـە ڕەخنەی ئەدەبی سەرجەم ئەوانە نە تەنیا لەبەر دەمارگرژی ئاکادیمیک، بەڵکو بەو هۆیە کە هاوبەشی نێوان زەینی نە دەتوانێ ئەو جـۆرە تاوتوێکردنە وەگـەڕبخـا و نە توانای ڕێبــەرایەتیـشی هەیە پشــتگوێ دەخـا، کـەچی ڕەخنەی پێکهـاتەیی دەتوانێ لە ڕوانگەی خـەڵک ناسـیـیـەوە ئەو

شتانە تاوتوێ بکا، بارستایی گەورەی ئەو شتانە و کارکردەکانیان موتالاّ بکا و بەسەر ڕێبیەکدا هەنگاو هەڵگری کە پێشتر کارناسانی فەرهەنگی خەڵکی ڕەشۆکی وەک «پڕاپ» و «ئیسکافتیمۆف»، بەسەریدا ڕۆیشتوون.(٢٠)

ژنێت ئەو هەوڵە مەسلەحەتییە بە شەرت و بەڵێنەوە قەبووڵ دەکا، بەڵام دواتر وەبیر دێنێتەوە کە مەودای ئێمە لەگەڵ زۆربەی دەقە مەزنە ئەدەبییەکان زۆر زیاتر لەوەیە کە ڕەخنەگران دانی پیادەنێن و دەکار کردنی شێوازی پێکهاتەیی لەسەر ئەو بەرهەمانە بۆی هەیە زۆر سەرکەوتووتر بێ لەو شێوازەی کە بەدیهێنانی پێوەندییەکی نزیک لەگەڵ بەرهەم، بە هەڵە (بەرهەمەکە بە خوێنەر) دەنوێنێ. دواتر بە سرتە بە گوێماندا دەچرپێنێ کە- ئەوەی لەبەردەمماندایە، هەڵی هەڵبژاردن لەنێوان شێوە جۆراوجۆرەکاندا نییە کە سروشتی دەق گەلێکی تایبەت بۆمان دەڕەخسێنێ، بەڵکو داگری هەڵبژاردنێکە لەنێو ئەو ڕەوشتانەی کە دەبێ بە پێی پێوەندیمان لەگەڵ ئەو دەقە تایبەتە و ئەو شتانەی دەبێ لە مەڕ دەقەوە بیزانین ڕەچاوی بکەین. ئەو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە گوتەی مێرلۆپۆنتی لە مەڕ بابەتی گەلناسییەوە، وەک لقێکی زانستی وەبیر دێنێتەوە و دەیخاتە بەردەممان، هەر بەو شێوەیە بەخشکە وامان پێ دەنوێنێ کە دەتوانین گوتەکانی «مێرلۆپۆنتی» لە مەڕ پێکهاتە خوازییەوە وەک ڕەوشتێک بناسین.

ناتوانین گەلناسی وەک لقێکی زانستی پێناسە بکەین کە دەگەڵ بەرچاوێکی تایبەتی کۆمەڵە سەرەتاییەکان سات و سەودای هەیە، گەلناسی شێوە بیرکردنەوەیە کە ساتێ ئۆبژە «ئەوی ترە و وا هەڵدەگرێ خۆمان بگۆڕین بەسەرمان دادەسەپێ. کەواتە ئەگەر لە کۆمەڵی خۆمان دوور کەوینەوە، هەر دەبینە گەلناسانی کۆمەڵی خۆمان(٢١)

لەو ڕوانگەیەوە، پێکهاتە خوازی و هێرمنۆتیک ئیتر ڕووبەڕووی یەک نابنەوە و جیهان بەسەر زات گەلێک دابەش نابێ کە تەنیا لە پاوانی ئەم تاقمە یا ئەو تاقمەی تر دابێ؛ ئەو دووانە پێوەندییەکی تەواوکەری یەک لە بەینیاندا بەدی دێ و دەتوانن بەشێوەیەکی بەکەڵک بە

### ڕەخنەی ئەدەبی نابێ لە فێربوونی ئەو شتانە پێکهاتەخوازی پێی دەڵێ خۆ ببوێرێ

بەرهەمێکی تاقانەوە خەریک بن و دەلالەتگەلێکی تەواو کەری لێ هەڵێنجن کەواتە، ڕەخنەی ئەدەبی نابێ لە فێر بوونی ئەو شتانە پێکهاتەخوازی پێی دەڵێ خۆ ببوێرێ، تەنانەت دەتوانێ لەمەڕ ئەو بەرهەمانەی کە بۆمان نامۆ نین بەدیهێنانی مەوداو مۆتالاّی بەرچاوی کارکردی ئەو بەرهەمانە شتمان فێرکا.

ژنێت ئەو بەشە لە باسەکەی خۆی بەوەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە کۆتایی پێ دێنێ کە لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین لە بارودۆخی تایبەتی- مەسەلەن- ڕۆمانی ستاندالی بگەین بێ ئەوەی تا ڕادەیەک لە کەش و هەوای خەیاڵینی ڕۆمان وەک بوونێکی گشتی مێژوویی و سەروو مێژووی گەیشتبێتین. هەڵبەت ئەو بابەتە زیاد ناکا و من پێوەی دەنێم کە: «زەینی بوون»ی ڕەخنەی هێرمنۆتیکی هەرگیز ناتوانێ تەواو زەینی بێ.

ڕەخنەگرێک کە واتای بەرهەمێکی دیاریکراو «دەدۆزێتەوە»، بەردەوام ئەو کارە بە ڕێکخستنی پێوەندی لەنێوان بەرهەم لەگەڵ سیستمی ڕوانگەکانی دەرەوە بە ئاکام و ئەنجام دەگەیەنێ. بۆی هەیە ئەو سیستمە بیرۆکەیەک بێ لە مەڕ مرۆڤەوە، یا وەک باسەکەی پوولە بیرۆکەی «زەمانی مرۆڤ» بێ، بەڵام لە هەر حاڵدا دەبێ بیرۆکەیەک بێ کە بتوانێ پاساو بۆ ئامادەبوونی ڕەخنەگر بێنێتەوە. بە تەنیا خولقاندنەوەی بەرهەم، هەروەک تۆدۆرۆف لە وتاری پێکهاتەخوازی چییە دا دەڵێ: هەر دەبێتەوە دووپاتکردنەوەی وشەکانی بەرهەم بە شێوەی پێشوو.

لێکدانەوە هەر چەندەش زەینی بێ، دەبێ بەهێنانی شتێک لە دەرەوەی بەرهەم بۆ ناو بەرهەم بوونی خۆی پاساوبدا- تەنانەت ئەگەر ئەو شتە دەرەکییە زەینیەتی ڕەخنەگریش بێ کە لەگەڵ زەینیەتی هونەرمەند جیاوازی هەیە. هەر بەو هۆیەشە هونەرمەندان زۆرکەم خەریکی لێکدانەوەی بەرهەمەکانی خۆیان دەبن، ئەگەریش خۆیانی پێوە سەرقاڵ کەن بەدەگمەن ئاکامێکی باش وەدەست دەخەن. «دۆزینەوەی» هێرمنۆتیکی مانا بە زۆری حەکایەتی تەنانەت خودبە خود جۆرێک ئەدەبیاتی لاوەکی بەدیبێنێ، بەڵام هۆیەکی نییە کە لەنێو چالاکییە

مـومکینەکـاندا، زەینی ڕەخنەگـرانە شـوێنێکی بەرز و شیاوتری هەبێ.

بەڵام پێکهـاتە خـوازی دەتوانێ لە خـوێندنەوە ئەدەبییـەکـاندا خـوازیاری پلە و پایەیەکی مـەزن بێ، چونکە بە شـوێن ئەوەوەیە ئولگوویەک کـە لە خـودی ئەدەبییـات هەڵقـوڵاوە وەک سـەرچاوەی دەرەکی ئەو بەرهەمـانەی دەیانتـۆژێتـەوە بەدەسـتـەوە بدا. پێکهـاتەخـوازی بە جوولاّن لە خـوێندنەوەی زمـان بەرەو خـوێندنەوەی ئەدەبییـات و هەوڵ بۆ پێناسـەی بنەمـا گەلێکی پێکهـاتە خولّقـێن، کە نە تەنیـا لە بەرهەمـە تاکـەکـاندا، بەڵکو لە پێـوەندی نێـوان بەرهەمـەکـان لە تێکرای پانتـایی ئەدەبیـاتدا هەوڵ دەدەن و تێدەکـۆشن، لەسـەر ئەوە سـوور بووە و سـوور هەیە کـە لەبارترین و زانسـتی ترین بناخـەی مـومکین بۆ خـوێندنەوەی ئەدەبی دابڕێژێ.

مـەبەسـتم ئەوە نیـیـە کـە بڵـێم ئەوەی تاکـەکـەسی و زەینییە نابێ شوێنێکی لە خوێندنەوەی ئەدەبییەکاندا بۆ لەبەرچاو بگرین. تەنانەت لە زانستە سروشتییەکانیشدا دەتوانین نموونەی جۆراوجۆر لە کردەی هەڵکەوتەیی زەینی بدۆزینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو کارە زۆرترین بەرهەمی لێ بکەوێتەوە، دەبێ چوارچێوەیەکی فیکری سازبکرێ هەتا لەسـەر بناغـەی ئەو چوارچێـوەیە شکڵ بگرێ. لە دڵی ئیـدەی پێکهـاتەخوازدا، ئیـدەی سیـسـتـەم خۆی مـەڵاس داوە: بوونێکی کـامڵ و خـۆڕێکخـەر کـە بە گـۆڕینی تـایبـەتمەندییـەکـانی لەگـەڵ پاراسـتنی پێکهـاتەی سیستـماتیکی خۆی، خۆی لەگەڵ بارودۆخی تازە ڕێک دەخـا. دەتوانین بەو ئاکـامـەش بگەین کـە هەر یەکـەیەکی ئەدەبی لە ڕستەیەکەوە بگرە تا تەکوزی تێکرای وشەکان، دەگـەڵ واتای سـیـسـتـم پێـوەندییـان هەیە. بە تایبـەت دەتوانین بەرهەم گەلی جودا، جۆرەکانی ئەدەبی و گشت ئەدەبیـات بە سـیـسـتـم گـەلێکی پێـوەندیدار بزانین و ئەدەبیاتیش بەسیستـمێک بزانین کە لە نیزامی گەورەتری فەرهەنگی بەشەریدا جێی خۆش کردووە.

دەتوانین پێوەندی بەدیهاتوو لەنێوان هەر کام لەو یەکە سیـسـتـمـاتیکانەوە بخـوێنینەوە و ئەو خـوێندنەوەیەش بەواتایەکی پێکهاتەگەرانەوە شکڵ دەگرێ. مەترسییەک کـە لێـرەدا لە گـۆڕێدایە و پێکهـاتە خـوازانێکی وەک «ژنێت» بە باشی ئاگـایـان لێـیـەتی، فـەرزکـردنی پێگەیشـتـووی سیـستـماتیکیـیە ئەویش لە شوێنێک کە وەها پێگەیشـتـوویـیـەک بوونی نیـیـە. یەکـێک لە گەورەترین گرفتەکان لە پێکهاتە خوازی ئەدەبیاتدا ناسین و لێک جودا کردنەوەی هۆگری و داگەڕان بەرەو سیستم و شکست لە گەیشتن بە سیـستـمە (بەتایبەت لە ئاستی بەرهەمی تاکدا ئەو قسە و باسە وەڕاست دەگەڕێ).

ژنێت بە دەنگێکی دڵێرتر لە هەمـوان ئەو مەترسییەی لە قـاو داوە کـە مـەبادا بۆ خـوێندنەوەی سیـستـمـاتیکی بەرهەمگەلی ئەدەبی ئەو بەرهەمـانە بە شـتگەلێکی «داخراو» و «کۆتایی پێهاتوو» بزانین.

مـەترسیـیـەکی تر کـە لەبەردەم پێکهـاتەخـوازیدا قـوت بۆتەوە دەتوانین بە «هەڵەی فـۆرمـالیـسـتی» ناو دێری کـەین، چونکە پێـوەندی بەو سـەر کـۆنەیەوە هەیە کـە ئاراسـتـەی فۆرمالیسم دەکرێ (هەڵبـەت) فۆرمالیستە ڕووسـەکـان، بەتایبـەت لەچاخی هەڵپـە و هەڵچـوونی سەرەتای خۆیاندا جارجار شایانی (ئەو سەرزەنشتانەش بوون) هەڵەی فـۆرمـالیـسـتی پشـتگوێ خـسـتنی «مـانا»(٢٢) یا «ناوەرۆک»(٢٣)ی بەرهەمی ئەدەبییە. ئەو تاوانەش زۆرتر دەدرێتـە پاڵ ڕەخنەیەک کـە دان بە بوونی جیهـانێکی فەرهەنگی لە پشت بەرهەمی ئەدەبی و هەبوونی سیـستـمێکی فـەرهەنگی لەودیو سیـستـمی ئەدەبییـەوە دانانێ. لێـرەدا دەبێ دان بەوە دابنێین کـە وەسـفی فـۆرمی ڕووتی بەرهەمگەلی ئەدەبی و نیـزام و سیستـمەکانی ئەدەبی بەشێکی گرینگی ڕەوشتی کاری پێکهاتە خوازییە، بەڵام هەڵە لەوەدا نییـە کە ناچارین ڕووبەرگەلێکی- تایبەت لەو بابەتانەی دەخوێندرێتەوە لە شتەکانی تر هەڵاوێرین- هەڵە لەنامۆییکردن و دان پێدا نەهێنان بەو ڕاسـتـیـیـەدایە کـە ئەو ڕووبەرانە تەنیـا ڕووبەرگـەلێکی تاقـانە نین، یا لە پێداگـری لەسـەر ئەو بابەتەیە کە ئەو ڕووبەرانە لە سیستمێکی تەواو داخراودا ئیش دەکەن، بەبێ ئەوەی شوێن لە جیـهـان و ئەو پەڕی ئەدەبیـات وەربگرن. پێکهـاتە خوازی، ئەگـەر بە ڕاستی وەربگیرێ نە تەنیـا لە زیندانی فۆرمدا نابەسترێتەوە و لە جیـهان هەڵنابڕێ، بەڵکو بە پشکنین و گەڕان لە چەندین ڕووبەری جیـاوازدا، ڕاستەوخۆ دەگەڵ جیـهـان بەرەو ڕوو دەبێتەوە.

پێکهـاته خـوازی بەتایبـەت بە شـوێن دۆزینەوەی پێوەندی سیستمی ئەدەبیات لەگەڵ فەرهەنگێکە کە ئەو سیستمە بەشێکە لەو فەرهەنگە. ئێمە تەنانەت ناتوانین «ئەدەبییەت» (٢٤) پێناسە بکەین مەگەر ئەوەی کە لە بەرامبـەر «غـەیرە ئەدەبیـیـەت»دا قـوتی کـەینەوە و بیوەسـتـێنین. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کـە پێـوەندی ئەو دوو کـارکـردە پێـوەندیەکی نابەردەوامـە کـە هاوڕێ و هاو هەنگاو لەگـەڵ کـارکـردەکـانی تری فـەرهەنگێکی دیاریکراو لە گۆڕاندایە. بە گوتەی ژنێت، فەرهەنگێک «هەر بەو ڕادەیەی لە نووسـراوەدا دەرەوشـاوە دەبێ لە خوێندنەوەشدا دەدرەوشێتەوە» (٢٥) دواتر (بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە) قسـەیەکی بۆرخێس بە گـەواهی دێنێتـەوە (بۆرخێس دەڵێ): «ئەگەر بمتوانیبا هەرلاپەڕەیەک کە ئەمڕۆ دەنووسرێ- تەنانەت ئەو لاپەڕە حازربیە- وەها بخـوێنمـەوە کـە لە سـاڵی ٢٠٠٠دا دەخـوێندرێتـەوە ئەدەبیـاتی سـاڵی دوو هەزارم دەناسی(٢٦) بۆرخـێس وەک هەمـیـشـە بەشـێـوەیەکی لەبەر دڵان کـە تایبـەتی خـۆیەتی، زێدەڕۆیی کـردووە، بەڵام واتای شـاراوە لەو زێدەڕۆییـەدا هەر ڕاست ئیـدەی سیـسـتـمـە لە پێکهـاتە خوازیدا، کە لەودا تێکڕای ماکەکان پێوەندییەکی دوو لایەنەیان هەیە، کـەوایە دەتوانین لە هەر نموونـەیەکی مـاناداردا ئەو شـتـانە هەڵێنجین. ئەوەش کـە تەنیـا لاپەڕەیەکی یەک نموونە مـانادار نییـە، گـەمـەیەکی بۆرخیـسـانەیە کـە ئەو ئیـدەیە لەودا هەندێک گـەورە کـراوەتەوە. تەنانەت دەتوانین ئەو ئیـدەیە کـەمـێک زیاتریش درێژە بدەین و بڵـێین لە شێـوەی خـوێندنەوەی دەقـێکی تایبـەت لەلایەن فـەرهەنگێکی تایبـەتەوە، دەتوانین شـتـێکی فـرەتر لە ئەدەبیـاتی ئەو فـەرهەنگە وەدەست بێنین- بێ ئەوەی بەو قسـانە ڕێی خـۆمـان لە پێکهاتە خوازی هەڵاوێرین.

پێکهاتەخوازی لە ئاستی دەقە تاکەکاندا هەر کاتێک کە ڕووبەرێکی مانایی هەر کام لە تایبەتمەندییەکانی دەق دەتوێژێتەوە دیسانەوە لەگەڵ جیهان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لە هەندێ لە لێکۆڵینەوەکـاندا بۆی هەیە ڕەخنەگـرانێک بەشێوەی تاکەکەسی بەو بڕوایە بگەن کە لە قەدەر توانای خـۆیان ئەو ڕووبەرە لەبیـر بەرنەوە هەتا بتـوانن تایبەتمەندییەکانی تر جیا بکەنەوە و لێکیان هەڵاوێرن.

هەروەها بە بڕوای من جاری وایە ڕەخنەگرانی فۆڕمالیست و پێکهـاتە خـواز وایان نواندووە کـە دەتوانن مـاناناسی ئەدەبیات زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ لە بیربەرنەوە و ئاکام دەبێتە ئەوەی کە مانا و بایەخ گەلی ماناناسی بە زۆری بە پێـدزە، یا بێ هەواڵ دەخـزێنە نێـو لێکدانەوەکانەوە، بەڵام چون زمانناسی کە دایکی تیۆری ئەدەبی پێکهاتە خوازییە، یەستاش دڕدۆنگی لە ڕۆڵی مـاناناسی بۆ وەسـفی زمـانناسی دەکـا. هیچ جـێی سەرسوڕمان نییە کە لە پێکهاتە خوازی ئەدەبیشدا ئەو دڕدۆنگییـە لە پەرژانە سەر ئەو شێوازە بە چاوی خۆمان ببینین. سەرەڕای هەمـووی ئەوانە، ڕەخنەی پێکهـاتەیی ئەو کەمایەسییەی بووە و وەبەرچاونەگرتنیشی هەڵەیەکی کـەڵەیە، چونکە هەر ڕاست لێـرەدایە کـە ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانێ لەمـەڕ کـارکـردی زمـانەوە گـەنجـینەیەک وەسـەر [خەرمانی] زانستی زمانناسی بنێ.

**فەرهەنگۆک: (کوردی: فارسی)**

وردە خوازی= ذره گرایی، اتمیسم.
هێڵنج= تهوع
دۆزینەوە= کشف
فیزیکی ڕێژەیی= فیزیک نسبیت
خەڵکناسی= مردم شناسی
گریمانە= فرض
بڕوایی= عقیدتی
بایەخ= ارزش
زانیاریناسی= معرفت شناسی
تەبایی بەردەوام= سازگاری مدام
ژیارمەندانە= متمدنانه
باری باو، دۆخی هەنووکە= وضع موجود
ڕێکخستن= سازمان
تەکوزی وشەکان= نظم کلمات
ڕێسای ئەدەبیات= قاعده ادبیات
ڕێسامەند= قاعده مند
داگەڕان= گرایش
گشتێتی= کلیت
ژیوناسی= زیست شناسی
گشتگیر= عمومی

ماکە= عنصر
ئەوی تر= دیگری
شت= شئ
نێوان زەینی= بینا ذهنی
بەرتەسک کارانە= تقلیل گرایانە
هەمێت= اهمیت- ارزش
دەمارگرژی= تعصب
بارستا= حجم
سەروو مێژوویی= فرا تاریخی
پاساودان= توجیه کردن
هەڵکەوتەیی زەینی= نبوغ ذهنی
پێگەیشتوویی= کمال
دەقی داخراو= متن بستە
ڕووبەر= وجە
کۆ= کل
ورد= جزء
چییەتی= ماهیت
ڕەخنەگرانە= انتقادی
پرس= قضیە
ناگەڕانەوەیی= برگشت ناپذیری

پرۆسەی ناگەڕانەوەیی: (فرایند برگشت ناپذیر)= لە زانستە سروشتییەکاندا هەندێک پرۆسە هەن کە بەدوو شێوەی پێچەوانە دەرەتانی ڕوودانیان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر دوو ماکەی (B, A) تێکەڵ بن و ماکەی (C) پێک بێنن پرۆسەی خوارەوەمان دەبێ (A+B—C) جا ئەگەر پرۆسەکە بەشێوەیەکی تریش واتە (C— A+B) ڕووبدا، دەڵێین ئەم پرۆسەیە گەڕانەوەییە، ئەگینا وەکو پرۆسەیەکی ناگەڕانەوەیی چاوی لێدەکەین. «وەرگێڕ»

3- les structures elementaires de la parente, p.591, Auzias, clefs pourle structuralisme, P.25.
4- intergrative.
5- holistie.
6- tractatus logico- philosophicus, london 1953.
7- philosophy of rhetic, N.Y, 1965, p.36.
8- philosophical sketches, N.Y, 1964, P.59.
9- The task of gestalt psuchology, prnceton, 1969, pp.62.
10- Ibid., p.93.
11- structural Anthropology, Garden cithy, N.Y., 1967. P.207.
12- Ibid., p.95.
13- Ibid., p.198.
14- emile benveniste, problems in Genral Lingaistics. p.82.
15- george poulet, les letters nouvelles, 24 June, gerad Gentte, Figures. p.158.
16- intersubjective.
17- hermeneutice.
18- figures. p.158.
19- Ibid., p.159.
20- Ibid., pp.159-160.
21- signes, p.151., Figures, p.161.
22- meaning.
23- content.
24- literanimess.
25- figues, p.169.
26- Enque tes, p.224, Figures. p.164.

**پەراوێزەکان:**

**1- Philosophy of retreat.**
**2- stucturalisn, pp.40-41.**

**ژێدەر:**


**اسکولز رابرت، در آمدي بر ساختارگرایی در ادبیات، ترجمە فرزانە طاهری، نشر اگە، ١٣٧٩.**

# ئەدەب و کۆمەڵگا

ئەدەب وەک دەزگـایەکی کـۆمـەڵایەتی دێتـە بەرچاو، یەکەمین ئامێری دەربڕینی زمانە کە داهێنانێکی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتییە. ئەو پرۆسە هونەری و سەمبولییانەی کە لەناوەوەی ئەدەب بەکـاردەهێنرێن وەک کـێش و ڕەمـز و هونەرەکانی جوانی، گشتیان بە سروشت هەڵکەوتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەدەب نوێنەرایەتی ژیان دەکا، ئەم ژیانەش بە شـێـوەیەکی بەرفـراوان حـەقـیـقـەتێکی کـۆمـەڵایەتیـیـە، ئەگـەرچی ڕوانگەی دیکە هەیە و مێـژوویەکی کـۆنی هەیە کە دەڵێ ئەو نوێنەرایەتی کردنە زیاتر وەک لاسـایی کـردنەوە دێتـە بەرچاو. شـاعـیـر ئەندامـێکی کـۆمـەڵگایە و سـتـاتویەکی (کـیـان) کـۆمـەڵایەتیی سـەربەخـۆی هەیە و تاڕادەیەکی زۆریش لەلایەن کۆمەڵگاوە دانی پێدانراوە و ئەو لەگەڵ کۆمەڵگا قسە دەکا و بەرهەمەکانی ئاراستەی ئەون. لە ڕاستیدا ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لەسەردەمی لەدایکبوون و سەرهەڵدانییەوە وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کـراوە یان بە دەزگـایەکی کـۆمـەڵایەتی چوێندراوە، لە کـۆمەڵگای دواکەوتوو یان سەرەتایی، واتە کـۆمـەڵگای سـادە، هەندێ جـار زۆر زەحـمـەت بووە یان زەحـمـەتە جیاوازی بکەین لەنێوان شیعر و مەراسیمی ئایینی یان کۆمەڵایەتی، یان شیعر و ئەفسانە، شیعر و کار، شیعر و یاری. لە هەمان کات، ئەدەب وەزیفەیەکی کـۆمـەڵایەتی دیکەی هەیە بەو مانایەی (سوود و بایەخێک دەگەیەنێ) ئەمەش هەر تەنیا پێوەندی بەتاکەکەسەوە نییە، بەڵکو

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(کۆلیژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین)**

گشت کۆمەڵگا دەگرێتەوە. ئەدەب و هونەر وەک دەزگایەکی جوانیناسی ڕاستەوخۆ پشت بە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان نابەستێ، یاخود بنچینەیەکی ئەوهای نییە، بەڵام وەک خۆی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێ.

ڕوونتر، ئەدەب وەک دەزگا و هاوکێشەیەکی جوانی بەشێک نییە لە دەزگای کۆمەڵایەتی، بەڵام پێوەندی هەیە. لە لایەکی دیکە دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکرێ کە پێوەندییەکی ئاڵۆز هەیە لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگا، هەردەم ئەو پرسیارە دەکرێ، ئایا ئەدەب چ پێوەندییەکی لەگەڵ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ سیستەمی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم کێشەیە لەلای ئەو کەسەی سەر بە فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە بایەخێکی زۆری هەیە. بۆ نموونە لەلای ڕەخنەگرە مارکسیستەکان، ئەوان هەر تەنیا گرینگی بەو پێوەندییە نادەن کە لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگاوە هەیە، بەڵکو ڕوانینێکی زۆر وردیشیان لەسەر ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانە هەیە کە ئەدەب بە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ و کۆمەڵگا بێ چینەکانی ئایندە دەیگێڕێ. مارکسیستەکان، یان ڕخنەگرە مارکسیستەکان لە هەڵبەستنی ئەم ڕوانینە زیاتر پشت بە پێوەر و بنچینەی ئەخلاقی و سیاسی دەبەستن، واتە لەو ڕوانگەوە سەیری ئەو پێوەندییە دەکەن.

سەرەنجام ئەم کێشەیە لەبەر ئاڵۆزی خۆی دەبێ لە زۆر لایەنەوە لێکبدرێتەوە، ناشێ تەنیا دڵنیایی لەسەر یەک بۆچوون بکرێ و بکرێتە بنەمایەکی تیۆری و کێشەکەی پێ ببڕێتەوە. دەشێ بە پرسیارێک دەست پێبکەین و بڵێین: ئایا ئەدەب زمانی کۆمەڵە؟ ئەگەر بڵێین ئەدەب تەعبیر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکا و ڕەنگدانەوەی ئەوە، لەو بڕوایەداین بە هەڵەدا دەچین. لە هەمان کات دیسان بە هەڵەدا دەچین ئەگەر بڵێین هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبدا ڕەنگ دەدەنەوە. دیسان، ئەگەر بڵێین ئەدەب تەعبیر لە کۆمەڵگا دەکا و هۆی دەربڕینی ژیانە بە سادەیی، دیسان ئەو تەمومژییەی لە پاڵ پیشاندانی ئەو پەیوەندییە هەیە ئاڵۆزتر دەکەین.

ڕاستە نووسەرێک تاقیکردنەوە و ڕوانینی خۆی بۆ ژیان بەگشتی دەکاتە سەرچاوەی ئەدەبەکەی، بەڵام ناشێ و دروست نییە و لەگەڵ هەقیقەت ناگونجێ بڵێین ئەمە هەموو ژیانە، یان ژیانی سەردەمێکە بە هەموو ئاڵۆزی و قورسایی خۆی. لە هەمان کات ئەگەر بگوترێ، دەبێ ئەدیب یان نووسەرێک پێویستە تەعبیر لە ژیان بکا و نوێنەرایەتی- Represention ژیان بکا، ئەگەرچی ئەم نوێنەرایەتی کردنە بەشێوەیەکی زاتی هەستی پێدەکرێ، لەگەڵ ئەمەش، ئەمە وەک مەرج و هەڵسەنگاندنی پێشوەخت دێتە بەرچاو. بەگشتی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، واتە ئەو ڕەخنەیەی کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە بنچینەی ڕوانینی و حوکمدان، پێدەچێ ئەوە بەبیر نووسەر بهێنێتەوە کە دەبێ هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی هەبێ و ئاگاداری چینەکانی کۆمەڵ بێ، بەتایبەتی چینە چەوساوەکان و بەشداری لە هەڵوێستیان بکا.

لە ڕەخنەی هیگڵی، یان لەلای ڕەخنەگرە هیگڵییەکان، هەموو مەزنی و داهێنانێکی هونەری ناوێزە، مەزنی و داهێنانێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەپاڵە. لە ڕوانگەی ئەوان هونەرمەند هەڵگری هەقیقەتێکە، لە هەمان کات هەڵگری هەقیقەتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیشە. کاری هونەر هەر تەنیا دۆکیومێنت و بەڵگەنامە نییە، بەڵکو توحفە و شاکارێکی هونەریشە. بەگشتی هەردەم هەندێ هەماهەنگی و هارمۆنی لەنێوان کاری هونەری و سەردەمەکەی هەیە. ئەمەش لەنێوان ئەدەب و هونەر و حەقیقەتی کۆمەڵایەتی وەک هۆ و ئەنجام دەبینرێن. ڕەنگە هەندێ کاری ئەدەب و هونەری چرووک و بێ مانا، بۆ کۆمەڵناسێک باشترین بەڵگەنامە بن و نوێنەرایەتی هەقیقەتی کۆمەڵایەتی بکەن، بەڵام ئەمە بۆ ڕەخنەگرێکی وەک تێن- Taine هیچ بایەخێکی نییە و نوێنەرایەتی هیچ ناکا. لە ڕاستیدا ئەدەب ڕەنگدانەوەی پرۆسێسی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو جەوهەرێکە، کورتە و ناوەڕۆکی هەموو مێژووییەکە.

لێرەوە، بۆ خەستکردنەوە و گونجاوتر پیشاندانی گشت ئەم پێوەندییانەی سەرەوە، هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە لە سێ تەوەری سەرەکی کۆبکەینەوە و بە جیا باسیان بکەین، ئەگەرچی پێوەندییەکی توند و تۆڵ بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە.

ئەمانەش بریتین لەم تەوەرانە:

١- سۆسیۆلۆژی نووسەر.

٢- ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی کاری ئەدەبیی.
٣- کاریگەری ئەدەب لەسەر کۆمەڵ.
هەموو نووسەرێک، بەو پێیەی ئەندامێکی کۆمەڵە، دەشێ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. ئەگەرچی بایۆگرافی (ژیان)ی نووسەر هەردەم وەک سەرچاوەی سەرەکی دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە، دەشێ لەم گۆشە نیگایەوە، واتە لە ژیانی نووسەرەوە، بۆ گشت ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە بچین کە نووسەر تێیدا گەورە بووە و ژیاوە. دەشێ ئێمە زانیاری زۆر دەربارەی باری کۆمەڵایەتی، خێزانداری، مەرجە ئابووری و ژیارییەکانی دیکە کۆ بکەینەوە. دەتوانین هەر لەو گۆشەنیگایەوە، ئەوە دیاری بکەین چ بەشێک دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، کامەیان هی ناوەندی بۆرژوازییە و کامەیان هی پرۆلیتارییە. هەروەها دەتوانین ڕۆڵی بەرهەمەم هێنانە ئەدەبییەکان دیاری بکەین، بەتایبەتی لەلای ئەو نووسەرانەی کە لەناوەندێکی لیبرال و بازرگانی دەرچوونە. هەروەها دەتوانین لە ڕێگای ستاتیستیک (احصاء) سەرچاوەو بەرهەم هێنانی ئەدەبی لەلایەن گشت ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکەین، بۆ نموونە لە حاڵەتی ئەدەبی ئەوروپی، دەبینین گشت بەرهەم هێنانێکی ئەدەبی و هونەری لەلایەن چینی ناوەندەوە بەرهەم هێنراوە، لە کاتێکدا چینی ئەرستۆکراسی زیاتر گرینگی بەسەرفرازی و ڕابواردن داوە، چینی خوارەوەش ئەو بوارەیان بۆ هەڵنەکەوتووە بخوێنن و چجای ئەدەب و هونەر بەرهەم بهێنن. ئەم دابەش کردنە لە هەموو ئەوروپا وەکو یەک نییە، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتان تایبەتمەندی هەبووە، وەک لە ئینگلستان لەسەردەمە کۆنەکان بەدەگمەن کوڕە جووتیارێک دەبینرێ بووبێتە ئەدیب و هونەرمەند، بەڵام چینی ئەرستۆکراسی ئینگلیزی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە بەرهەم هێنانی ئەدەبی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی ئەوان زۆر بایەخیان بە کار و پیشە و سەرمایەگوزاری نەداوە، هەڵکەوتێکی کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەبووە یاریدەر بێ بۆ خەریک بوون بە کاری ئەدەبی و هونەری. هەمان حاڵەت لە ئەدەبی ڕووسیش دەدۆزرێتەوە، بۆ نموونە، تەواوی ئەدیبانی ڕووس، پێش گونچاڕۆڤ و چێخۆف گشتیان سەربە چینی ئەریستۆکراسی بوون، وەک دەستەیەڤسکی و تۆلستۆی و تورگینیەڤ و پووشکین...تاد.

هەڵبەت کۆکردنەوەی زانیاری لەم جۆرە زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوەی کێشە دروست دەکا شیکردنەوە و لێکدانەوەیانە. ئایا بنچینە و ستاتوی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی دەتوانێ پایە و نرخی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە دیاری بکا؟ ئەمە یەکێ لە پرسیارە ئاڵۆزەکانە کە دوچارمان دەبێ. ئەگەر وابێ، لەم حاڵەتەدا دەبێ بەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونەری نووسەر و شاعیرانی وەک تۆلستۆی و کارلیل و شیللی وەک (خیانەتێک) سەیر بکەین بەرامبەر بە چینەکانیان کە لێی دەرهاتوون. بۆ نموونە، لە دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی (ئەوسا) هەموو نووسەرە کۆمۆنیستەکان سەر بەچینی پرۆلیتاریا نەبوون. لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە، بەتایبەتی لە لایەن ڕەخنەگرە مارکسیستە ڕووسەکان کە نەژادی کۆمەڵایەتی و پایەی کۆمەڵایەتی زۆر لە نووسەرانیان پیشان داوە. بۆ نموونە، ساکولین کە باسی ئەدەبی نوێی ڕووسی دەکا زۆر بە وردی ئەو ئەدەبەی بەپێی نەژادی کۆمەڵایەتی نووسەرەکان ڕیز کردووە، وەک؛ ئەدەبی نووسەرانی گوندی، وردە بۆرژوازی، ئەنتلجنسیای دیمۆکرات، ئەنتلجنسیای بێ چین، هی بۆرژوازی، هی ئەریستۆکراسی، هی نووسەرانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ...تاد. ڕەخنەگرە مارکسیستەکانی سۆڤیاتی کە باسی ئەدەب و بەرهەم هێنانی ئەدەبییان کردووە زۆر بایەخیان بەم پۆلێن کردنە داوە، بە تایبەتی کە باسی ئەدەبی کۆنیان کردووە، کە تەواوی نووسەرەکانیان سەربە چینی ئەریستۆکراسی بوونە و لە ڕووی بژێوەوە خواپێداو بوونە، بەڵام دیسان ئەم ڕوانینە لە ڕووی تیۆرییەوە کێشە دروست دەکا، چونکە ئێمە نازانین ئایا کە پووشکین سەربەچینی ئەریستۆکراسی بووە، دەمڕاستی ئەو چینە بووە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەو چینەی کردووە؟ ئەمەیان بۆ خۆی گشت ئەم لێکدانەوەی سەرەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە بەرهەمەکانیان ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا ئاودیوی گشت نەژادو پایەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و وەک داهێنان سەیریان دەکرێ.

بەگشتی نەژاد و پایەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی ئەوتۆ

ناگـیـرێ لە بەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونەری، چونکە هەمـیـشـە ڕووبەڕووی هەڵکەوتی ناکـۆک دەبینەوە، بۆ نموونە، لە گـەلێک لە ئەدەبی مـیللەتان، ئەدەبی دەربار لەلایەن ئەوکەسانە نووسراوە کە سەر بە چینی خوارەوە بوونە، لێرەشەوە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر خاڵی سفر. بەگشتی ئەم لایەنە هیچ ڕۆڵێکی نییە لەبەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونەری، دەشێ ئەم بابەتە، وەک دۆکیومێنت و هەندێ کەرستەی دەرەوەی ئەدەب و هونەر باسی بکرێ، چونکە هەموو نووسەرێک هاووڵاتییەکە و ڕۆڵی خـۆی هەبووە بەرامبـەر هەڵکەوت و پێکهـاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەشداری لە گفتوگۆ و کێشە کۆمـەڵایەتی و سیـاسییـەکـان کردووە. سەرەنجام، نابێ بەهیچ شـێـوەیەک نەژاد و پایە و ڕوانینی سیـاسی و کـۆمـەڵایەتی ئەدیب و نووسـەران لەگـەڵ نرخ و بایەخ و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونەری ئەو تێکەڵ بکرێن. دەشێ ئەم دووە بە تەنیا باس بکرێ، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بە چاوێک سەیری تێکست دەکا و بە چـاوێکی دیکە سـەیری ڕوانین و هـەڵکـەوتی کۆمەڵایەتی خاوەن تێکست دەکا.

لێرەوە دەشێ پەنجەنومای سۆسیۆلۆژی نووسەر بکەین. ئەمەش بە پێی سەردەمەکان دەگۆڕێ. لەم ڕووەوە دەکرێ نووسـەران بەپێی ئاسـتی تێکەڵ بوونیـان بە پرۆسـە کۆمەڵایەتییەکان پۆلێن بکەین. بۆ نموونە بەرزترین ئاست و ڕادەی تێکەڵی نووسەران بە پرۆسە کۆمەڵایەتییـەکان لەناو نـووسەران و شـاعـیـرانی مـیللی و ئەدەبی مـیللی دەدۆزرێتەوە، بە پێچەوانەوە، بوونی (نێوان یان دووری کۆمەڵایەتی)، واتە لاتەریکی لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن نووسەر و شاعیرانی بۆهێمی و شاعیرە نەفرەت لێکراوەکـان دەدۆزرێتـەوە، بەو مـانایەی ئەمـانە هەردەم خـۆیان دوورەپەرێز ڕاگـرتووە، هەندێ جـاریش هەمـان تێکەڵ نەبوون لەلایەن بلیـمـەتە داهێنەرەکـانیش دەدۆزرێتـەوە. ئیـمـڕۆ بەگـشـتی لە ڕۆژئـاوا، نووسـەران خۆیان لە چینەکانی خۆیان دادەبڕن، زیاتر وەک چینێکی یان توێژێکی ناوەندی و خـاوەن پیـشـە و تا ڕادەیەک سەربەخۆ و ئازاد دەبینرێن. هەڵبەت ئەم کێشەیە پێوەندی بە سـۆسیـۆلۆژی ئەدەبەوە هەیە لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکا، ستاتوی کۆمەڵایەتی هەر نووسەرێک دیاری بکا.

لەناو مێژووی ئەدەبی کوردی، دەشێ هەمان پۆلێن کردن دروست بکرێ، نووسـەران و شـاعیـران زیاتر سەر بەچین یان توێژێکی ناوەندین، واتە نە سـەر بە چینی هەرە خوارەوەی کـۆمـەڵن، نە سەر بە چینی مـیر و بەگزادە و ئەرسـتـیـۆکـراسـەکـانن. زیاتر بەلای چینی بۆرژوازی دەشکێنەوە، بەو مانایەی ئەوان نزیک بوونە لە پرۆسێسە کۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبیـری و سیـاسییـەکان، بەڵام لەم سـەردەمـە، واتە لەسـەردەمی هاوچەرخ پێـوەندی و سـتـاتوەکـان گـۆڕاون، ئیـمـڕۆ نووسـەرێکی زۆر لە چینی خـوارەوەی کـۆمـەڵ دەردەچن، بەڵام هەرزوو ئایدیـۆلۆژی چینی خـۆیان جـێـدەهێـڵـن بەرەو سـتـاتویەکی ناوەندی دەچن، بەپێچەوانەوە، لە چینی سەرەوەی کۆمەڵی کورد، ئەم پرۆسەیە هێشتا هەر لاوازە و کەم نووسەر و شاعیر هەن ڕەگ و ڕیشەی بەگزادەیی و ئەریستۆکراسی کوردی هەبێ و دواتر بەهۆی بەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونـەری وازی لە چینەکەی خۆی هێنابێ و هاتبێتە ناو ئەو چین و توێژەی کە نووسەران و ڕۆشنبیران نوێنەرایەتی دەکەن.

لەسەردەمـە کۆنەکـان، دەنگبێـژ و حکایەتخوانەکان لە ڕۆژهەڵات، شـاعـیـری تراژێدی لە یۆنانی کـۆن و چیـرۆکبـێژەکـان، سـتـاتویەکی کـۆمـەڵایەتی تایبـەتیـیـان هەبووە، هەندێ جار ئەم ستـاتوە، سیـمایەکی پیـرۆزیشی بە مـانا ئایینیـیـەکـەی وەرگـرتووە، لەلایەن دەستەڵاتدارەکان، پارێزگارییان لێکراوە.

دواتر لەسەردەمی نوێ دوای گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگـانی و دەوڵـەمـەندبوونی کـۆمـەڵان، هەروەها ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیـاسیـیـانەی بە کـۆمـەڵگا جـیـاجـیـاکـان داهات، وای کـرد تەواوی سـتـاتوی کۆمەڵایەتی نووسەر بگۆڕێ، لێرەوە خوێنەر پەیدا دەبێ، ئەمـەش دەبێـتـە هۆیەک نەژادی کـۆمـەڵایەتی نووسـەر لەبەرچاو نەگـیـرێ، ئەو دیاردەیە بەپێی گـرینگی و هەڵکەوتی ئەدەبی لەلای خـوێنەر دیاری بکرێ. ئیـمـڕۆ خـوێنەر جـێـگای ئەو دەسـەڵاتدارانەی گـرتۆتەوە کـە لەسەردەمی کۆن پشتگیـرییان لە نووسەران و شاعیران دەکرد، بێجگە لەمەش ئەم بوارە زۆر پسپۆڕی جیاجیای تێکەوتووە، ئەدەبیـات بە تەنیـا خـوێنەری خـۆی هەیە، سیاسەت و مێژوو و زانستیش بە هەمان شێوە.

لەلایەکی دیکە، دەشێ دڵنیایی لەسەر ئەوە بکەین، کە

ستره‌کتوره کۆنه‌که‌ی ئه‌ده‌ب له گێڕانی ڕۆڵی کۆمه‌ڵایه‌تی تاڕاده‌یه‌ک به ته‌واوی له‌ناونه‌چووه، ئه‌م لایه‌نه به‌تایبه‌تی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ حکومه‌ت و ده‌وڵه‌تان ده‌بینرێ. به‌شێوه‌یه‌کی گشتی، هه‌موو حکومه‌تێک و ده‌وڵه‌تێک پشتگیری ڕێژه‌ییان هه‌بووه له ئه‌ده‌ب و ڕۆڵی نووسه‌ر، ئه‌م پشتگیرییه‌ش هه‌ندێ جار شێوه‌ی کۆنترۆڵ و سه‌رپه‌رشتی بینیوه. لێره‌وه به‌هیچ شێوه‌یه‌ک ناکرێ ڕۆڵی ده‌وڵه‌ته تۆتالیتاره‌کان له‌بیر بکرێ و گرینگی پێنه‌درێ، که له‌لای ئه‌وان، ڕۆڵی کۆمه‌ڵایه‌تی نووسه‌ر و ئه‌ده‌بیات هه‌رده‌م به چاوێکی نێگه‌تیڤ سه‌یری کراوه و کار گه‌یشتۆته ئه‌و ڕاده‌یه‌ی نووسه‌ر زیندانی بکرێ و کتێبی لێ بسووتێنرێ و هه‌رده‌م له‌ژێر چاوه‌دێریدا بوونه. به پێچه‌وانه‌وه ده‌وڵه‌تی تۆتالیتاری هه‌رده‌م گرینگی به نووسه‌ری ناوچه‌گه‌ر و ئه‌ده‌بیاتی پۆلیسی و پله نزم داوه و هه‌رده‌م له داهێنان و نووسه‌ری پۆزه‌تیڤ ترساون. به پێچه‌وانه‌وه ده‌وڵه‌تی دیمۆکرات داهێنانی وه‌ک پشتگیری بۆ خۆی بینیوه، نووسه‌ری پۆزه‌تیڤیشی وه‌ک داکۆکیکه‌ر له‌و سیستەمه حسێب کردووه، به‌گشتی که ده‌وڵه‌ت نه‌یتوانیوه ئه‌ده‌بێکی سه‌ربه‌خۆی خۆی دروست بکا، هۆیه‌که‌ی بۆ ئه‌و دیارده‌یه ده‌گه‌ڕێته‌وه که ئه‌ده‌ب وه‌ک ئۆرگانیزاسیۆنێک شیمانه‌ی داهێنان ناداته ئه‌و که‌سانه که به‌شێوه‌یه‌کی ئیدیۆلۆژی یان هه‌واداری به‌شێکن له‌و ده‌وڵه‌ته یان سه‌ربه ئه‌ون. ده‌شێ حاڵه‌تی یه‌کێتی سۆڤیاتی کۆن که‌مێک تایبه‌ت بێ له‌م ڕووه‌وه، به‌و مانایه‌ی هونه‌رمه‌ند و نووسه‌ری له کۆمه‌ڵ نزیک ده‌کرده‌وه، لێره‌شه‌وه ناکرێ مه‌سه‌له‌ی سانسۆر و چاوه‌دێرکردن و سزادان له‌لایه‌ن ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌وه له‌بیر بکرێ.

نووسه‌ر ده‌که‌وێته ژێر کاریگه‌ریی کۆمه‌ڵگا، له هه‌مان کات کاریگه‌ریش له کۆمه‌ڵگا ده‌کا. هونه‌ر هه‌ر به‌وه ناوه‌ستێ ژیان به‌رهه‌م بهێنێ، به‌ڵکو شێوه‌شی ده‌داتێ. هه‌ندێ جار وا ڕێککه‌وتووه هه‌ندێ خه‌ڵک له ژیانیان لاسایی پاڵه‌وانی هه‌ندێ ڕۆمان و شاکاری ئه‌ده‌بی بکه‌نه‌وه و وه‌کو ئه‌وان بژین، خۆشه‌ویستییان کردووه و بوونه‌ته بکوژ و خۆشیان کوشتووه.

سه‌ره‌ڕای ئه‌م ڕوانین و لێکدانه‌وه‌ی سه‌ره‌وه‌ش، هه‌ندێ پرسیاری تیۆری و بنچینه‌یی هه‌ن که خۆیان ڕه‌پێش ده‌که‌ن، ئایا ئێمه ده‌توانین سنووری کاریگه‌ری کتێبێک له‌سه‌ر خوێنه‌ر دیاری بکه‌ین؟ ئایا ده‌توانین کاریگه‌ریی تێکستێکی ساتیریکی دیاری بکه‌ین؟ ئایا ئه‌دیسۆن به ڕاستی ڕوانین و که‌سایه‌تی خه‌ڵکی گۆڕیوه؟ ئایا دیکنز کاریگه‌ری هه‌بووه له ڕیفۆرمی زیندان و قوتابخانه و هه‌تیوخانه؟ هه‌منگوای و فۆکنه‌ر کاریگه‌رییان له‌سه‌ر خوێنه‌ر هه‌بووه؟ ئه‌ده‌بیات چ کاریگه‌رییه‌کی هه‌بووه له سه‌رهه‌ڵدان و گه‌شه‌پێدانی ناسیۆنالیزمی نوێ؟ هه‌ڵبه‌ت هه‌ندێ نووسه‌ر وه‌ک والته‌ر سکۆت و هێنریک شێنکڤیچ و ئه‌لۆیس ژیراسک به‌شداری و کاریگه‌ری زۆریان هه‌بووه له ژیاندنه‌وه‌ی گیانی نه‌ته‌وایه‌تی و زیندوو ڕاگرتنی بۆ هه‌ریه‌ک له سکۆتله‌نداو پۆلۆنیا و چیکۆسلۆڤاکیا.

ده‌توانین هێشتا سه‌دان گریمانه‌ی دیکه ڕیز بکه‌ین و بڵێین، به‌ڵێ بێ شک ده‌رباره‌ی کاریگه‌ری، گه‌نجه‌کان زیاتر له پیره‌کان ده‌که‌ونه بن شه‌به‌نگی خوێندنه‌وه. هه‌روه‌ها ده‌توانین به‌شێوه‌یه‌کی سۆسیۆلۆژی ئه‌نکێتی ئه‌ده‌بی بکه‌ین، ئه‌وه‌ی زۆر ده‌خوێنێته‌وه به مه‌به‌ستێکی پیشه‌یی که‌متر کاریگه‌ره له‌وه‌ی که‌م که‌م ده‌خوێنێته‌وه... به‌ڵام ئه‌گه‌ر بڵێین: چۆن و به چ شێوه‌یه‌ک ئه‌ده‌ب یان کتێب کاریگه‌ری له خه‌ڵک ده‌کا؟ ئه‌م پرسیاره که ڕوویه‌کی ته‌جریبی هه‌یه، ڕووبه‌ڕووی پێکهاتووی ناوه‌وه‌ی ئه‌ده‌بمان ده‌کاته‌وه، چونکه هه‌موو ئه‌ده‌بێک به‌یه‌ک چه‌شن کاریگه‌ری خۆیان نانێرن.

له باره‌ی پێوه‌ندی نێوان ئه‌ده‌ب و کۆمه‌ڵگا، باوترین لێکدانه‌وه ئه‌وه‌یه له‌م پێوه‌ندییه ئه‌ده‌بیات وه‌ک به‌ڵگه‌نامه و دۆکیۆمێنتی کۆمه‌ڵایه‌تی سه‌یر بکرێ. له‌م ڕووه‌وه ده‌شێ وێنه و ئیماژێکی دیاریکراو به‌ده‌ست بهێنرێ. بۆ نموونه، تۆماس وارتن- T. Warton که به‌یه‌کێ له مێژوونووسانی پێشه‌نگی شیعری ئینگلیزی داده‌نرێ به‌م چه‌شنه و له‌م ڕوانگه‌ی سه‌ره‌وه ده‌ڕوانێته ئه‌ده‌ب: «... ئامانجی سه‌ره‌کی ئه‌ده‌ب ئه‌وه‌یه به دڵسۆزی کارێکته‌ر و که‌سایه‌تی سه‌رده‌مێک تۆمار بکاو نوێنه‌رایه‌تی داب و نه‌ریتی که‌سان و کۆمه‌ڵان بپارێزێ که سه‌رنج ڕاکێشه و له هه‌مان کات باشترین ده‌ربڕینه...»

دوای وارتن گه‌لێکی دیکه هاتوون و به هه‌مان ڕوانین ته‌ماشای ئه‌ده‌بیاتیان کردووه، وه‌ک خه‌زێنه‌یه‌کی داب و نه‌ریت و ئه‌رشیف و مێژووی شارستانی له قه‌ڵه‌میان

داوە. گەلێ لە خوێنەرانیش لە ڕێگای ئەدەب کۆمەڵگایەکی بێگانەیان ناسیوە و ئاشنای وردەکارییەکانی ئەو کۆمەڵە بوونە.

بێگومان لەم ڕووەوە نموونەمان زۆرە، ئەگەر ئەدەب وەک بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی سەیر بکەین. بۆ نموونە، شۆسەر- Chancer لە کتێبی- چیرۆکەکانی کۆنتربێری- وێنەیەکی تەواو دەربارەی پێکهاتووی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئینگلستان-مان پێشکەش دەکا، بە هەمان شێوە شکسپیریش.

لە ڕێگای ڕۆمانەکانی شتاینبەک وێنەیەکی پوختی پێکهاتووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەمریکیمان دەست دەکەوێ. پروست زۆر بە وردی و پوختییەوە باسی چینی ئەریستۆکراسی فەرەنسی دەکا کە لەو سەردەمە لە گیانەڵاو بزربووندا بووە. لەسەدەی نۆزدەم لە ڕێگای ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و تورگنیێڤ ئاشنای چینی خاوەنداری زەویوزاری ڕووسی دەبین وەک پێکهاتوویەکی کۆمەڵایەتی ڕووسی، لە ڕێگای چیرۆکەکانی چێخەڤ ئاشنای بازرگان و ڕۆشنبیران دەبین وەک چین و توێژی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ شۆلۆخۆڤ ئاشنای ژیانی گوندی و کۆلخۆزەکان دەبین.

هەڵبەت دەتوانین سەدان نموونەی دیکەی لەم جۆرە ڕیز بکەین، بەڵام ئەمانە هیچ نرخێکیان نییە ئەگەر تەکنیکی هونەری نووسەری ناوبراو لەبەرچاو نەگرین و بە پلەی یەکەمی دانەنێین، چونکە ئەدەب لێرە دەست پێدەکا، ئەمەش دەشێ بە جوانترین شێوە و شێواز ئەو پێوەندییە پیشان بدا، چونکە ئامانجی جەوهەری ئەدەب پیشاندانی پێکهاتووی کۆمەڵ نییە، بەڵکو دەشێ ئەمە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی باشتر بکرێ.

سەرەنجام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پێکهاتووی کۆمەڵایەتی هەندێ نرخی ئیستێتیکی دروست دەکەن، بەڵام ئەمە نابێتە ناساندنی ئەم نرخانە خۆیان.

لە ڕووی پێوەندی یەکانگیری نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا، دەشێ باشترین ڕوانین و تیۆری هی هیگڵییەکان و دواتریش هی مارکسیستەکان بێ. ئەوان هەموو داهێنان و گەشەسەندنێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە بۆ پێشکەوتنی ماددی.

«مارکسیستێکی ئاسایی» پێمان دەڵێ ئەم نووسەرە و ئەوەی تر بورژوازیانە دەربارەی کلێسا و دەوڵەت دەدوێن و ڕای کۆنەپەرستانەیان هەیە یان پێشکەوتوو. لێرەوە ناکۆکییەکی سەیر هەستی پێدەکرێ لەنێوان ئەو بۆچوونە حەتمییەی مارکسیزم کە (ئەقڵ- ڕۆح- دەروون- یان سادەتر مەعریفە) ئەنجامی (بوون)ە، کەوا دەکا بۆرژوازییەک بە بۆرژوازی نەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو ڕایەی یان ئەو حوکمە ئەخلاقییە باوەی لەبەر هەمان هەڵکەوت (کە بۆرژوازییە) تاوانباری دەکا.

گەلێک لە نووسەرانی ڕووسی بێ ئەوەی هەڵکەوتی هونەری و مەدەنییان لەبەرچاو بگرن، لەکاتێکدا خۆیان بە لایەنگیری پرۆلیتاریا دادەنا لەبەر نەژادی کۆمەڵایەتییان نەفرەتیان لێدەکرا، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر خوێندنەوەی مارکسیزمی لەبەرچاو بگرین دەبینین لەسەر بنچینەی ڕەخنەیەکی توندو تۆڵ دامەزراوە و وەک لۆژیکێکی پێشکەوتوو بۆ هەموو سەردەمێک دەشێ، چونکە بە ڕای مارکسیسزم، بۆرژوازییەک دەبێ شایان و ڕێزی لێ بگیرێ کە لە دەروازەی سەردەمی کەپیتالیزم خەبات لە دژی فیۆدالیزم و ئەخلاقی کەپیتالیزم دەکا، بەڵام دیارە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسی لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە هەڵدەکشێ، هەروەکو لێکدانەوە و ڕوانینەکانی سمیرنۆڤ، کە بەناوی نرخە جیهانییەکانی مرۆڤایەتی ڕوانینی خۆیان هەڵدەبەستن. ئەمە بە جوانی لەم بۆچوونەی سیمرنۆڤ دەردەکەوێ کە شکسپیری پێ خوێندۆتەوە کە دەڵێ: شکسپیر زمانحاڵ و ئیدیۆلۆگی هیومانیستی بۆرژوازییە، پرۆگرامەکانی ئەوان پەیڕەو دەکا بەناوی مرۆڤایەتی ڕەخنە لە ڕژێمی فیۆدالی دەگرێ و خەباتیان لە دژ دەکا.»، بەڵام چەمکی هیومانیزم و جیهانیی هونەر دژی ئەم بیرە سەرەکییەی مارکسیسزمەکە بەشێوەیەکی گشتی ڕوانینێکی یان هەڵکەوتێکی ڕێژەیی هەیە.

ئەنگلز بە وشیارییەوە لە نامەیەکی بۆ ستارکێنبۆرک دەڵێ: «گەشەسەندنی سیاسی، قەزایی، فەلسەفی، ئایینی، ئەدەبی، هونەری...تاد هەمووی ئەنجامی گەشەسەندنی ئابوورییە. هەموویان بە یەکەوە یان بە تەنیا ئەنجامی بنچینەی ئابوورین» لە نامەیەکی دیکە بۆ جۆزێف بلۆک، ئەنگلز دەڵێ: من و مارکس گرینگییەکی لە ڕادەبەدەرمان بە فاکتەری ئابووری داوە، کەم

گرینگیمان به (تفاعل متبادل- Interaction Re-ciproque) داوه. لەنامەیەکی دیکەش بۆ مەهرینگ- Mehring) ، ئەنگلز دەڵێ، دیارە ئێمە کەم بایەخمان بە لایەنی شکڵی یان چۆنیەتی گەشەکردن و سەرهەڵدانی بیر داوە.

گشت ئەم بۆچوونانە ئاڵۆزی ئەو پێوەندییە دەردەخەن کە لەنێوان ئەدەب و هونەر لەلایەک و کۆمەڵگا لەلایەکی دیکە.

به گشتی دەتوانین بڵێین ڕەخنەی مارکسیسزم لە لێکدانەوەی ئەم پێوەندییە و پیشاندانی هۆکارە شاراوە و دیارەکان، لە هەموو ڕەخنەیەکی دیکە بە پیتترە. ئەم تەکنیکە هەروەکو ئەو تەکنیکە ڕەخنەییەیە کە لەلایەن فرۆید و نیچە و پارێتۆ لەسەر بنچینەی (ئاگایی و نائاگایی و بن ئاگایی) دامەزراوە. زۆریش لە تەکنیکی (سۆسیۆلۆژی مەعریفە)ی شیللەر و مانهایم و ماکس ڤیبەر نزیکە. هەموو ئەمانە بە ئاگایی و هۆشیارییەوە بۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەدەب و ڕۆشنبیر و هەتا ڕادانێکی سادەش دەربڕیوە. دەشێ ڕوانینی فرۆید و نیچە لێک نزیک بن، بەو مانایەی لە لێکدانەوە و بنچینەی ڕوانینیان (سایکۆلۆژی) جێگایەکی گرینگ داگیر دەکا، هەرچی مانهایم و شیللەر و ماکس ڤیبەرن، چونکە زۆر گرینگییان بە (ئایدیۆلۆژی) داوە، بەلای سۆسیۆلۆژیدا بشکێنەوە.

سەرەڕای بوونی ئەم هەموو بۆچوون و لێکدانەوانە، لەگەڵ ئەمەش تا ئێستا نەتوانراوە ئەدەب و هونەر، جوانیناسی، لەدەرەوە بخوێندرێتەوە، بەڵام بەگشتی، پێوەندی ئەدەب و هونەر و کۆمەڵگا دەشێ بە چەشنێکی دیکە بخوێندرێتەوە، وەک هارمۆنی و یەکانگیری، ناسنامەی بنیاتنەر، گونجان، ئەنالۆگی شێواز، یانیش هەر تێرم و زاراوەیەک کە بشێ پێوەندی ئەم دووە پیشان بدا وەک (التکامل)ی کولتووری و تێکهەڵکێشبوونی کۆمەڵێک چالاکی مرۆڤ. هەڵبەت لەم ڕووەش هەندێ لێکۆڵینەوە هەیە، بە تایبەتی ئەوەی لەلایەن سۆرۆکین- Sorokine- کراوە، کە ئەم (التکامل) کولتوورییە و تێکهەڵکێش بوونە لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ.

بەگشتی مارکسیسزم نەیتوانی کێشەی پلەی تا چەند ئەدەب و هونەر سەر بە کۆمەڵن بۆمان ڕوون بکاتەوە. کەواتە کێشەکان هێشتا هەروەکو خۆیانن، بۆ نموونە، لەلایەکی دیکە زۆر جار خوێندنەوەیەک بۆ کێشەکانی ناوەوەی ئەدەب لەم ڕووەوە دەکەن، وەک گوایە، نەژادی ڕۆمان پێوەندی بەسەرهەڵدان و گەشەسەندنی کۆمەڵی بۆرژوازییەوە هەیە، یان تراژێدی و کۆمێدی لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان چینی ناوەند و ناسکی و بێهێزی چینی ئەریستۆکراسییەوە پەیدابووە، لێرەوە ئەو پرسیارە جارێکی دیکە دێتە پێشەوە، ئایا فۆرمێکی ئەدەبی و شێوازێکی ئەدەبی هەیە سەر بە چین و توێژێکی دیاریکراو بێ؟ دەڵێن ئەدەبی ڕۆمانتیک و ڕۆمانسیزم سەر بە چینی بۆرژوازییە، لە کاتێکدا دەبینین ڕۆمانسیزم وەک ئایدیۆلۆژی، تۆخمی شۆڕشگێڕی تێدایە و دژی بۆرژوازی بووە، ئەمەش لە مێژووی ئەڵمانیا و فەڕەنسا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ، سەرەنجام- ئەگەرچی ئیدیۆلۆگەکان لە ڕوانینیان پشت بە مەرج و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی دەبەستن، لەگەڵ ئەمەش ناکرێ و زەحمەتە ئەو بۆچوونە بە هەند وەرگرین کە بۆ هەر فۆرم و شێوازێکی ئەدەبی مەرج و هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی هەبێ.

دەشێ ئێمە پشتگیری لەو ڕوانینە بکەین کە «حەقیقەتی کۆمەڵایەتی» کە لەخۆیدا نرخێکی هونەری نییە، بەڵام هاوکاریی نرخە هونەرییەکانە وەک ئاڵۆزی گونجاو و تێکەڵهەڵکێش بوون، چونکە ئێمە ناتوانین خۆمان لەو هەڵکەوتە بدزینەوە کە ئەدەبی زۆر مەزن و سەرنج ڕاکێش هەیە هیچ لایەنێکی کۆمەڵایەتی پیشان نادا، بگرە هەر نییە. کەواتە ئەدەبی کۆمەڵایەتی، واتە ئەو ئەدەبەی کۆمەڵ دەکاتە ناوەرۆک و بابەتی خۆی، فۆرمێکی یان جۆرێکی ئەدەبی تایبەتە و لەناو تیۆری ئەدەب جێگایەکی ئەوەندە بایەخداری نییە.

# خوێندنەوەی چیرۆکی «گراکووسی ڕاوچی» لایوونێل تریلینگ

**لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی (بۆکان)**

بەلانی زۆرەوە هەر خوێنەرێکی ئەم چیرۆکە دەبێ بڵێ یان بە سەرسوورمانەوە بنەڕێنێ: «ئەم چیرۆکە چ مانایەکی هەیە؟ ئەم گێڕانەوە سەیر و سەمەرەیە گەرەکییە چ شتێک بە من بڵێت؟» بە ڕاستی خوێنەر خۆی لە حاندی دۆزینەوەی توخمەکانی ئەم چیرۆکە بە دەسەوەستان و بێ دەسەلات دەزانێ- ناتوانێ بڵێت ئەم چیرۆکە لە کوێ یان لە چ کات و سەردەمێکدا ڕوو دەدا یان ڕووداوەکانی بە پێی چ مەنتقێک بە شوێن یەکدا دێن. لە ڕاستیدا، هەوەڵین پرسیاری ناهومێدی ڕەنگە ئەمە بێ: «ئەم چیرۆکە گەرەکیە چیم بەسەربێنێ؟» چونکە ئەم چیرۆکە تێگەیشتنی لە ڕاستی دەشێوێنێ و خوێنەر دەخاتە دڵەڕاوکێ و ئارای لێ هەڵدەگرێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، چیرۆکی کافکا، بە پێچەوانەی دەربەست نەبوونی مەنتقی خوێنەر، بێ گومان سووره لەسەر ئەوەی قسەیەک لەگەڵ خوێنەر بکا. تەنانەت لە خوێندنەوەی هەوەڵیشدا کە دەمانخاتە دڵەڕاوکێ دەزانین ئەم چیرۆکە شتێکی بۆ وتن پێیە: شتێک کە گرینگە، شتێک کە لەگەڵ ڕۆح و چارەنووسی مرۆ پێوەندی هەیە. جۆری چیرۆکەکەش دەناسین، چیرۆکێکی ئوستوورەییە. ئەفسانەیەکە، ڕووداوێک لە ژیانی مرۆ لە هەل و مەرجێکی نائاساییدا دەگێڕێتەوە. ئوستووره لەلایەن جەماوەرێکەوە پێک دێ بە لانێک لە قۆناغی سەرەتایی فەرهەنگیدا دەژین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تەنانەت کاتێک کە ئەقڵ و زانستیش ئیعتباری شێوە گێڕانەوەیەکی ئاوا ڕەت دەکاتەوە، سەرنجدان بە ئوستووره و شێوازی ئەندێشەی ئوستوورەیی هەروا بەردەوام شوێنی خۆی لە ئەدەبدا دەپارێزێ.

هێندێک تۆخــمگەلی چیــرۆکی کـافکا- ڕەنگە بە ئەنقـەست- بڕێک ئوستوورەگەلی ناودێری کۆنمان وەبیر بێنێـتــەوە. ڕاوچی وەبێــرهێنەری ئەدۆنیـســە، کـە لە ڕووداوێکی ڕاودا گیانی بەخت کرد. «پاپۆڕی مەرگ» بە ڕاشکاوی ئاماژەیە بە داب و نەرێتی مـردووناشـتنی مـیـسـریەکـان کـە گۆڕەکانیـان بە پاپۆڕگەلی مینیـاتۆری خۆش ساخت دەڕازاندەوە، لەبەر ئەوەی میسریەکان پێیان وابوو ڕۆح لە ڕێگای ئاویەوە سەفەر دەکاتە جیـهـانێکی تر. چارەنووسی گراکووسی ڕاوچیبەو «یەغدانە دارینەوە» لە چارەنووسی شائەسیریس- قارەمانی میسری دەچێ کە دەڵێن ناویانەتە ناو سەندووقـێکەوە، دەرکـەیان لاک و مۆر کردووە و خستوویانەتە ناو زێی نیلەوە.

لەگەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا، لەنێـوان ئوسـتـوورەی نوێی کافکا و ئوستوورەگەلی کۆندا جیاوازی گەلێکی بەرچاو هەیە. لە چیـرۆکی ئەدۆنیـسـدا، هەم ئافـرۆدیت خـوا ژنی ئەوین، هەم پرسـفـۆنە خـواژنی مـەرگـە ئەدۆنیس، لاوی جـوان چاکـیـان خۆش دەویست و چارەنووسی ئەویش وا دیاری کرابوو کە هەر نیوەی ساڵ «شەش مـانگ» لەگەڵ یەکێک لەو دوو خواژنە ڕابوێرێ. خەڵکی یۆنانی کۆن و ئاسایی چووکە، یەکجار زۆر ئەدۆنیسیـان دەپەرەستی، لە ڕێوڕەسمی ساڵەهاتی مەرگی ئەدۆنیسدا ڕۆژێکی تەواو شــینیـــان دەگــێــڕاو ڕۆژی دواتریش، لە ڕێوڕەســمـی زیندووبوونەوەی، بە کەیف و خۆشیەوە جێژنیـان دەگرت. مـەرگی ئەدۆنیس نیـشـانەی زسـتـان و سـاردوسڕی و زیندووبوونەوەشی نیـشانەی لە دایکبوونێکی دووبارەی بەهار بوو. ئوستوورەی ئەسیریسیش لە ڕاسان و ڕاپەرین نیشانەیەکیش لە زیندووبوونەوە نییە. ئەگەر ئەدۆنیس و ئەسیریس نیشاندەری هیوا و ئاواتی مرۆڤن، گراکووسی ڕاوچی نیـشـانـدەری هیـوابڕانی مرۆیە. گـراکـووس هیچ کـاتێک ناتوانێ بگەڕێتـەوە سـەر عـەرزی کـە تێـیـدا ژیانێکی خــۆشی ڕابواردووە و کــاتێک شــارەدار لێی دەپرسێ: «کـارێکت لەو دنیـایە نیـیـە؟» وەڵامی ئەو ڕوونە-نا. ئەو هەرچەندە هەوڵ بدا ناتوانێ بچـێـتـە ئەو دنیا.

ئەوانەی کە لە کاروباری نووسینی مێژووی ئاییندان، ئەدۆنیس و ئەسـیـریس بە پێـشـبـینی هاتنی مـەسـیح

**ئوستوورە لە لایەن جەماوەرێکەوە پێک دێ کە لە قۆناغی سەرەتایی فەرهەنگیدا دەژین**

دادەنێن، مەسیحێک کە بەشێوەی ئەم دووانە گـیـانی داوە، دووبارە زیندوو بۆوە. دەکرێ ڕاوچی چیرۆکی کافکا بە مـەسـیـحێکی هیـوابڕاو بشـوبهێ کـە زیندوونابێـــتــــەوە، نە باوکی «لە دنیایەکی تر» بە (پێشوازیە)وە دێت و نە مـرۆڤـیش لەم جیـهـانە. لە هەمـوو شوێنێکی عەرزی بەناوی «میوانخانەی شەو» یاد دەکرێ ئەمە خەم هێنەرترین وەسف کـردنی هیـوابڕانی ڕاوچییـەکە بە وەبیرهێنانەوەی ئەو کەمتر دەتوانین بیر لە بنەماڵەی ئایینی نەکەینەوە کە لەسەفەر بۆ مـیسردا ڕێیان نەدان بچنە میـوانخانە. هەر ئەو قـســـانەی ڕاوچی بە ڕواڵەت ئـامــاژەیەکــە بەوەی جەماوەری جیهان ئامۆژگارییەکانی مەسیح بۆ هەمیشە وەلا دەنێن، «لێرە کەس لە قسـەی من حاڵی نابێ، کەس یارمـەتی من نادا، تەنانەت ئەگـەر بە هەمـوو خـەڵکیش بڵــێین یارمـەتی من بدەن، هیچ دەرک و پەنجـێـرەیەک ناکرێتەوە، هەموو دەخزێنە نێو جێگەوبان و مەلافە وەسەر خۆیان دەکێشن، هەمـوو شوێنی ئەم گـۆ خۆڵـینە دەبێـتـە مـیـوانخـانەی شـەو. ئەم کـارەش بێ مـانا نییـە، چونکە کەس من ناناسێتەوە، ئەگەریش بمناسێتەوە، شوێنەکەم نازانێ، ئەگـەر شوێنەکەشم بزانێ، شێوەی هەڵسـوکەوت لەگــەڵ مندا نازانێ، نازانێ چۆن یارمـــەتی من بدا. ئەندێشـەی یارمـەتی دانی من جـۆرە نەخـۆشـینێکە بۆ چارەسەرکردنی، پێویستە لەنێو جێ و باندا ڕابکشێی».

وێـکچـــوونی ڕاوچی و مــــەســـیـح نە تەواوە و نە ڕاسـتەوخۆ. ئاماژەیەک دێتە ئاراوە زۆر ڕوونە، بەڵام نە هەڵگری سەلماندنە و نە داسەپاندن. خۆمان سەرپشکین لەوەی بیر بکەینەوە ڕاوچی مەسیحـە یان مرۆڤـایەتی، باشـتـرە بڵـێین، دەنگی هیـوابڕاوی مـرۆڤـایەتیـە کـە لە ئاخـاوتنی پڕ مـەترسی ڕاوچیدا، کـە چیـرۆکەکـە تەواو دەکات، دەبیسرێ. «من، لێرەم، لەوەش بەولاوە، نازانم، ئیتر پێی ڕۆشتنم نییە. پاپۆڕەکەی من فەرمانی نییە و بە بایەک کە لەدەرکانی ولاتی مەرگەوە هەڵدەکات وەرێ دەکەوێ.» دەتوانین وابێنینە بەرچاوی خۆمان کە نووسەر، چیـرۆکی شـێـوە ڕوانینی خـۆی بۆ چارەنووسی خـۆی لە گـراکـووسی ڕاوچیـدا پێشکەش دەکات. لە ڕاسـتیـدا کـاتێک سـەرنج دەدەینە ناوی ڕاوچی، یانی گـراکـووس، دەزانین کە ئەم شێوە ڕوانینە لە ڕاستی چیرۆک نێزیکترە.

له نێوان دوو کەسی ناودێری ڕۆمی، کە ناویان گراکووس بوو، یانی برایانی گراکی، کە لەمافی فەقیر و هەژار لە بەرامبەر مل هوڕان داکۆکیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی لە چیرۆکەکەدا ڕادەبڕێ هیچ چەشنە پێوەندییەک نییە، بەڵام وشەی لاتینی گراکووس بە مانای قاژووە و لە زمانی خەڵکی چەکدا، زمانێک کە کافکا دەسەڵاتی تەواوی بەسەردا هەبووە، بە قاژوو دەڵێن کافکا و قاژوو هەر ئەو مەلە ڕەشەیە کە لەسەر دەرانەی دوکانی باوکی کافکا لە پراگ کێشرا بۆوە و نیشانەی پیشەی بازرگانی باوکی لە قەڵەم دەدرا و کافکا زۆرتر بە خۆی دەوت قاژوو.

لەم چیرۆکەدا هیچ شتێک پڕ مەترسیتر لەو دەلیلە نییە کە بۆ بارودۆخی نالەباری ڕاوچی پێشکەش دەکرێ. «پاپۆڕی مەرگی من ڕێی هەڵەکرد، ئێستێ فەرمان بە هەڵە سووڕاوە، یان گەمیەوان ئیستێک هۆشی براوە...» بە هەرحاڵ «بەدبەختی» بوو. ڕاوچی لە وەڵامی شارەدار داکە دەپرسێ: «تۆ خۆت بە تاوانبار نازانیت؟» ڕاست و ڕەوان وەڵام دەداتەوە: «نەخێر» لە یاسای جوولەکە- مەسیحیدا شێوە دەربڕینێکی ڕەنجی مرۆ، لە تەک باوەڕ بەخوای بەخشندە هەیە، ئەمەیە کە دەڵێن ڕەنجی مرۆ کاردانەوەی ڕاستەوخۆی تاوانەکانی خۆیەتی، بەڵام ڕاوچی کاتێک شارەدار مەرگ تەنیا بەهۆی هەڵەی گەمیەوانەوە ڕێی هەڵە کردووە. هەڵبەتە هیچ بەڵگەیەک نییە کە بۆ دەبێ باوەڕ بە قسەی ڕاوچی بکەین بەو حاڵەش هەر بڕوای پێ دەکەین.

**ڕەنجی مرۆ کاردانەوەی ڕاستەوخۆی تاوانەکانی خۆیەتی**

نە ڕاوچی و نە چیرۆکەکەش ئاماژە بە شتێک ناکەن کە بوونی دنیای ئەولا ڕەت بکاتەوە. تەواو بە پێچەوانە، ڕاوچی یادی کارەکانی دەکاتەوە کە «بەرەکەتی» بووە. ئەو بە وتنی «پێپلیکانی بەرین و زۆر پان» و دەروازەی تروسکەدار ئاماژە دەکاتە «دنیایەکی تر»، بە شوێنێک کە بە ڕواڵەت شوێنی خوایە. مۆمێک کە لە ژوور سەری ڕاوچییە، مۆمی «عیشای ڕەبانیە» و لە ژیانی خەڵکی شاردا بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی بە زۆر داسەپاو دامەزراوە. لەگەڵ هەموو ئەوانە، ناسیاوەکانە دەپەرستێ و لەنێوان ئەو و مرۆڤدا بە ڕواڵەت پێوەندییەکی کەم هەیە.

بێگومان باوەڕ بە عالەمی خواوەندی هیچ هیوا و تامەزرۆییەک لە دڵی مرۆدا نابووژێنێتەوە. ژیان لە بەندەرێکی چووکە، لەگەڵ ئەوەدا کە جمووجۆڵی ئاسایی مرۆ دەگرێتە خۆی، بە ڕواڵەت لێپاولپە لە هیچی و پووچی پڕ مەترسی. کارگەلی خەڵکی کە لە بەشی هەوەڵی چیرۆکەکەدا وێنەیان کێشراوەتەوە، دەڵێن لە خەودان. ئەو کوڕانەی کە قەرەتاس دەکەن، پیاوێک کە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە کیژێک کە سەتڵەکەی خۆی لە کانی پڕ دەکات، ئەو پیاوانەی کە لە مەیخانە دەخۆنەوە، هەموویان وادێنە بەرچاو کە لە بۆشایی ژیاندان، لەگەڵ پەیکەرەکەی بینای بیرەوەری هاوبەشن. کاتێک کە پاپۆڕی مەرگ دەگاتێ، هەموو ئەو کارانەی کە لەگەڵ داب و نەریتی پێشوازی کردن لە ڕاوچی پێوەندیان هەیە بە وردی بەڕێوە دەچن، تەنانەت کۆترەکانیش دەورگێڕانی خۆیان دەزانن و «پەنجا کوڕە چکۆلە»ش کەم و زۆر دەزانن کە دەبێ لە تەنیشت یەک کۆببنەوە و دوو ڕیز بوێستن تاکو شارەدار بە نێوانیاندا تێپەڕێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بێجگە لەو کوڕەی کە «بەجێ پەنجەرەکەی کردەوە تا ئەوانەی وا خەریکبوون لەناو ماڵەکەدا ون دەبوون ببینێ، پاشان بە تاڵووکە پەنجەرەکەی پێوەدا»، هیچ کەس لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمدا، دڵە ڕاوکێی نییە. هەست دەکەین خەڵکی شار زۆر لە موسافیری پاپۆڕی مەرگ زیندووتر نین. تەنانەت ئەو لەوانیش نیگەرانترە، هەرچی بێ ڕاوچییەکی ناودێر بووە و تامی خۆشی چەژتووە هەنووکە بەردێنێکی نەتاشراوەوە، قژەسەری ئاڵۆز و ڕیشاڵ ڕیشاڵی چڵکن ڕاکێشاوە. ئەمە وەسفێکی قێزئاوی و سەیری بارودۆخی ڕاوچییە کە «بە چارەۆگەیەکی گەورەی گوڵگوڵی ڕیشکۆداری ژنێک» داپۆشراوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، بارودۆخی ئەو لە باری ئەندازەوە لەگەڵ بارودۆخی خەڵکی شار جیاوازە نە لە باری نەوعەوە.

ڕووداوەکانی چیرۆکی کافکا سەیر و جیا لە ڕەوتی کاری سروشتییە، بەم حاڵەش، ئێمە تەنیا بەم بۆنەوە ناتوانین پێی بڵێین خەیاڵاوی، واژەی «خەیاڵاوی» لای ئێمە شتێکی سرک و سەربەخۆ دروست دەکات، سەربەخۆیی زەین لە داوگەلی مەنتق و ڕاستی، لەکاتێکدا ئەم چیرۆکە هەوڵی ئەوەیەتی ئێمە ناچار

بکات هەست بە داماوی و یەخسیری کارگەلی بێ بایەخ و چارەسەر نەکراو بکەین، بەڵام ئەگەر جارێک هەستی بۆشایی و بێ مانا بوونی ژیانمان تەجرەبە کردووە، ئەگەر جارێک هەستمان کردووە کردەوەی ئێمە زۆرەملەییە و ئیختیاری خۆمان بەدەست خۆمان نییە، یان نەبێ هیچمان لە دەست نایەت و تەنیا ڕەنجمان کێشاوە، زۆر بە دژواری دەتوانی لەگەڵ هێزی خەیاڵی پڕ مەترسی کافکا لە هەستی و بوونی مرۆ، ڕووبەڕوو ببینەوە.

## دەقی چیرۆکەکە

دوو کوڕ لەسەر دیواری بەندەر دانیشتبوون، قەرە خاڵیان دەکرد. پیاوێک لەسەر پێپلیکانی بینایەکی بیرەوەری لەژێر سێبەری پاڵەوانێکی بەردین کە شمشێرەکەی لە کالان دەرهێنابوو، دانیشتبوو ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. کیژێک لەکانی سەتڵەکەی پڕ دەکرد. میوە فرۆش لە تەنیشت تەرازووەکەی ڕاکشابوو چاوی لە زەریا دەکرد. دو پیاو لە پەنجەرەی ئاوەڵا و دەرکەی مەیخانەکەوە دەبینران لە قوژبنێک دانیشتبوون شەرابیان دەخواردەوە. مەیخانەچی لەپێش دوکانەکەی، لە پشت مێزێک دانیشتبوو خەو نووچکە دەیبردەوە. پاپۆڕێک، وەک ئەوەی بەهۆی دەستێکی غەیبییەوە وەدیار کەوتبێ، بە هێوری لەوبەندەرە چووکە نێزیک دەبووەوە. پیاوێک بەچاکەتێکی شینەوە لە ڕۆخی زەریا هەڵکشاو تەنافێکی بە ئەڵقەیەکدا کرد. دو پیاوی تر بە کوتی ڕەشی دوگمە زێڕین لە پشت گەمیەوانەوە، تابووتێکیان خستە سەر شانیان کە بە ڕواڵەت پیاوێک لەناویدا ڕاکشابوو، قوماشێکی گوڵگوڵی ڕیشکۆداری هاوریشمی گەورەیان وەسەر کێشابوو.

لە بارئەندازی بەندەر هیچ کەس سەر ئەو تازە هاتووانە نەپەرژا. تەنانەت ئەو کاتەش کە تابووتەکەیان لەسەر عەرزی دانا و بۆ چاوەڕێی گەمیەوانەکە کە هێشتا سەرقاڵی ڕاستە و پاستە کردنی تەنافەکە بوو، وێستان، کەسێ لێیان نزیک نەبووەوە. کەسێک پرسیارێکی لێ نەکردن، کەسێک بە چاولێکردنێکی پشکێنەرانە هاودڵی لەگەڵ نەکردن. گەمیەوان سەرقاڵی کاروباری ئافرەتێک بوو کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو و ئێستە بە قژی ئاڵۆزکاوەوە لەسەر پاپۆڕەکە وەدیار کەوت. پیاوەکە ئەو جار چووە پێشەوە و ئاماژەی بە ماڵێکی دوو نهۆمی زەرد کرد کە لە ڕۆخی زەریا، بەلای دەستە چەپ، سازکرابوو. تابووت کێشەکان بارەکەی خۆیان هەڵ هێنا و تا بن دەرکی ماڵەکە بردیان، دەرکێکی چووکە کە چەند کوڵەگەیەکی بە شکۆی هەبوو. منداڵێک بە جێ پەنجەرەیەکی کردەوە تا ئەم کەسانە ببینێ کە خەریک بوون لەنێو ماڵەکەدا ون دەبوون، پاشان بەلاساری پەنجەرەکەی پێوەدا. دەرکەش کە لە داربەڕووی ڕەشی قایم سازکرابوو، داخرا، پۆلێ کۆتر کە بە دەوری بورجی کەنیسەدا دەفڕین، لەسەر شەقام، لەبەر دەرکە، نیشتنەوە، ئەوانە وەک ئەوەی بڵێی خواردەمەنیان لەم ماڵەدا عەمبار کردبێ، لە پێش دەرکە کۆبوونەوە. یەکێک لەو کۆترانە تا نهۆمی دووەم هەڵفڕی و دەنووکی لە پەنجەرەکەدا. کۆترەکان ڕەنگیان ڕووناک، دابەستە و جوان بوون. ئافرەتەکەی وا لەناو پاپۆڕەکە دانیشتبوو دەستی درێژ کرد و دانی بۆ ڕۆکردن، کۆترەکان دانەکەیان خوارد و بەرەو ئافرەتەکە هەڵفڕین.

پیاوێک کە شەپقەی لەسەر نابوو بە یەکێک لە کۆڵانە باریک و لێژەکاندا، بەرەو بەندەر، هاتە خوارێ. تیلمەپەڕۆیەکی ڕەشی لە کڵاوەکەی بەستبوو. ورد سەرەنجێکی دەوربەری دا، شتێک کە دەبێتە هۆی دڵتەنگی نەدەکەوتە بەرچاو، بە دیتنی کەمێک زبڵ و زاڵ لە سووچێک دەم و چاوی گرژ کرد. لەسەر پێپلیکانی بینای بیرەوەری توێکڵی میوە فڕێ درابوو، لە تەنیشتیانەوە تێپەڕی و بە گۆچان گسکی دان. لە دەرکی ماڵەکەیدا و هەروا بە دەستی کە دەسکێشێکی ڕەش شاردبوویەوە شەپقەکەی لەسەری داگرت. دەرکە خێرا کراوە و نزیک بە پەنجا منداڵی کوڕ، بە دوو ڕیز لە داڵانێکی درێژ، وەدیار کەوتن و کڕنۆشیان بۆ برد.

گەمیەوان لە پێپلیکانەوە هاتە خوارێ، سڵاوی لە پیاوە ڕەشپۆشەکە کرد، ئەوی بردە نهۆمی سەرەوە، لە ڕێڕەوێکی ڕووناک و جوانەوە کە بەدەوران دەوری حەوشەکەدا هاتبوو ڕێنموونی کرد و هەردووکیان، لەحاڵێکدا کوڕە چکۆلەکان بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕیز، کەمێک لەوان مەودایان گرتبوو بە پەلە بە شوێنیاندا دەهاتن، پێیان خستە ناو هۆدەیەکی فێنکی گەورە کە دەیڕوانییە سەریان. لە پەنجەرەی هۆدەکەوە جگە لە دیوارێکی بۆری مەیلە و ڕەشی سادە، هیچ ماڵێک دیار نەبوو.

تابووت کێشەکان سەرقاڵی دانان و داگیرساندنی چەند مۆمێکی درێژ لە ژوور سەری تابووتەکە بوون، مۆمەکان

کز و کەم نوور سێبەرە بێ هەست و خەستەکانی سەر دیواریان وەجوولە خست. قوماشی سەر تابووتەکە لادرابوو. پیاوێک کە تارادەیەک لە ڕاوچی دەچوو، بە قژەسەری نەرم و تیسکنییەوە تیایدا درێژ ببوو. بێ هەست و سست بوو وادیار بوو پشوو نادات و چاوەکانی قووچاوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا تەنیا داب و دەستووری دەوروبەری نیشانی دەدا کە مردووە.

ڕێزدار بە پیاسەکردن چووە سەر تابووتەکە، دەستی خستە سەر تەوێلی ئەو پیاوە کە لەناویدا درێژ ببوو، دواتر چۆکی دادا و دوعای خوێند. گەمیەوان ئاماژەی کردە تابووت کێشەکان تا لە ژوورەکە بچنە دەرەوە، ئەوان چوونەدەر، کوڕگەلیان کە لەدەرەوە کۆ ببوونەوە دوورخستەوە و دەرکەیان داخست، بەڵام وانەکەوتە بەرچاو کە ئەم کارە ڕێزداری ڕازی کردبێ، ئەو چاوێکی لە گەمیەوانەکە کرد، گەمیەوانەکە کەوتە خۆ و لە دەرکێکی نهێنییەوە لە ناو ژوورێکی تردا ون بوو. پیاوی ناو تابووتەکە خێرا چاوەکانی هەڵێنا. سەری بە نارەحەتییەوە بۆ لای ڕێزدا وەرسووڕاند و وتی: «تۆ کێی؟» ڕێزدار بەبێ ئەوەی تۆزێک سەری سووڕ بمێنێ هەستاو وتی: «شارەداری ڕیوا»

پیاوی ناو تابووتەکە سەری لەقاند، بە جووڵاندنی بێ هێزی دەستی ئاماژەی بە کورسیەک کرد و لە پاش ئەوەی شارەدار داواکەی ئەوی وەرگرت وتی: «هەڵبەتە ئەوە دەزانم، ئاغای شارەدار، شتێکی هەیە لەو چرکە ساتانەی سەرەتای وەهۆش هاتنەوەدا هەمیشە دوچاری فەرامۆشی دەبم، شتەکان لە پێش چاوم دەخولێنەوە، وا باشترە هەموو شتێک بپرسم، تەنانەت ئەگەر لە بیریشم بێ. تۆش ڕەنگە بزانی کە من گراکووسی ڕاوچیم.» شارەدار وتی: هەڵبەتە دوێشەو هەواڵی هاتنی تۆم پێگەیشت. ماوەیەک دەبوو کە خەوتبووین. دەمە و نیوەشەو خێزانم قیژاندی: «سالواتۆرە- منی بانگ دەکرد- چاو لەو کۆترەی بەر پەنجەرەکە. هەر بە ڕاست کۆتر بوو، وەک کەڵەشێرێک قەڵەو. بۆ لای هەڵفڕی و بە گوێمدا چپاندی: شەوەکی گراکووسی ڕاوچی مردوو دەگەڕێتەوە. بەناوی شارەوە بچۆ بۆ پێشوازی.»

ڕاوچی سەری لەقاند و لێوی بەسەر زمانی تەڕ کرد. وتی: «بەڵێ، کۆترەکان لێرە لەپێش من هەڵفڕین. بەڵام بە ڕای تۆ، ئاغای شارەدار من لە ڕیوا دەمێنمەوە؟»

شارەدار وەڵامی داوەوە: «هێشتا ناکرێ بڵێی، تۆ مردووی؟»

ڕاوچی وتی: «هەر بەو شێوەی کە دەیبینێ، بەڵێ. ڕاستییەکەی ساڵەهای ساڵ لەمەوبەر، من لە جەنگەڵی ڕەش، یانی لەئەڵمان هەر بەو شێوەیەی کە کەوتبوومە شوێن بزنەکێوی، لە هەڵدێرێکەوە بەر بوومەوە. لەو کاتەوە تا هەنووکە مردووم.»

شارەدار وتی «بەڵام تۆ زیندووشی؟».

ڕاوچی وتی: «لەلایەکەوە، من لە لایەنێکەوە زیندووشم. پاپۆڕی مەرگی من ڕێیەکەی هەڵە کرد، ئێستە فەرمانەکەی بەهەڵە سووڕاوە، یان گەمیەوانەکە ئێستێک هۆشی لێ براوە، یان تامەزرۆی دیتنی زێدی دایکم بووە هۆ، ناتوانم بڵێم، شتێک کە دەزانم ئەمەیە لەسەر عەرزی مامەوە و لەو کاتەوە پاپۆڕەکەی من، تا هەنووکە، بەسەر ئاوگەلی عەرزیەوە لە هاتوچۆدا بووە. ئەگەر وابێ، من کە هیچی باشترم لە ژیانی کوێستان نەویستووە، لە پاش مردن بە هەموو وڵاتانی ئەم گۆ خۆڵینەدا سەفەر دەکەم.»

شارەدار بڕۆکانی تێکنا. وتی: «یانی کارێکت لەو دنیایەدا نییە؟»

ڕاوچی وەڵامی داوە «من بەردەوام لەسەر پێپلیکانی گەورەی ئەو دنیا کە دەچێتەوە سەر دەروازەکە ڕاوێستاوم. لەسەر ئەو پێپلیکانە بێ حەد پان و بەرینە، چوار دەست و پێ، بۆ هەر لایەک دەڕۆم، جارێک بۆ سەرەوە، جارێک بۆ خوارەوە، جارێک بەدەستە ڕاست و جارێک بۆ چەپ، بەردەوام لەهاتوچۆدام. هەیبەتی ڕاوچی بووەتە پەپوولە. پێمەکەنن.»

شارەدار بۆ داکۆکی لە خۆی وتی: «پێناکەنم.»

ڕاوچی وتی: «زۆر کەرەم دەکەی. من بەردەوام لە هاتوچۆدام، بەڵام کاتێک زۆر بەرز هەڵدەفڕم و دەروازەکەی دەبینم کە لەپێش چاوم دەدرەوشێتەوە، لە پاپۆڕە کۆنەکەمدا، کە هێشتا غەریبانە لە قوڕ چەقیوە بە ئاگا دەبمەوە. لە ژوورەکەمدا درێژ بووم و تەنیا هەڵەی گەورەی مەرگم بە من پێدەکەنێ. ژولیا ژنی گەمیەوان، لە دەرکە دەدا و خواردنەوەی بەیانی وڵاتێک کە بە ڕێکەوت لە قەراخ ڕۆخی زەریاکەیەوە تێپەڕیون لەسەر تابووتەکە دادەنێ. من لەسەر دۆشەکێکی دار ڕاکشاوم، کفنێکی سپیم لەبەر کردووە- کەسێک لە چاوپێکەوتنم لەزەت نابا- مووی سەر و ڕیشم، کە ڕەش و جێ جێی بۆر بووە، یەکجار زۆر نەرم بووە، لەشم بە چارۆگەیەکی

گوڵگوڵی گەورەی ڕیشکۆداری ژنێک داپۆشراوە. مۆمی تاریکی هەوەڵی شـــەو لە ژوور ســـەرم دانراوە و ڕوونم دەکاتەوە. وێنەیەکی چووکە بە قەد دیواری ڕووبەڕوومەوە هەڵواسراوە کە بە ڕاشکاوی پیاوێکی قولەڕەش نیشان دەدا بە نێزەیەکەوە بەرەو ڕووی من سیلای گرتووەو بەلێزانی لە پشت قەڵغانێکی ڕەنگاوڕەنگی جوان خۆی حەشاردراوە. مرۆ کاتێک لەناو پاپۆڕدایە دوچاری خەیاڵاتێکی گەوجانە دەبێ و ئەم باسەی قولەڕەشەش ئیتر لە هەموو خەیاڵاتێک گەوجانەترە. جگە لەوەی وتم، یەغدانە دارینەکەی من بەتاڵ بەتاڵە. لە کونە دیواری تەنیشتمەوە بای گەرمی شەوی باشوور هەڵدەکا و من دەنگی هەڵپڕژانی ئاو بە سەر پاپۆڕە کۆنەکەمدا دەژنەوم. «ئەز گراکووسی ڕاوچی جەنگەڵی ڕەش، لە کاتێکەوە کەوتوومەتە دوای بزنەکێوی و لە هەڵدێرەوە بەربوومەتەوە، لێرە ڕاکشاوم.

ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕوویان دا شوێن بزنە کێوی کەوتم. بەربوومەوە. لە دۆڵەکەدا ئەوەندە خوێن لە لەشم ڕۆیی کە خەڵکی و ئەم پاپۆڕە بڕیار بووە من بەرن بۆ دنیایەکی تر. هێشتا لەبیرمە کە ڕۆژی ئەوەڵ بە چ کەیف و خۆشیەکەوە لەسەر ئەم دۆشەکە دارینەیە ڕاکشام. چیا گەل هیچ کاتێک، وەک ئەم چوار دیوارە تاریکە، گوێیان لەو گۆرانیانەی کە من وتوومە ڕانەگرتووە.

بە دڵنیاییەوە ژیاوم و بە دڵنیاییشەوە مردم. بەر لەوەی پێم بهاوێمە سەر ئەم پاپۆڕە، کیسە باروتە فەقیرەکەم، کۆڵەپشتی و تفەنگی ڕاوەکەم کە هەموو کاتێک بە شانازییەوە بە شانمدا دەکرد، بە دڵنیاییەوە وەڵام نا و چەشنی کیژێک کە چۆن جلی بووکێنیەکەی لەبەر دەکات کفنەکەم لەبەرکرد. ڕاکشام و چاوەڕوان بووم. ئەوکاتە بەدبەختی گەیشتە سەرم.»

شارەدار بە نیشانەی داکۆکی دەستی بەرزکردەوە وتی: «بەڵێ چارەنووسێکی پڕ مەترسیە، تۆ خۆت بە تاوانبار نازانیت؟» ڕاوچی وتی: «نا، من ڕاوچی بووم، کوێی ئەم کارە تاوانی هەبوو، من لە جەنگەڵی ڕەش کە لەو سەردەمەدا هێشتا گورگی لێنەبڕابوو، بە شوێن کاری خۆمەوە بووم. دەچوومە سیپەوە، سیلام دەگرت دەم ئەنگاوت و پێستی نێچیرەکانم کەوڵ دەکرد، کوێی ئەم کارە تاوانی هەبوو؟ کاری من بەرەکەتی هەبوو. ناوی ڕاوچی جەنگەڵی ڕەشیان لەسەر من دانابوو. کوێی ئەم کارە تاوانی هەبوو؟»

شارەدار وتی: «منیان بانگ نەکردووە بەم کارە ڕابگەم. ڕاستیەکەی، بە بڕوای منیش ئەم شتانە تاوانێکی نییە، بەڵام، بزانم، ئەی تاوان لە ئەستۆی کێدایە؟»

ڕاوچی وتی: «لە ئەستۆی گەمیەواندایە لێرە قسەکانی من ناخوێنێتەوە، کەسێک بەهاواری منەوە نایەت، تەنانەت ئەگەر بە گشت خەڵکی ڕابگەیەندرێ کە یارمەتی من بدەن، هیچ دەرک و پەنجەرەیەک ناکرێتەوە، هەموو دەچنە نێو جێ و بانەوە و چەرچەفەکان وەسەر خۆیان دەکێشن، هەموو شوێنی ئەم گۆ خۆڵینە دەبێتە میوانخانەی شەو. ئەم کارەش بێ مانا نییە، چونکە کەسێک من ناناسێتەوە و ئەگەر بشم ناسێتەوە، شوێنم نازانێ، ئەگەر شوێنەکەشم بزانێ، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ من نازانێ، نازانێ چۆن یارمەتی من بدا. فکری یارمەتی کردنی من جۆرە نەخۆشینێکە کە بۆ چارەسەرکردنی دەبێ لەناو جێ و باندا درێژ ببێ.

«ئەوانە دەزانم، هەر لەبەر ئەوەیە داوای یارمەتی لە کەس ناکەم، لەگەڵ ئەوەدا جاری وایە- وەک ئێستە کە سەرم لێ شێوا- بە ڕاستی دەکەومە فکرەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە چنگ ئەم فکرانە نەجاتم بێ تەنیا حەوجەم بە چاولێکردنێکی دەوروبەرم هەیە و بزانم لە کوێم و - بە دڵنیاییەوە بڵێم- سەدان ساڵ لەکوێ بووم.»

شارەدار وتی: «سەیرە، بڵێ بزانم ئایا پێت وایە لێرە، لە ڕیوا، لای ئێمە بمێنیتەوە؟»

ڕاوچی بە پێکەنینەوە وتی: «پێم وانییە» و بۆ ئەوە پاکانە بۆ خۆی بکات دەستی خستە سەر ڕانی شارەدار. وتی: «من لێرەم، لەوەش بەو لاوە، نازانم، هەروەها دەبێ بڵێم، پێی ڕۆشتنم نییە. پاپۆڕەکەی من فەرمانی نییە و بەو بایە کە دەرکەکانی ژێر وەڵاتی مەرگەوە هەڵدەکات دەڕوات.

**سەرچاوە:**
**گلشیری، احمد، داستان و نقد داستان، گزیده و ترجمه احمد گلشیری، تهران: مؤسسه‌ی انتشارات نگاه، ۱۳۷۸.**

# پاش سی ساڵ پێشەکیی چاپی دووەمی ڕۆمانی «پێشمەرگە»

مومتاز حەیدەری

ئەو پێشەکییە کە بە قەڵەمی دکتۆر عەلی گەلاوێژ بۆ چاپی دووەمی «ڕۆمانی پێشمەرگە»ی دکتۆر ڕەحیمی قازی نووسیویەتی، لە گۆڤاری ڕامانی ئازیزدا بۆ یەکەم جار پاش سی ساڵی خشت بڵاو دەکرێتەوە. دیارە پاش ئەو سی ساڵە و چاپ نەکردنی چاپی دووەمی ڕۆمانی پیشمەرگە و پێشەکییەکە، چیرۆکێکی تایبەتی خۆی هەیە ئەوە بۆتان دەگێڕمەوە:

ئەوەی ئاشکرایە لە مانگی ئاداری ١٩٧٤ دووبارە شەڕی وێرانکاری و داسەپاوی ڕژێمی خوێناوی بەعس دژی کوردستان، پاش کۆتایی هاتنی ماوەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠-١٩٧٤ دەستی پێکردەوە، هەڵبەت ڕەوشی کوردستان زۆر دژوار و ئاڵۆز بوو. منیش لە ڕوانگەی هەستێکی نەتەوەیی و بەرگرییەوە بیرم لەوە کردەوە ڕۆمانی پێشمەرگەی دکتۆر ڕەحیمی قازی لەسەر ئەرکی خۆم دووبارە چاپ بکەمەوە، ئەوەش بۆ خۆی بەبیرهێنانەوەی ناوی ڕۆمانەکەیە کە -پێشمەرگە-یە و ناوەرۆکەکەشی ڕەنگدانەوەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بڵاوکردنەوەشی کارێکی باش دەبێ، هاوکات حکومەتی بەعس -ئەو سەردەمە- زۆر دژی ئێران بوو، هەر چاپەمەنییەک لە دژی ئێران بوایە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەدا.. ئنجا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکەیە نامەیەکی تایبەتیم بۆ جەمشیدی برام نارد، کە ئەو سەردەمە لە سۆڤێتدا دەژیا، بۆ ئەوەی لە دکتۆر



**عەلی گەلاویژ**

ڕەحیمی قازی مۆڵەتی چاپکردنەوەی وەربگرێ هاوکات پێشەکییەکی تازەش بۆ چاپی دووەم بنووسێ، ئەویش – دکتۆر ڕەحیمی قازی – ئەو کارە بە دکتۆر عەلی گەلاویژ دەسپێری، زۆر بە کورتی وەڵامی بڕیاری چاپکردن و پێشەکییەکە لە ناوەڕاستی ئاداری ١٩٧٥ بە من گەیشت، ئەو کاتە کارەساتی تێکچوونی شۆڕشی کوردستان ڕوویدابوو، واتە بەیانی پیلانی جەزائیر لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٧٥ بڵاوکرایەوە. مێژووی نووسینی پێشەکییەکەی دکتۆر عەلی گەلاویژ ڕێکەوتی (١٩٧٥/٣/٣) بوو، دیارە پاش ڕێکەوتننامەی جەزائیر حکومەتی بەعسی عێراق بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا کە دژی ئێران چاپەمەنی بڵاوبکرێتەوە، بۆیە پرۆژەکە سەری نەگرت و نەمتوانی ڕۆمانەکە چاپ بکەم، واتە پێشەکییەکەی د. عەلی گەلاویژ لەلام مایەوە کە تا ئەمڕۆکە پاراستوومە، هەڵبەت لەم ڕۆژانەش ڕێکەوتی یادی ٦٠ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانە، جێی خۆیەتی ئەو پێشەکییە بڵاوبکرێتەوە. هەر وەک دکتۆر عەلی گەلاویژ باسی یادی سی ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەکات، بە ڕاستی ڕێکەوتێکی سەیرە. بەهەرحاڵ هیوام وایە ئەم پێشەکییە وەک دیکۆمێنتێکی ئەدەبی و سیاسی لە یادی شکۆداری ٦٠ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، نیشانەیەکی نەتەوەیی و وەفاداری بێت.

**٢٠٠٥/١٢/١٥**

**هەولێر/کوردستان**

**سەرەتا**

زۆربەی گەلەکانی ڕۆژهەڵات بۆ پەرەپێدانی ژانری (نوع)نوێ و بە تایبەتی ژانری ڕۆمان لە ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیاندا لە سەرەتای کاردا وەکو یەکەم هەنگاو لە وەرگێڕانی ڕۆمانی ئەوروپاییەوە دەستیان پێکردووە. نووسەرانی زۆربەی گەلەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕادەی یەکەمدا ڕۆمانی نووسەرانی هەندەرانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکەی خۆیان و پاش چەندین ساڵ ڕۆیین بەسەر ئەم ڕێگایەدا و وەدەستهێنانی سەر ڕشتە و زانستی نووسینی ڕۆمانی نوێ ئەم چەل ڕۆمانی سەربەستی نەتەوایەتیی خۆیان بە زمانی زگماکی نووسیوە.

ئەم جیهەتە هێشتا لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئەدەبی کوردیدا نابیندرێت. یانی وەرگێڕانی ئاساری ئەدەبی گەلەکانی تر (بە تایبەتی ڕۆمان) بە کوردی دەست پێ نەکراوە و ئەگەر جار و بار نووسراوەیەک وەرگێڕدرابێ هێندە کەم و بچووکە کە بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێداویستی پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی وەزنێکی چەندانی نییە. بێ شک نووسەرانی نیشتمانیی کوردستان بۆ لابردنی ئەم ناتەواوییە بیردەکەنەوە و وێڕای هەوڵدان بۆ نووسینی ڕۆمانی سەربەستی کوردی بۆ وەرگێڕانی چاکترین ئاساری دیموکراتی و شۆڕشگێڕی نەتەوەکانی تریش بە کوردی تێدەکۆشن.

لەم حاڵەدا، یانی لەسەردەمێکدا کە ژانری ڕۆمانی کوردی هێشتا لە چەند ڕۆمانێکی نووسەرانی کوردی سۆڤیەت (لە وێنەی مامۆستای بەڕێز عەرەب شامیلوف و هی تر) تێنەپەڕیوە هەر هەنگاوێک لەم ڕێگایەدا، با زۆر بچووک و کەموکوڕیش بێت، بەڵام خاوەنی نرخێکی مێژووییە. هەر لەم دیمەنەوە دەبێ سەرنجی ڕۆمانی «پێشمەرگە» بدرێت.

«پێشمەرگە» ئەسەری دوکتۆر ڕەحیمی قازییە. کاک ڕەحیم کوڕی ابو الحسن سیف القضاتە (بە واتەی کۆمەڵایەتی-سەیف) کە یەکێک لە هۆنەرانی بە دیمەنی موکریان، نەک هەر موکریان، بەڵکو تەواوی کوردستان بوو. هۆندراوەی سەیف کە بە شیعری

**ئەی کوردە تابەکەنگێ لە کێوان میسالی دێو**

**بێین و بچین و بۆمە نەبێ قەت خەدان و خێو**

دەست پێدەکات بەیانێکی سیاسی ڕاستەقینەیە کە بە سۆزی دڵەوە بۆ وە خەبەرهێنانی گەلی کورد نووسراوە.

نووسەری «پێشمەرگە» کە ئێستا لە تەمەنی پەنجا ساڵاندایە لە ساڵەکانی (١٩٤١-١٩٤٦)دا لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی ئێراندا بەشداربووە و گەلێک لە بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی بە چاوی خۆی دیوە. کۆششی ئەدەبی کاک ڕەحیمی قازی نزیکەی ٣٧ ساڵ لەمەو پێش و لە هۆندراوەوە دەستی پێکردووە. ڕێزە شێعرێک کە بە شێوەی «دەمە تەقە» نووسران بەروبووی ئەو دەمەی قەڵەمی وین. نووسەر لە پاشان پۆێمی «خلە»-ی هۆندۆتەوە و ئەوسا هاتۆتە سەر پەخشان. چەند بەشێک لە ڕۆمانی «دیپلۆمات» ئەسەری جێمس ئۆلدریجی، کە لەسەر بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان نووسراوە، وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. هەروەها لە کتێبەکەی ئوستون گەل «لە زینداندا و لە ئازادیدا» و لە ڕۆمانەکەی حاجی مراد موگویف «بەرەو لێوارەکانی دەجلە» و چەند نووسراوەی ئەدەبی تر چەند بەشێکی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا چاپ کراون.

ئەمانە و هەروەها زانینی ڕێ و شوێنی گەل و ناسیاوی لەگەڵ ژیانی دەرەبەگایەتیی کوردستان دەرفەتی بە نووسەر داوە کە «پێشمەرگە» بنووسێت.

«پێشمەرگە» دەکرێت بە چیرۆکێکی بەرین، یا بە ڕۆمانێکی بچووک بژمێردرێت. لەوێدا باسی بزووتنەوەی گەلی کوردستانی ئێران ساڵەکانی (١٩٤١-١٩٤٦) لە دژی ڕێ و شوێنی پاشایەتی و ئیمپریالیزم و ئیستیعمار دەکرێت. نووسەر بە دروستی نیشانی داوە کە یەکەم دوژمنی ژوورەوەی گەلی کوردستانی ئێران دەرەبەگەکان و حکومەتی پاشایەتی ئێرانە و یەکەم دوژمنی دەرەوەی ئیمپریالیزمی ئامریکا و ئینگلیسن، لەبەرانبەر ئەم دوژمنە خوێنخۆرانەدا دۆست و پشتیوانی ڕاستەقینەی گەلی کورد یەکەتیی سۆڤیەتی مەزنە. گەلی کورد بە تایبەتی ئەو سەد هەزاران و میلیۆن. میلیۆن ڕەنجبەرەیە کە بە ئارەقەی ناوچاوان ژیان پێک دەهێنی و هەر لەبەر ئەمەیش بە دڵێکی پاک و ئیرادەیەکی نەبەزەوە بۆ ئازادیی ڕاستەقینەی کوردستان خەبات دەکەن. لە «پێشمەرگە»دا یەکەتیی گەلەکان و هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران و بە تایبەتی دۆستایەتی کورد و ئازەربایجان وەکو زامنی بە هێزی ئازادیی تەواوی گەلەکانی ئێران بە ڕووناکی نیشان دراوە. تەواوی ئەمانە ناوەرۆکی دیموکراتی و شۆڕشگێڕانەی «پێشمەرگە» دیاری دەکەن.

لە باری شکڵیشەوە «پێشمەرگە» بە کوردییەکی پەتی، شێوەیەکی ڕێک و پێک و ڕاوێژێکی تەڕ و پارا و نووسراوە. قسەکانی زگماکن بیرەکان کۆمەڵایەتین، ئینسانەکان هەر ئەو پیرۆتە و باپیر و پیرۆز و گوڵەباخەن کە لە گوند و باژێڕەکانی کوردستان هەزار و سەد هەزارن.

«پێشمەرگە» جارێک لە یەریڤان پێتەختی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت بە ناوی «هۆشیاربوون» و جارێک لە کۆماری عیراق بە زمانی کوردی و جارێک لە شاری باکۆی پایتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت بە زمانی ئازەربایجانی چاپ کراوە. چاپکرانەوەی ئەم کتێبە بۆ جاری دووهەم بە زمانی کوردی لە کۆماری عیراق، بە تایبەتی لەم کاتە بە هەستەدا کە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی بۆ تێکدانی برایەتی کورد و عەرەب هەموو هێزی خۆیان وەکارخستووە، نرخێکی جیاوازی هەیە.

«پێشمەرگە» کە لە قەڵەمی نووسەرێکی موکریانی تکاوە تەبعەن دەبوو یەکەم جار لە کوردستانی ئێراندا چاپ بکرێت. بەڵام لەبەر ڕەشەکوژە و زەبروزەنگی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران هێشتا ئەم کتێبە نیشتمانی نووسەرەکەی خۆی نەدیوە. ئەم هەنگاوەی کورد و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی کۆماری عیراق کە بۆ جاری دووهەم «پێشمەرگە» چاپ دەکەنەوە جێگای سوپاسە.

چاپکرانەوەی «پێشمەرگە» لەگەڵ کاتێک ڕێک دەکەوێت کە ٣٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری مەهاباد ڕادەبرێت. ئەمە دیارییەکە بۆ یادی ئەو ڕۆژە مێژووییە. بێ شک خوێندەوارانی دڵسۆزی کوردستان «پێشمەرگە» دەخوێننەوە، کۆماری مەهاباد کە ڕووناکترین لاپەڕەی مێژووی نوێی گەلی کوردە وە بیر دەخەنەوە و بەو ڕێگای دروستەدا کە سەرەتاکەی بەم کۆمارە دامەزراوە بەرەوپێش دەڕۆن.

**عەلی گەلاوێژ**

**٣ی مارسی ١٩٧٥**

# ئارەزووی خوێندنەوە و چۆنیەتی پەرەپێدانی لای منداڵ

مندالآن پیـــاوی دوارۆژن، پێـــشکەوتنی مـــیللەت دەکەوێتە ئەستۆیان، بۆیە پێویستە بەشێوەیەک پەروەردە و ئامـادە بکرێن تاکـو ببنە خـاوەن ئەقـلـێکی ڕۆشن و فرەوان، هەروەها پشت بە دەردەستکردنی زانستی ببەستن بۆ پەرەپێـدانی ئەم وزەیە و خـوێندنەوە بەشـداریـیـەکی کاریگەری هەیە بۆ سەر پێکهێنانی کەسایەتی.

ئارەزووش دیاردەیەکی سـایکۆلوژییـە بەپێی تەمـەنی منداڵ دەگـۆڕێت. زانای دەروونزانی (مـاری) جـەخت لەسـەر تەمـەن دەکـات وەک فـاکـتـەرێکی گـرنگ بۆ دیاریکردنی ئارەزووەکان.

بۆ ئەوەی ئارەزووی خـــوێندنەوە لای منداڵ پەرەپێ بدەین پێـویسـتـە قۆناغـەکـانی گەشەکردنی ئەقڵی منداڵ شی بکەینەوە تاکو پێویستییەکانی هەر قۆناغێک دیاری بکەین.

**قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەقڵی منداڵ بەپێی بۆچوونی (بیاجیێ) ئەمانەن:**

١- قـۆناغی گـەشـەکـردنی ئەقـڵی و هەسـتکردنی جـــوولەیی (٠-٢ ســـاڵ): منداڵ لەم قـــۆناغـــەدا پێـشکەوتنێکی فـرەوان لە تواناکـانی ئەقـڵی بەدەست دەهێنێت وەک ڕێگایەک بۆ قۆناغی بیرکردنەوەی ئەقڵی پێشکەوتوو لە قۆناغی دواتر، منداڵ لەسەرەتادا ڕەگەزە یەکەمەکانی ڕەفتاری ئەقڵی فێردەبێت ئەمەش بەپشت بەستن بە هەستەکانی، هەروەها تێگەیشتنی ڕەمزەکانی زمان لای پێک دێت. وە بەهۆی خاسیەتە هەستییەکان زانیارییە ئەقڵییەکان وەردەگرێت، لە پاشان لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا وشەکان لای گەشە دەکات و شوێنی شتەکان دەگرێتەوە و لەسەر بناغەی ناوەکان خاسیەتەکانی ماددی

زەیتۆ شێخانی

دەرک دەکات. بۆیە ئەم قۆناغە سەرەتایەکی ئەقڵییە بۆ گەشەکردن و وەرگرتنی زمان و توانای بۆ دەرککردنی ناوە سادەکان، بەم شێوەیە منداڵ ئارەزوویەکی زۆری لا دروست دەبێت بۆ دەرککردنی هەندێک وشە.

منداڵ لەساڵی یەکەمی ژیانیدا گرنگییەکی سەرپێی بە پەرتووکەکان دەدات، بەڵام لە پانزە مانگیدا گرنگییەکی زۆر بە وێنە دەدات، بۆیە هەڵدەستێت بە ئاواکردنی لاپەڕەکان و سەیرکردنی وێنەکان، بەم جۆرە منداڵ لەم تەمەنەدا تەنیا ئەم شتانە دەناسێتەوە کە وێنەکەی دەبینێت.

لەو کاتەی دەگاتە هەژدە مانگی لەگەڵ بەکارهێنانی وێنە چەند وشەیەک لەناخەوە دەردەچێت بۆ لاساییکردنەوەی دەنگی کردەوەیەک. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی دەردەستکردنی زمان، چونکە پرسیار دەربارەی وێنەکان لە گەوران دەکات. بەم شێوەیە وێنە دەبێتە شێوازێک منداڵ سوودی لێ وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان، بۆیە پێویستە لەم قۆناغەدا پەرتووک و گۆڤاری پڕ وێنەی بە مانا بۆ منداڵ دابین بکرێت.

کە دەگاتە دووساڵ قۆناغی حەزکردن بە کورتە چیرۆکی سادە دەست پێ دەکات.

٢- قۆناغی بیرکردنەوەی بۆچوونی کە پەیوەستە بە چەمکە تەواوەکان ئەمەش لە چەند قۆناغێک پێک هاتووە کە ئەمانەن:

**أ- قۆناغی پێش چەمکەکان (٢-٤ ساڵ):**

لە ڕوخسارەکانی ئەم قۆناغە خێرایی گەشەکردنی بیرکردنەوەی هەستییە. منداڵ بەردەوام پشت بە هەستەکان و ماسوولکەکان دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانارییەکان لە ژینگەکەی. بەرەوپێش چوونی گەشەکردنی زمانی ڕووی دەرەوەی هەستییەکەیەتی کە بەهۆی گەشەکردنی ئەقڵییە، ئەمەش زۆر بەزەقی لەم قۆناغە لای منداڵ دەردەکەوێت. وە منداڵ بەقسەکانی دەتوانێت ڕستەی زۆر سادە دروست بکات، لە پاشان تێگەیشتنی بیستن بەرەبەرە گەشە دەکات بەپێی ئەم بڕە وشانەی کە گەورەکان ئاراستەی دەکەن. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە منداڵانی ئەم قۆناغە حەزی پرسیارکردنە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێرکردنی پاڵنەری زان خوازی و ئارەزووی زکماکی بۆ زانینی شاراوەکان. وە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان لە گوێگرتن لە چیرۆک و وتە ئاسانەکان و گۆرانی و سروودی بۆنەکان خۆشی وەردەگرن.

بەپێی پێویستییەکانی ئەم قۆناغە ئەو پەرتووک و گۆڤارانەی بۆیان دەخوێندرێتەوە پێویستە وتە سادەبن و پڕبن لە گۆرانی و سروودی بۆنەکان کە منداڵ حەزی لێ دەکات.

**ب- قۆناغی بەهرە (الحدس) (٤-٧ ساڵ):**

لەم قۆناغەدا منداڵ دەچێتە قۆناغی کردارە هەستییەکان، واتە کردارە هەستییەکانی ئەقڵی، کە وەستاوەتە سەر بەکارهێنانی چەمکەکان. ئەم قۆناغە هەموو تەمەنی مرۆڤ دەگرێتەوە. هەروەها بیرکردنەوەی منداڵ دەگاتە قۆناغێکی ئاڵۆزتر، بۆیە وێنەی زیاتر دەرک دەکات و چەمکی فرەوانتر دروست دەکات، بەڵام تێگەیشتنی بۆ دەرککراوەکان پشت دەبەستێت بە بیندراوەکان. واتە جەخت دەکاتە سەر دەرککراوە دەمارییەکان، ئەمەش وای لێ دەکات بیر لە گیروگرفتەکان بکاتەوە بەبێ ئەوەی خاسیەتە هەست پێکراوەکانی شتەکان هەڵبخەڵەتێن. بەم شێوەیە پاڵنەری زان خوازی بەهێزتر و زیاتر دەبێت، منداڵ لەم قۆناغە دێتە پێشەوە بۆ تێرکردنی ئەم ئارەزووە زکماکییە بۆ پشکنینی ژینگەی دەوروپشتی و زانینی ناوەرۆکەکەی بۆیە حەز لە گوێگرتن لە چیرۆک و وتەی کورت دەکات کە باسی کەسایەتییە ناسراوەکان لە گیاندار و مرۆڤ دەکات، ئەمەش وای لێ دەکات کە زانستی زیاد بکات و دەرککردن و بۆچوونەکانی فرەوان بێت.

لە ناوەندی ئەم قۆناغە خەیاڵی منداڵ دەست بە گەشەکردنێکی خێرا دەکات و هێزی خەیاڵەکەش وای لێ دەکات حەز لە گوێگرتن لە چیرۆکی خەیاڵی بکات دەربارەی جن و دێو و گورگ و ڕێوی.... تاد. ئەم چیرۆکانەش پێویستە لەسەر زمانی گیانداران بێت.

زانای دەروونزانی (ولسن) لە توێژینەوەیەکی لەسەر کۆمەڵێک منداڵ دەریخستووە کە منداڵان لەم قۆناغەدا زیاتر حەز لە چیرۆکی گیانداران و سروشت دەکەن. هەروەها ئەم قۆناغە بە قۆناغی وێژینگی تەواوی بێ ئاگایی (الوهم التام اللاشعوري) دادەنێت، چونکە منداڵ وا دەزانێت شتەکانی سروشت لە گیان و بێ گیان وەکو ئەو هەست دەکەن و دەژین.

بۆیە حەز لە چیرۆکی خەیاڵی دەکات، هەروەها وا دەزانێت ئەم چیرۆکانە واقعین، ئەم جیهانەی خەیاڵ بە بەهادارتر دادەنێت لە جیهانی واقع.

**ج- قۆناغی کردارەکانی بۆچوونی هەست پێکراو (٧-١٢ساڵ):**

لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا گەشەکردنی جەستەیی خێرا دەبێت، لە تەمەنی هەشت ساڵی گەشەی ئەقڵی لەسەرخۆ دەبێت، بەڵام توانای بۆ وریابوونەوەی ویستی بەرەبەرە زیاد دەبێت، بۆیە دەتوانێت بیری خۆی گۆشەگیر بکات بەو شتەی کە لەژێر دەستیدایە، هەر لەبەر ئەمە دەتوانن سوود لە وریابوونەوەی ویستی و گۆشەگیری بیری وەرگرین بۆ ڕاهێنانی لەسەر خوێندنەوەی چیرۆک. لەم

قۆناغە منداڵ قۆناغی ناسینی ژینگەی واقعی لە ماڵ و کۆڵان و گەڕەک بڕیوە، بەڵام هێشتا تێنووی شتێکی ترە، پێش دیاردە واقعیەکان، ئەویش ژینگەی خەیاڵە کە زۆر بیری لێ دەکاتەوە، ئەم بیرکردنەوە دەگاتە بەرزترین پلە، بۆیە پێی دەوترێت (قۆناغی خەیاڵی ئازاد)، لە تەمەنی (٩) ساڵی گۆڕانکارییەک لە خەیاڵی منداڵ ڕوو دەدات و بەرەو واقعیبوون دەچێت بەتایبەتی لای کوڕان، بۆیە دەبینین حەز لە چیرۆکی وا دەکەن کە بەشێوەیەکی گشتی باسی ژیانی گەنجان دەکات، لێرەدا منداڵ هاندەدرێت بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی واقعی، بەتایبەتی ئەگەر توانای خوێندنەوەی منداڵ باش بوو، خوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە لەم قۆناغەدا شتێکی گران نییە. لە تەمەنی (١٠) ساڵی لەوانەیە کوڕ بەتەواوی واز لە چیرۆکی خەیاڵی بهێنن، بەڵام کچان لەم تەمەنەدا گرنگی بەم جۆرە چیرۆکانە دەدەن کە باسی گەشتوگوزار و دابونەریتی نەتەوەکانی تر دەکات، لێرەدا دەتوانین سوود لەم توانایەی کچان وەرگرین و هانیان بدەین بۆ خوێندنەوەی جوگرافیا و مێژوو، بەڵام کوڕان لەم تەمەنەدا حەز لە داهێنان و شتی میکانیکی دەکەن، بۆیە دەتوانین کێشیان بکەین بۆ خوێندنەوەی زانستی ئەزموونی (التجريبي).

لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا گەشەکردنی هەستی بەشێوەیەکی دیار لای منداڵ لەسەرخۆ دەبێت، بەڵام گەشەی ئەقڵی زۆر خێرا دەبێت. بۆیە لێرەدا هەموو وزەکان ئاڕاستەی ئەو چالاکییانە دەکرێت کە گەشەی دەماخی تێدا بێت، هەروەها بەرەبەرە توانای بۆ وریابوونی ویستی زیاد دەبێت، بەم شێوەیە منداڵ دەتوانێت هەموو بیرکردنەوەی خۆی گۆشەگیر بکات بۆ هەر کارێکی ئەقڵی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە پێشوو، بەڵام ئێستاش ناتوانێت ڕووداوە مێژووییەکان و ڕاستییە زانستییەکان لەبیری خۆی بپارێزێت.

کە منداڵ دەگاتە تەمەنی (١١) ساڵان ئارەزووی شەڕانگێزی و خۆسەپاندنی بەهێز دەبێت، بۆیە پاڵەوانانی خۆش دەوێت و دەربارەیان دەخوێنێتەوەو لاساییان دەکاتەوە. شایانی باسە ئەم قۆناغە بە قۆناغی (پاڵەوانی) دەناسرێت و بابەت هەڵبژاردنیش بۆ ئەم قۆناغە پێویستە زۆر بە وردی بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی خۆ فەوتاندن و وەستان دژ بە یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە تەمەنی (١١)ساڵیدا گۆڕانکارییەکی تر لە ئارەزووەکانیان ڕوودەدات، ئەویش خوێندنەوەو بەکارهێنانی ئەو پەرتووکانەیە کە پڕن لە نوکتە، بەڵام ئەم ئارەزووە جێگای مەترسییە ئەگەر کۆمەڵێکی خراپ لە گاڵتە و گەپ بەسەریاندا زاڵ بوو.

خوێندنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە هەموو منداڵێک دەگرێتەوە جا ئەو منداڵە ژیر بێت یان دەبەنگ، بەڵام کچان حەز بەخوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆکانە دەکەن کە باسی ژیانی خێزانی دەکات، هەروەها کچان وەکو کوڕان حەز لە خوێندنەوەی چیرۆکی پاڵەوانیەتی دەکەن، بەڵام ناتوانن بەردەوام بن لە خوێندنەوەی چیرۆک دەربارەی تۆژینەوەی زانستی و کچان حەز لە چیرۆک دەکەن دەربارەی کەسایەتی واقعی و چیرۆک دەربارەی گیانداران، چونکە لایەنی ویژدانیان دەبزوێنێت و حەز لە چیرۆکی خۆشەویستی دەکەن، هەروەها زیاتر لە کوڕان حەز لە چیرۆکی ئایینی دەکەن.

دوای خستنە ڕووی قۆناغەکانی گەشەی ئەقڵی منداڵ و ئارەزووەکانی هەر قۆناغێک پێویستە هەندێک تێبینی بخەینە ڕوو:

* هەموو تاکێک لە قۆناغی منداڵیدا حەز لە چیرۆکی خەیاڵی دەکات، بۆیە پێویستە ئەم جۆرە پەرتووکانەی بۆ دابین بکرێت، بەڵام بەخێوکاران و مامۆستایانی دەبێت پێی بڵێن ئەمە خەیاڵە و دوورە لە واقع.

* بۆ ئەوەی پەرە بە ئارەزووی خوێندنەوەی منداڵ بدەین پێویستە گرنگی بە هەموو قۆناغەکان بدرێت و پێداویستییەکانیان دابین بکرێت هەر لە قۆناغی لاپەڕە ئاواکردن و سەیرکردنی وێنەکان تاکو دابینکردنی پەرتووکە جیاجیاکان.

* ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵان لە پرۆگرامەکانی خوێندن دادەنرێن و لە گۆڤارەکان بڵاودەکرێنەوە پێویستە بە وردی هەڵبژێردرێت، چونکە هەندێک چیرۆک دەبنە هۆی ڕواندنی ترس لە دەروونی منداڵ و کاریگەری سلبی دەبێت بۆ سەر کەسایەتیەکەی.

* بۆ هەر قۆناغێک پێویستە جۆرە چیرۆکێکی دیاریکراو دابین بکرێت ئەگەر بەم شێوە نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی بێزاربوون و وازهێنان لە خوێندنەوە.

سەرچاوەکان:

**١- الخفاجي. محمد حسن، سيكولوجية ميول الاطفال القرائية، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٤.**

**٢- د. العظماوي. ابراهيم كاظم، النمو النفسي للطفل، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٤.**

**٣- لندال دافيدف، (ترجمة د. سيد الطواب، د. محمود عمر و آخرون)، مدخل علم النفس، ط ٤، دار مكجروهيل للنشر، القاهرة ١٩٨٣.**

# سیمبۆلیزم
# دەربڕینی نەبینراو بە هێما و زاڵبوونی بیر بەسەر واقیعدا

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

سیمبۆلیزم یان ڕەمزییەت لە وشەیەکی یۆنانییەوە هاتووە و یەکێکە لە بەهێزترین لایەنی ئەدەبی لە ئەوروپا کە ڕێبازێکی ئەدەبییە لە شوێنی واقیعیەتدا دەوەستێ لە لایەنی ئایدیالی و ڕۆحییەوە کە تەمومژاوی دەردەبڕدرێت و گۆکردنی لێ زیندوو دەکرێتەوە بە مانای «ئیحاء» واتە زیندووکردنەوە. سیمبۆلیزم ڕوونکردنەوە و دەرخستنی جیهانی دوور و نادیارە بە ڕەمز و نیشانە و لایەنی ئەوپەڕی و بەرانبەرە بە سروشت لەلایەنی بەکارهێنانی و فۆتۆگرافییەوە. «ئارنۆلد هاوزەر» لە پێناسەی سیمبۆلیزمدا دەڵێ: «لە کاریگەرییەکانی بیستن و بینیندا (انطباعیة)، هەروەها لە تێکەڵبوون و کۆبوونەوەی لەنێوان هەستدەرە جیاوازەکان و لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکی گۆڕاوە لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی هونەرییدا.»

ئەم ڕێبازە لە ئەنجامی بەرەوڕووبوونی ناتۆرالیزم دەگەڵ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی نوێ و سەرنەکەوتنی لە دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕۆشن بۆ سەردەرکردن لە گێژاوی ئاڵوگۆڕییەکاندا لەساڵی ١٨٨٠ لە فەڕەنسا سەری هەڵدا و لە ئەدەبی ئەوروپا شوێن پێی خۆی بەتەواوی کردەوە. ئەگەرچی ناتۆرالیزم توانی پەردە لەسەر ئەو دزێوی و گڵاوی و پەرتوبڵاوییە هەڵماڵێ کە باڵی بەسەر جیهانی بۆرژوازیدا کێشابوو، بەڵام نەیتوانی پێنگاف بەرەو دوورتر و قووڵتر بهاوێ و ئەو هێزانە دەستنیشان بکات کە دەیانتوانی ئەو کۆمەڵە بگۆڕن و سۆشیالیزم دامەزرێنن، لە ئەنجامدا ناتۆرالیستەکان بەناچاری بەرەو ئەم ڕێبازە ڕۆیشتن و پەناگای ئایدیۆلۆژیی خۆیان لە فەلسەفەی ئایدیالیزمدا دۆزییەوە.

ڕەوتی ڕەمزییەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە تیۆری

ئایدیالی ئەفلاتوونەوە بەندە، لە زۆر جەمسەریشەوە بە فەلسەفەی «کانت» و تیۆری «هیگڵ»ەوە لکاوە، ئەم هەڵوێستە ئایدیالەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە بە باوەڕی ئەوان ئەو جیهانە بابەتییەی حەواسەکانمان دەرکی پێدەکەن وێنەیەکی ناچەسپاو و بگۆڕە و شێواوی جیهانێکی ئایدیالی ترە کە بە حەواس دەرکی پێناکرێ و تەنیا لە ڕێگەی ئەبستراکت و هێزی خەیاڵەوە پەی پێ دەبردرێت. جیهانی ماتریال و جەوهەری شتەکان بە پێی ڕواڵەتە ماتریالیسیەکانیان دەگۆڕێن، بەڵام لە جەوهەردا لێک نزیک دەبنەوە چونکە جەوهەری شتەکان بەشێکە لەو جەوهەرە ئایدیالییەی لێیەوە پەیدابوون.

سیمبۆلیستەکان هیوایەکی زۆریان هەبوو کە بگەنە ئەو ڕێگەیەی کە گوزارشت لە زۆر شت بکەن ئەوەی کە حەواسەکان ناتوانن تەعبیری لێ بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی بەخشینی مۆسیقایەکی تایبەتی بە شیعر وای لێبکات شاراوە بێت و عەقڵ زوو تێی نەگات. ئەوان ڕێگەی عەقڵ و فیکریان ڕەت کردەوە و باوەڕیان بەوە هەبوو کە مرۆڤ لە بێ ئاگاییدایە وەک لەکاتی خەون بینین یان خەیاڵکردن و زۆر لەو عەواتیفانەی کە لە کۆنترۆڵی مرۆڤەوە دووره.

سیمبۆلیزمەکان بڕوایان وابوو کە مرۆ لەکاتی بێ ئاگاییدا دەتوانێ بە ئازادی گوزارشت لەوە بکات کە دەیەوێ، لەکاتێکدا ئەم جیهانە واقیعیە کە تێیدا دەژین ناتوانین بە زۆربەی ئارەزووەکانمان بگەین، ئەم تێڕوانینە لەگەڵ «انطباعیە»کان یەک دەگرێتەوە، سیمبۆلیستەکان دەیانویست و بانگەوازیان بۆ ئەوە بوو کە ئەو شتانەی لەلایەن حەواسەکانمان دەرکی پێدەکرێ بخرێتە پشت گوێ و ئەوانە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە و باسکردن کە حەواسەکانمان هەستی پێناکەن و بۆ خەڵکی ڕوون بکرێنەوە و تاموچێژی تایبەتی پێ ببەخشێ، واتە بە جیهانێکی تر لە قەڵەم بدرێن.

«کارل یانج» وای دەبینێ کە ڕەمزییەت لە شعوور و لاشعوورەوە هاتووە، «گۆتە»ش یەکەمین کەسە کەبە شێوەی نوێ و ئەدەبییانە وشەی ڕەمزییەتی دیاری کرد و لەساڵی ۱۸۹۷ وا دەبینرێت کە ڕەمزییەت پێکەوە نان و تاموچێژ و بابەت و هونەر و سروشت و ئەم سەیرکردنەش بۆ ئەم ڕێبازە کە نەزعەی ئایدیالی دادەنرێ کە جیهانی دەرەوە دەگەیەنێت بە ڕەمزییەتی هەستەکانی و «کۆڵردج» وا دادەنێ کە ڕەمزییەت جیاکردنەوەی ئەندێشەو خەیاڵ بێت، ئەم هەوڵ و تەقەلایانەش وای کرد کە ئەم ڕێبازە لە زۆر بواری ئەدەبی بەدیار بکەوێ. سەرهەڵدانی سیمبۆلیزمیش لە فەرەنسا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئەدەبی سۆفیگەریانەی ئینگلیزی و قوتابخانەی وێنەیی و ڕەمزی لە ئەمریکادا.

ڕەمزییەت وەک مەزهەبێکی ئەدەبی نەوەستا لەسەر لایەنی زمانەوانی و دەربڕینی خودی بەهۆی ئەندێشە و پێشبینی، بەڵکو گیروگرفتی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی گشتی گرتە خۆی و بەهۆی ئەندێشەوە چارەسەری کرد.

سروشت پڕیەتی لە شتی نامەفهووم و نهێنی، لەبەرئەوە باشتر وایە ئەدەبیش بەو جۆرە بێ، نووسەر گەنجینەی سەدان هەڵچوونە کە لە هەموو لایەکەوە دەڕژێنە ناو دەروونیەوە. زمانیش دەستەوەستان نییە لەوەی ئەم هەڵچوونانە بەچەند وێنەیەکی دیاریکراو دەرببڕێ و پیشانی بدات بەوێنەیەکی شاراوەوە، چونکە دەربڕینی جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوەی دەروونی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کارێکە هەرگیز لە تواناداً نییە، ئەوەندە نەبێ دەتوانرێ بە هۆی سرووشەوە کۆمەڵێ وێنە بنەخشێنێ کە حاڵەتی ویژدانی و تایبەتییە نهێنییەکان دەردەبڕن. سەرەتا هەندێ شاعیر پەیڕەوی ئەم ڕەمزییەیان دەکرد و لە شیعر و بابەتەکانیان بەکاریان دەهێناو بە بەشێکی نەگونجاو دادەنرا لە وێنەکێشانی شیعری، بەڵام پاش ئەوە شاعیرانی وەک «ڕامبۆ، ڤێرلین، مالارمێ، بۆجاردین، جان مۆریاس، نەناتۆل باجیۆ، ڤیرمان گریک، گۆستان کان، شارل مۆربس و گەلێکی تر» پاش ماندووبوونێکی زۆر پەیڕەوی ئەم ڕێبازەیان کرد.

ڤێرلین ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە ڕێگە کردنەوە لەبەردەم ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە ساڵانی ۱۸۸۲- ۱۸۸۳ و بەدامەزرێنەری بەردی بناغەی «تیۆرە هێماییەکان» دادەنرێ کە لەسەر دەستی ئەو بنەڕەتی گشتیی ئەم ڕێبازە بەدیار کەوت و بنەڕەتی سەرەکیی ڕێبازی هێمایی لە ڕەخنەسازیدا، کاردانەوەیەکە دژ بە بنەڕەتی پەرناسی کە بڕوای بە نموونە و میسالی بەرز لە هونەردا هەیە. بنەڕەتە گشتییەکانی ڕێبازی هێمایی کە بەزۆری «ڤێرلین» نووسیوبەتیەوە، بەرهەمێکی تیۆرین و خوێنەر بەئاسانی تێیان ناگا، بۆیە هەر لێرەوە ڕێگای پراکتیک دەگرنەبەر. ناوبراو ژمارەیەکی زۆر لە شیعر و چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە کە ئەدگاری پەیڕەوی تەوژمی نوێیەو، لە زنجیرەیەک وتاردا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە چاوپێخشاندنەوە بەکارەکانی مالارمێ و ڕامبۆدا.

«ستیڤان مالارمێ»ش یەکێکە لەناودارانی ڕێبازی سیمبۆلیزم، لە بەرهەم و داهێنانەکانیدا نەزمی بەکارهێناوە و زۆر حەزی دەکرد ببێتە شاعیرێکی مەزن، لەسەردەستی ئەو، شێوەی هونەری تەواوبوو و زۆر کاریگەر بوو بە قوتابخانەی ئایدیالی ئەڵمانی،

لەسەرووبان هیگڵ و کانت، لە پەرناسیەت جیابووەوە و بەرامبەر بەجیهانی بینراو کوفری دەکرد و هەوڵی گەیشتنی ئایدیالی دەدا بەڕێبازی سۆفیگەرانە، کە تێیدا شیعر لە هەمبەر خەیاڵ چۆک دادەدا و شاعیریش دەبێ زمانێکی تەواو نوێ و نامۆی هەبێ.

وشەکان لای شاعیر نرخی وەسفیان نەما، بەڵکو نرخێکی زیندووکەرەوەی هەبوو، تیۆری ڕەمزییەتیش بلیمەتیی مالارمێی بەستەوە، بۆیە نەزعەی ڕەشبینی لە هۆنراوەکانی کۆتاییدا خۆی نواند و هەستی بێزاری و حەسرەتی لە لا دروست بوو. ڕێبازەکەی مالارمێ سێ ڕەگەزی جیاوازی گرتەوە، وشە یاخود بەیتی شیعری لەخودی خۆیدا نرخێکی مۆسیقی تایبەتی هەیە و مەبەستیشی بۆ نیشان ناکرێ، تەنیا بەوێنەیەکی ئەدگاری نەبێ و، بابەتی چیرۆکیش بیرێکە یاخود تێگەیشتنی ڕووتە.

مالارمێ دەڵێ: شیعر ژیانەوەیەکی بەرزە و هەردەم دەمێنێتەوە، ئەگەر ناوێک بۆ بابەتێکی شیعری دانێن ئەوا سێ چارەکی تاموچێژی شیعرەکە نامێنێ، لەکاتێکدا ئەگەر هاتو ناونیشانی بۆ دانەنرا و شیعرەکە شاراوەبوو و لەکاتی خوێندنەوە و بیرکردنەوە مەبەستەکەیت بۆ دەربچێ ئەوا بەتاموچێژتر دەبێ، چونکە زۆر شیعر هەیە مانایەکی زۆر قووڵی هەیە، ناونیشانێک بەتەنیا بەس نییە بۆ دەربڕینی ناوەرۆکەکەی.

ڕێبازی سیمبۆلیزم بەرەو ڕێگایەکی داخراو ڕۆیشت و مالارمێ دەیویست هەر نەبێ، جیهانێکی خەیاڵی دروست بکات و لەبەشێکی ئەم جیهانە پان و بەرینە جێی بکاتەوە و بیچەسپێنێ.

ئەم نووسەرە هیچ پێوەندییەکی بە دەوروبەرە زانستییەکەی خۆی نەبوو، بۆیە هەموو ژیانی هەر بەتەنیا بەخۆ خەریککردن بە نووسینەوە بردە سەر و بەنووسەرێکی ئێش نادیار بەناوبانگ بوو. ئەو خۆی دەیزانی ئەم کارەی بەرەو ڕێگایەکی داخراوی دەبات.

هەرچی «شارل مۆریاس»ە بەدامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێ و بۆ خەڵکی ڕوون کردەوە کە سیمبۆلیزم چییە و چۆنە، ساڵی ١٨٨٤ یەکەمین دیوانی بڵاوکردەوە.

دوو ساڵ دوای ئەوە دیوانی دووەمی بەچاپ گەیاند کە بەتەواوی ڕەمزییەتی پێوە دیار بوو، بۆیە ساڵی ١٨٨٦ بەساڵی لە دایکبوونی ڕاستەقینەی سیمبۆلیزم دەژمێردرێ و مۆریاس داوای لە شاعیران کرد زیاتر لەم بابەتە قووڵ ببنەوە و شارەزایی هەموو لایەنێکی بن و داواکردنی نووسینی شیعر بە دەربڕینێکی نەبینراو بە هێماو زاڵبوونی بیر بەسەر واقیعدا.

سیمبۆلیزم دوژمنی فێربوون و ڕاپۆرت و وتار خوێندنەوە و وەسفی بابەتیانەیە، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ کە پێویستە بیرۆکە شێوەیەکی هەستیار وەربگرێ و مەبەستیشی غایەتی نەبێ، بەڵام بیر دەردەبڕێ و هەر بە دواوەشی دەبێ. مۆریاس بەردەوام بوو لە دانانی بناغەی ئەم ڕێبازە و شیعری دەنووسی و خزمەتی دەکرد و شاعیران و خەڵکانی لە دەور کۆدەبوونەوە و خولیای کارەکانی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا سیمبۆلیزمییەکانی تر بینییان ڕێبازەکە تەواو نییە و کەموکووڕی هەیە و، مۆریاسیان بەوە تاوانبار دەکرد کە بایەخی بە کەرەستەی مۆسیقی لە شیعردا نەداوە بۆیە کێبەرکێ لەسەر گرتنە دەسەڵاتی ئەم ڕێبازە دروست بوو، تا لە ساڵی ١٩٠٠ زۆر قوتابخانە سەریان هەڵدا بۆ بەربەرەکانی کردنی ئەم ڕێبازە و تێکشکاندنی، ئەوەبوو دوای ساڵێک مۆریاس بانگەشەی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕۆمانی یان بێزەنتینی کرد، لەگەڵ ئەمەشدا ڕێبازی ڕەمزی هەر ڕێگەی خۆی گرتبووە بەر و بەردەوام بوو، سەرچاوە و کەرەسەکانی لە بڵاوبوونەوەی زیاتر بوون تاوای لێهات خەڵکی لە ڕێبازەکەش بێزار بوون، ئەم حاڵەتەش تا ساڵی ١٨٩٥ وەک بەستەڵەک بوو کە ڕێبازەکە نە مردوو بوو نە زیندوو، چونکە لە ناوەرۆکەکەیەوە واتایەک لەواتاکانی شیعری هەڵگرتبوو.

ڕامبۆش کە شاعیرێکی ڕەمزییە لەساڵی ١٨٧٣ دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕەخنەکانی کرد کە مەبەستی چەسپاندنی ڕێبازێکی نوێ بوو لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا. ئەو بیروڕای وابوو کە هێما نەک وشە توانای بەدی هێنانی ئەرکی هۆنراوەی هەیە، ئەرکی هۆنراوەش هەڵبەت گەیاندنی بیروباوەڕ و ڕوونکردنەوەی بیرۆکەو چەسپاندنی واتا نییە، بەڵکو ئەم ئەرکە خوڵقاندنی جیهانێکی تایبەتە لە هەست و نەست و شتومەکی سەیری نەبینراو و نەبیستراو. ڕامبۆ بەشێکردنەوەی ڕێبازە هۆنراوەییەکەی سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە لە منداڵییەوە حەزی لەو شتانە کردووە کە لە کۆڕی وێژەیی ڕاستەقینەدا فەرامۆش کراون وەکو ترپە و مۆسیقای ساکار و حیکایەتی دێو و درنج و داستانی میللی. ئەم حەزکردنەش بەلای مێژوونووسانی ڕەخنەسازی ئەوروپییەوە ڕووناهیەکە بۆ تێگەیشتن لە تێبینییە ڕەخنەسازییەکانی ئەم هەستیارە، بۆیە ڕێبازەکەی دژواری هەموو ڕێبازە وێژەییە ئەوروپییەکانە، هەر چۆنێک بێت ئەم ڕێبازەی ڕامبۆ لەسەر سێ بناغەی سەرەکی جیاکەرەوەدا دامەزراوە:

یەکەم: هێماو نیشانە نەک وشەی فەرهەنگی کە ئەرکی گەیاندنی واتایەکی دەستنیشان کراوە و هۆی

دەربڕینی هەست و نەستی هەستیارە.

دووەم: جیهانی هۆنراوە جیهانێکی نوێیە و هیچ پێوەندی بەجیهانی ڕۆژانەی بیستراو و بینراوەوە نییە.

سێیەم: بوون و واقیع هەرچەندە سەرچاوەی هەستیارە، بەڵام هەستیار دەبێ شتێک لەم سەرچاوە هەڵبژێرێ کە هیچ هەستیارێک هەڵی نەبژاردبێ، کەوابوو لەم ڕێبازەی ڕامبۆدا لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا، تیۆرێکی تر لە تیۆرەکانی هێماو ڕەمز لە دایک دەبێ. لە هۆنراوەیەکی پەخشانیدا بەناونیشانی دڵە ترسێ (Angcisse) ڕامبۆ دەڵێ: «ئەرێ دەشێ چاوپۆشین لە ئارەزووە لەتوپەتەکانم هێزی بەردەوامبوونم بداتێ؟ یان کۆتاییەکی خۆش تۆڵەی کاتەکانی بەشبڕاویم بکاتەوە، یان ڕۆژێک لە ڕۆژانی سەرکەوتن بۆم بلوێنێ لەسەر شەرمەزاری بێ هومێد- بوونە- چارەنووسییەکەم بخەم؟ ئاە ئەی دارخورما! ئەی ئەڵماس! ئەی خۆشەویستی! ئەی هێز!

- بەرزتر لە هەموو خۆشی و بەرزییەک- لە هەموو وێنەکاندا، لە هەموو شوێنێکدا، شەیتان، خوا، گەنجێتی ئەم مەخلووقە: من!». ئایا دەشێ گەزافی ئەفسانەکانی زانست و بزووتنەوەکانی بانگەواز ڕاهێڵ بۆ برایەتی ئادەمیزاد خۆش بوێن، هەروەکو هەوڵێکی بەرە بەرە بن بۆ گێڕانەوەی ئازادییە سەرەتاییەکە؟

«بۆدلێر»یش لە دوای «ئەدگار پۆ» خووی دایە تریاک خواردن بۆ ئەوەی هەمیشە لە جیهانی بێ ئاگایی و خەوندا بژێت و لە هۆنراوەیەکیدا بەناونیشانی «خەونێک» باسی خەونێک دەگێڕێتەوە کە چۆن خۆی لەناو کۆشکێکدا دەدۆزێتەوە، هەموو شتێک تێیدا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی جوان ڕازاوەتەوە تەنانەت ڕەنگی ڕەشیش درەوشاوە و ساف و بریقەدارە، بەڵام کاتێک بە خەبەر دێتەوە دەڵێ:

**کاتێ چاوە پڕ لە خۆرەکانم کردنەوە**
**دزێوی ژوورە هەژارەکەمم بینی،**
**لە هۆش بە خۆدا هاتنەوەمدا،**
**هەستم بە دڕکی خەمە مەینەتییەکان کرد**
**کاتژمێر دەستی بەلێدانە غەمبارەکانی کرد**
**بە دڕندەییەوە هاتنی نیوەڕۆی ڕادەگەیاند**
**ئاسمانیش دەستی کرد بە ڕشتنی تاریکی**
**بەسەر ئەم جیهانە ساردە نەگبەتەدا.**

بۆدلێر هەوڵێکی زۆری دا لە ڕێگەی خەیاڵ و خەون و خواردنەوە و ئەفیوندا بەهەشتی دەسکرد بۆ خۆی فەراهەم بکات، بەڵام هەر وەکو چۆن لەم خەونەیدا لەگەڵ بەخەبەر بوونەوەیدا بەرەو ڕووی واقیعە تاڵەکەی بووەوە ئەوهاش لێی حاڵی بوو کە بەهەشتە دەسکردەکانی بۆش و بێ واتان، بە ناچاری پەنای بردە بەر ئایین، بەڵکو سێبووری دڵ ئەهوەنی لە ئاییندا بدۆزێتەوە، هەروەک خۆی دەڵێ: «هێزم پێ ببەخشە تا ئەرکی ڕۆژانەی خۆم بە جێ بێنم و ببمە پاڵەوان یان قەدیس.»

ئەم سەر لێشێواوی و بێزاری و بەرچاو تاریکییەی سیمبۆلیزمەکان لە فۆرمی شیعرەکانیاندا ڕەنگی دایەوە و خوویان دایە تەمومژی شاراوەیی لە دەربڕیندا. ڕەمز لای ئەوان ئیحا دەگەیەنێ، ئیحاش بریتییە لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لەو لایەنە قووڵانەی دەروونەوە کە گوایە زمان بە واتا ڕوونەکانی ناتوانێ دەریان ببڕێ.

ڕەمز پێوەندیی نێوان خود و جەوهەری شتەکان دەردەبڕێ، مادام مرۆڤ بەشێکە لە گەردوون ئەو گەردوونەش لە خودی مرۆڤ خۆیدا نەبێ بوونی نییە، ئەوا سیمبۆلیزمەکان بەسەر خۆیاندا گرمۆڵە بوون بۆ شۆڕبوونەوە بەناخی «خود»دا و دۆزینەوەی جەوهەری پەتی خۆیان، حەقیقەتی جیهانی ماتریالیش بدۆزنەوە و بە موتڵەق بگەن. بۆ ئەم مەبەستەش ڕەمزییەکان زۆر سوودیان لە تیۆرە سایکۆلۆژییەکان وەرگرت بەتایبەتی تیۆری «فرۆید» لەمەڕ کپبوونی عەقڵی هۆشمەند و بەرەڵابوونی هێزی خەیاڵ لە جیهانی خەوندا. بۆیە «بۆدلێر» هەوڵی دا کە شیعر بکاتە ئامرازێک هەستی ئادەمیزاد بخرۆشێنێ و، بتوانێ لە ڕێگەی «ئیحا» و پێوەندییەکانی کۆتاییەوە بە موتڵەق بگات.

«مالارمێ»ش دەڵێ: «فراوانی بێ سنووری گەردوون بیرمی ئەوەندە ماندوو کردووە کە ئەرکەکەی خۆم لە بیر چۆتەوە».

**سەرچاوەکان:**

**١- فەلسەفە و جوانی هونەر «ئیستاتیکا»، کەمال مەمەند میراودەلی، ١٩٧٩ سلێمانی.**

**٢- المذاهب الأدبية، د. جميل نصيف التكريتي، ١٩٩٠ بغداد- الطبعة الأولى.**

**٣- مدخل الى تأريخ الآداب الأوربية، د. عماد حاتم، ليبيا، تونس.**

**٤- الأدب و مذاهبه، د. محمد مندور، القاهرة، دار نهضة مصر للطبع والنشر.**

**٥- المذاهب الأدبية من الكلاسيكية الى العبثية، د. نبيل راغب.**

**٦- ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوکردنی، د. کامیل حەسەن عەزیز بەسیر، ١٩٨٣**

**٧- خلاصة في مذاهب الأدب الغربي، علي جواد الطاهر.**

# فەلسەفەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا

ڕێبــازی ڕۆمــانتــیکی وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەریی گۆشکراو بە شیری چەندین چەمکی فەلسەفە ئەگــەر لەبەرچاوی کــەســانێک لە بابەت و ناوەڕۆک و شــێــواز و ئامــرازی کــارکــردنیــدا یاخــود بەهۆی ئەو ئامــانجــانەی ڕەنگی ڕشــتــوون و هەوڵی بۆ داون و ئەو کارەی لەسەردەمی خۆی و دواتر لە دەوروبەردا کردوونی نامۆ بێتە بەرچاو، ئەوا ئەم وێنە تەموومژاوییە تاڕادەیەک ڕوون دەبێتەوە، بەرگە نامۆییەکەی لەبەر دادەماڵدرێ و وردە وردە ئاسایی و نیمچە دەستەمۆ دێتە بەرچاو ئەگەر مــــــــرۆڤ بە چاوێکی وردبینانە ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی تیایاندا گۆش بووە، ئەو فاکتەر و هۆکارە کارکردانەی جۆش و خرۆشیان بە بەر شادەمارەکانیدا کردووە، سەرنج بدات و توێ توێ بکات.

ڕۆمانتیک لە ئەڵمانیا بە تایبەتی لە سەرانسەری ئەوروپا بە گشتی، بزووتنەوەی چەندین فەیلەسووف و نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیری یاخیبووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی باڵیان بەسەر ئەڵمانیادا کێشابوو. نەکۆنەکە بە تەواوەتی کۆچ و کۆچباری کردبوو نە نوێی هەوڵ بۆ دراو و چاوەڕوان کراو جێگیر ببوو، قۆناخێک کە وەک ئافرەتی ئاوسی دووگیان هاتووەتە بەرچاو، کە (ژان) بیگرێ و ئەوپەڕی ناڕەحەت بێ و بەو ڕەوشە نائاساییەی چاوەڕێی لە دایکبوونێک بکات، کە لەخۆیدا دوای نۆ مانگ چاوەڕوانییەکی بێ دەنگ و ڕەنگ گۆڕانێکی چۆنیێتی بکەوێتەوە، هاتنە دنیای جەوهەرێک کە بە مرۆڤ ناودەبرێت.

---

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەڵاحەدین- کۆلێژی ئاداب)**

شۆڕشی فەرەنسا توانی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوسای ئەوروپا (١٧٨٩ز.) فیودالیزم (دەرەبەگایەتی) وەک چین و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر کار لابدات و لە جێگاکەیدا، دوای چەندین گۆڕانی سەرتاپاگیرانە کە دوور نەبوون لە توندوتیژی و کوشتار، گیانی بە بەر پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا کردووە کە دواتر بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵ و پەیوەندییە جۆر بەجۆرەکانی بەرهەمهێناندا هەیبووە بە (کەپیتالیزم) واتە سەرمایەداریی ناسراوە، ئەم گۆڕانە، گۆڕانی فیودالی لادێ بەرەو کەپیتالیزمی شار، فاکتەر و هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ڕۆمانتیکی سەدەی نۆزدەیەم بووە، کە دواتر لەدوو ڕوخساردا بە جیهان ناسراوە، لایەنێکی کە بە ڕابەرێتی هیگل، فیختە، شیلنگ بووە و بە ئایدیالیزمی ئەڵمان ناسراوە و ئەوی تری کە پتر بەلای ڕۆمانتیکدا شکاندوویەتی و شوپنهاوەر و نیتشێ ڕەنگیان ڕشتووە، سەرەڕای لایەنە ئەدەبی و هونەرییەکە کە لەلای شیللەر و گۆتێ و شلیگل و نۆڤالیس و هیلدەرلین و تییک لە چەند ڕوخسارێکدا نەخشاوە، دروشمی ئازادی و یەکسانی و داد پەروەریی سەرانسەری ئەوروپای هەژاندووە. شۆڕش ناوێکی تری ئەو بزووتنەوەیە بووە کە بیروبۆچوون و چەمک و بیرۆکەی زاڵی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بووە، واتە بیرۆکەی ئازادی(١). ئازادی وێردی سەر زمان و بابەتی سەرەکی سیاسەت و هونەر و ئەدەب و فەلسەفە بووە، ئەو ئازادییەی دەستەبەری ڕزگاربوونی مرۆڤ بووە چ وەک تاکەکەس و چ وەک ئەندامی کۆمەڵ، ڕزگاربوونی لە پاشماوەی ڕابردوو، لە دابونەریتی پێشتر و کۆن. لەسەردەمی ناسراو بە ڕووناکبیریدا، بەهۆی ئەم شۆڕشەوە، چەمکی یەکسانی هەموو مرۆڤ و، ئینجا مافی ئازادی (٢) بوون بە بابەتی سەرەکی فەلسەفە، بەڵام ئازادی وەک هەموو بابەتێکی تر ئەگەر سنووری خۆی بەزاندو نالەبارانە بەکار برا، ئەنجامی نالەباری چاوەڕێ نەکراوی لێ دەکەوێتەوە. وەک ئەنجامەکانی شۆڕشی فەرەنسا دەریانخستووە، داب و نەریت و بەهاکانی کۆن هەرەسیان هێناوە و لە ناوچوون کەچی لەجێگایاندا هی نوێی شیاو و گونجاو و شایستەی سەردەمی نوێ نەیانتوانیوە بە تەواوەتی جێگا بگرنەوە. ئەم دیاردەیە لەخۆیدا جۆرە شێواوییەکی لێ کەوتۆتەوە، دەزگا و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی پێشوو لە ناوچوون و وا بە ئاسانی لە کردن نەهاتووە هی نوێ لەجێگایاندا دابمەزرێت. (کارل مارکس لە ڕوانگەی سیاسی و ئابوورییەوە بە تێرو تەسەلی لە لێکۆڵینەوەی -١٨ی برومێر لویس بۆناپارت- ئەم لایەنەی شی کردۆتەوە، بەڵام کەمتر پەیوەندی بەلایەنی ئەدەبی و فەلسەفەوە هەیە کە بابەتی ئەم نووسینەمانە).

لەبەرامبەر ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەدا لایەنگیر و ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری پەنایان بردۆتە بەر ژێر، فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی- میتافیزیکی سەرتاپاگیریان ڕەنگ ڕشتووە. لە گۆڕەپانی ئەدەب و هونەردا ڕۆمانتیکییەکان ئەسپی خۆیان تاوداوە، بەڵام دۆخە شێواوەکە خۆی وەک هۆکار و ئەنجامی ئاسایی ڕەوت و ڕێباز و بۆچوونی جیاوازی لێ کەوتۆتەوە، ڕەوتێک لەم ڕەوتانە کە پتر لەلایەن ڕۆمانتیکییەکان پەیڕەوکراوە ڕەوتی (شت بە خۆماڵیکردن و گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆرو سروشت و وروژاندنی هەست و نەستی نەتەوەیی). بۆیە ڕاست وتراوە کە ناسیونالیزم ئەگەرچی لە پاوان و زەمینەی سەرمایەدارییدا چرۆی کردووە، بەڵام لەخۆیدا داهێنانێکی ڕۆمانتیکییەکان بووە. ئەم داهێنانەی بیری نەتەوەیی وەنەبێ کاری شەو و ڕۆژێک بووبێ، بەڵام ئەنجامی زنجیرەیەک فاکتەر و هۆکار و گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا خەت و خاڵی داوە. وەک بەرهەڵستی کردنی سیستەمە فەلسەفییە میتافیزیکییەکان کە کیرکێگارد وتەنی مرۆڤیان بە ئامرازێکی بچووک لە دەزگاو مەکینەیەکی گەورەدا داناوە، لەنێو جەنجاڵ و هەراو هۆریای ئەم ڕەوشەدا مرۆڤ لەبیرچۆتەوە، لە لایەکی ترەوە بەرامبەر بە ڕێبازە سیاسییە کۆسمۆپۆلیت و سەرتاپاگیرەکانی، ئەوسا دەستەیەکی هونەرمەند و ئەدیبی هەست ناسک و یاخیبوو لە بەرهەمەکانیاندا ئەم یاخیبوونەیان بە چەند شێوەیەک دەربڕیوە، هەر لە هاندانی هەستی نەتەوەیی و کەلەپووری خۆماڵی و فۆلکلۆر تا وەک پێداگرتن لەسەر ئازادی تاکەکەسان و بانگەشە کردن بۆ ئایینی خۆماڵی نەتەوەیی کە هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانێکی سەروو سروشتەوە نەمێنێ تا دەگاتە بایەخدان بە هونەر و پشت کردنە ژێر (ئەقڵ). ئەم تاقمە ئەدیب و هونەرمەندە یاخیبووە ئەگەرچی لە

ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە سەرنجیان داوە و وردبوونەوە و جیهانبینی جیاوازیان هەبووە، ئەوا بە گشتی لە جێگای خۆیدا بووە کە ناوی ڕۆمانتیکیان لێ نراوە.

٢- ئەگەرچی ڕۆمانتیک، وەک لە بەرهەمەکانیاندا دێتە بەرچاو، ڕێبازێکی یەکگرتوو، یەکڕەنگی بە ڕێک و پێکیی خەت و خاڵداو نییە، بەڵکو لە چوارچێوەکەیدا بیروبۆچوون و هەڵوێستی جیاواز، لایەنی فرە ڕەنگیی و هەڵوێستی نامۆ و سەیر دەبینرێ، بەڵام دەکرێ ناوی فرە ڕەنگیی، هەمەجۆرە، وشەی کۆ پڕ بە پێستی ئەم بزووتنەوەیە بزانێ.

کاتێک مرۆڤ سەرنجی هەڵوێستی ڕۆمانتیکییەکان دەدات دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان کە جۆرە هەماهەنگی و تەبایی و یەک هەڵوێست و بۆچوون و جیهانبینییەکی تارادەیەک بە پێز لە ئەدەبەکەیاندا بەگشتی و لە هونەر و فەلسەفەکەیاندا بە تایبەتی دێتە بەرچاو. بۆیە جێگای خۆیەتی کە ماوەیەک بچینە ناو ئەو جیهانە سەرنج ڕاکێشە نیمچە- نامۆ و ئەفسانایە و- هەوڵ بدەین ڕوونی بکەینەوە کە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە لەم هەڵوێستەیاندا سەبارەت بە دیاردە ناوبراوەکان پابەندی چ بنەما و بنچینەیەکی: فەلسەفە، زانست، هونەر، ئەدەب، ئایین، لاهوت چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتیی لەوەدا کە بەهۆی هۆکار و فاکتەری دیارو دەستنیشان کراوەوە لە کات و سەردەم و شوێنی تایبەتیدا پەیدابوون، وەک ئەم پەیدابوونەیان هۆکار و فاکتەری هەیە، ئەوا بوونەکەیان لەلایەکەی تریەوە ڕۆڵ و ئامانجی دیاریکراوی هەیە، ئەم ڕۆڵ و ئامانجە ئەگەر بە هی پێشترەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەند بێ، ئەوا لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراو سەبارەت بە چەندین پەیوەندییەکانی ژیان و گوزەران و بەرهەم هێنان بڕێنراوەتەوە و دەستی دەگاتە قۆناغی دواتریشی و لەلای خۆیەوە جارێکی تر دەبێتەوە بە بنەما. پرۆسەی هاتنە دنیا، لە دایک بوونی زارۆ، باشترین نموونەیەکە ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکاتەوە، لە دایک بوونەکە ئەگەرچی جۆرە لە پڕیی و لەناکاوییەک نیشان دەدات، بەڵام بەندبووە بە خۆ بۆ ئامادەکردنێکی نۆ مانگی. ئەم پرۆسەیەی ژیانە سەرەتا زارۆ و لاوێتی و پیرێتی ئینجا جارێکی تر لەناوچوونی تێدایە، بەڵام بەر لەناوچوونەکە وەک شتێکی ئاسایی، هەمان دەور کە بەوانی پێشتری سپێردرابوو، دەگێڕێ و دەبێتە مایەی کەوتنەوەی ژیانێکی تر. بەم نموونەیە دەمەوێ هەڵوێستی چەند ڕابەرێکی ڕێبازی ئەدەبی و هونەریی ڕۆمانتیک بە تایبەتی لیسینگ و نۆڤالیس ڕوون بکەمەوە کە پەیوەندی دەستیاوی و هەمەچەشنەی نێوان ڕۆمانتیک و ئایینی مەسیحی پشت ڕاست دەکاتەوە(٤) و دەری دەبڕێ کە مەسیحیەت سەرەڕای ئەم هەموو لایەنە نالەبارەی هەیبووە و ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەسەدان ساڵ گێڕاویەتی، ئەوا لەلایەکەی تریەوە بێ فەڕ نەبووە و زۆر شتی لێ کەوتۆتەوە کە لایەنی پۆزیتیڤ و ڕۆڵی لە باری ئاینەکە لە ژیاندا وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پشت ڕاست دەکاتەوە.

٣- ئەو پرسیارەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە کە خۆی لەگەڵ ڕۆمانتیک خەریک بکات جیا لەوەی ئایا ڕۆمانتیک دیاردەیەکی مێژوویییە یاخود هەڵوێست و ڕوانگە و بۆچوونە؟

ئەوی پەیوەندی بە بەشە ئەڵمانییەکەی ئەم بزووتنەوە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەوە هەیە، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، کە دەکرێ بە پێشەنگی ڕۆمانتیک دابنرێت(٥)، لە شاری ییینای ئەڵمانیا لەلایەن چەند ئەدیب و نووسەرێک وەک برایان شلیگل، نۆڤالیس، تییک، ڤەکنرۆدیر دامەزراوە و بەپێی ئەو بابەتانەی بڵاویان کردۆتەوە وەک شیعر و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنە و فەلسەفە کە لەنێو ئەدەبی نەتەوەیی ئەڵمانیاندا جێگای خۆیان کردۆتەوە و لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆجی ناوەڕۆکدا خەت و خاڵی داوە، دەکرێ وەک دیاردەیەکی مێژوویی دابنرێ و لەوەشدا کە بۆچوونی تایبەتییان دەربارەی بابەتە ئەدەبی و هونەری و سیاسی و ڕووداوە فرە ڕەنگییەکانی پێشتر و سەردەمی خۆیان و دواڕۆژ، ئەگەرچی لەچوارچێوەیەکی نالەبار (نێگەتیڤیشدا بووبێ) بە ئاشکرا بۆچوون و هەڵوێستیان هەبووە و لە ڕوانگەیەکی تایبەت بەخۆیانەوە لە چوارچێوەی جیهانبینییەک کە دەکرێ بە ڕۆمانتیکی ناوببرێ سەرنجی خۆیان دەربارەی ئەو شتانەی کەوتوونەتە بەرچاویان نیشان داوە بۆیە ئەم بزاڤە دەشێ بە هەڵوێست و بۆچوون و ڕوانگەش بژمێردرێ.

پەیوەندی دەستیاوی نێوان فەلسەفەی ترانسندنتالی و ئایدیالیزمی ئەڵمان و ڕێبازی ڕۆمانتیک هەر لەسەرەتاوە

لەبەرهەمی ئەم ڕێبازە ئەدەبییەدا دەبینرێ ئیتر لەسەر شێوەی سوود وەرگرتن و شوێن کەوتن یاخود ڕەخنەگرتن و کاردانەوەی نالەبار بووبێ.

بەهۆی شۆڕشی فەرەنساوە، بزووتنەوەی ڕووناکبیری جێگیربووە ژێر و ئازادی بە تایبەتی ئازادی تاکەکەسی Emanzipation بوون بە ویردی سەر زمانی ڕۆشنبیران و ئەرکی سەرشانی سیاسی و سۆسیۆلوج و فەیلەسووفان. ئەم ئازادی تاکەکەسییە لە زۆر بەرەو بوار و گۆڕەپاندا کاری کردووە و ئەنجامی فرە ڕەنگی لێ کەوتۆتەوە. لە ئەدەبدا بە تایبەتی لەلای ڕۆمانتیکییەکان بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر جاران، پێش ئەم قۆناغە، بە مەبەستی ڕقەبەریکردنی ئەو ئەدەبەی سەدەکانی ناوەڕاست (مەسیحی) دایهێنابوو، ڕووکرابێتە ئەدەبی کلاسیکی بە تایبەتی یۆنان و ڕۆمان، ئەوا لێرەدا پشت ئەستووورە بە ئازادی تاکەکەسی و بەهۆی وروژاندن و بەگوڕ بوونی هەست و هوشیاری نەتەوەیی، هەوڵ دراوە و کۆشش کراوە بابەتی خۆماڵی، بەپێز و دەوڵەمەند و تێر و تەسەل بێت، بابەتەکە ئەدەبێک بێت کە ڕەنگ و تام و چێژ و ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی ڕوون و ڕەوان و بێ گەردی هەبێت، ئەم لایەنە لە شاکارەکانی «هێردەر و نۆڤالیس و هۆلدەرلین و گۆتێ»دا بەدی دەکرێت. ئیتر لە شیعر و ئەدەبدا ناوەڕۆک و ڕوخسار پتر ڕەنگ و ڕوخساری خۆماڵی وەرگرتووە، تەنانەت کۆکردنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی- میللی کە لە دواییدا بە فۆلکلۆر ناسراوە، ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێ.

لە پاوانی فەلسەفەدا نووسینی فەلسەفە لەلای کانت بە تەواوی بەزمانی زگماکی خۆی- ئەڵمانی- نووسراوە، جاران زمانی لاتینی کە زمانی ڕەسمی ئینجیل و ڕۆشنبیران بووە، وردە وردە جێگای بۆ زمانی نەتەوەیی چۆڵ کردووە، تاڕاددەیەک، جگە لە کڵێسە و دەزگاکانی ئاینی مەسیحی، لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بەکارهێنراوە، فیختە بەو پەیامانەی ئاراستەی نەتەوەی ئەڵمانی کردووە گیانی نەتەوەیی، هۆش و هەستی شانازی کردن بە نەتەوە و زمان و کەلەپووری خۆماڵیی ئەڵمان جێگای شانازییەکەی تری جارانی گرتۆتەوە، پێشتر لە ئەورووپای مەسیحیدا وا باو بووە کە مرۆڤی ئاسایی، بۆرە پیاو شانازی بە ئایینەوە بکات، لەوەدا کە بڕوا و ئیمانی هەیە و گومڕا و بێ دین نییە و ڕێگای ڕاستی دۆزیوەتەوە!، دوای گۆڕان و پرۆسەیەکی درێژخایەن، ئەم بیروبۆچوونە گۆڕاوە. شانازی کردن بە نەتەوە بووە بە جێگری شانازییەکەی پێشوو، لە جیاتی خۆ خەریک کردن بە ئینجیل و باسە لاهووتییەکان بایەخ بە زمانی نەتەوەیی و کەلەپوور و دابو دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی خۆماڵی دراوە، بۆ پاککردنەوە و بژارکردنی ئەم گەنجینە و سامانە نەتەوەییانە لە هەموو ئەو کارە تێکدەر و هەوڵە شێوێنەرەی دەسەڵاتی درێژخایەنی کڵێسەی مەسیحی لە کەلەپووری ئەو میللەتانەی ئەورووپای کردبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە خۆشی بێ یان بەناخۆشی بووبێ کراون بە مەسیحی، هەوڵێکی فەرهادانە دراوە، کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لەم بوارەدا یارمەتیدەر بووە. ڕەخنەکردنی دوگما و ڕێ و شوێنەکانی ئایینی و بیرکردنەوە لە ئایینێکی تر جا نەتەوەیی بێ یان هەر جۆرێکی تر، جاروبار لەبەرهەم و نووسینەکانی ڕۆمانتیکییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. تەنانەت نیتشێ تاڕادەی گومڕایی و بە تەواوەتی پشت کردنە ئایینی سروش ئاسا پێی لێ هەڵبڕیوە و باسی مردنی ڕەبی کردووە. (٦). بەپێی تێگەیشتنی من نیتشێ بەو هەڵوێستەی دژایەتی جەوهەرێکی ترانسندێنتالی هێز و دەسەڵاتی بێ سنووری نەکردووە، بەهیچ جۆرێک نەیویستووە لە ڕۆڵ و بایەخی ئایین و بڕوا، وەک فاکتەرێکی دڵنیایی و هێمن بەخش بە ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤی پەژارە و نەسرەوت و بێ چارە لەجیهانێکی جەنجاڵی سەر لێ شێوێنەردا کەم بکاتەوە مرۆڤێک سارتر وتەنی: «لە سروشتەوە و بە سروشت ئاسا بەدبەختێکی هوشیارە و هیچ چارە و دەرفەتێکی نییە بەسەر ئەو ڕەوشە کڵۆڵی و بەدبەختییەیدا زاڵ بێت» (٧). پێ داگرتن لەسەر ئەوەی مرۆڤ بەگشتی لەم جیهان و ژیانەدا هیچ ئاوڕێکی لێ نادرێتەوە، بەتەنیایە چارەنووسی دڵنیایی لێ ناکرێت و بگرە دیار نییە، بە پێچەوانەی ئایینەوە، گومڕایی لێ کەوتۆتەوە. کەچی ئایینی مەسیحی کە لافی لێ داوە جێگای هیوای مرۆڤ بێ لەم دنیایەدا پتر باری سەرشانی قورس کردووە و پتر مایەی بەدبەختی بووە نەک ڕزگارکردن لەو سەختییانەی ژیان کە مرۆڤ گازندەیان لە دەست دەکات. ئەمانە بوون هۆی سەرەکی ئەم هەڵوێستەی نیتشێ، ئەگەر ئەمەشی

بخەینە سەر کە ئایین، لە زمانە ئەوروپییەکاندا لەگەڵ وشەی- تیۆریستی- واتە- دادی ڕەب- دەخرێتە دوو تای تەرازووەوە، واتە ئەرکێک لە ئەرکەکانی سەرشانی ئایینی مەسیحی جێگیرکردنی داد و دادپەروەری و لابردنی زۆر و جەور و زوڵم بووە، بەڵام لە چ جێگا و سەردەمێکدا، بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەوروپا، دادپەروەری هەبووە و زوڵم نەبووە؟ لێرەوە دەکرێ جۆرە پاکانەیەک بۆ قسەی نیتشێ بکرێت. گەڕانەوە بۆ سروشت، بایەخدان بە ئەدەبی میللی، پشت کردنە ئایینی مەسیحی ئەوروپا، شل کردنی جڵەوی هەست و سۆز و ئەندێشە، وردبوونەوە لە جیهانی قووڵ و بەرین و بە پیت و پیێزی ناخ کە لەلای فیێختە بووە بە من بەرامبەر بە نا من، بە تەوژم کردنی هەستی نەتەوەیی، وەک چەند چەمکێکی ئەدەب و بەرهەمەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی، لە جیهانی سیاسەتدا تاڕادەیەک هەرەس هێنانی ئایدیۆلۆجی ڕەهاو ئەبسولیۆتیزمی فیودالیزم و لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری تازەی چینی سەرمایەداری نیشان داوە.

لە قەدەغە و پاوانی فەلسەفەدا، دوای کانت، کە ڕەخنەگرتنی کرابوو بە سەرپشک، هەموو کون و کەلەبەر و قوژبنێکی گرتبووەوە، تەنانەت ژێر خۆی، کە ئامرازی ئەم چالاکییە، لەم ڕەخنەیەدا بە دوور نەبووە(٨)، تەنانەت هیگڵ ئەوەندە پێی لێ هەڵگرتووە، وتوویەتی ژێر حوکمڕانی جیهان دەکات (فەلسەفەی مێژوو. ل: ٣٤) ئینجا پەرەسەندنی جیهان لە پەرەسەندنی ژێر بەو لاوە نییە و ئەم پەرەسەندنە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە و لە هەر قۆناغێکدا فۆرمێکی دیاریکراوی دەوڵەت بەناوی ژێرەوە حوکمڕانی کۆمەڵی کردووە. وەک بەڵگەیەکی گیانی نەتەوەیی، هیگڵ بە ئاشکرا ئەم لایەنەی دەربڕیوە کە وتوویەتی، جیهانی جەرمەنی و ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە هەیەتی و ئەو کەسەی سەرۆکی ڕێژی فەرمانڕەوایەکە بووە چاکترین ڕژێم و چاکترین فەرمانڕەوا بوون، چونکە هەموو کەسێک لەسایەکەیدا ئازادە و تاکە ئاغایەک (شایەک) هەیە و تاکە کەسێک کۆیلە و بەندە نییە تێیدا(٩). ئازادی و دەسەڵات، ژێر و ئەقڵ، بە جۆرێک کە باشتر لە تواناد نەبووە، بەرقەراربوون. ئەم بۆچوونە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بەجۆری جیاواز و لەسەر شێوەی چەمک و بۆچوون کە لە چوارچێوەیەکی بەرامبەر بە یەکتری داناندا داڕێژراوە لە هەندێ بابەتی بیرمەنداندا بەرچاو دەکەوێ وەک دانانی ژێر بەرامبەر بە هەستەکان و خۆ بەرامبەر بە بابەت و من، خۆم «فیێختە» بەرامبەر بە نا من و جیهانی دەرەوە، بە باوەڕی من، ئەم جۆرە دوو ڕەنگییە فەلسەفییە، بە تایبەتی لەلای فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمان «هیگڵ، فیێختە، شیلنگ» تاڕادەیەکیش لەلای ئەو ئەدیبانەی ڕۆمانتیک کە بە شیری چەمکە فەلسەفییەکان گۆش کراون، جۆرە ڕقەبەرێکردنێکی یەک ڕەنگی سەخت و کەمەر شکێنی ئایینی جوولەکە و تاڕادەیەکیش هی جیهانبینی کڵێسە مەسیحی نیشان دەدات، ئەگەرچی ڕابەرانی مەسیحی، لەسەدەی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا، لە چوارچێوەی ئایینەکەدا جۆرە گۆڕانکارییەکیان کردووە بەوەی سێ ڕەنگی باوک «ڕەب» ڕۆڵە و گیانی پاک داهێنراوە، وەک من بۆی دەچم، مەبەستی ئەم داهێنان و گۆڕانکارییە شتێکی تر بووە بریتی بووە لە دەرخستنی تایبەتمەندی مەسیحیەت لە بەرامبەر سەختی سەرچاوەکەدا کە تەورات و ئایینی جوولەکە بووە و لەلایەکی ترەوە بۆ کردنەوەی دەرگا لەبەردەم نەتەوە و میللەتە جۆر بەجۆرەکاندا بۆ پەسەندکردنی ئایینی نوێ و دەرخستنی ئایینەکە بە جۆرێک کە لە سەرەتاوە هەر پابەندی «موعجیزە» و شتی لە ڕادەبەدەر بێت ئەگەرچی ئەم سێ ڕەنگییە ئەنجامی سەختی نالەباری لێ کەوتۆتەوە و کێشە و بەرەی زۆر سەختی بۆ ڕابەرانی ئایینەکە پەیدا کردووە. سەرەڕای ئەمانە، ئەو بار و دۆخەی ئایینەکە سەری تێیدا هەڵداوە بەهۆکار و فاکتەرە هەمەڕەنگییەکانیەوە نەکراوە لەوە پتر دەرفەتی پەرەسەندنی ئەم بەرەوپێش چوونە دەڵەمەییانە بدەن. لە چوارچێوەی سیستەمی کۆیلەیەتی- فیودالیزمی کۆمەڵدا وا ئاسان نەبووە فرە ڕەنگییەکی ڕێک و پێک و دەستبەکار لە بەرامبەر یەک ڕەنگی داخراو کلۆم کراوی ئایینی یەک ڕەگەزیی جوولەکەدا پیادە بکرێت.

ئەو مەسحییەتەی لە ئۆرشەلیم پەیدا بووە زۆر لەوەی ئێستا جیایە ئەمە جارێکی تر ساغی دەکاتەوە کە ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەرگیز هیچ کۆمەڵێک دەستەوسان لە بەرامبەر هۆکار و ئەنجامەکانی ئەم دیاردە گرنگەدا نەوەستاوە، بەڵکو کۆمەڵ وەک ئۆرگانێکی زیندوو، بەپێی قۆناغ و کات و سەردەم هەڵوێستی خۆی

له بەرامبەریدا تۆمار و پیادە کردووە.

٤- ڕێبازە فەلسەفییەکان، ژیانی سیاسی ئەوسا و هەلومەرجە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، بێ سێ و دوولێکردن ناوەرۆکی بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەریی ڕۆمانتیکیان بەپێز کردووە و ئەویش لەلای خۆیەوە جۆرە کارێکی دیاری لەبەرامبەرەکەی خۆیدا کردووە. هیچ گومان لەوەدانییە کە بەرهەمەکانی «گۆتە و شیلەر و هۆلدەرلین و شیلنگ و نیتشێ» بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشدارییان لە ڕشتنی ڕەنگی ئەو کۆشک و تەلارە کردبێ کە لە کۆمەڵدا بە سیاسەتی فەرمانڕەوایی و حوکم کردن ناودەبرێت، من هیچ بە دووری نازانم کە ڕێژێمێکی وەک ناسیونال سۆسیالیزمی ئەدۆلف هیتلەر (لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا) ئەوپەڕی سوودی لە نووسینەکانی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی و فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمان، بەتایبەتی فیختە و لایەنە نەتەوەییەکەی وەرگرتبێ، بەڵام چۆنیەتی و ڕادەی(١٠) ئەم سوود وەرگرتنە چۆن بووە، وا بە ئاسانی دیار و دەستنیشان ناکرێ و بابەتی ئەم نووسینە نییە.

پەیوەندییەکی دەستیاوی، کارکردن و کار لە یەکتری کردنی دوو لایەنە، لەنێوان فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیکدا هەبووە و من بە تەواوەتی لەو باوەڕەدام کە ڕۆمانتیکی بەلایەنە فرە ڕەنگی و ئەگەرچی فەلسەفە و ئەدەب و هونەری سەدەی نۆزدەیەم، سەدەی سەرهەڵدانی ڕۆمانتیکی لە ڕوخسار و ئامانج و پەیڕەو (میتۆدەدا) جیاوازی و سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆیان بەدەرخستبێ ئەوا هەردوولا، فەلسەفە و هونەر، چەند بابەتێک لەو بابەتانەی هێناویانەتە سەر خوانی باسکردن لە یەکتری نزیک کردوونەتەوە بەتایبەتی ئەم بابەتانە.

ژیر، هەست و سۆز، خۆیەتی، نامۆیی، ژیان، مردن، زانست دەوری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەدەب و هونەر و فەلسەفە لە ژیاندا، پەیوەندی مرۆڤ و ئایین بەسەر سروشتەوە..تاد.

لەگەڵ ئەمەشدا ئاساییە کە بگوترێ، هەریەکێک لەم بابەتانە لە جیهان بەدیدی خۆیەوە سەرنجی داوە و هەڵوێستی خۆی نواندووە، بۆیە دەکرێ باسی جیهاندیدی لاهوت، جیهانبینی فەلسەفە و هونەر و ڕوانگەی ئەدەبی و وێنەی جیهانی زانست بکرێت. لاهوت، ئیتر هەر جارە بەپێی ئەو ئایینەی کە لێی کەوتۆتەوە وێنەیەک لە چوارچێوەیەکی پێشتر ڕەنگ بۆ ڕێژدراودا دەربارەی ئەو ئەرکەی ئۆباڵی بە ئەستۆی خۆی دەزانێ و ئەو ئاوات و نیاز و مراز و ئامانجانەی گوایە سەرگەرمی هەوڵ بۆ دانیانە لەبەرگێکی- دەشێ و ناشێ- و چاکەکاریی و بەدکاری، پاداشت و سزادا کە ڕاستەوخۆ زمانی گوتار دەکاتە هەست و ناخی شڵەژاوی مرۆڤ و جۆرە ڕەوشێکی تایبەتی کە مەبەستیەتی بیخاتەوە، دەکێشێ.

دیدی ئایینی جوولەکە وەک ئایینێکی ئاسمانی کە کتێبی تایبەت بە خۆی هەیە بە تەورات واتە (قانوون و ڕێ و شوێن) ناودەبرێت بریتییە لەو وێنە سەرتاپاگیرەی لە تابلۆیەکی ڕەنگینی هونەرمەندی دەچێت، تێدا هەڵوێستی ئایینەکە دەربارەی جەوهەرێکی ترانسندنتالی وەک ئافەریدەکار و داهێنەر چۆنیەتی داهێنانی بوون بەگشتی و سروشت و مرۆڤ و ژیان و مردن و چاکە و بەدکاریی سزا و پاداشت و بەهەشت و دۆزەخ و چۆنیەتی کەوتنەوەی گوناه و بەدکاری و ڕێگای ڕزگاربوون لەم بەدکارییە، نیشان دراوە. ژیان و بوون سەرەتا و کۆتاییان بۆ دانراوە، چارەنووس و قیسمەت لە چوارچێوەیەکی تەم و مژاویدا ڕەنگی ڕێژدراوە. خواردن لە بەری زانست و زانین سەرەتای بەدکاری بووە(١١). دوو جیهان لەو وێنە و دیدە ئایینییەی جوولەکەدا دەبینرێ، جیهانێکی پاشەڕۆژ کە نەهاتووە و جیهانی ڕاستەقینەیە و تێدا مرۆڤی خاوەن بڕوا و ئیماندار لە هەموو شتێک بێ نیاز دەبێ. جیهانێکی تر ئەو جیهانەی ئێستایە و سەرەتا و کۆتایی هەیە و لەمادە پێک هاتووە و مادەش بنچینەی بەدکارییە. ئەم جیهانە قۆناغ و کاروانە ڕێگایە ڕێ بەرەو جیهانی دووەم خۆش دەکات...تاد. ئەگەر لە جیهانی دووەمدا پاداشت و سزا (بەهەشت و دۆزەخ) هەبن ئەوا لەم دنیایەدا مرۆڤ دەرفەتی تاقی کردنەوەی لەسنوورێکی دیاریکراودا پێ بەخشراوە بۆ ئەوەی دەرکەوێ شایستەی پاداشتە یاخود سزا.. لەم دیدەدا بایەخ بە ئاکار دراوە و ژیر لە بەرابەر هێزی سروش و ئیلهام و (وەحی)دا خراوەتە پلەیەکی ژێرەوە، بڕوا و ئیمان مرۆڤی ژیر پێدەگەیەنن نەک بە پەرستن و جۆرە ڕەفتارێکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراو دەستنیشان کراوە. لە بیری فەلسەفی و لاهووتی جوولەکەدا وەک لە سەرەوە باس کرا سێ بیرۆکەی سەرەکی هەست پێدەکرێت وەک: وێنەی جیهان بە

گشتی، ئامانجەکی جیهان و ژیان، ئینجا بیرۆکەی سێیەم کە بریتییە لەوەی جیهان لە خۆیدا سیستەمێکی ئاکارەکییە. بایەخدان بە ئاکار و بنچینە و ڕێ و شوێنەکانی شتێکی ئاسایی و سروشتییە، چونکە هەر لە سەرەتاوە. مەبەست و ئامانجەکانی ئایین دیار و ئاشکرایە. ئاکار لەخۆیدا وەک بابەت و زانستێک کە لەم سەردەمەماندا جۆرە سەربەخۆییەکی بەخۆیەوە دیوە، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی بابەتی (بەهاکان)، وەک بابەت ئەگەر چاو لە هەندێ وردەکاری و لایەنی هەندەکی بپۆشرێ، دەکرێ بە دوو بەشەوە:

– حوکمدان– بڕیاردان.

– هەڵوێست.

هەردووکیشیان لەم بڕیاردان و هەڵوێست دیاریکردنەدا پشت بە چەند بنچینە و بنەما و ڕێ و شوێنێک دەبەستن کە بە تێکڕایی کۆشک و تەلاری بابەتی ئاکاریان لێ پێک دێن.

لەکاتێکدا فەلسەفە بەگشتی بایەخ بە هەڵوێست دەدات و لە هەندێ ڕێبازیدا– نیتشێ و کیرکیگارد، هایدگەر، کامۆ، سارتر، بە چاوێکی بەکەم زانین تەماشای بنەما و ڕێ و شوێنەکانی ئاکار دەکەن بەو بیانووەوە گوایە ئەمانە بەتێکڕایی(١٢) چەند بارگرانی و قورساییەکن دەخرێنە سەرشان و ئەستۆی بوونی مرۆڤ، لە دەرەوەیەوە، بۆ ئەوەی ناچاری بکەن بە جۆرێکی دیاریکراو کردار بکات و بجووڵێتەوە. بە واتایەکی تر ڕێ و شوێنەکانی ئاکار بەگشتی وەک کۆت و پێوەند و سنوور ئازادی مرۆڤ تەنگەبەر دەکەنەوە. لەم هەڵوێستەدا جارێکی تر هەڵوێستی سۆفستەکانی یۆنان دێتەوە یاد کە بەلایانەوە، بۆ دابینکردنی ئازادی مرۆڤ، ئەو ئازادییەی نرخ و بایەخی شیاو بە ژیان دەدات، پێویستە، بنەمای ڕێژەیی پیادەبکرێت، جارێکی تر لە بنج و بناوانەوە چاو بە بنەما و ڕێ و شوێنەکانی ئاکاردا بخشێنرێتەوە. ئیتر، چونکە مرۆڤ خۆی، نەک سەرچاوەیەکی تر، پێودانگی هەموو شتێکە، پێودانگی ئەوەی هەیە و نییە(١٣). نیتشێ و ڕێبازی ئیگزیستێنتالیزم. هەروەها پراگماتیزمی ئەمەریکایی بەجیا جۆرە هەڵوێستی لەم بارەیانەوە هەیە. وەک ئاشکرایە هەردوو لایەکەی ئاکار تەواوکەری یەکترین. ئەو ڕێبازەی پشت بە قانوون و بنەماکانی ئاکار دەبەستێ، هەروەها ئایینیش بەتایبەتی– جوولەکە و مەسیحی – پتر پابەندی ڕابردوو و دابونەریت و ڕێ و شوێنەکانی ڕابردوون بۆ نموونە مەسیحی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە پابەندی ئەوڕێ و شوێنانەیە کە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر عیسا دایناون و بەو جۆرە دەژیا کە یاوەرانی عیسا ژیاون، ئەمە گوایە جۆرە ئاسوودەیی و دڵنیایی و دەروونی بە ناخی مرۆڤ دەبەخشێ. ئەم هەڵوێستە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە، چونکە ئایین بڕوا و باوەڕ و ئیمانە، نەک زانین و سەرنجدان و وردبوونەوە. بڕوا و ئیمانیش بەهیچ جۆرێک پەکیان لەسەر ژیر و بڕیاری ئەقڵ نەکەوتووە، بەڵکو هەستێکن لەناخی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن تەنیا بە چاوی دڵ هەستیان پێ دەکرێت، بڕوای جۆرێکە لە خۆیەتی و هەڵقوڵاوی پەیمانی دڵ و دەروونە.. لەم دەرگا تەسکەوە جارێکی تر مرۆڤ دەچێتەوە ناو پاوانی سەیر و سەرنجڕاکێشی ڕێبازی ڕۆمانتیک و هەڵوێست و بۆچوونیان لەم بوارەدا، ئەگەرچی لێرەدا جارێکی تر جۆرە جیاوازییەک دەبینرێ بەتایبەتی لەوەدا کە ئەم ئەدیب و هونەرمەندانەی سەر بەم ڕێبازەن پتر پێ لەسەر هەڵوێست و ڕوانین بەرەو دواڕۆژی دوور دادەگرن.

چونکە هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر، جیهانی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەرچی ئەفلاتوون ئەم جیهانەیانی بە جیهانی سێیەم و وەک سێبەرێکی جیهانی ڕاستەقینە و ئایدیا داناوە.

لە جیهانی پان و بەرینی ئاکاردا کاتێک بڕیاردان ڕەواو پەسند دەبێت و ئۆباڵی کردار دەکرێ بخرێتە ئەستۆ ئەگەر پشت بە ئازادی خواست ببەسترێ، ئازادی خواست لە خۆیدا کردارێکی لێ بکەوێتەوە پابەندی هیچ جۆرە فاکتەر و پاڵنەرێکی دەرەکی نەبێت کە ئامانج و مەبەست و سوود و قازانجێکی پێشەکی دیاریکراوی لەبەرچاو بێت. هیچ بڕیارێک ڕەوا و دادپەروەر نابێت ئەگەر دەربارەی کارێک هەڵوێستێک بدرێت، ڕەوشی تایبەتی و فاکتەری دیاریکراو ڕەنگیان بۆ ڕشتبێ. دوور نییە لێرەدا ڕەخنەیەک بگیرێ کە بریتی بێ لەوەی بوترێ، ئەم قسەیە بەهیچ جۆرێک نە جوولەکە و نە مەسیحی وەک دوو ئایینی تەواوکەری یەکتری و لە یەکتری جیاواز ناگرێتەوە، چونکە هەردووکیان بە جۆرێک لە ئازادی دەگەن لەگەڵ ئازادی ئاسایی ئەم سەردەمەدا هیچ شتێک

بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە، ئەوەتا مووسا وتوویەتی ئینجا لە تەوراتیشدا، چەندین جار دووپات کراوەتەوە کە مرۆڤ لە (بەندەیەکی ڕەب) بەولاوە نییە، جوولەکەیەک، مەسیحییەک کە بەندەی ڕەب بێت، دەبێ چۆن ئۆباڵی کردارەکان بکەوێتە ئەستۆی؟ ئایا لێرەدا بنەماکانی ئاکار وەک ڕێ و شوێنی کردار هیچ ڕۆڵ و بایەخێکی ریالیستی ڕاستەقینەیان دەمێنێ؟

٥- پەیوەندی نێوان ڕۆمانتیک وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری لەگەڵ ئایینی مەسیحی و ئەو لاهووت و بەرهەمە جۆر بەجۆرانەی داونیەتە دەست شتێکە جێگای ئەگەر و گومان نییە. هەردووک لایان لە چەند خاڵ و بابەت و هەڵوێستدا یەک دەگرنەوە. هەردووکیان ژیان و ڕێژیمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵ و بارودۆخی هەبووی ڕاستەقینە پەسند ناکەن، لە جیاتیانیان برییەکی تر پێشکەش دەکەن. لەلای ڕۆمانتیکییەکان ئەو برییەی لە جێگای هەبووی ڕاستەقینەدا پێشکەش دەکرێ بە ئاشکرا ڕەنگ و ڕوخسار و بۆن و بەرامی شیعر و ئەندێشە و خەیاڵی پێوە دیارە و پتر لەوە دەچێ هونەرمەندێک لە خەوداو بە خەون بە پەڕەمووچەکەی وەک تابلۆیەکی پڕ لە فەنتازی ڕەنگی کێشابێ. بابەتی گۆڕان لێرەدا جیهانە و ژیانە، بەڵام ئەو جیهان و ژیانەی شاعیرەکە بە هەستی ناسک و چاوی دەروونی ورووژاندووە و بەدی دەکات، ئامرازی گۆڕینەکە شیعرە کە لەناخیدا پەنگی خواردۆتەوە و بە یارمەتی ئەندێشەی سنوور بەزێن کەوتۆتەوە، برییە نوێیەکە جیهانی پڕ ئەفسانە و فەنتازی شیعر و شاعیرە. نۆڤالیس وەک شاعیر و ئەدیبێک ئەسپی خۆی لەم گۆڕەپانەدا تاوداوە. بەلای نۆڤالیسەوە هەر شیعرە(١٤) کە بەرامبەر ئاژاوە و تەنگژە و جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانە و سەختییەکانی گوزەران و نادیاریی و تەم و مژاوی چارەنووسی، لە بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجە و ناتەباییەکاندا هارمۆنی و هەماهەنگی سروشتی و ئازادی ڕۆمانسییانە بۆ مرۆڤ و بەرەو ئاسۆی بێ بنی دەریا ئاسا دابین دەکات.

نۆڤالیس وا پێدەچێ، هەل و مەرجە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی کاریان تێ کردبێ بۆیە ڕۆڵ و ئەرک و فەرمانێک بە شیعر دەبەخشێ، هەر لە جیهانی پان و بەرینی سیاسەتدا باوە. گوایە شیعر ڕەنگی هەبووی ڕاستەقینە (ڕیئالیتێت) بەو جۆرە نارێژێ کە هەیە و لە ئارادایە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە دەبێ لە پاشەڕۆژدا وابێ! بێگومان ئەمەش دەربڕینێکە هەر لە شاعیر دەوەشێتەوە، چونکە لە ئەندێشەی باڵدار بەولاوە بنەمایەکی ڕاستەقینە شک نابات. دوور نییە، وەک ڕۆمانتیکییەکان بە هەست و سۆز بۆی چوون، مرۆڤ لە زگماکەوە و سروشت ئاسا هەست و توانا و مەیل و ئارەزووی شیعر دانانی لە ناخدا هەبێ و ئەمەش جۆرە بەهرەیەکی داهێنانی شیعری پێ ببەخشێ. شیعریش، لەمەشدا ڕۆمانتیکییەکان چاک بۆی چوون، بۆ ورووژاندنی هەست و سۆز و ناخی مرۆڤ و کارتێکردنی، توانایەکی ئەفسانەیی هەیە. نابێ ئەوەش لەبیر بچێ کە شیعر لە خۆیدا بەهرە و چالاکییەکی بێ سنووری مرۆڤە. ئەمە شتێکە کەسی شارەزا لاری لێ نییە، بەڵام توانای ئەو کارەی شیعر لە مرۆڤی دەکات لەخۆیدا دیار و سنوورداره و لە ڕادەیەکی تایبەت بەولاوە تێناپەڕێ. بە واتایەکی تر هیچ کاتێک نەبووە و نابێ، شیعر فاکتەری سەرەکی گۆڕین بێ، بەڵکو هەمیشە هۆکارێکی یارمەتیدەری فاکتەر و هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕان بووە. گۆڕانەکە خۆی، بە فاکتەر و هۆکارەکانییەوە دەبێ لە ئارادابن ئینجا شیعر و شاعیر وەک هاندەرێکی سەربار و تەواوکار و یارمەتیدەری فاکتەرەکانی تر دەورو ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و کارەکەیان دەکەن. ئەو بارودۆخەی هەست و هۆش و ناخی شاعیریان ورووژاندووە و چاوەڕێی گۆڕان دەکەن هەر ئەوانن کە مرۆڤی ئاساییان نائارام کردووە و هیوای گۆڕانیان بە بەردا کردووە ئیتر لێرەوە دەوری شیعر دێت وەک یارمەتیدەرێک، بەڵام نەک وەک هۆکارێکی سەرەکی گۆڕانەکە. ئەگەر بارودۆخی نالەبار کە چاوەڕێی گۆڕان دەکەن، لە ئارادا نەبوونایە نە شاعیر، ئەوی لافی گۆڕان بە پشتیوانی شیعر لێ دەدات، ئەو شیعرە گەرم و گوڕ و بە جۆشانەی بۆ دەهات و ئەمرۆکەش ئامادەبوو گوێ لە شیعرەکەی بگرێت. شیعر وەک فاکتەری خۆشەویستی و زمانی دڵ و دەروون دەکرێ هۆکاری جۆرە هەماهەنگی و هارمۆنی نێوان دوو دڵ بێت، بەڵام ڕۆمانتیکییەک، تسک یاخود نۆڤالیس مرۆڤ وەک گەردوونێکی بچووک وەک جیهان و بوونەوەرێکی هەندەکی بەرامبەر بە گەردوونێکی گەورە و جیهانەو بوونێکی هەمەکی دابنێ، ئینجا وەک نۆڤالیس لە ڕۆمانێکی نیوەچڵدا باسی کردووە(١٥)

لاوێک بۆ ئەوە لە دایک بووە ببێ بە شاعیر و بەهۆی خۆشەویستی شیعر کە لەناخیدا ورووژاوە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی بڕوای وابێ کە ئەرکی سەرشانی گۆڕینی جیهانە، هەر لەوێنە شیعر و تابلۆیەکی هونەرمەندی دەچێت و فڕی بەسەر ڕاستی و ڕاستەقینەوە نییە، ڕاستە ئەو بارودۆخەی نۆڤالیس تێدا ژیاوە، هەلومەرجی ژیانی سووک و ئاسان نەبووە، وەک هەرەسهێنانی فیودالیزم و بە تەواوەتی جێگیر نەبوونی کەپیتالیزم، پەک کەوتنی کۆن و دابونەریت و ڕێ و شوێن و، لاوازی و ناتوانایی نوێ، ناهارمۆنی و ناهەماهەنگی پەیوەندییە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و کۆمەڵ، بە کەم زانی مرۆڤ وەک جەوهەرێکی تاکە کەسی وەک مرۆڤێکی تاکی ئازادی، پابەند نەبوو بەهیچ بنەما و قانوون و کۆت و پێوەندێک، ئەمانە دەکرێ تارادەیەک بە بیردا بێن، بەڵام هەر نەبێ دەبێ شاعیرە لاوەکە یەکەم جار هەوڵی زانینی دەوروبەر و ئینجا بەلای کەمەوە سەرگەرمی لێکدانەوەی بێ پێش ئەوەی هیچ ئامرازێکی کارکردنی بەدەستەوە بێ و هەوڵی گۆڕانی شتێک بدات کە ئەرکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی نەوەیەک بەگشتی. ئەم هەڵوێستەی نۆڤالیس ئەگەر لە جیهانبینیە شیعر و هەست و سۆز و ئەندێشەکەی جیابکرێتەوە، بە ئاشکرا ڕەنگی هەلومەرجە مێژوویییەکەی کاڵ دەبێتەوە و لەگەڵ پرۆسەی بەرەوپێش چوونی ئەو کۆمەڵەی تێیدا ژیاوە ناتەبا دێتە بەرچاو، لەو جیهانە و لە پرۆسەی گۆڕانەکەیدا لەنامۆیەکی هەست ناسک و ناخ ورووژاو بەو لاوە نییە.

٦- گومان کردن و ڕازی نەبوون بە هەبوونی ڕاستەقینە وەک خۆی بەکوڵک و پێستەوە. شتێکە کەس لاری لێ نییە، بەڵام دڵ کرمێ بوون، بەبێ ئەوەی بە پەیڕەوێکی زانستی- بابەتی پشت ئەستوور بێت، بە پێچەوانەی ڕاستی و ڕاستەقینەیە. کانت سەرکەوتووانە لەکاتی توێ توێ کردنی تواناکانی هێزی ژیری مرۆڤدا، دژی گومانکارانی دڵ کرمێ بوون بوو، ساغی کردەوە کە بوونی بنەمای هەمەکی و ناچارەکی(١٦) لە چوارچێوەی ناوەرۆک و بابەتەکانی زانین و ژیردا ئاودەکاتە ژێر هەموو کارێک پشت ئەستوور بە دڵ کرمێ بوون بێت. بەپێی بوونی ئەم دوو بنەمایە لەژیانی پرۆسەی ژیردا گومان وەک چالاکییەکی پەیڕەوی لە چوارچێوەی بیرو کاری ژیردا ڕەوایە، چونکە ئەم جۆرە گومانە لە خۆیدا هۆکار و پاڵنەری ڕامان و وردبوونەوە و ئینجا ڕەخنەگرتن و بەرەو چاکتر و بەرەو باشتر بردنە. هەبوونی ڕاستەقینە، هیچ کاتێک بەبێ کەم و کوڕی نەبووە و نابێت، هەر ئەم کورتی و کەم و کوڕییانە بوون لە ڕابردوودا و ئێستاش و لە پاشەڕۆژدا هۆکاری داهێنانی پرۆسەی گۆڕانکاری بەرەوپێش بردن و دەست بەکاربوونی دەبێ. ژیری مرۆڤ، وەک هێز و توانایەکی هەڵسەنگاندن و توێژینەوە و بڕیاردان لە چەند سەرچاوەیەکەوە هەڵدەهێنجێ وەک هەست و تێگەیشتنی (فام) و توانای تایبەتی ژێر خۆی. خۆ ئەگەر مرۆڤ، لەکارێکی تایبەتیدا بکەوێتە هەڵەوە، هەڵەکە لەوەوە پەیدانەبووە ژێر خۆی بەسەرچاوە جیاوازییەکانیەوە تەفرەی داوە و بەهەڵەی بردووە، بەڵکو مرۆڤ خۆی بە هەڵە ئەو توانایەی لە جێگایەکدا کە جێگای خۆی نییە و دەربارەی بابەتێک کە سنووری ئەو دەبەزێنێ، بەکارهێناوە یاخود کانت وتەنی، دەربارەی جەوهەری شت، واتە شت لە خۆیدا کە زانینی سنووری توانای زانینی مرۆڤ دەبەزێنێ، تێپەڕێنراوە، چەمکەکانی تێگەیشتن کە فۆرمی دیدەنێن و سنوور و پاوانی بیری ڕووت دیاری دەکەن لە پاوان و گۆڕەپانی دەرەوەی سنووری هەستەکان بەکارهێنراون و بەسەر بابەتەکانی سەر و هەستەکاندا پیادەکراون. ئیتر لێرەوە ناتەبایی و ناکۆکی دەکەوێتەوە(١٧).

ئەم ڕەوشە، بە باوەڕی من هۆکارێک بووە بۆتە مایەی ئەوەی لە توانای ژیری مرۆڤ، لەو کارەی زانست لەژیاندا دەتوانێ بیکات، لەو ئەنجامانەی دەکرێ بیانداتە دەست گومان بکرێت!

ڕاستە زانست لەو ڕۆژەوە لایەنە کردەکی- پراکتیکییەکەی پیادەکراوە و دەست بەکارە، لە ژماردن و سنوور بەدەر، دەسکەوتی چاوەڕوان نەکراوی بۆ مرۆڤ داوەتە دەست، بەڵام وەک هەموو دیاردە و هۆکار و بابەتێکی تر لایەنی ناڵەباریشی هەبووە، لەلایەکەوە، ئەدیب و نووسەرە ڕۆمانتیکییەکان وتەنی «ژینگە و سروشتی دڵرفێنی شێواندووە و تێک داوە» ئیگزیستێنتالیزم وتەنی، مرۆڤ نەک هەر بووە بە پاشکۆیەکی لەبیرچووەوە، بەڵکو کراوە بە ئامرازێکی بچووک لە مەکینەیەکی زەبەللاحی بێ ڕەحمدا، زانست هەر خۆی چەک و تفاقی کوشتن و بڕین و کاول کردنی داهێناوە. ئەو ئەتۆمەی لەسەرەتادا چاوەڕێی شتێکی تری

لێ دەکــرا هەڕەشـــە لە بوونی تێکڕای مـــرۆڤی ئەم سەرزەمـینە و هەبوون و ژیان و شارستانێتی و جیـهان دەکــات. ڕاســتــە لەلایەکــەوە تاڕادەیەکی زۆر باری سەرشانی مرۆڤ سووک کراوە، بەڵام لەلایەکەی ترەوە، بە جـۆرێکی تر، هەڕەشـە و گـوڕەشـەی جـاران، نەخـۆشی کـوشندە، نائارامی و پەشێـوی، برسێـتی و کـلـۆڵـی لە بەرگ و ناوەرۆک و ڕوخـســـارێکی تردا هەر دەست بەکـــارن. ئەگــــەر زانست لە هەندەکی و لایەنی و وردەکــاریدا کــاری باشی کــردبێ، ئەوا لە چوارچێــوە گشتییەکەدا لایەنە نالەبارەکانی ژیان و گوزەران بەدەست کـێـشـە و بەرەی ســەردەمی خـۆیانەوە، بەناوەرۆک و ڕوخسارێکی ترەوە گیرۆدەن و دەناڵێنن، بۆیە سەیر نییە مـرۆڤ بڵـێ، کـەس بە بەشی خـۆی ڕازی نیـیـە، ئەی ئەم جـیـهـانە بۆ کێ و بۆ چ کـەس دانراوە و داهێنراوە. هیچ نەمـا مـرۆڤ پەنای نەباتە بەر و تاقی نەکـاتەوە، کـەچی کلۆڵی و نائارامی و نەخۆشی کوشندە و برسێتی و خێوی تۆقێنەری مردن و دوارۆژ هەر لە ئارادان. ئەو سروشت و دەوروبەرەی جـاران مـرۆڤی تۆقـاندبوو، ناچاری کـردبوو پەنا بەرێـتـە بەر داسـتـان، ئەفـسـانە و جـلـەو بۆ هێـزی چەموشی ئەندێشەی شل بکات و دەست بە دامێنی جۆرە کردار و ڕەفتار و پەرستن و نمایشێکەوە بگرێت، تەنانەت هەندێک جار وەک لەسەردەمی سۆمەر و بابل و میسری کــۆندا باوبووە، قــوربـانی بە مــرۆڤ- ئاژەڵ- زیندەوەر بدرێت بۆ ڕەواندنەوەی ترس و ڕازی کردنی خواوەندەکان و وەڵام دانەوەی ئەم پرسیـارە سەختانەی لە کارەسات و ڕووداوەکـانی سروشـتەوە دەکـەونەوە. ئەم سروشـتە و ئەم دەوروبەرە هەر خـــۆیان بەشـــێـــوەیەکی تر بەڵام بە ناوەڕۆکێکی ترسناکتر تەگەرە و کۆسپن لەبەردەم مرۆڤدا. مـرۆڤ جـاران ئەگـەر بە ئامـراز و کـەل و پەلی سـادە و ساکاری سەردەمی خۆی مرۆڤی چەوساندبێتەوە و ئازاری دابێت، ئیـتـر بۆ هەر مـەبەسـتـێـک و لەژێر هەر ناوێکدا بووبێ و بگرە ژیانیـشی لێ سـتـاندبێ، ئەوا لەسـەردەمی شــۆڕشی تەکنەلۆجی و جــیــهــانگیــری و مــیــدیای سەرتاپاگیردا زانست چەک و تفاق و ئاوازی وا مۆدێرنی دروست کـردووە، پتـر لەجاران مرۆڤی پێ ئازار دەدرێ و دەتۆقــێـنرێ، بەڵام ئایا دەکـرێ ئەمـانە بێن بە هۆکـار و پاڵنەر و دڵ بەو ڕادەیە لە فـەلـسـەفـە و زانست کـرمێ بکەن؟ دەبێ بۆچی ئۆباڵی ئەم دیاردە و قـــەومـــان و کـارەسـات و نالەباریی و بەدکارییانە تەنیا بدرێتە پاڵ زانست و فـەلسـەفـە و، بۆچی پشت بکرێتـە ژێر، بۆ شـارسـتـانی و کـۆمـەڵ بەلاوە بنرێ و پەنا ببـردرێتە بەر ئەندێشـە و سـۆز و سـروشـتی تازەبووک؟ ئایا ئەم جـۆرە تومـەتبار کـردن و گازندەیەی فەلسـەفـە و زانست لەوەوە نەکەوتۆتەوە کە بۆچوونێکی ناڕاست دەربارەی فەلسەفە و زانست و ئەرک و فەرمانیان لە مێشکدا هەیە؟

دەبێ فەلسـەفە بەچی دابنرێت و داوای چی لێ بکرێت؟ دەکرێ فەلسەفە بەشێک بێ لە زانستە ئەزموونییەکان کە پشت بە شارەزایی و تاقیکردنەوە دەبەستن؟ یان فەلسەفە زانســتــێـکی ژیرییــە؟ ئایا دەبێ فـەلسـەفـە بابەتێکی سـەربەخـۆ بێت یان بەلای زانست و لاهووتدا بشکێنێ؟ دوور نییە بوترێ لەم بارەدا فەلسەفە سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات، ئەمـــە تاڕادەیەک پێ دەچێ، بەڵام ئایا فەلسەفە بە ئامراز و بابەت و توانای تایبەتی خۆیەوە، ئەگــەر تایبـــەتمەندی خــۆی لە دەست نەدات، دەتوانێ لەسـەردەمی شـۆڕشی تەکنەلۆجی و زانسـتـدا، بێ باک و بێ خـەم بەبێ کـۆمـەک و یارمـەتی زانست و ئەنجـامی توێژینەوە و داهێنانەکـانی ئەو ئەرکەی پێی سپـێردراوە، پیادە بکات؟ ئایا ئەوە دەبێ وەک ئەرکێکی سەرەکی بێ یاخــود بە پلەی دووەم بێت؟ دەبێ ئەم هەنگاوە کــار لە پەیوەندی دەستیـاوی فـەلسـەفە و لاهووت نەکات؟ ئەگەر فەلسـەفە و زانست و لاهووت پێکەوە، هاوکاری یەکتری بکەن ئەو جـۆرە فـرە ڕەنگیــە سـروشـتـیـــەی ژیان ناشێـوێندرێ؟ ئەگەر ئەم هاوکاری و تەباییە پەیدا ببێ، چۆن ئەو سەربەخۆبوونی ئەم زانست و بابەتانە و هەبوونی فـرەڕەنگی لە هەمـوو بوار و پاوانێکدا، کـە بە ڕاستی لە جـەوهەر و پوخـتـەی ژیان لە سـروشـتـیـدا تاڕادەیەک لە چوارچێـوەی یەک ڕەنگیــە ڕوخـسـارییـەکـەیدا جـۆرە هەمـەڕەنگی و جیـاوازی تایبـەتمەند نەنوێنێ، لە پێناوی هێـشـتـنەوەی و بۆ بەردەوام بوونی کـۆشش نەکـات؟ یەک ڕەنگی هەمـیشـە، ئەگەر لە بارودۆخی دیاریکراودا دڵگیر و پەسـەند بێت، ئەوا لە ڕوخـســار و ڕواڵەتی بەرچاو بەولاوە نیــیـە، شت لەخـۆیدا، لە پوخـتـە و جـەوهەردا هەمەڕەنگە.

٧- کـێـشــەی هەمــەڕەنگی و یەک ڕەنگی، گـۆڕان و نەگۆڕان، جەوهەر و ڕوخسار ئەو پریشکە بووە ئاگری لە قـەدەغـە و پاوانی فـەلسـەفە بەرداوە و فـەیلەسـوفـانی

سەرقاڵ و نارەحەت کردووە هەر بیرمەندە لە بۆچوون و ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە بەشداری لە کردنەوەی گرێ کوێرەی ئەم زنجیرەیە کردووە و تێکڕای وەڵامەکانی ئەو بابەتەی لێ کەوتۆتەوە کە بە جیهانبینی ناودەبرێت.

هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە، شەش سەدە بەر لە زایین، فەیلەسووفی یۆنان سەرنجیان بۆ لای ئەم بابەتە چووە، ئیتر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بنج و بنەوانی بوون، شت بە تێکڕایی چی بێت؟ ئایا لە دوای ئەو گۆڕان و ڕواڵەتە هەمەجۆرانەوە کە بەشێوەی جیا و لە ڕوخسار و چوارچێوەی جیاوازدا دێنە بەرچاو، بنەمایەک، جەوهەرێکی نەگۆڕاو هەبێ یان نا؟ لە وەڵامی پرسیاری ئەم بابەتانەوە میتافیزیک پەیدابووە کە بابەتەکەی لە سەرەتادا بریتی بووە لە توێ توێ کردنی چەمک و بۆچوونی هەمەڕەنگی و یەک ڕەنگی، هەمەکی و هەندەکی رووکەش و جەوهەر، ڕوخسار و ناوەڕۆک، گشتی و تایبەتی، بنج و هۆکار و جەوهەری هەموو شتێک چی و، شت لە چی کەوتۆتەوە، ناچارەکی و ڕێککەوت چین، لە قۆناغێکی تری پەرەسەندنی بیری فەلسەفە و میتافیزیکدا ئەم بابەتە شێوە و ناوەڕۆکێکی تری پێ براوە، تارادەیەک لە چوارچێوەی سەر و سروشتی ترانسندنتالیدا خەت و خاڵی داوە و ناو و چەمکی تر کەوتوونەتەوە و خراونەتە ژێر تیشکی شیکردنەوە وەک: چەمک و بۆچوونی هێزێکی ترانسندنتی دەسەڵات بێ سنووری سەر و سروشتیەکە لە ئایینی مەسیحدا بە (ڕەب) ناوبراوە، لە چوارچێوەی ئەم پرۆسە نەسرەوتەی پەرەسەندندا چەمکی تر وەک بیرۆکەی جەوهەر و مادده، سروشت و گیان و بیر و ژیر و کات و شوێن و جیهانی دەوروبەر و ناوەکی، هۆکار و ئەنجام، ژین و مردن، سەرەتا و کۆتایی، یەکە و فرە، تایبەتی و گشتی..تاد کەوتوونەتەوە. بەرامبەر بە یەکتری دانانی ئەم چەمک و بۆچوونانە کە بە ئەڵمانی Begriffe و بە یۆنانی و لاتینی Kategorien پێ دەوترێ، بەپێی قۆناغ و دەوروبەرە جیاوازەکانی کۆمەڵ و شارستانیەت لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەرنج دراون و خراونەتە سەر خوانی باس و لێکۆڵینەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا کە بەسەدەی دەسەڵات و هێز و بیر و لاهوتی مەسیحی ناسراوە، ئەم چەمکانە گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، تارادەیەک لە چوارچێوەی پێنج هەمەکییەکەدا باس کراون، پرسیار کراوە ئاخۆ ئەمانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە یاخود چەند بۆچوونێکن تەنیا لە مێشکی مرۆڤدان؟

پشت ئەستوور بە فەلسەفەی یۆنانی و ئینجا هیلنستی و فیلۆنی جوولەکە و ئەفلۆتین، هەردوو ئایینی جوولەکە و عیسایی لاهووتێکی پشت قایم بە فەلسەفەیان داهێناوە، تێیدا سوودیان لە بنەماکانی مەنتیقی پێوانەیی ئەرستۆتالیس وەرگرتووە و چەندین بابەتیان توێ توێ کردووە. دەربارەی ئەو چەمک و بۆچوونانەی پێشتر ناویان هێنرا ڕۆڵێکی بەرچاو و دیار گێڕدراوە، ئەگەرچی ڕۆڵەکە خۆی لە چەند کۆشش و تەقەللایەکی زیرەکانەی بەکارهێنانی ژیردا دیوەتەوە کە دەست ڕۆیشتووی لاهوتییەکان لە بواری بەکارهێنانی وەستایانەی وشە و مەنتیق و بابەتەکانی زماندا دەردەخەن. چەمکێک لەو چەمکانە کە مەسیحییەکان، بە تایبەتی لاهووتییەکان بەکاری هێناوە و سەدان باسی لاهووتییان لەسەر نووسینەوە هۆکارێکی ژیری سەروو سروشتی یان بە ئافەریدەکاریان بوون و ژین و گەردوون و سروشت و مادە داناوە. هەبوونی هەمەڕەنگی و گۆڕان و جەوهەر و رووکەش و ژین و مردن و گشت ناکۆکی و بابەتە ناتەباییەکان خراونەتە چوارچێوەیەکەوە کە ناڕاستەوخۆ بچنەوە سەر بنج و بناوانی ئەو یەکە ژیرە ترانسندێنتییە. بۆ ساغ کردنەوەی ڕاستی ئەم بۆچوونە و بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ئەم هۆکارە ژیرە ڕەسەنە کە لە خۆی بەولاوە هیچ هۆکارێکی تری نییە بابەتێکی یان لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئایینی و لاهووتدا داهێناوە ناوی خەسڵەت و سیفەتەکانی- ڕەب-یان لێ ناوە.(١٨) ئەم خەسڵەتانە Attribute کراون بە دوو بەشەوە. بەشێکی نالەبار negativ واتە ئەوانەن کە بەبێ هۆکارە ژیرە سەروو سروشتییەکە بوونی تایبەتی و سەربەخۆی خۆیانیان نییە وەک: نەمریی، هەتا هەتایی، بێ وێنە، بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر، بێ ڕەنگ...تاد.

بەشی دووەمی خەسڵەتەکان بە لەبار Positv ناودەبرێن، چونکە ئەم هۆکارە بەبێ ئەم خەسڵەتانە ناکرێت وەک جەوهەر و هۆکاری سەر و سروشت بە بیرو مێشک دابێت، وەک، گیانی بێ گەرد و، لە هەموو ماددەیەکەوە دوورە، دانانی لە ڕادەبەدەر، دادپەروەر و ئازاد و خاوەن خواستی بێ ڕادە و سنوور، ئافەریدە کارو

به بەزەیی و لێ بوردوو.

ئیستر فرە ڕەنگی، یەک ڕەنگی، کەم و زۆر، ژین و مردن، نەخۆشی، لەش ساغی بوون و نەبوون لە چوارچێوەی بڕوابوون و پشت ئەستوور بەو هۆکارە ژیرە لێک دراوەتەوە، ئەم هۆکارە ترانسندنیتاڵییە خۆی بەم ڕێگایەدا کە بەسەرچاوەی ڕاستی و ڕاستەقینە دانراوە پەیامی بۆ مرۆڤ- بەندەکانی- ناردووە، ئەم ڕێگایەش بە سروش (وەحی) ناسراوە.

٨- دوای پێچرانەوەی دامودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئینجا دەست پێکردنی شۆڕشی فەرەنسا و دەرکەوتنی نێرگزی بەهاری ڕووناکبیری سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپا ئەو دەورە لە لاهووت ستێندرایەوە زانست جێگای گرتەوە، ژیر بوو بەسەر مەشق وشەی ئازادی و یەکسانی و داد ببوون بە دروشمی سەرەکی ژیانی سیاسی ئەو دەستە و توێژانەی سوودیان لە لایەنی چاک و لەباری ڕابردوو وەرگرتووە، بۆ دەست ڕۆیشتن بەسەر سەردەمدا بەکاریان هێناوە و بۆ ڕشتنی ڕەنگی دواڕۆژێک کە سوود و قازانجی مرۆڤ دابین بکات، کۆششیان کردووە. ئەم زانستە تاڕادەیەکی زۆر بریتی بوو لە فەلسەفەی فیزیک واتە فەلسەفەیەک لەگەڵ زانستدا شان بە شانی یەکتری لە مەیدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا هاوکاری بکەن. زانا لە تاقیگەکەیدا ناکرێ لە ئەنجامی بیروبۆچوون و وردبوونەوەکانی فەیلەسووف بێ نیاز بێت و فەیلەسووفیش ناتوانێ دەستبەرداری ئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی زاناکان بێت. ئەم هاوکارییەی هەردووک لا لەلایەن بارودۆخی سیاسی ئەوسا، ئاوابوونی خۆری فیودالیزمی و خەت و خاڵدانی کەپیتالیزم هان دراوە و پشتگیری لێ کراوە. دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵی نوێ پێویستی بە کەرەسە و ئامرازێک هەبووە کە زانست بتوانێ دابینی بکات، ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆجی کۆنیش پێویستی بە فەیلەسووفی سیاسەتمەدار هەبووە. جگە لەوەی هەل و مەرجەکە خۆبشی سەردەمی ئازادی مرۆڤ و ڕێزگرتنی ژیر و تواناکانی ئادەمیزاد بووە، وا پێ دەچێ، هەروەک سەرچاوەکان باسی دەکەن، بەتایبەتی سەرچاوە سیاسییەکان، هەموو سەردەمێک، لە هەموو جێگاو دەوروبەر و قۆناغدا لە نێوان هیوا و ئاوات و ئامانجی چاوەڕوانکراو لەلایەک و ڕادە و سنوور و تواناو ئامرازی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کە خواستراون لەلایەکی ترەوە، جیاوازی گەورە هەیە. بە واتایەکی تر ئەوەی لەسەردەمی شۆڕشی ژیر و زانستدا چاوەڕێ کراون پتر بوون لەوەی بوونی ڕاستەقینە بتوانێ بەدییان بهێنێ، بەلای منەوە کێشەی کەپیتالیزم و خەت و خاڵدان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵ و دەست هەڵگرتنی لە دروشمە پێشکەوتن خوازەکانی پێشوو تەنیا هۆکارێک بووە، بەڵام هەرگیز هۆکاری سەرەکی پشت کردنە فەلسەفە و زانستی ئەو سەردەمە نەبووە کە ڕۆمانتیکییەکان تێیدا دەستبەکار بوون کە بەتایبەتی ئەو قسەیەی پرۆفیسۆر لۆکاچ کردوویەتی کە ئەو بە سەردەم و قۆناغی ناکردنی ژیر و پشتکردنە ئەقڵی داناوە، لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە لۆکاچ بەم بڕیارەی پتر ئایدیۆلۆجی و سیاسەتێکی دەستبەکاری سەردەمی خۆی ڕەواکردووە، بۆچوونی ئەم فەیلەسووفە کەمتر بە گیانی بابەتییانە و شیکردنەوەی فەلسەفی پشت ئەستوورە. ڕوانگە سیاسییەکەی مایەی ئەم بڕوادانە بووە.

فەلسەفە لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا بەگشتی و دوای شۆڕشی فەرەنسا بەتایبەتی ڕووبەڕووی کێشەیەک بۆتەوە کە خۆی لە چوارچێوەی ئەم پرسیارەدا دەربڕیوە:

- فەلسەفە دەتوانێ لە ژیاندا چ ڕۆڵێک بگێڕێ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دوو جۆر بۆچوون دێنە بەرچاو یەکێکیان لەسەردەمی دیکارتەوە ماوەتەوە کە بریتی بووە لەوەی لێکدانەوە و توێژینەوەی جیهان بە کوڵک و پێستەوە بە ئەرکی سەرەکی فەلسەفە زانراوە بۆ نموونە ویستراوە بزانرێ ئایا ئەو قسەیەی لە تەوراتدا هاتووە ڕاستە یان نا، واتە بوون جۆرە داهێنانێکی بێ سەرەتا و لە کەرەسەی نادیارەوە بووە، یاخود بوون کۆنە و نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی؟ ئایا لە دوای ئەم ژیانە ژیانێکی تر هەیە یان نا؟ ئایا فەلسەفە دەربارەی ئەو جیهانە میتافیزیکییە سەروو سروشتییەی کە بریتییە لە (بوونی ڕەب و گیان و نەمریی و بەهەشت و دۆزەخ) دەتوانێ چ بۆ مرۆڤ ڕوون بکاتەوە. هەر ئەم پرسیارە بووە داهێنانەکەی داروێنی لێ کەوتۆتەوە. لایەنی دووەمیان، بۆچوونەکە لە ڕوانگەی سیاسەتەوە، بە پێشکەوتنخواز دادەنرێت، بەڵام لە خاڵێکەوە سەیر دێتە بەرچاو، سەیرەکە لەوەدایە ئەم بۆچوونە لە هەندێک خاڵدا لەگەڵ بۆچوونی ڕۆمانتیکییەکاندا دەگونجێ، ئەگەرچی

مەبەستی ئەمان شتێکی تر بووە، بەلای ئەم لایەنانەوە کلۆڵی و لێ نەهاتوویی فەلسەفە لەوەدا دەردەکەوێ کە تا ئێستا ئەرک و فرمانی ڕاستەقینەی خۆی نەزانیوە. لە جیاتی ئەوەی فەلسەفە ئەم شتانە لێکبداتەوە و باسی سروشت بکات دەبێ ئامرازێکی گۆڕینی سروشت بێت(١٩)، بەڵام دەبێ ئەم گۆڕینە بە چ لایەکدا بێت؟ ئامرازی بەکارهێنانی ئەم گۆڕینە چی و دەبێ چۆن بی؟ ئەوا لێرەوە چەندین ڕێباز و لایەنی جیاواز دێنە کایەوە. لەلای مارکس و لایەنگیرانی خەباتی چینایەتی، هێز و توانای ڕێکخراوی چینێکی تایبەتی کە ئەو بە پرۆلیتێری ناوبردووە ئەگەر لە ئۆرگان و ڕێکخراوی سیاسی دیاریکراودا ڕێک بخرێن ئەم ئەرکە پیادە دەکرێت. سۆسیال دیموکراتەکان ئەم ڕۆڵەیان بە تێکۆشانی سیاسی و هەڵبژاردن و دەنگدان و ڕاپرسی و پەرلەمان سپاردووە، هەموو جۆرە توندوتیژییەک ئیتر لەژێر هەر ناو و دروشمێکدا بێت و بە هەر شێوەیەک بێ، بە هەڵە و چەوت و ناڕەوا و بگرە نادیموکراتییانە دانراوە. گۆڕان دەبێ بریتی بێ لە پەرەسەندنی هەنگاو بە هەنگاوی سروشتییانە. گۆڕینی سەرتاپاگیرانەی پشت ئەستوور بە توندوتیژی، لاساییکردنەوەی قۆناغی پێشووە و بەکارهێنانی شێوازی کارکردن و ئامرازەکانیەتی، بەڵام لەژێر چەند ناوێکی بێ ناوکی سەرنج ڕاکێشدا.

٩- ڕۆمانتیکییەکان ئەم ڕۆڵی گۆڕانە، بە جۆرێکی تر، لە چاوی شیعرەوە دەبینن، دەبێ مرۆڤ چاوەڕێی، چ گۆڕانێک لە شاعیر و هونەرمەند بکات، هەڵوێستی گۆشەگیریی و دوورەپەرێز وەستان، نەرەنەری بێ ماناو، پشت کردنە زانست و فەلسەفە و سیاسەت و کۆمەڵ بە گشتی، پەنابردنە بەر ئەندێشە و هەست و سۆز، بەناخی خۆدا قووڵ بوونەوە، لێکدانەوەی خەونە جۆر بە جۆرەکان، وەک ئامراز، شیعر بە شێوە جیاجیاکانییەوە، ئەدەب (ڕۆمان) و بابەتی هونەری لە چوارچێوەی گاڵتەجاڕی و سەرزەنشت و گەمەپێکردندا بۆ ڕەخنەگرتن بەکارهاتوون.

لە جیهانی پان و بەرینی فەلسەفەدا و بە تایبەتی لە پاوانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا کە لەدوای کانت، سەری هەڵداوە هەڵوێستێکی تاڕادەیەک نزیک لە بۆچوونی ڕۆمانتیکییەوە لەلای شیلنگ دێتە بەرچاو.

بە پێچەوانەوە هیگڵ بە توندی ڕۆمانتیکی ڕەخنە کردووە و کەم و کورییەکانی لە بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە لە فەلسەفەکەیدا خستۆتە بەرچاو(٢٠). هیگڵ لەو باوەڕەدا بووە کە ڕاستی و ڕاستەقینە لە چوارچێوەیەکی پڕ بە پێستی خۆیاندا، تەنیا لە سیستەمێکی زانستی- فەلسەفەییدا دەبن، پەرەسەندن، گۆڕان لە پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی گیان بەولاوە نییە. هیگڵ سەردەمی خۆی، سەردەمی ڕژێمی فەرمانڕەوایی پروسی، بە لووتکە و چڵەپۆپەی پەرەسەندنی گیانی ڕەها داناوە، وای بۆچووە، ئەم پەرەسەندن و گۆڕانە ناچارەکی لە ژێر کەوتوونەتەوە و نەکراوە و ناکرێ و نەدەبوو لەمە باشتر بوونایە، یاخود بە جۆرێکی تر ڕوویاندابایە. بەلای هیگڵەوە، لێرەوە بەدەر نە پاشەڕۆژ هەیە، بەمانای هاتنی شتێکی جیا، نە پەرەسەندن و گۆڕان ڕوو دەدەن(٢١) (واپێ دەچێ فرەدریک ئینگلیز کاتێک باسی قۆناغەکانی سۆسیالیزمی کردووە، بە تایبەتی کاتێک ناکۆکییە دوژمن بە یەکترییە چینایەتییەکان نامێنن سوودی لەم قسەیەی هیگڵ وەرگرتبێ.)

شیلنگ بەبێ ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕۆمانتیکییەکانەوە هەبووبێ، لەو گازندەیەی لە فەلسەفە و بابەتەکانی کردووە تاڕادەیەک لە هەڵوێست و بۆچوونی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە نزیک بۆتەوە، شیلنگ وای بۆچووە کە زانستەکان لە پرۆسەی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونیاندا وردە وردە دوورەپەرێز دەبن و وەک جاران پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و هەست و نەست و سۆز و دەروون و خۆشی و ترشی خەڵکەوە نامێنێ. زانستەکان بوون بە موڵک و پاوانی کەسانێکی تایبەتی بۆیە جۆرە سیما و خەسڵەتی- ئەریستۆکراتییەتێکی بەرچاویان پێوە دەبینرێ، دەبێ لەم ڕەوشەدا، لە پەیوەندی نێوان زانست و فەلسەفە، ئەگەر پەیوەندییەکی دەستیاویش بێت، بۆ مرۆڤ چاوەڕێی چی لێ بکرێت؟ ئەگەر زانست بووبێ بە موڵکی ئەریستۆکراتەکان ئەوا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەدا وەک ڕقەبەریی، جۆرە یەکبوونێکی فەلسەفە و شیعر پێشبینی(٢٢) دەکرێت. لەم دۆخەدا سەرەڕای بابەتەکانی فەلسەفە وەک مادە و گیان، چەمک و بۆچوون، جەوهەر و ڕووکەشی، وێنەی شیعری و جوانی و شۆخی و خۆشەویستی و نەمریی و بەهەشت و هەست و نەست ببنە بابەتی سەرەکی. ئەم بۆچوونە بووە بە هەڵوێستی سەرەکی دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیگزیستیانتیالیزم، کیرکیگارد کە

لەبەرهەمەکانیدا گاڵتەجاڕیی (Ironiw) کردووە بە ئامرازی سەرەکی ڕووبەڕووبوونەوە و گازندەکردنی ئەو هەبووە ڕاستەقینەیەی خۆی بەرەنگاری بۆتەوە، هەر لەم بارەیەوە دەکرێ باسی ئەو کارە بکرێت کە شیعر و ئەدەبی ڕابەری ڕۆمانتیکی ئەڵمان هوڵدەرلین لە فەلسەفەی مارتین هایدیگەری کردووە. (*)

بە بۆچوونی من هاوکاری نێوان شیعر و فەلسەفە تارادەیەک پەسند دەکرێت، ئەوەتا هایدیگەر سوودی لە شیعر وەرگرتووە و باسێکی لەسەر هولدەرلین نووسیوە، کامو، گابریال مارسێل، جان پول سارتر بە ئەدەب زۆر بۆچوون و بیروڕای خۆیانیان دەربڕیوە، ئایا، ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت، ئەو هاوکارییەی ئەدەب و فەلسەفە لەلای فەیلەسووفەکانی ئیگزیستیانتیالیزم و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتۆتەوە بەلای ڕۆمانتیکییەکانەوە پەسندن؟ ئایا فەلسەفە بە لقەکانییەوە تەنیا بریتییە لەو تیۆرییە زانینە نیوەچڵەوە و ئەو بەشە ئاکار و ئیستاتیکەی ئەم فەیلەسووفانە تێیدا دەست بەکاربوون؟ بە باوەڕی من ئەم هاوکارییە، لە هاوکاری نێوان فەلسەفە و زانست، سەبارەت بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی، سەرکەوتووتر نابێت، ئەگەر وەک شتێکی سەیر و بابەتێکی نامۆ نایەتە بەرچاو! مەنتیق و تیۆری زانست و میتافیزیک کە بەشی سەرەکی فەلسەفە پێک دێنن هیچ کاتێک بەلای ئەدیب و شاعیرانی هەست ناسک و هونەرمەندی لەبەهرەی ژیر بێبەش پەسند نەبووە، ئەوەتا کاتی خۆی نیتشێ و هولدەرلین لە ئەڵمانیا و دیستۆیڤسکی بە ئاشکرا بێزاری خۆیان لە بیری (وشک و بێ گیانی) مەنتیق دەربڕیوە و کیرکیگارد مەنتیقی بەسەرچاوەی ئەو پرۆسەیە داناوە کە بوونی تایبەتی تاکەکان نەک هەر پشت گوێ دەخات بەڵکو ڕاست و چەپێکی بەسەردا دەهێنێ.

مەنتیق بەشێکی سەرەکییە لە فەلسەفە و چالاکی فەلسەفەدا خۆی بریتییە لە ئازادی بیرکردنەوەی ڕاست و ڕەوان و زانستییانە، ئازادی بەکاربردنی ژیر دەکات بە هەلومەرج بۆیە ناشێ و ناگونجێ مرۆڤی گیرخواردوو بە دەست ئەندێشە و خەیاڵ، مرۆڤی ڕاکردوو لە ڕاستی و ڕاستەقینەکانی ژیان و کۆمەڵ، پەسندی بکات. مەنتیق بەلای مرۆڤی ڕۆمانتیکییەوە نامۆیە(٢٣). ئەمەش خۆی لەخۆیدا قسەیەکە هیچ شتێکی نوێی لەباردانییە، چونکە مرۆڤی ڕۆمانتیکی بە هەموو هێز و توانا و بەهرەی کەسایەتی خۆیەوە هەوڵی مایە پووچ کردنی ژیر دەدات ئیتر چۆن ژیر بکرێت بە پێودانگ و حوکمی بەسەردا بدرێت؟ یاخود بابەتێک کە لەژێرەوە کەوتۆتەوە و ئامرازێکی بەکارهێنانی ژیرە چۆن بە لای یەکێکەوە پەسند دەبێت کە دۆستی ژیر نەبێت! شکاندنی چوارچێوە و بەزاندنی ڕێ و شوێن و پشت کردنە کۆمەڵ و شارستانی و شل کردنی جڵەوی ئەندێشە دەبێ لە ئاژاوە و بێ سەروبەریی خۆم شێواوی بەولاوە چی تریان لێ بکەوێتەوە! ئەم هەڵوێستە لە بەرهەمێکی لووڤیک تییک دا بە ڕاشکاوی دەربڕاوە. تییک بە زمانی پاڵەوانێکی بەرهەمەکەی ئەمەی دەربڕیوە کە وتوویەتی: هۆی ئاژاوە و بێ سەروبەریی چۆڵ و بیابان، دارستانی چڕوپڕ ئاسای خۆشی و شادی بەخش بەخێرهاتی سەرچاوان. من کاتێک وەک کۆیلە و بەندەیەک بەنێو جیهانی نەزم و ڕێک و پێکدا هەنگاودەنێم، تۆ من دەکەی بە گەورە و ئازاد(*). ئەم جۆرە ڕاوبۆچوونە نەک هەر هەبوونی ڕاستەقینە دەکات بەشتێکی شیاوەکی بەڵکو ئازادی دەکات بە چەمکێکی نادیارو دەیخاتە چوارچێوەی بۆچوونێکی لێڵ و تەمومژاوییەوە، پاشەڕۆژ بەهیچ شێوەیەک نایەت و نایەتەدی و ئێستا و سەردەمیش بە ڕاست و چەپێک دەخرێنە لاوە و لەکاردەخرێن!، ڕابردوو نەبووە و نابێ، ئیتر لە خودی شاعیر بەولاوە دەبێ چی بمێنێتەوە؟ ئەمەیە مەبەست کە گوتراوە، لەلای مرۆڤی ڕۆمانتیکی چەرخەکە بەلایەکی تردا دەسووڕێتەوە (ژیر) سارد و سووکی پێکراوە و زانستەکان کەوتوونەتە بەر قەمچی و مستەکۆڵەی- گەردەلوول و پاڵەستۆ- ئەمە هەڵوێستێک بەرامبەر بە ژیان کە بە هیچ جۆرێک نەڕەوایە و نەبڕ دەکات(٢٤). ئەم پرسیارە بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە: ئاگا لە دیدو بۆچوونی ئەدیب و شاعیری ڕۆمانتیکەوە، نەک لە دید و بۆچوونی ناحەزانییانەوە، ئەمەیان لە خۆیدا جۆرە پەیوەندی و هەڵوێست نواندن، نییە بەرامبەر بەو دەوروبەر و هەبوونە ڕاستەقینەیە، بەرامبەر بە جیهان و ژیان کە لەمێشک و ناخ و دەروون و جیهانبینییەکەی خۆیاندا پەنگی خواردۆتەوە کە هەر خۆیان چ وەک شاعیر چ وەک هونەرمەند بە خامە و پەڕەمووچ تابلۆ ئاسا ڕەنگیان ڕشتووە؟ ڕۆمانتیک بە شیرین و تاڵ و

ترشییەوە بەشێکی گرنگ لە سەدەی نۆزدەیەم پێکدەهێنێ. کەسانێکی وەک گۆتێ و شیلەرو نیتشێ و شلیگل و تییک و هولدەرلین ناویان لە مێژووی ئەدەبدا دیارە.

١٠- کەس لاریی لەوە نییە کە ژیان لە هەر گۆشەیەکەوە سەرنج بدرێت، لە خۆیدا نهێنییەکی سەیرە، گرێیەکە کردنەوەی وا ئاسان نییە، سەرچاوەیەکی بێ بن و دەریایەکی بێ قەراخی پڕ لە شتی چاوەڕوان نەکراوە، بۆیە سەیر نییە شاعیری وەک نۆڤالیس و تییک و هولدەرلین هەڵبکەون و ناکۆکی و فرە ڕەنگی و جیاوازیی و ناتەباییەکان، وەک من و نامن، گیان و ڕەوان (نەفس) و ژیر و تێگەیشتن و خواست و ئەندێشە و سۆز و هەست و بڕواو زانین و بیر و ژیان، مردن، بێ سنوور و بێ کۆتایی و کۆتایی سەرنجیان ڕابکێشن... لە جێگای خۆیدا بووە کە مرۆڤی هەست ناسکی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیک پرسیبێتی ئایا ئەم فرە ڕەنگییانە کە دەکرێت وەک ناتەبایی بێنە بەرچاو پوختە و جەوهەری ژیان، بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە پێکدەهێنن یاخود چەندین دیاردە و ڕواڵەتی جەوهەر و بنەمایەکی نەگۆڕاون؟ چۆن مرۆڤ لە توانایدا هەیە لەگەڵ ئەم ڕەوشە جەنجاڵ و سەیر و سەرنجڕاکێش، نامۆ و دڵە خورپێ هێنەردا هەڵدەکات...

هەتا بڵێی ژین خۆشەویستە، هیچ شتێک لە ژیان خۆشەویستتر نییە، بەڵگەی ئەم خۆشەویستییە لەوەدایە هەموو ژیان لەبەرێک ئەوەندەی لە توانایدایە و بۆی بکرێ هەوڵ ئەدات ئەو ژیانە درێژخایەن بێت (تەمەن درێژ بێت)، پڕ بێ لەو خێروخۆشییانەی ئاسایی ژیانیان لێ پێک دێت، خۆ کە مرۆڤی بێچارە و سەر لێشێواو، کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ و، خۆی لەناودەبات کە لە هەندێ شوێندا بە (قوربانی) ناودەبرێ، ئەم کاری قوربانییدانە بە ژیان ساخی دەکاتەوە کە لە ژیان خۆشەویستتر نییە و ئەو کەسە قوربانی بە بەهاترین و بەنرخترین و خۆشترین شتی لە بوونی خۆی داوە. ئینجا هەر لێرەوە ئاساییە کە ژیان و هەڵهێنانی مەتەڵەکانی بێ بە بابەتی جۆراوجۆری بیرمەند و زانا و فەیلەسووف و شاعیر و هونەرمەندان. نهێنییەکانی ژیان ئەو بابەتە بووە. بەشێوەیەکی بەرچاو ئارامی لە نووسەر و شاعیری ڕۆمانتیکی بڕیوە و هانی داون بە چاوی دڵ بڕواننە ناخی خۆیان، هەست و نەستی ناوەکی خۆیان و خەونە فرە ڕەنگەکانی لێک بدەنەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا دارێژراوە کە لە فەلسەفەدا بە پێکەوە هەڵکردنی ناکۆکییەکان و ڕشتنی ڕەنگی یەکخستن و یەکگرتنی هۆشیارین(٢٥) تاکەکەسی ناودەبرێت.

ئەگەرچی هەڵبەستنی پردی پەیوەندی و بەیەکەوە هەڵکردنی ناکۆکی و ناتەباییەکانی ژیان شتێکی وا ئاسان نییە و لە بۆچوون و ڕوانگەی هەندێ بیرمەندەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی ڕەسەن نییە و چارەسەرکردنیشی بە پێچەوانەی سروشتی ژیانەوەیە، چونکە بوونی ئەم کێشەیە وەک بەو جۆرە خراوەتە بەر چاو بێ سێ و دوو لێکردن فاکتەری ڕەوانی- کۆمەڵایەتی خۆی هەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی لەبار (پۆزیتیڤ) و ڕاستەقینەی زانستییانە هەیە و وا بە سادەیی لەلایەن شاعیر و هونەرمەندێک بە لایەکدا ناخرێت. ئەم یەکخستنەوەی هۆشی تاکەکەسی، یاخود هێنانەوە و دامەزراندنەوەی یەک ڕەنگیی هۆش کە بەهۆی ئەم کێشەیەوە لەبەریەک چووە بە تەنیا نە کاری فەلسەفەیە و نە بە شاعیر و هونەرمەند دەکرێت. ئەرکی سەرەکی فەلسەفە ڕەخنەگرتنە، کانت بەو ڕەخنەیەی لە هێز و توانا و سنوور و هەلومەرجی شیاوەکی ژیر گرتی ساخی کردەوە کە لە توانای فەلسەفەدا هەیە جارێکی تر لە جەنجاڵی و سەرقاڵییەکانی ژیاندا، بەردی بناخەی کۆشکی یەکڕەنگی کردنەوەی هۆش دابنێ، بەڵام ئەمە بە تەنیا خۆی لەخۆیدا بەس نییە،...پشت ئەستوور بەهێز و توانای ژیر ئەو ئازادییەی ژیر دەیدا دەست و دەستەبەری دەبێ، دەکرێ لایەنی داهێنەرانەی شیعر و ئەدەب و هونەر لە بەرچاو بگیرێ. ڕەخنەی ورد و ڕەسەنی فەلسەفە و توانای داهێنەرانەش ئەندێشەی بە پێزی شاعیر و هونەرمەند دەتوانی لایەنی تەمومژاوی ئەم کێشەیە ڕوون بکەنەوە، گرێ کوێرەکانی خاو بکەنەوە. ئەمەیە کە بە دیدی شاعیر و ڕوانگەی هونەرمەند و جیهانبینی فەلسەفە دادەنرێت. لەبەرهەمەکانی نیتشێ و کیرکێگارد و شیلینگ و شلیگل و فەلسەفەی ئیگزیستیانتیالیزمی سەدەی بیستەم و لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی هۆلدەرلین و گوتێ و نۆڤالیس و تییک و دیستۆیفسکی و تورگنێڤ بە ڕەوانی ئەم کۆشش و لایەنانە دێنەبەرچاو. لیڤ تۆڵستۆی لە ڕۆمانی- مردنی ئیڤان ئیلیتش-دا لایەنێکی گرنگی ئەم بابەتەی ڕوون کردۆتەوە. سەیریش

نییه کە لە ئەدەب و هونەری سەدەی بیستەمدا هەندێ چەمک (کاتیگوری) بەرچاوبکەون کە لە ئەدەبی ئەوسای رۆمانتیکییەوە کەوتبنەوە.

پەسند کردن یاخود گازندەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی توندوتۆڵ بەو ڕوانگەوە بەندە کە لێیەوە مرۆڤ سەرنجی ئەو ڕێبازە دەدات، چۆن هۆکاری پەیدا بوونەکەی و ئەو ئەنجامانەی کەوتوونەتەوە و ئەو کارەی لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی سەردەم و دوای خۆی کردوویەتی، هەڵدەسەنگێنێ. زۆربەی زۆری ئەو ڕەخنانەی لە ڕۆمانتیکییەکان گیراون و زۆرترینی ئەو هەڵوێستانەی کە پتر ڕووی ڕقەبەری کردن و ناحەزیی و نادۆستانە نیشان دەدەن و دەربارەی ئەم ڕێبازە نوێنراوی پشتیان بە دوو جۆر پێوانە- پێودانگ بەستووە کە لەلایەن فەیلەسووف و سۆسیۆلۆج و ڕەخنەگرانەوە دارێژراون. ئەم دوو پێوانەیە کە بەرهەمەکانی ڕۆمانتیکییان پێ شەن و کەو کراون پەنایان بردۆتە بەر دوو چەمکی ڕاستەقینە (یئالینێت) و چەمکی ڕاستیی (هەقیقەت). دووەمیان لە ڕوانگەی سیاسی و بە پێودانگی ئەو بۆچوونەی ئایدیۆلۆجییەکەیان لە کارو چالاکی ڕەخنەگرتندا ڕەنگی بۆ ڕشتوون، خەسڵەتی دیاریکراویان داوەتە پاڵ ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە کە لەم سەردەمەماندا و بەلای سەرنجدەری ئاگادارەوە نەک هەر پەسند نین، بەڵکو جێگای گومان و دڵ کرمێ بوونن! بۆ نموونە وا گوتراوە گوایە ڕۆمانتیکییەکان لە سەردەمی خۆیاندا پەیوەندییان بە چین و توێژێکی دیاریکراوەوە هەبووە، بە نووسین و بلاوکراوەکانیان ڕێگایان بۆ پەیدابوونی بزووتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیستی شوڤێنیستی ئەڵمان خۆش کردبێ!

بە بۆچوونی من، هەردوو ڕەخنەکە خۆیان و ئەو دوو پێوانەیەی پشتیان پێ بەستوون دەکرێ بەپێی چەمکی ڕیالیستی و ڕاستیی گازندە بکرێن و گلەییان لێ بکرێ ئەوانیش سنووری ئەم دوو پێوانەیان بەزاندووە، چونکە ڕێبازەکە خۆی چ لە ئەدەب و چ لە هونەردا هیچ کاتێک لافی ڕیالیستی لێ نەداوە بەو مانایەی کە لەم دوو پێوانەیەدا هەست پێدەکرێت و هەروەها دانیان بە ڕۆڵ و هێز و توانای لەباری ژێردا نەناوە. ڕەخنەکردنی ڕۆمانتیکی وەک ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەریی دەکرێ پەسند بێت کە پشت بە پێودانگێک ببەستێ لە جیهانی ئەدەب و هونەر کەوتبێتەوە و لە چاوی ئیستاتیکی (فەلسەفەی هونەری جوانەوە) سەرنج بدات. لەلایەکی ترەوە ئەم ڕوانگەیەی پشت ئەستوور بە چەمکی ڕاستەقینە و ڕیالیستی پتر تەنگەبەرکردن، تەسک کردنەوە و سنوور بۆ ڕشتنی جیهانی ڕێبازەکە دەگەیەنی کە لە خۆیدا لافی هەبوونی جیهانێکی ئەفسانەوی ئەندێشە و هەست و سۆزی بێ قەید و مەرج و سنوور لێیدەدات.

هاوکاریی نێوان فەلسەفە و ئەدەب و هونەر، یان فەلسەفە و زانست، یاخود فەلسەفە و لاهووت (ئایین) لەلای خۆیەوە کاتێک دروست و پەسندکراو دەبێ کە لە چوارچێوەیەکدا پیادە بکرێت سنوورە ڕێژراوەکە نەبەزێنێ. ئەو سنوورەی فەلسەفە وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە بابەتەکانی تر جیادەکاتەوە لەبەرچاو بگیرێ.

هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، دوای دەرکەوتنی ڕێبازی سەرتاپاگیری ئایدیالیستی ئەڵمان بەڕابەرێتی هیگڵی مەزن و دەرکەوتنی ڕێبازەکانی تری وەکو کانتیانیزمی نوێ و هیگڵیانیزمی نوێ و فینۆمینۆلۆجی...تاد. فەلسەفە توندوتۆڵ بە جیهانبینییەکی تایبەتییەوە بەندبووە کە بە جیهانبینی فەلسەفە ناودەبرێ و تێیدا دیدی تایبەتی فەیلەسووفەکە خۆی دەبینرێ و ئەو ڕوانگە و بۆچوون و ئەنجامانەی نیشان داوە کە تایبەتن بە فەیلەسووف و داهێنەری ڕێبازەکەوە. بۆیە هیچ کاتێک ناگونجێ و ناشێ هەلومەرجەکانی فەلسەفە لەگەڵ (ڕیالیستی سیاسیدا) بە کوڵک و پێستەوە تەباو یەک ڕەنگ بن، چونکە لەوکاتەدا فەیلەسووفەکە و سیاسییەکە هەرکەسە لەلای خۆیەوە سەربەخۆیی و کەسایەتی و دیدی تایبەتی خۆی لە دەست دەدات.

هیچ کاتێک ناکرێ فەلسەفە ببێ بە بڕوا و باوەڕ و جێگای لاهووت و ئایین بگرێتەوە. هەردووکیان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین و لە بابەت و پەیڕەودا جیاوازن. هەر هەوڵێکی بۆ بەیەکەوە گونجانیان درابی و بدرێ لای تەرازووەکە بەلایەکدا لاسەنگ دەکات.

– ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەسەدەی نۆزدەیەمدا دوا ڕوخساری پێ بڕاوە، کاتێک لە تواناادا دەبێ وێنەکەی بە ڕێکوپێکی لەناخ و مێشکدا بنەخشێنرێ ئەگەر هاتو مرۆڤ بەتەواوی لە سەدەی نۆزدەیەم و ڕووداو و ئەنجامی

پێش هات و دیاردەکانی ئاگاداربێت. ئەم سەدەیە سەدەیەکی چارەنووسساز بووە لە مێژووی مرۆڤ و شارستانیەتدا بەگشتی. هەر لەم سەدەیەدا بەردی بناخەی شارستانیەتی هاوچەرخ و بنەماکانی شۆڕشی زانست و تەکنەلۆجی دوای خۆیان دانراون. هەر لەم سەدەیەدا تۆوی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبازە فەلسەفی و زانستی و هونەرییەکانی ئەمڕۆ چێنراون و هاتوونەتە بەر، بەتایبەتی ئەو ڕێبازانەی لەم سەردەمەماندا دەستبەکارن. ئەو بناوانە هەڵبەسترا کە جیهانگیری ئەمڕۆ پشتی پێ دەبەستێ. ڕۆمانتیکی وەک بزووتنەوە و ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری و ئینجا وەک دیاردەیەکی پشت ئەستوور بەهەل و مەرجی دیاریکراو - تایبەتی و گشتی- لە قەدەخە و پاوانی ئەم سەدە بە بڕشت و پیت و پێزەدا سەری هەڵداوە. خۆ ئەگەر لایەنی نالەبار و کەم و کوڕیشی هەبێ، بێ گومان ئەمەش لە ڕادە بەدەر مشەیە، ئەوا بەبێ هەبوونی ئەم ڕێبازە نەدەکرا بیر لە ڕێبازی ئەدەبی ڕیالیزم بکرێتەوە. ڕاستە گیانی زانستییانە بەهیچ شێوەیەک لەلای ڕۆمانتیکییەکان نابینرێ، بەڵام لە بواری کاری ئەدەبی و هونەری تایبەت بەخۆیان ئەوپەڕی دەست ڕەنگینیی و وردەکاری و بەهرەمەندییان نواندووە و نیشان داوە. وەک بزووتنەوەیەکی بیرو هۆش توانیویەتی وەستایانە بابەتی پێش خۆی کە وەک کەلەپوورێک ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەبووە و لەبەردەست دابووە بە پێودانگی هەستەکان شەن و کەو بکات(٢٧ ) و لەگەڵ وردبوونەوەی بە پێزی پشت ئەستوور بە ئەندێشە و سۆزی هەڵقوڵاوی ناخی دەروون توند و تۆڵ بەیەکەوە بیان بەستێتەوە و ئاوێتەی یەکترییان بکات. وەک ڕۆمانتیکییەکان، لە پرۆسەیەکی ئەنجام نێگەتیڤدا ڕێیان بۆ ڕیالیزم خۆش کردووە، ئەوا هەر ئەو سەدەیەی نۆزدەیەم بوو کە لە باوەشیدا ڕێبازی ڕۆمانتیکی گۆش کراوە، جارێکی تر گیانی بە بەر دروشمە مرۆڤ پەروەرەکانی شۆڕشی فەرەنسادا کراوەتەوە، سوود لە کەوتن و ساتمەکانی ئەم شۆڕشە وەرگیراوە. پلەوپایە و ڕۆڵی ژیر لە ژیانی زانستی بەرزکراوەتەوە، سەرنج بۆ لایەنی پڕ بایەخ و جیهانی بە پیت و پێز و پڕ لە ئەزموون و شارەزایی مێژوو ڕاکێشراوە.. دروشمی ئازادی و سەربەستی لە چوارچێوەی هوشیاری نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازدا گیانی بەبەردا کراوە، دادپەروەریی، یەکسانی، ئازادی ویردی سەر زمانی مرۆڤی ڕووناکبیری ئەم سەردەمە بووە.

چەمکی مادە کاڵا لاهووتییەکەی لەبەر داماڵراوە و هیچی تر لەچاوی ئاینەوە سەرنج نەدراوە، خەسڵەتی بەدکاریی کە جاران بە مادده درابوو، وردە وردە کاڵ بۆتەوە و خۆی لە سەرەتادا بووە بە کەرەسەی توێژینەوە و ساخ بۆتەوە کە نە سەرەتای هەیە و نە لەناودەچێ! بەڵام لەدواییدا ئەم بۆچوونە جارێکی تر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و چەمکی مادە وەک بۆچوونێکی میتافیزیکی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا دوورخراوەتەوە.

سەدەی نۆزدەیەم شانازی بەوەوە کردووە، بیرۆکەی ئەو پلانەی جیهانی دۆزیوەتەوە کە لەمێژوودا دەست بە کارە و کە دواتر بە ناچارەکی مێژوویی (دیتر مینیزم) ناوبراوە. پەرەسەندن لە کۆمەڵدا بێ پسانەوە سەرگەرمی وەدەستهێنانی پلەیەکی باڵاتری ئازادی ژیرە، هیگڵ وتەنی، مێژووی جیهان لەپرۆسەی بزووتنەوەیدا بریتییە لە بەرەوپێش چوون و هەنگاونان لە چوارچێوەی هوشیاری ئازادیدا. هەر قۆناخێکی مێژوو، ئەگەرچی هەرچی تیایدا ڕوودات بەپێی ڕێ و شوێنی ژیر کەوتۆتەوە و نەدەکرا لەو ڕاستتر و ڕاستەقینەتر هەبێت، بەهۆی بیرو ئایدیایەکەوە نیشان دراوە و دەربڕدراوە کە بە پێی سەردەمی خۆی بنەما و بنچینە بووە لە تواناداا بووە ئەو لە کەسێکی ڕابەردا بدۆزرێنەوە و ببنە مایەی پیادەکردنی! دیاردە کۆمەڵایەتی و دام و دەزگاکانی ژیان لەگەڵ هێز و توانای بەرهەمهێنان خراونەتە دوو تای یەک تەرازوو، بیرو تیۆری و ئایدیا و جیهانبینی و ئۆرگان و دەزگا سیاسی و بیریی و قانونی مافییەکان و بگرە ئایین خۆی، بەپێی بۆچوونی سەدەی نۆزدەیەم، لە ئایدیۆلۆجی بەولاوە نین. لەم جیهانە و لەنێو جەرگەی ئەم سەدە بە پیت و پێزە جەنگەڵ ئاسایەدا، کەسانی بلیمەتی وەک ماکس شتێرنەر، نیتشێ و کیرکێگارد سوارچاکانە لە گۆڕەپانەکەیدا ئەسپی خۆیان تاوداوە و چەندین چەپکە گوڵیان خستۆتە سەر خەرمانی سەدەی ناوبراو، کە بەهێزییەکەی لەم فرە ڕەنگییەدا بووە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- Pivcevics, E., vom Hussrl zu Sartre. List Verlay Munchen 1972. S.185.

2- Schulz, Gerhard., Geschichted. deutschen Literatur. Munchen.1983. S.83-84.

3- Marx-Engels., Ausgewaehlte Schritten in 2. Baenden Bd.I. Berlin 1955. S.222 ff.

4- Schulz, Gerhard., Rpmantik. Geschichte and Begriffe. Muenchen 1996. S.93-94.

5- Dahnke, Hans- Dietrivch. (Hrsg). Geschite derdeutschen Literatur, Bd.7. Berlin (ost) 8791. S.368.

6- Nietzsche, F., Also Sprach Zarathustra. In: Gesammelte Werke. B.B. Muenchen 1925. S.8.

7- Sartre, J-P., Das Sein und das Nichts. Rowoht Verl Hamburg, 1995. S.797.

8- Kant,I., kritik der reinen Vernunft. Vorrede zur ersten Auflage, AXII. 20.

9- Marcuse, H., Vernuft und Revolution. Darmstadt. 1972. S.209.

10- Lukacs, G., Die Zerstorung der Vernunft. Berlin, 1962. S.270 ff.

١١- تەورات- سفری پەیدابوون (٣: ١-٧) بە ئەڵمانی.

12- Samuelson, Norbert M., Moderne juedische Philosophie rowots enzykopache. Hamburg. 1995. S.83 ff.

(*)- ماكوري، جون، الوجودية- عالم المعرفة ,٥٨ كويت ١٩٨٢ ص٣٨٥.

13- Russell, B., philosopghie des Ahemd lavndes. Munchen 2000. S.99.

14- Dahnke, H-D., Geschichte der deutshen Literatur. Bd.7. Berlin 1978. S.397.

15- Dahnke- H-D. Ebd. S.433.

16- kant, kritik der reinen Vernunft. B.4-20. kant., Ebd. B.882-40.

17- Schelling, F.W.J., zur Geschichte der neveren Philosophie. Darmstadt. 1959. S. 63.

18- Luckas., Ebd. S.

لوکاچ لەو کتێبەیدا کە لەدوو بەرگدا بە ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە و تیایدا نموونەی هیگڵ و شیلینگ و نیتشێ و کیرکیگارد دەهێنێتەوە، ڕاستە پشتی بە چەند کتێبێکی مارکس بەستووە، وەک کلۆڵی فەلسەفە و ئەو باسانەی لەسەر شۆڕشی فەرەنسا و ئیدیۆلوجی ئەڵمان نووسیویەتی، بەڵام باسەکە بە جۆرێک شی دەکاتەوە بگاتە ئەو ئەنجامانەی ڕێژیمە سیاسییەکەی سەردەمی خۆی مەبەستی بوونە.

19- Marx, k., Engels, F., werke. Berlin 1957.

مەبەستم ئەو تێزەیەیە کە مارکس لەکاتی باسکردنی فیۆیەر باخدا وتوویەتی.

20- Pivceic, Edo., Ironie ale Daseins form bei soren kierkegaard. Guetersloh. 1960. S.18. ff.

- Bohere, k.H., Die kritik der Romantik. Surkam p.1989. S.142. ff.

21- Fulda, H.F., Hegel. Munchen 2003. S.16 ff.

22- Gulyga Arenij., Schelling. Leben und Werke. Stuttgart 1989. S.231.

* هایدیگەر باسێکی هەیە بەناوی هۆلدەرلین و پوختەی شیعر.

23- Grimme, Adolf., Vom Wesen der Romantik. Hamburg. 1947. S.29.

(٢) پیڤچیڤیچ، ئیدۆ، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی. ل٢٣.

24- Grimme, A., Vom wesen der Romantik Hamburg 1947. S.10.

25- Pivcevic, Edo., Ebd. S.29.

26- Bohrer, K.H., Ebd. S.23 ff.

27- Schnabel, Franz., Deutsche Geschichte im neunzehnten Jahrhndert. Wien 1965. S. 47.

# قوتابخانەی ئایۆنی و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفە لە خۆرئاوادا

عوسمان ئەحمەد
(سلێمانی)

سـەرەتا پێش ئەوەی بپرسین فـەلسـەفـە چییـە؟ چۆن سەری هەڵداوە؟ بابزانین لە کوێ سەری هەڵداوە؟ زۆربەی مێژوونووسەکانی فەلسەفە لەسەر ئەو ڕایەن کە فەلسەفە لە وڵاتی یۆناندا سـەری هەڵداوە، بەڵام ئەمـە بە مـانای ئەوە نییە کە یۆنانییەکان تاکە میللەتێکی شارستانی بوون و مـیللەتانی تری ئایۆنانی بەر بەری بووبن، چونکە میللەتانی ڕۆژهەڵات خاوەنی شارستـانییەتێکی گەورەن کـە کـاریگەری زۆریان لەسـەر شـارسـتـانیـەتی گـریک و دواجـار لەسەر سـەرهەڵدانی فەلسـەفـەشدا هەبووە دیارە ئەمـــە بە ڕوونی لە باسی قـــوتابخـــانەی ئایۆنی و فـەیلەسووفـەکـانیدا دەردەکەوێت، بەڵام لێرەدا مـەبەست ئەوەنییە کە ڕۆژهەڵات چەقی شارستانییەتە و ئەوانی تر پـاشـکـۆی ئـەون و بـەر بـەریـن، چـونـکـە لـەمـــــــــە پێـچـەوانەکـردنەوەی ئەو بۆچوونە ئەفـلاتوونییـەیە کـە نیتشێ بە دامەزرێنەری سەنترالیزمی خۆرئاوای دادەنێت، داهێنان و شارستـانییە تا موڵکی هەمـوو مرۆڤایەتییە و هەمـوو مـیللەتێک مـافی بەشداربوون و کـارابوونی تێدا هەیە، بەڵام بۆچی فـەلسـەفـە لای یۆنانیـیـەکـان سـەری هەڵداو بەردەوامی وەرگرت و گەشەی کرد؟ دیارە هاوکات لەگــەڵ دەرکــەوتنی فــەیلەســوف لە خــۆرئاوا، لە خـۆرهەڵاتیـشـدا فـەیلەسـووفی وەک زەردەشت، بوزا، کۆنفۆشیۆس سەریان هەڵداوە، بەڵام هەرچەندە بیری ئەم فـەیلەسووفـانە دابڕانێکی لەگـەڵ مـیـتـۆلۆژیادا دروست کـردووە و ویسـتـوویەتی بەرەو تێـڕوانینی زانسـتـیـتـر و باشـتـر بۆ ژیان و گـەردوون هەنگاو بنێ، بەڵام دواجـار لە لایەن لایەنگرانی فــەیلەســووفــەوە بۆچوونەکـــانی فـەیلەسـووف پیـرۆز کـراون و تووشی وەسـتـان هاتوون و

گەشەیان پێنەدراوە بەرەو هەنگاوی زیاتر و بەردەوامی هەنگاوەکان، تا لە کۆتاییدا شێوەیەکی میتۆلۆژییان وەرگرتووە و لە ڕێڕەوی خۆیان سەیر نەکراون و کراونەتە دین، وەک تائێستاش دینی بوزایی و دینی زەردەشتی و دینی کۆنفۆشیۆسی دەبیستین؟ بەڵام لە یۆناندا بە پێچەوانەی ئەمەوە فەلسەفە ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت ئەمە چۆن؟

### تایبەتمەندییەکانی بیری یۆنانی

فەلسەفەی خۆرئاوایی وادادەنرێ کە بۆ یەکەم جار لە یۆنانی کۆندا دەستی پێکردووە. لەسەرەتادا بیری یۆنانی گرنگی بە باسی سروشتی داوە، بیرمەندانی یۆنان ئەم گرنگییەیان لە سروشتی شارستانیەتە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە گواستۆتەوە، پێدەچێ ئەمە بەرەنجامی پێداچوونەوەیەک بووبێ بە بۆچوونە ڕۆژهەڵاتییەکان کە لە بارەی جیهانی سروشتی و تایبەتمەندییەکانی بووە. یا پێوەندی مرۆڤ بە سروشت و بوونەوەرەکانی ترەوە، ئەم پێوەندییانە بنچینەی زانست و هزریشن، ئەو پێوەندییانە ڕووتکردنەوە و گشتاندنی بنچینەیین بۆ پرسیارەکانی تر، هەندێکیان پێوەندیدارن بە دیاردەیەکی دیاریکراوەوە، جا ئایا ئەمە خەونەکان بن یا مردن بن، یا شتە بناغەییەکانی سروشت، ئەم پێوەندییانە پرسیار لە واتای بوونی مرۆڤ دەکات لە بارودۆخە جیاوازەکاندا کە مرۆڤ کار لە سروشت دەکات و سروستیش بە چەندین ڕێگە کاری لێکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، لەگەڵ هەموو هەنگاونانێکدا هەوڵ دراوە چارەسەری شتەکان بکرێت و وەڵامی پرسیارە گەردوونییەکان بدرێتەوە. میتۆلۆژیا هەموو ئەمانەی لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە کێشەی مردن و ژیان و نەمریی تەوەرەی سەرەکی داستانی گلگامێشە و لە زۆربەی داستانەکانی تریشدا ئەمە دەبینین.

کاتێک داهێنانەکانی مرۆڤی یۆنانی لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب و زانست و فەلسەفەدا دەبینین، پێدەچێت ئەم بوارانە بە باشی دەستیان پێکردبێ و گەشەیان کردبێت و یارمەتی باسی فەلسەفی تایبەتیاندا بێت دەرەنجامی ئەمەش دەرکەوتنی فەیلەسووفە یۆنانییە یەکەمینەکانە، ئەوەی لەسەرچاوەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت یۆنانییەکان بیرەکانیان گەورەبوون، ئەمەش بەمانای ئەوە نییە پێکهاتەی بیری یۆنانی داهێنانێکی سەربەخۆ بێت، بێگومان هزری یۆنانی گواستنەوەیەکی جۆرییە لە مێژووی بیری مرۆڤایەتیدا. لەم ژینگەیەدا بیری تیۆری لە سروشتیدا دەرکەوتووە. هەموویان تێکۆشاون بۆ پێشکەشکردنی بەهرەکانی ژیان و باڵاکردنی خودیان لە سروشتدا ئەمانەیان لە نووسینە تاکیەکاندا لەکۆی تایبەتدا بڵاویان کردوونەتەوە. یۆنانییەکان نووسینی میسری و فینیقییەکانیان گواستەوە کە چەند سەدەیەک لەوە و بەربوون.

لە سەدەی شەشەمی پ.ز دا لە وڵاتی یۆناندا لێکدانەوەیەکی عەقڵانی بۆ ڕووداوەکانی سروشت هاتە کایەوە کە لێکدانەوەی میتۆلۆژی لاواز کرد و دواجار پەراوێزی خست، هاتنە ئارای ئەم لێکدانەوە و بیرکردنەوە نوێیەکە دواتر فیساگۆرس ناوی نا
( –Philo- Sophia – فیلۆسۆفیا ) مرۆڤی بە قۆناغێکی بیرکردنەوە گەیاند کە قۆناغێکی ڕێکخراو بوو و پێوەندییەکی گەورەی لەنێوان کێشەی بوون و فەلسەفەدا خولقاند کە بەردەوام هەر هەیە، ئەمەش بۆ کاتێکی دووری لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کاتێ فەلسەفە سەری هەڵدا، بەتایبەتی لەگەڵ تالیس و قوتابخانەی ئایۆنیدا، چونکە بنچینەی دەستپێکردنی پرسیارەکانیان بەشێوەیەکی فەلسەفی عەقڵی ئەوە بوو بنچینەی شتەکان چییە؟ گەردوون کەی دروست بووە؟ کەواتە پێش ئەوەی تالیس و قوتابخانەی ئایۆنی بناسین بابزانین فەلسەفە چییە؟

فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە « » کە بەمانای حەزکردن بە دانایی دێت، ئەم وشەیە لەلایەن فەیلەسووفی بیرکاریزان فیساگۆرسەوە داهاتووە کە لەدوای قوتابخانەی ئایۆنییەوە بووە، ئەم چەمکە هەر لەدەرکەوتنییەوە هەتا ئێستا زۆربەی بیریار و فەیلەسووفەکان پرسیاریان لە بارەی کردووە و پرسیویانە فەلسەفە چییە؟ وەک دلۆز و گیتاری کتێبەکەیان ناو ناوە «فەلسەفە چییە» لای دلۆز فەلسەفە ناسینی چەمکەکانە، کە هەر چەمکێک پانتاییەکی بۆ خۆی گرتووە لە بووندا. فەلسەفە یەکێکە لەو چەمکانەی کە پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، لێرەدا کە باس لە فەلسەفە دەکەم فەلسەفە لەساتەوەختێکدایە کە لەلایەن ئەرەستۆوە پۆلێن نەکراوە، وشەی فەلسەفە (Philo-sophia) پێدەچێ لەسەرەتاوە کە هاتۆتەکایە لەو

ڕۆژگارەدا، تەنیا بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کێشەکانی مرۆڤ بووبێت لەگەڵ بیرکردنەوە لە میتافیزیکیا، و ئاماژە بووبێ بۆ ئەو چالاکییە عەقڵیانەی مرۆڤ بە ئامانجی زانیاری ئەو شتانەی لە خودی دیاردەکانی سروشتدا پێچەوانەن. فەلسەفە ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە گەشەکردنەی بیرکردنەوەی عەقڵانی مرۆڤ لە کێشەکان و سەرەنجام پێشکەشکردنی ئەو پرسیارانەی کە پێوەندییان بە جیهانی سروشتەوە هەیە کە مرۆڤی تێدا دەژی، لە بارەی پێوەندی شتەکانی سروشت بە مرۆڤەوە، کەواتە فەلسەفە وەک ئەرەستۆ دەڵێت: لێکۆڵینەوەیە لە ناوەرۆکی شتەکان، فەلسەفە باسێکە بۆ باسکردنی هەموو مەعریفە عەقڵییەکان شیاوە. مەعریفەیەکی عەقڵییە و بەواتایەکی گشتی زانستە، ئەم واتایە بۆ فەلسەفە تاسەرەتای چاخی مۆدێرن هەر هەمان واتا بوو تا ئەوکاتەی زانستەکان سەربەخۆییان وەرگرت لە فەلسەفە، دیارە لێرەدا نامەوێت باسی بالادەستی فەلسەفە بکەم بەسەر زانست و بوارەکانی تردا، بەڵکو باسی ئەو ساتەوەختە دەکەم کە فەلسەفە جیابوونەوەیەکی عەقلانی و زانستی بوو لە میتۆلۆژیا. لێرەدا ئەگەر پێناسە بەناوبانگەکەی دیکارت بێنینەوە کە لە پێشەکی کتێبی ڕێساکانی فەلسەفەدا «Principes de la Philosophie» بۆ فەلسەفەی کردووە ئەوا فەلسەفە وەک دارێک وایە کە ڕەگەکانی میتافیزیکیایە و قەدەکەی زانستە لقەکانی زانستەکانی ترن. با بەشێوەیەکی تر ئەمە تەبەنی بکەین و دواتر پرسیاری ئاراستە بکەین و بپرسین ئایا ڕەگی فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون یا ئەفلاتون باوک و دامەزرێنەری فەلسەفەیە و یەکەم فەیلەسووفە و پێش ئەو جگە لە سۆکراتی مامۆستای فەیلەسووفی تر نەبووە؟ وەک ئەوەی واباوە، بابپرسین دانایی تەنیا لای یۆنانییەکان هەبووە کە فەلسەفەی لێوە دروست بووە، ئایا گەلانی تری نایۆنانی هەموو بەربەر بوون؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر پێش ئەفلاتون فەلسەفە لەسەر دەستی تالیسی مالتایی دەستی پێکردووە و بەردەوام بووە و شارستانییەتە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات زۆر کاریگەرییان لەسەر ئەویش و فەیلەسووفەکانی تری قوتابخانەی ئایۆنی هەبووە، وەک لە باسی ژیانی فەیلەسووفانی ئایۆنی ئەمەمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت، دیارە پێش فەیلەسووفانی قوتابخانەی ئایۆنی داهێنانێکی تر لە یۆناندا سەری هەڵدا کە ئەویش هۆنراوەیە کە زۆربەی پرسیارەکانی فەلسەفەی دەکرد،، بەڵام نەیتوانی بەشێوەی فەلسەفە لە میتۆلۆژیادا دابڕێت، ئەمە بە ڕوونی لە هۆنراوەکانی هۆمیرۆسدا دەبینین.

### قوتابخانەی ئایۆنی The Ionian School

ئەم قوتابخانەیە بەناوی ئەو شوێنەوەیە کە تێیدا فەلسەفە سەری هەڵدا، دەرکەوتنی ئەم قوتابخانەیە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی سامان و دەرکەوتنی دراو و لە ڕووی ڕامیارییەوە قۆناغی پتەوکردنی پێگەی شەریفەکان بوو لە بەرژەوەندی چینی بازرگانی نوێدا، ئەوەی دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە سێ فەیلەسووفی سەرەتایین کە بیرەکانیان بنچینە و ڕێبازی ئەم قوتابخانەیە، ئەمانە گرنگیان داوە بە بنچینەی گەردوون کە ئەمانەن:

**تالیس:** لە میلیتۆس لە دایک بووە پێدەچێت ساڵی لەدایک بوونەکەی لە دەوروبەری ٦٢٥ پ.ز دا بووبێت و لە ساڵی ٥٤٦ پ.ز دا مردووە، لە مێژوودا بەیەکەم فەیلەسووف دادەنرێت، ئەوەی لەبارەی تالیس دەیزانین بەهۆی نووسینەکانی ئەفلاتون و ئەرەستۆ و هیرۆدتسی مێژوو و نووسەوەیە، تالیس بەیەکێک لە حەوت داناکەی گریک دا دەنرێت(*) وەک زانراوە مەیلی بەلای زانست و ڕامیاری و بیرکاری و فەلەکدا بووە. هەندێک دەڵێن یەکەم کەس بووە بانگەوازی بۆ بیری یەکبوونی ئایۆنییەکان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی فارسەکان. کاتێ گەشتی کردووە بۆ میسر لەوێ بنەماکانی بیرکاری لای زاناکان وەرگرتووە. هەروەها زانیاری فەلەک و ئەندازیاری لای بابلیەکان فێربووە، چونکە ئەم زانستانە لەم وڵاتانەدا لەدایک بوون ڕۆحی زانستی ئەم زانستانە دوور بووە لە میتۆلۆژیای ئەو سەردەمە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تالیس ببێتە ئەستێرەناس و بیرکاریزان لە ئایۆندا، دەڵێن ئەوکاتەی لە میسر بووە هەرەمەکانی میسری بەهۆی سێبەرەکانیانەوە پێواوە، ئەمەش لەکاتێکدا (بۆی دەرکەوتووە کە سێبەری خۆی بە قەدەر باڵای خۆی بووە، زیاتر بەوە ناسراوە کە پێشبینی ئەو خۆرگیرانەی کردووە لە ٢٨ی مایسی

٥٨٥پ.ز ڕووی داوە، بەڵام ئێستا ئەم بۆچوونە زۆر باوەڕی پێناکرێت، چونکە لەوانەیە زانستەکانی تاڵیس لە بارەی ئەستێرەناسی نەگەیشتبێتە سنووری زانینی هۆکارە نهێنییەکانی خۆرگیران، بەڵام بە فەلەکناسی ناوبانگی دەرکردووە، ئاماژەش بەوە دەکرێت کە ئەو ئەندازەی لە گریکدا داهێناوە. لەوانەیە تاڵیس وای بۆچوو بێت کە جەخت لەسەر هاوسەنگی دەرەوە بکا، ڕابەری زانستی ئەو چەرخە بووە ئەمەش ئالۆگۆڕی ڕۆحانی و لێڵی لێکەوتۆتەوە، وەک ئایین لێک دراوەتەوە، ئەوەی ئەو بە باشترین ڕۆڵی داناوە «ئاوە» کە بابەتی بنچینەی جیهانە و شتەکانی تر لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڕای تاڵیس ئەو پێکهێنەرە بنچینەییەی جیهانی سروشتی پێکهێناوە بریتییە لە ئاو.

لەم هەڵبژاردنەدا بەڵگەی هەستی و عەقڵی پێشکەش کردووە. لە تێبینییەکانیدا کاتێ ڕووپێوی زەوی کردووە لە دەڵتای ڕووبارەکانی ئایۆنیا و ڕووباری نیل هەوڵی داوە بنچینە بە شتێک بخەملێنێ کە ئاوە. لە بارەی گەردوون وای بۆچووە کە وشکانی چەند بەشێکی کەمە وەک تەناف بەسەر ئاوەوەیە، بێ گومان، تاڵیس بێ دوو دڵی ئەم ژیانەی وا داناوە کە لەلایەن ئاوەوە یارمەتی دەدرێت و ژیان پشت بە ئاو دەبەستێ، بەشێوەیەک سێ فۆرمی «خۆڵ، شلە، هەڵم» لاساییکەرەوە یا ئەدگاری ئەوان لە جیهاندا وەک ئەوەی ئێمە دەیبینین، لەوانەیە تاڵیس لە ژێرکاریگەری کۆزمۆلۆژیای میسری کۆندا بووبێت کە بەپێی باوەڕی ئەم کۆزمۆلۆژیایە زەوی تاڕادەیەک وەک لایەکی پیاڵەیەک وایە کە لەسەر ژێرپیاڵەیەک بێت یا وەک چووپێکی مەلە وایە کە لەسەر دەریایەک بێت، تاڵیس گرنگی دەدات بەبابەتی سەرەکی جیهان کە تەواوکراوە لەلایەن ئەوەی گرنگی پێدراوە لە گرفتی جووڵانەوەدا هەموو ئەم زانیارییانەی لەبابلییەکانەوە فێربووە. ئەرەستۆ لە بارەی توانا زانستییەکانییەوە دەڵێ: بەهۆی شارەزایی لە ئەستێرەناسیدا توانی لە یەکێک لە ساڵەکاندا بزانێت کە بەرووبوومی زەیتوون لەو ساڵەدا نابێت و بێ بەرهەم دەبێت، سەبارەت بەوەی دەگونجێ چی دروست بێ و سەرکەوێ تا ئاستێک بجووڵێت یا چی بەرپرسە لەجووڵانەوەدا؟ ئەمە یەکێکە لە گرفتە فەلسەفییە بەردەوامەکان و جەختکردنی چەقی نیگەرانی سەدە کۆنەکانە لەناو چۆنیەتی ڕاڤەکردنی جیهاندا. گرنگی تاڵیس لە فەلسەفەدا، بایەخدانیەتی بەوەی کە خۆی پێی دەڵێ یەکەمین کە هەموو بوونەکان لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کەواتە هەموو بوونەکان لە یەک پێکهاتەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەویش ئاوە، ئەمە لەکاتێکدا بووە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لەبارەی ژیان و بوون داوەتەوە، دیارە گێڕانەوەی هەموو بوون و ژیان بۆ یەک سەرچاوە بەبێ پشت بەستن بە ئەفسانەی سەردەمەکەی خۆی بووە ئەمەش هەنگاوێکی پێکەوتووە بۆ زانستی تاڵیس لە هەستپێکردنی هەستی «حسی»دا، ئەوەی زانراوە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئاو لە پێکهێنانی پێکهاتەکانی تردا، بانگەشەی چیرۆکی تۆفانە کە پێدەچێت کاریگەری هەبوو بێت لەسەر بیرکردنەوەی تاڵیس، جگە لەمەش هەمیشە ژیان لەزەویدا بەهۆی ئاوەوە گەشەی کردووە، وەک زیاد کردنێک بۆ ئەمە شاری ماڵتا جوگرافیای شوێنەکەی لەسەر دەریا بووە و دوورگە بووە، ئەرەستۆ وای بۆ دەچێت بەهانە هێنانەوە بۆ هەڵویستەکەی بەڕێگەی هەستی بانگەشەی بۆ کردووە.

بە بۆچوونی تاڵیس ڕووەک و گیانەوەر هەموویان پێوەندیدارن و ڕێسایەکی پێوەندیدارن بەئاوەوە، ئەمەش نەزعەیەکی هۆمێرۆسی کۆنە، وەک ئەوەی لە بنەماکانی مرۆڤی یۆنانیدا دەردەکەوێت کە ڕۆحێکی گشتگیرە لە هەموو بەشێک لە بەشەکانی گەردوون. تاڵیس جیاوازی کردووە لە واقیعی ڕۆح بە واتا هەستییەکەی لەگەڵ تارمایی ئەوەی لە هۆنراوەکانیدا باسی دەکات، مێژووی بیرزۆر و لەبارەی تاڵیسی نازانێ، چونکە هیچ شتێکی وای نەنووسیوە، ئەگەریش نووسیبێتی لەناوچووە و نەپارێزراوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین یەکەمین پێشەنگی بیری زانستی و یەکەم فەیلەسووفی گریکەکانە.
ئەنکسیماندەر ٦١٠- ٥٤٥پ.ز هاوسەردەم و قوتابی تاڵیس بووە لە خێزانێکی ناسراوی ماڵتا لە دایک بووە، فەیلەسووف و گەردووناس بووە، بیرکردنەوەی زانستیانە و گشتگیربووە، ناوبانگی بەزانیاری فەلەک و جوگرافیا دەرکردووە، هەندێ سەرچاوە وای بۆ دەچن یەکەمین فەلسەفە بە شێوازی هۆنراوە ئەو دایناوە، یەکەمین دانراوی «لەبارەی شتەوە» بووە، کە بەش بەش کەمێکی

پارێزراوە، زانیارییەکانی لە بابلییەکانەوە وەرگرتووە، چونکە بازرگانی کردووە و پێدەچێت بەو هۆیەوە چووبێتە بابل و لەوێ زانیاری وەرگرتبێ، یەکەمین کاری کێشانی نەخشەی جیهان بووە و بە داهێنەری کاتژمێر دادەنرێت کە لە گریکدا «کنمۆنی» پێوتراوە، ئەمەش بریتی بووە لە دارێک لە پارچە زەوییەکدا چەقێنراوە، بەهۆیەوە توانیویانە سێبەری خۆر بپێون، شارەزایان دەڵێن ئەستێرەناسەکان بەهۆی کنمۆنەوە درێژی ڕۆژ و ساڵ و باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان زانیوە. ئەناکسیماندەر گرنگی داوە بەو توخمە سەرەکییەی کە شتەکانی تر لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام هەڵوێستی تالیسی ڕەت کردۆتەوە کە ئاو توخمی بنچینەیی گونجاوە، باوەڕی وابوو ئەو ماددەیەی گەردوونی پێک هێناوە بێ کۆتاییە و فۆرمەڵە بووە کە ئەمە دیاردەی گشتی گەردوونە و ناوی ناوە «ئاپیرۆن- apeiron» ئەمەش واتای بێ سنوور دەگەیەنێت، دیارە ئەمەش دیاردەی گشتی گەردوونە کە لە دژەکان وەک «سارد و گەرم» پێک هاتووە، ئەمانە شتەکانیان پێک هێناوە، کە پێکهێنەرەکان لەمانەوە گەشەیان کردووە، شتەکانی گەردوون لەوەدا گەشە دەکەن کە بێ کۆتایین، وای بۆ دەچێت ئاپیرۆن بنچینەی یەکەمە کە بووەتە هۆی گەشەکردنی گەردوون.

ئەنکسیماندەر باوەڕی وابوو لە بەدوایی یەکداهاتنی شتەکاندا هەریەک لەوانەی دەڕوات پرۆسەی زنجیرە گۆڕانێکی ورد دەست پێدەکات کە تێیدا گەشە دەکات و دەپووکێتەوە، هەندێ ئاو لە سەرەوە دەنیشێ و فۆرم وەردەگرێت، توێکڵی ڕەق لەسەر ئەو نیشتووە دەتوانێ یارمەتی گەشەی گیانەوەر بدات، ژیان لە دەرەوەی ئاوێتەبوونی ڕاستەوخۆی شێ و ئاگر گەشە دەکات، یاسارد و گەرم. ئەنکسیماندەر باوەڕی وابوو یەکەمین گیانەوەر لە ڕووخسارێکی پتەودا داپۆشراوە و پارێزراوە، ئەو گیانەوەرانەی بە تەمەنی لە ئاوەوە دەجووڵێن بۆ وشکانی و بە وردی پارێزگاری لەلاشەیان دەکەن و دەگۆڕێن. گەشە کردوویی مرۆڤ لە شوێنێکی دیاریکراو دادەنێت کە فۆرمەکەی لە جۆرەکانی ترەوەیە، ئاماژەی بەوە کردووە لەدەرەوەی ئەمەدا کە جیاوازە لە هەندێ گیانەوەری تر، مرۆڤ ماوەیەکی زۆر هەبووە لە پشت پێبەستن، هەروەها یەکەم منداڵی لەدایک بوو گیانەوەرەکانی تر یارمەتی گەشەکردنیان داوە ئەمەش پلە بە پلە، بەم پێیەش مرۆڤ ئەم فۆرمەی لە گیانەوەرانی ترەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە وەک ماسی لەبەر ئەوەی لە بەرایی تەمەنییەوە سەرچاوەی لەوەوە وەرگرتووە. باوەڕی وابوو مرۆڤ پاش کارەساتێک نەیتوانی لە ڕێگەی خۆیەوە بمێنێتەوە، بەهۆی ئەم بۆچوونانەوە بە یەکەم دانەری تیۆری پەرەسەندن دادەنرێ زۆر پێش لامارک و داروین. بە باوەڕی ئەنکسیماندەر بە جووڵەی ماددە بەشەکانی شتەکان هەندێکیان لە هەندێکی تریاندا کۆدەبنەوە، ئاپیرۆن فرمانی سەرەتایی هەموو کارلێکەکانە، بە پاڵپشتی ئەم بزووتنەوە و گواستنەوەیە جیهان و بوونەوەرەکان دروست دەبنەوە دەستپێکردنی گەردوون بەرەنجامی ململانێی نێوان دژەکانە، بەگشتی فەلسەفەی ئەنکسیماندەر یا لێکدانەوەی بۆ سروشت سێ خاڵە:

١- یەکیەتی سەرچاوە.
٢- جووڵەی بەردەوام.
٣- ململانێی نێوان دژەکان.

### ئەنکسیماس ٥٨٥- ٥٢٥ پ.ز

سێیەم فەیلەسووفی قوتابخانەی ئایۆنییە، قوتابی ئەنکسیماندەر بووە. وەک تالیس و ئەنکسیماندەر گرنگی بە گرفتەکانی گەردوون داوە، ئاو کە لەلای تالیس بنچینەی ئەم گواستنەوەیە بۆ هەوا، ئەنکسیماس هەوا بەناوەرۆکی یەکەم و بێ کۆتایی دادەنێت، سنوورداری و چۆنیەتی شتە هەبووەکان «موجودات» لەوەوە گەشەیان کردووە، هەروەها خواوەندەکان لە هەواوە گەشەیان کردووە و لقی شتەکانی تریان لێبۆتەوە، کەواتە هەوا بنچینەی شتەکانە کە لەمیانەی ئەوەوە شتەکانی تر باش کولاون و چڕبوونەتەوە لە میانەی ئەم چڕبوونەوەیەشدا، هەوا هەورەکان دروست دەکات، لەمیانەی چڕبوونەوەی زیاتر، هەورەکان دەبن بە باران، دواتر باران دەبێت بە تەرزە، بە خەستبوونەوەی زیاتریش ئاو دەنیشێت و نیشتنەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی بەردەکان، لە ئەنجامی باش کوڵانی بەشە بچووکە قورسەکاندا، گەردەلوولی هەوا دەبێتە هەوای ڕووناک کەرەوە، هەوای ڕووناک کەرەوەش دەبێتە ئاگر، دواتر چڕبوونەوەکە لەگەڵ ساردیدا تێکەڵ دەبێ، پارچەی

بچووک و دەگمەن و گەرمی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بوومەلەرزەکان توانیویانە ببنە هۆی تێکدانی هەواو زۆربەی وشکانی، ئەنکسیماس ڕۆحی گرێداوە بەدەگمەنی هەواوە ئەو هەوایەشی بە پرەنسیپی ژیانی شتەکان داناوە، وای بۆچووە کە ڕۆح لەلایەن جەستەکانەوە هەڵدەگیرێت، تا ئەو ڕادەیە باوەڕی بە بنچینە هەبووە کە لەوانەیە لەناو ئایدیادا دۆزیبێتییەوە.

وای بۆچووە ئەوکاتەی جەستەکان دەرزن، ژیان هەناسە دەدات یا ڕۆح جەستەکان جێ دێڵێ، لەوانەیە ئەم لێکدانەوەیە یەکسان بێت بە کۆچی مێژوویی ئەنکسیماس، هەروەها باوەڕی وابووە دنیا لە لایەن هەوای گەردوونی و ئەو هەوایەی کە خواوەند بەهاوبەشی بەڕێوە دەبرێت. ئەم لێکدانەوە تیۆرییە دژوارەی ئەنکسیماس لەلایەن کیرک و ڕاڤینەوە مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە «P. 156- 162, 1957 Raven, Kirk». ئەنکسیماس وای بۆچووە فەلەک لە ئەستێرەکاندا ڕۆڵی هەیە، ڕۆڵێک کە لەسەرەوەی ڕۆڵەکانەوەیە، وای داناوە کە زەوی یەکەیەکی جووڵاوی خێرایە، خێرایی جووڵەکەشی سەرچاوەی لە گەرمیەکەوە وەرگرتووە. لە بارەی زەوییەوە وای بۆچووە کە پێوەندیدارە بە هەواو خۆرو ئەستێرەکانەوە. ئەنکسیماس کاریگەری لەسەر فەلسەفەکانی دوای خۆی هەبووە، تیۆری فیساگۆرس لە بارەی جیهانەوە کەمێک لەتیۆرەکەی ئەنکسیماسەوە نزیکە، سەبارەت بەم سێ فەیلەسوفە یەکەمینە و قوتابخانەی ئایۆنی دەگەینە ئەم ئەنجامە:

١- ئەوەی فەیلەسوفانی ئایۆنی کۆ دەکاتەوە ئەو ڕێچکەیەیە کە پشت بە تێبینییەکان و ئاشکراکردنەکانی دەبەستێت ئەمەش بە ڕۆحێکی زانستی کە دوورە لە میتۆلۆژیا و لەلێکدانەوەی دیاردەکانی سروشتدا پشت بە ڕێسا سروشتییەکان دەبەستێت.

٢- لێکۆڵینەوە لە بنچینەدا بۆ کۆی شتە جیاوازەکان کە لەڕێی جووڵەیەکی بەردەوامی ئەزەلی ئەبەدییەوە پێک هاتوون دیارە زۆر باسی ئەمە دەکەن و جیای دەکەنەوە، ئەم باسە ڕەگەکانی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تازەکاندایە کە بەهێزبوونی چینە نوێیەکانە کە پشتیان بەخانەدانی نەدەبەست بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، تەنیا پارە نەبێت، ئەم بزووتنەوەیە جیاکردنەوەی خەڵک بوو لە یەکتری و جیاوازی خستنە نێوانیان، خانەدانەکان دانیان بە بنچینە و ناوەڕۆکەکاندا نەدەنا، ئەم جیاکردنەوەیە لە ئەنتۆلۆژیایەکی دیاریکراوی لە پێشینەوە بوو لایان. کە بەدەوری پێگەکانیاندا دەور درابوو، لەگەڵ دەرکەوتنیدا کەوتە ناو زەمینە تازەگەشەکردووەکانەوە کە ئەمانە پشتیان بە پێوەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و جووڵاوی ئەبەدی دەبەست کە ئەمەش بزووتنەوەی لایەنی یەکەمینییە کە لێرەوە جیهانەکان پێک هاتوون.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت سەرهەڵدانی فەلسەفە لە گریکدا کە لەسەر دەستی تالیس بووە هەرزوو لەلایەن قوتابییەکانییەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت و تووشی بە پیرۆز ڕاگرتن نایە. بەم هۆیەشەوە لێرەوە فەلسەفە بەردەوامی وەردەگرێت و چەندین قوتابخانەی تری فەلسەفی و چەندین فەیلەسوفی تر دوای ئەم سێ فەیلەسوفە سەرهەڵدەدەن کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە.

**سەرچاوەکان:**


**١- مدخل لقراءة الفكر الفلسفي عند اليونان، د. مصطفى النشار.**

**٢- الفلسفة و الانسان، د. حسام الالوسي.**

**٣- فلاسفة يونانيون من طاليس الى سقراط، د. جعفر ال ياسين.**

**٤- مدخل جديد الى الفلسفة، د. عبدالرحمن بدوي.**

**٥- ماهي الفلسفة، جيل دلوز و فليكس غيتاري.**

**6- Aristotle by A. E. Tylor.**

**7- Stories from Homer Retold by. E.F. Dodd.**

**8- PHILOSOPHIC CLASSIC by. Walter Kaufmman.**

**9- from early Greek philosophy by. Barnes, Jonthan.**

**10- History of psychology by. Wagne Vinney, D. Brettking.**

**١١- الفكر اليوناني قبل أفلاتون، د. حسين حرب.**

# پێوەندیی تاک بە پێوەرەکانی کۆمەڵگا لەلایەنی سیاسی و ئەخلاقییەوە

برتراند ڕسل
لە عەرەبییەوە: ئەژین عەبدولخالق

هەوڵ دەدەم لەو بەشەدا لە پێوەندی نێوان پێوەرە خەلقی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا و نێوان ڕەفتاری تاک بکۆڵمەوە، لەگەڵ پێوەندیی نێوان ڕەفتاری تاک و پێوەرەکانی کۆمەڵگا لە لایەنی سیاسی و ئەخلاقییەوە. دیارە ئەوانە کار لە یەکتری دەکەن. ئەوەی لەم لایەنەشەوە گرنگە، جۆری ئەو کاریگەرییەیە نەوەکو تەنیا ڕوودانی. هەرچەندە ئەو کاریگەرییە سوودبەخشتر بێت بۆ تاک و کۆمەڵگا، ئەوەندە زۆرتر دەبێتە فاکتەری پێشکەوتن. بێگومان ڕەفتارەکانی تاک لەژێر کاریگەریی کولتوورەکەیدایە، سەرچاوەکانی ئەو کولتوورەش زۆرن، گرنگترینیان ماڵ و شێوازەکانی گەیاندن و زانکۆکانن. زۆرجاریش ئەو شێوازانە بۆ ئەوە کارناکەن تا تاک ڕۆشنبیر بکەن، بەڵکو زیاتر مەبەستیانە بیروبۆچوونی خۆیان بگەیەنن، ئەوەش دەبێتە هۆی پەکخستنی بیرکردنەوەی تاک. ئەوەی ئێستاش لە ڕوسیادا ڕوودەدات، باشترین بەڵگەیە، چونکە زاناو بیریاران کەوتنە ژێر چەپۆکی ڕاوبۆچوونی چینێکی سیاسەتمەداری نەزان بە کاروباری زانستی، ناتوانرێت ئەو کارەش کۆتایی پێبهێنرێت، تەنیا لە ڕێگای دەستنیشانکردن و دیاری نەکردنی چالاکی و کاری سیاسەتمەداران نەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە نابێت ڕێگایان پێبدرێت دەست لە ئیش و کاری زانستی وەربدەن. سیاسەتمەداران دەتوانن لەلایەنی تیۆرییەوە سەرکردایەتی خەڵک بکەن لەلایەنی سیاسییەوە، بەڵام نابێت بۆیان هەبێت ڕاوبۆچوونی خۆیان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن لە مەسەلەی تایبەت بە مۆسیقا و زانست و فەلسەفەدا. دەست تێوەردانی سیاسەتمەداران لەو بابەتانە مەسەلەیەکی نەویستراوە، تەنانەت ئەگەر لەو بوارانەشدا خاوەنی زانیاری زۆر بن و چێژی بەرزیان هەبێت.

ئازادی شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە، بۆیە هیچ

مرۆڤێک نییە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا ڕەها بێت. هەروەها هیچ مرۆڤێک نییە هەموو شێوە ئازادییەکی خۆی لە دەستدا بێت، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، ئازادی پێویستی بە پلەیەکی باشی ڕۆشنبیری و خود کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان هەیە. خود کۆنترۆڵکردن ڕەنگە لە ملکەچکردن بۆ هەندێک یاساکانی ئەو کۆمەڵگایەدا بەرجەستە بێت کە مرۆڤ تێیدا گوزەران دەکات، بەو ڕادەیەی کە لەنێو دەرچوونی تاک لە شتە گەندەڵەکانی کۆمەڵگاشدا بەرجەستە دەبێت. کەواتە ئازادی بریتییە لە دەرچوون لە هەندێک سیستەم و پیادەکردن و ڕێزگرتنی هەندێکی تریان. ئەو دیاردەیەش لەلایەن ئەنترۆپۆلۆژستانیشەوە پاڵپشتی لێدەکرێت. دیارە کۆمەڵێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەناوچوون کە کۆمەڵگاکان لە کۆندا شانازییان پێوە دەکرد، وەکو خواردنی گۆشتی مرۆڤ، چونکە کەسانێکی زۆر ڕووبەڕووی ئەو دابونەریتانە بوونەوە و ناڕەزاییان بەرانبەری نیشان دا. کۆمەڵگاش پێش ناکەوێت، مەگەر لە ڕێگای هەندێک کەسی چاکسازەوە نەبێت کە بەسەر شتە کۆن و گەندەڵەکاندا هەڵدەگەڕێنەوە و پێشنیاری شتی تازە و گونجاوتر دەکەن کە باشتر بێت. کەواتە ئەخلاقناسی تەنیا بایەخ بە ئەرکی تاک نادات بەرانبەر بە ئەوانی تر، جا ئەو ئەرکانە هەرچییەک بێت، چونکە مەرج نییە بەردەوام ئەنجامدانی ئەرک ژیان خۆشتر بکات، چونکە مرۆڤ حەزدەکات چێژی تایبەتی خۆی بە دەست بێنێت، مرۆڤ ئەگەرچی بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تاکڕەو و حەز بە تاکڕەویش دەکات، بۆیە دەشێت پاڵنەرە تاکڕەوییەکانی بۆ کۆمەڵگا بە سوود بن و زەرەر بەخشیش بن. دەکرێت مرۆڤ لە ڕێگای بەزەیی و خۆشەویستییەوە هاوکاری خەڵکانی تر بکات، وەکو چۆن لە ڕێگای ڕق و قینە دەستدرێژییان دەکاتە سەر، ژیانیش سانا نییە بگوزەرێت ئەگەر ڕێگا نەدرێت هەست و نەستی تاک گوزارشت لە خۆیان بکەن. ژمارەیەکی کەمی خەڵک هەیە چێژ لە تەنیایی دەبینن، مرۆڤیش لە کۆمەڵگایەکدا هەرگیز بەختەوەر نابێت کە ڕێگا نەدات بە ئازادی کار بکات و بیر بکاتەوە.

ڕەفتار و ئاکاری سوودمەندی تاک جگە لە لایەنی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستە بە مامەڵەکردنی جوان لەگەڵ خەڵک، لایەنێکی تریش لە خۆیەوە دەگرێت کە بریتییە لە لایەنی خودی کە مرۆڤ هان دەدات بەدوای چێژە تایبەتییەکانی خۆیدا بگەڕێت. پرسی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە نابێت مرۆڤ لەپێناو چێژی تایبەتی خۆیدا ئەرک و فەرمانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی قوربانی بکات، بەڵکو دەبێت هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوولا دروست بکات و دەسبەرداری چێژە پووچەکانی خۆی بێت. کەواتە ئەرکی کۆمەڵایەتی بە ڕادەی چێژی تاک گرنگە و نابێت مرۆڤ ئەو دوو ئەرکە بکاتە قوربانی مەگەر لە حاڵەتێکی زۆر پێویستدا. ئەوەی گەرەکمە لەو بەشەدا بیڵێم، نزیکە لە ئاکاری مەسیحییەت، بەڵام پشتیشی پێ نابەسترێت.

تاکە بنەمای ئەو بۆچوونەم بریتییە لە پووچی چێژە تێپەڕەکان لەپێناو بەدەستهێنانی سوودی کۆمەڵایەتی زۆرتر و بەردەوامتر. ئەو دیاردەیەش لەلای مەسیحییەکان زۆرتر دەردەکەوێت کاتێک هانی خەڵک دەدەن عیبادەتی خوا بکەن خۆشیان بووێت تا لەمیانەی خۆشەویستییی ئەوەوە مرۆڤیشیان خۆشبووێت. هاندەری ئەخلاقی هاوشانی ژیانی سەرکردە ئایینییە مەزنەکان و هونەرمەندە ناودار و داهێنەر و زانایانیش بووە، یارمەتی داون بۆ ئەوەی گوزارشت لە هاندەرە داهێنەرەکانیان بکەن و بیگەیەننە ئاستێکی باڵاتر. ئەو سۆزە بنەمای ئەوەیە کە بە ئەرک بەرانبەر بەخوا ناودەبرێت پەیوەستە بە بیروباوەڕی ئایینی، بەڵام، ئەرکەکانی مرۆڤ لەوە تێپەڕ دەکەن تا دەگەنە ئەرک بەرانبەر بە خەڵکانی تر و خۆیشی، ئەرکەکانی بەرانبەر بە کەسانی تر لە ئەرکی بەرانبەر بەخۆی کەمتر نین. ئەو دوو ئەرکە- تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی-یە، دوو پرسی هاوبەشن و زەحمەتە لە یەکتری جیا بکرێنەوە. زۆرجاریش هونەرمەند و زانا و دۆزەرەوان هەندێک شت بەرهەم دێنن کە سوودی کۆمەڵایەتی زۆریان هەیە، بەڵام ئەو هاندەرەی لەدوای ئەو داهێنانە بووە هاندەری خودی بووە و تایبەت بوو بە توانا و حەزی تایبەتی خۆی.

بۆیە نابێت هاندەرە کۆمەڵایەتییەکان لە هاندەرە تاکەکەسییەکان باشتر تەماشا بکرێن، چونکە هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای هاندەرە تاکەکەسییەکانەوە دێتە دی، کاری پێغەمبەر و سۆفی و شاعیرانیش نموونەی ئەو بۆچوونەن. ئەوانە بە کارە سەرسووڕهێنەکانیان باو و ئاساییان تێپەڕاند، بەو شۆڕشەی کردیان ئەرکەکانی خۆیان بەو شێوەیە جێبەجێ نەکرد کە کۆمەڵگا داوای دەکرد، بەڵکو ئەرکی تازە و نوێیان داهێنا و کۆمەڵگاکانی خۆیان هان دا پیادەیان بکەن و دەسبەرداری ئەرکەکانی تریان بن. بەوەش

هەندێکیان تووشی لێدان و سزاو سووکایەتی پێکردن هاتن، بەڵام بە خۆڕاگری و توانایانەوە ناوی خۆیان و کارەکانیان بە نەمری هێشتەوە و لە ئایین و زانست و هونەردا نموونەیەکی بەرزیشیان پێشکەشی جیهان کرد.

ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ژیانی مرۆڤ تاریک نەبێت دەبێت دان بە بەهای خۆی و بە سوودی کارەکانیدا بنێین، دیارە کارە سوودبەخشەکان دەبنە دوو جۆر: هەندێ کار هەیە هەر خۆی بە سوودە، هەندێکی تریش هەن بە سوودن، چونکە دەبنە وەسیلە بۆ هەندێک کاری تر. هەردوو جۆریش لە ژیاندا گرنگن و ناکرێت دەسبەرداریان ببین. کێشەی سەرەکیش لەوەدا نییە کە یەکێکیان بخرێتە پێش ئەوی تریان، بەڵکو بریتییە لە دۆزینەوەی هاوڕێکی لەنێوان وەسیلە و مەبەستەکاندا، واتا لەنێوان ئەوانەی بۆ خۆیان سوودبەخشن، لەگەڵ ئەوانەی وەسیلەن بۆ سوودبەخشین. لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی ئەو هاوڕێکییە کارێکی سانا نییە. ڕەنگە شکستی لە دۆزینەوەی ئەو هاوڕێکییە بێت کە کەسێکی مەدەنی لە کەسێکی وەحشی جیابکاتەوە، منداڵ لە گەورە جیا بکاتەوە، مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابکاتەوە. هەرچەندەی مرۆڤ لە لایەنی ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە پێش بکەوێت ئەوەندە زیاتر بەرچاو ڕوون دەبێت بۆ تێگەیشتن لە چارەنووسی پرسەکان و زیاتر بایەخ بە وەسیلە و مەبەستەکان دەدات، بگرە ڕەنگە ناچار بێت هەندێک ڕێگەی بێزراویش بگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی بە سوود.

ڕەنگە لە داهاتوو دەسگرتن بە هەندێک وەسیلەی بێزراو بۆ بەدەستهێنانی سوود پێگەیشتنێکی عەقڵی دیاریکراویش بخوازێت.

کەواتە نابێت دەست بە وەسیلەکان بگیرێت و مەبەستەکانیش فەرامۆش بکرێت، چونکە بە لاوەنانی هەر یەکێکیان ڕەنگە مرۆڤ تووشی مەترسیی گەورە بکات. ئەو کەسەی بەردەوام خەریکی پارە کۆکردنەوەیە و ئاگای لە تەندروستی خۆی نییە، ئەوە بێگومان دواتر لە کاتێکی تردا تووشی زۆر نەخۆشی لە ناکاو دێت.

ئێمە زۆرجار ئەوەمان بیر دەچێتەوە کە سیاسەت و ئابووری و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پەیوەستن بە وەسیلە نەک ئامانجەکان. کاتێکیش وەکو ئامانج تەماشا دەکرێت ئەوە ئەنجامی فریودانی ئێمەیە لە لایەن بەرپرس و سیاسەتمەدارانەوە، چونکە حکومەت بەلای ئێمە بریتییە لە خزمەتگوزاری بەردەوامی خەڵک، بەوەش هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە وەسیلە نەوەکو ئامانج. خۆ ئەگەر حکومەت وا تەماشا بکرێت کە بۆ خۆی بریتییە لە ئامانج، ئەوکاتە زۆر سانایە خەڵک ملکەچی خۆی بکات. چاکسازی کۆمەڵگا و ڕاستەڕێی لەسەر ڕادەی توانای حکومەت وەستاوە لەسەر خزمەتکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، بەوەش حکوومەت دەبێتە وەسیلە بۆ ئەوەی تاکەکان ژیانێکی سروشتی بەسەر ببەن، چونکە هەرگیز دەوڵەت و حکوومەت لە دەرەوەی تاکەکانەوە بوونێکی دابڕاو و ڕاستەقینەیان نییە.

بەراوردکردنی دەوڵەت بە بوونەوەری زیندوو، بەراوردکردنێکە دوور نییە لە مەترسی، ئەگەر مەبەست لەو لێکچوواندنە ئاشکرا نەکرێت. خەڵک و ئاژەڵان بوونەوەری زیندوون، واتا کاریگەربوونی هەر بەشێکیان بە کاریگەرییەکی دەرەکی هەموو بوونەوەرەکان دەخاتە ژێر هەڕەشەی ئەو کاریگەرییە. ئەگەر من ددانێکم ئازارم بدات، یا پەنجەیەکم، ئەوە هەموو لەشم هەست بەو ئازارە دەکات، لەبەر ئەوەی هەموو لەشم پەیوەستە بەیەکەوە. پیشاندانی کۆمەڵگا وەکو بوونەوەرێکی زیندوو هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نییە، چونکە ئەگەر ماڵی کەسێکی جووتیار بسووتێت، ئەوە هەر تەنیا ئەو ماڵە دەسووتێت و ماڵی هەموو کەسێک ناسووتێت. مرۆڤ بە کۆی گشتی تووشی مەترسی دێت کاتێک یەکێک لە بەشەکانی تووشی مەترسی بێت، کەچی ئەگەر هەندێک کەس تووشی مەترسی بێن، ئەوە هەموو کۆمەڵگا ناگرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەموو کۆمەڵگا لە مەترسیدا بێت. ئەوەی بەسەر کۆمەڵگادا دێت- لە باشە و خراپە- بەسەر هەموو کەسەکاندا دێت کە ئەو کۆمەڵگایە پێکدێنن، ئەو قسەیەش کە دەڵێت بەرژەوەندی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی تاکەکان گرنگتر و پیرۆزترە، قسەیەکی قۆڕ و بێ مانایە و هەرگیز ڕاست نییە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دیکتاتۆرییەت بەرهەم دێنێت.

هەندێک فەلسەفەکار و سیاسەتمەدار پێیان وایە دەبێت دەوڵەت خاوەنی کیانی تایبەتی خۆی بێت بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵوێستەکانی لە ئاست خەڵکدا. من هەرگیز ناتوانم ئەم ڕایە قبووڵ بکەم، چونکە لەلای من دەوڵەت شتێکی مەعنەوییە و بەڕاستی بوونی نییە، بەڵام لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا ئەوە زۆرجار دەوڵەت بەو کەمایەتییە ئیداری و سیاسییە دەلکێنرێت کە بەڕێوەی دەبەن. ملکەچی تاک بۆ دەوڵەت مانای ملکەچییە بۆ ئەو

کەمایەتییە، دیارە شاراوەش نییە کە ئەوە چەندە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر ئازادییەکانی تاک، کەسێکیش قبوڵی ناکات کە بڕوای بە دیموکراسییەت هەبێت.

ئێمە لە ڕابردوودا تیۆری دیکتاتۆریمان لە سیاسەتدا پووچەڵ کردەوە، ئێستاش دەمانەوێت تیۆری بایۆلۆژی پووچەڵ بکەینەوە. ئەو تیۆرە بە تیۆری بایۆلۆژی ناودەبرێت، ئەگەرچی زۆر لە بایۆلۆژستەکانیش بڕوایان پێی نییە. ئەو تیۆرە پەیوەستە بە تیۆری پێشڤەچوون کە پێی وایە ململانێی مانەوە هێدی هێدی بۆتە هۆی ئەوەی بوونەوەرە زیندووەکان ئاڵۆزتر بن، هەرچەندە بەرەو سەرووتر هەڵدەکشێن ئەوەندە ئاڵۆزتر دەبن و تا دەگاتە مرۆڤ کە ئاڵۆزترین بوونەوەرە،. دەڵێن مانەوەی ژیان لەسەر ئەو بنەمایە بالاترین ئامانجی مانەوەی جۆرە. مادام مانەوەی ژیان بوو بە ئامانج، ئەوە هەر شتێک کە یارمەتی ئەو بۆچوونە دەدات، شتێکی سوود بەخشە و دەبێت هان بدرێت. هەموو ئەو شتانەش کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم پێشڤەچووندا، ناسوودبەخشن و دەبێت لەناوببردرێن، هەرچەندەی ژمارەی ئەو کەسانە زۆرتر بێت کە بەو پرۆسەیەدا تێدەپەڕن، ئەوە ئەو جۆرە ئەوەندە بەرز و بالاترە.

من هیچ پاساوێک بەدی ناکەم بۆ ئەوەی ئەو ڕایە میکانیکی و حیسابییەم قبوڵ بێت، چونکە سانایە مرۆڤ پارچە زەوییەکی بچووک بدۆزێتەوە ئەوەندەی مێرووله تێدا بێت، لە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی زیاتر بێت، بۆیە ناکرێت بڵێین مێرووله لە مرۆڤ باشترە. کێ هەیە لە ئێمە گەلێکی مەزن و زۆری پێ باشتر بێت کە لەنێو هەژاری و نەداری بژین، لە گەلێکی بچووکتر، بەڵام لە خۆشگوزەرانیدا بن؟

ئەوەش مانای وا نییە کە لە گرنگی مانەوە و بەردەوامبوونی ژیان کەم بکرێتەوە، بەڵام بێگومان دەڵێت جۆری ئەو کەسانەی ماونەتەوە جێکەوتێکیان هەیە، جگە لە ڕێژەیان. ئەوە لە کاتێکدا مانەوە ئێستا بەدی نایەت، تەنیا لە میانەی پاراستنی حکومەت نەبێت بۆ تاکەکانی، بەڵام حکومەتیش ڕەنگە هەندێک جار خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە لەژێر دەسەڵاتیدا دەژین. ئالێرەدا جارێکی تریش دەبێت بگەڕێینەوە سەر گرنگی دۆزینەوەی هاوڕێکییەک لەنێوان کۆنترۆڵ و بالادەستی حکوومەتدا، لەگەڵ ئازادی تاکەکەس.

ئەگەر ئێستا بمەوێت بنەما و پرەنسیپی سەرەکی نێو ئەو کتێبە کورت بکەمەوە، دەڵێم ململانێیەکی دوور و درێژ هەیە لەنێوان لایەنگرانی لێک نزیکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و نێوان ئەو کەسانەی بایەخ بە ئازادی تاکەکەسی دەدەن. مێژووی ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە سەردەمی یۆنانییەکان. من خۆم، پێم وایە هەردوو ڕاوبۆچوون، خاڵی بەهێز و لاوازیان تێدایە. کێشەکەش وەکو گوتم، کێشەی ئەوە نییە کامەیان- ئازادی تاک، یا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی- گرنگترە، بەڵکو کێشەکە دۆزینەوەی تەوافوقە لەنێوانیاندا. مرۆڤایەتی لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا لەنێوان ئەو دوولایەن و بۆچوونەدا خولاوەتەوە، ئەگەرچی گونجاوی و تەباییەکەش بوونی نەبووە. لایەنگرانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەوڵیان دا تاک ملکەچی دەوڵەت بکەن، لە بەرانبەر ئەوانیشدا، لایەنگرانی ئازادیی تاک داوای ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئێمە داوا دەکەین پێوەندی و تەباییەک لەنێوان هەردوو پرەنسیپدا بێتە بوون، چونکە ئازادی بەبێ ڕێکخستن مانای ئاژاوەیە، ئەو ڕێکخستنەش کە ئازادی لە تاکەکان دەستێنێتەوە و زەوتی دەکات، ڕێکخستنێکی زانستی نییە و بەتوندی دەستی بەملی کەسەکانەوە گرتووە.

بەردەوام دەسەڵاتی حکومەت هەوڵ دەدات چالاکییەکانی تاک کۆنترۆڵ بکات، بەو شێوەیەش ئەگەر تاک ئەو دەسەڵاتەی قبووڵ بێت، ئەوە ئامادە دەبێت بۆ هەر شتێک کە دەسەڵات بەسەریدا دەسەپێنێت، جا بۆچوونی سیاسی بێت یا کۆمەڵایەتی، بەوەش تاکەکەس بڕوا متمانە بەخۆی لە دەست دەدات و خۆی دەداتە دەست هێزە دەرەکییەکان و بەو شێوە پاڵی پێوەدەنێن کە خۆیان گەرەکیانە، ئەو کاریگەرییەش زیاترە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە لەوەی لەلای ڕۆشنبیران، ئەوەش لە حاڵەتی قەیرانەکاندا دەردەکەوێت کاتێک کێشەی زۆر و ئاڵۆز سەرهەڵدەدەن.

یەکێک لە باشییەکانی سیستەمی نا مەرکەزی ئەوەیە کە کۆمەڵێک دەرفەتی نوێ بە هیواکان دەبەخشێت، بەو چالاکییانەی تاک کە ئەو هیوایانە بەرجەستە دەکەن. ئەگەر ئێمە بەردەوام سەرقاڵی کێشە سیاسییەکان و قەیرانە گەورەکانی جیهان بین، ئەوە زۆر سانایە بێهیوایی و نا ئومێدی ڕوومان تێبکات و کۆنترۆڵمان بکات. ترس لە جەنگ و شۆڕش و پەرچەکردارەکان، دەشێت بەپێی میزاج و مەیلی حزبی کۆنترۆڵمان بکات. ئەگەر بەشێکیش نەبین لە گرووپێکی گەورەی بەهێز، ئەوە

ڕەنگە زووتر هەست بەوە بکەیت کە تۆ ناتوانیت لە ئاست ئەو کارانەدا هیچ ڕۆڵێکت هەبێت، بەڵام سەبارەت بەکێشە بچووکەکان، کێشەی وەکو سەندیکاکەت، یا شارەکەت، یا ناوچە حزبییەکەت، دەتوانیت بەهیوای ئەوەبیت کاری باش بکەیت و ڕۆڵی باشیشت هەبێت. ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆحێکی گەشبینانە، ڕۆحی گەشبینانەش گرنگترین شتە کە ئێمە پێویستیمان پێی هەیە ئەگەر بمانەوێت مامەڵە لەگەڵ کێشە و قەیرانە گەورەکاندا بکەین. جەنگ بۆتە هۆی دروستکردنی جۆرەها قەیرانی دارایی کەوا خەریکە دەبێتە سەرتاپاگیری بەوەش وای لێهاتووە دەسگرتن بەهیوا بێهوودە بووە. سەرکەوتن، ئەگەر لەسەرەتادا بچووک و سنوورداریش بێت، بەڵام باشترین چارەسەرییە بۆ ئەو میزاجە ماندوو و ڕەشبینە. سەرکەوتن لای زۆرینەی خەڵک بەمانای پارچە پارچەکردنی کێشەکانمان دێت، واتا ئازاد بین لەوەی جەخت بکەینە سەر ئەو کێشانەی زۆر مەزن نین بەشێوەیەک دووچاری بێهواییمان ناکەن.

جیهان بۆتە نێچیری هەندێک عەقیدەی سیاسی کە ترسناکترینیان لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا سەرمایەداری و کۆمۆنیزمە، پێشم وانییە هیچ یەکێک لەو دووانە بتوانن چارەسەرییەک پێشکەش بکەن بۆ ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیە و بتوانن ڕێگری لەو کێشانە بکەن. سەرمایەداری هەندێک دەرفەتی کەم بە هەندێک کەس دەدات، کۆمۆنیزمیش دەتوانێت جۆرێک لە ئاساییش و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دابین بکات- ئەگەرچی لە واقیعدا نایکات. ئەگەر خەڵک بتوانن خۆیان لەو تیۆرە سادانە و ئەو ململانێیانە دەرباز بکەن، ئەوە دەکرێت، تەکنیکی زانستی بەشێوەیەکی دانایانە بەکاربهێنرێت کە هەموو خەڵک بە یەکەوە لێی سوودمەند بن و ئەمن و ئاساییش دابین بکات. بەداخەوە، تیۆرە سیاسییەکانمان لە زانستەکانمان زیرەکتر نین و تا ئێستاش فێری ئەوە نەبووین چۆن سوود لە مەعریفەکانی خۆمان وەربگرین تاوەکو ژیان خۆشتر و بەختەوەرانەتر بێت.

بە تەنیا ئەزموونی جەنگ و ترس لە جەنگ دووچاری ڕەشبینی و ناخۆشیمان ناکەن، ئەگەرچی لە هەمووان ناخۆشترن. ئێمە بەدەست ئەو هێزە کەسایەتییانەوە دەتلێینەوە کە کۆنترۆڵی ژیانی ئێمەیان کردووە و لە سایەیانەوە بووینەتە کۆیلەی دەستی ڕۆژگار، ئەگەچی ئێمە بەپێی یاسا کۆیلەش نین، بۆیە پێویست ناکات ئەو دیاردەیە بێتەوە گۆڕێ، چونکە ئەوە هی سەردەمی پاراستنی خواوەندە ساختەکانە. لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ کۆیلایەتی داهێناوە، دەسەڵاتداران پێیان وابووە بەختەوەری ئەوان لە ڕێگای چەوساندنەوەی کەسانی ترەوە بەدەست دێت. هێدی هێدی لەگەڵ گەشەکردنی دیموکراسییەت و پێڕەوکردنی تازەی ئەخلاقییەتی مەسیحی بەسەر سیاسەت و ئابووریدا، خەریکە نموونەی باشتر لە نموونەی کۆیلەی زەوی بێتە دی، لە ئێستاشدا ئەوەندەی دان بە پێداویستییەکانی دابینکردنی دادپەروەری نراوە، هەرگیز لە هیچ سەردەمێکدا شتی وانەبووە، بەڵام ئێمە لە میانەی سیستەمی ئاڵۆزدا بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێین، بۆیە ئەوەمان بیرچۆتەوە کە دادپەروەری بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو خۆشی ژیانی ڕۆژانە و ئەو کاتانەی کێشە و خەمان نییە و سەرکێشی و بەدیهێنانی چالاکی تاکەکەسی، هەر هەموویان بە لایەنی کەم هەمان گرنگی دادپەروەرییان هەیە لە بەدیهێنانی ژیانێکی گونجاو کە بشێت مرۆڤ تێیدا بگوزەرێنێت.

دەشێت بێزاری زیاتر لە خۆشی و مەترسیدار تریش بێت. ئەو کەسانەی دێن چاکسازی کارگێڕی ئەنجام دەدەن و پلان دادەنێن بۆ چاککردنی ڕەوشی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا، زۆربەیان کەسانێکن تەمەنی لاوێتییان تێپەڕاندووە، زۆرجاریش بیریان چۆتەوە کە جگە لە ڕاستەوخۆیی، کبریای خودیش بەشێکی گرنگە بۆ دەسگیرکردنی بەختەوەری. شانازیکردنی کەسێکی سەرکەوتوو لە جەنگ مەرج نییە جیهانێکی ڕێک و گونجاوی لێ بکەوێتەوە، بەڵام شانازیکردنی هونەرمەند و دۆزەرەوەیەک، ئەو کەسەی سارایەک دەگۆڕێت و دەیکاتە باخچە، یا ناخۆشییەک دەگۆڕێت بۆ بەختەوەری، ئەو جۆرە شانازیکردنە شتێکی باشە و دەبێت سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمەش هەوڵ بدات بیکاتە شتێکی مومکین، بە تەنیا بۆ چەند کەسانێ نا، بەڵکو بۆ هەرە زۆری.

ئەو غەریزانەی لە کۆندا هانی چالاکی ڕاووشکارو کوشتاریان داوە لای باپیرە دڕندەکانی ئێمە، دەبێت لە ڕۆژگاری ئێستاشدا دەروازەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بەتاڵ بکرێتەوە، چونکە ئەگەر هەر لەناوەوە بمێنێتەوە، ئەوە دەگۆڕێت بۆ ڕق و ناخۆشی. هەندێک دەروازە بۆ ئەو غەریزانە هەن، دەروازەی خراپیش نین، بۆیە دەشێت کوشتار بگۆڕدرێت بۆ وەرزش و ململانێی وەرزشی، ڕاووشکار بگۆڕێت بۆ چالاکی سەرکێشی و گەڕان و دۆزینەوەی شتی نوێ لە دەشت و شاخەکاندا و داهێنانی

تازەی لێبکەوێتەوە. ناکرێت ئێمە ئەو غەریزانە پشتگوێ بخەین، نابێت هیوای ئەوەش بخوازین کە بوونیان نەبووایە، چونکە ئەوە هەر بە تەنیا سەرچاوەی شتە خراپەکان نییە، بەڵکو سەرچاوەی شتە داهێنراو و باشەکانی مرۆڤیشە. کاتێک ئەمن و ئاسایش بەدەست دێت، گرنگترین کاری ئەوکەسانەی کە بەرژەوەندی مرۆڤایەتییان گەرەکە، دەبێتە دۆزینەوەی ئەو دەروازانە، بەشێوەیەک لە بری ڕق و کینە و ناخۆشی ببێتە هۆی خۆشی و شادی و پێکەوە ژیان.

به درێژایی مێژووی پێشڤەچوونی مرۆڤ خەڵک تووشی دوو جۆرە کەساسی بوونەتەوە: ئەوەی کە سروشت دەیسەپێنێت، لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤەکان خۆیان بەهۆی خراپ بەکارهێنانەوە بەرهەمی دێنن. لە سەرەتادا خراپترین کارەساتەکان لەلایەن سروشتەوە بوو، مرۆڤ کەمتر بوون و لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندا بوون، بۆیە نەوەکو مەیموون لەش سووک بوون، نە فەروەی ئاژەڵانیان هەبوو، زەحمەتیش بوو بتوانن لە دەست ئاژەڵە دڕندەکان ڕابکەن، بەرگەی سەرمای زستانیشمان نەدەگرت. مرۆڤ ئەوکاتە تەنیا دوو شتی هەبوو: قیت بوونەوە بەوەش ئازادانە هەردوو دەستی بەکاردەهێنا، مێشکی هەبوو دەیتوانی سوود لە ئەزموونی ئاژەڵان وەربگرێت. هێدی هێدی ئەو دوو شتە بوونە هۆی ئەوەی باڵادەستی بە مرۆڤ ببەخشن و ڕێژەی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵانی تری مەمکدار زیادی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیدەتوانی لە ئاست کارەساتە سروشتییەکاندا بوەستێت.

لە سەردەمی ئێمەدا، بەهۆی گەشەکردنی هەستی زانستی، زۆر بە خێرایی پێوەندیمان لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا کەمتر دەبێتەوە. ئەگەرچی برسێتی و کارەساتە سروشتییەکان هەر بەردەوامن، بەڵام ئێمە ساڵ بە ساڵ باشتر فێردەبین چۆن ڕووبەڕوویان ببینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە بەپێی پێویست دانا نین، ئەوە هێشتا پێویستیمان بەکاری زۆرترە. ئەگەر ئاشتی و هاوکاری هەبێت، دەتوانین لە ڕێگای هەندێک کاری مەزن و قورسەوە کەمێک بە ماقووڵی بژین. لەگەڵ ئەو تەکنیکانەی کە ئێستا هەیە، دەتوانین دانایی خۆمان مومارەسە بکەین و لە زۆر شێوەی حوکمی سروشتی دەرباز بین.

بەکورتی، هێشتا خراپ مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری کۆتایی نەهاتووە، وەکو چۆن ملکەچی مرۆڤیش بۆ سروشت کۆتایی نەهاتووە. تا ئێستاش شەڕ و ئاژاوە و جەنگ لە زۆر شوێندا هەر بەردەوامە، تائێستاش خەڵکانێکی زۆر لەسەر حیسابی کەسانی تردا دەوڵەمەند دەبن، هێشتا هێز و سەرکوتکردن دوو فاکتەرن کۆنترۆڵی ملی زۆر کەس دەکەن. دەکرێت مرۆڤ بەسەر هەموو ئەوانەدا زاڵ بێت، چونکە شتێک نییە لەنێو سروشتی خودی مرۆڤدا، بەڵکو ئەوە ئەنجامی گەندەڵی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەیە کە مرۆڤ تێیدا دەژی. بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و دڵنیایی لەنێوان خەڵکدا فاکتەرێکی بەهێزە بۆ جێگیرکردنی ژیانیان. ئەگەر بتوانین ترس و برسێتی و نەزانی و نەخۆشی لەنابەرین، ئەوا مرۆڤ بە سانایی دەتوانن بەیەکەوە هاوکاری یەکتر بکەن لە ژیاندا. دەبێت شێوازە زانستییەکانمان، ئەوانەی بوونە هۆی زاڵبوونمان بەسەر سروشتدا بەشێوەیەک ئاراستەی بکەین کە ببێتە هۆی زاڵبوون بەسەر ناخۆشی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی ئێستامان. زانست و پیشەسازی لەزۆر لایەنەوە ژیانی ئێمەیان خۆشتر و باشتر کردووە بۆیە دەبێت هانی هەموو ئەو شتانە بدەین کە ژیانمان باشتر و ئارامتر دەکەن. ئێمە ناتوانین لە ڕێگای تۆقاندنی خەڵکەوە جیهانێکی پێشکەوتوو بونیاد بنێین، بەڵکو دەبێت لە ڕێگای هاندان و پەروەردەکردن و شانازیکردن بە ئازادی تاکەکەسیانەوە ئەو کارە بکەین، بەشێوەیەک گوێ بەهیچ شتێک نەدەین تەنیا پرسەکانی دادپەروەری نەبێت. ئەو جیهانەی ئێمە توانایی زۆر لەوە زیاتری تێدایە و دەکرێت زۆر لەوەش باشتر و باڵاتر بێت. هەروەها دەکرێت زۆر لەوە خراپتریش بێت. ئێمە زانیمان چۆن چۆک بەهێزەکانی سروشتدا دەدەین، بەڵام هێشتا نازانین چۆن بەسەر هێزە خودییەکانی خۆماندا زاڵ دەبین. ئەخلاقناسەکان زۆر بایەخیان بە پەروەردەکردنی دەروون داوە، بەبێ ئەوەی سروشتی ئەو دەروونە بناسن، بەڵام من لەو کتێبەدا هەوڵم داوە سروشتی دەروون وا پیشان بدەم کە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا دەیبینم.

**سەرچاوە:**

**السلطة والفرد، برتراند رسل، ترجمة: د. نوري جعفر، ١٩٥١، بغداد، (بەشی شەشەم).**

# گەڕان بەدوای خودی ڕاستەقینە لای تاک

**یووسف عوسمان حەمەد**

من کــــێم؟ بۆ کێ دەژیم؟ چیم دەوێت بۆچی دیوی ناوەوەم جــیــاوازە لە ڕووکــارم؟ تێگەیشتن لە خــۆت و نهــێنیـــیـــەکــانت چەمکێکی ســایکۆلۆژی ئاڵۆزە توێژینەوەیەکی زەمـەنی پێـویسـتـە بۆ ئەوەی بزانین خـود چییە و چ پەیوەندییەکی بە جیـهانی دەرەوە هەیە؟ ئایا یەک خـود هەیە یان زیاتر لە تاک، مـەبەست چیــیـە لە چەمک و شیکردنەوەی خود؟

زۆرجــار لە فــەلســەفــە و دەروونزانی بە خــود دەڵێن سەندوقی ڕەش یان کۆگای نهێنیەکان. دەستەواژەی خود (Self) زۆرترین دەســتــەواژەیە کـە لە تیــۆرییــەکــانی کەسایەتی بەکارهاتووە زۆرترین مانای بۆ لێکدراوەتەوە لە ڕوانگەی هەندێک زانایانی دەروونی خود واتە وێنەی کەسایەتی تاک لە زۆربەی حاڵەت و ڕەفتارەکاندا دەبینن زۆربەی ئیدراکی تاک و ڕەوشتی هاوشێوە و هەڵێنجراوی تێگەیشتنی خودی خۆیەتی.

کلیلی ڕەفتارەکانی تاک دەکرێ لە سەنتەری کەسایەتی دروست بێت کـە تێگەیشـتنی مرۆڤـە لە خـۆی و (کـارل روجــرز) هەمــان بۆچوونی ئەوانی تری هەیە کــە خــود بریتـیـیـە لە وێنەی کـەسایەتی، بەڵام تەنیا لە یەک شت هاوڕا نیــیـــە لەگـــەڵ زانایانی دەروونی کـــە دەڵێت کۆنتراستێک هەیە لەنێوان تێگەیشتنی خود و ماوەی شـارەزایی تـاک. جـۆرێک لە زانایانی تر وا دەبینن کـە خود کـەسایەتییـە و کـەسایەتیش بریتـیـیـە لە خود و بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی هەندێک کاری دیاریکراو لەتاکدا. زۆرجار خود بریتییە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کە

مرۆڤ پیادەی دەكات لەناو كۆمەڵگادا، كە زۆرجاریش بریتییە لە توانا و هێز كە بەدرێژایی ژیان مرۆڤ هەوڵدەدات بە دەستی بهێنێ. كە بریتییە لە كۆمەڵە یاخود زنجیرە بیرو هزر و ئیدراك و بەهایەكان كە لە چوارچێوەی (من) كۆدەبێتەوە بە سیفەتی كار و كردەوە. واتە خود كیانێكی دیاریكراو و ناسراو نییە بە خودی خۆی لە چواچێوەی وێنە یان فكرەیەك كە تاك هەڵگریەتی بۆ بە كۆمەڵایەتی بوونی خۆی.

خودی تاك تێكەڵێكە لە هزر و هەست و سۆز و مەیل و ئاراستەكان كە خەڵك بەرامبەر خۆی دەردەبڕێت و خود بریتییە لە سروشتێكی تایبەتی لەتاكدا، كە بریتییە لە لایەنی هێز و لاوازی و توانای گەشەكردنی و بیركردنەوەی كە ستایلێكی تایبەتی تاكە، بەپێی شارەزایی و مەعریفەی ڕابردووی ئەوكەسە، ئەم جۆرەش بریتییە لە میحوەری كەسایەتی كە سیستەمێكی مانا هەڵگری تاكە لەسەر خودی خۆی و پەیوەندییەكانی بە جیهانی دەوروبەر، خود ئەو پێوەرەیە لە بەرامبەر قەبوڵكردنی خودی بەرامبەر بۆ لە یەكتر گەیشتن و تێكەڵاوبوونی سنوورەكان لە مەعریفەی یەكتر.

هەرچەند بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر لێكدانەوەی خود لەلایەن زانایانی دەروونی، بەڵام دەستنیشانی چەمكی خود بۆ سێ هۆكار دەگەڕێنەوە: یەكەم ناساندن و زانینمان بە خودی خۆمان لایەنێكی گرینگی شارەزایی خودە. دووەم، چۆنیەتی هەست كردنمان بەخودی خۆمان كاتێك كار لە ڕەوتی ڕەوشت دەكات لە هەڵوێستە جیاوازەكاندا. سێیەم، زۆرجار چەمكی خود بەكاردێت بۆ دەربڕین و گوزارشتكردن لە دالی فەرمانێك و كارێكی كەسایەتی تاك، ئەوكاتە چەمكی (من) دەبێتە پێوەری ئەو دەربڕینە لە حاڵەتە جیاوازەكاندا.

(ئەلبورت و سولیفان) دەڵێن منداڵی شیرە خۆرە تێگەیشتنی نییە بەرامبەر خود، بەڵام لە ئەنجامی پەیداكردنی شارەزایی و هەست كردن بە بوونی ئەندامەكانی لەش و زانینی سەرەكی فەرمانی ئەندامەكان و بەكارهێنانی بەپێی پێویستی داخوازەیان ئەوكاتە چەمكی خود لای منداڵ دروست دەبێت. واتە وێناكردنی بەدەنی خۆی وەكو هەیە یان وەكو خەیاڵێك ئەوكاتە خود لە منداڵ گەشە دەكا. لە قۆناغێكی زووی گەشەییدا لەشی خۆی ئاشكرا دەكات پەنجەكانی دەست و پێ، دەم و لووت، ئەندامەكانی سێكسی، ئەو دۆزینەوە و تاقیكردنەوەی ئەندامەكان سەنتەرێك لای بیركردنەوەی منداڵ دروست دەكات كە تێگەیشتنی و چەمكی خۆی تێدا بینا دەكات لەسەر لەشی خۆی وەكو كیانێكی جیاواز لە جیهانی دەوروبەر (روجرز) بڕوای وایە ئەو شارەزاییە لەسەر كار و فەرمانەكانی ئەندامەكانی لەش كاریگەرییەكی زۆری هەیە بۆ پێشكەوتنی چەمكی خود، وێناكردنی لەش لە تێگەیشتنی خودی تاكدا.

جگە لەوەی گەشەی تاك تاوەكو دەگاتە قۆناغی هەرزەكاری و گەنجایەتی گۆڕانكاری زۆری بەسەر دادێت، بەڵام چەمكی خود بەشێوەیەكی ڕەدیكالانە دەگۆڕێت و چەمكەكان جیاواز دەبن لە قۆناغە جیاوازەكانی تەمەن، واتە كەسێك لە تەمەنی منداڵی بەجۆرێك لە خودی خۆی گەیشتووە و پێناسەی (من)ی واقیعی دەكات و بە جۆرێك لە خۆی دەڕوانێ كە تەواوەن لە تەمەنی هەرزەیی ئەو تێگەیشتن و چەمكە دەگۆڕێت ڕەنگە زۆرجار تێگەیشتن لە دوو قۆناغی جیاوازی تەمەن پێچەوانەی یەكتر بن و یەكتری ڕەت بكەنەوە، بەڵام (فرۆید) بۆچوونێكی تری هەیە لەسەر تێگەیشتنی خود دەڵێت مژینی پەنجە لای منداڵ گوزارشت كردنە بۆ ڕمەكی سێكسی و ئێمە وا بڕوا دەكەین كە تێگەیشتنی خود لە قۆناغێكی زووی تەمەن دەستی پێكرد بۆ تەواوبوونی هۆشیاری كۆمەڵایەتی لای ئەو منداڵە، لە ڕووی گەشەییەوە تێگەیشتن لە خود لە تەمەنی هەرزەكارییەوە جێگیر دەبێت، بەڵام بەو مانایە نییە كە ناگۆڕێت، بەڵكو ملكەچی گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵایەتی دەبێت ئەمەش زۆرجار پێچەوانە دەكەوێتەوە و ناگونجێت لەگەڵ بەها و داب و نەریتی كۆمەڵایەتی ئەوكاتە بە پێوەری كۆمەڵایەتی خودی هەرزەكار بە هەڵگەڕاوە و هەڵە و سەرووی كۆمەڵ دادەنێیت خودی گەنج لەگەڵ پێوەری كۆمەڵایەتی پێچەوانە دەوەستێتەوە بە شێوەی قۆناغی تا دەگاتە كامڵبوون ڕەنگە ئەو چەمكە بگۆڕێت هاوتابێت لەگەڵ داب و نەریتی كۆمەڵ. زۆر باوان و كەسانی تر بایەخ بە منداڵ دەدەن بۆ پێشكەوتنی چەمكی خود بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ، چونكە باوان تەركیز لەسەر ستایلی ڕەوشتی تێبینی دەكەن وەكو (خواردن، ڕۆیشتن و قسەكردن و یاری...) لەبەر ئەو هۆكارەیە تێگەیشتنی خود دەكەوێتە ژێر كاریگەری شارەزایی حاڵەتی ئێمرجنسییە، چونكە منداڵ ناتوانێ تێبینی خۆی بكات بەشێوەیەكی بابەتی یاخود بەراورد بكات لەنێوان خۆی و منداڵەكانی تر لە هەمان تەمەندا لەوانەیە لەو تەمەنەدا تەواو كاریگەر بێت بە پەرچەكرداری كەسانی تر لە بەرامبەر ئاراستەكان و مەیلی خۆی، منداڵ خاوەنی

سیستەم و بەهایەکی خۆڕسک نییە و لە دایک بێت و چەمکی خودی لای هەبێت، بەڵکو دەتوانێت تێبینی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی کەسانی تر بکات، فێری ئەوە بێت چۆن ئیدراک و بەهای خۆی بکات لەچوارچێوەی شارەزایەکانی لەگەڵ خەڵکی گرینگ لە ژیانی خۆیدا و گۆڕینی بۆ چونیەتی وەڵامدانەوەی لە بەرامبەر خۆیدا. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تێگەیشتنی خود لای منداڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەری زۆری پەرچەکرداری کەسانی تر. لە ڕێگای ئەوەی کەوا گوێ بیستی کەسانی تر دەبێت کە کەسێکە شایەنی خۆشەویستییە یان ڕق لێ بوونەوە. سەرەتای گەڕان بەدوای خود لە سەردەمی منداڵییەوە دەست پێ دەکات لە ماوەی پەروەردەی باوان بۆ منداڵەکانیان بەوەی کە واز لەو ڕەفتارانە بهێنێ کە لەگەڵ بیر و بەها نموونەییەکان ناگونجێت. ئەوکاتە فێری ڕەوشتێکی تر دەکرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بەها کۆمەڵایەتییانە. زۆر جار لەو پرۆسەیە باوان (دایک و باوک) سەرناکەون (فاشل) دەبن بۆ دروستکردنی ئیدراکی تایبەتی منداڵ لە بەرامبەر خودی خۆیان ئەوسەرنەکەوتنە دەبێتە هۆی نامۆ بوون لە بەرامبەر خودی تایبەتی خۆی، بەهۆی پێداگرتنی باوان لەسەر فێربوونی ڕەوشتێک کە پێچەوانەی ئامادەیی خۆیانە، بۆ نموونە زۆر لە باوان حەز دەکەن منداڵەکانیان کۆمەڵایەتی بێت جگە لەوەی حەز دەکەن منداڵەکانیان لە هەمان کاتدا بە تەنیا و گۆشەگیر بێت دووربێت لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا. لە هەمان کاتدا باوان حەز دەکەن گەنجەکانیان لە یەکتر دووربن و تێکەڵاوی یەکتر نەکەن. ئەمەش گرانی و زەحمەتی دێتە پێش هەروەک باوان و منداڵەکانیان و لە یەکتر دوور دەکەونەوە ئەوکاتە خودی نەوەی نوێ جیاواز دەبێت لە خودی نەوەی کۆن و ڕەتی یەکتر دەکەنەوە و بەردەوام لە بەرامبەر تێگەیشتنی خود لە ململانێدان و بەردەوام هەردوو نەوە پرسیار دەکەن ئایا لەلایەن یەکتر قبووڵ دەکرێن یان نا؟

بۆ وەڵامی ئەو حاڵەتە لەلای تاک هەستێک دروست دەبێت لە بەرامبەر گەورەیی و بەرزی خودی خۆی کە مرۆڤ هەست دەکات سەنتەری جیهانە و ڕووداوەکان لە دەوری خول دەخواتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئیدراک بە بابەتەکانی ڕووداوەکە دەکات کە زۆرجار ڕاست نییە و لە بەرامبەر ڕووداوەکان بە هەڵە داچووە لەوکاتە خۆی پێوەری خۆی دەکات هەم وەکو کار هەم وەکو کردەوە، مرۆڤ هەمیشە یەک ڕۆڵ نابینێت لەژیان، فێری چەندان ڕۆڵی جیاواز دەبێ لە ژیانیدا بەپێی کات و شوێن و تەمەن خودەکانی دەگۆڕێت وەکو (قوتابی، باوک، مامۆستا، کرێکار، نەخۆش...).

هەر ستایلێکی (نمط) ڕەفتار لەگەڵ ستایلێکی تر دەگۆڕێت ئەگەر خودی تاک هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو نەریتێک مرۆڤ بەردەوام نەریت و ڕەوشتی دەگۆڕێت وەکو گۆڕانی ڕۆڵی تاک لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستی ئەوەی هەیە پارێزگاری لە ناسنامە و کیانی تایبەتی خۆی دەکات هیچ کاتێک بیرلەوە ناکاتەوە چەند خودێکی هەیە ئەگەر هەرچەندە ڕۆڵێکی زۆریشت ببینێت تەنیا ئەوە تێدەگات یەک خودی جێگیری هەیە قابیلی گۆڕانی نییە. ئەگەر گۆڕاش ئەوا ڕەفتارەکانە. هەر لەم شیکردنەوەیەدا (کارل هورنی) سێ جۆر دەستەواژەی بۆ خود شی کردۆتەوە وەکو یەکەم: خودی واقیعی کە سەنتەری کەسایەتی و زیندووی تواناو هێزی کەسایەتیەکە یەکەی حەزەکانی گەشەیە و کانگای هێزی سۆز و خۆشەویستی و دروست کردنە کە وێنەیەکی ڕاستەقینە دەبەخشێتە تاک لە بەرامبەر کەسانی تر.

ئەوەش ڕاستی ئەو وێنەیەیە کە مرۆڤ هەڵیگرتووە.

دووەم، خودی کارا مەبەست لەم شیکردنەوە ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ لە هەمان ساتدا یان لە ساتێکی دیاریکراودا ڕووحی و بەدەنی و عەقڵی بوونی هەیە و لێک جیا نابێتەو پێکەوە کاردەکەن بۆ ناساندنی خود.

سێیەم، خودی میسالی واتە وێنەیەکی نا عەقڵانی کە مرۆڤ هەیەتی لە بەرامبەر خۆیدا، یان دەبێ بەو شێوەیە بێت وەکو هەیە. هەروەکو ئەو وتەیە کە دەڵێت «من دەزانم چۆن دەبم بۆ ئەوەی لە جیهانی دژواردا بژیم» و ئەمەش پێکهاتەی شارەزایی عصابی و هەست کردن بە کبریا و تووڕەیی لە خودی میسالییە، کە لە هەمان کاتدا دژایەتی خود و خودی واقعی دەکات. هەندێکی تر لە زانایان بەشێوەیەکی تر خودشی دەکەنەوە وەکو (خرۆم) خودی واقعی و خودی کۆمەڵایەتی و خودی درۆینە. مەبەست لە خودی واقعی واتە ناسنامەی ڕاستەقینەی تاک و خودی کۆمەڵایەتی واتە توانای تاک لەسەر ڕۆڵ بینین لەناو کۆمەڵ و دابەشکردنی تواناو وزەی تاک بۆ پەیداکردنی پایەگای کۆمەڵایەتی، بەڵام کاتێک مرۆڤ کردەوە و ڕەفتاری لێک جیاواز بێت زۆرجار بۆ ڕەزامەندی بەرامبەر دژی بۆچوونەکانی خۆی دەوەستێت پێی دەگۆترێت خودی درۆینە.

# دوو کورتە بەیت بە زاراوەی کوردی بەختیاری

ئا: ئەحمەد شەریفی
(مەهاباد)

بەختیاری یەکێک لە خێلاتی هەرە گەورەی لوڕی کوردی ئێرانن کە لە ئوستانەکانی چوار مەحالّی بەختیاری و کوهل کێویەدا دەژین. محەمەد عەلی کوڕی محەمەدی شوانکارەیی لە سالّی ٧٣٣ کۆچی مانگیدا، کتێبێکی بە ناوی «مجمع الأنساب» بە فارسی نووسیوە، کە مێژووی خێلّی کوردی شوانکارەیە. لە لاپەڕەی ٢٠٦ دا باسی خێلاتی کورد دەکا و بە چوار خێلّی سەرەکیان دابەش دەکا کە یەکێک لەوان چوار خێلّە گەورەیە، خێلّی بەختیارییە و دەنووسێ، لە ڕاستیدا ئەوانە کوردیلی شامن*«سووریە». ئەم خێلّە ئێستا لە سەرانسەری ئێرانێ پەڕاکەندەن و بەشێکیان لە کوردستانی تورکیا لە ئوستان و پارێزگای دەرسیمدا دەژین. کاتێ لە سالّی ١٩٣٧ سەید ڕەزا دژی ئەتاتۆرک ڕادەپەڕێ، قەمبەرخانی بەختیاری دەبێتە پشتیوانی و سەرەنجام شەهیدیش دەکرێ. بێگومان زاراوەی بەختیاریش، یەکێکە لە زاراوەکانی کوردی کە هەتا ئێستا کەس خۆی لە قەرەی نەداوە.

**أ- بەیتی گاگەرۆ**

ئەم بەیتە وەک چەمەری ناوچەی ئیلام و مۆڕی ناوچەی لوڕستان وایە و کاتێ جوانچاکێک، سەرۆک خێلّێک دەمرێ، یان دەکوژرێ. ژنان لەسەر گۆڕەکەی چەمەری دەگێڕن و شین دەکەن و دەگرین و ژنێک بە دەنگی بەرز گاگەرۆ دەبێژێ و ئەوانی تر بە گریانەوە بۆی دەگێڕنەوە.

وەک لەم دەقە دەردەکەوێ، لە شەڕ و جەنگێکدا سەرکردەیەکی بەختیاری بە دەستی تورکەمەنان شەهیدکراوە و ئەم گاگەرۆیەی بۆ سازکراوە. ئەوەش دەقەکەیە:

**ترکمون سەرحەدی، عەرەب بەربەری**
**چەندە بە روون ڕەکاو خۆت نەیری**
**ترکمون سەرحەدی، عەرەب شیرازی**
**چەندە بە روون ڕەکاوت ئەکونی ناز**

**سەرداری نەپووشیدی ز هوونە دەرگاوی**
**دوژمنی کە هوو نەدی لەرزە بەرگاوی**
**سەرداری نەپووشی ز هوونە دەوونی**
**دوژمنە کە هوونە دی ڕەبی زەزوونی**
**خانم سەنگەر بەست بەرگەردۆ زوروون**
**ئەو چونوون جەنگی کونە چی شیر دەوروون**
**سەد هەزار دوونە فشەنگ بە پەڕشالەس**
**تاریکی دەم سوبق چۆ وەست بە مالەس**
**خەلعەتی خان دا دە تە کارد تەلایی**
**توو سەرەت دەرد ئەکونە سی کەدخودایی**
**خەلعەتی خان دا دە تە کاردت خەریدە**
**توو سەرەت دەرد ئەکونە سی ڕەکەشیدە**
**چادورا خان زەیدە بی سەر ئاو ئەناری**
**شوو نەخەووسی خان خۆم کە دەژمەداری**
**چادورا نە وەرکەشی سەر ئاوا چەشمە**
**شوو نەخەووسی خانی خۆم دەوورت ز دوژمە**
**ئەلب وا زین، زین ز لە قوومەت**
**دیدەمەت مۆرا وە خراب دەست غولامەت**

**ب- بەیتی شێر عەلی موردەن**

عەلی مەردان خانی بەختیاری، مەشهور بە شێر عەلی، لە دەورانی ڕەزاخـــانـدا، ڕادەپەڕێ و چەندین جـــاران لەشکری شا دەشکێنێ. هاوار و ڕۆڕۆ وە لەشکری ئێران دەکـەوێ. ئەی هاوار چ بکەین لە دەست شـێـر عـەلی! یەکێـک لە وەڵامـدا پێدەکەنێ و دەڵێ کـارێکی نییـە، کـوردە و تامـەزرۆی وتوویژان. بانگی دەکـەین بۆ قـسـەو باسان و دەیگرین و دەماری لە ڕۆژگار دەردێنین. ئەوەش بۆ کـوردی ڕەبەن نەقلی ئەمڕۆ و دوێنی نییـە و هەزاران ساڵە وایە و وابووە و بڵێ هەر واش بێ! عـەلی مـەردان خـان بانگ دەکـەن بۆ وتـوویژان و لە تـاران دەیگرن و لە زیندانی قەسردا لە داری دەدەن.

**موو لوڕەم بە لووت خۆرەم، هەفت سال چووپوونەم**
**ئەڕ بنینم بە قرقەرە مەشق نەدوونەم**
**کوون تیپ؟ کوون سپا ، کوون فەڕاشەم؟**
**ڕەبدین دام، دەدووم بیان سەر لاشەم**
**شەمشیر عەلی مەردوون، تەلای بی خەش**
**ز دە کورد سەر کەشیە تا بە سەفید دەست**
**کوڕ بوکوش، گەدۆ بوکوش مەندیم دوو تاموون**
**نە کوڕی نە دۆو دەری مەندە بەجا نیە**
**کوڕ بوکوش، گەدۆ بوکوش، جەنگ جەنگ دینە**
**کی دیدە قاترچی جای شانشینە**
**بی عەرووس سەر قەلە پەلا بوریدە**
**لاش ئاسپید عەلی موردەن بە دار کەشیدە.**

**أ- فەرهونگۆکی بەیتی یەکەم:**

١- گاگەرۆ = وەختی گریان.
٢- ئەکونی = دەکەی.
٣- سەرداری = لیباسێکی درێژی پیاوانەی خێڵاتی لوڕ و بەختیارییە.
٤- هوونە = ماڵ، خانوو.
٥- هووندی = کەتۆی دی.
٦- زوونی = لەرزی.
٧- خانم = خانی من، گەورەی من.
٨- گردە = گریوە - ڕەوەزە بەرد.
٩- سوبق = بەیانی زوو.
١٠- سی = بۆ.
١١- نەخووسی = نەخەفتی، نەنووستی.
١٢- مۆرا = ئەو.

**ب- فەرهەنگۆکی بەیتی دووەم:**

١- موو = ئەمن، ئەز.
٢- چووپوون = چۆپان - شوان.
٣- نەدوونەم = نازانم.
٤- کوون = کووان؟ لە کوێن.
٥- دام = دایکم.
٦- دەدۆم = خوشکم.
٧- دەکورد = ناوی پێشووی شاری کوردی ئێستا بووە کە ناوەندی پارێزگەی چوار مەحاڵی بەختیارییە.
٨- گەدۆ = برا
٩- دۆو = کچ
١٠- کی دیدە قـاترچی جـاشـانشـینە = مـەبەسـتی ڕەزاخان بووە.
١١- بی = بی بی-ژنی ئاقڵ و سەر سپی.
١٢- پەلا دبسک = بسکی ژنان.

**(*) مـجـمـع الانسـاب، تألیف مـحـمـد بن علی بن مـحـمـد شبانکارەای بە سال ٧٣٣هـ، چاپ تهران ١٣٦٤. صفحە ٢٠٦.**

**سەرچاوە: نامەی نور. ژمارە (٨-٩)خرداد ١٣٥٩.**

# ڕێچکەی عیشق و بزاڤی بوون
# لە هەرێمی سیاچەمانەدا

**ڕەووف محەمەد پوور**
**(مەریوان)**

نامەوێ بێمە سەر شرۆڤەکاری مێژوویی و ڕیزکردنی فاکت و بەڵگە بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتی و ئێرەیی بوونی سیاچەمانە. پێداگریم لەسەر واقع و «هەبووی» ئەم سۆزە جادووگەرەیە کە لە تاڤگەی دەنگەوە، ئاوێزانی ئاوازی بەردەوامییە. دەکۆشم بە جەخت لەسەر فاکت و پشت بەستن بە تیۆری بەرپەیوەند، وتارەکەم بێنمە گۆ.

سەرنجم بۆ سەر سیاچەمانە، پێداگری لەسەر تێکستەکانە. ئەو سۆز و ئاوازە مەحشەرئەنگێزە کە هێزی ژیان و زاوزێ و بەرەنگاری و وەسف و عەشق، لە وڵاتی وشە و هەرێمی کەلیمە و بەزمدا، ئاوقەی بەرینایی زەین و هزر و هەستی مرۆڤ دەکاتەوە.

لەم وتارەدا نایەمە سەر باسی ڕەوت و شرۆڤەی قۆناغە مێژووییەکان، چونکە لام وایە توێژینەوەی ئەم ڕەهەندە، هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی کولتوورێکی مردوو یان خەساو نییە، جڤین لە پێناو گیان بەخشینەوە بە جەستەی خووخدەی سەردەمی لە دەسچوو بەخۆوە ناگرێ، بەڵکو خواست و حەز لە پێناو شکۆفاندنەوە و گەشەبەخشی بە کولتووری هاوچەرخە لەسەر بناغەی بایەخداری مێژوویی و نەتەوەییەوە.

تێکەڵی سیاچەمانە، بوونە بە بەشێک لە سیاچەمان. ئەگەر بڵێم پێویستە حەوت قۆناغەی سۆز ببڕی تا بگەیتە قۆناغی بوون بە بەشێک لە سیاچەمانە، بە ناعارفم لێک مەدەنەوە، چونکە کاتێک دەکرێ لە سیاچەمانە بگەیت کە بووبیتە بەشێک لەو سۆزە هەژێنەرە. ئەو قۆناغانەش تەنیا بە سواری ئەسپی

هونەراوی و عــەشق دێنە برین و خــۆ خــافــڵاندنی ڕۆشنبیرانە، لەم گۆڕەپانەدا وەرامدەرەوە نییە.
نامــەوێ بەو کــۆپلە هەست بزوێنانە ســیــاچەمــانە تا ئاســتی قــەداســەت و هەرەباڵایی پاڵ پێــوە بنێم، بەڵکو گــەرەکــمــە وەک دەق ســەرنجی بدەم و لە دوو ڕەهەندی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە دەسە و یەخەی ببمەوە. کەواتە پاش خســتنە بەر ســەرنجی خــاڵە ئەرێنیــەکــان، ڕوو لە خەسارەکانی دەکرێت. فاکتەکانی منیش زیاتر لە بەشی ناوەڕۆک و سۆزدان و باری مێــژوویی، یان مۆسیــقایی لەخۆ ناگرن، ئەویش بۆ بەدواداچوون و تەوان دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بەسەر بەهابەخشی بە جومگەکانی قەوارەی سیاچەمانەوە نییە.

**ئەو جومگانە کە وەک ئەرێنی بەرسەرنجن**

**أ- هەژاندنی ژیان و هێزی ئاوەدانکەرەوە:**

ناوەڕۆکی سیاچەمانە، لیپە لە هێما و بانگەشەی ژیان و بەردەوامــیی بزاڤ لە پێناو مــانەوە و هیــوا بە بوون و عەشق. ئەمەش بەو هێما و بانگچڕانەوە دێتە پەیڤ کە بانگەشەی خۆشەویستی و زاوزێ و ژینگەپارێزی و زێد دۆســتی و ئاوەدانکردنەوە دەکــەن. ئەمــانەش لە خــۆدا پاڵنەرێکی بەهێــزن لەپێناو بەردەوامی و ژیاندا. ئەکرێ بوترێ سیــاچەمــانە هاواری هێــزێکی غــەریزییە لە پێناو بەردەوامیی «بوون» و ژیانی مرۆڤدا. ئەو کەلیماتانە کە هەســتی بەردەنگ بەرەو خــۆشــەویســتی و هێــوری و ئاوەدانی و زاوزێ و... ڕاکێش دەکەن، ئێجگار زۆرن و چ پێویست بە نموونە هێنانەوە نییە.
ئەگەر سەرنجی ناوەڕۆکی سیاچەمانە بدەین دەبینین کە بە زۆری و تاڕادەیەکی ئێجگار باڵا، لە خزمەت غەریزەی ژیاندایە و بگرە بەدەگــمــەن ئاوڕ لە غــەریزەی مــەرگ و وێرانی بدرێتەوە.

**ب- بونیــادی پێــوەندیی مــرۆڤ- دەڤــەر، یان مــرۆڤ- زێد:**

سیــاچەمــانە بە وەسفی جوانییــەکــانی مرۆڤ و دەڤەر، پەیوەندییەکی ڕۆحی و عــاتیــفی لەناخی مرۆڤــدا بونیــاد دەنێت و ڕیشــەی مــرۆڤ بەناخی خــاکی دەڤـــەردا ڕۆ دەبات، لە وەسفە عاشقانەکانیشدا هەوڵ دەدرێت هەردوو مەعشووق. ژن و وڵات، یەک بخرێن و بێنە وەسفکردن:

**دزڵیەیەنی زڵف دێزەنی**
**پەروەردەی چنوور داڵەمێزەنی**
**سەباحی ساڵحان، هەوای ئاوێسەر**
**قیبلەم مێمانەن دڵ دانش خەبەر**
**نازارێ لوێوە هەردە چیاڵە**
**خەیەش داپێوە سوورە هەراڵە**
**نوەیجەریەکێ بە پلێ هۆر وەستێ**
**بە گوڵە چنوورێ کەپرێشا بەستێ**
**واچە بە قیبلێم دڵ نەدۆ بە دڵ**
**مەر وەختێ بەووە هەنار کەرۆ گوڵ**

لەگــەڵ ئەوەشدا بە وەسفی جوانی و گــوڵ و کــەمــەر و تایبــەتیــە ئێــرەییــەکــان، ئەویش بەدەم ســۆز و ئاوازی جادووییەوە، هەوڵ دەدرێت لای تاک دەروونی بکرێتەوە و ببنە مــایەی خــۆش ویســتنیــان. بەم جــۆرە بنەمــای زێدەدۆســتی و وڵاتپــارێزی لای تاک دروست دەکــرێت. ئەمــەش بە موخــاتەب گرتنی هەست و سۆز و عــاتیفــەی تاک دێتــە خــولــقــان. بە باوەڕی من یەک لە هۆکــارەکــانی مــانەوەی کــولتــووری هەورامی و هەورامــیــەکــان بۆ ئەم تایبــەتمەندی گۆرانی هەورامی و بە تایبــەت سیــاچەمــانە دەگەڕێتەوە.

**ولە هەنارەکێ ڕەنگشا کەردۆ سوور**
**مزانی مدا بەرئامان چنوور**
**قاسپە قاسپی کەو جیوەی چۆلەکە**
**شۆڕا پەلکەکەت وە بان کەلەکە**
**ژەرەژ مەوانۆ جە پاینوو کەشا**
**ماچۆ هەورامان سەرانسەر وەشا**
**دەربەنی چڕیش کاوە و دەروێشی**
**دوور جە وڵاتی عەمرم پەی چێشی**
**قاسپەقاسپی کەو قیژەی قاژی ڕەش**
**جە بۆنی شەوبۆ گەلێ بۆنت وەش**
**گەرمای کەلەکان شەماڵی سەر ڕێز**
**گوڵان خەیە دان تەختی داڵەمێز**

**ج- سیاچەمانە مەڵبەندی ئاشتی و خۆشەویستی:**

ئەگەر لای سۆفستاییەکان شەڕ شای هەموو شتەکانە و لای سوقرات حەقیقەت، ئەوا لە سیاچەمانەشدا عەشق و خۆشەویستی دەبنە باڵادەست و وەک مەلەکەی گۆرانی و

سۆز پاشایەتی دەکەن. نەک هەر ناوەرۆکی سیاچەمانە، بەڵکو ئاهەنگەکانیشی پاڵپشت و هاندەرێکی بەهێزن بۆ پەرەدان بە خۆشەویستی و ئاشتی. ئەگەر لەو خەسارە بگەڕێین کە هاندەرە بۆ وێرانکردنی ژیانی کەژ، (ئەویش لە جێگەی خۆیدا، دەکەوێتە بەرباس) ئەوا ئێمە لە گۆرانی سیاچەمانەدا بینەری چ توند و تیژییەک دەرهەق بە یەکتری نین. بە پێچەوانەوە سیاچەمانە کەیلی عاتیفە و سۆز و خۆشەویستییە:

**تڵفەکەت گرەوۆ ورزە لوەوە**
**مەرحەبایم پەی چێش ژیرش کەرەوە**
**سەرکەڵا گێردێ بەرنەشا بازێ**
**تا یاوا بەیۆ ئاوا تەوازێ**
**وەشڵەیم پا کۆرپەی سەوزە دایەشەن**
**دایم گۆش جە دەنگ لایە لایەشەن**
**سەوزێ بارش کەرد لواوە ئاوێسەر**
**ئاگادارش بۆ خوداکەی بانی سەر**
**هەنگێ نەژیوا بارا ئاوارە**
**تۆشا گەستێبی پا دەور و بارە**

**د- هێزی متمانەبەخشی و باوەڕ بەخۆ:**

سیاچەمانە وەک بەرهەمی ڕەسەنایەتی و ئێرەیی و جیاواز لە هی دیتران، بڕوا و متمانە بەهێزی خۆ، پتەوتر دەکات و ورەی جڤین بەرەو بوونە خاوەن کولتووری خۆیی و تایبەت بەخۆ، بە جڤات دەبەخشێ. ئەمەش خەرمانی سامانی نەتەوەیی بە خاڵی ناهێڵێتەوە و لە زاڵبوونی هەستی خۆ بە کەمزانی و چۆکدان لە ئاست هی دیتران بەرگری دەکات. ئەم هێزەش بۆ ئێرەیی بوونی سیاچەمانە دەگەڕێتەوە کە سەدان سەد مۆڵکی نەتەوەییە و چ مۆرکی دیترانی بەسەرەوە نییە. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی فانوونییەوە سەرنجی مەسەلەکە بدەین ئەوا سیاچەمانە کەڵکەڵەی حەزی «بوون» وەک خۆ، نە وەک ئەوی دی، لە تاکدا بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی پەروەردە بوونی کەسایەتیی ساغ و لەسەرخۆ.

**ه- باوەڕ بە دیاردە دەڤەرییەکان، وەک جۆراوجۆری و نایەک ڕەنگیی کولتووری:**

تی. ئێس. ئەلیوت، لە کتێبی «لە بارەی فەرهەنگەوە»دا دەڵێ: هەر دەڤەر و ناوچەیەک دەبێ کولتووری تایبەت بەخۆی هەبێ، کولتوورێک کە سەرەڕای جیاوازی، ببێتە هۆی دەوڵەمەندی کولتووری نەتەوەیی. بگرە سەرنج و بایەخدان بە کولتووری دەڤەرەکان، لای هەندێ تەوس، وەک مایەی ناوچەگەرایی لێک بدرێتەوە و لە کاریگەریی کولتووری ڕەزاخانی و کەمالیستی و هی تر، وەک ئاستەنگ لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوەیی و پێکەوە بوونی نیشتمانی بێتە ئەژمار، بەڵام هەمان خاوەن ڕا و لە هەمان سەرچاوەدا لەسەر ئەو قەناعەتەیە کە بۆ گەشەکردنی کولتووری گەلێک، خەڵکی نابێ زۆر وەک یەک و زۆریش جیا لە یەک بن. پێکەوە بوون و یەکایەتی زیادە لە حەد، دەبێتە مایەی بەربەریەت و لەوانەیە سەر لە ستەمکاری و ئیستیبداد دەربهێنێ. هەر بەو جۆرە جیایی زیاد لە حەدیش بە هەمان شێوە. لای ئەو، کولتوور نەک لە ڕوانگەی چینایەتی، بەڵکو لە ڕوانگەی دەڤەرایەتییەوە دێتە شرۆڤە و لێکدانەوە. هەر بۆیە دەڵێ باشترە زۆربەی خەڵک لەو شوێنەدا بژین کە لێی لە دایک دەبن. تا وەفادارییان سەبارەت بە دەڤەر و ناوچە و گەلەکەیان بپارێزن.

لە گۆرانیی کوردیشدا ئەوا لاوک و حەیران و هۆرە و بەیت و سیاچەمانە، وەک پارێزەری جیاوازی دەڤەرەکان، دەبنە پاڵپشت بۆ پاراستن و بانگەشەی ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی.

دووبارە ئەلیوت جەخت دەکاتەوە کە کولتووری نەتەوەیی بەرهەمی ژمارەیەکی بەرچاو لە وردە کولتوورە ناوچەییەکانە کە ئەوانیش کاتێ دێنە پۆلێنکاری دەبنە وردە کولتووری تر. بە ئەنقەست و نغرۆکردنی جیاوازییەکان لە پێناو یەکسانی نەتەوەیی و پێکەوەبوونی نیشتمانی، خەتایەکی گەورە و هەڵەیەکی قەرەبوو نەکراوەیە.

بەم جۆرە دەبینین کە سیاچەمانە، سەرەڕای جارچییەتی تایبەتییە دەڤەرەییەکان، بووەتە سامان و مڵکی نەتەوەییش.

**و- سیاچەمانە گۆڕەپانی ڕەخنەکاری و بەرەنگاربوونەوەی عورف:**

هەر لە سوقراتەوە بیرۆکەیەک پەروەردە کراوە کە ڕەخنەگرتن لە عورفە. عورف مەودای ژیان بۆ تاکەکانی

کۆمەڵ بەرتەسک دەکاتەوە و دەبێتە بەربەست لە بەردەم ئارەزووەکانی تاکدا. بە تایبەت لە کۆمەڵگا کولتوور داخراوەکاندا، پساندنی بازنەکانی عورف گێچەڵساز و نەلواوە. عورف لەو کولتوورانەدا وەک تابۆیەکی بڤەیە و بەزاندنی هێڵە سوورەکانی بۆ تاک مەحاڵە. کەچی سیاچەمانە دەبێتە لانێکی ئارام بۆ ڕەخنەگرتن و پساندنی بازنەکانی عورف. بە تایبەت لە بواری جنسی و سێکسدا. لە سیاچەمانەدا گۆرانیبێژ، دەبێتە ناخود ئاگای جەماوەر و حەزەکانیان ئاوقەی هزری وەستاو دەکاتەوە.

**دەم نیام دەمت ساکن بی دەردم**
**ئۆخەی نەمەردا دەمت ماچ کەردم**
**ئەی خوا چن وەشەن ماچی نیمەشەو**
**لێفەکەیش لادەی چاوی ها لەخەو**
**ئێشە و ئامانێ تەوافی خاڵت**
**گولەکە چوون گەماڵ کێشیابێ پاڵت**
**ئێشە و لوانێ تەوافی خاڵش**
**لام دا لێفەکەش کێشیانێ پاڵش**

حاشای لێناکرێ کە زۆرجار یاسا و عورف دەبنە ئاستەنگ و بەربەند بەسەر ڕێگای شاخ بە شاخ بوون لەگەڵ ئارەزووەکان. ئەو عورفەی بەسەر تاکدا دەسەپێنرێ و دەبێتە مایەی دڵپڕی و بە کوڵی دەروون. بۆیە لام وایە سیاچەمانە تەقینەوەی چرکەساتەکانە دژ بە کزەی دەروون و لە پێناو سوکنابەخشی دەروون و دژ بە نارێکییەکانی،دێتە جڤین. چاوگەیەکە بۆ هرووژاندنی ڕیتمی نارێکی ژیان و حەز.

ئەمەش لەخۆیدا پاڵ پێوەنەرە بۆ گۆڕان و نوێ بوونەوە و بەردەوامی ژیان و هەڵچوونەکان.

هزری ڕەخنەکاریی عورف، بە جاران لە تەوەرەی جینسی تێپەڕ دەبێت و بابەتی دیکەش لە خۆ دەگرێ. وەک بابەتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕامیاریش. ئەمەش بۆ کاریگەری دەوروبەر، بەسەر سیاچەمانەچڕەوە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە کاتێ لە کووچە نوغرۆ ویستانەکەی داسەپیو لەلایەن عەرەبی شۆڤێینەوە، کە بە هەزاران گوندی هەرێمی باشووری گرتەوە، هەورامی ئەودیویش ڕاپێچی ئۆردووگا زۆرەملێیەکان کرا، لە هەمان سەردەمیشدا لەژێر تەوژمی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق- ئێران، زۆرێک لە گوندەکانی هەورامان بوونە ئەرزی محەرەمە و لە جەماوەرەکەی قەدەغە کران، گۆرانیبێژی سیاچەمانە چڕ دەبێتە قورگی جەماوەر و هاواری بەرز دەکاتەوە:

**با ژەرەژ وانۆ جە پاینوو دۆڵا**
**داخی داخانم هەورامان چۆڵا**
**کۆگا و خەمەکام هۆرگێروو بەکۆڵ**
**بەرووش هەوارگەی هەورامانی چۆڵ**
**ئینەنە مەحشەر ئینەن کزۆڵی**
**یاران کێ دیەن بەهەشت بە چۆڵی**
**وەتەن وەتەن باوانم، وەتەن یاگی مەینەتی**
**وەتەن ئینە چند ساڵێن توخوا ئامان نەگبەتی**
**مێوە دەیەکێ سوەیلی ڕەشتێنێ**
**دوور وەتەنیەکەی ئێمەش کوشتێنمێ**

یان کاتێ کەشوهەوای شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکان دەبێتە هۆکاری قەدەغە کرانی هاتوچۆ بۆ زۆرێک لە کوێستان و سەیرانگاکان، دووبارە سیاچەمانە چڕ وەزار دێت:

**ژەرەژ مەوانۆ پاینوو دەربەنی**
**نمازا کەرمێ سەیروو وەتەنی**

یان لەژێر کاریگەری دۆخێکی تایبەتدا یەک لە سیاچەمانەبێژەکان دەچریکێنێ:

**هەرکەسێ فتوای قەتڵی تۆش دابوو**
**یانەش بۆ کاول، نەعام ڕیسوا بۆ**

بزاڤی ڕەخنەگرانەی سیاچەمانە، زۆرجار بوارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش دەگرێتەوە. لەوانە: ژن بە شوودانی زۆرەملی و ئاوات کوژیی عاشقان.

**بەش خوا هەقوو من بسانۆ دایەت**
**من ڕەنجم کێشا، کێ نیشت نە سایەت**
**هیچ کەس وەکو من نەکەوێ کۆسی**
**نەروانێ بۆ چۆڵ بەرهەیوان دۆسی**
**خواڵە گیان هەقەن، پێغەمبەر ڕاسەن**
**ئا شوە تۆکەردەن پەی مەردەی خاسەن**

یان کاتێ هێڵی سنوور دەبێتە مایەی حەرام کردنی

دیداری ئازیزان و هات و چۆی هەزاران ساڵەی نێوان خزم و برا و خوشک و هاوماڵ دەبێتە سەداقەسەری بستێک کە پێی دەوترێ سنوور، هانای سیاچمانە جەرگ هەژێن بەرەو کوێستان و گوڵ و ئاسمان، بەرز دەبێتەوە:

**سڵاوم  وەنەشا ئا دوور وڵاتا**
**کاوەتر بە باڵ مەیاوۆ لاشا**
**سەر کەلا گێردێ بەرنەشا بازێ**
**تا یاوا بە یۆی واتەوازێ**
**بەینوو من و تۆ کێو و شاخێکە**
**هەر سعاتێکت بۆ من داخێکە**
**بەینوو من و تۆ بیەن بە لهۆن**
**ڕای جادە بەسیان مەر بە تەلەفون**
**گولی بەششا بۆ ناوادە ڕێزا**
**کەردەنشا حەرام بەینوو ئازیزا**
**یا خوا ئا کەلە هۆر کنیۆ جە بن**
**بەشکەم دەرکەوێ نووری دیدەی من**

یان بەربەرەکانێی کۆمەڵایەتی و ئاوقە بوونەوەی دۆخی داسەپیو لە کەشوهەوای بەرتەسک و تەنگەلاندا، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە کۆمەڵگە کەیلی چەواشەگەری دەسەڵاتە و باڵادەستەکان لە ئاست هەژاران یەکگیر دەبن و بە ئەکتیڤ چ دەرفەت بۆ بەرەنگاری و ئاوقەبوونەوەی چارەساز نییە، سیاچەمانە دەبێتە مەیدانی هاوار و جاڕی نارەزایەتی لە دەست دۆخ بەرز دەکاتەوە.

**وەشڵەی بە مەلا گرد شادیشانەن**
**نە شێخ، نە مەلاّ، نە قازیشانەن**

لێرەدا ئەوپەڕی هاواری بێزاری و دژایەتی لە دۆخ دێتە بەرسەرنج و هانای سیاچەمانەچڕ دەبێتە پەنجەرەی هەناسەمژی جڤات.

### ح- سیاچەمانە، گۆڕەپانی ژیانپارێزی و پتەواندنی هزری ناسەی نەتەوەیی و مرۆڤانی:

سیاچەمانە لە ڕۆحی ملکەچانە و کۆیلایەتییەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو ئاوازی هێزی ڕۆحانی و حەماسە و عەشقە لە ئاست «هەبوون» و پەیڕەو کردنی ژیان. بڕوا بەخۆ و جڤین بەرەو بوونە خاوەن کولتووری تایبەت و ئێرەیی، لە بەرانبەر شپرزی ناسە و چۆکدان و خۆ بە کەمزانیدا. سیاچەمانە هێزی لەبار و بە بڕشتە بۆ بەستنەوەی تاک بە سروشت و زێدەوە و هاندانی بۆ گەشە و ئاوەدانی زێد.

ئەمانە بنچانی کارامەن بۆ پتەوکردنی بنەمای ناسەی نەتەوەیی و خۆیی و لەگەڵ ئەوەشدا و پاش بوون بە «خۆ»، هەوڵدان بۆ گەشە و کامەرانی دیتران و بوونە خاوەن ناسەی گشتی و بەشێک لە ناسەی مرۆڤانی.

سیاچەمانە وەک موڵکی دێرین و ڕەسەنی کورد، دەتوانێ ببێتە بنچاخ بۆ بونیادنانی تەلاری مۆسیقای کوردی. ناوەرۆکەکەشی، چونکە  هەڵقوڵاوی هەست و حەز و هزری جڤاتە، دەتوانێ ببێتە مایەی زۆر پرۆژەی مرۆڤناسی و کوردناسی.

بە باوەڕی من لە سیاچەمانەدا هێزێکی مەزنی پڕ لە فەزیلەت خۆی مەڵاس داوە و لانی گرتووە. ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە و میتۆدێک دەرکێش و پەلکێشی نێو ئاپۆرە و جڤات بکرێت، دەتوانێ ببێتە یەک لەو هەنگاوانە کە بەرەو ڕووی دەرچوون لە قەیرانی ناسە و تەمتومانی نەخۆشی کۆمەڵایەتی و سڕی ویژدان دەبنەوە. بەخشندەبوونی سیاچەمانە، ناتەوس بوونی ئەم ئاوازە ڕەسەنەمان بۆ دەسەلمێنێ. بەخشینی ژیان، ئیسراحەت دڵنیایی، لەزەت، هەروەها پاراوکردنی مۆسیقای دەوروبەری خۆی و کاردانەوە لەسەر هی خەڵکی تر، مەزنیی گیانی سیاچەمانە و خودان سەروەری ئەم گۆرانییە ڕەسەنەمان بۆ دەسەلمێنێ.

سەرجەم ئەو باسە لە پێناو ئەوەدایە کە سیاچەمانە وەک «هێزێک» گۆڕەپانی هزری ژیانپارێزی و ناسەی خۆییە. ماوەتەوە بەهێزێکی ژیرانە و زانستیانە و دڵسۆزانە، لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە، بە کردار بکرێت و بگوازرێتەوە نێو ئاپۆرەی جەماوەر.

بگرە لە ژێر وەها تیشک و لێکدانەوەیەکدایە کە (فاروق ڕەفیق) دەبێژێت: ئێمە لە ڕۆحی کوردی ناگەین تا گوێ لە مۆسیقای کوردی نەگرین.

### خەسارەکانی سیاچەمانە

پاش خستنەڕووی چەپکێ خاڵی ئەرێنی سیاچەمانە، لە ڕەهەندی نەرێنیشدا دێمە پۆلێنکاری و پۆلێ خاڵ بەرجەستە دەکەمەوە.

حاشا هەڵنەگرە کە سیاچەمانە وەک دەسکەوتی مرۆڤ،

لەگەڵ ئەرێنیدا خاوەن خاڵی لاواز و ناڕێکیشە. ئەمەش بۆ سیفەتی کردار مرۆڤانیەکان دەگەڕێتەوە. بە دڵنیاییەوە سیاچەمانەش ناتوانێ لەم بازنەیە قوتار بێت.

١- سیاچەمانە گۆرانییەکی ماقووڵە. زیاتر دڵخوازی بەتەمەنەکانە. بەرەی لاو لێی دوورەپەرێزە و بە دەگمەن ئاوڕی لێ دەداتەوە. مەگەر لە خۆنواندنی ڕۆشنبیراندا.

لە ڕاپرسیەکدا کە لە هەشت دواناوەندیی ناوچە و لەنێو کوڕان و کچانی هەورامیدا کرا، ٩٥ لە سەدی ئەوانیش گوتبوویان حەوسەڵەی گوێگرتن لە سیاچەمانەیان نییە.

٢- بە جاران دەبێتە هاندەر بۆ نغرۆ کردنی ژیانی کێوی. ئەمەش بۆ ئەو وەسف و تام و لامەدانەوەیە دەگەڕێتەوە کە ڕاوکردن و نەچیرەوانی دەلاوێننەوە. مەخابن لەسەردەمی هەنووکەشدا کە ژیانی کێوی ڕوو لە نغرۆ بوونە و ڕەوتی قەلاچۆکاری گەیشتۆتە لووتکە، هێشتا سیاچەمانەچڕان واز لەو لاواندنەوەیە ناهێنن و سیاچەمانە بۆتە مەڵبەندی وەسفی ڕاوکردن و ڕاوچییەتی. ئەمەش قەیرانێکی کوشندەیە و دەبێ سەرنجی بدرێتێ:

**دامگام نیاوە پاینوو گۆڕالا**
**چێڵەکێم واناش، بەقەکە لالا**
**سەروەژەن چریش ئەو خەوگەچیا**
**کۆنێ سەیادێ چێش ئامان پێشا**
**با وەهار بێوە تەقا هاناوێ**
**بلمێ شەرەبەق پەی کاوە و ناوێ**
**تفەنگێ تەقا هاڵی وریاوە**
**سەیاد دەست وەش کەڵ نەسڵەماوە**
**با ژەرەژ وانۆ جە پاینی دۆڵە**
**بێ سەیادیشەن سەر کەلان چۆڵە**

هەر چەند جاروبار هەوڵ دراوە دژ بەو ڕەوتە هەنگاو بنرێت، بەڵام ئەم هزرە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی قەرەبووکەرەوە:

**کەڵێ پەی کەلا بەردش مزانی**
**سەیادی کەڵ کوش مەردەن بە جوانی**

٣- سیاچەمانە گۆڕەپانی ڕمبازێنی پیاوانە و ژن بواری هەست دەربڕی و سیاچەمانەوتنی پێ نەدراوە.

کەواتە، سیاچەمانە گۆرانی پیاوە و هێشتا نەبووەتە گۆرانییەکی گشتگیر.

ئەگەر سەرنجی کەلیمەکانی سیاچەمانە بدەین، هەر هەموویان جارچی هەست و حەز و خواستی پیاوە و چ هاوارێکی ئافرەتانەی تیا بەدی ناکرێت. مەگەر ئەو بەشەی دڵی پیاو بۆی بە کوڵە. لە حاڵێکدا ئەگەر ژنانیش دەرەتانی وەک پیاویان هەبوایە، سیاچەمانە دەبووە گۆڕەپانی گفتمانێکی عاشقانەی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕکردنی حەز و هەست و ویست، بەڵام تا هەنووکە مامەڵەکە یەک لایەنەیە و ژن لێی تەریکە.

٤- ڕەوتی بەزم و ئاوازەکانی سیاچەمانە، بووەتە تەگەرەیەک و چ هەوڵێکی زانستیانە و بوێرانە بۆ بە ڕۆژکردنی سیاچەمانە بەرچاو ناکەوێت. دووپات کردنەوەی بەزمەکان لای سیاچەمانە چڕان، ڕەوتەکەی تا ڕادەی بە کڵێسە بوون و سواوی جماندووە. لەگەڵ ئەوەشدا شاردنەوەی دانەرانی ئەو بەزمانە کە خاوەن داهێنەرن، یان بەژێر لێوەوە کردنیان لەلایەن سیاچەمانە بێژانەوە، کارێکی کردووە کە هەر کەس تەپ بکوتێتە سەر بەزمێک و بەبێ ئاوڕدانەوە لەخاوەن بەزمەکە، وەک هی خۆی بیچڕێت.

زیاد لەوانەش بەزمەکانی سیاچەمانە بە ڕووی «کەلیماتەوە» کراوەن و کام گۆرانیبێژ کام کەلیمەی بەدڵ بێت، دەیخاتە دووتوێ بەزمەکەوە. تەنانەت بە دڵی خۆی لە کەلیمەکانیشدا گۆڕانکاری دەکات. بە باوەڕی من ئەگەر بەپێی ئاهەنگ و حاڵەت و نەغمەی بەزمەکان، بکرێنە خاوەن ناوەرۆک جوانترە.

لە ئەفلاتوون دەگێڕنەوە: ئەگەر مۆسیقا دەنگیشی لەپاڵدابێت، قەی ناکا. منیش دەڵێم ئەگەر سیاچەمانە مۆسیقاشی لەگەڵدا بێت قەی ناکا.

# نیگارکێشانی میناتۆری له مێژووی شێوه‌کاری کوردیدا

ئه‌گه‌ر له‌و سه‌ره‌تایه‌ی بۆ مێژووی هونه‌ری مینیاتۆری له جیهاندا باسمان لێوه کرد بترازێین سه‌رجه‌م ئه‌وه به‌ره‌نجام بێنین که میلله‌تی کورد و خاکی کوردستان وه‌ک خاوه‌ن و هاوبه‌ش و زێدی گه‌لێ شارستانی هه‌ر له سه‌ره‌تاکانی ژیانی مرۆڤایه‌تیه‌وه تا کۆتایی شارستانیه‌تی ئیسلامی (که به کۆتایی خۆی، کۆتایی هێنا به سه‌رده‌می شارستانییه‌ته‌کان) هه‌مان ئه‌و کارکردنانه و به‌رهه‌م هێنانانه له‌خۆ ده‌گرێت که وه‌ک میانێک بۆ ده‌رکه‌وتن و به ئه‌نجام گه‌یاندنی هونه‌رێکی مینیاتۆریانه، به‌ڵام به هه‌نجه‌تی جیاجیا هه‌بوون و له‌کارادا بوون. وه‌ک پێشتریش ئاماژه‌مان پێدا شتێکی به‌ڵگه نه‌ویسته که ساتێ باس له سه‌رهه‌ڵدانی کارکردنی مینیاتۆری وه‌ک نیگارکێشان بکه‌ین ڕاسته‌وخۆ باس له سه‌رهه‌ڵدان و دروست بوونی هونه‌ری ده‌ستنووسه‌کان بکه‌ین. ده‌ستنووسه‌کانیش هه‌روه‌ک سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاستی ئه‌وروپی گه‌واهی ئه‌وه ده‌ده‌ن له سه‌ره‌تادا ته‌رخانی ڕاسته‌وخۆ و فراوانی کتێبه ئایینیه پیرۆزه‌کان کراوه.

به‌پێی ئه‌و توێژینه‌وانه‌ی باس له په‌یامبه‌ر مانی ده‌که‌ن، مێژووی دانانی کتێبه پیرۆزه‌کان ده‌گێڕێته‌وه بۆ ده‌وروبه‌ری ساڵانی (٢٤٠) زاینی و ساڵانی دواتر، ئه‌و که خاوه‌نی ده کتێبی پیرۆز بووه‌و به‌م زنجیره‌یه هاتوون: ئینجیلی زیندوو، کفالایا (مێژووی ژیان)، شاپورگان، ئارژه‌نگ، گه‌شتی نهێنییه‌کان، ڕه‌سه‌نه‌کان، گه‌نجینه‌ی زینده‌وه‌ران، گه‌شتی زلهێزه‌کان، ڕێنماییه‌کان،

وه‌هبی ڕه‌سووڵ
(سلێمانی)



**تابلۆی هونەرمەند «ئاری بابان»**
**(١سم × ٩مم) - ئاوی**

پراگماتیا. (١)

سێهەمین کتێبی پیرۆزی کە شاپورگان بووە، بۆ شاپوری یەکەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی نووسیوە و هەر بە ناوی ئەویشەوە ناوی ناوە شاپورگان. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم پاشایە ساڵی (٢٤٢) زاینی هاتۆتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، کەواتە دەبێت کتێبی سێهەمی مانی پەیامبەر لەو ساڵە یاخود ماوەیەکی کەم دوورتردا نووسرابێت و دوو کتێبی یەکەمیش لە ساڵانی پێش ئەو ساڵە نووسرابن، بەرەنجامی بەدواداچوون و باس لێوەکردن تەنیا هێندە دیارە کە دوو کتێبی شاپورگان و ئارژەنگ نیگاریان لەلایەن مانی پەیامبەرەوە تێدا کرابێت، ئەوانی تر دیار نییە ئایا ڕێنماییە ئایینیەکانی هاوشانی نیگاری پێویست بووە بەو مەبەستە یان نا. بە هەرحاڵ مانی پەیامبەر وێڕای ئەوەی بۆ خۆی نیگارکێش بووە، زۆر بە پێویستی زانیوە بیروباوەڕەکانی هاوشانی نووسین بە نیگاریشەوە بگەیەنێتە خەڵکی سەردەمی خۆی کە بەشێکی زۆریان خوێندەوارییان نەبووە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە زمانی وێنە ئاسانتر و کاریگەرترە لە نووسین بۆ ئەو سەردەمەی ئەو. لەلای مانی هەریەک لە بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری بایەخێکی تایبەتی هەبووە، هەر یەک لە هونەرەکانی (وێنەکێشان و خۆشنووسی و پەیکەرتاشی و مۆسیقا) سەرەڕای شیعر و چیرۆک پایەیەکی بەرز و پیرۆزیان لای مانییەکان هەبوو. (٢)

دەربارەی کتێبی شاپورگان دەگوترێت کە خۆی بەدەستخەتی خۆی نووسیویەتی بە شێوازێکی جوان، ئەمە جگە لەوەی چەندین وێنەی جوان و هێڵکاریی هونەریی ڕازاندنەوەی تیا بەکارهێناوە تا باشتر ئامانج و مەبەستەکانی بۆ بخاتە ڕوو. کتێبی (ئارژەنگ)یش هەوڵێکی تری مانی بووە، بە وێنە ڕوونکردنەوەی بۆ کرد و بە زمانی سریانی نووسی. (٣)

بە پێی ئەم زانیارییانە ئەم دوو دەستنووسە وێنەیە بە کۆنترین دەستنووسێ لە جیهاندا دادەنرێت کە وێنەیان لەخۆ گرتبێ و باسیان لە مێژوودا هاتبێت.

کەواتە ئەو نیگارە مینیاتۆرییانەی لەم دوو دەستنووسەدا باسیان لێوە دەکرێت بە دوو سەدوپەنجا ساڵ لەو دوو دەستنووسەی تەورات و ئینجیل کۆنترن کەوەک باس دەکرێت بە نیگاری مینیاتۆریانە ڕازێنراونەتەوە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پێنجسەد.

لە بارەی کورد بوونی مانی، باس لە دوو خاڵی گرنگ دەکرێت: یەکەمیان ناوی (مانی)یە کە لە مانەوە و زیندوێتی و نەمریەوە هاتووە لە کوردیدا دواجاریش گشت لێکدانەوەکان بە زبانەکانی تر بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگەنەوە بەم بەرەنجامە کە ئاماژەیەکە بەناوی یەزدان چون هەر بۆ ئەوە مانەوە و نەمری.

دووەمیشیان زێدی لە دایک بوونی (پاتک)ی باوکی مانییە کە لە هەمەدان لە دایک بووە و پەروەردە و گەورە بووە تا ساڵی (٢٠٧) زاینی تێداماوەتەوەو لەوێش ژنی هێناوە شاری ئەکبادانیش (هەمەدان) مەڵبەندێکی کوردنشین و (قەڵای بەهار)ی نزیک ئەو شارەش لەبەری باکووری خۆرئاوای بە وتەی مێژوونووسی ئێرانی (حەمەدوڵا ئەلمستەوفی ئەلقەزوینی) نەک هەر ئەو سەردەمەی پاتک-ی باوکی مانی لەوێ لە دایک بووە و ژیاوە و ژنی هێناوە کە تا ساڵانی دووسەدی زایینی دەکات، بەڵکو تا ناوەڕاستی سەدەی چواردەمی زایینی پایتەختی وڵاتی کوردان بووە کە لە شازدە هەرێم پێکهاتووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە [نزهة القلوب، بأهتمام و تصحیح: گای لسترانج، بکوشش: محمد دبیر

سیاقی، ل١٤]. (٤)
سـەرباری ئەو دوو خـاڵە گـرنگە و بیـروڕای ئەم مێژوونووسانە لەم بارەیەوە، تێبینی ناسین و هاتنی ناوی مانی زۆر دەکرێت لەلای شاعیرە کلاسیکیە کوردەکانمان وەک لایەنی نیگارکێشەکەی. نموونەی زۆر دیار و بەرچاو لەلای شاعیری گەورەی کورد نالییە لەو دێرە شیعرییەی دا کە بووە مایەی لە یاد نەچوون و پرسیار لەسەر ناو و بوون و گەورەیی مانی:

**مانی نیەتی قوەتی تەصویری بڕۆی تۆ**
**ئەو قەوسە بەدەستی متەنەفس نەکشاوە**

یا لە جێیەکی تردا دەڵێت:

**نووکی خامەی من کە دێتە مەعنا ئارایی کەمال**
**خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سورەتی مانی دەکا**

یاخود صافی شاعیر وەها مانی بە نموونە دێنێتەوە:

**کەسێ بەم عەصرە نەیدیوە بەشەر وەک تۆ بە شیرینی**
**تەحەیور ما لە تەصویرت ئەگەر نەققاش ئەگەر مانی**

لە دوای کـارەکـانی نێـو ئەم دەسـتنووسـە لە سـەدەی سێـیـەمـدا، دەچینە سەر ئەو کـارە مینیـاتۆرینەی نێـو دەستنووسەکانی سەدەی دوازدەی زاین کە میهرانی کوڕی مـەنسـووری کـوڕی مـیـهـران بە بەدیعـو لزەمـان کـوڕی ئیسماعیلی جەزیری کە بە ئیبن ڕەزاز ئەلجەزیری ناسراوە و لەناوچەی دیاربەکـر دەرکـەوتوون و کـارکـردنیـان لە نیگارکێشانی نێو دەستنووسەکاندا بەشێوازی دیاربەکری ناوزەد دەکـرێت. دواتر ئەو نیگارانەی نێـو کـتـێـبی ئەسـتێـرەناسی (صورة الكواكب الثمانية و الأربعين) (وێنەی چل و هەشت ئەسـتـێـرەکـە)ی ئەبولحـەسـەن عەبدولڕەحمان ئیبن عومەر سۆفی ئەلڕازی کە لە شاری ماردین کێشراون، بەڵام نازانرێت هونەرمەندەکە کێیە کە ئەم نیگارانەی کـێـشـاوە، بەڵام ئەوەی دیار لە شـاری مـاردین ئەو نیگارانە کـێشـراون و هونەرمـەندی کـورد کێشاونی. یاخود وێنەکانی «ئینجیلی منداڵی عیسا» کـە لە شـاری فلۆرەنسـەی ئیـتـاڵیـیـە و لە سـەدەی سـێـزدەیەمـدا پزیشـکێـکی خـەڵکی شـاری مـاردین کێشاونی. هەروەها وێنەکانی کتێبی دەستنووسی (منافع الحيوان)ی پزیشکی دەوڵەتی کوردی دۆستکی (عبيدالله ابن بختيشوع) کە ئێستا لە کتێبخانەی (مۆرگان)ە لە نیـیـۆرک. (نمرە M.٥٠٠) کە چەند هونەرمەندێک ئەو وێنانەیان بۆ سـوڵتـان مـەحـمـوود غـازانی نەوەی هۆلاکـۆ کـێـشـاوە لە شـاری مـەراغـەی ئێـران. دواتر وێنەکـانی هونەرمـەند محـەمـەدی کوڕی یووسفی کـوڕی عـوسمـانی حەسەنکێفی (حصكفي) دێت کە بۆ کتێبی (الجامع بين العلم و العمل في صناعة الحيل) کە مێـژوونووسـانی ئیـسـلامی وایان زانیـوە کـاری (ابن الرزاز)ە، چونکە محـەمـەدی کوڕی یووسف تەواو لاسایی وێنەکانی ئەوی کردۆتەوە و قوتابی ئەویشە. لەم میانەشدا هونەرمەندانمان هەن کە تا ئێستا نازانرێت وێنە دەستکردەکانیان لە کوێن وەک مـوزەفـفـەری کـوڕی حـسـێنی حـەسـەنکێـفی کـە مۆسیقاژەن و هونەرمەند بووە. هەروەها وێنەکانی دانەی دەستنووسی (معرفتنامە)ی ئیبراهیم حەقی ئەرزڕۆمی کە یەکێکە لە کتێبە دەستنووسە وێنە کراوەکانی کوردستان، لە کـۆمـەڵە وێنەیەک پێکهـاتووە وەک وێنەی جـیـهـانی لاهوت و عەرش و کورسی و جیهانی ئەرواح و بەهەشت و دۆزەخ و خـۆرگـیـران و مـانگ گـیـران و....تاد. کـە دیسان ئەمیش نازانرێت هونەرمەندەکەی کێیە. (٥)

کـارەکـانی نێـو شـەرەفنامـە کـە بەدەست و پەنجـەی ڕەنگینی شەرەفخانی بەدلیسی کراون و بریتین لە بیست تابلۆ بۆ کۆمەڵێ بابەتی جیاواز لە سەدەی شازدەیەمدا دروسـتی کـردوون، نموونەیەکی باڵای نیگـارکـێـشـانی مـینیـاتۆریانەی کـوردییـە کـە لەبەر دەسـتـدان. ئەگـەر گـەنجـینەی هونەر و بلیـمـەتێـتی عـەبداڵ خـانی کـوڕی زیائوددینی کوڕی شەرەفخان بمایە یاخود ئەوەی بەجێماوە دەست بکەوتایە ئەوا سامانێکی گەورەی نیگارکێشان و هونەرمان لەبەردەستدا دەبوو لەم میانەدا، بەڵام گەنجینە و نامەخانەی ئەو مەزنە لەلایەن مەلیک ئەحمەد پاشای درنـدەی والـی وان لـە سـالّـی (١٦٥٤- ١٦٥٥ی زاینی)یەوە تالان کرا، کـە هەزاران کـتـێـبی بایەخداری لەنێـودا بووە. ئەم کـتـێـبـخـانەیە لەلایەن شـەرەفـخـانەوە بناغەکەی دانراوە یاخود فراوانی کردووە.

عـەبداڵ خان سەرباری ئەوەی لەحەوت سەد زانست و هونەردا پسـپـۆڕ بووە، لە فـەلسـەفـە و زانسـتی سـەیر و عەنتیکەدا تاقانەی زەمان بووە و لە کیمیا و سیمیا و

زانستی دیکەدا شارەزا بووە، پزیشک بووە و ئەندازیار و هەمان کات لە زانستی چەک دروستکردندا شارەزا بووە، سەعاتچیەکی بلیمەت بووە کە سەعاتی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە و هی سەر بورج و زەنگداری بۆ ئاگاداری کردنەوە دروست کردووە.(٦)

(کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیسان دەچێتەوە نێو کارکردنێکی مینیاتۆرانە لە دروستکردنی شمەکدا) مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف وای بۆ دەچێت کە دوور نییە عەبداڵ خان لەبەر دەسی شەرەفخاندا فێری وێنەکێشی بووبێت، چونکە کە شەرەفخان کۆچی دوایی کردووە عەبداڵ خان تەمەنی حەڤدە ساڵان بووە و ئەوسایش منداڵ لە چوار ساڵانەوە فێری خوێندن کراون.

گشت ئەو دەستنووسانەی ئاماژەمان پێدان و لە کوردستانی باکوور لە دوابەدواییەکانی سەدەی ناوەڕاست و تا سەدەی شازدەیەم کە بەرهەمی هونەری نیگارکێشانیان لەخۆ گرتووە، بە کارکردنێکی هونەری مینیاتۆریانەی کوردی دادەنرێن شێوازی کارکردنی هەندێکیان چۆتە ئاستێکی وەهاوە کە سیما و خاڵی جیاکەرەوەی خۆی تێدا بێت و جیاواز بێت لە شێوازە هاوسەردەمەکانی خۆی لە قوتابخانەکانی تەیموری و بەغدادی و سەفەوی.

نیگاری مینیاتۆریانەی دوو دەستنووسی تر کە لە کتێبخانەی دەوڵەتیدایە لە بەرلین و کاری هونەرمەندانی کوردە جێی ئاماژە کردنێکی ترمانە، مێژووی یەکەمیان کە دەستنووسی (خوسرەو و شیرین)ە و ژمارەی: SB Marburg Berlin Petermannll١٣) N) لەخۆ گرتووە، هەرچەندە ناوی دانەری لەسەر نییە، وەکو دەستنووسی ژمارە: (١١٦٥٠ SB Merburg Ms. Or. ost Berlin) کە هەر نوسخەیەکی تری (خوسرەو و شرین)ە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٤١ کۆچی بەرامبەر ١٨٢٥- ١٨٢٦ زاینی) لەلایەن عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا ڕۆستەمەوە دروست کراون. بە گوێرەی بۆچوونی ئۆسکارمان دەبێت نووسەرەکەیان ئەلماس خان بێت. نووسەری ئەم وتارە کە خۆی لە دەرەوەی وڵات (لە بەرلین)چاوی بەم دوو دەستنووسە کەوتووە و دواتریش لەنێو وڵات لەلای مامۆستا (ص. ص) ناوێک (خۆی وەهای نووسیوە لە وتارەکەیدا) نوسخەی خوسرەو و شیرینی (خانای قوبادی) بینیوە و دەڵێت: کە زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی نووسراوەتەوە و چەندین وێنەی ڕەنگاوڕەنگی تیایە، ئەو وێنانەی لەوێ بەرچاوم کەوتن، لە ڕووی هونەری و ڕەنگ کردن و دەربڕینی هەست و نەست و جووڵەوە بە هیچ چەشنێک لەگەڵ ئەم وێنانەی لێرە (واتە لە نامەخانەی بەرلین) بڵاوکراونەتەوە- بەراورد ناکرێن).(٧)

هەر بە پێی بینینی نووسەر سێ لاپەڕەی ئەم دەستنووسەی بەرلین نیگاری تیا کراوە کە بریتین لە نەخش و نیگار و نووسین و لەسەر لاپەڕەی (١٤٢b) وێنەیەک بە مەرەکەبی ڕەش کراوە، گوایە ئەوە دەبێت وێنەی شیرین بێت، لە پەنای ئەم وێنەیەدا وێنەیەکی تریش بەدی دەکرێت کە بەناتەواوی بەجێ هێڵراوە.

گەر بێینە سەر دەستنووسی دووەمیان کە هەر لەو نامەخانەیەیە و دەستنووسی (خورشید و خاوەر)ە، ژمارە (Ms or.ost.١١٧ ١sp Marburg Berlin) هەڵگرتووە و لە ڕۆژی یەکی ئابی ١٩٠٢ لەلایەن حاجی ئاغای کرماشانییەوە دروست کراوە و لەژێر هەندێکیاندا نووسراوە (عمل حاجی ئاغا) دەربارەی ئەم حاجی ئاغایە کە ئەم کارانەی لەنێو ئەم دەستنووسەدا کردووە هیچ زانیارییەک نازانرێت. وەک بینەری دەستنووسەکە باسی دەکات و دەڵێت:

بە گوێرەی وێنەکان لەوە دەچێت هونەرمەند یەکەمجار وێنەکانی بە قەڵەمی خەڵووز دروست کردبێت، پاشان بە مەرەکەبی ڕەنگاو ڕەنگ (وەنەوشەیی، سوور، شین، سەوز) ڕەنگی کردبێت.(٨)

لە دوادوای دەستنووسەکەشدا بە فارسی ناوی خۆی و ساڵ و ڕۆژی تەواو بوون و ناوی داستانەکە و هەندێ کەسی تری نووسیوە وەک ئیمزای کارکردنەکەی. نیگارەکانی نێو ئەم دەستنووسە بەکارکردنێکی هونەری مینیاتۆری کورد هەژمار دەکرێن لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

گەر بێینە سەر کارکردنی هونەری لە میانی شێوازێکی مینیاتۆریدا لە بزافی نوێی شێوەکاریی کوردیدا وێڕای ئەو کارە هونەرییە سیرامیکیانەی مامۆستا حەمە سەعید محەمەد حەسەن.

لە نێوەندی هونەری خۆشماندا تا ئێستا کۆمەڵێ

پێشانگە بۆ ئەم هونەرە سازدراوە لە ساڵانی هەشتاکاندا دوو پێشانگەی هونەری پێشکەش کراون، یەکێکیان گەڕۆک بوو لەنێوان بەغدا و سلێمانی و هەولێر و دهۆک کە بەهاوبەشی پێنج هونەرمەند بوو، ئەوانیش مامۆستایان: (ئیسماعیل خەیات، نامیق عەلی و حەمە سەعید محەمەد حەسەن، بورهان سابیر، هیمەت کاکەیی) پێشانگەی دووەمیان لە ساڵی ١٩٩١ بە سەرپەرشتی و ئەرک و ماندووبوونی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات سازدرا نزیکەی (١٤) هونەرمەند تێیدا بەشداربوون و لە سلێمانی و هەولێر پێشکەش کرا.

ساڵی ١٩٩٢ سێیەم پێشانگە لە سلێمانی سازدرا بە بەشداری هەشت هونەرمەند: (نامیق عەلی، ئازاد سابیر، وەهبی ڕەسووڵ، سامان کەریم، جەزا بەکر، سالار مەجید، سەروەت ئەنوەر، ڕەمزی قوتبەدین) کە ئەم نووسینەش لە سەرەتا سادەکەیدا زادەی ئەو پیشانگەیەیە) لە هەولێریش هونەرمەند ئیسماعیل خەیات سەرپەرشتی پیشانگەیەکی گەورەی هاوبەشی ئەم هونەرەی کرد لە ساڵی ١٩٩٣ کە نزیکەی (٣٠) هونەرمەند تێیدا بەشداربوون. لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیش بە سەرپەرشتی نووسەر ساڵی خوێندنی ١٩٩٥-١٩٩٦ پێشانگەیەک بۆ ئەم هونەرە سازدرا بۆ قۆناغی چواری نیگارکێشان کە نزیکەی (١٥) قوتابی بەشدارییان تێدا کردبوو.

بەو ئامانجەی کاری زیاتر بۆ ئەم هونەرە بکرێ لە کورد کە بنەما و مێژووی خۆمان هەیە، لە کەلەپووری ئێمەدا لە ڕێگەی ئەو نەخش و نیگارانەی لەسەر دەسکی کەوچک و قاپ و قاچاخ و شتومەکی بەکارهێنان و چنین. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی دوورمان ئەوە بە ڕوونی لەکاری شارستانیەتەکانی سۆمەری و گۆتی و ئاشوریدا بەرچاو دەکەوێت. بە هیوای زیاتر خستنەسەری ئەم هونەرە لە نێوەندی هونەری کوردیمان.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- کەیوان ئازاد ئەنوەر، مانیزم، لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی ئاینی)، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان. سلێمانی ٢٠٠٤، ل١١٠.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل١٠١.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل١١٤-١١٥.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٢.**

**٥- تابلۆکانی شەرەفنامە، ل١٢-١٤.**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل١٥.**

**٧- پەروێزی، هونەری مینیاتۆری کوردی، وتار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢٣ ئەیلوولی١٩٨٩، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ل١٦٧-ل١٧٠.**

**٨- هەمان سەرچاوە.**

# شانۆی سیاسی له کن سارتر و کامو

**د. سامیه ئەحمەد ئەسعەد**
**لە عەرەبییەوە: فەخرەدین تاهیر**

با جارێ بەر لەوەی بچینە نێو ناوەرۆکی باسەکەوە، بزانین شانۆی سیاسی کە هەردەم شارەزایانی ئەدەبی درامیبیانە پەنایان بردۆتە بەر، چی وەک سیفەت بەکاریان هێناوە، چی لە ڕووی مێژووییەوە وەک چەشنە ناوێکی ئەدەبی درامی لەسەردەمی گریکییەکانەوە هەبووە و شانۆگەریی «فارسەکان»ی ئەسکیلۆس یەکێکە لە بەڵگەکان.

پاشان لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا هەر لەسەرەتای چاخەکانی نێوەڕاستەوە شانۆی سیاسی ڕووەو کزی ڕۆیشتووە و تەنانەت بەرەو نەمانیش دەڕۆیشت، چونکە تا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی ئەم شانۆیە مۆرکێکی ئایینیانەی وەرگرتبوو، تا لە نێوان سالآنی ١٧٨٩-١٨١٥دا بێدار بووەوە و ئەم بێدارییەش ئەوەندەی نەخایاند، چونکە دواتر شانۆ بەرەو شێوەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتکاری هەنگاوی دەنا. پاشان لەسەدەی بیستەمدا چەند شۆڕشێک بەرپا بوون. شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەناوبانگیش سەر قافڵەیان بوو.

لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدەدا، دوو جەنگی قورس هەموو جیهانی هەژاند، تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە بەشداری جەنگیش نەبوون، جەنگ کاری تێکردن و شوێن پەنجەی خۆی تاکو ئەمڕۆش لەسەر ئەدەبی شانۆدا هەر بەجێ هێشتووە، ئەمە لەڕووی سەر هەڵدانەوە. بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە، شانۆی سیاسی خاوەن ناوەرۆکێکی سیاسیانەی بێ گرێیە. بابەتێک چارەسەری کۆمەڵێ ڕووداوی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو دەکات، یانیش بابەتێک کە هیچ پێوەندییەکی بە جێگا و زەمانەوە نییە وەکو مەسەلەی «شەڕ و ئاشتی». یانیش بابەتێک کە باسی چەند ڕووداوێکی بەسەرچوو دەکات، جا چی ڕاستەقینە یان ئەفسانە بێت. نووسەر مانایەکی


سارتر

هاوچەرخـانەی دەداتێ کـە شـتـێکی دی دەگـەیەنێت. زۆربەی زۆری نووسـەرەکـانی چەرخی بیسـتـەم ئەم ڕێچکەیە دەگـرن. ئیـدی خـوێنەر خـۆی شـانۆگـەری «ئەلکترا- Electra»ی جان جیرودو» و «شەڕی ترواد» و «شانۆگەری مێش - La Mouche» و «ئافـرەتانی ترواد»ی سارتر دێنێتـەوە یاد. ئەم ناوەرۆکە سیـاسییـە دەیەوێ کار بکاتە سەر جەماوەرێک وەکو هەر کارێکی شـانۆیی دی، یان دەتوانین بڵـێین وەکـو هەر کـارێکی هونەرییـانەی دی و هەردەمـیش لە دووتۆیی خـۆیدا پەیامـێکی پێیـە و دەیەوێ سـووک و ڕەوان بە خـەڵکی بگەیەنێ. هەر بۆیەش هەندێک کەس بە شانۆی پەیامدار لە قـەڵەمی دەدەن، بەڵام ئێـمـە لێـرەدا هەندێ دەسـڵـەمـێـینەوە. شـانۆی پەیامـدار دەکـرێ شـانۆی کۆمـەڵایەتی یان ڕەوشـتکارانە بێ، لە کـاتێکدا شـانۆی سیـاسی بەرەو مەبەسـتێک هەنگاو دەنێ کە لە ڕێگای فێـرخوازییەوە (تعلیم) دەیگاتێ، شـانۆی سیـاسی نوێ شـانۆیەکـە لە پلەی یەکـەمـدا فـێـرخـوازانەیە. شـانۆی «برێشت»یش چاکـتـرین بەڵگەیە، بەڵام نووسـەرەکـەی دەبێ چەشنە بلیـمـەتیـیـەکی تایبـەتی هەبێت، چونکە بینەران و جۆری بینەران توخمێکی گرنگن لەم بوارەدا.

گریکییەکان شانۆی سیاسییان هەبوو، چونکە زۆربەی هەرە زۆری بینەران ڕەشوڕووتی میـللەت بوون. بینەرانی ئەو شانۆگەرییە سیاسییانەش کە پاش شۆڕشی فەرەنسی پێشکەش کران لە پلەی یەکـەمـدا خـەڵـکێکی مـیللی بوون.

شـانۆی «برێشت» لە ڕووی ژمـارە و ناسنامـەی کۆمەڵایەتییەوە ڕووی دەم لە جەماوەرێکی کەم ناکات، هەروەک چەند کلاسیزمێکی چەرخی حەڤدەیەم دەیانکرد. بەم شێوەیە دەتوانین شانۆی سیاسی ئەوها بناسێنین، شانۆیەکە ناوەرۆکێکی سیـاسیانەی هەیە و مـەبەسـتی فێـرکردنی جەمـاوەرێکی مـیللی، یان جەمـاوەرێک کـە مۆرکێکی سیـاسیـانەی دیاری کراوی هەیە. با هەندێک بگەڕێینەوە دواوە و بۆ نموونە بزانین شـانۆی سیـاسی لە جەرمـەنسـتـاندا بە پێشڕەوایەتی «ئیـرڤان پیسکارتۆر» خـاوەن بەناوبانگـتـرین کـتـێب، لەم بارەیەوە «شـانۆی سیاسی» چۆن پەیدا بوو و گەشەی کرد.

پێش هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەمی جیـهان کـاتێک نووسەرانی «ئیکسپرونیزم - تعبیری» شانۆی میـللییان دامـەزراند، بەمـە ڕێگایان بۆ پەیدابوونی شـانۆیەکی سیــاسی خـۆشکرد. جـا هەروەک «ڕێنیـە لۆریە» لە کتێبەکەیدا «شانۆی ئەڵمانی ئەمڕۆ» دەڵێت :«ئەوەپاش شـانۆی گـریکی یەکـەمین ئەزمـوون بوو خـەڵکی بەرەو شانۆیەک ڕاکێشا کە بۆ خەڵکی بۆرژوای ئۆرستۆکراتی تەرخان کرابوو».

سەرەتا هەزاران کەس لە شانۆی میللیدا بوو بە ئەندام، پاش زاڵ بوون بەسەر هەندێ کۆسپدا، ژمارەی ئەندامـان تەنیـا لە«بەرلین»دا گـەیشـتە هەشتـا هەزار. هەروەها بە هەرزان کردنی «بلیت»یش هەژارترین چین دەیتوانی شانۆ ببینێ و تیپەکەش زۆر گیروگرفتی دارایی خۆی چارەسەر بکات.

شـانۆ هیچ ڕێگەیەکی دی لەبەر دەمـدا نەمـابوو جگە لەوەی کـە لەگـەڵ بینەرەکـەیدا تێکەڵ بێت و ئەو شـانۆگـەرییـانە پێشکەش بکات کـە لەگـەڵ مـۆرکـە سیاسییـەکەیدا بگونجێت. ئەو مۆرکـەی کە پاش ساڵی ١٩١٩ زیاتر بەرەو سۆسیال دیموکرات دەڕۆیشت.

جەماوەری شانۆ لە سەرەتادا بریتی بوو لە کرێکاران، بەڵام ئەوەندەی نەبرد خەڵکی تریش، وەکو فـەرمانبـەر و کـرێکار و بازرگـان... تاد، ڕووی تێکرد. واتە لە جەماوەرێکی پرۆلیـتارەوە بوو بە جەماوەرێکی میـللی. ئیدی شانۆی سیاسی نەیتوانی ئەو ئامانجە بەدی بهێنێ، کە دامـەزرێنەرانی بۆیان دەسـتنیـشـان کـردبوو. سـاڵی ١٩١٩ پیسکارتۆر شانۆی پرۆلیتاریای دامەزراند. واتە شـانۆیەکی سـیـاسی ڕووت کـە بتـوانێ پروپاگـەندە و دەرهێنان پێکەوە بگونجێنی و مەبەستیشی پێشاندانی هەندێ ڕووداوی کـۆمـەڵایەتی و مـێـژوویی بێت، پێشـاندانێکی زەق و دروست بێ و ڕۆڵی سـەرەکیش بە کـۆمـەڵ بدات، نەک بەتاک بدرێت، بەڵام ئەم پرۆژەیەی پیـسـکـارتۆر لە نیـوەی ڕێگادا چەقی بەست و پیسکارتۆریش ئەوەندەی بۆ مـایەوە پەنا بەرێتـە بەر شانۆی میللی و پاش سێ ساڵ لەم تیپەش دادەبڕێ و لە نۆڤـێـمـبـەری ١٩٢٧دا شـانۆ بەناوبانگەکـەی خـۆی دادەمەزرێنێ، ئیدی پێویستیی وای ناچارکرد پەنا بەرێتە



کامو

بەر داواکردنی ئەو شانۆگەریانە، یان ئەو دیکۆمێنتانەی کە کارەساتی تاکی دەتواندەوە نێو ئەو چەرخەی کە تێیدا دەژی، ئەمەش وەک پەیڕەوی کردنی بنچینەیەکی سەرەکییە لە بنچینەکانی داهێنانی شانۆیی لە شانۆی سیاسی نوێدا. دەبینین پێشڕەوانی شانۆی سیاسی لە ئەڵمانیادا هەمیشە خزمەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەیان کردووە. هەردەم هەوڵیان داوە بەرهەمی وا پێشکێش بە چینی کرێکاران بکەن، کە ڕێگای ڕزگاربوونی مەعنەوییان بۆ خۆش بکات. وەک چۆن کاری سیاسی ڕێگای ڕزگار بوونی کۆمەڵایەتی بۆ خۆش کردن، بۆیە وایان لە پاڵەوانی شانۆگەرییەکانیان کرد، کە قەوارەی سیاسی و ئابوورییان فراوانتر بێت.

شانۆ بەم پێیە بوو بە گۆڤارێکی زماندار و ئەو چەرخەی شیتەڵ دەکردەوە کە تێیدا دەژین، بەڵام ئەمە ڕیالیزمێکی سیاسییانەی ڕووت و قووتە.

پیسکاتۆر لەم بارەیەوە دەڵێ: «ڕابردوو، ڕابردووە، ئێمە ئێستا لەم کاتەدا دەژین»، هەر بۆیە سیاسەت بازی داوەتە پلەی یەکەم و هەموو شتێکیش دوای ئەو کەوتووە».

بەڵام تەنیا قسەکردن دەربارەی واقیع بەس نییە. ئێمە دەبێ واقیع بگۆڕین. ئەرکی سەرشانی شانۆی شۆڕشگێڕ ئەوەیە واقیع بکاتە بواری دەست پێکردن و هەموو دژاودژییەکی ناو کۆمەڵ بکاتە کەرەسەی تاوانبارکردن و شۆڕش.

ئەگەر بچینە سەر فەرەنسا دەبینین شانۆی سیاسی هاوچەرخ لە دوو کەڵە نووسەردا بەدی دەکرێ. یەکەمین دەژی و ئەویدیان بەکارەساتێکی بەناوبانگی ئۆتۆمۆبیل مرد. سارتر و کامو لە ساڵی ١٩٤٥دا هەردوو دروشمی شۆڕش و بگرە هەردوو ئەستێرەی شۆڕش بوون، هەموو تیشکێکی ڕووناکبیریەتی ئاراستەی ئەوان دەکرا زۆربەی زۆری خوێنەران سارتریان وەک فەیلەسووفی ئێکسیستینسیالیزم (وجودی) و «کامو»یش وەکو فەیلەسووفی ئەپسیورد (لامعقول) دەناسی، بەڵام لەگەڵ جیاوازی هێڵی هەردووکیاندا لەوەدا یەک دەگرنەوە کە نایانەوێ لە قۆناغێکی نێگەتیڤانەی ئەوتۆدا بوەستن، کە ڕەنگە وەکو لۆجیک بەرەو خۆ کوشتن یا ئاژاوەیان بەرێ. هەردوو هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕێگایەکی ئەوتۆ بدۆزنەوە کە بەرەو ڕەوشتکارییەکی تایبەتی، یان سیاسەتێکی تایبەتیان ببات. بابەتە سەرەکییەکانی کامو هەمان بابەتی سەرەکی سارترە، بەڵام زمانێکی نوێی پێبەخشیوە. جیهانی کامو لە بنچینەوە لە جیهانی سارتر دەچێ، بەڵام کامو گیانێکی جیاوازی بەخشییە جیهانەکەی. ڕاستتر وایە بڵێین سارتر و کامو هەردوو لە میزاجدا جیاوازن جا میزاج نەک ڕێچکەی نووسەر ڕەنگین دەکات، بگرە تەنانەت ئەو مانایەش دەستنیشان دەکات کە بەلای بیری نووسەرەوە مەبەستە. سارتر یەکسەر بازی نەداوەتە سەر شانۆی سیاسی، بگرە کێشە و هەلومەرجی وا دروست بوو هانی بدەن ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر. لە سەرەتاوە ئەندرێ جید و ئەندرێ مالرۆی زۆر بەلاوە پەسەندبوو و هەردووکیان فێری ڕەخنەی توانجدار و خۆشەویستی و سەربەستی و هونەریان کرد و پاشان لە «ئیلتزامی سیاسیان» دوور خستەوە. لە ١٩٣٩ کرا بە سەرباز و لە ١٩٤٠ بەدیل گیرا و پاش ساڵێک ئازاد کرا. لە ١٩٤٥ گۆڤارە بەناوبانگەکەی «چاخە نوێیەکان - Le temps Moderne»ی دامەزراند و دەیویست لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە کەرەسەی دەربڕین بەو قوتابخانە نوێیە ببەخشێ و هێزە شۆڕشگێڕەکان کۆبکاتەوە و ڕێگای گۆڕانی کۆمەڵی بۆرژوا لە ڕەگەوە خۆش بکات. لە گەرمەی جەنگدا ناوی سارتر برەوی پەیدا کرد و ناوبانگی لە سەردەمی داگیرکردنیشدا گەیشتە هەموو شوێنێک، پاش ئەوەی وڵاتەکەشی ڕزگاری بەدەستهێنا، بوو بەناسراوترین نووسەری فەرەنسا و ئەستێرەیەکی جیهانیش. کاتێک کە ئێکسیستینسیالیزم (وجودیەت) لە هەموو جیهانی پێشکەوتوودا بڵاوبووەوە و سارتر ڕووی کردە ئەدەبی سیاسی و تەنیا وتار و شانۆگەری دەنووسی. هەر لە ساڵی ١٩٤٩ەوە ئیدی وتار و شانۆگەری لای سارتر هەردووکی یەک ئایدیۆلۆژیایان هەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆمانەکانی ڕوانگەیەکی دیبیان هەیە. سارتر گوێی بەوە نەدەدا کە مرۆڤ چۆن سەیری جیهان دەکات، بگرە بایەخی بەم پرەنسیپانە دەدا کە ژیانی کۆمەڵ ڕاست دەکاتەوە.

به کورتی هەر لەوکاتەوە سارتر ئەدەبێکی دەویست مولتەزیم بێت بە ڕێچکەیەکی سیاسییانە و مێژووییانەی دیاریکراوەوە. دەشتوانین بڵێین کە سەردەمی وجودییانە لە ژیانی سارتردا تەواو بوو، ئیدی سەردەمی مارکسیزم دەستی پێکرد. باشە بۆ دەڵێین سەردەمی مارکسیزم ؟

چونکە ڕەخنە گرتن لە بۆرژوا وای لە سارتر کرد کۆمەک بە کۆمەنیستەکان بکات، ئەم کۆمەکە لە سەرەتادا وریایانە بوو، چونکە ڕەخنەگرەکان هەڵوێستی سارتریان لەمەڕ مارکسیزم دەزانی. ئەو هەڵوێستەی کە هەر لە دیالکتیکی مارکسیزم دەچێت و «گاستان بیکون» بەکورتی و بەچەند وشەیەکی قووڵ باسی دەکات و دەڵێت: «بێگومان سارتر لەگەڵ خۆیدا وا سەیری جیهان دەکات وەک چۆن لە کاتی نووسینی « ئێلینج – La nausee»دا سەیری دەکرد و مارکسیزم حەقیقەتی ئەو نییە، بگرە تەنیا ئەرکی سەر شانیەتی، مارکسیزم ئەوە نییە ئەو بڕوای پێ بێت، بگرە ئەوەیە کە ئەو دەیەوێت بڕوای پێ بێنێت» .

ئەم هەڵچوون و داچوونە بەڵگەی بوونی دژاودژیەکە لە نێوان سروشتی «سارتر»کە دەخوازێ سەربەخۆ بێت، لە نێوان جیهانە ڕووناکەکەیدا. ئەوەشی لا ئاشکرایە کە تاکایەتی قەت تاکی پێ ڕزگار ناکرێت. شانۆی سیاسی سارتر بانگەوازی سەربەستییە و هەڕەشەکردن و تاوانبارکردنی هەموو شتێکە کە ڕێ لەم سەربەستییە بگرێت. جا بەر لە هەموو شتێک بزانین سەربەستی و کرداری ئازاد بەلای سارترەوە چییە ؟

کرداری ئازاد ئەو کردارەیە کە خزمەتی ئازادیی دەکات، جا ئەگەر خاوەنی ئەم کردارە پیاوکوژ یان خوێنڕێژ بێت، ئەوا ئەو کردارە بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت، چونکە دەستدرێژی دەکاتە سەر ئازادی خەڵکی دی، بەڵام سارتر کرداری شۆڕشگێڕانەی توندوتیژی بەلاوە کارێکی ئەخلاقیانەی دروستە تەنیا لەبەر ئەوەی کۆت و پێوەند لەناو دەبات.

تەنانەت ئەگەر وەک ئەو تاوانە نالەبارە بێت کە «تۆریست» لە «مێش»دا دەیکات، بەڵام کاری کوشتن و بڕین. «کە شێوەی کۆنسەرڤەتیڤانەی فاشیستانە وەردەگرێت» وەک ئەشکەنجەدان و کوشتنی خۆڕایی خەڵکی دی ئەمانە خزمەت بە دیکتاتۆر دەگەیەنن و بە تاوانێکی چەپەڵ دادەنرێت.

ئازادی لەش و ئازادی گیان لەیەکتری جیاناکرێتەوە. ئەشکەنجەدان دەستدرێژی کردنی سەرلەشە و ئەتک کردنیەتی. ئەشکەنجەدان لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا ڕێگا و بواری بۆ سارتر دروست کرد کە لە شانۆگەری «مردووە بێ گۆڕەکان – Mores sans tombe»دا کارتێکردنی ئەشکەنجەدان شی بکاتەوە. سارتر ئەو شانۆگەرییەی بە ماوەیەکی کەم پێش ڕزگاربوونی فەرەنسا نووسی و باسی ئەوەی تێدا دەکات کە چۆن مرۆڤ دەبێتە جەللادی برای خۆی و چۆن دەگەڕێتەوە سەر سەردەمی بەربەریەتی. ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشەرە ئەو ڕێچکەیەیە کە سارتر شوێنەواری ئەشکەنجەی پێ شی دەکاتەوە، چی لای جەللادەکان و چی لای قوربانییەکان.

مرۆڤی جەللاد ناکرێ ئەم کارە نائاسایانەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەگەر نەگەڕێتەوە دواوە بۆ سەردەمی ژیانی ئاژەڵیەتی، یانیش بەرەو ڕووخان نەڕوات.

هەروەها زەلیلی و سووک کردنی ئەشکەنجە دراوەکە شەخسیەت و بگرە بوونیشی لە بنەڕەتەوە دەسڕێتەوە. لویس کە بەم ئەزموونەدا تێپەڕیوە، دەڵێت :«ئێستا من کەسێکی ترم و خۆم ناناسمەوە. ئەوەتا ئێستا هەست بە بۆشاییەکی گەورە لە نێوان خۆی و خۆشەویستەکەیدا دەکات.» ئیدی سەر بەو جیهانە نییە کە پێشتر تێدا دەژیا. جەللادەکان لەناو دۆزەخیان نا و لەوێش هەستی دەکرد ئەوەندەی لەوانەوە نزیکە ئەوەندە لە هەڤاڵەکانییەوە نزیک نییە، ئێستا ئەو یەک تاکە مەسەلەی بەلاوەگرنگە، چۆن بتوانێ لە ڕێی بێدەنگیی و ئازایەتی و بێگەردی گیانییەوە خۆی لەو سووکایەتییە ڕزگار بکات کە تووشی بووە.

«جان»ی دەسگیرانی ویستی دەستی خۆی لە ژێر لەگەنێکی ئاسندا بشکێنی بۆ ئەوەی بگاتە دەسگیرانەکەی، بەڵام ئەم هەوڵەی بێهوودە بوو. «لویس» ئەم مەسەلەیەی زۆر بێبەزەییانە ڕوون کردەوە «بێهوودەیە هەوڵ مەدە دەتوانی هەموو ئێسکت بشکێنی، دەتوانی چاوەکانت هەڵکۆڵی، چۆن تۆ بڕیارت داوە ئازار بچێژی، بەڵام ئازاری ئێمە دەستدرێژی کردنە سەر لەشە (اغتصاب)، چونکە خەڵکی دی ئەمەیان بەسەردا سەپاندووین، تۆ هەرگیز بە ئێمە ناگەیت» . سارتر هەمیشە ڕقی زۆری خۆی بەرامبەر بەوانەی کە حوکمڕانی دەکەن دووپات دەکردەوە. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە حوکمڕانە پارێزەرێکیش بێت، هەر بە دوژمن لە قەڵەم دەدرێت، ئەوەتا لە «ئەهریمەن و خواوەند – Le Bien et le Male»دا لەسەر زاری «ناستی» دەڵێت :«تۆ شت نارمێنی کاتێک کە ئاژاوە بەرپا دەکەیت، چونکە ئاژاوە چاکترین شتە کە خزمەتی ئەو ڕژێمەی پێ بکەی کە هەیە. هەموو ڕووخاندنێکی ئەنارگیستانە دارایی دەوڵەمەندان و هێزی هێزدارەکان پتر دەکات» .

لە «مێش» و «ئیجستی شا و جوبیتری خواوەند» خۆشەویستیان بۆ یاسا دووپات دەکەنەوە. شا و

خواوەندیش دەزانن کە حوکمڕانییەکەیان بەرەو نەمان دەڕوات، چونکە لەسەر بناغەی هێز نەک یاسا بنیات نراوە. شا باوەڕی بەوە نییە کە بناغەی هێزی حوکمڕانی لەبەر بنچینەی پێداویستی کۆمەڵایەتی بنیات بنرێت، بگرە مافی خواوەندیش دەکاتە بناغەکەی. میللەتیش دەخەڵەتێنێ بۆ ئەوەی دەست و پێی کۆت بکات.

لەو دیالۆگانەی نێوان شا و خواوەندا، خواوەند بە شا دەڵێت : «نهێنی خواوەند و شایە مەزنەکان ئەوەیە کە مرۆڤ سەربەستە، ئیجیست تۆ ئەمە دەزانی، بەڵام ئەوان نایزانن». بۆیە ئەو مەترسییە ڕایان دەگرێت و هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. چوار دەوری خۆیان بە یاساوڵ و پیاوی ئایینی دەتەنن و هەموو ئەو کەسانەی لە ناو جەماوەردا باسی ئازادی دەکەن، دەخەنە ژێر چاودێری، بۆیە «جوبیتر» هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی لە ترس و شڵەژاندا بژین. ئەو مێشانەی کە لە ئاسمانی ئەرگۆردا بڵاو دەبنەوە نیشانەی ئەو ترسەن. لەم لاشەوە شا سوود لە خواپەرستی و ئایینپەروەری خەڵک و هەست کردنیان بەو تاوانانەی کە پێشتر کردوویانە وەردەگرێ، هەر بۆیەش یادکردنەوەی ساڵانە بۆ مردووان ساز دەکات بۆ ئەوەی ڕۆحی بێوەژنە داوێن پیسەکان و خزم و کەسوکارە لەبیرکراوەکان پاقژ بکاتەوە. نەک تەنیا وەک میتۆدێکی ستەم و سەرکوت کردن بەکار دەهێنرێ، بگرە دەستی ئەو کەسەش خوێناوی دەکات کە حوکمڕانی دەکات، ئەگەرچی مەبەستیشی بێگەرد و خاوێن بێت.

نەک لەبەر ئەوەی حوکمڕانی شێتایەتی لە دەروونداا دەڕوێنی، بگرە میتۆدێکە خەڵکی لەیەکدی دەکات. ئەو کەسەش کە حوکمڕانە و مەبەستی خێر و خۆشی خەڵکە، هەر ناچارە ڕقی لەوانی تر بێتەوە و جەزرەبەیان بدات.

هیلدا بە ناستی سەرکردە دەڵێت: «هەژار.. چی.. تۆ ئیدی دەمێکە هەژار نیت... تۆ ئێستا سەرکردەی». کاتێکیش کە جۆرج دەگەڕێتەوە و دەکرێتە سەرکردەیەکی میللی، دان بەوەدا دەنێت کە ئیدی لە چارەیدا نووسراوە ببێ بە جەللاد و خوێنڕێژ و زۆر بێ بەزەییانە و زەبربەدەستانە مامەڵەی ئەوانە بکا، کە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان و مەسەلەکەیاندا کاردەکەن. لە «ئەهریمەن و خواوەند»دا دەبینین ناستی میللەتی خۆشدەوێ و لەو بڕوایەدایە کە غەریزەیەکی ڕاستی هەیە وای لێ دەکات هەست بەو هێزانە بکات کە پێشکەوتن بەدی دێنێت و داوای یەکبوونی سەرکردە و میللەت دەکات، ئەگەر چی دڵی ئەم سەرکردەیە پڕ بێت لە خواست و هیوا، یانیش ئاگری بوغز و کینە، بەڵام وای لێ دێت جەنگێ هەڵگیرسێنێ کە خۆی حەزی لێ ناکات، تەنیا میللەت داوای لێ دەکات. ئیدی پاش ئەمە «ناستی» سەرکردە خۆشەویستیی گەلی لە دڵدا نامێنێت. ناچار بوو پیلانێ بگێڕێ، ئەوانی تر فریو بدات و هەڵیانخەڵەتێنی و درۆیان بۆ بکات. هیچ گاڵتەجاڕییەکی لەمە سەمەرەترت دیوە؟

«منێ کە ڕقم لە درۆ دەبووەوە، ئێستا درۆ دەکەم، بۆ ئەوەی دەماری ئازایەتی لە لەشی هاوڕێیانمدا جۆش دەم، بۆ ئەوەی خۆیان فڕێدەنە ناو جەنگێکەوە کە ڕقم لێیەتی». بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی میتۆد و ئامانج داوە و لە شانۆگەری «دەستە چەپەڵەکان»دا کردوویەتی بە بابەتی سەرەکی شانۆگەرییەکە.

سارتر ئەم شانۆگەرییەی لە ساڵی ١٩٤٨دا پاش تاقی کردنەوەیەکی سیاسییانە کە بیرکردنەوەی فەلسەفی نووسەر زیاتر قووڵی پێبەخشی، نووسی سارتر لە دوو ڕوانگەی دژ بەیەک بابەتەکەی چارەسەر کرد. ڕیالیزمی سیاسیانە و ئیدیالیزمی سیاسیانە. بابەتی شانۆگەرییەکە، وڵاتێک لەگەڵ ڕووسیادا دەکەوێتە جەنگەوە و سەرۆکی وڵاتەکە هودریر دەیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ میریدا بکات، بەڵام بەلای پارتەکەیەوە هێشتا کاتی گفتوگۆ نەهاتووە، لەبەرئەوەی ئەرکی کوشتنی بە هیگۆی لاوی ڕووناکبیری بۆرژوای لە چینی خۆ یاخی بوو دەسپێرن، لە پاداشتی ئەو سیاسەتە ناهەموارەی کە دەیگرێتەبەر، هیگۆ گیرۆدەی جێبەجێ کردنی پیلانەکەی هودریر دەبێت لەجیاتی ئەوەی بیکوژێ، هەوڵ دەدات هودریر دەست لەم گفتوگۆ کردنە لەگەڵ میری هەڵگرێت، چونکە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای توندوتیژی پارتەکەیدا ناگونجێ. ئا لێرەوە کێشەیەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست دەبێت، کە نیشانەی دژاودژییەکە لە نێوان بێگەردی و چالاکی سیاسیانە لەلایەکەوە و ئیدیالیزمی ڕووناکبیرانە و ئیلتزامی ڕیالستانە لەلایەکی دیکەوە.

هیگۆی لاوی ڕووناکبیر خێزانەکەی خۆی بەجێدێڵێ، بۆ ئەوەی خۆی لە گۆشەگیری بۆرژوایانە ڕزگار بکات، بەڵام پارتەکەی نەیتوانی جێگای ئەم بۆشاییەی بۆ پڕبکاتەوە. پارتەکەی نەیتوانی کێشەکانی ئەم لاوە چارەسەر بکات، کە وەک ڕەخنەگرێک دەڵێت: «هاملێت»مان بیر دەخاتەوە، هیگۆ ناشیەوێت دەستەکانی خۆی پیس بکات، چونکە بەرگری لە مەسەلەیەک و بیروباوەڕێک دەکات کە لەپێناویدا هیچ سازشکاری و لە ڕێ لادانێک قەبووڵ ناکات. جا بۆ ئەوەی بێگەردی هزری ئیدیالیستانەی خۆی بەرامبەر بە دادپەروەری و حەقیقەت نەدۆڕێنێ، ئامادەیە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێ و ئەگەر پێویستیش بکات هەزاران کەسیشی بۆ بکاتە قۆچی قوربانی، چونکە بەلای ئەمەوە

فیکر له مرۆڤ گرنگتره، بەڵام هودریر گوێ بەم کێشە ئاڵۆزانەی دەروون نادات، ئەو هیچی لە پێناوی پارتەکەیدا نەدۆڕاندووە، بگرە هەموو شتێکی لە ڕێگای بیرکردنەوەوە شان بە شانی کار بە دەست هێناوە. هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو شتەی بیری لێدەکاتەوە و ئەو شتەی دەیکات نییە.

پیاوێکی پراکتیکانەیە، سیاسەتێکی کاریگەر دەگرێتەبەر و لە هەڵبژاردنی میتۆدەکاندا زۆر دانامێنێ، چونکە دەزانێ چی دەکا و چی دەوێت. هودرێر لە پێناوی سەرکەوتنی پارتەکەیدا کاردەکات و سەبارەت بە بێگەردیی لە سیاسەتدا بڕوای بە بیری ئایدیالیستانە نییە. بە کورتی هودریر بایەخ بە مرۆڤ دەدات وەک بوونێکی ماتریالیستانە زیاد لەوەی بایەخ بەبیری ئایدیالیستانە بدات، بەڵام لەو دیوی هەموو ئەو شتانەشەوە، خۆشەویستییەکی بێ پایانی بۆ مرۆڤ هەیە. گەر پەنا دەباتە بەر درۆ و ساختەچییەتی تەنیا بۆ ئەوەیە پارتەکەی لە کار نەکەوێت و خوێنی ئەوانەی نێوانیان ناکۆکە نەڕژێت.

هەربۆیەش ئەو هۆیانە بۆ هیگۆ باس دەکات کە پاڵی پێوەنا وەک رووکەش و تاکتیک خیانەت لە مەسەلەی پرۆلیتاریا بکات. دەڵێت: «سیاسەت زیرەکیی دەوێت، دەبێت سازشکاری و چارەسەری مامناوەندیش قەبووڵ بکەیت. واتە مەبەست ئەوەیە پاکانە بۆ ئەو میتۆدە بکات کە بەکاری دێنێت، یا بابڵێین تیۆری پیاوی سیاسی دەبێت ملکەچی باری هەلومەرجەکە بێت. پیاوێک ئەگەر وا بیر بکاتەوە کە دەستی لە دەسەڵاتداریەتی گیر بوو ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ناچاربێت تا بینەقاقای لە قوڕدا بچەقێت».

بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا پارتەکە هەمان سیاسەتی سازشکاری دەگرێتەبەر کە هودریریان لەسەر کوشت.

«کامو»ش هەروەکو سارتر ڕۆڵێکی گرنگی لە بزووتنەوەی بەرگریدا بینی، پاش ڕزگاربوونی وڵاتەکەشی ماوەی چەند مانگێک هەر وتاری ژمارەی گۆڤاری «کمبا»ی دەنووسی پێش ئەوەی هەردوو شانۆگەرییە سیاسییەکەی «ئابلۆقەدان و دادپەروەری» بنووسێ، ڕووداوە سیاسییەکان لە نووسینەکاندا بەدی دەکرا. «تاعون» ڕۆمانێکی کورتە و هێمای چارەنووسی نەمری مرۆڤە، هەروەها هێمای ڕووداوێکە کە لەو دواییەدا ڕوویانداوە. «تاعون - La peste» لە شاری«وەهران»ی جەزائیردا بڵاوبووەوە. دەرگاکانی شار کڵۆم دران، دەرگا لەسەر کارەساتی دوورخستنەوە و

لەیەک دابڕان و برایەتی و هیوا داخرا. بەشێکی زۆری میللەتەکە دەخرێنە ناو فڕنەوە و دەبنە دووکەڵ و بەشێکی تریش بە کوت و پێوەندی ترس و بێ دەسەڵاتییەوە چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکەن. دەبێ مەبەست لە هەموو ئەمانە فەرەنسا و گەلەکەی نەبێ کە لە ژێر ستەمی جەنگ و داگیرکردندا دەیناڵاند؟

خۆ ئەگەر سەیرێکی ڕۆمانی (بێگانە) بکەین، دەبینین ئەویش لایەنێکی چیرۆکی بەرگری کردن باس دەکات کە نووسەر تێیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە لەم جیهاندا هەندێ پرەنسیب هەن ناکرێ پشتگوێ بخرێن. لە حاڵەتی ئابلۆقەداندا «کامو» دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەی تاعونەکەی باسی کرد، بەڵام بە مەبەستێکی ترەوە، چونکە تاعون لێرەدا تەنیا فۆرمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی وەرگرتووە.

تاعون بە هەموو زیان بەخشی و کوێرەوەرییەکییەوە لە شاری «کادیس»دا بڵاوبووەوە. تاعون لێرەدا هەروەکو لای «سارتر»یش نیشانەی یاسایە، تاعون ڕەمزی ستەمە بە هەموو شێوەیەکییەوە، ئەو دەلالەتەیە کە دەستی ناوەتە بینی مرۆڤەوە و بیرۆکراتییە و بەسەر مرۆڤدا زاڵ بووە و هاڕیوبەتی و زەلیلی کردووە و ژیانی ڕۆژانەی لێ زەوت کردووە و هۆشمەندی لێ داگیر کردووە، ئەو دەلالەتەیە مرۆڤی بەلاوە گومان لێکراوە و لە کاتی پێویستیشدا لەناوی دەبات. ئەی کەواتە چارە؟

ئەگەر کەسێ بیەوێ لە تاعون ڕزگاری بێت، دەبێت ئەوەی پێویستە بیکات، تەنیا ئەوەندەی بەسە توانای ئەوەی هەبێت وەک مرۆڤێکی سەربەست بوونی خۆی بسەلمێنێ، بۆ ئەوەی شارەکە ڕزگار بێت، دەبێ خەڵکی شارەکە لەو کەسانە یاخی بن کە یاسایان کردۆتە داردەستی خۆیان بۆ ئەوەی خەڵکی لە ژێر باری بێدەنگی و کۆیلەتی دابن، لێرەدا باری «ئابلۆقەدان»و «مێش»بەیەکدی دەگەن.

هیگۆ دان بەوە دادەنێت کە تاعون بۆڕی پێدا و سەرلەنوێ ئازادی و خۆشەویستی دنیا بۆ شار بە دەست دێنی. هەروەک چۆن «ئۆڕیست» ئەو ڕاستییەی بۆ خەڵکی «ئەرگۆز» سەلماند کە دەمێک بوو شاراوەبوو، ڕاستی ئەوەی کە هێزی خوا و پادشا بەوەوە بەندە و خەڵکی لێیان دەترسن و مێش لە شارەکە وەدەردەنێن. جا لێرەدا دانپێدانانی «جۆبیتر»مان لە «مێش»دا دێتەوە یاد «کاتێ کە ئازادی لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، خواوەند لەبەردەمیدا هەرەس دێنێ».

دینکۆ شاری کادیسی ڕزگار کرد، چونکە سەری بۆ تاعون شۆڕ نەکرد. کابرای یونیفۆرم لەبەر نیشانەی تاعونەکەیە و سکرتێرەکەشی نیشانەی مردن. مردن

دەڵێت: «کاتێ بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، دەگەمە ئەوەی مرۆڤ ئەوەندەی بەسە بتوانێ بەسەر ترسدا زاڵ بێت و لێی یاخی بێت». «ئیدی خواوەندەکان خۆیان بۆگەن دەکەن» دیبکۆش هاوار دەکات: «ئەی شۆڕشە پیرۆزەکە، ئەی ڕەمزی زیندوو.. ئەی شەرەفی میللەت، هێزی هاوارکردنی خۆت بەم دەمامک پۆشانە ببەخشە».

شاری «کادیس»یش کە «کامو» لەم شانۆگەرییەدا باسی دەکات، شارەکی خەیاڵییە، نە لە ئیسپانیا و نە لە هیچ شوێنێکی تری ئەم جیهانەدا شاری وا نییە، دانیشتوانیشی لەبری مرۆڤ بیروباوەڕی جیاجیان. نووسەر لە پێشەکی شانۆگەرییەکەدا ئەوە دەردەبڕێ کە گوایە ویستوویەتی بە خەیاڵ ئەفسانەیەک بهۆنێتەوە کە هەموو خەڵک تێی بگەن. واتە «کادیس» تەنیا ڕێ خۆشکەرێکە لە نێوان «کامو» و بینەراندا، بەڵام دەبێ مەبەستی «کامو» لە شانۆگەری باری «ئابلۆقەدان - L Etat de siege»چ بێت ؟

ئەو دەوڵەتەیە کە دەستی ناوەتە بینی مرۆڤەوە و فاشیزم و کۆمۆنیست دەیەوێ ڕەخنە بگرێت، بەڵام ڕەخنە لەو شتانە بگرێت کە لە هەردوو لادا هەن. یانیش هەموو ئەو شتانەی کە بیرێکی زۆردارانە هاوبەشیی تێدا دەکەن. تەنانەت بینەر هەندێ جار وای بۆ دەچێ ئەفسانەی تاعون تەنیا ڕەمزی دەوڵەت بێ و هیچی ترنا.

«سارتر» لە «مێش»دا داوای شۆڕش هەڵگیرساندن دەکات، وەک چۆن «کامو»ش لەباری «ئابلۆقەدان»دا هەمان بانگەواز دەکات، بەڵام جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەردوو شۆڕشەکەدا هەیە. پاڵەوانەکانی «سارتر» لە پێناوی ئازادیدا شۆڕش دەکەن. لە کاتێکدا پاڵەوانەکانی «کامو» لە پێناوی بەختەوەریدا شۆڕش دەکەن.

ڕووداوەکانی شانۆگەری «دادپەروەران» لە نێوان هەندێ تیرۆریستی ڕووسیدا ڕوودەدات، هەندێکیان بڕیاری ئەوە دەدەن نارنجۆکێک فڕێدەنە نێو گالیسکەی دۆقی شارەکەوە بەو سیفەتەی ئەو لێپرسراوە بەرامبەر بە ستەم. دەست وەشاندنی یەکەم بە نە «کالیائیف» ڕادەسپێرن، بەڵام «کالیائیف» لەم کارەی پەشیمان دەبێتەوە، چونکە لە کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکەدا دوو منداڵ بە تەنیشت دۆقەکەوە دادەنیشن، کاتێک کە «کالیائیف» ئەو دوو منداڵە دەبینێ پەشیمان دەبێتەوە کارەکە جێبەجێ بکا. بەم شێوەیە جاری یەکەم سەرناکەون، بەڵام جاری دووەم سەردەکەون و «کالیائیف» لە زیندان توند دەکەن. دوو جاران لەسەر یەک بڕیاری لێبووردن بۆ «کالیائیف» دەردەچێ، بەڵام ئەو دوو بڕیارە ڕەت دەکاتەوە و نایەوێ لە زیندان دەرچێ. جاری یەکەمیان لەبەر ئەوەی نایەوێ هاوڕێیەکانی ڕزگاریان بێت، جاری دووەم نایەوێت لێبووردنەکە قەبووڵ بکات، چونکە بەناوی کریستۆیەوەیە، ئەمیش بڕوای بەکریستۆش نییە و دەیەوێ سزای خۆی بچێژی. لە نێوان ئەم بابەتە و بابەتی شانۆگەرییەکەی «سارتر» لە «دەستە چەپەڵەکان»دا لێکچوونێکی ئاشکرا بەدی دەکرێ.

تەنانەت هەندێ جار وا بەلای خوێنەر دەکەوێتەوە کە «کامو» ویستوویەتی هەمان بابەتی «سارتر» لە «دەستە چەپەڵەکان»دا چارەسەر بکاتەوە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی تایبەتی خۆیەوە. هەردوو شانۆگەرییەکە هەر یەک چوارچێوەیان هەیە. پارتێکی شۆڕشگێرانە و نموونەی مرۆڤەکان و باری ژیان و پێوەندی نێوانیشیان هەر یەکێکن. «کالیائیف»یش هەروەک «هیگۆ» ڕووناکبیرێکی ئۆرستۆکراتییە و هاتۆتە نێو شۆڕشەوە، چونکە یەکسانی خۆش دەوێ و پرەنسیبەکانی چینەکەی خۆی ڕەتدەکاتەوە. «ئینتگوف»یش هەروەک «هودریر» سەرکردەیە و لێپرسراوە و دەزانێ چی دەوێ و یەک تاڵە موو لە مەبەستی خۆی نایەتە خوارێ.

«ستیبان»یش «ئۆلگا»مان بیر دەخاتەوە، ئەو ئافرەتەی کە خۆشەویستی شۆڕش لە ناخیدا کڵپە دەستێنێ و گڕ دەگرێ. وەک ئافرەتێکیش خۆشەویستی و سۆزی خۆی بە جەنگاوەران دەبەخشێ و هاوبەشی خەمیان دەکات. سەرەڕای هەموو ئەمانە «کامو و سارتر» دوو مەبەستی جودایان هەیە، هەروەک چۆن مانای هەردوو شانۆگەرییەکە جیاوازن. بڕبڕەی پشتی شانۆگەرییەکەی «کامو» مەسەلەی مەبەست و میتۆدە لە ڕووی ڕەوشتەوە. یا بە شێوەیەکی تر کارەساتی دادپەروەرانەیە کاتێک ناچار دەبن پەنا بەرنە بەر توندوتیژی بۆ جێبەجێ کردنی دادپەروەری. بە پێچەوانەوە «سارتر» لە شانۆگەرییەکەیدا یەکسەر دەگەڕێتەوە سەر جەدەلیەتی مێژوو، «سارتر» لە «ئەهریمەن و خواوەند»دا لە سەرزاری یەکێک لە پاڵەوانەکاندا دەڵێت: «مرۆڤ دەبێت کاری خۆی بکات، جا ئەگەر جەنگ بێ یان ئاشتی، مرۆڤ دەبێ ڕۆڵی مێژووییانەی خۆی ببینێ بۆ ئەوەی بۆ سەردەمی مرۆڤ دەست بدات».

باری شانۆگەرییەکەی کامو زۆر جودایە، بەڵام مارکسیزمی ئەوەندە بە زەقی تێدا بەدی ناکرێ، بگرە زیاتر حەز بە ئاژاوەیەک دەکات کە شان بە شان تێندینسی مرۆڤانە دەڕوات..

بەلای «کامو»وە زیاتر دووپات کردنەوەی ئەو هێزە بەدی دەکەین کە بە مەبەستی شۆڕشی دادەنا. ئەمیشیان وەک پرەنسیبێکی ڕۆحی کە ئازادیخوازان یەکسان

دەکات و لە ڕێگای بەختەوەرییەوە بەرەو بێگەردی و خاوێنییان دەبات، بەڵام ئەوە بەس نییە کە مەبەستی شۆڕش مەبەستێکی بێگەرد و خاوێن بێت، چونکە شۆڕش خۆیشی هەندێ جار ناچار دەبێت پەنا بەرێتەبەر کاری چەپەڵ، بەڵام ئەم کارانەش هیچ لە نرخی شۆڕش کەم ناکەنەوە. لە بەشی دووەمی شانۆگەرییەکەدا ڕووبەڕووی دیالۆگێک دەبینەوە. لەم دیالۆگەدا «ستیبان» ڕووبەڕووی هەوڵە تیرۆریستییەکانی دەبێتەوە و نووسەریش دەیەوێ زیاتر تیشک ئاراستەی گرنگییەتی کرداری شۆڕشگێڕانە بکات. ئەگەر مرۆ چاوپۆشی لە ستەمی میتۆدەکان بکات واتە شۆڕش دۆڕاندنێکی ڕۆحیانە و پرەنسیپانە دەدۆڕێت. هەروا داواکاری ئەوەی میتۆدەکانی شۆڕش دەبێ ڕۆحی و خاوێن بن، شۆڕش لە ڕووی مێژووییەوە تووشی خەتەر دەکات. «دورا» دەڵێت: «ئەگەر ڕێکخراو ساتێک لەمەوبەر منداڵەکانی لە نارنجۆکەکانمان بپاراستبا، ئەو دەمە هیچ هێز و توانایەکی نەدەما».

ستیبان دەڵێت: «ئەگەر بێت و منداڵەکان لە یاد کەین، ئیدی دەبینە گەورەی هەموو جیهان و شۆڕشیش سەردەکەوێ».

ستیبان بەپێی بۆچوونی خۆی ڕاستگۆیە، چۆن لە پێناوی «شارێکی دوور» تێدەکۆشی، هەربۆیە کە «کالیائیف» ئامادە نییە بیکاو بە تاوانی دادەنێ و ئەم بە نێوی گرنگییەتی کردارەکەوە دەیکات. ئەوەی بڕوای بە گرنگییەتی شۆڕش و ناچاریی بەرپابوونی شۆڕش بێت، هیچ سنوورێکی بۆ نییە. ئیدی پیاوکوشتن، درۆ، ساختەچییەتی هەموو ڕێگایەک دروستە تەنیا شۆڕش سەربکەوێ. «ستیبان» لەپێناوی داهاتوودا «داهاتووی مرۆڤایەتی» کار دەکات و ئامادەیە باجی ئەم کارەشی بدات، جا ئیدی گرنگ نییە باجی ئەم کارەش هەموو ڕۆژێ لەناوبردنی مرۆڤێک بێت. بە پێچەوانەی «ستیبان»ەوە «کالیائیف» نایەوێ دەنگی ویژدان بەناوی گرنگییەتی کردارەوە کپ بکرێت، چونکە ئەم لە پێناوی ژیان، نەک مردندا تێدەکۆشێ.

«کالیائیف» لە پێناوی ڕزگارکردنی کۆیلەکاندا تێدەکۆشێ، نەک بۆ ئەوەی ستەم بێنێتە دی. لە پێناوی ئەمڕۆ نەک لە پێناوی داهاتوودا، لە پێناوی برایانی ئەمڕۆی، نەک لەپێناوی شاری داهاتوودا و ناشیەوێ شۆڕش لەسەر ستەم و کوشتن و چەپەڵایەتی بنیات بنرێ. کالیائیف نایەوێ ئەمڕۆ زوڵم بکرێ بۆ ئەوەی سبەینێ دادپەروەری بێتەکایەوە. «کالیائیف» عەدالەتی مەسەلەکە لە عەدالەتی میتۆد و ئامانجەکەیدا دەبینێ و منداڵ کوشتنیش لەگەڵ عەدالەت یەک ناگرێتەوە، وەک دەڵێت: «من ئەم خەڵکەم خۆشدەوێت، کە وەک من لەسەر ئەو ئەرزەدا دەژین، ئەوانەن کە من خۆشم دەوێن لە پێناوی ئەوانیشدا تێدەکۆشم و مردن قەبوڵ دەکەم. من قەت لە پێناوی شارێکی دووردا کە لە بوونی دڵنیا نیم بەڕووی کەسدا ناماڵم. لە پێناوی عەدالەتێکی مردوودا ستەمێکی دی ناخەمە سەر ئەم ستەمە مردووە. برایان من دەمەوێ ئەوەتان پێ بڵێم کە ساکارترین جووتیاری لای ئێمە دەیزانێ، منداڵ کوشتن لەگەڵ شەرەف ڕێک ناکەوێ جا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان شۆڕش لە شەرەف لابدات و منیشی تێدابم، ئەوە ئەودەمە من وازی لێدێنم».

شانۆگەرییەکانی «سارتر و کامو» لە کاتی خۆیدا سەرکەوتنیان بەدی هێنا و ئێستاش چ لە فەرەنسا و چ لە دەرەوەی فەرەنسادا هەر لە برەودان. ئەمەش بۆ بلیمەتی و بەهرەی ئەم دوو نووسەرە دەگەڕێتەوە، بەڵام شان بە شانی ئەمە هۆیەکی دی هەیە کەوا لەم شانۆگەرییانە دەکات هەمیشە لە سەرکەوتندا بن، ئەویش ئەوەیە ئەم شانۆگەرییانە هەمیشە مرۆڤ بە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مێژوو گرێ دەدات. جا ئیدی هەر مرۆڤێ بێت و لە هەرکوێیەک بێت. مێژووش سەرچاوەی دۆشدامانێکی هەمیشەیی مرۆڤی سەدەی بیستەمە. ڕەنگە ئەوەش لە یاد نەکەین کە تەقینەوەی بۆمبای هێرۆشیما چەند کاری کردە سەر هونەر بە گشتی و شانۆ بە تایبەتی، ئەوەندەی بۆمبای ئەتۆم هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات، ئەوەندە شانۆی سیاسیش ئەرکی خۆی بەدەست دێنێ، ئەویش بە سووک کردنی باری ئاڵۆزی مرۆڤایەتی بەوەی مرۆڤ فێری ئەو ڕاستییە بکرێت کە ئەو خۆی تاکە لێپرسراوە بەرامبەر بە بەختەوەری و نەگبەتی خۆی و خۆی تاکە لێپرسراوە بەرامبەر بە پێشکەوتن و لەناوچوونی مرۆڤایەتی.


**سەرچاوە:**

**گۆڤاری «المسرح»ی میسری، ژمارە ٦٧ی مانگی نۆڤێمبەری ١٩٦٩.**

# کەمانچە ڕەشەکە

لێدوانی: جەبار سابیر
(سلێمانی)

پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر ئەدەبیات هەبێت، بە تایبەت لە ڕووی کەمبوونەوەی خوێنەر و کەمتر خوێندنەوەوە، ڕەنگە لە ڕابردوویەکی دووردا کتێبێک جا ڕۆمان بێت یان تێکستێکی فەلسەفی وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی لەلایەن خەڵکەوە وەرگیرابێت و بۆ ماوەیەکی زۆر هەرایەکی گەورەی نابێتەوە، یاخود زۆرجار دوای ماوەیەکی زۆر ڕۆمانێک دێت و هەرایەکی سیاسی گەورە دەنێتەوە و مشتومڕێکی زۆر دەخاتە ناو کۆمەڵگەوە. ڕۆمانی (خوانێک بۆ گژو گیای دەریا)ی (حەیدەر حەیدەری) دوای نزیکەی سی ساڵ لە نووسین و بڵاوبوونەوەی لە وڵاتی میسر، هەرایەکی سیاسی گەورەی نایەوە و گرووپە ئیسلامییەکان فتوای کوشتنی خاوەنەکەیان دەرکرد. بەڵام ڕەنگە لە ئەمڕۆدا بە گشتی ئەدەبیات ئەو کاریگەرییە گەورەیەی نەمابێت، هەر بۆیە زۆر کەم ڕۆمانی قەبارە گەورە دەنووسرێن و تەواوی ژانرەکانی ئەدەب بەرەو کورتی و پوختی دەڕۆن و بە سادەیی دەخرێنە بەردەم خوێنەر، ئەمە تەنیا بۆچوونێکە و ناکرێت وەک فتوایەکی ڕەها وەرگیرێت. چونکە لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانە تازەکەی (بەختیار عەلی)م (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کە بە قەبارەی گەورە (٦٢٥) لاپەڕەیە. بەڵام کۆمەڵگە و خوێندەواری ئێمە تازە لەسەرەتای ڕێگەکەدان بۆیە ناکرێت وەک خۆرئاوا قسە لەسەر ئێرەش بکرێت.



لەم ماوەیەدا (ئازاد بەرزنجی)ی وەرگێڕ ڕۆمانێکی تری ڕۆماننووسی فەڕەنسی (ماکسێنس فێرمین)ی بە ناوی (کەمانچە ڕەشەکە) وەرگێڕا و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیش چاپی کرد، ئەم ڕۆمانەش هاوشێوەی ڕۆمانی (بەفر) کە هەر هەمان ڕۆماننووس نووسیویەتی و هەمان وەرگێڕیش وەریگێڕاوە، بە هەناسە و پەڕەگراف و بەشی بچووک و کەم کەم نووسراوە، تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکەش مەسەلەی عەشقە. لە

(بەفر)دا کار لەسەر (هایکۆ) و سروشتی یابان کراوە، بەڵام لە (کەمانچە ڕەشەکە)دا کار لەسەر مۆسیقا و شاری (ڤینیسیا)ی ئیتالیا کراوە. دەکرێت لێرەوە هەندێک لەم ڕۆمانە بدوێین.

لە ڕووی مێژووییەوە ئەم ڕۆمانە باس لەسەردەمی بوون بە ئیمپراتۆری (ناپلیۆن بۆناپارت) دەکات لە فەرەنسا و دواتر پەلامارەکانی ئەو بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، نووسەری ئەم ڕۆمانە دێت و یەک گۆشەی زۆر بچووک دەکاتە ڕۆمانێک، لەو جەنجاڵییەی لەشکری ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپا دروستیان کردووە، دوو ئینسان دەبینین خۆیان بۆ عەشق و دروست کردن و ژەنینی کەمانچە تەرخان کردووە. (یۆهانز کارلسکی) پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، ئەو لە منداڵییەوە لەسەر دەستی چەند مامۆستایەک خەریکی فێربوونی کەمانچەیە کە دایکی ئەو مامۆستایانەی بۆ گرتووە و دەیەوێ کورەکەی ببێتە مۆسیقاژەنێکی بەناوبانگ، بەڵام دوای ماوەیەک مامۆستاکان کۆڵی لێدەدەن و دەڵێن ئەم منداڵە فێرکردنی ناوێت و هەر پارچە مۆزیکێک ئێمە وەک مەشق دەیدەینێ ئەو دەتوانێ یەکسەر بیژەنێت. بۆیە (کارلسکی) بە تەنیا بۆخۆی سەرقاڵی کەمانچە دەبێت و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەبێتە بەناوبانگترین مۆسیقاژەنی فەرەنساو تەواوی ئەوروپاش، دەیان سەمفۆنیا ئامادە دەکات و هەموو هۆڵەکانی بۆ دەخرێتە سەر پشت. دوای دە ساڵ ناوبانگ لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا دایکی کە گەورەترین پاڵپشتیەتی دەمرێت ئەمیش بەو خەمەوە لە مۆسیقا دەچێتەوە، بەڵام زۆری پێناچێت (ناپلیۆن) جەنگ هەڵدەگیرسێنێت و ئەمیش یەک لەو لاوانە دەبێت کە بەرەو بەرەکانی جەنگ دەکەوێتە ڕێ و وەک سەربازێک خزمەتی فەرەنسا دەکات، پێشتریش ئەوەمان نووسیوە کە ڕۆمان ئەو گۆشانەی مێژوو وێنە دەگرێت کە مێژوونووسان نایبینن، هەڵبەت ئەگەر وا دانێین ڕۆماننووس وێنەگرێکی سینەماییە، چونکە ئەم ڕۆمانەش وێنەی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرەی مێژووی گرتووە کە دوور لە هەرا و هۆریای شەڕ و خوێنڕشتنی ئینسان سەرقاڵی عەشق و کەمانچەن، دەیانەوێ ئەوەی دنیا لە جەنگدا لە دەستی دەدات ئەمان بە مۆسیقا قەرەبووی بکەنەوە و بە دەستی بێننەوە. (کارلسکی) دوای ماوەیەک بریندار دەبێت و چەند مانگێکی دەوێت تا چاک دەبێتەوە. لە کاتی برینداریەکەیدا لە هۆشخۆی دەچێت و دەبینێ کچێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بە ئەسپێکەوە دێتەلای و تا دەمەو بەیان گۆرانی بۆ دەڵێت و دواتر دەڕوات و کە ئەمیش چاو دەکاتەوە لە نەخۆشخانە کەوتووە، ئیتر لەو دەمەوە عەشقی ئەو کچە دەنگخۆشە دەبێت و سەوداسەری دۆزینەوەی دەبێت.

هەر بە چاکبوونەوەشی جارێکی تر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێتەوە و لەشکری ناپلیۆنیش بڕیاری داوە بەرەو سەرزەمینی (ئیتالیا) بکەوێتە ڕێ و هەرکە (ڤینیسیا)ش داگیر دەکەن بڕیار دەدەن چەند سەد سەربازێک لەوێ جێگیرکەن و بەرەو شارەکانی تری ئیتالیا بکەونە ڕێ. (کارلسکی)یەک لەو سەربازانەیە کە لەوێ دەمێنێتەوە و لە ماڵی پیاوێکی (ڤینیسیایی) مڕو مۆچ جێگیر دەبێت و دواتر دەردەکەوێ کە ئەو پیاوەش کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەیە و زۆر عەشقی مۆسیقا و کەمانچەیە. ئەم دوای ئەوەی واز لە ژەنینی کەمانچە دەهێنێ، خولیای نووسینی ئۆپێرا لەسەری دەدا و لە کاتی سەربازی و دوای بریندارکردنی و لە ڤینیسیاش هەر خەریکی نووسینی ئۆپێراکەی دەبێت.

بە چوونە ژوورەوەی بۆ ناوبیناکە کابرای مڕومۆچ دەبینێ و کارتەکەی پێشان دەدات و دەڵێ من سەربازی فەرەنسیم و بۆ ماوەیەک لێرە دەمێنمەوە، کابرا بە نادڵی وەک ئەوەی وەڵامی دوژمنێکی خوێنڕێژ بداتەوە پێشوازی لێدەکات. (کارلسکی) دوای چەند ڕۆژێک بە دیواری ژوورەکانەوە (کەمانچەیەکی ڕەش)دەبینێ و سەرنجی ڕادەکێشێ. لە کابرا دەپرسێ ئەو کەمانچەیە چی دەکات لێرە؟ کابراش دەڵێ من کەمانچە سازم.! (کارلسکی) خۆی ئاشکرا ناکات کە ئەم کەمانچە ژەنە، بەڵام دەروازەیەکی باشی دەست دەکەوێت بۆچوونە ناو ژیانی ئەم پیاوە و ئاشنابوونێکی ڕاستگۆیانە لەگەڵیدا. ئەو پیاوە ناوی (ئیراسمۆسە)و لەو بینایەدا کارگەیەکی دروستکردنی کەمانچەی هەیە، کە پێشتر ماڵباتی (ستراديڤاری) دایانمەزراندووە و ئەم شاگرد بووە.. (کارلسکی) لەوێ دەمێنێتەوە و ئاشنایەتی و هاوڕێیەتییەکی قووڵ لەگەڵ (ئیراسمۆس)دا دروست دەکات و ڕۆژانە یاری شەترەنج و خواردنەوەی شەرابی گراپا و باسکردن لە مۆسیقا سەرقاڵیان دەکات، (ئیراسمۆس) سێ شت ژیانی داگیرکردووە

دروستکردنی کەمانچە و یاری شەترەنج و دڵۆپاندنی (شەرابی گراپا). ڕۆژێک ئیراسمۆس سەرقاڵی دروستکردنی کەمانچە دەبێت کارلسکیش قسەی لەگەڵ دەکات لە گەرمەی گفتوگۆدا یۆهانز دەڵێت من بەناچاری بوومەتە سەرباز ئەگینا من پێشتر مۆسیقار بووم... تا دەگاتە ئەوەی (یۆهانز کارلسکی) خۆی ئاشکرا دەکات کە ئەمیش کەمانچەژەنە، ئیتر کابرا سەربوردەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەبێتە مەتنی سەرەکی ڕۆمانەکە. لە منداڵییەوە عەشقی کەمانچە دەبێت، عەشقی دروستکردنی کەمانچە نەک ژەنینی، بۆیە ئەو حەزی خۆی بە باوکی دەڵێت و باوکیشی لە (کارگەی کەمانچەی ستراديڤاری)وەک شاگرد دایدەمەزرێنێ، دوای ساڵانێک کارکردن (فرانچیسکۆ) کوڕی (ئانتۆنیۆ ستراديڤاری) دەمرێت و کارگەکە بۆ (ئیراسمۆس) جێدەمێنی، کارگەی کەمانچە دروستکردنەکە لە شاری (کریمۆنا)یە وەک ئیراسمۆس باسی دەکات ئەو شارە زێدی لەدایکبوونی کەمانچەیە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا.

ناوبانگی کەمانچەی کارگەی (ستراديڤاری) بەتەواوی ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە و پادشاکانی ئەوروپا حەز دەکەن کەمانچەی دەستکردی ئەمان لەناو تیپی سەمفۆنی پاشایەتییەکەیاندا هەبێت و زۆربەیان داوای دەکەن، تا ڕۆژێک فیرنیزی (کۆنتی ڤینیسیا)دێت و داوای کەمانچەیەک دەکات کە بە نیازە وەک دیاری جەژنی لەدایکبوون پێشکەشی کچە بچکۆلەکەی بکات کە ناوی (کارلا فێرنیزی)یە. (ئیراسمۆس) بە دڵ و بە گیان سەرقاڵ دەبێت و لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا باشترین و جوانترین و دەنگ زوڵاڵترین (کەمانچەی ڕەش) بۆ کۆنت دروست دەکات کاتێک بۆی دەبات پێی دەڵێت من بوارم نییە گەر دەتوانی خۆت کەمانچەکە بدەرە دەست کچەکەم کە سبەی جەژنی لەدایکبوونییەتی. (ئیراسمۆس)دوای ڕۆیشتنێکی زۆر دەگاتە لای (کارلا فێرنیزی) کچەکەی کۆنت و لەناو ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکدا لە ژوورێکی بچووکی نهۆمی سەرەوەی تەلارێکی جواندا (کارلا فیرنیزی) دەدۆزێتەوە، بە ئارامی دانیشتووە و دەیەوێ خۆی بۆ چرینی ئۆپێرا ئامادە بکات. (ئیراسمۆس)خۆی پێدەناسێنێ و هەر زوو عاشقی دەبێ دوای یەکترناسینێکی کورت بۆ سبەی دیسان دەچێتەوە بۆ لای و دەبینێ هەندێک پیاوی تری بەدەوەرەوەیە و لە ئەنجامی موناقاشەیەکی کورتدا (ئیراسمۆس)ڕادەسپێردرێ بۆ دروستکردنی کەمانچەیەکی تری ڕەش.

ئەمجارەیان (ئیراسمۆس)دەیەوێ کەمانچەیەک دروست بکات هەرگیز کەس نەتوانێ دروستی کاتەوە، عەشقی کچە و عەشقی کەمانچە ئاوێتە دەبن و دەبنە هەوێنی جوانترین و دەنگ زوڵاڵترین کەمانچەی دنیا، ئەوەندە خۆی ماندوو دەکات لە دواجاردا کەمانچەیەکی سەرسوڕهێنەر دێتە بەرهەم، کاتێک بەرەو فلۆرەنسا و تەلارەکەی کچی کۆنت دەکەوێتە ڕێ دەبینێ لافاو هەستاوە و کچە بە هۆی نەخۆشییەکەوە لە سەرەمەرگدایە و ئیتر نایبینێتەوە، لەو وەختەوە(ئیراسمۆس) بە عەشقی ئەوەوە دەتلێتەوە و تارمایی کچەکە هەمیشە لەگەڵیدایە و دوای گێڕانەوەکەش ئیتر مەرگ دەیباتەوە. دواتر (کارلسکی)ش تێدەگات کە ئەو تارماییەی ئەم لە کاتی برینداربییەکەیدا دیویێتی هەمان تارمایی بووە و دوای ئەوەی ئیتالیا جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە پاریس، دوای سی و یەک ساڵیش لە نووسینی ئۆپێراکەی دەبێتەوە و دواتر کە هەست دەکات دەنگێکی ئەفسووناوی وەک دەنگی (کارلا فیرنیزی) نییە بیچڕێت دەیخاتە ئاگرەکەوە و دەسووتێ و بەمجۆرە ئەو ئۆپێرایە هەر لەدایک نابێت و (یۆهانز کارلسکی) بلیمەتیش بەرلەوەی وەک بلیمەتێک بناسرێت مەرگ دەیباتەوە.

ئەم ڕۆمانە زۆر سادە و ساکارە و ئێستا لە ئەوروپادا ئەمجۆرە ڕۆمانە لەدایک دەبن و بە پەرەگراف و ڕستە و وشەی زۆر چڕ و پڕ و کورت و پوخت ڕووداوگەلێکی گەورە و درێژ لە ڕووی مێژووییەوە دەردەبڕن. دەکرێ لێرەدا بپرسین تۆبڵێی ئەم جۆرە ڕۆمانانە لە ڕۆماننووسانی کورد قبووڵ بکرێت و وەک ڕۆمانی مەزنی هاوشێوەی ئەم ڕۆمانانەی (ماکسێنس فێرمین) سنوورەکانی زمان و جوگرافیا ببەزێنێت؟

# ئازادی له به‌هاری ته‌مه‌نیدا

**لێدوانی: مه‌غدید حاجی**

له‌م دواییه‌دا برای شاعیر و ڕۆژنامه‌نووس (نه‌ژاد عه‌زیز سورمێ) کتێبێکی نوێی گرنگی به ناونیشانی (ئازادی له به‌هاری ته‌مه‌نیدا) خسته کتێبخانه‌ی کوردی.

ئه‌گه‌رچی ناوه‌رۆکی ئه‌م کتێبه بریتییه له ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له وتاری پێشتر بڵاوکراوه له ڕۆژنامه و گۆڤاره‌کاندا، به‌ڵام گرنگی کتێبه‌که له‌وه‌دایه که ژماره‌یه‌کی چاک له وتاری ڕۆژنامه‌نووسی ده‌رباره‌ی هونه‌ری ڕۆژنامه‌نووسی و واقیعی ڕۆژنامه‌گه‌ری کوردی له‌خۆگرتووه که ئه‌م لایه‌نه زۆر پێویسته بۆ ڕۆژنامه‌نووسی کوردی به تایبه‌تی



ڕۆژنامه‌نووسه لاوه‌کانمان که له بری خولی ڕۆژنامه‌نووسی ده‌توانن سوودی زۆر له ناوه‌رۆکی ئه‌م کتێبه وه‌ربگرن.

هه‌روه‌ها که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن و به‌ڕێوه‌به‌ره‌کانی گۆڤار و ڕۆژنامه کوردییه‌کان پێویستیان به باسه‌کانی ئه‌م کتێبه ده‌بێت بۆ چاره‌سه‌رکردنی ناته‌واویه‌کانی بواری ڕۆژنامه‌گه‌ری کوردی که نووسه‌ر به وردی له وتاره‌کانیدا هه‌موو لایه‌کی ژیانی ڕۆژنامه‌نووسی کوردی باس کردووه.

من وه‌کو ڕێبوارێکی کاروانی پڕ له شکۆی ڕۆژنامه‌نووسی کوردی که زیاتر له سی ساڵه به خۆشییه‌وه له کاروانه‌که‌دا دانه‌براوم، زۆر چێژ و سوودم له خوێندنه‌وه‌ی وتاره‌کان وه‌رگرت و ئه‌وه‌ی زیاتر به خوێندنه‌وه‌ی کتێبه‌که‌شه‌وه نووساندمی شێوازی نووسین و ئاستی به‌رزی نووسینی نووسه‌ره که بۆ خۆی وه‌کو ئه‌دیب و نووسه‌رێک خاوه‌ن زمانێکی ئه‌ده‌بی ڕه‌وان و ده‌وڵه‌مه‌نده که ئه‌مڕۆ ئه‌م مه‌رجه زۆر پێویسته بۆ بڵاوبوونه‌وه‌ی وتاری سه‌رکه‌وتوو له گۆڤار و ڕۆژنامه‌کاندا.

## ناوه‌رۆکی کتێبه‌که

هه‌روه‌کو له سه‌ره‌تاوه ئاماژه‌م بۆی کرد، کتێبه‌که ژماره‌یه‌کی به‌رچاو

باس و وتاری دەربارەی ڕۆژنامەنووسی کوردی و هونەری و ڕۆژنامەنووسی و واقیعی ڕاگەیاندنی کوردی لەخۆوە گرتووە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرەتا ئاماژە بۆ ناونیشانی وتار و باسە تایبەتەکان بە ڕۆژنامەگەری بکەم، لە هەمان کاتدا خوێنەری بەڕێز ئاگادار دەکەمەوە کە جگە لە بابەتی ڕۆژنامەگەری گەلێک وتاری تری تایبەت بە مێژوو و ئەدەبیات لە دوو توێی کتێبەکەدا بڵاوکراونەتەوە:

* وتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی ون کردنی باڵانس یا وانەدان.

* ڕۆژنامەنووسی وەک پیشە، ڕۆژنامەنووسی وەک ئایدۆلۆژیا.

* ڕۆژنامەگەری کوردی و کێشەکانی دنیا (بۆشاییەکی هەستپێکراو).

* ڕەگەزی متمانە لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا.

* کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردی لە قەڵەمڕەوی ڕەهەندە فەرهەنگییەکاندا.

* ئاییندەی ڕۆژنامە لە ناو هەڕەشەکانی هۆیەکانی بینینی و بیستندا.

* هەواڵەکانی ناوخۆ لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، پەراوێزێک لە پەیوەندی ناوەند و دەوروبەر.

* گۆڤار و ڕۆژنامە دنیایێک... دوو دنیا.

* دەنگ و باسی (هەواڵ) لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

* ڕۆژنامەگەری منداڵان، پێویست و گرنگ... بەڵام هەژار.

* ئافرەتی کورد لە دنیای ڕۆژنامەگەریدا بەیانیدان لە نیوەشەودا.

* ئارشیف... کە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا نەخوێندراوەتەوە.

* ڕۆژنامەیەکی ئێواران... ئایا پێویستە؟

* دەربارەی ئەو ڕۆژنامانەی بە بۆنەیەکی تایبەتی دەردەچن.

* ڕۆژنامەگەری تەنزئامێز بە کوردی.

* تیراژی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕاستییەکی تاڵ.

* ڕۆژنامەگەری (ئەهلی) لە بازنەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا سیما یان تارمایی؟

* کات لە ڕۆژنامەگەری کوردی چێوەڕێی بێ پاساو.

* ڕۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی.

* ڕۆژنامەگەری ڕێکخراو و سەندیکاکان.

* (ئاژانستی دەنگوباسی کوردستان) پرۆژەیەک کە وەختی هاتووە.

* ریکلام لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

* ئەدەب و کاری ڕۆژنامەنووسی.

* وەبەرهێنان لە مەیدانی میدیا و کولتووردا.

* ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان ڕوونبینی بە ئاراستەیێکی ئامانجدار.

* کارگێڕی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕاستکردنەوەی لاسەنگی یا لە گرێژنەبردنی.

* نوکتە هەڵکەوتێک لە پاڵ میدیادا.

* بەرهەمهێن و بەکاربەر، میدیای کوردی لە کوێی هاوکێشەکە دایە.

* هەڵەبڕ... ڕۆژنامەنووسی ون.

* ڕۆژنامەگەری کوردی لەسەردەمی نوێیدا گوشاری بەها و بەڕێوەبردن.

* لە پەراوێزی کاغەز و کاریگەریی کاغەز لە دنیای کتێب و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

* ڕەنگ لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا (شەش تەقەڵ و مانگەشەو).

**پەیام و دیواربەند**

ناونیشانی کتێبی باس لێکراو (ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا) بریتیە لە وتارێکی کتێبەکە، دیواربەندێکە لە نێوان باسەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژنامەگەریی و باسەکانی تری کتێبەکەو لەم وتارەیدا نووسەر پەیامی نووسەر و دەوری نووسەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و هەڵوێستی نووسەر، یان تێکۆشانی لە دژی تیرۆر باس دەکات. لە وتارەکانی دواتریش چەندین بابەتی زمانەوانی و ئەدەبی و مێژوویی لە شێوەی کورتە وتاردا خراونەتە ڕوو کە بێگومان بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە زیاتر مەبەستمانە هەڵوەستە لە بەرامبەر ئەو باسانەدا بکەین کە پێوەندیان بە ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە.

**واقیعی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەبەر ڕۆشنایی وتارەکانی نووسەر**

هەر لە سەرەتادا نووسەر ئەو ڕاستییەی درکاندووە کە:"ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕەنگە زیاتر لە ڕێگای ئەدەبیات و سیاسەتدا سەری هەڵدابێ و هێزو گوڕی لەو دەرەتانەوە وەرگرتبێ... سیاسەت بەو مانایەی دەچێتەوە قاوغی ڕەتکردنەوەی زوڵم و زۆری و

بەرەنگاربوونەوەی هەمــــوو ئەو ناهەقیـانەی وەک نەتەوە لە کـورد کــراوە" بۆیە هەروەکــو نووســەر دەڵێ:"خـــۆڕایی نەبووە یەکـــەمین هەنگاو دوور لە نیشتمان بێ، کاتێ بەدرخـانیـیـەکـان لە قـاهیـرەی پایتەختی میسر بە بڵاوکـردنەوەی (کوردستان) دەستیان پێکرد.. لەو ڕۆژەوە ڕۆژنامەنووسی کـوردی وەک بیرێک بە دەرزی لێ بدرێ بە هەموو ئەو هەورازو نشێوانە تێپەڕیوە کە بە هۆ و بێ هۆ کـەوتوونەتە بەر ڕەوتی بەرێوەچوون و پێشکەوتنی".

لە وتـارێکی دیکـەدا نووســـەر دەڵێ: "سەردەمی ئەمـڕۆ سـەردەمی بەشـــداری و هاوبەشـــیکردن و ڕوانـینـە... لە پەراوێـزگــــرتنـی کێشەکانی دنیا و لەسەر ڕانەوەستان و بایەخ پێنەدانی بۆشـــاییـــەکی هەسـتـپـێـکراوی لە ڕۆژنامـەگـەریی کـوردیدا دروست کـردووە... هەقـە ڕووناکـبـیـر و ڕۆژنامـەنووسـان لە ڕوانین و جیهانبینیاندا بەو ئاراستەو ئامـانجـە لە پێش خـەڵکی دیکەدا بێ".

نووسـەر لە مـیـانی باسکردنی (کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردی لە قــــــەڵەمـــــــڕەوی ڕەهـەنـدە فـەرهەنگییـەکـاندا) کـە باس لە دامەزراندن و دەوری مەد تیڤی -M TV دەکـات و دان بە پێـشـڕوایەتی دادەنـێـت لە بواری دامــەزراندنی کـەناڵی ئاسـمـانی کـوردی، نووسـەر دەیەوێ زیاتر باسی لایەنی ئیـجابی ئەو دەسـتـپـێـشـخـەرییەی پەکـەکە بکات لە دامــەزرانەنی کــەناڵی ئاســمـــانی کـــوردی لە دەرەوەی کوردستان کە دەورێکی باشی بینیوە لە ناساندنی کێشەی کورد و داکۆکی کـردن لەم کـێـشـە ڕەوایە، هەروەها دەوری ئیـجـابی زیاتری بە کـەناڵی ئاسـمـانی کوردستان Kurdistan Tv داوە.

هەروەها نووسـەر بە گشـتی بوونی کـەناڵە ئاسـمـانییـەکانی کـوردی بە کــارێکی مــوژدە بەخش داناوە بۆ ئایندەی ڕۆژنامــەگــەریی بینـراوی کوردی..

لە بارەی گـرنگی (هەواڵ)یش لە بواری ڕۆژنامـەنووسـیدا نووسـەر لە وتـاری (دەنـگـوبـاس «هـەواڵ» لـە ڕۆژنامــەگـــەریی کــوردیدا) ئەوە دەســـەلمێنێ کـــە (هەواڵ) بڕبڕەی ڕۆژنامـەگـەرییـە، ڕۆژنامـە خـۆی پێ ڕادەگرێ، تەنانەت ئێـستا چۆنیـەتی مامەڵەکردنی ڕۆژنامە لەگەڵ هەواڵدا بووە بە سـەنگی مـەحـەکی خـوێنەر زۆرکردن و برە و پەیداکـردن و تیـراژ هەڵکشان... بە تایبەتیش لە ڕووی بایەخـــدان بەو هەواڵانەی جــێی پرسیارو تێڕامانی بیروڕای گشتین.

نووســـەر باسی لە واقـیــــعی ڕۆژنامەنووسی منداڵانیش کردووە و لە بەشـــێکی وتارێکیـــدا ل٤٨ نووسیوەتی و دەڵێ:«ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە کـوردی ئەگـەرچی وەکـو بوون مـێـژوویەکـیشی هەبووە، بەڵام ئێـســــتــاشی لەگــەڵدا بێت، ڕۆژنامـەگەرییـەکی هەژارە لە هەردوو ڕووی قـــــەوارەی بـوون و چاپ و تیـراژی بڵاوکـردنەوە و تەنانەت لە ڕووی نووسین بۆ منداڵانیش کــــە بێگومـان کـەش و هەوا و لێـزانی و شـارەزاییـەکی پڕ بە پێــستی ئەو جـیـهـانە بەرهەست و پاکـەی دەوێ ئەگەر لە ناچارییەوە نەبێ لە هەموو نووسەرێکدا نییە».


ئارشیف پێداویستییەکی گرنگە بۆ کـاری ڕۆژنامـەگـەریی، بەڵام بە داخـەوە تاکـو ئێـسـتـا ڕۆژنامـە و گـــۆڤــــارەکـــانمان و تەنانەت ڕۆژنامـەگەریی بیسـراو و بینراویش بایەخی پێـویسـتـیـان پێنەداوە، نووسەری کتێبی (ئازادی لە بەهاری تەمـەنیـدا) ئەم ڕاسـتـیـیـەی لە وتارێکی تری کتێبەکەیدا سەلماندووە و دەڵێ: ئارشـیـف بۆ ڕۆژنامــە بە تایبەتی ڕۆژنامەی ڕۆژانە وەک خوێ وایە بۆ چێشت چۆن خواردنی بێخوێ چەشـــــەو تامی نابێ، لاپەڕەی ڕۆژنامەیش بەبێ زانیاری ئارشـیفی و وێنە و تایپـۆگـرافـیـا شـتـێک دەردەچێ لەو بابەتە...

خـوێنەری بەڕێز بەم خـوێندنەوەیەم ناتوانم هەڵوەستە لە بەرامبەر هەموو وتارەکـان بکەم و بیـانخـەمـە ڕوو، بەڵام هیــوادارم توانیــبـێـتم بەم خوێندنەوەیەم گرنگی ئەم کتێبەم بۆ ڕۆژنامەنووسی کورد خستێتە ڕوو، هەرگیز ئەم خـوێندنەوەیەش جێگای خـوێندنەوەی تەواوی کـتـێـبـەکـە ناگرێتەوە.

لە کۆتاییدا دەستخـۆشی لە برای شـاعـیـر و ڕۆژنامـەنووس دەکـەم و هیوادارم قەڵەم و هزرەکەی هەروا بە بڕشت بێت.

# بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە

لێدوانی: ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا



### پێشەکییەکی گشتی

(بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە) ناونیشانی پرۆژەیەکی گەورەی نووسین و کۆکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکانە، چ ئەوانەی بە کوردی نووسراون، چ ئەوانەشی بە زمانێکی تری وەکو بۆ نموونە عەرەبی نووسراون، بەڵام نووسەرەکەیان کوردە و خزمەتی بە مێژووی کورد کردووە.. ئەم پرۆژەیە تا ئێستا چوار بەرگی لێ بە چاپ گەیشتووە، بەرگی یەکەمی لەساڵی (١٩٩٨) لە بەغداد لە دووتوێی (٣٩٢) لاپەڕەی قەبارە (٥ر١٥ × ٢٥سم) لە چاپخانەی (ومیض) بە چاپ گەیەنراوەو بەرگەکانی تریشی بەهەمان قەوارەن، کە دوا بەرگی تا ئێستا بەرگی چوارەو بە (٣٩٨) لاپەڕە، لە چاپخانەی (خەنساء) لە بەغداد، لە ساڵی (٢٠٠٢) چاپ کراوە.

خاوەنی ئەم پرۆژەیە نووسەری ناسراو مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی)یە، کە بەڕێزیان ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کوردە.

### وەسفێکی ئەم کتێبە

ئەم کتێبە وەکو ئاماژەمان پێدا، تا ئێستا چوار بەرگی چاپ بووە، لە بەرگی یەکەم پێشەکییەکی دوورودرێژ لە بارەی نرخی دەستنووسە کۆنەکان و ژیانی خوێندەواری لە کوردستاندا لەو بەشەی کە بەخوێندنی حوجرە دەناسرێ، لەگەڵ پرۆگرامی ئەو خوێندنە و جۆری قوتابییەکان و ژیانیان و دوانزە زانستەکان، ئیجازە وەرگرتنی زانستی و... تاد بە خۆوەگرتووە، زیاد لەوەش کۆمەڵێکی زۆری دەستنووسی کۆن کە بڵاو نەکراونەتەوە، تیشکیان خراوەتە سەر: ئەوەندەی لە دەستنووسەکە ماوە نووسراوەتەوە، ناوی خاوەنەکەی خراوەتە ڕوو، حاڵی دەستنووسەکە، کە تەواوە یان ناتەواوە، زۆر کۆن و ڕزاوەیە، یان باشە دستنیشان کراوە.. لە بەرگەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمیش، هەمان بەرنامە گیراوەتە بەر و ژمارەیەکی زۆری دەستنووس تیشکی خراوەتە سەر.

### گرنگی ئەو پرۆژەیە

ئەو پرۆژە کە خۆی پرۆژەیەکی گەورەو دەوڵەمەندە، لە بەرامبەر ئەوە گرنگییەکەشی گەورەیەو لە چەندین ڕەهەندەوە ئەو گرنگییەی بەرجەستە دەبێت، لەوانە:

١- لەم کتێبەدا تیشک خراوەتە سەر چەندین ناوی گرنگ، کە

خاوەنی ئەو ناوانە ڕۆشنبیر و گەورە خوێندەواری کوردی ڕۆژگاری خۆیان بوونە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەو میللەتە کوردەی ئێمە، هەر لە زووەوە میللەتێکی زانستخوازو ڕۆشنبیر بووە، مامەڵەی وەکو پێویستی لەگەڵ زانست کردووەو ڕێگەی بەخۆی نەداوە لەم ڕووەوە لە میللەتانی تر دوا بمێنێت، بەڵکو کەڵە نووسەرو زانای وامان هەبووە هەڵکەوتەی هەموو جیهانی ئیسلامی بوونەو تا ئێستاش بەرهەمەکانیان هەر لەسەرچاوە زیندووەکانن، ئەوەتا (ئیبنو سەلاحی شارەزووری) لە (زانستی فەرمووده)، (ئیبنو خەلەکان) لە (مێژوو)، (شەیخول ئیسلام) لە (فەتوا)، (ئەحمەدی خانی) و (جزیری) و (نالی) لە شیعرە فەلسەفی و فیکرییە پێشکەوتووەکانیان و دەیان و سەدانی ترمان، خەڵاتی کوردن بۆ مرۆڤایەتی.

٢- کۆمەڵێکی زۆری دەستنووسی گرنگ، کە بەری فیکرو خوێندنەوەی کوردن، نە کاتی خۆی و نە ئێستاش بڵاو نەکراونەتەوەو لە دوو توێی پەڕە زەردو ڕزیوەکان بە بێنازی ماونەتەوە، لەو کتێبەدا زۆربەی ئەو دەستنووسانە لە فەوتان دەرباز کراون و خراونەتە بەر چاوی خوێنەری کورد، کە بێگومان ئەوانە دەبنە سەرچاوەی بەسوود، بۆ پڕکردنەوەی گەلێ بۆشایی مێژوویی و ڕوونکردنەوەی زۆر شتی نادیار.

٣- ئەو کۆمەڵە دەستنووسانە کە لەو پڕۆژەیەدا بڵاوکراونەتەوە، واقیعی مێژووی زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیریی نووسراومان دەگۆڕن و وا دەکەن ئەو مێژووەمان دەوڵەمەندتر و فراوانتر بێت.

## هەندێ لە دەستنووسە گرنگەکانی نێو ئەم کتێبە

دەستنووسە گرنگەکانی نێو ئەم کتێبە زۆرن و بە ئاسانی لێرەدا جێگەی ئەوە نابێتەوە ئاماژە بە هەموویان بکەین، بەڵام گرنگترینیان دەکرێت لە مانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- عەقیدەکانی مەولەوی/ بەرگی یەکەم
٢- لەیلێ و مەجنوون/ بەرگی یەکەم
٣- زەنبیلفرۆش/ بەرگی یەکەم
٤- عەقیدە کوردییەکان/ بەرگی یەکەم
٥- جەنگی سیسەبان/ بەرگی یەکەم
٦- دیوانی مەلای جزیری/ بەرگی یەکەم
٧- مەم و زین/ بەرگی یەکەم
٨- محەمەد حەنیفە/ بەرگی یەکەم
٩- سیلسیلەی سادات/ بەرگی یەکەم
١٠- دوو دەستخەتی بەرهەمی بابا تاهیر/ بەرگی یەکەم
١١- قورئانە دەستخەتەکەی مەلا ئیبراهیمی مەڕوێ/ بەرگی دووەم.
١٢- قورئانە دەستخەتەکەی (محمد الجدید)/ بەرگی چوارەم.

ئەم دەستنووسانەش تیشکیان خراوەتە سەر و نموونەیەکیان لێ فۆتۆکۆپی کراوە، یان بەشێکی بچووکیان لێ نووسراوەتەوە، بەڵام بێگومان بە کورتی، چونکە بەدرێژی ئاسان نییە هەموو ئەو دەستنووسانە بنووسرێنەوە، چونکە درێژن و هی وایان هەیە لە کتێبێکدا جێی نابێتەوەو لە بەرگێک زیاترە.. بۆیە نووسەر لەو پڕۆژەیدا هاتووە سەرنجی خوێنەری کوردی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشاوە کە ئەم دەستنووسە گرنگانە هەن و دەشێت سوودیان لێ وەربگیرێت.

## سەرچاوەی ئەو دەستنووسانە

وەکو نووسەری ئەم پڕۆژەیە باسی لێوە دەکات، هەموو ئەو دەستنووسانە بەشێکن لەو دەستنووسە زۆرانە کە لە کتێبخانەی (دار العراق للمخطوطات) لە بەغداد پارێزراون.. نووسەر دەڵێت: ژمارەی دەستنووسەکانی ئەو کتێبخانەیە (پترن لە (٢٠٠) هەزار کتێب و ناونیشانی زانیارییە جۆراوجۆرەکان بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردی) بەرگی یەکەم/ ل١١٢ لەنێو ئەو دەستنووسانەش (کۆنترین و نایابترین دەستخەتی کوردی- تا ئێستا هەواڵیان زانرابێت- ژمارەیان لە (٢٠٠) دەستخەت زیاترە، لەم کتێبخانەدا پارێزراون) بەرگی یەکەم/ ل١١٢.

(ئەو دەستخەتانەی لەم کتێبخانەدا کۆبوونەتەوە، نموونەی سەردەمێکی کەمن و بەشێکن لە سامانی ڕۆشنبیریی زانایانی کورد لەم چەند سەد ساڵەی دواییدا)

بەرگی یەکەم/ ل١١٢.

**نموونەیەک لە خستنە رووی دەستنووسەکانی ئەم کتێبە**

لێرەدا بە نموونە ئاماژە بۆ ئەو دوو دەستخەتە دەکەین، کە بەرهەمی (بابا تاهیری هەمەدانی) شاعیری گەورەی کوردی سەدەی دەیەمی کۆچین، نووسەر بەم شێوەیە دەیانخاتە روو:

**دوو دەستخەتی بەرهەمی بابا تاهیر**

بابا تاهیری هەمەدانی (عوریان)، شاعیری بەشخوراوو رەنجدزراوی کورد، ئەو شاعیرەی کە تا ئێستا وەک پێویست بە هەست و بیرێکی کوردانەوە، پسپۆرێکی کورد لای لە دیوان و بەرهەمەکەی نەکردۆتەوەو بیانی و بەشخۆرانی گەلانی ژێردەستە، هەر زوو رەنج و بەرهەمی ئەو شاعیرە مەزنەیان بۆ خۆیان قۆستۆتەوەو چۆنیان ویستبێ و چۆن بە باری دڵ و گیانیان خۆش بووبێ، بەو جۆرە بەرهەمیان بۆ چاپ کردووەو کاڵایان بەقەد باڵای خۆیان بریوە، ئەگەر لە سووچ و کەلێنێکیشەوە ناوی ئەوە هێنرابێ کە ئەم شاعیرە دێرینە رۆڵەیەکی گەلی کوردەو مادەرزادی خاکی پیرۆزی کوردستانە.. ئەوا بە چەندین جار ئەو قسەیان داوەتە دواوەو چەند قسەی ناشیرینیشیان بۆ گەلی کورد وە پاڵ خستووە.

بەڵێ گەلانی جیهان چۆن هەوڵی دەوڵەمەندکردنی سامانی کەلەپووری خۆیان بدەن ئەوە بۆخۆیانی دەکەن، خۆ ئەگەر بشیانەوێ لە سامانی گەلانی دیکە بۆ خۆیان داڕنن و دابڕن، دەبێ ئەو گەلانە باش ئاگاداری سامانەکەی خۆیان بکەن و ئێشکی بگرن و رێگەی لەناوچوون و لێدەرچوونی نەدەن..

ئەوەی جێگەی داخە رۆشنبیرانی گەلی کورد تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو پلەو بەو ئەندازە بە پیر بووژانەوەو زیندووکردنەوەی ئەم سامانەوە نەچوونە کە رێگە لە چاوچنۆکان بگرن و پارێزگاری سامانی خۆیان بن.

بابا تاهیری هەمەدانی (عوریان) ناوی بەسەر زاری زۆر لە رۆشنبیرانی کوردەوەیەو لای هەر کامیان دەم بکرێتەوەو پرسیاری لێ بکەیت، بێ سێ و دوو بەبێ دامان بە کوردی دادەنێت، بەڵام لەم ماوە دوورودرێژەدا کام رۆشنبیری کورد چاکی مەردانەی لێکرد بەلاداو ژێرانە لە بەرهەمی ئەو شاعیرەی کۆڵییەوەو رەگ و بنەچەی وشەو زاراوەکانی نێو شیعرەکانی بابا تاهیری بەستەوە بەزمانی کوردییەوە؟ کێ هات بەرپەرچی ئەو بۆچوونە چەوتانەی دایەوە کە ویستوویانەو دەیانەوێ ئەم شاعیرە مەزنە لە مێژووی ئەدەبی کوردی دابڕن؟

من پێ بزانم، دیوانی بابا تاهیر لە رووی بۆچوونێکی کوردانە و لەلایەن رۆشنبیرێکی کوردەوە وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوەو هەر بەدەم و قسەی ئەم و ئەو بەکورد دانراوە، بەڵام ئێستەش نەچووە بچێ، مەیدان مشک نەیخواردووە، دەکرێ ئەو ئەرکە پیرۆزە- با درەنگیش بووبێ- بەجێ بێت..

منیش لە عاستی خۆمەوە وەک یارمەتیدانێکی ئەو کەسانەی لەمەولا ئەو ئەرکە پیرۆزە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، رێنوماییان بۆ لای دوو دەستخەتی نایابی بەرهەمی بابا تاهیر دەکەم، بە هیوای ئەوەی منیش لە ئەرکەکەدا سووچێکی بچووکم دەست بکەوێ.

ئەم دوو دەستخەتە لە کتێبخانەی (دار العراق للمخطوطات)دا بە ژمارەکانی (١١٧٩٠) و (١٢٢١٤) پارێزراون.. نوسخەی یەکەم کە دەستخەتی ژمارە (١١٧٩٠)ە، بریتییە لە کۆمەڵێک شیعرو دانراوی جۆراوجۆری فارسی، کە سەرەتا بە کتێبێک بە ناوی (نور وحدت) دەست پێدەکات، دوای ئەو کتێبی (مرأت شیخ شبستری) دێت.. دوای ئەمەش (تحقیقات شاه نعمت الله) دوابەدوای ئەمانە (منطق الطیر)ی شێخی عەتتار دێت و ئەمە بەشی هەرە زۆری دەستخەتەکەی گرتۆتەوە، دوای ئەمەش کتێبی (گلش راز)ی (شێخ مەحمودی شبستری) دێت.

دوابەدوای ئەمەش ئەو کتێبە دێت، کە ئێمە باسی لێدەکەین، ئەویش بەرهەمەکانی (بابا تاهیر)ە.. سەرەتا نووسراوە:

رباعیات بابا طاهر عریان بعد از یک غزل

**دلم ئازار چون دلبرستم**
**بتن عود و بسینە مجمرستم**

دوای تەواوبوونی ئەم غەزەلە

(روباعی)یەکان دێن، کە نزیکەی (١٤٣) روباعی دەبن، بە روباعی:

**غمم بسیارو غمخواری ندارم**
**دراین دو... یکی یاری ندارم**
**دلم دارد کناری زاد می زاد**
**ز سوز دل ز دیده اشکبارم...**

کۆتایی دێت و دوای ئەمەیش کۆمەڵێک (مەسنەوی) و شیعر دێن، ناوی کەسیان بەسەرەوە نییە، دوای ئەمانە دەستخەتەکە کۆتایی دێت، بێ ئەوەی ناو، یان مێژووی نووسینەوەی دیاری کرابێت.

نوسخەی دووەم: دەستخەتی ژمارە (١٢٢١٤)ی (دار العراق للمخطوطات)ە.. بریتییە لە کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی فارسی، کە خوالێخۆشبوو (عەباس عەزاوی) فیهرەستی بۆ کردوون و گەیاندوونی بە (٣٥) نامیلکە، دوا نامیلکە ئەوەیە کە ئێمە مەبەستمانە، کە چوارینەکانی بابا تاهیرە، ئەم روباعییاتە لە نوسخەدا نزیکەی (١٣٩) چوارینە، لەم نوسخەیەشدا هەمان غەزەل هەیە، کە لە نوسخەی پێشوودا هەیە، لێرەدا سەرەتای چوارینەکان ئەم چوارینەیە:

**همایونم که کوهانم وطن بی**
**سیر عالم کنم هر جاکه ضم بی**
**ندارم فکر سر، نەفکر سامان**
**وقت مردن پرو بالم کفن بی**

دوا چوارینیش ئەمەیە:

**ازان مدت که مارا آفریدی**
**هزاران من گنه کردم تو دیدی**
**خداوند بحق هشت و چارت**
**ز ما بگذر شتر دیدی ندیدی**

دوای ئەمە قەسیدەی شێخی عەتتار دێت، ئەم نوسخە بە خەتێکی فارسی وردی جوانی خۆشخوێن نووسراوەتەوەو نووسەرەکەی ناوی (محمود ابن عبدالعلی قراکوزلو)ەو لە ساڵی (١٢٨٠ک)دا نووسیوەتییەوە. (بەرگی یەکەم، لاپەڕەکانی ٣٠٦-٣٠٩).

### دوا سەرنج

ئەم هەوڵەی نووسەری بەڕێز (محەمەد عەلی قەرەداغی) جێی خۆیەتی بە باشی بنرخێنرێت، چونکە مێژووی زانست و ڕۆشنبیری کۆنی کورد، لە فەوتان دەرباز دەکات و وەکو بناغەیەک بۆ مێژووی نوێمان دەیهێنێت، کۆنەکە بە نوێ دەبەستێتەوە، بە بەڵگە پێش چاومان دەخات، کە بزاڤی زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیری بەگشتی، لە کۆنی کوردەواریدا گەورە بووەو زۆر دەوڵەمەندە، ئەمەش بۆ کورد جێی شانازییە، بەڵام بێگومان دۆزینەوەی هەموو ڕابردوو، کارێکی لەوەی بەڕێز (قەرەداغی) زۆرتری دەوێت، بۆیە باش وایە مێژوونووسان و ئەوانەی خۆیان بە دڵسۆزی ئەو کولتووره گەورەو بەنرخەی کورد دەزانن، ببنە هاوکارێکی باشی (قەرەداغی) و چی زیاترە کولتوورو مێژووی کۆنمان لە هەڕەشەکانی تیاچوون و ونبوون ڕزگار بکەن.

# هونەر و ژیان

**لێدوانی: کامەران سوبحان**
**(سلێمانی)**




یەکێک لە تایبەتمەندیە دیارەکانی بواری هونەر و چالاکییە رۆشنبیرییەکان پەیوەستی نێوان ئەوان و ژیانە، بەشێوازێک ژیان بەهێزترین رایەڵەیە بۆ گەیشتنی هونەر بە مانا حەقیقیەکانی... رەنگە زیادەرۆیی نەبێت گەر باس لەو جەدەل و هارمۆنیەتی نێوان دەستەواژەی «ژیان و هونەر» بکەین کە بەدرێژایی هەموو چاخ و قۆناغە مێژووییەکان هەمیشە ژیان سفرەیەکی بەرین بووە بۆ هونەرو چالاکییە هونەرییەکان، بۆیە هەمیشە ئەرکی هونەر بەرجەستە بوونیەتی لەنێو رۆژگارەکانی ژیاندا...

بۆ کەشفکردنی ئەم پەیوەندییەی نێوان «ژیان و هونەر» دڵشادم بەوەی لە پایزی ئەم ساڵدا کتێبێکی «٢٠٠ لاپەرەیی»م خوێندەوە کە کۆی ئەو تێروانین و بۆچوونانەی کە من هەم بوو بۆ ئەم دوو چەمکە (ژیان، هونەر) بەهێزترو پتەوتر بوو، بەشێوازێک چێژ و هەستی خوێندنەوەی هونەری وا لا بەهێزکردم کە زیاد لە جارێک بیخوێنمەوەو بەمەش توانیم زانیاریەکی وام دەست کەوێت بە دڵنیاییەوە دەڵێم رەنگە لە چەند کتێبێکی تر زیاتر بێت!!

ئەو کتێبەی کە ئەم پێشەکیەم بۆ نووسیوە، کتێبێکی لێکۆڵیار و شانۆکار «ئەحمەد سالار»ە بەناوی «هونەرو ژیان» کە پایزی ٢٠٠٥ لە سلێمانی و لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەتەوەو نووسەرو رۆشنبیر «ئازاد بەرزنجی»یش پێشەکی بۆ ئەم کتێبە سەنگینە نووسیوە.

بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە بۆ خوێنەر بەگشتی و هونەرمەند بەتایبەتی کە بابەت و بەشەکانی یەک تەوەر و یەک بابەت نین، بەجۆرێک شۆربووەتەوە بەنێو جەستەی هونەر و شانۆ وهزر و مۆزیک و شۆرش و راگەیاندن و شیعرو سیاسەت و کەلەپوورو مێژوو.... تاد لەناو هەموو ئەم باسانەشدا نووسەر سەنتەرو کرۆکی نوسینەکەی درێژ کردووەتەوە بۆناو توولە رێگەکانی ژیان و دواتر پەیوەندی کۆی ئەو شتانە بەژیانەوە.

لایەنێکی تریش کە تایبەتمەندێتی و پسپۆری هونەرمەند خۆیەتی هەوڵی داوە هونەری شانۆ بکاتە سەنتەرێک و کۆی شتەکانی دی بە دەوریدا بخولێنەوە، لەمەشەوە فەلسەفەو ئایدیای شانۆ لە ناو ژیاندا وەک فەلسەفەیەکی قووڵ و فرە رەهەند دەرکەوێت و سالار لەو قووڵاییەی شانۆدا تەوزیفی ژیان بکات بۆ ناو شانۆ.

لە یەکەم بەشی ئەم کتێبەدا نووسەر باسی لە چەمکی نامۆیی کردووەو یەکەم بەش بەناوی «نامۆ بوون لەلای مرۆڤی کورد»ەوەیە، رەنگە خوێنەر ئەو پرسیارەی بە

زەیندابێت، ئایا نامۆیی و نامۆیی مرۆڤ چ پەیوەندیەکی بەم کتێبەوە بەو ناونیشانەوە هەیە کە نووسەر ئەم کتێبەی بۆی نووسیوە؟ بەڵام من دوای خوێندنەوەی وردی کتێبەکە، بۆم دەرکەوت پەیوەندیەکی زۆر توندو تۆڵ هەیە، بەشێوازێک ئەم دیدەی نووسەر بۆ نامۆیی دیدێکی زۆر سۆسیۆلۆژیانەیەو پاشتر جوان توانیویەتی بە تێڕوانینێکی هونەریانەو شانۆییانە، ئەم تێزە بەهێزتر بکات، سەرەتاش ئەو لەودیدە سۆسیۆلۆژیەوە دەیەوێت لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیەوە بوونی ئەو بارودۆخە لای مرۆڤی کورد بەپشت بەستن بە تیۆری چەند فەیلەسووفێک دەوڵەمەند بکات، سەرەتای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیریاری ناوداری ئەڵمانی کارل مارکس و تێڕوانینی ئەو لەم زاراوەیەو چۆنیەتی بەکارهێنانی لە بواره ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە تا دەگاتە بارودۆخی کارکردن لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری خولقاندنی بارێک کە دەبێتە هۆی نامۆبوون لای کرێکار، واتە بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە دەرفەت لە کرێکار دەستێنێتەوە تاکو نەتوانێت لە ژیانێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە بەختیاریدا بژی.

دواتریش دەچێتە لای زانای کۆمەڵناس «ئێریک فرۆم» لە نووسراوەکەیدا «کۆمەڵگەی چاک» کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بە باری نامۆ بوون دەخاتە ڕوو کە بەدیدی نامۆبوون ئەوکاتەیە کە مرۆڤ هەست بەوە دەکات خۆی خاوەنی خودو ماڵ و موڵک و توانای خۆی نییە، بەڵکو هەست بە لاوازی و دەستەوسانی خۆی دەکات.

بەم شێوازە نووسەر درێژە بەم چەمکە دەدات و شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو فەلسەفەو بەرهەمی چەندین نووسەری وەک «جیمس جۆیس و سامۆئیل بیکێت و دانتی و برتۆڵد برێخت) لە بیریشتمان نەچێت یەکێک لە قوتابخانەو ڕێبازە هەرە دیارەکانی شانۆ لە مێژوو دا، لەسەر ئەم چەمکە بونیاد نراوەو فەلسەفەیەکی بەهێزی لەم لایەنەوە گەشەپێداوە، ئەویش شانۆی داستانی «برێخت»ە کە نووسەرو دەرهێنەری گەورەی ئەڵمانی برتۆڵد برێخت هەوڵی دامەزراندنی شانۆیەکی دا لەسەر بنەمای تێکشکاندنی فێڵی نواندن و دروستکردنی هەستی نامۆیی و نامۆکردن.

نووسەر بەمەشەوە ناوەستێت و لایەنێکی نهێنی تریش ئاشکرا دەکات کە جگە لەم تێڕوانینە شانۆییە دێت و باس لە ڕەنگدانەوەی ئەم هەستە و فەلسەفەیە دەکات لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە بەبڕوای من ئەمە هێندەی تر نووسین و کتێبەکەی دەوڵەمەندتر دەکات.

بۆ بەهێزکردنی ئەم تێزەش نووسەر لەسەرەتایەکی کۆنی مێژووییەوە دەست پێدەکات، ئەو سەرەتایەش هەستی چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی میللەتی کوردەو پاشتریش نامۆیی ئەم میللەتەی لێدەکەوێتەوە. بەپێی ئەو پێوەرە نەریتیانەی کە کۆمەڵگەو میلی ڕۆژگار دروستی کردوون کە ئەمەش بێگومان لە هەستی شیعری چەندین شاعیری نیشتمانپەروەری کورد دانابڕێت کە ئەم تێزە بە هەستێکی نەتەوایەتی پەرەپێدەدەن و ئەم هەستەش ڕاستەوخۆ داینەمۆی شیعرو هەستی نەتەوایەتی بەرهەم دێنێت.

ڕچە شکێنی ئەم شێوازە لە هەستی نەتەوایەتی لای ئەحمەدی خانی سەر هەڵ دەدات و پاشتر دەگاتە لای چەندین شاعیری گەورەی وەک «پیرەمێرد و گۆران و بێکەس».

ئەم بەشەو ئەم پێشەکییە دەوڵەمەندەی ئەحمەد سالار ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاتنی بەشی سێیەم لەم کتێبە کە پێکەوە بەشی یەکەم و سێیەم دەبنە تەواوکەری یەکترو کەوانەی بازنەکە تەواو دەکەن کە بەشی سێیەم بەناوی «بۆ برێخت بووە دیاردەیەکی زەقی شانۆی سەردەمەکەی». نووسەر لەم بەشەدا باس لە یادەوری قۆناغی قوتابییەتی خۆی و ئەزموونی نواندنی شانۆکاری عێراقی «ئیبراهیم جەلال» دەکات لە ڕۆڵی یەکێک لە کارەکتەرەکانی برێخت کە ئەویش «گالیلۆ گالیلی»ە لە شانۆنامەی «گالیلۆ» کە چۆن بە ئەفسوونی نواندن، ئەم هونەرمەندە گەورەی شانۆی عێراقی توانی ئەم کەڵە نووسەرە بە سالار بناسێنێت.

بنەمای سەرەکیش لە شانۆی برێختدا بریتییە لە:

١- ناکۆک بوون

٢- بەیتئامێز.

٣- مێژوو و هێنانەوە.

ئەمە جگە لەو بیرە فەلسەفی و بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە پشت بە لێکدانەوەی مێژوویی دەبەستێت، لەگەڵ پشت بەستن بەشێوازو فۆرمی تایبەتی بە نمایشکردن، ئەمە جگە لە هەستی نامۆ بوون و نامۆکردن بەپشت بەستن بە فەلسەفەی مارکس وەک خۆی دەڵێت «کلۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی لەوەدایە کە کار لە بابەتەوە بە کەلوپەل دەگۆڕێ» بێگومان چەند ئەم بابەتەی برێخت گرنگ بێت، چەند هێندەی تریش ئەو پێشەکییەی مێژووییەی

نووسەر لەسەر تێزو فەلسەفەی نامۆیی لە کارەکتەرو مرۆڤ و ئەدەبی کوردی هەیبووە گرنگترە.

لە بەشێکی تردا بەناوی شانۆو کەلەپوور خواستن نووسەر دێت ئەناتۆمی شانۆ دەکات و لەکوێ پەیوەندی فەلسەفەو دیالێکتی دەدوێت و سەرجەم ئەو لایەنانەش باس لێوە دەکات کە دەبێتە چاوگی گرنگی هونەری شانۆ لەوانە «کەلەپوور و کەلەپوورخواستن)ە بەبۆچوونی تایبەتی من ئەم بەشە دەبێتە وێستگەو مانیفێستێکی گرنگ بۆ ناسین و ئاشنابوون بە فەلسەفەی ئەحمەد سالار لە تێڕوانینی بۆ هونەری شانۆ کە بەبڕوای من ئەم فەلسەفەیە چارەکە سەدەیەکە سالار دەیەوێت لەو مەودایەوە کاری لەسەر بکات.

[من نامەوێت لەوە زیاتر لەسەر ئەو لایەنە بدوێم، چونکە کتێبێکی سەربەخۆم هەیە لەسەر ئەزموونی سالار لەشانۆی کوردیدا، ئێستا لە قۆناغی نووسیندام بەهیوام لە داهاتوودا وەک کتێبێکی سەنگین و دانسقە بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران].


لە بەشێکی تریشدا بەناوی «هونەرو سیاسەتبەندی» نووسەر پەنجە نوما بۆ بابەت و لایەنێکی هونەری دەبات کە ڕەنگە ئەمڕۆ لە دنیای هاوچەرخدا زۆرترین قسەی لەسەر کرابێت، یان زۆرترین بۆچوونی جیاوازی لە بارەوە وترابێت، ئەویش پەیوەندی «سیاسەت ـــــ هونەر»ە نووسەر لە زۆر ڕەهەندی زیندووەوە هەوڵ دەدات شیکاری ئەم لایەنە بکات و دایبڕێنێت لە هەموو پیرۆزگەراییەک بەم شێوازەی کە زۆرجار لە باسکردنی هونەرو سیاسەتدا جۆرێک لە پیرۆزکردن دەبینرێت، سەرەتاش ئەو لە پێناسی زاراوەکەوە دەچێتە سەر باسەکەی کە «سیاسەت Politics» بەشداری کاروبار و بەڕێوبردن و ڕێنمایی دەوڵەتە، شێوەکانی چالاکی دەوڵەت و مەبەست و ناوەڕۆکی ئەو چالاکیە دەکات، هەروەها سیاسەت و گیروگرفتی پێکهاتەی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی چارەسەر دەکات.

بۆ ڕاکێشانی ئەم تێزەش بۆ ناو تێزە هونەرییەکەی نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی زێڕینی شارستانیەت و ژیارە دێرینەکانی گریک و ڕۆمانیەکان کە جۆرێک لە ململانێ و کێشەی سیاسی دەبینرێت، لە مەشەوە نموونەیەکی زیندووی بەرهەمی نووسەری کۆمیدی مەزن «ئەرستۆڤانیس» باس دەکات کە راستەوخۆ پێوەندی بە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ئەویش کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی «ئەسینا»ی پایتەخت و جەنگی «بیلونیتر»ە.

ئەم تێڕوانینانەی نووسەریش بۆ پێوەندی نێوان «سیاسەت و هونەر» تێڕوانینێکی تۆکمەو کاریگەرن و ڕووی زانستی هەر یەک لە «هونەر» و «سیاسەت» دەردەخەن کە چۆن هونەرمەند وەک کارەکتەرێکی ئەکتیڤ ڕۆڵ لە بونیادنانی گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەزگای دەوڵەتدا ببینێت کە ئەمڕۆ لە دنیای مۆدێرن و هاوچەرخدا دەوڵەت بنەمایەکی بەهێز و بەرهەمێکی دیاری کایە سیاسیەکانەو بێگومان هونەریش لەناو دەزگای دەوڵەتدا شان بەشانی سیاسەت دەتوانێت ڕۆڵی پاوانخوازی دادپەروەرانە ببینێت بۆ بەختەوەری و ئاشتی و کامەرانی کە سێ کۆڵەگەی بەهێزی پەیامی هونەرن لە جیهاندا.

ئەمانە چەند بەشێک بوون لە کتێبی «هونەرو ژیان»ی ئەحمەد سالار کە من دوای دووجار خوێندنەوەی چەند پەڕەگراف و سەرنج و تێبینیەکم لەلا دروست بوو کە دواجار ئەم نووسینە کورتەی لێکەوتەوە، بە دڵنیاییشەوە دەڵێم چەند ئەم کتێبە سەنگینە بخوێنیتەوە ئەوەندە زیاتر لە پێگەو بەهای هونەرو شانۆ تێدەگەیت، ئەمە جگە لەوەی بە بۆچوونی من ئەم کتێبە سوودێکی زۆر بە قوتابیانی شانۆو شانۆکاران دەگەیەنێت، بەتایبەتی ئەوانەی دەیانەوێت لە گرفت و دەستەواژە هەنووکەییەکانی هونەر بگەن، چونکە ئەم کتێبە وەڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە دەداتەوە کە ڕەنگە ئەمڕۆ لە نێوەندی هونەریدا چەندین جارو بە چەندین شێواز پرسیاری لە بارەوە بکرێت.

هەروەک «ئازاد بەرزنجی»یش لە پێشەکیەکیدا بۆ نووسەر دەڵێت: «ئەحمەد سالار لە بواری نواندن و دەرهێنان و نووسیندا خاوەنی ستایلی خۆیەتی» ، ئەوا ئەم کتێبەش بەهەمان هەناسەو بەهەمان ستایلی تایبەت بەردێکی گەورە دەبێت لە بینای هونەرو فەرهەنگی کوردیدا، کە کتێبخانەی کوردی بەگشتی و کتێبخانەی هونەری کوردی هەقیەتی شانازی پێوە بکات.






# ئەم بێدەنگییە ئێمەی کوشتووە

سابیر ڕەشید

وەک بڵێی ئەم چاپەمەنییانەی کە بە هەموو شێوەکانییەوە لەلای ئێـــمـــە دەردەچن، هەر بۆ پڕکـــردنەوە و ڕازاندنەوەی کتێبخانەکان بێت، یان بۆ ئەرشیفکردن و هەڵگرتن بێت، یان تەنیـا بۆ خـوێندنەوە بێت، کـەچی زۆر لەم کـتـێـبـانـە، یان لە گـۆڤـار و ڕۆژنامـەکـاندا دەقی جـوان و ناوازەیان تێـدایە کـە ڕووی ئەوەیان هەیە لە ئاستی ئەدەبیاتی دنیا و دەوروبەرمان بن و شـــایانی ئەوەن خـــوێندنەوە و ڕانان و لێـــدوان و ڕەخنەکاری و لێکۆڵینەوەشیان لەبارەوە بکرێت، کەچی دەقی چەند کەسانێکی لێ دەرچێت کە شانسێکی ئەدەبیان هەیە و لە هەمـوو لایەکـەوە هالەیەکی ڕاگـەیاندنیـان لەسـەرە، دەنا زۆربەی دەقەکانی دیکە کە بڵاودەبنەوە، تیژتێپەڕ بۆ پسپۆڕ و ڕەخنەگری ئایندە بەجێ دەمێنن.

دڵنیـاشم زۆربەی ئەم کـتـێب و گـۆڤـارانە، تەنانەت وەک ئەرشیفیش نامێننەوە، چونکە ناگەن بە کتێبخانە گشتییەکان و بەداخـەوەش بەشـێکی زۆری ئەم کـێـشـەیە بۆ نەبوونی ئەرشیفێکی نیشتمانی دەگەڕێتەوە.

لە ئەدەبیاتی دنیا و لای میللەتانی دەوروبەریشمان سەیر دەکـەین زۆرجـاران دەقـێکی ناوازە بۆ نموونە ڕۆمـانی نووسەرێک پێش ئەوەی بکەوێتە بازاڕەوە لە چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەدا ڕانانی بۆ دەکرێ و دواییش کە بڵاودەبێتـەوە بە چاک و خـراپ دەکـەوێتـەوە بەر نەشتـەرگـەری ڕەخنەگـر و پسپۆڕانەوە، کەچی مخابن نووسەرانی ئێمە بەرهەمەکانیان بێناز لە کتێبخانەکاندا دەمێنێتەوە و نووسەرەکەش لە ئاستی خـۆی ناگـات و تەنانەت ئەگـەر بەرهەمـێکی چاکـیـشی نووسیبێت بۆ بابەتێکی چاکـتـر هان نادرێت. تۆ بڵێی ئەم بێدەنگی و پشتگوێ خستنە لەبەر نەبوونی دەرفەتی پسپۆڕ و ڕەخنەگرانی ئێمە بێت؟

بەهەرحاڵ ئەم بابەتە شـایانی لێـدوان و قسـە لێکردنە و پێـویسـتـە ئاوڕێکی لێـبـدرێتـەوە و لە هۆکـارەکـانی بکۆڵرێتەوە.. دەنا ئەم بێدەنگییە هەمووومان وێران دەکات و لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ بەرەو دواوەمان لوول دەدات و بزاڤی ڕۆشنبیریشمان لاوازتر دەبێ.